# بلیمەتە شێتەکان

سەرچاوە /

العباقرة والمجانين

رجاء النقاش

الطبعة الأولى /١٩٩٠

مركز الأهرام للترجمة والنشر

ناوی کتێب: بلیمەتە شێتەکان

نووسینی: ڕەجا ئەلنەقاش

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هەورامان وریا قانع

بابەت: وتار و لێکۆڵینەوە

پێداچوونەوەی زمانەوانی: نەورۆز حاجی سەید گوڵ

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٦٠٠ دانە

نرخ:٥٠٠٠ دینار

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢

کوردستان ــ سلێمانی

**www.serdam.org**

بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە: **kteb@serdam.org**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە (١١٦١) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

**(مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە)**

رەجا ئەلنەقاش

# بلیمەتە شێتەکان

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

هەورامان وریا قانع

سلێمانی ٢٠١٢

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ژمارە (٦١٥)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

# پێڕست


کورتەیەک لە ژیانی نووسەر ٧
پێشەکیی نووسەری کتێبەکە ١٦
ساڤۆ... یەکەمین ئافرەتی شاعیرە لە مێژوودا ٢١
شۆڕشی عاشقەکان ٣٣
کالیگۆلا... ئیمپراتۆری خوێن و عەتر ٤٧
چاترتۆن... بچووکەکان پێیان خۆشە خۆیان بکوژن ٥٧
مۆلیێر... دەمبەخەندە خەمبارەکە ٦٩
فیشەکێک لە دڵی پووشکیندا ٨٥
گۆتە... عاشقێک تەحەدای جیهان دەکات ٩٩
خۆپیشاندانی ئافرەتان لە پاریس ١١١
گیوتین چارەسەر نییە ١٢٥
تۆماس بین... عاقڵێک لە نێوان شێتەکاندا ١٣٧
ئابڕووچوونێک لە ئەکادیمیادا ١٥٣
لە سەرەتادا خۆشبەختی هەبوو ١٦٣
ڕامبۆ... لە یاخیبوونەوە بۆ ئیمان ١٧٣
بەلزاک... بلیمەتێک لەناو کوپێک قاوەدا دەمرێت ١٨٣
شای شاعیرانی ئەڵمانیاو خۆشەویستە میسریەکەی ١٩٩
گوڵە بەدەکان لە ژیانی بۆدلێر دا ٢١١

| | |
|---|---|
| مۆسیقارو ئیمپراتۆر | ٢٢٥ |
| سەرەتای بلیمەتی زللەیە | ٢٣٥ |
| لەسێدارەدان... تۆمەتەکەش ئەوەیە شاعیرە | ٢٤٥ |
| دوو نموونە لە نەوەیەکی ونبوو | ٢٥٩ |
| سووتاندنی ڕۆشنبیری | ٢٦٩ |
| ئەنشتاین... بیرۆکەیەکی جوان لەسەر ئاوازی پیانۆ | ٢٧٩ |
| تراژیدیای ڤیڤیان لی | ٢٨٩ |
| تیرۆرکردنی غەسان کەنەفانی | ٣٠٣ |
| مەی لە نەخۆشخانەی شێتەکاندا | ٣١٩ |
| مازنیو خۆشەویستە نادیارەکەی | ٣٣٣ |

# کورتەیەك لە ژیانی نووسەر



ڕەجا ئەلنەقاش

ڕەجا ئەلنەقاش ناوی "محمد رجاء عبدالمومن النقاش"ە، لە ٣ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٤ لە پارێزگای "دەقهیلییە"ی میسر لەدایکبووەو لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ لە قاهیرەی پایتەخت کۆچی دوایی کردووە. لە خێزانێکدا گەورە بووە کە چەندین ڕۆشنبیری گەورەو دیاری تێدابووە، لەوانە "وەحید نەقاش"ی برای وەرگێڕو ڕەخنەگر بووە، براکەی دیکەی "فکری نەقاش" نووسەری شانۆ بووە، خوشکەکەی "فەریدە نەقاش" بۆ ماوەی بیست ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری (ئەدەبو ڕەخنە) بووە.

ڕەجا ئەلنەقاش ساڵی ١٩٥٦ بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی قاهیرە تەواو دەکات، پاشان لە ڕادیۆو لە بەشی نواندن کاردەکاتو تێکستەکان بە شێوەی تەمسیلی دەخوێنێتەوە. دواتر دەڕوات بۆ سوریاو لەوێ لە ڕۆژنامەی (الجماهیر) کە لە دیمەشقو لە ڕۆژگاری یەکێتی نێوانی سوریاو میسر دەردەچوو، دادەمەزرێت. بەڵام ئەم ڕۆژنامەیە، دوای ئەوەی چەندین ڕاپۆرتی نهێنی دژ بە ڕۆژنامەکەو سەرنووسەرەکەی بەرزدەکرێتەوە، دادەخرێت. ئیدی ڕەجا ئەلنەقاش بە ناچاریو لەبارودۆخێکی زۆر سەختو دژواردا دەگەڕێتەوە بۆ میسرو هیچ مووچەو داهاتێکی نابێت لێیەوە بژێوی ژیانی دابین بکات.

ساڵی ١٩٥٩ لە ڕۆژنامەی "ڕۆز یوسف" کاردەکات، پاشان لە نێوان ساڵانی ١٩٦٩ بۆ ١٩٧١ دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری "الهلال" کە کۆنترین گۆڤاری ڕۆشنبیری عەرەبییە. دواتر لە ساڵی ١٩٧١ دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری "الاذاعة و التلفزیون"و وا دەکات ئەم

گۆڤاره ئاراستەیەکی ڕۆشنبیری لەخۆ بگرێتو تێیدا ڕۆمانی "المرایا"ی ڕۆماننووس نەجیب مەحفوز، پێش ئەوەی بە کتێب بڵاو بکرێتەوە، لەو گۆڤارەدا بە شێوەی زنجیره بڵاو دەکرێتەوە. دواتر دەڕوات بۆ قەتەرو لەوێ دەبێت بە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی "الرایە"، پاشان هەر لەو وڵاتە دەبێت بە سەرنووسەری گۆڤاری "الدوحه" لە کاتی دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٨١ تاکو ساڵی داخستنی ١٩٨٦.

ڕەجا ئەلنەقاش لە کۆتایی هەشتاکاندا دەگەڕێتەوە بۆ میسرو وەك نووسەر لە گۆڤاری "المصور" دادەمەزرێت. دواتر لە نەوەدەکاندا دەبێت بە سەرنووسەری گۆڤاری "الكواكب"و لە دوا ساڵەکانی تەمەنیشیدا لە ڕۆژنامەی "الاهرام" وەك نووسەر کاردەکات.

ئەم نووسەرە لە تەمەنی نۆزدە ساڵییەوە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٥٣ کە هێشتا خوێندکاری زانکۆ بووە، وەك هەڵەچن لە ڕۆژنامەی (الجمهوریە) کاردەکاتو مووچەی مانگانەی تەنها دە (جونەیھ) بووە، ئەم مووچە کەمە هاوکارییەکی باشی دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت خوێندنی زانکۆ تەواو بکات. ئەو لەو کاتەدا زۆر پێویستی بەو پارەیە بووە، چونکە بارودۆخی ئابوری زۆر خراپ بووەو هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی نەبووە. یەکەم شۆکی ڕۆشنبیری لە ژیانیدا ئەو کاتە بوو کە لەناکاو هەواڵی داخستنی ڕۆژنامەی "الجمهوریە"ی پێدەگات، ئەمە لە کاتێکدایە هێشتا یەکەم ژمارەی دەرنەچووبوو، بەڵکو لەژێر چاپدابوو. سەرۆکی ئەوکاتی میسر ئەنوەر سادات بە پشتبەستن بەو ڕاپۆرتە، بێگومان ناڕاستانەی پێی گەیشتبوو، بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەکە دەردەکاتو ڕەجاء نەقاشیش دووچاری دەرکردن دەبێت.

ڕەجا ئەلنەقاش دەستپێکی کتێبەکەی: "ئەبو قاسم الشابی شاعیری خۆشەویستی و شۆڕش" بە قسەیەکی ئەدیبی ڕوسی "چیخۆف" دەستپێدەکات کە دەڵێ: "ئەگەر لە تواناتدا هەبوو خۆشەویستی بکەیت، ئەوا دەتوانیت هەموو شتێك بکەیت". نووسەر بەم

مانا هیومانستییە قووڵەوە، پرۆژە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەریەکەی، بەدرێژایی پەنجا ساڵ خستەگەڕ. خۆشەویستی بێ پایان یەکێك بووە لە ئامرازە بنچینەیی و سەرەکییەکانی کە لە هەموو کارەکانیداو لە هەموو بەرهەمەکانیداو لە هەموو بەهاو پرنسیپەکانیدا بەکاری هێناوەو تەواوی پرۆژە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەریەکەی پێ دارشتووە.

ئەم نووسەرە حەزی بۆ ئەدەب و حەزی بۆ ڕۆژنامەگەری پێکەوە کۆکردەوە، لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتاوە پرۆژە ڕۆشنبیرییەکەی، لەسەر ئەو بیرۆکەیە بنیات نا کە ڕۆژنامەکان بکاتە ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییە تازەگەرەکان، ئەوەی لەمەدا یارمەتیی دا، ئەو شێوازە خۆش و ناسك و ئاسانە بوو کە بەوپەڕی ئاگاییەوە وشەو زاراوەکانی هەڵدەبژارد، بەجۆرێك قووڵترین فیکرو بۆچوونەکانی بە ئاسانترین شێوەو ئاسانترین وشە دەردەبڕی. ئەوەی ئەم ئاراستەیەی لای ڕەجا ئەلنەقاش جێگیرکرد، خوێندنەکەی بوو لە کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی عەرەبی، هەروەها خوێندنەوە بەرفراوانەکەی بوو کە وای لێ کرد بچێتە ڕیزی ڕەوتی تازەگەریی ئەدەب و هونەرەوە، ئەم ڕەوتە لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا هاتبووە ئاراوەو نەوەیەکی پێشەنگ لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا ڕابەرایەتییان دەکرد.

ساڵی ١٩٦٣ وەك یەکێك لە شاندی ئەندامانی یەکەمین کۆنگرەی نووسەرانی ئاسیاو ئەفریقا، لەلایەن سەرۆکی ئەو کاتەی میسر (جەمال عەبدولناسر)ەوە بانگهێشتی کۆشکی "عابدین" دەکرێ. کاتێ بۆ یەکەمجار دەچێتە ئەو کۆشکەو چاوی بە عەبدولناسرو کۆشکەکە دەکەوێت، دووچاری سەرسوڕمان دەبێت و دەڵێت:

"لە چەند ڕیزێکی ڕاستدا ڕاوەستاین، جەمال عەبدولناسر هات و تەوقەی لەگەڵ یەکە بەیەکەماندا کرد، ئێمەش لە نزیکەوە بینیمان و هەستمان بە ڕاستی و دروستی ئەو قسانە کرد کە لەبارەی هەیبەت و شکۆمەندی و سیحری چاوەکانیەوە دەکران کە پڕبوون لە شەوقێکی ناوازەو دڵی دادەخورپاند، هەموو ئەو قسانە ڕاست بوون و هەستمانکرد، ئێمە

لەبەردەم پیاوێکی مەزندابین. دوای ئەوەی مەسەلەی تەوقەکردنە کۆتایی هات، چووینە هۆڵی نانخواردنی ئێوارەوە کە هێندە جوانو قەشەنگ بوو، ئاوی چاوی دەبردو نیگاکانی دەدزی، سەقفەکەی بە زێڕ ڕووپۆش کرابوو. کە تەماشای ئەو جوانییەو ئەو شکۆمەندییەمان دەکرد، هەستمان دەکرد ئێمە لە شەوێك لە شەوانی هەزارو یەك شەوەدا دەژین، لەگەڵ تەنها یەك جیاوازیدا، ئەویش ئەوە بوو ئێمە کەسمان نە شازادە بووینو نە خاوەنی سەروەت و سامانو نە دەسەڵاتدار، بەڵکو بەشی هەرە زۆرمان هەژارو کوڕی هەژار بووین، هەرە باشەکەمان گوزەرانێکی مامناوەندیی هەبوو. هەموومان دەمانزانی ئەگەر جەمال عەبدولناسر نەبوایە کە دەرگاکانی بۆ کردینەوەو پێی وتین:


ڕەجا ئەلنەقاش و هاوسەرەکەی

فەرموو وەرنە ژوورەوە، ئەوا هەرگیز بۆمان نەبوو بێینە ناو ئەم هۆڵە زێڕینەی کۆشکی عابدینەوە، ئێمە لەوە دڵنیابوین کە پۆلیس نامانگرێتو گومانمان لێ ناکات. پێشتر تەنها خەومان بەوەوە دەبینی کە دیوارەکانی دەرەوەی کۆشکی عابدین ببینینو دواتر بە سەلامەتی بگەڕێینەوە بۆ ماڵەکانمان".

ئەم نووسەرە پێی وایە سەدەی بیستەم لە ڕۆشنبیری عەرەبیدا سەدەیەکی گەورەو مەزنە، چونکە سەرەتای ڕێنیسانسێکی گەورە بوو. سەدەی تازەکردنەوەی زمانو فیکری ئایینیو کردنەوەی دەرگا بووە بە ڕووی فیکری سیاسیی خۆرئاوادا. ئەو لەو بڕوایەدایە بەبێ کردنەوەی ئەو دەرگایەو بەبێ تێگەیشتنو وەرگرتنی ئەو فیکرە سیاسییەی خۆرئاوا، ناکرێ

ژیانێکی سیاسیی تەندروست بنیات بنێین. هەروەها دەڵێت سەدەی بیستەم ئەو سەدەیەیە تێیدا شانۆو چیرۆکو ڕۆمانمان ناسیو چەندین نووسەری بلیمەتی تیا دەرکەوت. وەلێ سەبارەت بە ڕۆشنبیری ئێستا، دەڵێ تەنها پەراوێزێکی بچووکی ژیانی عەرەبی گرتۆتەوە، نە دەسەڵاتداران بە شێوەیەکی جدیی لێی دەڕوانن‌و نە جەماوەریش بایەخی پێ دەدات‌و بەرەو ڕوویەوە دەچێت. چونکە سیاسەت‌و خەمی ئابووری‌و بژێوی ژیان، ڕۆڵی ڕۆشنبیری نەهێشتووەو پاشەکشەیەکی زۆری بۆ دواوە پێکردووە. ئەمەش بارودۆخێکی مەترسیدارە، چونکە کاتێ ڕۆشنبیری ڕاستەقینە نامێنێت، ڕۆشنبیرییەکی درۆزن‌و ساختەو چەواشەکارانە جێگای دەگرێتەوە کە پڕە لە خورافەت‌و قسەی پڕوپووچ. ئەمەش ئەو ژینگەیەیە کە تێیدا توندڕەوی‌و دەمارگیری پەرە دەسەنێت، تێیدا نەبوونی گفتوگۆو گرنگیدان بە شتە سادەو ڕووکەشەکان‌و دوورکەوتنەوە لە جەوهەری مەسەلەکان دەردەکەوێت. ئەوە ئەو ڕۆشنبیرییەیە کە ڕێنیسانس‌و پێشخستنی نەتەوە ڕادەگرێت‌و لەبەردەمیدا دەبێت بە بەربەست. لێرەوە ئەم نووسەرە لە هەموو ئەو ڕەخنە بوێرانەیەی کە لە کەلتووری لە بەرهەمەکانی ئەوانی دی دەگرت، بە ڕێزو حورمەتەوە پێشوازی لێ دەکرا. چونکە کاتێ ڕەخنەی دەگرت، هەمیشە ئامانجی خۆشەویستی بوو، کاتێکیش دەینووسی ئەوا لەسەر شتێکی دەنووسی کە خۆشی دەویست. ئەو ئەدیبی خۆشەویستی بووە.

مەحمود دەروێش لە نامەیەکدا ئاوا باس لە ڕۆڵی ڕەجا ئەلنەقاش دەکات:

"ئازیزەکەم ڕەجا ئەلنەقاش.. تۆ ئەو برایەمی کە لە دایکمەوە لەدایك نەبووە، ئەو کاتەی هاتم بۆ میسر دەستت گرتم‌و بردتمە ناو دڵی قاهیرەی مرۆیی‌و ڕۆشنبیرییەوە. تۆ پێشتر یارمەتی باڵەکانت دام تاکو لەسەرخۆ بفڕن، خوێنەرەکانت بە من‌و بە هاوڕێکانم ناساند کە لە پشتی دیوارە بەرزەکانەوە تەنها کەوتبووین، تۆ ئەو هەستەت لا قووڵ کردینەوە کە ئێمە چیتر تەنها نین. ئێمە قەرزاری تۆین، چونکە تۆ کۆڵت نەدا لەوەی بەهرەی گەنجەکان بناسێنیت، کۆڵت نەدا لە تازەکردنەوەی چێژو سەلیقەی شیعری‌و لە

بەرگریکردن لە داهێنان، ئەوەش لە کەش و هەوایەکدا کە ڕێگر بوو لە تازەگەریی شیعری. قەرزاری تۆین چونکە تۆ کوڕی میسری سەربەرزیت".

فاروق جودیدەی شاعیر ئاوا باس لە ڕەجا ئەلنەقاش دەکات:

"ئەو لە نێوان دوو نەوەدا هات، نەوەیەکیان سەرسام بوون بە شارستانیەتی خۆرئاواو لەسەر هەمان ڕێبازی خۆرئاوا بوون، نەوەکەی دیکەیان بە ڕێگایەکی دیکەدا ڕۆشتن‌و بەسەر خودی خۆیاندا داخران. بەڵام نەقاش قەڵەمێکی پرشنگداربوو، هیچ قوتابخانەیەکی تازەی دانەمەزراند، یان هیچ زاراوەیەکی تازەی دانەهێنا، ئەو ڕەخنەگرێکی عەرەبی بوو، ڕۆچووبووە ناو قووڵایی ئەم کەلتوورەوە. نە چەپ نە ڕاست نە لیبرال بوو، بەڵام لە هەموو ئەوانەی کە دەینووسی مرۆڤ بوو".

ڕەجا ئەلنەقاش خاوەنی چەندین کتێبە، لەوانە تێڕامان لە مرۆڤ ١٩٦٢، ئەدیب‌و هەڵوێستەکان ١٩٦٩، مەحمود دەروێش شاعیری خاکی داگیرکراو ١٩٦٩... هتد. بەداخەوە ئەم نووسەرە مرۆڤ-دۆستە، دوای ململانێیەکی توند لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە کە نزیکەی سێ ساڵی خایاند، لە ساڵی ٢٠٠٨و لە تەمەنی سەرو حەفتاو چوار ساڵیدا لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی قاهیرە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

خوێنەری ئازیز، ئەم کتێبە کە لەبەردەستی تۆی ئازیزدایە، لە سی‌و شەش وتاری جیاواز جیاواز پێکهاتووە، من تەنها بیست‌و شەش وتاریانم وەرگێڕاو ئەوانی دیکەم بە پێویست نەزانی وەریانگێڕم، ئەو دە وتارەی دیکەم هەر یەکەیان لەبەر هۆکارێك وەرنەگێڕا، بۆ نمونە دوو وتاریان باس لە دوو شاعیری نەناسراوی میسری دەکات کە لای ئێمەش بە هیچ جۆرێك نەناسراون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی وەرگێڕانی ئەو نمونە شیعریانەی کە لە دوو وتارەکەدا هاتبوون زەحمەت بوو. وتارێکی دیکە باسی لە نەجیب مەحفوز دەکرد کە هێشتا لە ژیاندا بوو. یەکێکی دیکە لە وتارەکان باس لە ڕۆژهەڵاتناسێکی جولەکە دەکات کە لە قاهیرە ژیاوەو لەبارودۆخێکی نادیاردا خۆی کوشتووەو وتارەکە زیاتر قسە وتن بوو

بە زایۆنیزم. وتارێکی دیکە باسی لە شیعرێکی عەرەبی دەکرد کە بۆ مەدحو ستایشی ناپلیۆن نووسرابوو... هتد.

کتێبەکە بە عەرەبی ئەمە ناونیشانەکەیەتی "عباقرە و مجانین"، من کردوومە بە بلیمەتە شێتەکان، نەك بلیمەتەکانو شێتەکان. چونکە لەکاتی خوێندنەوەی لاپەڕەکانی کتێبەکەدا، دەردەکەوێت نووسەر مەبەستی لەو بلیمەتانەیە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان مەیلێکی شێتانەیان هەبووە، یاخود هەندێ هەڵسوکەوتو ڕەفتاریان نواندووە لە هەڵسوکەوتو ڕەفتاری کەسانی شێتەوە نزیك بووە.

دواجار ماوەتەوە بڵێین ئامانجی نووسەری کتێبەکە لە نووسینی ئەم کتێبەیدا، بریتییە لەوەی خوێنەر، بەتایبەتی نەوەی گەنجان، لەگەڵ خوێندنەوەو کتێبدا ئاشت بکاتەوەو حەزی خوێندنەوەیان تێدا بچێنێت. نووسەر هەوڵی داوە کتێبێك بخاتە بەردەست خوێنەران کە دوور بێت لە زاراوەو چەمکی قورسو بابەتی پڕووکێنەر کە بە ئاسانی خۆیان نادەن بە دەستەوەو ڕەنگە ببنە هۆی بێزاریی خوێنەرو دوورکەوتنەوەیان لە کتێبو مەسەلە ڕۆشنبیرییەکان. ئەو هاتووە بە زمانێکی سادەو ئاسان، باسی لە کۆمەڵێ ڕووداوی مێژوویی‌و بەسەرهاتی ژیانی چەند بلیمەتێك کردووە، کە دواجار هەموویان پێکەوە وا دەکەن ئێمە حەز لە خوێندنەوە بکەینو ببینە هاوڕێیەکی هەمیشەیی کتێبخانەکان. لە کۆتاییدا، هیوادارم توانیبێتم ئەو ئامانجەی نووسەر بگەیەنم بە خوێنەری کوردو بەم کارە توانیبێتم کەمەکێك ئەم نووسەرە پڕ خۆشەویستییە بە خوێنەرانی نیشتمانەکەم بناسێنم.

# پێشەکیی نووسەری کتێبەکە

چەندین ساڵی دوورو درێژە تێبینی دەکەم زۆرێك لە کوڕو کاڵی نەوە تازەکانی عــەرەب، تەنانەت لە نێو خوێندەوارانو دەرچوانی زانکۆشدا، تێڕوانینێکی نێگـەتیڤیان بـۆ ئـەدەبو فیکرو ڕۆشنبیری هەیەو بە شێوەیەکی خراپ لێیان دەڕوانن. ئەوان پێیان وایـە "ڕۆشـنبیری بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە شتێکی ئێسك قورس"و عەقڵو دەروون شـەکەتو مانـدو دەکات. لەبەر ئەوە تەنها ڕۆشنبیرییەکی سوكو ڕووکـەش، شـوێنی بایـەخو گرنگیپێـدانی نەوە تازەکانە. ئەم ڕۆشنبیرییە سـوكو ڕووکەشـەش بریتییـە لـە فیلمـە گاڵتـەئامێزەکانو گۆرانیو مۆسیقا ئاسانەکانو نمایشە شانۆییە کۆمیدیەکان.

بەڵام ئامرازە ڕۆشنبیرییە قووڵو جدییەکان، لە سەروو هەمووشـیانەوە کتێـب، بوونەتـە کۆمەڵێ مەسەلە باشترە مرۆڤـ لێیان دووربکەوێتەوە، تاکو حاڵەتی ڕۆحیو تەندروستیی لـە لاوازیو نەخۆشکەوتن بەدوور بگرێتو پارێزگارییان لێ بکات. من هـیچ گومـانێکم لـەوە نییە گەنجانی ئەمڕۆ، بە تەنها ئەوان بەرپرسی ئەم دیـاردە نێگەتیڤـەی ژیـانی ڕۆشـنبیریمان نین. زۆرێك لە ئەدیبو نووسەران بەشدارن لە دروسـتکردنی ئـەم دیاردەیـەدا. چـونکە ئـەو ئەدیبو نووسەرانە، لە گوزارشتکردنو دەربڕینو بیرکردنەوەدا، ڕۆیان لـە ئـاڵۆزی کـرد، تـا

وای لێهـات ڕۆشـنبیری گـشتی، وەك جۆرێـك لـە حـوكمی ئیـشی سـەختو زۆرەملێـی هەتاهەتایی لێهات، بەسەر مرۆڤێكی بێگوناهدا كە هیچ خەتاو تاوانێكی نییە.

لە ڕاستیدا ئەدیبەكانی نەوەی پێشوومان، هـەر لـە سـەرەتاوە دەركیـان بـە گرنگـیو بایەخی سادەكردنەوە، لەوەی كە دەیاننووسی، كرد. دەركیـان بـەوە كـرد پێویـستە حـەزو ئارەزووی خوێنەر بۆ ڕۆشنبیری بوروژێنرێ، تـاكو ئـەم خوێنـەرە بتوانێـت دوور لـە تـرسو دڵەڕاوكێ بێتە ناو جیهانی ڕۆشنبیرییەوە، بێ ئەوەی هەست بكات ئەو بەرەو ڕووی شـتێكی قورس دەبێتەوە كە ڕۆح ئازار دەداو خەموخەفەت دەوروژێنێو سودێكی زۆر كەمیـشی بـۆ ژیـان هەیـە. لێـرەوە نووسـینەكانی "تـەها حـسێن"، "حـەكیم"، "مـازنی"، "زەكـی موبارەك"، "عەقاد"، "ئەحمەد ئەمین"، "سەلامە موسا"و ئەوانی دیكـە، جۆرێـك بـوون لە نووسین، تێیدا پەرۆشی ئەوە بوون چێژ بە خوێنەر بگەیەننو مەسەلەكانیان بـە شـێوەیەك بۆ ئاسان بكەن كە لەگەڵ عـەقڵو هەسـتو سـۆزیاندا بگـونجێن. هـەموو ئـەو نووسـەرو بیرمەندانە، بۆ ئەوەی بـە شـێوەیەكی سـوكو ئاسـان گوزارشـت لـە بیروڕاكانیـان بكـەن، هەرچەندە ئەو بیروڕایانە قورسو قووڵیش بێت، وزەو توانایەكی زۆریان خستەگەڕ.

لێرەوە ئەركی سەرەكی نووسەر، ئەوەیە ئامرازێكی باشـی گەیانـدنو چـێژبەخش بێـت لەنێوان خوێنەرو فیكرە جیاواز جیاوازەكاندا. وەلێ گـەر نووسـەرێك هەوڵیـدا لـە ڕێگـەی زاراوە قورسەكانو گوزارشتكردنە ئاڵۆزەكانەوە، ببێتە سەرچاوە بۆ ئازاردانی خوێنـەر، ئـەوا وەك ئەو مامۆستایەی لێ دێت حەیزەرانی بۆ قوتابییەكانی هەڵگرتووەو دەیەوێ لە ڕێگـەی لێدانو توندوتیژیو سزای جەسـتەیی قورسـەوە، زانسـتو زانیـاری بەسـەر قوتابییەكانیـدا بسەپێنێت. ئەزمونە جیـاواز جیاوازەكـانی مرۆڤایـەتی، سـەلماندیان ئـەو جـۆرە شـێوازە، هەرگیز خزمەت بە زانستو زانیاریو ڕۆشنبیری ناكـات، بگـرە هەمیـشە شـێوازێك بـووە كۆمەڵێ دەرئەنجامی پێچەوانەو نەخوازراوی لێكەوتووەتەوە.

ئەم کتێبە کە دڵخۆشم بەوەی پێشکەشی نەوەی نـوێی گـەنجانی دەکـەم، هەوڵێکـە لـە نێـوان هەوڵـە زۆرەکـانی دیکـە، بـۆ لابـردنو سـڕینەوەی ئـەو وەهمانـەی پەیوەسـتن بـە مەسەلەکانی ڕۆشنبیریو لقە جیاوازەکانیەوە لە ئەدەبو هونەرو فیکر. ئـەوە ڕاسـت نییـە ڕۆشنبیری شتێکە جیا لە ژیانی مرۆڤ بە خۆشیو ناخۆشییە جۆراوجۆرەکانییـەوە. هـەروەها ئەوە ڕاست نییە ڕۆشنبیران تویژێکنو لە ناوچەیەکی دوورە پەرێزی جیهاندا دەژین، کۆمەڵـە قەشەیەکی ئاڵۆزن کە هیچ کەسێك لە نهێنییەکانیان تێ ناگات. بەڵکو ڕاسـتییەکە ئەوەیـە ڕۆشنبیری گوزارشتکردنە لە کێشەو خەمەکانی مرۆڤ، ڕۆشنبیرانیش هـەم کۆمـەڵێ شـتیان خۆش دەوێو هەم ڕقیشیان لە کۆمەڵێ شتی دیکەیە، ئازار دەچێژنو دووچاری هەمان ئـەو کێشە مادیو مەعنەوییانە دەبنەوە کە دووچـاری هـەموو خـەڵکی دەبێـت. هەوڵـدان بـۆ ئاشکراکردنی هەندێ لە ماناکانی ژیانی ڕۆشنبیریو ڕۆشنبیران، بابەتی ئەم کتێبەیە.

نایشارمەوە ئامانجی ڕوونو ئاشکرای مـن لـە نووسـینی ئـەم کتێبـە، ئەوەیـە حـەزی ڕۆشنبیریو ئارەزوی خوێندنەوەو هەستکردن بـەوەی جیهـانی ڕۆشـنبیری هـەمان جیهـانی ژیانە کە سەرجەم مرۆڤەکان تێیـدا دەژیـن، وەلـێ بـە شـێوەیەکی ڕاشـکاوانەو بێگـەردو ڕاستگۆیانە، لای گەنجان بوروژێنم. ئەو ئەزمونە جیاواز جیاوازانـەی کـە ڕۆشـنبیران پێیـدا تێپەڕیونو گوزراشتیان لـێ کـردووە، بـە ڕاسـتو هەڵەیـەوە، بـە ئـازارو خۆشـییەوە، بـە سەرکەوتنو شکستییەوە، هەمان ئـەو ئەزمونانەیـە کـە تـەواوی مرۆڤـەکانی دیکـە، لـە هەموو شوێنێکدا، تێیدا دەژینو پێیدا تێدەپەڕن.

گەر ئەم کتێبە توانی پەرۆشیو حەماسی گەنجان بۆ ڕۆشنبیریو حەزی زیاتری ئەوان بـۆ فێربوونو خوێندنەوە بوروژێنێت، ئـەوا مـن ئـەو ئامانجـەم بەدەسـتهێناوە کـە کتێبەکـەم لەپێناودا نووسیوەو پێشکەشی خوێنەرانم کردووە. پوختـەی ئـەو ئامانجـەی مـن دەمـەوێ بیگـەمێ، بریتییـە لـە دروسـتکردنی هاوڕێیەتیـەکی پتـەو لـەنێوان گـەنجانو جیهـانی ڕۆشنبیریو ئەدەبو هونەر. من گومانم لەوە نییـە لـە کۆمەڵگەکەمانـدا، قووڵکردنـەوەی

حەزو مەیلە ڕۆشنبیرییەکانی مرۆڤ، ئامانجێکە لە ئامانجە هەرە پیرۆزەکان. چونکە بڵاوبونەوەی ڕۆشنبیری بە شێوەیەکی ڕاستو دروست، مانای وایە کۆمەڵگەکەمان دەتوانێت زۆرێك لەو دیوارو بەربەستانە ببڕێت کە ڕێگرن لەنێوان خۆیو ڕێنیسانسو پێشکەوتنو تێگەشتنی ڕاست بۆ ئەم سەردەمە سەختەی تێیدا دەژین.

ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ هاندانی زیاتری خوێندنەوە، چوونە ژوورەوەیە بۆ جیهانی ڕۆشنبیری بە گڕو تینو ڕۆحێکی مەستەوە، بێ ترس یان بێ هەستکردن بە بێزاریو دڵگرانی. ڕۆشنبیری ئەو ڕەگەزەیە وا دەکات ژیانمان جوانترو، ڕەفتارمان باڵاترو ئارەزومان بەرزتربێتو عەقڵمان توانای هەبێت لە کێشە تایبەتو گشتییەکاندا، بەشێوەیەکی ڕاستو دروست هەڵسوکەوت بکات. هیوادارم ئەم کتێبە بەشدار بێت لە بەدیهێنانی هاندان بۆ خۆشویستنی ڕۆشنبیریو دۆزینەوەی گەرموگوڕییو سۆزو خۆشبەختی ڕۆح کە لە جیهانی ڕۆشنبیریدا هەیە. ئەم ئامانجە بەشێکە لە خەونەکانم، خەونەکانیش هێزێکی پاڵنەرە لە ژیانی مرۆڤەکاندا، گەرچی ئەو خەونانە بە شێوەیەکی تەواوەتیش نایەنەدی.

ناونیشانی کتێبەکەم لە واقیعی کاراکتەرەکانەوە وەرگرتووە کە لە دووتوێی لاپەڕەکانی کتێبەکەدا باسیان لێوە کراوە، ئەوان یا ئەوەتا بلیمەتن یاخود شێتن. لە نێوان بلیمەتیو شێتیدا تاڵە دەزوویەکی باریك هەیە. بلیمەتی ئاوارتەیەو چوونە دەرەوەیە لە باو، هەروەها شێتیش هەمان شتە. بەڵام بلیمەتی ڕەگەزی پۆزەتیڤ دەبەخشێتە ژیانی خاوەنەکەیو ژیانی خەڵکی، وەلێ شێتی وێرانکردنی ژیانی خاوەنەکەیەتیو هەوڵدانە بۆ وێرانکردنی ژیانی ئەوانی دیکەش. ڕەنگە بە تێگەشتنو مەعریفەی ڕاستەقینە، بتوانین لە بەرامبەر شێتیو ئەو شتە نێگەتیڤانەی لێیەوە دەردەچێت، ڕاوەستین. هەروەها بتوانین سود لە بلیمەتی وەربگرینو لێیەوە فێر ببین. دەکرێ لە ڕێگەی ئەو بیروڕا و ڕوناکییە تازانەی کە بلیمەتی، دەرحەق بە کێشەکانی مرۆڤ و ژیان پێشکەشیان دەکات، بەرچاومان ڕوناکتربێت.

خوێنەر لە دوو توێی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا، هەست دەکات لە سەدە کۆنەکانەوە دێتەوە بۆ سەدە تازەکان. لە نێوان نیشتیمانی عەرەبیو نیشتمانە جیاواز جیاوازەکانی جیهاندا دێتو دەچێت. لەنێوان ئەدەبو سیاسەت، شارستانیەتو هونەر، ڕووداوەکانی مێژوو و ڕەوشتی خەڵکدا، دێتو دەچێت. پرۆگرامی کتێبەکە لەسەر بنچینەی ئەم گەشتە ڕۆحییە جۆراو جۆرانەی نێوان ژیانو هونەرو مێژوو دامەزراوە. ڕەنگە ئەم گەشتە لە دوا جاردا چەند لاپەڕەیەکمان لە تواناو ماندوبوونی مرۆڤەکان، لە پێناو گەیشتن بە چاکەو خۆشبەختیو ستاتیکا، بە درێژایی چاخە جیاواز جیاوازەکان بۆ ئاشکرا بکات. مرۆڤ لە هەموو ئەم تواناو ماندوبوونانەیدا، جارێك سەرکەوتوو بووەو جارێك دۆڕاو بووە. جارێك دەستی خستۆتە سەر کانییە ڕوونو بێگەردەکان، چەندین جاریش بووەتە هۆکاری ئێشو ئازار بۆ خۆیو بۆ ئەوانی دیکە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ژیان بۆخۆی ڕاناوەستێو تێ دەپەڕێت، مرۆڤ دڵخۆش دەبێتو خەمباریش دەبێت. لە هەموو حاڵەتەکاندا نمونەیەکی باڵا بۆ خۆشبەختیو کامەرانی پێویستە، تەنانەت ئەگەرچی ئەو نمونە باڵایە، لە نەوەیەك لە نەوەکانیشدا، بە شێوەیەکی تەواوەتی بەدی نەهاتبێت.

# ساڤۆ.. یەکەمین ئافرەتی شاعیرە لە مێژوودا



پەیکەری ساڤۆ

له تەواوی مێژووی مرۆڤایەتیدا، ساڤۆ یەکەمین ئافرەتی شاعیری ناسراوە، ئەدەبی جیهانی پێش ئەم خانمە، هیچ شاعیرێکی ئافرەتی دیکەی بەخۆیەوە نەبینیوەو تەنها دوای مردنی بە سەدان ساڵ، شاعیرانی دیکەی ئافرەت دەرکەوتوون. هەرچەندە شارستانیەتی مرۆڤایەتی، دوای ئەو خانمە شاعیرە، ژمارەیەکی زۆر شاعیری ئافرەتی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، "ساڤۆ" تاکو ساتەوەختی ئێستاش، پرشنگدارترین ناوە لە مێژووی ئەدەبی ئافرەتانو هەمیشە وەك کەسایەتییەکی دەگمەنو ناوازە ماوەتەوەو شوێنی سەرسامبوونو گرنگی-پێدانەو هەندێجاریش دەبێتە شوێنی جۆرێك لە ئیرەییو بەغیلی پێ بردن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دوژمنو ناحەزەکانی، بەردەوام لە هەوڵی ناشرینکردنیو ناوزڕاندنیدا بنو بانگەشەی ئەوە بکەن ئەو شاعیرێکی داهێنەرانەی هەست-بزوێن نەبووەو جوانیی خۆش نەویستووە، بەڵکو ئەو کاراکتەرێکی بەدڕەفتارو لادەر بووەو ناوەکەی باشترین بەڵگەیە بۆ ڕەفتاری خراپی لە مێژووی ئافرەتاندا.

ئا ئەمەیە شاعیری یۆنانی "ساڤۆ". ئەم شاعیرە یۆنانییە لە نێوان ساڵانی ٦١٠ بۆ ٥٦٠ پێش لەدایکبوونی مەسیح ژیاوە، واتە نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر. هەرچی شوێنی لەدایکبوونەکەیەتی، دورگەی (لیزبۆس)ی یۆنانییە. "ساڤۆ" لە شارستانیەتی کۆنو لە سەردەمەکەی خۆیو لە سەردەمەکانی دوای خۆیدا، لە سەرتاپای یۆناندا بەناوبانگترین ئافرەت بووەو شیعرەکانیو گۆرانییەکانی بوونەتە وێردی سەر هەموو زمانێك. گەورەترین پیاوانی یۆنان لە فیکرو سیاسەتو ڕۆشنبیریدا، بە چاوی ڕێزو

ستایشەوە تەماشایان کردووە. لەوانە "صۆلۆن"حاکمی ئەسینا، کە یاساکانی دادپەروەریی بۆ ئەسینا داناوەو یەکێکە لەو پیاوانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، دەستپێشخەر بووە بۆ دانانی یاساکانی بەڕێوە بردن. ئەم حاکمە بەوە ناسراوە کەسێکی داناو خاوەن حیکمەت بووەو عەقڵێکی کراوەی هەبووەو بە شێوەیەکی ڕاست بیری کردۆتەوە، ئەو دەڵێ: "من دەمەوێ شیعرەکانی ساڤۆ لەبەر بکەم، پاشان بمرم"، واتە ئەو پێی وابووە لەبەرکردنی شیعرەکانی "ساڤۆ" لوتکەی بەختەوەریو کامەرانییەو گەیشتن بەو بەختەوەریو کامەرانییە، بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ هەست بکات ئامانجی خۆی لە ژیاندا بەدەست هێناوە.



سوقرات، کە مەزنترین فەیلەسوفی جیهانی کۆنە، ناوی "شۆخەکە" ی لە "ساڤۆ" ناوە. بەڵام ئەفلاتون قوتابییە هەرە زیرەکەکەی سوقرات، ئاماژە بە ئەفسانە یۆنانییەکان دەکاتو دەڵێ: "دەڵێن خوداوەندەکانی شیعر نۆ دانەیە، ئای گێلیەتیان چەند مەزنە، با بزانن ساڤۆی کچی شاری لیزبۆس خوداوەندی دەیەمینە". ئەگەر زانیمان خوداوەندەکانی شیعر لای یۆنانییەکان، هەر هەموویان دەستکردی ئەفسانەی خەیاڵینو ساڤۆ بوونێکی فیعلیو ڕاستەقینەی هەبووە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەفلاتون ساڤۆی لە ئاستی واقیعی مرۆڤانەی هەستپێکراوەوە بەرزکردۆتەوە بۆ ئاستی ئەفسانە.

سترابۆن کە یەکێکە لە مێژوونووسە گەورەکانی یۆنان، وەك ئەوەی "ویل دۆرانت" لە کتێبەکەیدا (بەسەرهاتی شارستانییەت) دەیگێڕێتەوە، دەربارەی ساڤۆ وتویەتی: "ساڤۆ

ئافرەتێکی بێوێنەی سەرسوڕهێنە، چونکە من لە هەموو ئـەو سـەردەمانەی گەشـتوون بـە ئێمە، هیچ ئافرەتێکی لەو شێوەیەم نەبینیوە لە هونەری شیعردا بگاتە ئەو".

خودی "ویل دۆرانت"یش سەبارەت بە ساڤۆ دەڵێ: "پێشینان ئەگەر وشـەی (شـاعیر- الشاعر)یان بەکاربهێنایە، ئەوا مەبەستیان لەو وشەیە هۆمیرۆس-ی دانـەری ئـەلیادە بـوو. هەروەها لە سەرتاپای جیهانی یۆنانیشدا، ئەگـەر یـەکێك وشـەی (شـاعیرە- الـشاعرە)ی بەکار بهێنایە، ئەوا هەمووان دەیانزانی مەبەست لەو شاعیرەیە ساڤۆ"یە.

ئەگەر بکەوینە شـوێن ژیـانی "سـاڤۆ"، بۆمـان دەردەکـەوێت لـە تەمـەنێکی زووەوە پێگەیشتووە، ئەو پێش ئەوەی تەمەنی بگات بە بیست ساڵ، بـەوە ناسـرابوو کـە خـاوەنی توانایـەکی هونـەریی بـەرزە. هەرچـەندە شـیعرە ناسـراوەکانی، هـەموویان دەربـارەی خۆشەویستیو جوانیو سروشتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ساڤۆ بۆ خـۆی لـە ژیـانی ڕۆژانـەدا کاری کردووەو چالاکەوانێکی سیاسیی کاریگەر بووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دوو جـار لە شارەکەی (لیزبۆس) دووربخرێتەوە، یەکـەم دوورخـستنەوەی لـە تەمـەنی نـۆزدە سـاڵیدا بـووەو دووەم دوورخـستنەوەی لـە تەمـەنی بیـستو یـەك سـاڵیدا بـووە. دەسـەڵاتدارانی شارەکەی، لە کاریگەریی ئەو بەسەر ڕای گشتیەوە دەترسان، زەنـدەقیان لـەوە چـووبوو بـە هۆی ئازایەتیو بوێرییەوە لە دەربڕینو ڕاگەیانـدنی بـیروڕا سیاسـییەکانیو ڕاوەسـتانی لـە ڕووی هەموو ئەو شتانەی مەترسیی بۆ سەر دانیشتوانو میللەتەکەی هـەبوو، خـەڵکی لـە دەوری کۆببنەوە.

بەم شێوەیە، بایەخدانی بە سۆزی خۆشەویستیو گرنگیدانی بـەو هەسـتو سـۆزەی لـە دەوروبەریدا بووە، ڕێگر نـەبووە لـەوەی ببێتـە خـاوەنی بـیروڕای تایبـەت بـە خـۆیو بـە شێوەیەکی جـدیو بـەرفراوانیش بەشـداری لـە ژیـانی گـشتیدا بکـات. بەمـەش سـاڤۆ نمونەیەکی مێژوویی پێشوەختی بۆ هونەرمەنـد پیـشان دا، هونەرمەنـدێك نایـەوێت خـۆی دیلی هەستو سۆزە تایبەتەکەی بکاتو دوور لەو ڕووداوانە بـژی کـە لـە دەوروبەریـدا ڕوو

دەدەن‌و خـەم‌و نەهامەتییـەکانی خـەڵکی پـشتگوێ بخـات. سـاڤۆ دوای پێـنج سـاڵ لـە دوورخستنەوەی دووەمی، گەڕایەوە، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە لـە شـارەکەیدا (لیزبـۆس) ناوی لەسەر هەموو زمانێك بوو. دوای گەڕانەوەی، ئەوەنـدە بـەهێز ببـوو، هـیچ کەسـێك نەیدەتوانی بە خراپ ناوی بێنێـت‌و جـارێکی دیکـە دووری بخاتـەوە. لـە شـارەکەدا بـووە کەسایەتییەکی دیارو ناسراو، بـووە ڕابـەری هونـەرو چـێژو کاریگـەریی ویـژدانی لەسـەر هەمووان هەبوو. لە شارەکەیدا شووی بە بازرگانێکی دەوڵەمەند کرد ناوی ئەنـدرۆس بـوو، لەو بازرگانە تەنها کچێکی بووە بە ناوی کلایس. ساڤۆ سەبارەت بە کچەکەی دەڵێ: "ئـەو



لە گوڵێکی ئاڵتونی دەچێت، ئەگەر لەبری کلایـس، تـاجی گرانبـەهای شارەکەمم بدەنێ، ناتوانم دەست لە کچەکەم هەڵگرم".

مێردەکەی دوای چەند ساڵێکی کـەم لـە هاوسـەریەتییان، کۆچـی دوایی دەکـات‌و "سـاڤۆ" لێیـەوە سـەروەت‌و سـامانێکی زۆری بـۆ دەمێنێتـــەوە، ئـــەم ســـەروەت‌و سامانە زۆرە دەرفـەتی ئـەوەی بـۆ دەڕەخسێنێت ئەوەندەی مابووی لە ژیان، لە خۆشگوزەرانییەکی گەورەدا بیباتـە سـەر. دوای ئـەوە سـاڤۆ یەکـەم قوتابخانـەی ناسراوی لە مێژوودا دروست کرد، تاکو تێیدا کچان فێری هونەری شیعرو مۆسیقاو سـەماو ڕەوشتی بەرز بن. ساڤۆ لەم قوتابخانەیەدا، یەکەم مامۆستاو تـەنها مامۆسـتا بـووە، ئـەو تەنها شاعیر نەبوو، بەڵکو بەهرەیەکی گەورەشی لە مۆسـیقادا هـەبوو، هـەروەها خـاوەنی

دەنگێكی خۆشو سەرنجڕاكێش بووە، لەبەرئەوە شیعرەكانی دەنووسیو ئاوازی بۆ دادەنانو بەگۆرانی دەیوتنەوە. ئەوەی زانراوە ئەوەیە كێشێكی تازەی شیعری بۆ ئەو كێشە شیعریانە زیاد كرد كە لەو سەردەمەدا باو بوون. ئەم كێشە تاكو ئێستاش بەناوی خۆیەوە ناسراوە: (كێشی ساڤۆنی). پەیوەندی ساڤۆ بە قوتابییەكانیەوە، پەیوەندییەكی بەهێزو گەرمو پڕ سۆز بووە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی گەلێك قسەو ناو و ناتۆرەی جۆراوجۆری لەدژ هەڵبەسترێت. یەكێك لە گرنگترین ئەو قسەو ناو و ناتۆرانەی لە دژی دەكرا، تۆمەتباركردنی بوو بە (شزوز- الشذوذ). تەنانەت كار گەیشتە ئەوەی وشەی شزوز لەلای ئافرەت، بگەڕێتەوە بۆ شاری (لیزبۆس) كە شاری ساڤۆ ی شاعیرە. لە زمانە ئەوروپییەكاندا بە ئافرەتی شزوز دەوترێت "لیسبیان" كە ئاماژەیە بۆ شاری (لیزبۆس). بنەمای ئەم نازناوەش دەگەڕێتەوە بۆ واتەواتو قسەو قسەلۆكی جۆری ئەو پەیوەندییەی لە نێوان "ساڤۆ"و قوتابییەكانیدا هەبووە، لەو قوتابخانەیەدا كە "ساڤۆ"ی شاعیر خۆی كردبوویەوەو سەرپەرشتیی دەكردو ئەركی فێركردنی قوتابییەكانی گرتبووە ئەستۆی خۆی. هەروەها ئەو واتەواتو قسەوقسەلۆكانە پشتی بە هەندێ لەو شیعرانە دەبەست كە ساڤۆ خۆی نووسیبوونی. ساڤۆ كاتێ قسە دەربارەی قوتابییەكانی قوتابخانەكەی دەكات دەڵێ:

"خۆشەویستیم بۆ ئەوان، دڵم دێنێتە لەرزە، وەك چۆن ڕەشەبای بەهێز دار بەڕوو دێنێتە لەرزە". بە یەكێك لە قوتابییەكانی دەڵێ: "ئەی ئەفیس.. عەیامێكە تۆم خۆشدەوێت".

كاتێك ئەم "ئەفیس"ە شوودەكات، ساڤۆ شیعرێك دەنووسێتو تێیدا گوزراشت لە خەمو ئازارەكانی دەكات لەوەی ئەو قوتابییە ئازیزەی جێی دەهێڵێتو لە شعیرەكەیدا دەڵێ:

"ئەو پیاوە بەختەوەرە كە دانیشتووەو بە چاوەكانی، تۆ لەبەردەمی خۆیدا دەبینێت.. ئەو لە نزیك تۆوە دانیشتووەو گوێی لێ گرتوویتو هیچی بۆ ناوترێ.. تۆش بەبێ

دەنگبەرزکردنـەوە.. قـسە ئالّتونییـەکانی خـۆت دەکـەیتو پێکـەنینێکی خۆشەویـستانە پێدەکەنیت".

دواتر ساڤۆ لە هەمان شیعردا دەڵێ:

"ئەمە بەسە بۆ ئەوەی دڵـی زامـدارم.. لـە سـینەی پـڕ ئاهمـدا هەڵبـچێتو دەروونم پڕبکات لە شلّەژانو پەشێوی.. چونکە من گەر بۆ ساتێکی زۆر کورت بتبینم، دەنگم ملـی کەچ دەکاتو زمانم تێك دەئاڵێو.. ئاگرێك بە جەستەمدا گوزەر دەکات.. هەموو ئەوانـەی لە دەوروبەرمن هەستی پێدەکەنو.. چاوانم هیچ شتێك نابینن.. لـە گوێمـدا شـەپۆلێك لـە دەنگی بەرز دەزرنگێتەوە.. جەستەم ئارەقێك دەردەدا.. ڕووبارێك دروست دەبێـت.. هـەموو ئەنـدامانی لاشـەم دێنــە لــەرزین.. ڕەنگــم لــە ڕەنگــی گــژوگیای پــایز.. زیـاتر زەرد هەڵدەگەڕێت.. ئازارەکانی مەرگ بـەرۆکم دەگـرن.. ئیـدی تووشـی پەشـێوی دێـمو لـەناو کەیلبوونی خۆشەویستیدا دەمێنمەوە".

"ئەفیس"ی قوتابی، دوای ئەوەی شوودەکات، ناچار دەبێت قوتابخانە بـەجێ بهێڵێـتو بە مامۆستاکەی دەڵێ:

"داخی گرانم چەند بەدبەخت بووین! ساڤۆ سوێندت بۆ دەخۆم، جیابوونەوەم لـە تـۆ، لـە دەرەوەی ویستو ئیرادەی خۆم بووە".

بەڵام ساڤۆ قوتابییەکەی هێور دەکاتەوەو پێی دەڵێ:

"بە دڵێکی ئاسودەوە ڕێگای خۆت بگرە بەر، بەڵام بیرم بکە، چونکە تـۆ دەزانـی مـن چەند شەیدای تۆم. ئای ئەو ڕۆژانەی پێکـەوە بـەڕێمان کـرد چـەند خـۆشو دڵگیربـوون". شیعرەکەی "ساڤۆ" بەم وشانەی خوارەوە کۆتایی دێت: (لەمڕۆوە چیتر ئەفیس نـابینم.. بـۆ من، لەنێوان ئەمەو مەرگدا.. هیچ جیاوازییەك نابینم).

بەهۆی ئەم زمانە سۆزدارە گەرمـە لـە شـیعرەکانی "سـاڤۆ"دا، کـە تێیـدا بـاس لـە پەیوەندی خۆیو قوتابییەکانی دەکات، ئـەو واتـە واتو قسەوقـسەلۆکانەی کـە دەربـارەی

شزوزی ئەو دەکرێن، هاتە ئارەوە. بەڵام توێژەرە بێلایەنەکان بیروڕایەکی دیکەیان هەیە. ئەو توێژەرە بێلایەنانە پێیان وایە ئەم شاعیرە بە ڕاستی قوتابییەکانی خۆی خۆش ویستووەو بەوەفا بووە لەگەڵیاندا، بە جدی کاری کردووە بۆ ئەوەی فێری گۆرانیو مۆسیقاو شیعرو سەمایان بکات. شیعرە عاتیفییەکانی کە بۆ قوتابییەکانی نووسیووە، بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە گوزارشتی لەو هەستو سۆزە سروشتییە کردووە کە لە ئەنجامی قووڵیی ئولفەتو تێگەشتنو هاوبەشیکردن لە ئیحساسو هەستکردن بە جوانیی سروشتو جوانی عاتیفە مرۆڤایەتییە جیاواز جیاوازەکانەوە دروست دەبێت. ئەمە سەرچاوەی ئەو نەغمە سۆزدارییە بەرزە بووە کە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەم تیۆرە بۆ شیکردنەوەی شیعرەکانی "ساڤۆ" دەربارەی قوتابییەکانی، زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە تاکو تیۆرەی بەدخوییو بەدڕەفتاریی‌و لادان.

"ساڤۆ" کەسایەتییەکی دیارو ناسراوی کۆمەڵگە بووە، زۆر زەحمەت بووە خۆی بخاتە شوێنی گومانو بەدخوییەوە کە هەمووان ئەفەرۆزی دەکەن. لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگە ڕێگر نەبووە لەوەی کچان، لەسەر ئاستی تەمەنی جیاواز جیاواز، بڕۆن بۆ قوتابخانەکەی ساڤۆ. ئەگەر ئەم قوتابخانەیە گوماناوی بوایە، ئەوا خانەوادە جیاواز جیاوازەکان ڕێگایان بە کچەکانیان نەدەدا لەوێدا بخوێنن. جگە لەوە ئەو کچانەی لەلای ساڤۆ دەیانخوێند، بەشی زۆریان لە قوتابخانە هاتنە دەرەوەو شوویان کردو چوونە ماڵە مێردی خۆیانەوە، ئەگەر قوتابخانەکە لەسەردەمی خۆیدا گومانی شزوزی لێ بکرایە، ئەوا یەك قوتابی لە قوتابییەکانی شوویان نەدەکرد، پیاوەکانیش ڕازی نەدەبوون یەك کچی ئەو قوتابخانەیە بخوازنو بە شێوەیەکی تەواوەتی خۆیان لەو قوتابخانەیە بەدوور دەگرتو دەستبەرداری دەبوون. قوتابخانەی ساڤۆ قوتابخانەیەکی ئاشکرا بوو، بە ڕۆژی ڕووناكو بە بەرچاوی هەموانەوە کاری دەکرد. مەحاڵە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە ڕێگەی بدایە قوتابخانەیەکی

ناسراوی لـەو جـۆرە بـە ئاشـکرا کاربکـات، ئەگـەر گومـانی ئـەوەیان لـێ بکردایـە کـە قوتابخانەیەکە بۆ بەدخوویی‌و لادان‌و ئابڕووچوون.

هەست‌و سۆزە گەرمەکەی ساڤۆ لەبەرامبەر قوتابییەکانیدا، بەشێك بووە لـەو هەسـت‌و سۆزەی بۆ جوانی‌و بۆ سروشت هەیبووە. بەشێك بووە لە باوەڕی بە خۆشەویستی ڕاستەقینە لە هەموو وێنەکانیدا. ئـەو شـاعیرێك بـووە هەمیـشە لەبـەردەم خۆشەویـستی‌و جوانیـدا ڕاچڵەکیوە، سەرجەم شیعرەکانی لە دەوری ئەم تەوەرە نەمرەدا دەخولێنـەوە. لێرەوەیـە ئـەم شیعرانە، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگارەکان، توانیویانە پارێزگاریی لە نـاوی ئـەم شـاعیرە بکـەن. ئەگەرچی بەشی زۆری ئەم شیعرانە بزربوون‌و نەماون‌و تـەنها بڕێکـی کـەمیان ماونەتـەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بڕە کەمە، وایان کردووە ساڤۆ ببێتە یەکەم‌و مەزنترین شاعیری عـاتیفی لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا. ئاشکرایە ئەوەی لە شیعرەکانی ماوەتەوە ناگاتە شـەش سـەد دێڕ، ئەم بڕە کەمە کە ماوەتەوە، بـەردەوام ڕووبـەڕووی جـەنگ‌و دژایـەتیکردن بووەتـەوە. ناحەز و نەیارەکانی ئەوەنـدە بـەهێزبوون، وایـان کـرد کلێـسا لـە سـاڵی ۱۰۷۳ی زایـنی، فەرمانی سووتاندنی سەرجەم شیعرەکان دەربکات. لەگەڵ ئەم سووتاندنەشـدا، خـەڵکی لـە ویژدانی خۆیاندا، توانیان پارێزگاری لە هەندێ لەو شیعرانە بکەن‌و پەرۆشی ئـەوە بـوون بـە باشترین شێوە بیهێڵنەوەو بیپارێزن.

میسر ڕۆڵێکی گەورەی لە شیعرەکانی ساڤۆدا بینیوە، ساڵی ۱۸۷۹ کۆمـەڵێ توێـژەر، لـە شـاری "فـەیوم" کـە شـوێنەواری هەنـدێ لـە تابوتـە کۆنـەکانیان دەپـشکنی، لـە دروستکردنی ئەو تابوتانەدا کاغەز بەکارهاتبوو، توێـژەرەکان لـەکاتی گـەڕان‌و پـشکنینی کاغەزی تابووتەکاندا، بینییان کاغەزەکان ژمارەیـەك لـە شـیعری سـاڤۆیان تێدایـە، ئـەو شیعرانە بوونە بەشێك لەو شـیعرانەی لـە ئێـستادا ناسـراون. دەڵـێن سـاڤۆ لـە ئـەنجامی کێـشەیەکی سـۆزدارییەوە کـە تووشـی هـاتبوو، خـۆی کوشـتووە. ئەگەرچـی چـیرۆکی خۆکوشتنەکەی لەلایەن زۆرێك لە قەڵەمی نووسـەران‌و مێژوونووسـانەوە باسـی لێـوەکراوە،

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکێکی جێگیر نییە. ئەوەی وامان لێ دەکات باوەڕ بەو چیرۆکە نەکەین، ئەوەیە ساڤۆ کەسێکی واقیعی بووە، ئەمەش لەو نووسینانەیەوە دەردەکەوێت کە گەشتووەتە دەست ئێمە. ئەو ڕازی نەبووە شوو بە پیاوێك بكات کە هاتووەتە داخوازیو پیاوەکە ساڤۆی خۆشویستووە. ساڤۆ بۆ پاساوهێنانەوەی ناڕازیبوونی، بە پیاوەکە دەڵێ:

"چومەتە ساڵەوە.. ڕۆژگار لەسەر جەستەم ژمارەیەکی زۆر هێڵی بەجێهێشتووە، چیتر خۆشەویستی بەو دیاریانەی هەڵی گرتووە، بەرەو پیری من نایەت".

دواتر ساڤۆ داوا لەو پیاوە دەکات کە هاتبووە داخوازیی، هاوسەرێکی دیکە بۆ خۆی هەڵبژێرێت کە گەنجترو کەم- تەمەنتر بێت. ئەم واقیعییەتە لە هەڵسوکەوتو ڕەوشتو بیرکردنەوەدا، نیشانەی ئەوەیە ساڤۆ لەو جۆرە کەسانە نەبووە خۆی بکوژێت، بگرە بەهۆی ئەو هەستو سۆزە گەرمەیەوە، خاوەنی دڵو دەروونێکی باش بووەو ڕازی بووە بەوەی ڕۆژگار دەیهێنێت.

ئەو ژمارە کەمەی شیعرەکانی ساڤۆ کە بەدەستمان گەیشتووە، بڕێکی زۆر لە ستاتیکاو سادەو ساکاریی تێدایە، ئەم شیعرانە لە لایەن بەڕێز "د.عبدالغفار مکاوی" بە شێوەیەکی ناسكو لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی "ساڤۆ شاعیری خۆشەویستیو جوانی لەلای یۆنان" کراون بە عەرەبی. یەکێك لە شیعرەکانی ساڤۆ سەبارەت بە خۆشەویستێکە کە نایگەیتێ دەڵێ:

"ئەو وەك ئەو سێوە خۆشە وایە.. کە لەسەر لقە بەرزەکەوە سوور دەنوێنێت.. ئەوەی سێوەکان لێ دەکاتەوە بەجێی هێشتووە.. لەبەر ئەوە نا لەبیری چووە.. بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆر بەرزە.. دەستی پێی نەگەیشتووە".

ئەمە نمونەیەکە لە شیعرەکانی

**ئێستا ئیدی مانگ ئاوا بوو**

**حەوت ئەستێرەکەش ئاوا بوون**

**نیوەی شەو هاتو**

**زەمەنی چاوەڕوانیکردن بەسەرچوو**

**منیش**

**بە تەنها دەنووم.**

نمونەیەکی دیکە لە شیعرەکانی

**وەك چۆن منداڵ بۆ لای دایکی دەفڕێت**

**منیش ئاوا فڕیم.**

ئەو یەکەمین شاعیری ئافرەت بوو کە مێژوو ناسیویەتی، ئەم شاعیرە ئەوساو ئێستاش، سیمبولی گوزارشتکردنێکی گەرمی ڕاستگۆیانەیە لە هەستو سۆزی خۆشەویستی. هەستو سۆزی خۆشەویستی لە شێوە بڵندگەراییەکەیدا، بەرزترین هەستو سۆزی مرۆڤە.

# شۆڕشی عاشقەکان



ئۆگستین

ئەمە سەیرترین شۆڕشە لە مێژوودا، تەنها شۆڕشێکە لەم جۆرە. ئەم شۆڕشە هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نییەو ڕابەرەکانی هەرگیز هەڵپەی گرتنەدەستی دەسەڵاتیان نەبووە، بگرە بە پێچەوانەوە ڕقێکی زۆریان لە سیاسەت بووەو لە پلەوپایە ڕایان کردووەو لێی دوور کەوتوونەتەوە. ئارەزووە سەرەکییەکەیان بریتی بووە لەوەی بە ئازادی بژینو لەزەت لە ژیان وەربگرنو خۆشەویستی بگۆڕنەوە بەبێ ئەوەی چاودێریان بەسەرەوە بێت، بەبێ ئەوەی یەکێك دەستبخاتە ژیانیانەوە، یان هەر جۆرە کۆتو بەندێك بە سەریاندا بسەپێنرێ. شۆڕشی عاشقەکان لە ڕۆماو لە سەردەمی ئیمپراتۆر "ئۆگستین"دا ڕوی داوە. ئۆگستین خودی "ئۆکتافیۆس"ە، کە لە ساڵی ٣٢ پێش زاین، لە جەنگی "ئەکتیوم"ی دەریاییدا، سەرکەوت بەسەر "ئەنتۆنیۆ"و "کیلۆپاترا"دا. ئەم جەنگە وەك ئەوەی زانراوە بە خۆکوشتنی ئەنتۆنیۆ و کیلۆپاترا کۆتایی پێهاتووە. ئۆکتافیۆس-یش دەستی بەسەر میسردا گرتو زێڕو زیوە زۆرو زەوەندەکەی گواستەوە بۆ ڕۆما.


کیلۆپاترا

دەسەڵاتی ئۆکتافیۆس بەبێ هیچ ململانێو ڕکابەرێك، بە شێوەیەکی باش جێگیربوو. پاش گرتنی میسر بۆ ماوەی زیاد لە چڵ ساڵ، حوکمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کردووە. دوای ئەوەی دەسەڵاتی ئۆکتافیۆس جێگیر بوو، خەڵکی ناوی ئۆگستین-یان لێ نا، ئەم

وشەیە مانای گەورە یان مەزن دەگەیەنێت. ئەم حاکمە چاپووکە دەیویست نیزام بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی گەورەو فراوان بگەڕێنێتەوەو کۆمەڵێ یاسای ئابوریو ئاساییشی بۆ دابنێت کە گەشەکردنی ئیمپراتۆریەتەکەو خۆشگوزەرانی هاولاتیانی پێ زامن بکات. ئەم دەسەلاتدارە حاکمێکی بەهێزو پڕ هیوا بووە، ژیانێك ژیاوە خالّی بووە لە بەزمو کەیفو سەفاو خۆشگوزەرانی. جگە لە خواردنی سادەی وەك پەنیرو سەوزەو میوەو نانی وشك، هیچی دیکەی نەخواردووە، هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو دووچاری کۆمەڵێ نەخۆشی ببوو هەڕەشەیان لە ژیانی دەکرد. ئەو بە خواردنی بڕێکی زۆر کەم لە خۆراكو پەیڕەوکردنی سادەو ساکاری لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا، تیماری دەردی خۆی دەکرد. بەمەش توانی پارێزگاری لە تەندروستیو بیر ڕۆشنیو هێزی ئیرادەی بکات. توانی بۆ ماوەیەکی درێژ، حوکمی ولاتەکەیو ئیمپراتۆریەتەکەی بکاتو تێدا بە شێوەیەك سەرکەوتوو بووە کە لاپەڕەکانی مێژوو گەواهی بۆ دەدەن، ئەو لە سەردەمێکدا ئەو سەرکەوتنانەی بەدەست هێناوە نزیکەی دوو هەزار ساڵ لە ئێستاوە دوورە.

ئۆکتافیۆس لە بوارەکانی ئابوریو ئاوەدانکردنەوەو ژیانی کۆمەلایەتیدا، گەلێك دەستکەوتی گەورەی بەدەست هێنا. ئەم ئیمپراتۆرە دەیزانی هەموو چاکسازییەکانی هیچ نرخێکیان نابێت، ئەگەر سیستمێکی ئەخلاقی تۆکمە نەبێت کە هەمووان پابەند بن پێیەوە. بەبێ ئەم سیستمە ئەخلاقییە لەوانەیە کۆمەڵگە هەرەس بهێنێتو ئەو چاکسازییە گەورانەی ئیمپراتۆر ئەنجامی دابوون، بێهوودە دەبنو هیچ سوودێکیان نابێت. ڕۆما لەو سەردەمەدا ڕۆمایەکی بێ دین بوو، تەنها کەمینەیەکی کەمی جولەکەی لێ بوو. هەرچی مەسیحییە، ئەوا هێشتا وەك کۆمەڵێ پرنسیپی ئەخلاقی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان خەڵکی دەرنەکەوتبوو. ئەمە وای کرد ئۆکتافیۆس بیر لە دانانی سیستمێکی ئەخلاقی بکاتەوە، خەڵکی پابەندبن پێیەوە، تاکو فەوزا دروست نەبێتو بەد-ڕەوشتی بلاونەبێتەوە.

لێرەوە ئۆکتافیۆس سوور بوو لەسەر ئەوەی کۆمەڵێ یاسای ڕوونو ئاشکراو ورد دابنێتو لە میبانەیەوە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانی وەك ژنهێنانو میراتو ئەوانی دیکەی پێ ڕێك بخات. ئەم یاسایانە بە توندی سزای لادانە ئەخلاقییەکانی دەدا. یەکێك لە شتە سەیرو سەمەرەکانی ئەم یاسایانە ئەوە بوو هانی زیادکردنی منداڵی دەدا، ئەو دایکەی سێ منداڵی ببوایە، کۆمەڵێ ئیمتیازی گەورەو فراوانی پێ دەبەخشرا، هۆکاری ئەمەش هاندانی ڕۆمانییەکان بوو بۆ ئەوەی منداڵی زۆریان ببێت. چونکە ڕۆمانییەکان فێری ژیانی کەیفو سەفا ببوونو بە شوێن ژیانێکی ناسکی خاڵی لە بەرپرسیارەتی دەگەڕان، ژیانێك مەیلی بەلای ژنهێناندا نەدەچوو، یاخود نەیاندەویست بارگرانی بەخێوکردنی منداڵ بگرنە ئەستۆ. ئۆکتافیۆس لە ئەنجامی ئەم ڕەفتارو هەڵسوکەوتەوە کە تا دەهات لەناو کۆمەڵگەدا بڵاو دەبووەوە، هەستی بەو مەترسییە کرد کە ڕووبەڕووی ڕۆما دەبێتەوە. بۆیە بە دەرکردنی کۆمەڵێ یاسای جیاواز جیاواز، دژ بەو ڕەفتارانە ڕاوەستا، یاساکانی سزای زۆر توندی ئەو کەسانەی دەدا کە پەیوەندی ناشەرعییان هەبوو، یارمەتییەکی زۆری مادیو مەعنەوی دەدا بۆ ژنهێنانو دروستکردنی خێزانو منداڵ خستنەوە.

یاساکانی ئۆکتافیۆس لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە توانییان جۆرێك لە بەهای ئەخلاقی بەسەر کۆمەڵگەی ڕۆمانیدا بسەپێنن. ئیدی دوای ئەوەی پێشتر وڵات پڕ بوو لە بێ سەروبەریو هەر ئەم بێ سەرو بەرییەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەڕێوە دەبرد، ژیانی خەڵکی ڕێکخراو جۆرێك لە سیستەم هاتە ئارا. ئۆکتافیۆس بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارانەی، ڕوویکردە ئەدیبو هونەرمەندو شاعیرەکانو هانی دەدانو داوای لێ دەکرن پشتگیری سیستەمە تازەکە بکەنو لەبارەیەوە بنووسن، تاکو خەڵکی بە دەمیەوە بچنو بە ویستی خۆیان ڕەزامەند بن لەسەری. لێرەوە شاری ڕۆما پڕ بوو لە نووسەرو شاعیر، بە شێوەیەك شاعیری بەناوبانگی ڕۆمانی جۆفنال دەڵێ: "یەکێك لەو هۆکارانەی وات لێ دەکات ناچار بیت بڕۆیت لە لادێ بژیت، ڕاکردنتە لە دەست شاعیرەکان کە ڕۆمایان پڕکردووە".

فاکتەرەکانی ئاشتیو ئارامیو خۆشگوزەرانی کە لەسەردەمی ئیمپراتۆر ئۆکتـافیۆس دا لەئارادا بوون، هۆکارگەلێکی بەهێز بوون بۆ پێشکەوتنو گەشەکردنی هونەرو ئـەدەبی ئـەو سەردەمە. هەروەها هۆکارگەلێك بوون بۆ گەشەکردنی شێوازەکانی کەیفو سەفا لـە ژیـانی ڕۆمانییەکانـدا. ئیمپراتـۆر لـەوە دەترسـا هـەموو ئـەو گەشـەکردنو خۆشـگوزەرانییە، کۆمەڵگەی ڕۆمانی بەرەو گەندەڵیو بەدڕەوشتی ببـات، چـونکە خۆشـگوزەرانی زیـاد لـە پێویست، دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشایی، بۆشـایش وا دەکـات خاوەنەکـەی بـە شـوێن شێوازی دیکەی خۆشییەکانی ژیاندا بگەڕێت، لەوانەیە هەموو ئـەو گەڕانـەش دواجـار لـە گەمەو نوقمبوون لە چێژو لەزەتە جیـاواز جیاوازەکـانی ژیانـدا کۆتـایی پـێ بێـتو چـیتر هاولاتیان سارد ببنەوەو نەتوانن ئەركو فەرمانەکانی سەر شانیان جێبەجێ بکەن.

لەبەر ئەوە ئیمپراتۆر دەیویست شاعیرەکان، کە هەموو جـۆرە یارمـەتیو کۆمـەکێکی مادییو مەعنەوی خستبووە بەردەستیان، قسە دەربارەی ئامانجە بەرزو پیرۆزەکـانی ژیـانو مـرۆڤ بکـەنو گرنگـی بـەو بـوارە بـدەن. سـەرنجی هاولاتیـان بـۆ ماناکـانی ئیـشکردنو بەرهەمهێنان ڕابکێشنو بۆیان ڕوونکەنەوە ئەو مانایانە چ بەهایەکی گەورەو چ مەسـتییەك بە ژیانی مرۆڤ دەبەخشێت. ئیدی لە ڕۆما چەندین شاعیری مەزنی لەو جـۆرە دەرکـەوتن، لە سەروو هەموویانەوە "فێرجل"، شیعرەکانی ئەم شاعیرە، پڕە لە بـەرز-ڕاگـرتنی ژیـانی گوندنشینو کشتوکاڵ، لەوێدا مرۆڤ لەگەڵ خۆشییەکانی سروشـتدا دەژیو ڕۆژانـە نهێنییـە جوانەکانی سروشتی بۆ دەردەکەوێتو هەوایەکی پاكو خـاوێن هەڵدەمـژێتو جەسـتەی پـڕ دەبێت لە تەندروستیو لەشـساغیو هەسـتەکانی بـە ڕووی ژیانـدا دەکرێنـەوەو هەمیـشە گەشبینە بە هیواو ئاواتەکانی.

جگە لەوە، فێرجل داستانێکی شیعریی بەناوی "ئـەنیادە- الانیـادە" نووسـی، لەسـەر هەمان شێوازی شاعیری یۆنانی مەزن هۆمیرۆس لە داستانی "ئەلیازە"دا. ئامانجی فێرجـل لە نووسینی ئەنیادە، بیرخستنەوەی ڕۆمانییەکان بوو بە ڕابردووی نەمرو پڕ شـکۆیان، بـەو

هیوایەی ئەمە هانی ڕۆمانییەکان بدات هەست بکەن سەر بە شارستانییەتییەکی مەزنن‌و ئەوان پێویستە لە سەریان وا بکەن ئێستایان درێژکراوەی ئەو ڕابردووە جوانەیان بێت، لەباتی ئەوە ژیانێکی ڕوکەش‌و ئاسان‌و بێ سوود نەژین‌و لە ئیشکردن‌و بەرهەمهێنان‌و ژیانی جدیی دوور نەکەونەوە، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی هەڕەشە لە مێژووی پڕ ڕووناکییان‌و لە کەلتوورە مەزنەکەیان بکەن‌و لەدەستی بدەن.

بەم شێوەیە ئیمپراتۆر پەنای بردە بەر ئەو یاسایانەی دایڕشتبوون، هەروەها پەنای بردە بەر ئەو شیعرو هونەرەی کە بە شێوەیەکی گەورەو فراوان لەلایەن ئیمپراتۆرەوە دەستگیرۆیی‌و کۆمەك دەکران. هەموو ئەوەش بەو ئامانجەی کۆمەڵگەیەکی ئارام‌و جێگیر دروست بکات‌و تێیدا یاساو ئەخلاق بەرقەرار بن‌و خەڵکی ڕوو بکەنە ئیشکردن‌و بەرهەمهێنان. نەك کۆمەڵگە بەهۆی ئەو ئاشتی‌و خۆشگوزەرانییەی کە تێیدایە، بەهۆی ئەو سەروەت‌و سامانە زۆرەی لەداگیرکردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا دەستی کەوتوون، لێك هەڵبوەشێتەوەو خراپ ببێت. لەو سەردەمەدا، واتە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، ڕۆما بەهێزترین دەوڵەت بووە لە جیهاندا، سرودی نیشتیمانیی ڕۆما، مانای ئەوە بوو کە کەس نییە بەرەنگاری هێزی ڕۆما ببێتەوە، یاخود لە بەردەمیدا ڕابوەستێت. ڕۆما حاکمی خۆیەتی‌و حاکمی هەموو ئەوروپایە، هەروەها حاکمی هەموو ئەو دەوڵەتانەی ڕۆژهەڵاتە کە دەڕوانن بەسەر دەریای سپی ناوەڕاستدا، قسەی ڕۆما لە سەروو هەموو قسەیەکەوەیەو فەرمانی لە هەموو شوێنێکدا جێبەجێ دەکرێ.

لەناو ئەم کەش‌وهەوایەدا، ئەو شتە دەرکەوت کە هەندێ لە توێژەرەوەکان پێی دەڵێن "شۆڕشی عاشقەکان". لە کۆمەڵگەی ڕۆمانی ئەو کاتەدا، هەندێك کەس هەبوو پێیان وابوو مرۆڤ بۆیە هاتووەتە ئەم دنیایەوە تاکو لەزەت لە ژیان بکات، لەزەت لە خێرو بێری سروشت وەربگرێت‌و ژیانێکی بەختەوەر بەرێتە سەر. ئەوانەی خاوەنی ئەم جۆرە ئاراستەو بیرکردنەوەیە بوون، پێیان وابوو ئەو یاسا توندو زبرانەی ئیمپراتۆر، بۆ ڕێکخستنی ژیانی

ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی سەپاندبوونی، جۆرێکە لە تەنگ-پێ-هەڵچنینو توندڕەویو هیچ ئەنجامێکی نییە جگە لەوەی وا دەکات ژیان قورسو سەختو دژوار بێت. لێرەوە خاوەنی ئەم جۆرە ئاراستەو بیرکردنەوەیە، دەستیانکرد بە شۆڕبوونەوە بەناو خۆشییەکانی ژیانداو تا دەهات ژمارەی ئاهەنگەکانی بەزمو سەفاو پەیوەندییە سۆزدارییەکانیانی فراوانتر دەکرد، ژیانیان کردە یەك پارچە لە ساتی خۆشیو پڕ لەزەت، بەبێ ئەوەی گوێ بدەن بەو بانگەشانەی ئیمپراتۆر کە داوای میانڕەویو پابەندبوون بە یاسا توندەکانی ئەخلاقەوە دەکرد.

دەرفەتێك بۆ ئەم گروپەی ژیانیان خۆشدەویست ڕەخسا، ئەمانە توانیان یەکێك لەو شاعیرە گەورەو بلیمەتانەی لەو کاتوساتەدا دەرکەوتبوون، بکەنە پێشەوای خۆیان. ئەویش "ئۆفید" بوو. ئەم شاعیرە ساڵی ٤٣ پێش زاین، هاتبووە دنیاوەو ساڵی ١٨ دوای زاین کۆچی دوایی کرد، واتە نزیکەی ٦٢ ساڵ ژیابوو. ئۆفید سەر بە خێزانێکی ڕۆمانی دەوڵەمەند بوو، باوکی دەیویست کوڕەکەی خوێندنێکی بەرز بخوێنێت، تاکو هەلی ئەوەی بۆ بڕەخسێت ببێت بە پیاوێك لە پیاوە دیارەکانی دەوڵەت، ئۆفید وەك ئەوەی باوکی ویستی، خوێندنێکی بەرزی خوێندو ماوەیەکی کەم ئیشی لە کاروباری قەزادا کرد. بەڵام دواتر واز دەهێنێتو خۆی تەرخان دەکات بۆ شیعر، چونکە هەستی دەکرد ئەو لە پێناو شیعردا لەدایك بووەو لەم ژیانەدا ناتوانێت جگە لە شیعر نووسین، هیچ ئیشێکی دیکە بکات.

ئۆفید، خاوەنی بەهرەیەکی گەورەبوو، ئاوازی نایابو وێنەی شیعری جوان، بە لێشاو لێیەوە دەهاتنە دەرەوە، ئیدی چۆنو بە چ شێوەیەك دەتوانێ ئیشێکی دیکە بکات، ئیدی چۆن خۆی بۆ ئەم بەهرە سروشتییە بەرزو بڵندە تەرخان نەکات. بە تایبەتی دوای مردنی باوکی کە سەروەتو سامانێکی زۆری بۆ بەجێ هێشتبوو، ئەم سەروەتو سامانە زۆرە وای کرد چیتر ناچارنەبێت بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی ماندو ببێتو ئیش بکات. بە هۆی ئەو

میراته زۆرەی باوکییەوە، بەبێ ماندوبوونو تێکۆشان، ژیانێکی خۆشگوزەرانو بەختەوەری بۆ مابووەوەو کاتێکی زۆریشی هەبوو.

لێرەوە ئۆفید دەستیکرد بە نووسینی شیعری جیاواز جیاواز، تێیدا بانگەشەی بۆ خۆشەویستیو بۆ لەزەت وەرگرتن لە ژیان دەکرد، بەبێ ئەوەی مرۆڤ پابەندی هیچ کۆتو بەندێك بێتو بەبێ ئەوەی بیر لە کێشەو چەرمەسەریو نەهامەتییەکانی دنیاو کۆمەڵگە بکاتەوە. ئەو شاعیرێك بوو بانگەشەی ئازادیو بەختەوەریو گەشبینی دەکرد. پێ دەچێت ئۆفیدی شاعیر لە قووڵایی ناخی خۆیدا، هەستی بەوە کردبێت ئەم جیهانە سەختو دژوارو دڵڕەقە، شایەنی ئەوە نییە مرۆڤ خەفەتی بۆ بخواتو گوێی پێ بدات، چونکە کۆتاییەکەی ڕوونو ئاشکرایە، ئەویش مردنە. بۆیە هەلێکی سنوردار لە ئارادایە کە بریتییە لەو ژیانە کورتەی تێیدا دەژینو لەسەر مرۆڤ پێویستە تا کۆتایی سود لەم هەلە سنوردارە وەربگرێت.

ئۆفید شیعرێکی زۆری نووسی، گرنگترینیان "وەرچەرخانەکان- التحولات" یاخود "بەدەعەجانبوونی بونەوەرەکان- مسخ الکائنات" بوو، لەم کتێبەدا بە دارشتنێکی شیعری جوانو بەرز، ئەفسانە گەورەکانی یۆنان دەگێڕێتەوە، لە میانەی گێڕانەوەی ئەم ئەفسانانەدا، باس لە هەموو هەستو سۆزو ڕقو کینەو ململانێ گەورەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات، لە خۆشەویستیو ئیرەیی بردنو ڕکابەرایەتیو تۆڵەکردنەوەو هەموو ئەو ئارەزووە توندانەی دیکە کە کۆنترۆڵی مرۆڤ دەکەنو تەحەکوم بە ڕەفتارو هەڵسوکەوتو هەڵوێستەکانییەوە دەکەن.

بەڵام دووەم کتێبی ناوداری، کتێبی "هونەری خۆشەویستی- فن الهوی" بوو، تێیدا باس لە هەموو وێنەکانی خۆشەویستی دەکات کە دەکرێ خەیاڵی شاعیرێکی بەناوبانگی بلیمەت، شاعیرێك لە سەرجەم کۆتو بەندەکان ڕزگاری بووبێت، وێنای بکات. کتێبی "هونەری خۆشەویستی" هەوڵدانێکی ئازایانەیە بۆ ئەوەی پیاوانو ئافرەتان فێربکات چۆنو بە چ شێوەیەك خۆشەویستی دەکەنو چۆن جەنگەکانی خۆشەویستی دەبەنەوەو بەسەر

هەموو ڕکابەرەکاندا سەردەکەون. لەم کتێبەدا کۆمەڵێ وانەی بۆ پیاوان تێدایەو فێریان دەکات چۆن کۆنترۆڵی ئافرەت بکەنو چۆنو بە چ شێوەیەك مەستیان بکەنو دڵیان ڕابگرن، تاکو نەچن بەلای هیچ پیاوێکی دیکەدا. هەروەها کۆمەڵێ وانەی بۆ ئافرەتان تێدایەو فێریان دەکات چۆنو بە چ شێوەیەك بگەنە دڵی خۆشەویستەکەیانو پارێزگاری لێ بکەن، تاکو نەکەونە دەست ئافرەتانی دیکەی ڕکابەر.

ئەم بابەتانە بەس بوون بۆ ئەوەی کتێبی (هونەری خۆشەویستی)، وا لێ بکەن ببێتە یەکێك لەو کتێبە هەرزانانەی لە هەموو ڕۆژگارو سەردەمێکدا، بەشێوەیەکی فراوان بلاو دەبنەوە. ئەم جۆرە کتێبە بۆ ئەوەی ڕەواجیان هەبێتو دەستکەوتی مادیی بۆ نووسەرەکانیان بەدەستبێنن، قسەوباس دەربارەی خۆشەویستیو سێکس دەکەن. ئاشکرایە ئەم دوو بابەتە (خۆشەویستیو سێکس)، هەمیشەو بەردەوام کالاٌیەکن جەماوەرێکی گەورەو بەرفراوانیان هەیە. تەنانەت ئەو جەماوەرە گەورەو بەرفراوانە بە نهێنیی ئەو کالاٌیە بەکار دەهێنن، کەچی بە ئاشکراو لەبەردەم خەڵکیدا نەفرەتی لێ دەکەن، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا بەپەرۆشەوەن بۆ ئەوەی بزانن ئەو جۆرە کتێبانە قسەوباس لە چی دەکەن.

کتێبی هونەری خۆشەویستی بەدرێژایی چەندین سەدەو چەندین نەوە، وەك کتێبێکی نەمر مایەوەو وەك کتێبەکانی هاوچەشنی خۆی، تووشی پشتگوێخستنو بیرچوونەوە نەهات. هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئۆڤید شاعیرێکی بلیمەتو شارەزا بوو، توانی ئەو بابەتانەی پەیوەست بوون بە خۆشەویستیو سێکسەوە، بە شێوەیەکی هونەری جوانو نایاب باسیان بکاتو دڵگیرترین ئاوازی شیعریو جوانترین وێنەی شیعری بۆ بەکار هێنان، بەوپەڕی بوێریو ڕاشکاوییەوە باسی لە هەستو سۆزە مرۆڤایەتییە قووڵو پەنهانەکان دەکرد، هەستو سۆزێك زۆرجار لەناو عەقڵو هزردا خۆیان حەشار دەدەنو هەموان هەوڵدەدەن لەبەرچاو دوریان بخەنەوە. ئەم دوو کتێبە مەزنە (وەرچەرخانەکان- یان بەدەعەجانبونی بوونەوەرەکان)و (هونەری خۆشەویستی)، لەلایەن "سەروەت عەکاشەوە"

له وەرگێڕانێکی قەشەنگو جواندا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. ئەم وەرگێڕە چەندین ساڵی لە وەرگێڕانی ئەو دوو کارە ئەدەبییە سەرنجڕاکێشەدا بردووەتە سەر، تاکو پێش چەند ساڵێکو بە زمانێکی زۆر وردو خۆشو جوان، پێشکەشی کتێبخانەی عەرەبی کردوون.

ئێستا با بگەڕێینەوە سەر ئۆفید ی شاعیری خۆشەویستیو جوانیو لەزەت، لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئیمپراتۆر ئۆگستین دەیویست کۆمەڵگەیەکی ڕێکو پێکو بەرهەمهێنەر بێتو لە ڕووی هەڵسوکەوتی ئەخلاقییەوە تەندروست بێت. ئۆفید لایەنگرێکی زۆری بۆ پەیدا بوو، ئەو لایەنگرانە ئەوانە بوون کە شیعرەکانی ئۆفید-یان دەوتەوەو بە شێوەیەك دەژیان کە شیعرەکان دەیوست بەو شێوەیە بژین. واتە ئەوان بە هەر شێوازو ئامرازێك بێت داوای خۆشەویستیان دەکردو لە هەموو جێگایەکدا بە شوێن لەزەتو خۆشیدا دەگەڕانو گوێیان بە یاسا توندەکانی ئیمپراتۆر نەدەدا. لایەنگرانی ئۆفید تەنیا پیاوان نەبوون، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری ئافرەتانی سەردەمەکەش، بە پەرۆشو حەماسەوە بوون بۆ ئۆفیدو شیعرەکانییان دەوتەوەو کەوتبوونە ژێر کاریگەری بانگەشەکانیەوە. یەکێك لەو ئافرەتانە کچەزاکەی ئیمپراتۆر بوو بەناوی "یۆلیا"و دەگوترا پەیوەندی لەگەڵ ئۆفیدی شاعیردا هەیەو لە کۆشکەکەیدا ئاهەنگی سووری پڕ کەیفو سەفا ساز دەکرا، ئاهەنگێك تێیدا فەلسەفەی شاعیر دەهاتە دی، بەوەی لەزەت لە جوانییەکانی ژیانو لە خۆشییەکانی عەشقو ئەڤین وەربگرن.

لێرەوە ڕۆما پڕ بوو لە لایەنگرانی شاعیر، ئەوانەی باوەڕیان بە مەزهەبەکەی هەبوو، مەزهەبی کامەرانیو لەزەتو خۆشییەکانی ژیان، ئەو لایەنگرانە هەموویان خەڵکانی سادەو بێخەتاو بێبەری نەبوون، بگرە بەشی زۆریان بە شێوەیەکی زیادەڕەوی داوای لەزەتو چێژیان دەکرد کە گەشتبووە ئاستی لادانو لە ڕادە دەرکردنو پێ-لێ-هەڵبڕین. لەنێو ئەوانەداو لە سەرووی هەموویانەوە یۆلیا کچەزاکەی ئیمپراتۆر بوو.

ئێستا ئیمپراتۆر چی لەم شاعیرە جوانو بلیمەتـە بکـات؟ لـە تێـڕوانینی ئیمپراتـۆردا شیعرەکانی ئۆفید ببوونە مەترسییەك بۆ سەر ڕۆماو ببوونە مەترسی بۆ سـەر هـەموو ئـەو هەولانەی ئیمپراتۆر لە پێناو چاکسازیدا خستبوونیە گەڕ، کە دەیویـست لـە میانـەی ئـەو هەولانەوە کۆمەڵگەیەکی ڕۆمانی نمونەیی دروست بکـات، کۆمەڵگەیـەك بـەها بـەرزەکان پێکەوەیان ببەستێتەوەو سەرقاڵی کارو ئیشکردنو بەرهەمهێنانو لەزەتی هێمنو بەریئانـە بن. ئیمپراتۆر هاوڕێی "ئۆفید"ی شاعیر بوو، هەم "ئۆفید"ی خۆش دەویستو هەم هونـەرە جوانەکەشی، بەڵام دەیویست ئەم شاعیرە هێزێك بێت بـۆ بنیادنـان نـەك هێزێـك بێـت بـۆ لادانو تێکچوونو سەرکردنە سـەر لـەزەتو خۆشـییەکانی ژیـانو پەیوەندییـە سـۆزدارییە ئازادەکانو مانەوە تاکو بەرەبەیانو ئاهەنگی پڕ کەیفو سەفاو شتی دیکـەی لـەم بابەتـە. چونکە هەموو ئەمانە مەترسییان بۆ سەر کۆمەڵگە هەیـەو هـەموو ئـەو شـتانەش وێـران دەکـەن کـە ئیمپراتـۆر خـەونی پێـوە دەبیـنین، لەوانـە چاکـسازیو ئـارامیو یـەکڕیزی کۆمەڵایەتی.

ئا لێرەدا ئیمپراتۆر بڕیارە دڵڕەقەکەی خۆیدا، بەوەی ئۆفید-ی لە ڕۆما دوورخستەوە بـۆ شـاری "تـۆمی" کـە کـەوتبووە سـەر دەریـای ڕەش، ئـەم شـارە لـە ئێـستادا نـاوی "کۆنستانزا"یەو لە وڵاتی ڕۆمانیایە. ئۆفید بە بڕیـاری دوورخـستنەوەکەیو مانـەوەی لـە تەنها شارێکدا زۆر خەمبار بوو، لەو بارەیەوە دەڵێ: "شوێنێکی تابڵێی ناخۆشو دڵتەنگـەو هیچ درەختێکی تێدا نییەو هیچی تێدا ناڕوێت، تەمی دەریای ڕەش بـەری ڕونـاکی خـۆری لێ دەگرێت، بە شێوەیەك سـاردە، لـە هەنـدێ سـاڵدا بـەفری زسـتان بـە درێـژایی وەرزی هاوینیش دەمێنێتەوە".

ئۆفید کاتێ بڕیارەکەی ئیمپراتۆری پێگەیشت، بەوەی لە ڕۆما دوورخراوەتـەوە بـۆ ئـەو شارە ناخۆشو دڵتەنگەی کە دەکەوێتە سەر دەریای ڕەش، تەمەنی پەنجا سـاڵ بـوو. ئۆفیـد دوای ئەوەی بڕیاری دوورخستنەوەکەی جێبەجێ کرد، هەولێـدا هەسـتو سـۆزی ئیمپراتـۆر

بەلای خۆیدا ڕاکێشێتو دڵی بداتەوە، تاکو پەشیمان ببێتەوەو لێی خۆشببێت. بەڵام ئەو هەوڵە غەمبارو داماوانەی شاعیر هیچ کاریگەرییەکان نەکردە سەر ئیمپراتۆر. ئیدی ئۆفید لە تاراوگەکەیدا مایەوە تاکو لە ساڵی ١٨ زاینیداو لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. وەلێ یەکێك لە ئاواتەکانی هاتە دی، بەوەی لە شاری ڕۆما نێژرا، نەك لەو شارە دوورەی تێدا دوور خرابووەوە.

بەم شێوەیە ئۆفید لە ڕۆما، ڕابەرایەتی شۆڕشی عاشقانی کرد، جوانترین شیعری خۆشەویستی بۆ پیاوانو ژنان نووسی، بگرە ژمارەیەك شیعری ڕوونو ئاشکرای بوێرانەو بێپەردەی نووسی، خەڵکانێکی زۆریش ئەو شیعرانەیان لەبەردەکردو دەیانوتەوەو لەزەتێکی زۆریان لێ وەردەگرت. ئەو شیعرانە هانی دەدان لەزەتو خۆشی لە ژیان وەربگرنو چلێسانە ژیانیان خۆش بوێت، هەروەها هانی دەدان لە هەموو کۆتو بەندو نەریتێك ڕزگاریان ببێت. ئەم شیعرانە بوونە فاکتەری بڵاوبوونەوەی ژیانی بەزمو سەفاو مانەوە لە ئاهەنگەکاندا تا درەنگانی شەو و دروستکردنی پەیوەندیی سۆزداریی ئازاد.

لێرەوە لەسەر ڕابەری شۆڕشی عاشقان ئۆفیدی شاعیر، پێویست بوو نرخی ئەوە بدات، چونکە ئەم شۆڕشە مەترسییەکی گەورە بوو بۆ سەر سیستمی کۆمەڵایەتی کە ئیمپراتۆر ئۆگستین لە دروستکردنو سەپاندنی بەسەر خەڵکدا شەکەتو ماندو ببوو. ئەو نرخەی ئۆفیدی شاعیر لەو پێناوەدا دای، دوورخستنەوەی بوو لە شارە خۆشەویستەکەی ڕۆما، هەروەها بردنە سەری ژیان لە تەنیاییەکی کوشندەدا، لە شارێکی دوورە دەست تاکو مردن.

شیعرەکانی ئۆفید، شیعرێکی ئازادو جڵەونەکراو بوو، شیعرێکی جوانو ئەفسوناوی بوو. ئۆفید لە شیعرەکانیدا بانگەشەی بۆ خۆشەویستی دەکرد، وەلێ بانگەشەی بۆ ئەو خۆشەویستییە نەدەکرد کە لەسەر وەفاداریو دڵسۆزی بەندە، بەڵکو خۆشەویستی لای ئەو بەند بوو لەسەر بنەمای لێزانینو توانای گواستنەوەی ئازادانە لەنێوان ڕەنگە جیاواز جیاوازەکانی جوانیدا. ئەم شیعرانە لە سەردەمێکدا کە پڕ بوو لە حەزو ویستی ڕزگاربوونو

بەرپاکردنی شۆڕش دژ بە چەقبەستن، کاریگەرییەکی فراوانیان لەسەر ڕفتارو هەڵسوکەوتی خەڵك هەبوو.

ڕۆژەکانو نەوەکان دێنو تێدەپەڕن، خەڵکی لەبیریان دەچێت لە شیعری ئۆفیددا چۆنو بە چ شێوەیەك بانگەشە بۆ ڕزگاربوونی ڕەها کراوە کە زۆرجار دەگاتە ئاستی فەوزاو سوکایەتی. بەڵام ئەو شیعرانەی ئۆفید-یان لەبیرناچێت کە باس لە جوانی دڵڕفێن دەکاتو لێوانلێوە لە وێنەی هونەری شیعری نایاب. باس لەو هەستو سۆزە ئاگراویەی ژیان دەکات کە پڕە لە خۆشیو کامەرانی، باس لەوە دەکات بە ڕوویەکی گەشبینانەو بە جۆشو خرۆشو مەستییەوە پێشوازی لە دنیا بکرێ. ئۆفیدی ئەنارشیزم کۆتایی پێهات کە دژی هەموو سیستمێکی ئەخلاقی تەندروست بوو، بەڵام ئۆفیدی شاعیری هونەرمەند مایەوە. شیعرەکانی توانیویانە زیاد لە دوو هەزار ساڵ ببڕن، تاکو بگەنە سەردەمی ئێستامان، هەنوکە شیعرەکانی لە جاران و لە سەردەمو ڕۆژگارە دێرینەکانی کاتی خۆی، تەڕوبڕترو زیندووترن.

# كاليگۆلا... ئیمپراتۆری خوێن‌و عەتر




كاليگۆلا

تا لاپەڕە کۆنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەڵبدەینەوە، دەبینین ئەم مێژووە پڕە لە شێوەو جۆری سەیرو سەمەرەی ستەم، بەجۆرێك هەندێکیان دەگاتە ئاستی شێتی. مرۆڤ لە هەزاران ساڵەوە ژیاوەو بەرەنگاری ستەم بووەتەوەو هەوڵی داوە بە سەریدا سەربکەوێت، تاکو ژیانی خەڵك پابەندی کۆمەڵێ یاسای بنەڕەتی بێت، کۆمەڵە یاسایەك تێیدا دادپەروەری بەدی بێتو ڕێگری لە دلڕەقیو ستەم بکاتو نەیەڵێت بە هۆ یان بێ هۆ، گەمە بە چارەنووسی مرۆڤەکان بکرێو ملیان لێ بکرێتەوە.

بە داخەوە ئێمە ناتوانین بڵێین مرۆڤایەتی لە چاخی مۆدرێندا، توانیویەتی لە هەموو دیاردەکانی ستەم ڕزگاری بووە. چونکە تا ئێستاش ستەم لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بڵاوە. سپی- پێستەکان ڕەشپێستەکان دەچەوسێننەوەو دەیانکوژنو هەموو مافە مرۆڤایەتییەکانیان لێ زەوت دەکەن، وەك ئەوەی لە خوارووی ئەفریقا ڕوودەدات. دەوڵەمەندەکان هەژارەکان دەچەوسێننەوەو دەست دەگرن بەسەر بژێویی ژیانیانداو بارودۆخێکی نالەباریان بەسەردا دەسەپێنن. ئەم پەیوەندییە خوێناوییەی نێوان دەوڵەمەندانو هەژاران، لەو پەیوەندییەدا بەرجەستە بووە کە لە ئێستادا لە نێوان دەوڵەتانی ڕۆژئاوای پێشکەوتوو لەگەڵ دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا هەیە. دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لە تێکۆشانێکی گەورەدان بۆ بەرگریکردن لە پەیداکردنی تیکەیەك نانو بەرگریکردن لە هەلی ژیانیان. کەچی خۆیان دەبینن لەناو قەرزدا نوقومبوونو دەبینن ژیانیان پڕ بووە لە قەیرانی تەندروستیو دەروونیو ڕۆشنبیری. هەرچی قەیرانە ئابورییەکانە، ئەوا کۆمەڵێ قەیرانن بەردەوام دووبارە دەبنەوەو لەم وڵاتە بەدبەختانەدا کە پێیان دەڵێن جیهانی سێیەم کۆتاییان نایەت، ڕەنگە پێیان بڵێین جیهانی نەهامەتیو نەداری ڕاستتر بێت. ئەمەش

مانای ئەوەیە هەوڵو تێکۆشانی مرۆڤ لە پێناو دادپەروەری، لە بەرەبەیانی مێـژووەوە تـاکو ڕۆژی ئەمڕۆ، هێشتا هەر بەردەوامە.

بەهێزترین هۆکارەکانی ستەم، ئەوەیە ئەو خەڵکانەی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان بـەڕێوە دەبەن، هیچ یاسایەك نەبێت سنووریان بۆ دابنێتو هیچ کەسێکیش نـەبێت لێیـان بپرسـێت چـــی دەکـــەن، لێـــرەوە دەســـەڵاتی ڕەهایـــان دەیانگەیەنێتــە گەنـدەڵی ڕەهـا کـە هـیچ نـرخو پێوانەیەك بۆ خوێنی خەڵکیو سـەروەتو سـامانو ناموسو شەرەفیان دانانێن، یاخود هیچ بەهایـەك بۆ مافەکانیان دانانێن کە بە ئاشتیو سـەلامەتیو دڵنەوایی بژین، مادام هیچ هەڵەیـەکیان نـەکردووە، یان مادام هیچ تاوانێکیان دەرحەق بە مافی ئـەوانی دیکە ئەنجام نەداوە.


کالیگۆلا

ئەمە بەسەرهاتی ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانییە کە تێیـدا لاپەڕەیـەك لـە مێـژووی سـتەمان پێشکەش دەکات، لاپەڕەیەك پڕە لە دڵڕەقیو توندوتیژیو گوێنەدان بە هـیچ مانایـەك لـە ماناکانی بەزەییو دادپەروەریو ڕێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤـ. ئەم ئیمپراتـۆرە تـوانی پـێش دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، حوکمی ڕۆما بکات، بە دیاریکراوی چوار ساڵی نێوان ٣٨ زایینی بۆ ٤١ زایینی. لەو سەردەمەدا ڕۆما حوکمی هەموو ئـەوروپای دەکـرد، هـەروەها حـوکمی ئەو ناوچەیەشی دەکرد کە لە ئێستادا پێی دەڵێین ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتو تورکیـاو شـامو عێراقو میسرو مەغریب دەگرێتەوە. ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەو کاتەدا گـەورەو سـەروەری سەرتاپای جیهان بوو، سەربازەکانی دەستیان بەسەر زۆربـەی وڵاتـانی سـەرزەمینی کۆنـدا گرتبوو، تەنها ئەو وڵاتانە نەبێت کە لە ڕۆمای سـەنتەری ئیمپراتۆرەکـەوە دوور بـوون، وەك هندو چین.

ئەم ئیمپراتۆرە بەهۆی ئەوەی سەر بە ڕەچەڵەکی حاکمە ناسراوەکانی ڕۆما بوو، وەك ئەنتۆنیۆ و ئۆکتافیۆس، بۆیە دەسەڵاتی گرتەدەست. منداڵیی لە نێو سەربازەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بەسەر بردووە، ژیانی ئەوان ژیاوەو جلوبەرگی ئەوانی لەبەر کردووە، ئەو سەربازانە نازناوی "کالیگۆلا"یان داوەتێ کە مانای "پێڵاوە بچووکەکە" دەگەیەنێت. سەربازەکان جۆرە پێڵاوێکی سووکەڵەیان لەپێ دەکرد وەك ئەو سۆڵانە وا بووە کە هەندێکمان لە هاویناندا لەپێی دەکەین. کالیگۆلا بەو بچووکییەی خۆیەوە ئەو جۆرە پێڵاوەی لەپێ کردووە، ئیدی سەربازەکان لە سۆنگەی نازکێشانەوە ئەو ناوەیان بەسەردا بڕیوە، بەم شێوەیە ئەم ئیمپراتۆرە بەم ناوە ناوبانگی دەرکردووەو ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی (جایۆس) ون بووەو سڕاوەتەوە. لە تەمەنی بیستو پێنج ساڵیدا دەسەڵاتی گرتووەتە دەستو بووە بە ئیمپراتۆرو تەنها بۆ ماوەی چوار ساڵ لە دەسەڵاتدا بەردەوام بووەو پڕی کردووە لە خوێنو بە شێوەیەکی بێ- سنور دەستی خستبووە بینەقاقای خەڵکییەوە.

کالیگۆلا سەرەتای حوکمکردنی بە شێوازێك دەست پێکرد، هاوڵاتیانی فریو داو وای لێکردن بەرەو لای بێن: پیادەکردنی دیموکراسیی فراوانتر کرد، دەسەڵاتێکی فراوانی بەخشییە ئەنجومەنی پیرانی ڕۆما، زیندانییەکانی ئازادکردو دوورخراوەکانی گەڕاندەوە وڵاتەکانی خۆیان، باجەکانی لەسەر هاوڵاتیان سوکتر کرد، پارەیەکی زۆری بەسەر خەڵکیدا بەخشییەوە. حەزو ئارەزوی لە هونەری نواندن بوو، بۆیە پارەو دیارییەکی زۆری بەخشییە ئەکتەرەکان. ئیدی خەڵکی وایاندەزانی لەگەڵ ئەم ئیمپراتۆرە تازەیەدا، سەردەمێك لە سەردەمەکانی خەونە خۆشەکانو ژیانێکی پڕ دڵنیاییو دادپەروەریو پێشکەوتنو خۆشگوزەرانی دەژین. بەڵام ئەم بارودۆخە خۆشو هێمنو کامەرانە، تەنها سێ مانگی لە سەرەتای حوکمی "کالیگۆلا"دا خایاند، دواتر بارودۆخەکە سەروژێر بووەوە. خەڵکی بینیان ئەو ئیمپراتۆرەی حوکمڕانیان دەکات، لە ڕاستیدا مرۆڤێکی درندەو نەخۆشە، تینووی

خوێنە، تا بڵێی دڵڕەقەو ئەم ئیمپراتۆرە حاکمێکی شێتەو هیچ یاسایەك یان هیچ جۆرە پابەندبونێکی ئەخلاقی، نابێتە ڕێگر لە بەردەمیداو نایوەستێنێت.

کالیگۆلا لە سێ مانگی سەرەتای حکومڕانیدا، دەری خست تەنها قسەی ئەو دەبیسرێتو پێویستە ملکەچی بنو ئەو دەتوانێت لە هەر کاتو ساتێکدا بێت، هەرچییەکی بوێت ئەنجامی بدات. لێرەوە ژەهری دەسەڵاتی ڕەها، دزەی کردە ناو عەقڵیو دەمارەکانیەوە، ئیدی لەژێر کاریگەری ئەم ژەهرەدا هەڵسوکەوتی دەکرد. هەر بۆیە هەموو بڕیارو حوکمەکانی، لە هەستە شێتانەکەیەوە دەردەچوون، هەستی ئەوەی سەرتاپای دنیاو ئەوەی لەسەر دنیایە موڵکی خۆیەتیو هیچ کەسێك ناتوانێت پێی بڵێ: نا.. یان ڕێگری لە هەڵسوکەوتەکانی بکات، یاخود هەوڵدات مەغزای ئەو هەڵسوکەوتانە تێ بگات، بەوەی پرسیار لە بارەیانەوە بکات. لێرەوە هەڵسوکەوتە شێتانەو ترسناکە یەك لەدوا یەکەکانی، سامو ترسێکی زۆریان خستە دڵی خەڵکییەوە. کالیگۆلا ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی ناچار کرد پێیەکانی ماچ بکەن، ئەمەش دوای ئەوە هات کە فریوی دان بەوەی بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە کاروبارەکانی دەوڵەتو وەرگرتنی بڕیاری گونجاو کە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا بگونجێت، دەسەڵاتێکی فراوانتریان دەداتێ. هەروەها وای پیشان دا ڕێزی ئەو بڕیارانە دەگرێتو پێیانەوە پابەند دەبێتو کار بۆ جێبەجێکردنیان دەکات. بەڵام زۆر بە خێرایی، هەر مافێك کە ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی پیران هەیان بوو، هەر هەمووی لێ وەرگرتنەوە، سەپاندی بە سەریاندا ملکەچی ئەو فەرمانانە بن کە خۆی تاکلایەنانەو بێ گەڕانەوە بۆ هیچ کەسێك، دەریان دەکات. جگە لەوە وایلێکردن وەك کۆیلە ملکەچی بن، گوێی لێ بگرنو هەر هێندەی پێی گەیشتن، پێیەکانی ماچ بکەن، پاشان سوپاسی بکەن بەوەی ڕێگەی پێداون ئەو پێیە موبارەکانە ماچ بکەن، ئەوە نیعمەتێکە پێویستە دڵیان پێی خۆشبێتو سوپاسو پێزانینی خۆیانی بۆ دەربڕن!!

بەڵام هەڵسوکەوتی بەرامبەر بە ئافرەت، تابلێی سەیرو سەمەرە بوو. فەرمانی دەرکرد "درازیللا"ی خوشکی تەڵاق بدرێ، تاکو خۆی بیهێنێت، دواتر ئەم خوشکەی دەمرێتو ئەویش زۆر خەفەتباردەبێت. وەلێ ئەم خەفەتبارییەی نەبووە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی فەرمانی تەڵاقدانی زۆرێك لە ژنەکان لە مێردەکانیان دەرنەکات، تاکو ببنە ژنی خۆی یاخود ببنە دۆستی. جارێکیان ئامادەی ئاهەنگی گواستنەوەی یەکێك لە ژنە ناودارەکانی ڕۆما دەبێت، لە شەوی بوكو زاواییدا، سەرسام دەبێت بە بوکەکە، بۆیە لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ کۆشکەکەیو دەیهێنێت، یان ڕاستتر ژیانی هاوسەرایەتی لەگەڵدا بەسەردەبات. لێرەوە ئەم ئیمپراتۆرە یاسایەك، یان بنەمایەکی نەدەزانی، هەڵسوکەوتەکانی یاخود پەیوەندییە جیاوازەکانی لەسەر بنیاد بنێت.

ڕۆژ دوای ڕۆژ تا دەهات هەڵسوکەوتو کاروبارەکانی سەیرو سەمەرەتر دەبوون، خۆی بە ئاو نەدەشۆرد، بەڵکو خۆی بە عەتر دەشۆرد، خەرجییەکانی ئەوەندە زۆر بوو، تا وای لێهات خەزێنەی دەوڵەت بە تەواوی ئیفلاسی کرد. یەکێك لە خەرجییە زۆرەکانی بریتی بوو لە ڕازاندنەوەی خوانێك لە خوانەکانی، ئەم خوانە بەپێی حساباتی ئەم سەردەمەمان، نزیکەی دوو ملیۆن دۆلاری تێچووە. حەزی لەوە بوو لە بەلەکۆنەی کۆشکەکەی ڕاوەستێتو پارە زێڕو زیوییەکان بەسەر خەڵکیدا فڕێ بدات، پاشان چێژی لە دیمەنی ئەو خەڵکە وەرگرتووە کە تاڕادەی یەکتر کوشتن، خەریکی کۆکردنەوەی ئەو پارانە بوون ئیمپراتۆر فڕێی دابوون!! لە



ویل دیۆرانت

کتێبە مێژووییە جیاواز جیاوازەکاندا کە باس لە مێژووی کۆنی ڕۆما دەکەن، بە دوورودرێژی وردەکاری ژیانی ئەم ئیمپراتۆرە شێتە دەدۆزینەوە، لە سەروو ئەو کتێبانەوە

کتێبی مێژوونووسی مەزنی ئەمریکی وێل دیۆرانت (چیرۆکی شارستانییەت)، بەشی دووەم لە بەرگی سێیەم، وەرگێڕانی "محەمەد بەدران".

یەکێك لە کارەکانی ئەم ئیمپراتۆرە ئەمەیە، ڕۆژێکیان بڕیار دەدات هەموو زیندانییە کەچەڵەکان، بکاتە خۆراکی دڕندەکان کە بەخێوی دەکردن، تاکو لەزەت لە یارییە جیاوازەکانی ئەو دڕندانە وەربگرێت. بەمەش ئەم ئیمپراتۆرە یەکەم سێرکی خوێناوی لە مێژوودا پیادەکرد. چونکە ئەم نەدەهات ئەو کەچەڵانە پێش ئەوەی بیانکات بە خۆراکی دڕندەکان، تیرباران بکات، بەڵکو ئەو داماوانەی بە زیندویی دەخستە بەردەم دڕندەکان، تاکو دڕندەکان لەیەك کاتدا بیان کوژن‌و بیانخۆن. ئەوەی سەیرە ئەوەیە ئیمپراتۆر خۆشی کەسێکی کەچەڵ بوو.

کاتێ پێویستی بە پارەی زیاتر دەبوو، کۆمەڵێ دەوڵەمەندی هەڵدەبژاردو بە ناحەق‌و ناڕەوا بە ناپاك‌و خیانەتکار تۆمەتباری دەکردن‌و لەسێدارەی دەدان، پاشان دەستی دەگرت بەسەر پارەو سەروەت‌و سامانەکەیاندا. هەموو ئەو بڕیارانەشی بەبێ دادگاو بەبێ بوونی تۆمەتێك‌و بەبێ هیچ جۆرە پێشەکییەك جێبەجێ دەکرد.

شێتیەکەی کاتێ گەیشتە لوتکە کە ئەسپە هەرە باشەکەی "ئەنستاتس"ی کردە ئەندامێك لە ئەندامەکانی ئەنجومەنی پیران، پاشان وەك وەلی عەهدو میراتگری تەختی ئیمپراتۆریەت هەڵی بژارد!! دواتر کالیگۆلا توشی خەوزڕان دەبێت، ناچار بە درێژایی شەو لە ڕاڕەوەکانی کۆشکەکەیدا، بە ناڵەو هات‌و هاوار دەکەوێتە هات‌و چۆو چاوەڕوانی هەڵهاتنی خۆری دەکرد. دواجار مەسەلەکان گەشتنە ئەو ئاستەی خۆی وەك خواوەندێك دەبینی‌و داوای لە خەڵك دەکرد بیپەرستن، وەك چۆن میسرییەکان فیرعەونەکانیان دەپەرست. باجی لەسەر هەموو شتێك‌و هەموو مرۆڤێك دانا، تەنانەت باجی لەسەر سۆزانییەکانیش دانا. وێل دیورانت لە کتێبی "چیرۆکی شارستانییەت"دا دەڵێ: "ئەم باجە، بە پێی یاسای ئیمپراتۆرە شێتەکە، بەسەر ئەو سۆزانییەدا دەمایەوە کە ڕۆژێك لە

ڕۆژان کاری لەشفرۆشی کردووەو پاشان شووی کردووەو ئینجا تۆبـەی کـردووەو لـەو کـارە هەرزانو ناشرینە دوور کەوتووەتەوە، یاساکانی ئیمپراتۆر ئەو جۆرە سۆزانییەی ناچار دەکـرد تا لە ژیاندا بێت پێویستە لەسەری باج بدات".

هەستکردنی "کالیگۆلا" بەوەی دەسەلاتەکەی ڕەهایەو بێ کۆتاییە، وای لێکرد کۆمەڵێ یاسا جێبەجێ بکات کە لە وەحی خەیاڵە شێتانەکەیەوە وەری گرتبوون. بە هەندێ لەوانـەی کە ڕێنماییان دەکرد دەڵێ: "لە توانامدا هەیە هەر شتێکم بوێت بە هەر مرۆڤێکی بکەم".

وێڵ دیورانت لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەڵێت: "لە یەکێك لـە خوانەکانیـدا، بـە میوانەکانی دەڵێ لە کاتێکدا ئێـوە شـانتان داياوەتـە سـەر کورسـییەکان، دەتـوانێ هـەر هەمووتان بکوژێت. کاتێك هاوسەرەکەی یان دۆستەکەی لە ئامێز دەگرێت، بە پێکەنینـەوە پێی وتووە: بە وشەیەك لە دەمی منەوە دەربچێت، ئەم سـەرە جوانـەت بـە شـان و ملتـدا دەکەوێتە خوارەوە!!".


کامۆ

هونەرمەنـدی گـەورەی فەڕەنـسا "ئـەلبێرت کـامۆ" شانۆگەرییەك سەبارەت بـەم ئیمپراتـۆرە شـێتە دەنووسـێت، ئەویش شانۆگەریی کالیگۆلایـە. کـامۆ لـەم شـانۆگەرییەدا هـەوڵی داوە شـیکردنەوەیەکی فەلـسەفی بـۆ کەسـێتی ئـەم ئیمپراتـــۆرەو هەڵوێـــستە جیاوازەکـــانی بدۆزێتـــەوە، شیکردنەوەکەی کامۆ لەسەر ئەوە بەندە کە کالیگۆلا بـە هـۆی هەسـتکردنی بـەوەی ئازادییەکـەی تـەواو و ڕەهـا و ئـازادی هەیـە، بۆیـە بـەو شـێوەیە هەڵسوکەوتی کردووە. ئەم ئازادییە ڕەهایەش هیچ نییە جگە لە بێهودەیی، چونکە ئـازادی لای کـامۆ ئازادییـەکی بەرپرسـیارانەیەو لەسـەر بنـەمای پابەنـدبوون بـە هێنانـەدیی بەختەوەریو ڕێزگرتنی بەرژەوەندی ئەوانی دیکەو ئیشکردن بۆ کەمکردنـەوەی هەسـتکردن بە نەهامەتیو ناخۆشییەکانی ژیان بەندە.

وەلیٚ ئەو لاپەڕە خوێناویانەی کالیگۆلا لە مێژوودا نەخشاندوویەتی، شتگەلێکی زۆرمان فێر دەکەن، فێرمان دەکەن دەسەڵاتی ڕەها، هەمیشە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی تاوانی خوێناوی‌و مرۆڤ بەرەو هەڵەی کوشندە دەبات کە چارەسەری نییە. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ پڕ بێت لە خێرو چاکە، وەك سەرەتای حوکمکردنی کالیگۆلا، بەڵام ئەم خێرو چاکەیە لەبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە پێی هەستاوە، هیچ کۆت‌و بەندێکی لەسەر نییەو هیچ یاسایەك نییە سنوری بۆ دابنێت‌و هیچ کەسێك نییە پێداچوونەوە بۆ بڕیارەکانی خاوەن دەسەڵات بکات‌و ئەگەر هەڵەبوون ڕاستیان بکاتەوە، ئەوا ئەو خێرو چاکەیە ڕۆژێك دێت گەندەڵ دەبێت‌و نوقمی ناو لادانێکی توند دەبێت. ژیانی مۆدرێن‌و سیستمە سیاسییە هاوچەرخەکان، ڕاستیی ئەم دیاردەیەیان سەلماندووە، دیاردەی ئەوەی دەسەڵاتی ڕەها، کۆمەڵگەکان بەرەو کارەساتی یەك لەدوای یەك پەلکێش دەکات کە چارەسەریان نییە.

لەو سیستمە سیاسییە هاوچەرخانەی کە سەردەمی مۆدرێن بەخۆیەوە بینی، ڕژێمی نازی بوو لە ئەڵمانیا کە هێتلەر لە نێوان ساڵانی ۱۹۳۳ بۆ ۱۹٤٥ سەرکردایەتی دەکرد. دەسەڵاتی ڕەها بووە هۆی هەرەسهێنانی ئەڵمانیا، دەسەڵاتی ڕەهاش بە کۆمەڵێ کارەساتی توندی یەك لەدوای یەك لە ژیانی گەلی ئەڵمانی کۆتایی پێهات. هەر ئەمەش بوو لە ئیتالیای فاشیزم‌و لەژێر ڕابەرایەتی مۆسۆلۆنی-دا ڕووی دا، ئەو ڕابەرایەتیە لە ڕابەرایەتیی هێتلەر درێژتر بوو. مۆسۆلۆنی لەنێوان ساڵانی ۱۹۲۲ بۆ ۱۹٤٥ حوکمی ئیتالیای کردووەو دواجار مەسەلەکە بە ژمارەیەکی زۆر کارەسات کۆتایی پێهات کە ڕووبەڕووی ئیتالیا بووەوەو تاکو ئێستاش بە دەستییەوە دەناڵێنێت.

ڕاستییەکی دیکە کە لە بەسەرهاتی کالیگۆلاوە فێری دەبین ئەوەیە، دەسەڵاتی ڕەها تەنها نەهامەتی نییە بەسەر کۆمەڵگەکانەوە، بگرە بۆ خودی خاوەنەکانیشیان کارەساتە، چونکە ئەو دەسەڵاتە کە بە یاسایەك یان پرنسیپێك ڕێك نەخراوەو سنوری بۆ دانەنراوە، خاوەنەکانیان بەرەو وێرانبون‌و کارەسات پەلکێش دەکات. بە درێژایی مێژوو، بە دەگمەن

زۆردارێك یان ستەمگەرێك، لە زوڵم ستەمەكەی دەربازی بووەو باجی دەرئـەنجامی سـتەمو زوڵمی خۆی نەداوە. تەنانەت دواجار خودی كالیگۆلا لەسەر دەسـتی یـەكێك لـە ئەفـسەرە پاسەوانە نزیكەكانی خۆی دەكوژرێ. ئەم ئەفسەرە كە نـاوی "كاسـیۆس كائیریـا"یـە، وەك تۆڵە كردنەوەیـەكو دەربـازبوون لەدەسـت بڕیـارە شـێتەكانیو گەندەڵییەكـەیو دەسـەڵاتە خوێناوییەكەی لەسەر خەڵك، لە شەوێكدا بە نهێنی كالیگۆلا دەكوژێت.

دواهەمین پەند كە لە بەسـەرهاتی "كـالیگۆلا"وە فێـری دەبـین ئەوەیـە، لـە مێـژووی مرۆڤایەتیدا، ئەو لاپەڕە خوێناویانەی لەسەر توندوتیژیو دڵڕەقی بەندن، زیاترە لـەو لاپـەڕە جـوانو ڕووناكانـەی لەسـەر دادپـەروەریو یاسـاو ڕێزگـرتنی خـەڵكو پارێزگـاریكردن لـە كەرامەتی ئادمیزادەكان بەندن. بەشی هەرە زۆری لاپەڕەكانی مێژووی مرۆڤایەتی بە خـوێن نووسراوە. مرۆڤ تاكو ڕۆژی ئەمڕۆشمان تێ دەكۆشێتو ئیش بۆ ئەوە دەكات لە زوڵمو سـتەم ڕزگاری بێت كە سێبەری بەسەر هەموو ناوچـەكانی جیهانەوەیـەو لـە هـەموو شـوێنێكدا دنیاو دڵی مرۆڤایەتی لێوانلێو كردووە لە خەمو پەژارە.

# چاترتۆن

# بچووکەکان پێیان باشە خۆیان بکوژن



ئەبو عەلای معەری

شاعیری ڕاستەقینە مرۆڤێکی هەستیارەو بە دڵیو بە عاتیفەی تەماشای ژیانو خـەڵك دەکات، پێی خۆشە لـە جیهانێکـدا بـژی پاڵپـشتی بکـات نـەك دژی بێـت. هەنـدێ لـە شاعیرەکان، گەر بینیان دنیا لە بەردەمیاندا سەختو دژوارە، بەوپەڕی ئیرادەو هێـزو لـەخۆ بوردوییەوە، ڕووبەڕووی دەبنەوەو لێی یاخی دەبن. وەك ئـەوەی شـاعیری گـەورەی عـەرەب "ئەبو تەیب موتەنەبی" ئەنجامی دا. ئەم شاعیرە ڕووبـەڕووی کۆمـەڵێ بـارودۆخی سـەخت بووەوە، لە نمونەی هەژاریو زیندانیکردنو ئیرەیـی پێـبردن. موتەنـەبی دوای ئـەوەی بـووە ئەستێرەیەکی پرشنگدارو ڕوناکییەکـەی هـەموانی داپۆشی، لەلایەن زۆر لە ئەدیبـە هاوچـەرخەکانیەوە ئیرەییەکی زۆریان پێ دەبرد. موتەنەبی بـەردەوام لـە جەنگو تەحەدی کردندا بوو، تاکو دواجار کۆمـەڵێ چەتە لە نەیارەکانی کوشتیانو پاشان لەژێر تاریکیی شەوەزەنگدا ڕایان کرد. تاوانی کوشـتنی موتەنـەبی دوای تێپـەڕبوونی زیـاد لـە هـەزار سـاڵ بەسـەر ڕوودانیدا، کەچی تا ئێستاش وەك تـاوانێکی ئـاڵۆز ماوەتـەوەو هـیچ کەسـێك وردەکارییـەکانی بـە شێوەیەکی باش نازانێت.



موتەنەبی

حەفتا ساڵ دوای مردنی موتەنەبی، شاعیرێکی مەزنی دیکەی عەرەب لەدایك دەبێـت، ئەویش "ئەبو عەلای معەری"یە، ئەم شاعیرە یەکێك بووە لەوانەی زۆر سەرسـام بـووە بـە

موتەنەبی. شیعرەکانی لەبەر کردووەو لێکدانەوەو شیکردنەوەی بۆ شیعرەکانی کردووە. پێدەچێت "ئەبو عەلای معەری" زۆر بە باشی لە ژیانی موتەنەبی تێگەیشتبێت‌و وانەیەکی باشی لێوە فێر بووە، کە بریتییە لەوەی دژایەتیکردنی ژیان‌و خەڵك، مەسەلەیەکە هیچ سوودێکی نابێت، لەم بوارەدا کۆتاییە دڵتەزێنەکەی ژیانی موتەنەبی وانەیەکە هەرگیز لەبیر ناکرێ. لەبەرئەوە معەری دوورکەوتنەوەی لە دنیا هەڵبژاردووەو لە ماڵە هاکەزاییەکەی‌و لە گوندەکەیدا "معرە النعمان" بە گۆشەگیری‌و دوورە پەرێزی ماوەتەوە، داوای هیچ شتێکی لە کەس نەکردووە، گۆشتی نەخواردووە، خواردنێکی سادەو ساکاری خواردووەو زبرترین جل‌و بەرگیشی لەبەر کردووە، تا ئەو کاتەی لە تەمەنی هەشتاساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. دەستی لە ململانێ جیاوازەکان شۆردبوو، بە پاکی‌و کەرامەت‌و گەورەیی خۆی، لە سەروو هەموو ململانێکانەوە بووە. یاخیبونی لە ژیان یاخیبونێکی بێ وێنەو دەگمەنە. ئەو خۆی گۆشەگیر خستبوو، بەوپەڕی توانایەوە بەرگری لەو گۆشەگیرییە کردووەو بە هیچ دەم-چەور-کردنێکیش ڕازی نەبوو، بۆ ئەوەی لەو گۆشەگیرییەی بێتە دەرەوە.

بەڵام هەندێ شاعیری دیکە هەیە لە ململانێیاندا لەگەڵ ژیان، شکستیان هێناوەو بەرگەی ئاگری جەنگە بەردەوامەکەیان لەگەڵ نەهامەتی‌و ناسۆری‌و تاڵییەکانی ژیاندا نەگرتووە. بۆیە پێیان باش بووە بە خۆکوشتنیان، بە تەواوی پاشەکشە لەژیان بکەن. لەو شاعیرانە شاعیرێکی ئینگلیزی گەنج بوو کە لە سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوەو لە تەواوی ئەدەبی جیهانیدا ناودارترین شاعیرە لەوانەی خۆیان کوشتووە. ئەم شاعیرە گەنجە "تۆماس چاترتۆن" بوو کە لە ٢٠ تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٥٢ لەدایك بووەو لە ٢٤ ئابی ١٧٧٠ خۆی کوشتووە، واتە ئەم شاعیرە بلیمەتە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا خۆکوشتنی هەڵبژاردووە. ئەوەی سەیرە ئەوەیە چاترتۆن دوای خۆکوشتنی، گرنگی‌و بایەخێکی ئەدەبی

زۆری پێ دراوە، تا لە دواجاردا بووەتە ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، بگرە لە ئەدەبی هەموو جیهاندا.

وەلێ لە ژیانە کورتەکەیدا، توشی هەموو جۆرە ئێش و ئازارو چەوساندنەوەیەك هاتووە. لە بژێوی ژیانی خۆیو کەسو کاریدا، تووشی نەهامەتی لەدوای نەهامەتی هاتووە، پاشان لە ئەدەبەکەشیدا پشتگوێ خراوەو هیچ کەسێك دانی پێدا نەناوە. دواتر کاتێك لەلایەن ڕۆژنامە ئینگلیزەکانەوە کەمەکێك دانی پێدا دەنرێ، خاوەنی ئەو ڕۆژنامانە بە کەسێکی (هاوی)یان لەقەڵەمداوە کە شایەنی ئەوە نییە لە بەرامبەر ئەو شتانەی دەیاننووسێت، پاداشت وەربگرێت. خاوەنی ئەو ڕۆژنامانە ڕازی نەبوون لەسەر توانا ئەدەبییەکەی پاداشتی بکەن، ئەگەرچی ئەوان بەرهەمی ئەو توانا ئەدەبییەیان دەقۆستەوەو بابەتەکانیان لە شوێنە دیارەکانی ڕۆژنامەکانیاندا بڵاو دەکردەوە.

باوکی ئەم شاعیرە لە تیپێکی مۆسیقادا گۆرانیبێژ بووە، لە کڵێسای شارەکەیدا (بریستۆڵ) ئیشی دەکرد، پیاوێك بوو هونەرو ڕۆشنبیری خۆش دەویستو شەیدای کۆکردنەوەی پارە کۆنەکان بوو، ئەم باوکە بە چەند مانگێکی کەم پێش لەدایکبوونی کوڕەکەی، کۆچی دوایی دەکات. لەبەرئەوە کاتێ ئەم کوڕە لەدایك دەبێت، دایکی ناوی باوکە کۆچکردووەکەی (تۆماس)ی لێ دەنێت، دایکی ئەم منداڵەی زۆر خۆش دەویێتو زۆر میهرەبانو نەرم و نیان دەبێت لەگەڵیدا، ئەرکی سەرەکیی ئەوەیە بە باشترین پەروەردە پەروەردەی بکات، بەڵام دایکی لە بارودۆخێکی ئابوری تا بڵێی خراپو سەختدا دەژیا.

ئینگلتەرە لەو سەردەمەدا، هێشتا خۆشگوزەرانیو دەوڵەمەندی بەرفراوانی بەخۆیەوە نەبینیبوو، وەك ئەوەی دواتر لە ڕێگەی بەکۆلۆنیکردنی بەشێکی زۆری جیهانو گواستنەوەی سەروەتو سامانی ئەو وڵاتانەی ملکەچی بوونو سوودی لێ وەردەگرتن، دەوڵەمەند دەبێت. لێرەوە ئینگلتەرە لەو سەدەیەدا، سەدەی هەژدەهەم، پڕبووە لە چینە میللییە هەژارو تێکشکاوەکان. تەنها چینێکی دیاریکراو لە ئەرستۆکراتە ئینگلیزەکان

مانای خۆشگوزەرانیو دەوڵەمەندییان دەزانی، ئەمانە زۆربەیان دەرەبەگە خاوەن زەوییـەکان یان بازرگانە خاوەن کۆگاو کەشتییەکان بوون کە بە دەریاکاندا تێدەپەڕینو کەلوپەلو کـاڵای هەمەجۆریان لە بەندەرێکەوە دەگواستەوە بۆ بەندەرێکی دیکە. لێرەوە خێزانی ئـەم منداڵـە بچکۆلەیە چی بکات، خێزانی ئەم منداڵە لەدایکێكو "ماری"ی خوشکیو ئـەم کـوڕە کـە دوای مردنی باوکی هاتبووە دنیاوە، پێکهاتبوو. دایکـە دامـاو و دڵـسۆزەکە چـی بکـات بۆئـەوەی ئامانجـە پیرۆزەکـانی بـەدی بهێنێـت کـە بـریتین لـە فێرکردنـی کوڕەکـەیو پەروەردەکردنو ئامادەکردنی بە باشترین شێوە، تاکو ڕووبەڕووی ژیـان ببێتـەوە. دایکەکـە هەوڵی زۆری دا، پەنای بردە بەر ئەو میراتە کەمەی باوکەکە بەجێی هێـشتبوو، لـە دەمـی خۆیو خێزانەکەی دەگرتەوە، تاکو دەرفەت بۆ کوڕەکەی بڕەخسێنێت وەك ئـەوەی دەیـەویو هیوادارە فێری خوێندنی بکات.

بەڵام منداڵە بچووکەکە بۆ خێزانەکەی ببووە شوێنی واق- وڕمان، چـونکە زۆر گرینـۆك بوو، بۆ ماوەی دوورو درێژ (خەیاڵ-السرحان) دەی بردەوە، وەك ئەوەی لە جیهان دابڕابێـتو هەستی بە دەوروبەری نەدەکرد، تا تەمەنی هەشت ساڵی فێری هیچ نـەبوو، هەنـدێ کـەس بە (دەبەنگترین منداڵ لە جیهاندا)و هەندێکی دیکە بە کـەم- عـەقڵیان دادەنـا کـە هـیچ هیوایـەك نییـە بـۆ چـاکبوونەوەی. زۆرێـك لەوانـەی لەسـەر ئـەم شـاعیرەیان نووسـیوە، پێسەیربوونی خۆیان بەرامبەر ئـەو نیـشانانە دەربڕیـوە کـە لەسـەر ئـەو منداڵـە بـچووکە دەرکەوتبوو، لە دەبەنگییەوە بۆ گەمـژەیی، بەتایبـەتی کـاتێ بـەراوردی ئـەو منداڵییـەی لەگەڵ ئەو بلیمەتیەی کە دواتر تێیدا دەردەکەوێت، دەکـەن. بـەڵام ئەگـەر تەماشـای ئـەو بارودۆخە بکەین کە ئەم منداڵە تێیدا گەورە بووە، ئەوا ڕاستی ئەم مەسەلەیە شـتێك نییـە وەك مەتەڵ وابێتو شوێنی سەرسوڕمان بێـت. ئـەو بـەهۆی مرنـی باوکییـەوە پـێش لـە دایکبوونی، لە کەشو هەوایەکی خەمناكو دڵتەزێندا هاتووەتە دنیاوە، بگرە دوای مردنـی باوکی، ئەو چەند مانگە کەمەی لە سکی دایکیدا بەسەری بـردووە، پێدەچێت کاریگـەری

لەسەر پێکهاتەی عەقڵی بەجێ هێشتبێت، تەنانەت پێش ئەوەی لەدایك ببێتو ڕوناکی ببینێت. دایکی لەو چەند مانگەدا کە تێیدا کۆرپەلەکەی سکی گەشەی خۆی تەواو دەکات، بەهۆی مردنی باوکەکەوە زۆر خەمبارو دڵگرانو پەست دەبێت.

زاناکان قسەو باسیان لەسەر ئەوە زۆر کردووە کە دایکی سکپڕ، بەرامبەر ئەوەی لە دەوروبەری ڕوودەداتو پەیوەستە پێیەوە، زۆر هەستیار دەبێت. هەروەها زاناکان جەخت لەوە دەکەن، حاڵەتی دەروونیی دایکی سکپڕ، کاریگەری زۆری لەسەر کۆرپەلەکەی دەبێت. هەر ئەمەش بووە بەسەر "چاترتۆن"ی منداڵدا هاتووە، دایکی لە حاڵەتێکی توندی شپرزەییو تێکچوونی ئەعسابدا، منداڵەکەی لە سکدا بووە، هەروەها دایکی بە تەواوی کەوتبووە ژێر باری خەمێکی گەورەو بەهێزو لە دەرونی خۆیدا هەڵی گرتبوو. گەرچی باوکەکە لە چەند مانگی کۆتایی سکپڕیەکەیدا بەجێیهێشتو ماڵئاوایی لە دنیا کرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دایکە تەنها بەدەست شۆکی لەدەستدانی مێردەکەیەوە گرفتارنەبوو، بەڵکو دەیزانی هاوسەرەکەی پێش مردنی، هیچی ئەوتۆی بۆ جێنەهێشتووە تاکو بتوانێت لە ڕێگایەوە ڕووبەڕووی ژیان ببێتەوەو بەسەر کۆسپو تەنگەژە مادییە سەختەکاندا سەرکەوێت کە چاوەڕوانیان دەکرد.

ئەمە حاڵەتی ئەو دایکە بوو کە کۆرپەکە لە سکیدا گەشەی دەکردو خۆی بۆ ژیان ئامادە دەکرد. کاتێ منداڵەکە هاتە دنیاوە، حاڵەتی خێزانەکە لە حاڵەتی منداڵەکە باشتر نەبوو، ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە ئەو شپرزەییە بەردەوامەی خێزانەکە بەدەستییەوە دەینالاند، ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەعسابی منداڵە بچووکەکە هەبووە. خەموخەفەتو نەهامەتی، نانی ڕۆژانەی ئەم خێزانە دەستکورتو داماوە بوو. منداڵ، بە پێچەوانەی تێڕوانینی هەندێ کەسەوە، زۆر هەستیارن بەرامبەر ئەو بارودۆخەی تێدا دەژین، ئەم منداڵەش بە توانایەکی هەستیاری زۆرترەوە لەدایك بوو، ئەویش توانای شاعیرە کە بەهرەیەکی سروشتییەو یەزدان هەر لە سەرەتاوە بە خاوەنەکەی دەبەخشێ، ئەوە توانایەکە

مرۆڤ فێری نابێت یان لە ئەزمونە جیاوازەکانییەوە وەری ناگرێت، چونکە لەگەڵیدا لەدایك دەبێت، لەو ساتەوەی چاوی بە دنیا هەڵدەهێنێت.

ئەم کەش‌و هەوایەی ناو خێزان‌و ئەو خەم‌و خەفەتەی دایکەکە بەدەستییەوە دەینالاند، وەك شۆکێکی بەهێز دوچاری منداڵەکە بوو. ئەمە وای کرد منداڵەکە زۆر گرینۆك بێت‌و بەردەوام خەیاڵ بیباتەوەو توانای وەرگرتنی هیچ وانەیەکی نەبێت کە دەیخوێند، مامۆستاکانی پێیان دەگوت ئەو بەکاری خوێندن نایەت‌و لە قوتابخانە دەریانکرد. ئەمەش بۆ دایکەکە تابڵێی مەسەلەیەکی ناخۆش‌و خەمهێن بوو، چونکە دایکەکە پێی وابوو چی تر منداڵەکەی هیچ سوودێکی نابێت‌و بە کەڵکی هیچ نایەت‌و تا ماوە وەك بارگرانییەك وا دەبێت لەسەر شانی. دایکەکە خەونی بەوەوە دەبینی منداڵەکەی بکاتە پیاوێکی تێگەیشتووی بەسوود، ژیانی خۆی‌و خێزانەکەی پڕ بکاتەوە.

بەڵام دواتر شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕووی دا، منداڵەکە لە تەمەنی هەشتساڵیدا، بەسەر زانین‌و زانستدا کرایەوەو بە خێرایییەکی سەرسوڕهێن فێری خوێندن‌و نووسین بوو. منداڵە گرینۆك‌و خەیاڵ-بردووەکە، بەشێوەیەك زیرەکی‌و زرنگیی تێدا بەدی کرا، سەرنجی هەمووانی بە لای خۆیدا ڕاکێشا. بگرە دەستی کرد بە نووسینی شیعر، چەند ساڵێکی کەم تێنەپەڕی، بەهۆی لێهاتوویی‌و زیرەکییەوەو بەهۆی ئەوەی حەزێکی زۆری لە خوێندنەوە هەبوو، لە شارەکەی "بریستۆل" ناوبانگی پەیداکرد. لێرەوە "چاترتۆن" حەقیقەتی خۆی بۆ ئاشکرا بوو، هەستی بە نرخ‌و بەهای ئەو بەهرەیە دەکرد کە تێدابوو. بەڵام کۆمەڵگەی ئینگلیزی ئەو سەردەمە، بە سنگێکی فراوانەوە پێشوازی لە خەڵکانی هەژاری بلیمەت نەدەکرد، زۆر زەحمەت بوو بلیمەتێکی پێشوەختی وەك چاترتۆن بە ئاسانی بتوانێت ڕێگای خۆی بکاتەوە. خەڵکی چۆن بڕوایان دەکرد هەرزەکارێك تەمەنی نەگەشتبێتە پازدە ساڵ، دەتوانێت شیعری ئاوا جوان بنووسێت، وەك ئەو شیعرانەی لەوەوە هەڵدەقوڵان؟ دەستی بەزەیی‌و میهرەبانی چۆن بۆ گەنجێکی هەژار درێژ دەکرێت، تاکو لەو هەژارییەی تێی

کەوتووە دەری بێنێت‌و دەرفەتی تەواوی بۆ بڕەخسێنێت، تا گوزراشت لە دەروونە بلیمەتیەکەی بکات کە پڕە لە شیعری جوان‌و ئاوازی دڵگیرو نایاب؟

کۆمەڵگەی سەدەی هەژدەهەم، ئەو کۆمەڵگە میهرەبان‌و کراوەیە نەبوو کە دەستی بلیمەتەکان بگرێت، تەنانەت ئەگەر لە چینە هەرە هەژارەکانی میللەتیش بێت. دەبوایە کەسی بلیمەت لە دەوڵەمەندەکان‌و بەتواناکان بوایە، یان لەو کەسانە بوایە کە لەلایەن پارەدارو دەسەڵاتدارانەوە پشتگیری لێ دەکرا، بەڵام ئەگەر هەژارو دەستکورت بوایە، ئەوا هیچ کەسێك پشتگیری لێ نەدەکرد. ئەمە سەرەڕای دەردێکی تازەی دیکەی چاترتۆن، دەردی تەمەن بچووکی چاترتۆن، بەجۆرێك باوەڕ نەدەکرا لەو تەمەنە بچووکەدا، توانای ئەوەی هەبێت ئەو شیعرە جوانانە بنووسێت. هەموو ئەوانە وایانکرد ڕێگای بەردەمی "چاترتۆن" ڕێگایەکی داخراو بێت، بۆیە ناچاربوو بە شوێن چارەسەرێکدا بگەڕێت بۆ کێشە دەگمەن‌و ناوازەکەی.

"چاترتۆن"ی گەنج، بیری لە فێڵێك کردەوە شوراکانی دەورووبەری پێ بڕوخێنێت‌و سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆی ڕابکێشێت. بۆ خەیاڵی بە پڕشتی ئەو زەحمەت نەبوو، چیرۆکێك داهێنێت هەمووان پێی ڕازی بن‌و باوەڕیشی پێ بکەن. لێرەوە ئەم گەنجە بلیمەتە ڕایگەیاند لە کڵێسای شارەکەیدا، کۆمەڵە دەستنووسێکی زۆر کۆنی کەڵەکەبووی دۆزیوەتەوە کە چەندین سەدەیە پشتگوێ خراون. ئەو لەو دەستنووسانەدا چەندین شیعری گرنگی دۆزیوەتەوە لە سەدەی پازدەهەمدا نووسراون، واتە پێش سەدەکەی خۆی بە سێ سەدە.

چاترتۆن ڕایگەیاند ئەو شیعرانەی دۆزیویەتیەوە لە نووسینی قەشەیەکە کە لەو سەردەمە کۆنەدا ژیاوەو ناوی "تۆماس ڕاولی"یە، هەندێ شیعری دیکەیان لە نووسینی کەسێکی دیکە کە ناوی "ولیەم کانینخ"و لەو سەردەمەدا پارێزگاری شاری "بریستۆل" بووە. ئیدی خەڵکەکە بایەخێکی زۆریان بەو دۆزینەوانەی "چاترتۆن" دا، ڕۆژنامەکان

دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی چەندین نمونـە لـەو دۆزینـەوە ئەدەبییـە سەرسـوڕهێنەرانە، ئەگەرچی هەندێ کەسی دیکە هەبوون گومانیان لە ڕاستیو دروستیی ئەو شیعرانە دەکـردو گومانیان لەوە دەکـرد ئـەو شـیعرانە وەك چـاترتۆن دەڵێـت ئـەو دوو کەسـە لـە سـەدەی پازدەهەمدا نووسیویانە.

لە سەردەمی چاترتۆن دا، مۆدەی کۆکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکان باو بـووە، هەنـدێ دەوڵەمەند هەبوون حەزیان دەکرد هانی (بزوتنەوەی زیندوکردنەوەی دەستنووسـە کۆنـەکان) بدەن، وەك هاندانو پشتگیرییەك پارەیان بەو کەسـانە دەدا خـەریکی بایەخـدان بـوون بـەو دەستنووسە کۆنانە. هەموو هیواو ئاواتی چـاترتۆن ئـەوە بـوو یـەکێك لـەو دەوڵەمەندانـە بدۆزێتەوەو حەماسەتی بۆی هەبێت، یارمەتی دۆزینەوە ئەدەبییە زۆرەکەی بـدات، کـە لـە ڕاستیدا شیعری گەنجە بچووکە بلیمەتەکەیەو کردوویـەتی بـە هـی خـەڵکانی دیکـە. ئـەم شاعیرە لە دەرگای ژمارەیەك لە دەوڵەمەندەکانی دا، ئەو دەوڵەمەندانەی ناوبانگیـان بـەوە دەرکردبوو بایەخ بە کـاری ئـەدەبی دەدەن. یـەکێك لـەو دەوڵەمەندانـە بـەناوی "هـۆراس ولبۆل"ەوە، بەدەم داواکەیەوە هات. ئەمە وایکرد چاترتۆن هەسـت بـە گەشـبینی بکـات، لەسەر دەستی ئەم دەوڵەمەندە ئەدەب-دۆستە، هیوای بە بەیانییـەکی پـڕ خۆشـگوزەرانیو ناوبانگو نەمری هەبێت. وەلێ ولبۆل زۆر بـەخێرایی لـە چـاترتۆن هەڵگەڕایـەوە، چـونکە هەندێ لە ئەدیبەکان ئاگاداریان کـردەوە کـە دەستنووسـەکانی شـاعیرە گەنجەکـە جێگـای متمانە نییەو لە ڕاستییەوە دوورە. لە ئەنجامدا دەوڵەمەندە ئەدەب- دۆستەکە پشتی کـردە شاعیرە گەنجەکەو لێی دوور کەوتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا چاترتۆن بێ هیوا نەبوو، کـۆڵی نـەدا، ئەو بەناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە دەستی کردبـوو بـە بڵاوکردنـەوەی هەنـدێ لـە بەرهەمـە ئەدەبییەکانی لە شیعرو پەخشان.

لێرەوە بە خەیاڵیدا هات گەر سەفەر بکات بۆ لەندەن، ئەوا دەتوانێـت لـە هـەموو ئـەم کێـشەیە ڕزگـاری ببێـت. مـادام ڕۆژنامـەکان بـەناوی خۆیـەوە، دەسـتیان کـردووە بـە

بڵاوكردنەوەی بەرهەمەكانیو مادام ئەو شیعرانەی كە كردبوونی بە شیعری كەسانی دیكـە، بونەتە شوێنی سەرنجو گرنگی-پێدان، ئەگەرچی لە هەمانكاتیشدا ببوونە شوێنی گومـانو پرسیارێكی زۆر، هـەروەها مـادام هـەموو ئـەو شـتانەی لـە ژیـانی ئـەدەبی ئینگلیزیـدا ورژاندووە، ئەوا پێدەچێت پایتـەخت پێـشوازییەكی بـاشو گـەرمی لـێ بكـاتو گۆڤـارو ڕۆژنامە بەناوبانگەكان دەرگاكانی خۆیانی بۆ بخەنە سەر پشتو ئەو بڕە پارەیەی بـدەنێ كـە خۆیو خێزانەكەی پێویستیان پێیەتی.

چاترتۆن لە لەندەن پێنج مانگی بەردەوام ژیاو تەمـەنی گەشـتبووە هـەژدە سـاڵ. لـەو ماوەیەدا كۆمەڵێكی زۆر شیعری جوانی نووسی كە كردبوونی بە شـیعری تۆمـاس ڕاولـی، هەوڵی دا بڵاویان بكاتەوەو سوود لە پاداشتە مادییەكەی وەربگرێت. بـەڵام هیواكـانی بـێ ئاكـام بـوون، خـەڵكی پـشتیان تێكـردو بایـەخیان بـە دۆزینـەوە ئەدەبییـەكانی نـەدا. ڕۆژنامەنووسەكان بە شێوەیەكی زۆر توندو دڵڕەقانە كەوتنە مامەڵـەكردنی، ئـەوان ئامـادە بـوون ئـەوەی دەینووسـێ بـەناوی خۆیـەوە بـۆی بـڵاو بكەنـەوە، بـەڵام بـەبێ بەرامبـەر. ڕۆژنامەنووسەكان پێیان وابوو، ئەو شانازییەی بەسـە كـە گـەنجێكی بـچووك لـە ڕۆژنامـە گرنگو ناسراوەكانی ئەواندا شیعر بڵاودەكاتەوە.

لێرەوە دنیا بۆ ئەم گەنجە بلیمەتە تادەهات تەسـك دەبـووەوەو هـیچ دەروازەیـەكی بـۆ چوونە دەرەوە لەم قەیرانەی نەدۆزییەوە. ئەم لاوە عەبقەرییە، گەرچی دنیـا زۆر دڵـڕەق بـوو بەرامبەری، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەستێكی قووڵی بە كەرامەتو ڕۆحبەرزی هەبوو، بۆیـە بەرگەی ئەو پشتگوێخستنەی نەگرتو خۆی لە بارودۆخێكی مـادیی زۆر خـراپو سـەختدا بینییەوە. لە ناخی خۆیدا توانای ئەوەشی نەبوو وەك سوالكردن دەست بـۆ خـەڵكانی دیكـە درێژ بكات، لەگەڵ بیرۆكـەی ئەوەشـدا نـەبوو وەك (وێڵگردێـك-الـصعلكە) لـە كووچـەو كۆڵانەكانی لەندەندا بگەڕێتو لەسەر خوانی ئەوانی دیكە نـان بخـواتو پـارەو پولیـان لـێ وەربگرێت. ئەو هاتبوو بۆ پایتەخت تاكو لە ڕێگەی بلیمەتییـە دەوڵەمەنـدو بەپیتەكەیـەوە بژی، نەهاتبوو بۆ ئەوەی لە شەقامە گەورەكانی شارەكەدا، ببێت بە دێوانەیەكی ونبوو.

ئیدی خەم‌و پەژارە لــە دڵــی ئــەم گەنجـە بــچووکەدا کۆبوونــەوە، چــاترتۆن فــڕو فێــڵ‌و تەڵەکەبازی نەدەزانی، شارەزای ئەزمونی ژیان نەبوو، نەیدەتوانی ململانێ لەگەڵ زیندەگیــدا بکات‌و بەرگــەی نەهامەتییــەکانی ژیــان بگرێــت، ســەبری هــەبێت‌و پــشوو-درێــژ بێــت، چاوەڕوانی ئەو گۆڕان‌و وەرچەرخانانە بکات کە ڕۆژەکان لە دوو توێی خۆیاندا هەڵی دەگــرن. بلیمەتییە بەرزەکەی، لەگەڵ سەبرو تەحەمول، بەس بوون بــۆ گــۆڕینی بــەختی خراپــی بــۆ بەختێکی باش‌و بە دەمیەوە پێبکەنێت.

ئەو گەنجێکی سادەو ساکار بوو، هــەموو بلیمــەتی‌و زیرەکییەکــەی لەســەر یــەك شــت ڕاوەستابوو، ئەویش نووسینی شیعری جوان بوو، لە سەردەمێکدا ڕێزی توانا بــەرزەکان وەك پێویست نەدەگیرا، ئەمە جگە لەوەی ژینگەکەی‌و بارودۆخی دژوارو زەحمــەتی خێزانەکــەی، هێندەی تر نەهامەتیەکانیان زیاتر کردبوو.

ئاخۆ ئەم شاعیرە گەنجە هەستیارە، لــە بەرامبــەر ئــەو گرفتــە ســەختانەدا دەبــێ چــی بکات؟ دەرگای ژوورەکەی داخست کە تێیدا دەژیا، بڕێك ژەهری خواردەوەو کۆتایی بــەژیانی هێنا. بەهۆی ئەو بێ هیواییە کوشندەیەی دەروونە میهرەبان‌و هەستیارەکەی داگیرکردبــوو، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا خۆی کوشت. دوای خۆکوشتنەکەی، لێکۆڵەرو توێژەرانی ئــەدەب، سەرلەنوێ چاویان خشاندەوە بە بەرهەمەکانیدا، بەو شــیعرە جوانانــەدا کــە کردبــوونی بــە شیعری ئەوانی دیکە. توێژینەوە ئەدەبییەکان سەلماندیان هەموو ئەو نووســینانە، تــەنها لــە داهێنانی "چاترتۆن" بوون.

لێرەوە ئەم عەبقەرییە بچووکە خۆکوشــتووە، پێگەیــەکی بڵنــدی لــە مێــژووی ئــەدەبی ئینگلیزی‌و ئەدەبی مرۆڤایەتیدا داگیرکردووە. چاترتۆن گەشتە ئەو نەمرییەی خــەونی پێــوە دەبینی، بەڵام دوای ئەوەی بە دەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناو ژەهرە بکوژەکــەی خوارد، خواردنی ژەهرەکەی لە دڵڕەقــی ژیــان‌و بەســوك تەماشــاکردنی بلیمەتییەکــەی پــێ باشتر بوو.

# مۆلێر... دەمبەخەندە خەمبارەکە



لویسی چوارده له تەمەنی پێنج ساڵیدا چووه سەر عەرشی فەڕەنسا. لـه نێـوان سـاڵانی ١٦٤٣- ١٧١٥، بۆ ماوەی ٧٢ ساڵ حوکمی فەڕەنسای کرد. له سەردەمی ئەودا ئـەدەبو هونەر گەشەیان کرد. ئەم پاشایه زاڵمێکی ستەمگەر بوو، تەنانـەت بـەوە بەناوبانگـە کـە وتویەتی "من دەوڵەتم". دەستو پێوەندەکانی پێیان دەگوت: "پاشای خۆر". بـەڵام لەگـەڵ هەموو ئەوانەشدا، حەزی له ڕۆشـنبیری بـووە، دەسـتی یارمـەتی مـادیو مەعنـەوی بـۆ هونەرمەندە بلیمەتەکانی سـەردەمەکەی درێـژ کـردووە. شـانۆ، بـە شـێوەیەکی تایبـەت، بایەخێکی گـەورەی لـە لایـەن "لویـسی چـوارده"وە پێـدراوە. ئـەم بایەخدانـە بـە شـانۆ مەسەلەیەك بوو مەغزای تایبەتی خۆی هەبوو. چونکه ئەو سەردەمە پڕ بووە لـە خـەڵکانی دەمارگیرو تونـدڕەو، ئەوانـەی ئاینیـان هـەم بـۆ ڕەتکردنـەوەی شـانۆو نکـوڵی لێکردنـی دەقۆستەوە، هەم بۆ دژایەتیکردنی هەموو ئەوانەی له بواری شانۆدا کاریان دەکـرد. لەبـەر ئەوە هەڵوێستی لویسی چوارده، له بەرامبەر ئـەو دەمـارگیرو توندڕەوانـە، هەڵوێـستێکی بوێرانه بووە.

لەو سەردەمەدا، هونەرمەندان له ڕیعایەتی پیاوانی ئاینی بێبەش کرابوون، به فـەرمانی کلێسا له هەموو وەزیفەیەکی بـاش قەدەغـە کرابـوون، لـە ڕووی ئاینییـەوە هاوسـەرگیری لەگەڵیاندا مەسەلەیەکی ناشەرعی بوو. هەروەها لەکاتی مردنیاندا، نەدەبوو لـە گۆڕسـتانی مەسیحییه ئیمانداره‌کاندا بنێژرێن. به دوو ساڵ پـێش ئـەوەی لویـسی چـوارده بێتـە سـەر حـوکم، وەزیـری بـەناوبانگی ئـەو سـەردەمەی فەڕەنـسا ڕیـشیلۆ، کۆمـەڵێ بڕیـاری بـۆ سوککردنەوەی ئەو بارودۆخه دەرکردبوو، دانی بەوەدا نابوو شانۆ شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی

سەرگەرمکردنو وەخت-بردنە-سەرێکی ڕێگەپێدراو، هەروەها دانی بەوەدانا هونەری نواندن، کارێکی بەڕێزەو ئەوەی پێی هەڵدەستێت هیچ نەنگیو بەد ڕەوشتییەك لە شەرەفیدا نییە. جگە لەوە هونەری نواندن کارێکە نابێت ببێتە هۆی ئەوەی پێگەو بەهای ئەو کەسەی پێی هەڵدەستێت، لە کۆمەڵگەدا کەم بکاتەوە.


لویسی چواردە

دواتر لویسی چواردە هات تاکو ئەم مەسەلەیە فراوانتر بکات، بە نهێنیو بە ئاشکرا کۆمەکی بە شانۆو شانۆکاران دەبەخشی. ئەو یەکێك بوو لە عاشقانو هەوادارانی ئەم هونەرە، لەبەر ئەوە بەهێمنی چووە ناو جەنگێکەوە دژی ئەوانەی بە ناوی ئاینەوە توندڕەو بوون. پێگەی لویسی چواردە ڕێگەی ئەوەی پێ نەدەدا دژ بەو توندڕەوانە، بچێتە جەنگێکی ئاشکراو ڕاشکاوانەوە. توندڕەوەکانیش لەلایەن خۆیانەوە، نەیاندەتوانی بچنە جەنگێکی ئاشکراوە دژ بەم پاشایە کە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتو کۆمەڵگەدا، دەستێکی پۆڵاینی هەبوو. وەلێ ئەو توندڕەوانە هیچ شەرمیان لەوە نەکرد لەگەڵ مەزنترین هونەرمەندی گاڵتەئامێزی ئەو سەردەمە (مۆلیێر) بچنە جەنگێکی توندەوە. بۆیە جامی تووڕەبوونو نارازیبوونی خۆیان بەسەردا قلّپ کردەوەو ژیانیان پڕکرد لە ناڕەحەتیو کارەسات. هەولێیان

دا به هەر تۆمەتێکی ناڕەوا کە هیچ ڕاستییەکی تێدا نەبوو، ناو و ناوبانگو شەرەفی لەکەدار بکەن. ئەو توندڕەوانە، بەردەوامبوون لە ڕاوەدونانی "مۆلێر" تا ڕۆژی مردنی.

ڕۆژێکیان لویسی چواردە لە "بوالۆ"ی ڕەخنەگر دەپرسێ کێ مەزنترین هونەرمەندی سەردەمەکەیەتی، بوالۆ بێ دوودڵی وەڵامی دەداتەوەو پێی دەڵێ: گەورەم مۆلێر. مۆلێر لە ١٥ ی کانونی دووەمی ساڵی ١٦٢٢ لەو ماڵەدا لەدایك دەبێت کە بووەتە باڵەخانەیەك لە باڵەخانەکانی پاریسو هەنووکە ئەمە ناونیشانەکەیەتی: "٩٦ شەقامی سانت ئۆرنریە"، لە ڕووکاری ئەم باڵەخانەیەدا، بە پیتی لە زێڕ دروستکراو ئەم پەرەگرافە نووسراوە: "ئەم باڵەخانەیە لەسەر شوێنی ئەو خانووە دروستکراوە کە مۆلێر تێیدا لەدایکببوو". بەم شێوەیە فەڕەنسییەکان پارێزگاری لە کەلتووریان دەکەن، سا ئەو کەلتوورە بچووك بێت یان گەورە. ئەوان گەر ناچار بن شوێنەوارێك لە شوێنەوارەکان بڕوخێنن، ئەوا هەوڵدەدەن بەو شێوازەی کە لەگەڵ ماڵەکەی "مۆلێر"ی مەزندا نواندیان، پارێزگاری لە یادەوەری شوێنەکە بکەن.

باوکی مۆلێر ئەساسی ناوماڵی دروست کردووەو هونەرمەندی دیکۆر بووە، لە کۆشکی پاشایەتی کاری کردووەو بەرپرسی ژووری نووستنی پاشاو تەختی نووستنەکەی بووە، ئەم کارە یەکێك بووە لە کارە جێگیرو بەرێزەکانی کۆشك. باوکی مۆلێر دەیویست کوڕەکەی ئەم کارەی بە میرات بۆ بمێنێتەوە، بەمەش ژیانیو داوڕۆژی مسۆگەر دەکات. ئەو کارە کارێك بوو خەڵکێکی زۆر ئاواتەخوازی بوونو خەونیان پێوە دەبینی. باوکەکە هەوڵی دا کوڕەکەی وا لێ بکات شایەنی ئەو کارە بێت، بۆیە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند لە باشترین پەیمانگەو کۆلێژەکانی ئەو سەردەمەدا بخوێنێت. نەدەبوو مرۆڤ کارمەندی کۆشك بێت، تەنانەت ئەگەر بەرپرسی ژووری نووستنی پاشاو تەختی نووستنەکەشی بێت، بەبێ ئەوەی برێك لە خوێندنو ڕۆشنبیری نەبێت. خوێندنو ڕۆشنبیری یارمەتی مرۆڤەکەی دەدا ببێت بە یەکێك لەوانەی دەچنە کۆشکی پاشایەتیو ناوبەناو سەردانی دەکەن.

مۆلێر لە خوێندندا زۆر تێکۆشا، لاتینیو یۆنانیو ئـەدەبی کـۆنی خوێنـد، پاشـان لـە خوێندنی یاسادا پسپۆڕی وەرگرتو بڕوانامەی تێدا وەرگرت، ئەمە وای کرد بتوانێت کـاری پارێزەری بکات. هەر هێندەی خوێندنەکەی تەواوکرد، ئەو کارەی دەسـتکەوت کـە بـاوکی دەیویست لە کۆشك وەری بگرێت، بەڵام زۆر بە خێرایی لەو کارە بێزار بوو. مۆلێر هەسـتی دەکرد حەزو ئارەزووی دیکەی جیاوازی هەیە کە وای لێ دەکەن کارێکی تر بکات. کارێـك خۆشی دەوێت، تەنانەت ئەگەر لە پێناویدا قوربانی بـدات بـەو کـارە باشـەی کۆشـك کـە ژیانێکی هێمنی بۆ مسۆگەر دەکاتو دوارۆژێکی پڕ دڵنیـایی پـێ دەبەخـشێت. بۆیـە بـێ پەشیمانی، قوربانی دا بە کارەکەی کۆشكو ڕووی کردە هونـەری نوانـدن. گەرچـی بـاوکی زۆر لەو بڕیارە ناڕاستە تووڕەبوو، بڕیارێك لە تێـڕوانینی باوکیـدا دەبێتـە هـۆی کەساسـیو بەدبەختیو هەژاری کوڕەکەی. مۆلێر بڕیاری هەڵبژاردنی بۆ کاری نواندن، لەو کاتـەوە بـوو کە چاوی کەوت بە خانم "مادلین بێجار"، ئەم خانمە یەکێك بوو لە عاشقانی شـانۆ. مـۆلێر تا بڵێی سەرسام بوو پێیو پێکەوە تیپێکی شانۆییان دروست کرد، ئـەم تیپـە هـەمان ئـەو تیپەیە کە دواتر پێش دەکەوێتو بە ناوی تیپی "کۆمیدی فرانـسیز" نـاو دەردەکـاتو لـە ئێستادا یەکێکە لە گەورەترین تیپە بەڕێزەکانی شانۆ لە هەموو جیهاندا.

تیپە تازەکە هەوڵی دا کارەکانی لە پاریس نمایش بکات، کەچی ئەنجامەکەی شکـستو مایەپووچبوونو قەرزاری بوو. مۆلێر بەهۆی ئەو قەرزانەوە زیندانی کرا، چونکە ئەو لە یـەك کاتدا هەم ئەکتەری یەکەمی تیپەکەو هەم بەڕێوەبەری هونەری تیپەکە بـوو. مـۆلێر تـەنها بەهۆی چاکەی باوکییەوە توانی لە زیندان بێتە دەرەوە. باوکی بەو هیوایـەی کوڕەکـەی لـەم کارە نەگریسە تۆبە بکاتو بێتەوە سەر ڕێگای ڕاست، قەرزەکانی تیپەکـەی دایـەوە. بـەڵام مۆلێر ڕێگای خۆی هەڵبژاردبوو، بۆیە بڕیاری دا پاشەکشە نەکات، ئـەو خـۆی لـە شـانۆدا دۆزیبووەوەو لە توانایدا نەبوو هیچ کارێکی دیکە بکـات. لێـرەوە کەوتـەوە دروسـتکردنی تیپەکەو بەرەو هەرێمەکانی دیکەی پاریس ڕۆیشتن. مۆلێر خۆیو تیپەکەی لە هەرێمەکانـدا

سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەستهێنا کە قەرەبووی ئێش‌و ئازارو نەهامەتییەکانی پاریسی بۆ کردنەوە.

مۆلێر و تیپەکەی بۆ ماوەی دە ساڵ، لە گەشتی هەرێمەکان بەردەوام بوون‌و تێیدا شانۆگەرییە ناسراوەکانی سەردەمەکەیان نمایش دەکرد. مۆلێر تا ئەو کاتە، خۆی هیچ شتێکی بۆ شانۆ نەنووسیبوو، تەنها خەریکی نواندن‌و دەرهێنان‌و بەڕێوەبردن بوو. بەڵام دوای ئەوەی تیپەکە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاو بارودۆخی مادیی باشتربوو. دوای ئەوەی تیپەکە بڕێك لە پێگەو سومعەی هونەریی بەدەستهێنا، ئیدی مۆلێر پاش دابڕانێکی دوورو درێژ، بڕیاردەدات بگەڕێتەوە پاریس. لە ساڵی ١٦٥٨ تیپەکە دەگەڕێتەوە بۆ پاریس. لەو ساڵەدا "لویسی چواردە" تەمەنی گەیشتبووە ٢٠ ساڵ‌و کۆتایی بەو وەصایەیەی دایکی هێنا کە لەسەری بوو. پاشا کۆشکی "لۆڤەر"ی بۆ تیپەکەی مۆلێر کردەوە تاکو نواندنی تێدا ئەنجام بدەن‌و خودی خۆی ئامادەی نمایشەکان دەبوو، هانی مۆلێر ی دەداو پشتگیریشی لێ دەکرد.

لەو سەرو بەندەدا مۆلێر تەمەنی سی‌وحەوت ساڵ بوو، ئەو هەستی بەوە کردبوو کاتێ ڕۆڵی پاڵەوان لە شانۆگەرییە تراژیدیە ناسراوەکاندا دەبینێت، خەڵکەکە بە نواندنەکانی پێدەکەنین. ئەوان پێیان وابوو مۆلێر بۆ پێکەنین‌و گاڵتەبازی‌و کۆمیدیا خولقاوەو بۆ تراژیدیاو فرمێسك نەخولقاوە. کەچی مۆلێر دوای ئەوەی بە کۆمەڵێ ئەزمونی سەختی ژیاندا تێپەڕیبوو، دوای نۆشینی زوخاوی سەرنەکەوتن‌و تێکۆشانی سەخت لە پێناو گەیشتن بە یەکەم پلەی سەرکەوتن، دوای هەموو ئەوانە لە قوڵایی ناخی خۆیدا، هەستی دەکرد پڕە لە خەم‌و پەژارە. هەستی دەکرد لە ناوەوەیدا مرۆڤێکە زیاتر خەمبارە تا دڵخۆش، بەڵام جەماوەر بیروڕایەکی دیکەیان هەبوو، ئەوان پێیان وابوو مۆلێر پێش هەموو شتێك هونەرمەندێکی پێکەنین-بەخشە.

لــه ژیــانی مــۆلێردا کۆمــەڵێ ڕەگــەزی جیــاواز کۆببونــەوە، ئــەم ڕەگەزانــە لەگــەڵ کەسێتییەکەیدا چووبوون بەناو یەکداو بەهرە مەزنــەکانی مۆلێریــان ئاشــکرا دەکــرد. ئــەو شارەزاییەکی فراوانی لە هونەری نوانــدنو نووســینی دەقــی شــانۆییو زەوقــی جــەماوەردا هەبوو. هەروەها بەهرەیەکی هونەری شاراوەی هەبوو کە هەرگیز لــە دەرخــستنو گوزارشــت لێکردنی پەلەی نەدەکرد، ئەویش نووسینی دەقی شانۆیی بوو، مۆلیر تــەنها بــە پێــشکەش کردنی دەقی ئــەوانی دیکــە، وازی دەهێنــا. مــۆلێر مەعریفەیــەکی فراوانــی لەســەر ئــەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیاو لەسەر نمونەی مرۆڤــە جیاوازەکــانی ئــەو کۆمەڵگەیــە هــەبوو. هەروەها زۆر بە باشی لە ئەخلاقی باوی سەردەمەکەی، بە باشو خراپییەوە تێگەیشتبوو.

لێرەوە لە نێوان خــەمو پــەژارە زۆرەکــانی نــاوەوەی، لەگــەڵ ئــەوەی خــەڵك پێیــانوابوو توانایــەکی باشــی هەیــە بــۆ گاڵتــەجاڕیو کۆمیــدیاو پێکــەنین خــستنە ســەر لێوەکــان، ململانێیەك لەناوەوەیدا دروست ببوو. سەرەڕای ئەوە لە بەردەم بەرپرسیارەتیەکی گەورەشــدا بوو، کە بریتی بوو لەوەی بەرپرسی تیپێك بوو لە پەنجا هونەرمەندی نێرو مــێ پێکهــاتبوو، ژیــانی هــەموویان لەســەر بــەردەوامبوون لــە کــارکردنو ســەرکەوتن ڕاوەســتابوو. دوای بەیەکگەیشتنی سەرجەم ئەو ڕەگەزانە لە کەسێتیەکەیدا، بلیمەتی مۆلێر تەقییــەوە. ئیــدی دەستی کرد بە نووسینی شاکارەکانی کە هەم فەڕەنساو هەم تەواوی جیهان ئاگاداری بــوون، لەو شاکارانە: (کچە لوتبەرزەکان- المتحذلقات)، (تەرتوف)، (پیسکەی تەڕپیر)، (دوژمــنی مرۆڤ).

دواتر کۆمەڵێ جەنگی دیکە لە ژیانی مۆلێردا ســەریان هەڵــدا کــە تــەنها بــە مردنــی کۆتاییان پێهات. لە ساڵی ١٦٥٩و لە تەمەنی سیو حەوت ساڵیدا، یەکەم کــاری شــانۆیی نووسی کــە بــریتی بــوو لــە شــانۆیی کــچە لوتبــەرزەکان، تێیــدا نەشــتەری ڕەخنــەکانیو گاڵتەجاڕییە توندەکانی، ئارستەی خۆهەڵکێشانو لوتبەرزیو خۆدەرخستن کردبــوو. هــەموو

ئەوانەش کۆمەڵێ سیفاتی بەربڵاوی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی پاریس بوو، بە تایبەتی لەنێو ژنانی چینی ئەرستۆکراتو چینی مام ناوەندا.

لە شانۆگەرییەکەدا دوو کچ ڕازی نابن شوو بە دوو کوڕی میهرەبان بکەن، چونکە کوڕەکان هونەری دڵداریو ئەڤین نازانن‌و قسەی گەورە گەورە ناکەن. هەروەها لە گفتوگۆکانیاندا دەستەواژەی قورس‌و ناڕۆشن بە زمانی لاتینی بەکارناهێنن، کە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەوان ڕۆشنبیرییەکی فراوان‌و مەعریفەیەکی قووڵیان نییە. کەچی پاشتر دوو خزمەتکار، جلوبەرگی گەورە پیاوان لەبەردەکەن‌و دێنە داخوازی دوو کچەکە، دوو خزمەتکارەکە بەو شێوەیەی کچەکان خەونی پێوە دەبینن، ئاوا خۆیان وەك دوو عاشقی نمونەیی دەردەخەن، قسەی ئاڵۆز دەکەن‌و دەستەواژەی دڵداری پڕ باق‌و بریق بەسەر هەردوو کچەکەدا دەبارێنن. ئیدی هەردوو کچەکە پێیان وایە ئەم دوو خزمەتکارە، دوو گەنجی سەردەمیانەن‌و زانیارییەکی باشیان دەربارەی شێوازەکانی دڵداریو توانایەکی بەرچاویان دەربارەی قسەکردن لەسەر خۆشەویستیو ژیان هەیە. لێرەوە دەکەونە داوی خۆشەویستی دوو خزمەتکارەکەوە. وەلێ لە کۆتاییدا دوو کچەکە یارییە گاڵتەجاڕییەکەیان بۆ دەردەکەوێت‌و ڕاستییەکەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەڵام پاش چی، پاش ئەوەی لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتوو نابن‌و بە شێوەیەکی زۆر خراپ شکست دەهێنن. ئەمەش ڕووکەشیو سادە بیرکردنەوەو تێڕوانینی هەرزەگۆیانەی ئەو دوو کچە بۆ مەسەلەکان دەردەخات.

وەنەبێ ئەمە تەنیا شانۆگەرییەکی مۆلیێر بێت، کە دژ بە لوتبەرزیو خۆهەڵکێشان‌و خۆبەزلزان‌و دوورکەوتنەوە لە ڕەفتاری سروشت‌و خۆڕسك‌و زەوقی سادەی تەندروست، پێشکەشی کردبێت. بەڵکو مۆلیێر تا دوا ساتەکانی ژیانی، هێرشی بەهێزو توندی کردووەتە سەر لووتبەرزیو خۆهەڵکێشان. ئەو خەونی بە سەردەمێکی تازەو مرۆڤێکی تازەوە دەبینی، لەسەر بنەمای ڕاستگۆییو دەستپاکیو ڕەفتاری خۆڕسك‌و سروشتی ڕاوەستابێت‌و

لووتبەرزیو خۆهەڵکێشانی تێدا نەبێت. چونکە لوتبەرزیو خۆهەڵکێشان درۆو ساختەیە، هەڵسوکەوتی مرۆڤانەی ئادەمیزادەکان دەشێوێننو بە خراپترین شێوە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندی نێوان خەڵکی دەبێت.

شانۆگەری "کچە لووتبەرزەکان" کۆمەڵگەی پاریسی هەژاند. لویسی چواردە پێی سەرسام بوو، خەڵکی هەستیان کرد هونەرێکی تازە لەدایك دەبێتو ماددە سەرەکییەکەی لە ژیانی خەڵکەوە وەردەگرێت. دژ بە دیاردەی نازو فیزو کەشخەیی دەجەنگێت کە دووچاری چینە ڕاقییەکانی پاریس هاتبوو. ئەو دیاردانە هێندەیان نەمابوو ئەم شارە بکەنە جیهانێکی خامۆشو تەمەڵو دووڕوو پڕ درۆو بوختان. ئەگەرچی هەموو ئەوانە لەژێر توێژاڵێکی تەنکی جلوبەرگی جوانو بۆنی خۆشو زمانی لوسدا شاررابونەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دڵو دەروون هیچ هەستو سۆزێکی جوانیان تێدا نەبوو، عەقڵیش بە تەواوی دووربوو لە هەر فیکرێکی ڕەسەنەوە.


گرتەیەك لە شانۆگەری تەرتوف

وەلێ جەنگی مۆلێر دژ بە خۆهەڵکێشانو لووتبەرزیو نازو فیز، تەنها سەرەتایەك بوو. چونکە دواتر ئەم هونەرمەندە گەورەیە دەست دەکات بە هەڵگیرساندنی جەنگە سەرەکییەکەی دژ بە دووڕوویی کە ئاین ئیستیغلال دەکاتو ئاین لە ئامانجە سەرەکییەکانی دوور دەخاتەوەو بە لاڕێیدا دەبات، ئامانجی بەرزکردنەوەی ڕۆحی مرۆڤو هەڵسوکەتو مامەڵەکردنێکی راستگۆیانە لەگەڵ ئەوانی دیکە. لێرەوە شانۆگەری (تەرتوف) کە مۆلێر لەساڵی ١٦٦٤ پێشکەشی کرد، وەك مووشەکێك وابوو ئاراستەی ئەو کەسانە کرا خۆیان بە خواپەرستو چاکەکار پیشان دەدا، کەچی لە پشتی ئاینەوە

خۆیان حەشار داوەو سەرقاڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە ناشەرعییەکانیانن کـە نـە ئـاین ڕێگەی پێ دەداتو نە هیچ مۆراڵێکی یاساییو شەرعی.

کەسێتیی "تەرتوف" کە مۆلێر لە شانۆگەرییە نایابەکەیدا بەرجەستەی کردبوو، بـریتی بوو لە کەسێتیی پیاوێك خۆی بە ئیماندارو خواپەرستێکی بەرز دادەنا، بۆیـە "ئۆرجـۆن"ی پیاوچاكو میهرەبان، دەیهێنێتەوە بۆ ماڵەکەیو میوانداری دەکات، بەو هیوایـەی تـەرتوف ببێتە نمونەیەکی باڵا بۆ ژنو منداڵەکانی. لێرەوە ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە بە شـێوازێکی کۆمیدی گاڵتەئامێزو بە گرۆتینێکی هونەریو فیکرییەوە بەردەوام دەبێت، تا ئـەو کاتـەی بۆمان ئاشکرادەبێت ئەم تەرتوفە پیـاوێکی هەلپەرسـتی داوێـن-پیـسەو دەیـەوێ دەسـت بگرێت بەسەر سەروەتو سامانی "ئۆرجۆن"دا، هەروەها دەیـەوێت ژنەکـەی فریـو بـداتو پەیوەندییەکی ناشەریفانەی لەگەڵدا ببەستێت. بـەم شـێوەیە مەسـەلەی تـەرتوف ئاشـکرا دەبێتو حەقیقەتی بۆگەنی لە بەردەم هەمووانـدا دەردەکـەوێت. ئیـدی خـاوەن مـاڵ دەری دەکاتو خۆی لێ ڕزگاردەکات. دواجار تـەرتوف زینـدانی دەکرێـت، چـونکە لـە ڕاسـتیدا پێشتر تاوانبار بووەو بۆ ئەوەی لەدەست دادگا ڕابکـات، خـۆی لـە پۆشـاکی خواپەرسـتیدا شاردبووەوە.

ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی توندڕەوەکان دژ بە مۆلێر بکەونـە خۆیـان، "بـییر ڕولیـە"ی کاهین، بەیاننامەیەکی بۆ خەڵکی بڵاو کردەوەو تێیدا دەڵێت:

"ئەم مۆلێرە، شەیتانەو خۆی لە کراسی پیاودا شـاردۆتەوە، ئـەو بەدڕەوشـترین مرۆڤـە تاکو ئێستا لەسەر گۆی زەوی ژیا بێت. پاداشتی مۆلێر لەسەر نووسینی تـەرتوف، بریتییـە لەوەی لەسەر نەقیزە بسووتێنرێت، تاکو لە ئێستاوە تامی ئاگری دۆزەخ بکات".

هاوکات مۆلێر دژ بەو هێرشە، وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ:

"ئامانجی شانۆگەرییەکەم هەرگیز ڕەخنەگرتن نییە لە ئیمانو ئـاینی ڕاسـتگۆ، بـەڵکو ئامانجی یەکەمو تەنهای بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە دووڕوویـیو بازرگـانیکردن بـە ئاینـەوە،

ئاین دەبێت لـە ڕێـی خـودا ئـاینێکی پـاكو بێگـەرد بێـتو هـیچ نـەنگیو خەوشـێکی بەرژەوەندخوازانەو خراپ ئیستیغلال کردنی تێدا نەبێت".

ئەم ئامانجە لە شانۆگەری تەرتوف دا، بـە تـەواوی ڕوونو ئاشـکرا بـوو. هونەرمەنـدی گەورە لە شانۆگەریەکەیدا دژی ئاین نەبوو، بـەڵکو دژی ئـەوە بـوو بازرگـانی بـە ئاینـەوە بکرێ، دژی ئەو کەسانە بوو خۆیان لە پشت دیاردە ئاینییەکانەوە حەشاردەدەن، کەچـی لـە قوڵایی ناخیاندا تاوانبارنو دوژمنی ڕاستەقینەی خوداو مرۆڤن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، هێرشی توندڕەوانـە دژ بـە مـۆلێر بـەردەوام بـوو. سـەرۆکی ئەسقوفەکانی پاریس، قەدەغەکردنێکی ئاینی دەرکرد، تێیـدا لـە هـەمووانی قەدەغـەکرد شانۆگەری تەرتوف بخوێننەوە یان گوێی لێ بگرن، یاخود بە نهێنی یان بە ئاشـکرا نوانـدنی تێدا بکەن. مۆلێر دژ بەم قەدەغە کردنە، ڕایگەیاند ئەگەر ئـەم هێرشـە نارەوایـە بـۆ سـەر خۆیو بۆ سەر شانۆگەریەکەی بەردەوام بێت، ئەوا بەیەکجاری واز لە شانۆ دەهێنێت. بـەڵام توندڕەوەکان لەلایەن خۆیانەوە بەردەوام بوون لە هێرش کردنە سـەر مـۆلێرو هـەرگیز هێـور نەبوونەوە. یەکێك لەو توندڕەوانە کە ناوی "ڕۆشمۆن" بوو، بەیاننامەیـەکی دەرکـرد و تێیـدا دەڵێ:

"لەکاتێکدا پاشای خانەدان لویسی چواردە، زۆر پەرۆشی ئەوەیـە پارێزگـاری لـە ئـاین بکات، کەچی مۆلێر ئیش بۆ تێکدانی دەکات، ئەمەش وا دەکـات مـۆلێر تـەنها شـایەنی ئەوەیە لەسەر ئەو تاوانەی، سزایەکی ڕوون و ئاشکرا بدرێ ".

ئاخۆ هەڵوێستی پاشا لەسـەر ئـەو هێرشـە پـانو بەرفراوانـەی کرایـە سـەر مـەزنترین هونەرمەند لە سەردەمەکەیدا، چی بووە؟ پاشا مۆلێری خۆشدەویستو لـەزەتێکی زۆریـشی لە هونەرەکەی دەکرد، سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی شـانۆگەرییەکانی مـۆلێر لـە کۆشـکی شاهانەدا نمایش بکرێن، نەك جارێك بەڵکو چەند جارێك تەماشای شانۆگەرییەکانی دەکـرد. وەلێ پاشا نەیویست ڕاشکاوانە لەگەڵ توندڕەوەکاندا ڕووبـەڕوو ببێتـەوە، بۆیـە ئامۆژگـاری

مۆلێری دەکرد پشوودرێژ بێتو سەبری هەبێت. کاتێ ڕەشەبای توندڕەوەکان بەرووی شانۆگەری تەرتوفدا هەڵی کرد، پاشا پێی باش بوو نمایشکردنی شانۆگەریەکە بۆ ماوەیەك ڕاگیرێت، تاکو ڕەشەباکە کپ دەبێتەوە. دواتر فەرمان دەدا پاش ماوەیەکی دیکە نمایش بکرێتەوە. پاشا ئەوەندە بەهێز بوو، بتوانێت توندڕەوەکان لەناو بەرێت، وەلێ لە هەمانکاتدا دەیزانی سیاسەت پێداویستیو ئەحکامی خۆی هەیە. ئەوە سیاسەتێکی حەکیمانە نییە دەسەڵاتداری وڵات وا دەرکەوێت ڕاشکاوانە دژایەتییەکی توندی ئەو کەسانە دەکات کە خۆیان لە پەنا ئایندا حەشارداوە. چونکە لەوانەیە ئەم جۆرە هەڵوێستە ببێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی ڕای گشتی بە دەسەڵاتدار، ئەمەش لەوانەیە بە جۆرێك کۆتایی پێ بێت خەڵکی وا بزانن ئەم دەسەڵاتدارە دژ بە ئاینەو هەڵوێستی بەرامبەر بە ئاین خراپو نەشیاوە. هیچ دەسەڵاتدارێکی ژیرو تێگەیشتوو لە بنەماکانی حوکمڕانیو سیاسەتدا، ڕازی نابێت وێنەیەکی لەو شێوەیە بەرامبەر بە خۆی لە مێشکی هاوڵاتیەکانیدا دروست ببێت. دەسەڵاتداری بەهێز پێویستە لە ڕێزگرتنی هەستو سۆزی گشتی خەڵكو پەرۆشی بۆیان، نمونەی باڵا بێت، بە تایبەتی لە بواری هەستو سۆزی ئاینیدا.

لویسی چواردە لەو دەسەڵاتدارانە بوو دەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ هەستو سۆزی گشتیی باودا دەکات. ئەو لەو کەسانە بوو زۆر پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، لەگەڵ ئەو ڕێزو خۆشەویستییەی خەڵك بۆ پیاوانی ئاینی هەیانبوو، بەر یەك نەکەون. وەلێ ئەم پاشا بەهێزو جەربەزەیە، لە قوڵایی ناخیدا ڕازی نەبوو بەوەی ئاین، لە هەندێ مەسەلەدا ئیستیغلال بکرێتو بێتە ناوەوە، بەتایبەتی ئەو مەسەلانەی لە جەوهەردا، بە تەواوی دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی ئاین. پاشا بە بیرتیژی خۆیو بە خۆشەویستی بۆ ڕۆشنبیریو هونەر، دەیزانی مۆلێر لە شانۆگەرییە جیاوازەکانیدا، لە سەروی هەموویانەوە هەر دوو شانۆگەری "تەرتوف"و "دۆن جوان"، هەرگیز هێرشی نەکردووەتە سەر ئاین، بەڵکو ئەم هونەرمەندە ڕاستگۆیانەو بە ئەمانەتەوە، هێرشی کردووەتە سەر دووڕوییو تەڵەکەبازی

ئەو پیاوانەی لە پشتی ئاینەوە خەریکی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیانو مەبەستە دنیاییەکانیانن کە نە ئاسمانو نە زەوی پێیان ڕازی نابێت.

پاشا فەرمانی دا نمایشکردنی شانۆگەرییە ئالۆزەکانی مۆلێر بۆ ماوەیەك ڕابگیرێن، وەلێ دواتر ڕێگەی دا سەرلەنوێ نمایش بکرێنەوەو هاوسۆزی خۆی لەگەڵ شانۆگەریەکاندا دەرخستو سەرسامبوونی بە نووسەرەکەی دەربڕیو پاداشتێکی زۆری کردو بە هەموو جۆرێکیش پارێزگاری لێ کرد. هەروەها ڕێگەی دا تیپە شانۆییەکەی مۆلێر ناوی خۆیان بگۆڕن بۆ ناوی (تیپی پاشا) و نمایشەکانیان بە شێوەیەکی ڕێكوپێك لە کۆشکی پاشایەتیدا پێشکەش بکەن.

مۆلێر لە کارەکانیدا نووسەرێکی هونەرمەندی سەرکەوتوو بوو، شاعیرێکی شانۆنووسی داهێنەر بوو، جگە لەوە ئەکتەرێك بوو چ پێش خۆیو چ دوای خۆی، شانۆکانی فەرەنسا ئەکتەری لەو شێوەیان بە خۆیانەوە نەبینی کە خەڵکی لەسەر دزێویو ناشرینییەکانی خۆیان دەهێنایە پێکەنین. هەروەها مۆلێر بە شێوەیەکی بەردەوامو بێ پچڕان کاری دەکرد، تاکو سەرکەوتن بۆ تیپەکەی بەدی بهێنێتو ژیانێکی گونجاو بۆ هەموو ئەندامانی تیپەکەی مسۆگەر بکات. ئەندامانی تیپەکەش خۆشەویستیەکی پاكو بێگەرد خۆشیان دەویستو متمانەیەکی تەواویان پێی هەبوو، ڕێزی پەرۆشیو سووربوونی مۆلێریان دەگرت لەسەر ئەو خزمەتو بایەخ پێدانەی بە شێوەیەکی ناباو پێشکەشی دەکردن.

ئەم توانا گەورەیەی مۆلێر خستبوویە گەڕ، ڕۆژ دوای ڕۆژ هێزی لەبەر دەبڕیو تەندروستی خراپتر دەبوو، لە شەوێك لە شەوانی مانگی شوباتی ساڵی ١٦٧٣، هونەرمەندی گەورە کە تەمەنی گەیشتبووە ٥١ ساڵ، هەستی بە ماندوبونێکی زۆر کرد. هاوسەرەکەیو هاوڕێکانی هەوڵیان دا ئەو شەوە ڕێگە نەدەن تەمسیل بکات، داوایان لێ کرد نمایشکردنی شانۆگەریەکەی (نەخۆشی وەهم) بۆ چەند ڕۆژێك دوا بخات، تاکو

تەندروستی باش دەبێت. بـەڵام هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارەتی وای لـە مـۆلێر کـرد ڕازی نەبێتو بە هاوسەرەکەی دەڵێ:

(چۆن دەتانەوێت ڕاوەستم؟ پەنجا ئەندام لە تیپە شـانۆییەکەمدا، ڕۆژانـە کرێکـەیان لـە نمایشە هونەریەکانمان وەردەگرن، گەر ئیشمان نەکرد، ئـەوان نـە خۆیـانو نـە منداڵـەکانیان خواردن نابێت بیخۆن. ئەو ئەکتەرانە ئەگەر نواندن نەکەن، ئـەی چـی بکـەن؟ مـن زۆر بـە توندی سەرزەنشتی خۆم دەکەم، ئەگەر نەمتوانی بژێوی یەك ڕۆژیـان دابـین بکـەمو توانـای ئەوەشم هەبێت لەسەر تەختی شانۆ ڕاوەستم).

مۆلێر پێداگری دەکاتو لە ئێوارەی ١٧ شـوباتی سـاڵی ١٦٧٣ دەڕوات بـۆ شـانۆکەو ڕۆڵی خۆی دەبینێت. مۆلێر لە کۆتایی شانۆگەریەکەدا هەست بـە ئـازارێکی زۆر دەکـات، بەڵام خۆی دەگرێتو نمایـشی شـانۆگەرییەکە دەگەیەنێتـە کۆتـایی. بـەڵام دواجـار لەسـەر تەختی شانۆکە دەکەوێتو دووچاری کۆکەیەکی توند دەبێت. ناچار دەیبەنەوە بۆ ماڵەکـەی، لەوێ بۆیـان دەردەکـەوێت یـەکێك لـە خوێنبـەرەکانی تـەقیوە، ئیـدی دوای تـەنها چـەند کاتژمێرێك لە ئێشو ئازاری زۆر، کۆچی دوایی دەکات.

وەلێ لە لایەن سەرۆکی ئەسقوفەکانی پاریسەوە، ساتێکی تازەی تۆڵەکردنەوە دێت. ئەم سەرۆکە ڕازی نابێت مۆلێر لە گۆڕستانی مەسـیحییەکاندا بنێـژرێ، چـونکە بـە کەسـێکی لادەر لە ئاینی دادەنێت. لەم حاڵەتەدا هاوسەرەکەی مۆلێر هیچی پێ ناکرێت، تـەنها ئـەوە نەبێت بڕوات بۆ لای پاشاو خۆی بخاتە بەر پێیو دوای لـێ بکـات کۆتـایی بـە دواهـەمین بەشی تراژیدیای ئـەم هونەرمەنـدە مەزنـە بێنێـت، کـە پاشـا بەدرێـژایی ژیـانی خۆشـی ویستووەو جێگای ڕێزو ستایش بووە لای. پاشا تووڕە دەبێتو بە نهێنی داوا لـە سـەرۆکی ئەسقوفەکان دەکات هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، سەرۆکی ئەسقوفەکان بـە ناچـاریو بـە پـێ ناخۆشبوونەوە فەرمانە نهێنییەکەی پاشا جێبەجێ دەکات.

ویلّ دیورانت له کتێبەکەیدا (چیرۆکی شارستانیەت) ئـاوا باسـی ڕازیبـوونی سـەرۆکی ئەسقوفەکان دەکات: "ئەو بڕیار دەدات تەرمی مـۆلێر نـەبرێت بـۆ کلێـسا، تـاکو سـروتە ئاینیەکانی لەسەر ئەنجام بدرێت، بەڵام ڕێگا دەدات دوای خۆرئاوا بـوون، بـە بێـدەنگ لـە گۆشەیەکی دووری گۆڕستانی سان جۆزێف لە شەقامی مۆنمارتر بنێژرێت".

بەم شێوەیە ژیانی ئەم دەمبەخەنـدە خـەمبارە کۆتـایی پـێ دێـتو بەرهەمـەکانی بـۆ سەرجەم کەلتوورەکانی جیهان پەل دەکێشێتو دەبێتە یەکێك لە بلیمەتەکانی مێـژوو، ئـەو بلیمەتانەی هەرچەندە نەوەو سەردەمەکان جیاوازن، کەچـی ئـەوان بـە هونـەرە کۆمیـدیو گاڵتە ئامێزەکەیان، قووڵترین ئازارەکانی دڵی مرۆڤایەتیو ڕاستگۆترین خەم کـە مـرۆڤ لـە ژیانیدا هەستی پێ دەکات، پێشکەش دەکەن. وەك ئەوەی ویلّ دیورانت دەڵێت:

"وەك چۆن ئینگلتەرە شکـسپیریان خـۆش دەوێـتو تـاکو ئێـستاش شـانۆگەرییەکانی نمایش دەکەن، ئاواش فەڕەنسا مۆلێری خـۆش دەوێـتو تـاکو ئێـستاش شـانۆگەرییەکانی نمایش دەکرێن، بەڵام ئەوەی ئینتیمای بۆ فەڕەنسا هەیە تەنها مۆلێری نووسەر نییـە، بگـرە مۆلێری مرۆڤە: بەڕێوەبەری بەوەفای تیپەکە کە هەمیشە بە ئیـشکردنی بـەردەوامی خـۆی ماندوو دەکرد. هەروەها ئەو شانۆکارەیە بە پێکەنینەکانی، خەمـەکانی خـۆی دەشـاردەوە، ئەو ئەکتەرە نەخۆشەیە تاکو مردن، دژ بە هەژاریو دەمارگیریو خورافات جەنگا".

# فیشەکێك لەدڵی پووشکین دا



ڕوسیا لە سەدەی ڕابردوودا (مەبەست سـەدەی نۆزدەهەمـە-و-)، مـەزنترین شـاعیری خۆی ناسی، بگرە یەکێك لە مەزنترین شاعیرەکانی دونیای ناسـی، ئـەویش "ئەلـسکەندەر پووشکین"ە. ڕوسەکان پووشکین لە هەمان ئەو پێگە بەرزو بڵندە دادەنێن کـە ئینگلیزەکـان شاعیرە هەرە مەزنەکەیان (شکسپیر)ی تێدا دادەنـێن. ئەگـەر پووشـکین لـە ڕووی پێگـەی ئەدەبییەوە لە "شکسپیر"ەوە نزیك بێت، ئەوا لەو ڕوداوانەی بەسەر ژیـانی هـەر یەکێکـدا تێپەڕیوە، تەواو جیاوازن. شەکسپیر لەگەڵ سـەردەمەکەیدا تـەبا بـوو، لـە ژیانیـدا شـەڕی گـەورەی نـەکردووە، تـوانی هـەموو توانـای خـۆی بداتـە ئەدەبەکـەی‌و سەرسـامبوونی هاوسەردەمەکانی بەدەست بهێنێت، چ حاکمـەکان‌و چ مەحکومـەکان، ڕووبـەڕووی ئـازارو ئەشکەنجەی توند نەبووەوە کە ژیانی بهێنێتە هـەژان‌و کاریگـەری لەسـەر مێـشکی بـەجێ بێڵێت، کۆتاییەکەشی کۆتاییەکی سروشتی بوو، هیچ ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی ناخۆشی یـان تراژیدیای تێدا نەبوو. بەڵام ژیانی پووشکین، بە تەواوی پێـچەوانەی ئـەو ژیانـەی شکـسپیر بوو، پڕبوو لە کێشەو ژان‌و ئازاری زۆر. ئەم ژیانە بـە کۆتاییـەکی جـەرگبڕ کۆتـایی هـات، پووشکین لە تەمەنی ٣٨ ساڵیداو بەهۆی ڕوداوێکی دروستکراوەوە کـوژرا. ئـەو لـە سـاڵی ١٧٩٩ هاتە دنیاوەو لە ساڵی ١٨٣٧ کوژرا.

"پووشکین" کوڕی خێزانێکی ڕوسیی ئەرستۆکراتی تا ڕادەیـەك دەوڵەمەنـدو ڕۆشـنبیر بوو، سەرەتای ڕەچەڵەکی ئەم خێزانە دەگەڕێتەوە بۆ حەبەشـە. دایکـی پووشـکین کـچەزای کەسێك بوو ناوی "ئیبراهیم هانیپاڵ"ە. ئەم هانیپاڵە، منداڵێکی حەبەشی بوو، ئەوانەی لـە وڵاتەکەیدا بازرگانییان بە کۆیلەکانەوە دەکرد فڕانـدیان، بـاڵیۆزی ڕوسـیا لـە تورکیـا ئـەو

منداڵە فڕێنراوەی کڕی. باڵیۆزی ڕوسیا لە منداڵە حەبەشییەکەدا، ڕوخساری منداڵێکی زیرەك‌و نەجیبزادەی بینی، بۆیە پێشکەشی ئیمپراتۆری ڕوسیا (بوترسی گەورە)ی دەکات. ئەم ئیمپراتۆرە یەکەم ئیمپراتۆری ڕوسیا بوو هەوڵی دەدا شارستانیەتی ڕۆژئاوا بێنێتە وڵاتەکەیەوە، کاری بۆ گەشەپێدان‌و هەستانەوەی وڵاتەکەی دەکردو دەیویست لە سەدەکانی تاریکی‌و دواکەوتن دەری بهێنێت. بوترسی گەورە لە نێوان ساڵانی ١٦٧٢ — ١٧٢٥ دا ژیاوە. بە ترسناکترین ئیمپراتۆرەکانی ڕوسیا دادەنرێت، ئەوانەیان کە لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە، گواستنەوەیەکی شارستانی بەرفراوانیان بۆ ڕوسیا هێنایە ئارا.

بوترسی گەورە ئەو منداڵەی کە باڵیۆزی وڵاتەکەی لە تورکیا پێشکەشی کردبوو، سەرنجی ڕاکێشاو بووە شوێنی سەرسوڕمانی، بۆیە بڕیاردەدا بەخێوی بکات‌و گرنگی پێ بدات، هەر ئەویش ئەو ناوە سەیرەی بەسەردا سەپاند: (ئیبراهیم هانیپاڵ). ئەرکی پەروەردەکردن‌و خوێندنی گرتە ئەستۆو کردی بە یەکێك لە ئەندامانی دارو دەستەکەی، پاشان هاوسەرێکی لە کچانی ئەرستۆکراتی ڕوسیا بۆ هەڵدەبژێرێت، ئیدی لە ڕەچەڵەکی ئەم حەبەشییەوە، شاعیری گەورە پووشکین لەدایك دەبێت‌و دێتە ناو ژیان.



بوترۆسی گەورە

پووشکین لە سیمایدا، هەندێ لە ڕەچەڵەکە حەبەشییەکەی هەڵگرتبوو، ڕەنگی بەلای بۆردا دەینواند. بە شێوەیەکی گشتی سیمای چەند ڕەگەزێکی ناسراوی ئەفریقیانەی هەبوو، وەك قژێکی لوول‌و دوو لێوی ئەستور. پووشکین هەر لە تەمەنێکی زووەوە بلیمەتیی تێدا دەردەکەوێت، لە منداڵیدا زۆری دەخوێندەوە. کتێبخانەکەی باوکی، وەك عادەتی ئەرستۆکراتیەکانی ڕوسیای ئەو سەردەمە، پڕی بووە لە کتێبی فەڕەنسی، ئەم کتێبخانەیە

گرنگترین نمونەی ئەو ئەدەبە ئەوروپییە جوانەی تێدابوو، (واتە ئـەدەبی فەرەنـسی-و-) کـە کاریگەرییـەکی گـەورەی لـەناو ڕوسـیادا هـەبوو. ڕوسـیا لـە بوژانـەوەو هەسـتانەوەی شارستانییەتەکەیدا چاوی بڕیبووە فەرەنسا، ڕوسیا فەرەنسای وەك نمونەیەکی باڵا دادەنا کـە دەکرێ ڕۆشنبیری‌و سەرجەم دیاردەکانی دیکەی پێشکەوتنی لێ وەربگرێت.

برا بچووکەکەی پووشکین هەندێ بەسەرهاتی منـداڵیی پووشـکین دەگێڕێتـەوەو دەڵـێ: "پووشکین لە شەوداو بە دزییەوە، دەچووە کتێبخانەکەی باوکی کە هیچی تێدا نەبوو جگـە لە کتێبە فەرەنسییەکان. پووشکین ئەوکات تەمەنی یازدە ساڵ بوو، تـوانی ژمارەیـەکی زۆر لە شاکارە ئەدەبییە جوانەکانی فەرەنسا لە بەرگەوە بۆ بەرگ لەبەر بکات، چونکە ئەو هـەر لە منداڵییەوە، خاوەنی زیرەکییەکی بێ-وێنەو بیرتیژیش بوو".

پووشـکین تەمـەنی هێـشتا نەگەیـشتبووە بیـست سـاڵ، ببـووە شـاعیرێکی مـەزن‌و شیعرەکانی لە ناوەندی ڕۆشنبیرانی ڕوسدا باس‌و خواسی لەسـەر دەکـرا. بەشـێکی گرنگـی شیعرەکانی باسی لە کێشەی ئازادی دەکردو بە شێوەیەکی تۆکمەو ڕەسـەن گوزارشـتی لـێ دەکرد. ئەم جۆرە شیعرە نەیدەتوانی لەژێر چەپۆکی توندی ڕەقابەدا دەربـاز ببێـت، کـە لـە سەردەمی پووشـکین دا بەسـەر ئـەدەب‌و فیکـردا سـەپێنرابوو. کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا، شیعرەکانی پووشکین لەنێو خەڵکدا بڵاو ببوونەوەو بە نهێنی دەستاو دەسـتیان پـێ دەکـرا، ئەمەش قەیسەری ڕوس (ئەسکەندەری یەکەم)و دارو دەستەکەی توڕە کـرد، بۆیـە بڕیـاردرا پووشکین بۆ باشوری ڕوسیا دوور بخرێتەوە.٠

پووشـکین لـەنێوان سـاڵانی ١٨٢٠ – ١٨٢٥، بـۆ مـاوەی پێـنج سـاڵ لـە تاراوگـە دەمێنێتەوە، ئەو بەم دوورخستنەوەیەی هەستی بە بێزاری‌و ناخۆشی نەکردووە، بەڵکو دوور لە پایتەختی ڕوسیا، هەستی بە جۆرێك لە ئازادی‌و سـەرفرازی کـردووە. لـەو سـەردەمەدا شاری {پترسبۆرگ} پایتەختی ڕوسیا بوو، هەنووکە ئەو شـارە نـاوی بووەتـە لینینگـراد. دوورخستنەوەی لە پایتەخت، دەرفەتێکی باش‌و فراوان بوو بۆ پووشکین، چونکە لە میانـەی

دوورخستنەوەکەیدا، توانی بەردەوام بێت لەسەر خوێندنـەوەکانیو ژمارەیـەکی زۆریـش لـە شیعرەکانی بنووسێتو ژیانێك بژی، دوور لە چاوی ڕەقابەو ئەو کۆتو بەنـدە تونـدەی کـە دەسەڵات لە پایتەختدا سەپاندبووی.

پووشکین دوای مردنی ئەسکەندەری یەکەم، کە دەیچەوساندەوەو ڕاوی دەنـا، گەڕایـەوە بۆ پایتەخت، دوای ئەم قەیسەرە براکەی کـە نـاوی قوسـتەنتین بـوو، بـۆ ماوەیـەکی کـەم دەسەڵاتی گرتە دەست، پاشان دەسەڵات دەکەوێتە دەسـت بـرای سـێیەم (نیقـۆلا)، ئیـدی پووشکین ئەوەی مابوویەوە لـە ژیـان، لـە سـەردەمی ئـەم قەیـسەرەدا بەسـەری دەبـاتو ڕووبەڕووی توندترین قەیران دەبێتەوە، دواجار ژیانی بە کارەسـاتێکی جـەرگبڕ کۆتـایی پـێ دێت.

نیقـۆلا گـەورەترین زاڵـمو سـتمگەرە کـە ڕوسـیا بەخۆیـەوە بینیویـەتی، لەسـەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵاتی، شۆڕشێکی بەناوبانگ ڕوودەدات، شۆڕشـەکە دەیویـست قەیـسەر بڕوخێنێـتو کۆتـایی بـە سـتەمگەرییەکەی بهێنێـت، ئـەم شۆڕشـە بـە شۆڕشـی {دێسەمبەرییەکان} ناسراوە، چونکە لە ١٤ ی دێسەمبەری ساڵی ١٨٢٥ بەرپابوو، بـەڵام ئەم شۆڕشە سەرنەکەوتو شکستی هێنا. قەیسەر بە شـێوەیەکی تـابڵێی تونـدو دڵڕەقانـە مامەڵەی لەگـەڵ بەشـداربوانی شۆڕشـەکەدا کـرد. هەنـدێکیانی لەسـێدارە دا، هەنـدێکی دیکەیانی بۆ سیبریا دوورخستەوە. پووشـکین پەیوەندییـەکی باشـی لەگـەڵ ژمارەیـەك لـە ڕابەرانی دێسەمبەرییەکان هەبوو، بۆیە دەستەیەك لـەلای قەیـسەر بۆیـان تێـچاندو هـانی قەیسەریان دا سزای بدات، بەڵام ئەو بۆ تێچاندنە هیچ بەڵگەیەکی جدیی نـەبوو، تـاکو لـە ڕێگەیەوە سزای شاعیری گەورە بدرێ. ئەوان تەنها لەبەرئەوەی پووشکین هاوڕێی ژمارەیـەك لە ڕابەرانی شۆڕش بوو، گومانیان لێ دەکرد.

پووشکین- یش بۆ ئەوەی خۆی لـە سـزای تونـدی قەیـسەری زاڵـمو سـتەمگەر ڕزگـار بکات، هیچی لە بەردەمدا نەبوو تەنها ئەوە نەبێت داوای لێبـوردنی لـێ بکـات. نیقـۆلای

قەیسەریش پێی وابوو دەبێت بە ڕاستی لێی ببورێت، بۆیە ڕازی بوو چاوی بە پووشکین بکەوێتو ببینێت، قەیسەر لەم بینینەدا هەوڵیدا دەمی پووشکین چەور بکاتو وای لێ بکات ببێتە شاعیری دەرباری قەیسەرو لە شیعرو نووسینە جۆراو جۆرەکانیدا، بەرگری لە خۆیو لە دەوڵەتەکەی بکات.

ئاراستەی ئەو جۆرە ئیشکردنە، واتە بەرگریکردن لە قەیسەری زاڵمو ستەمگەرو هەڵوێستە ناڕەواکانی دژ بە ئازادیو پێشکەوتنی وڵاتو بوژاندنەوەی، هەروەها هەوڵدانی قەیسەر بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر میللەتدا، لە ڕێگەی توندوتیژیو تیرۆرو تۆقاندنەوە، ئاراستەی ئەو جۆرە ئیشکردنە تا بڵێی لە تێڕوانینو دڵو دەروونو عەقڵی "پووشکین"ەوە دوور بوو. چونکە ئەو شاعیرێك بوو باوەڕی بە ئازادی هەبوو، دەیویست میللەت هەستێتەوەو پێش بکەوێت. هەستی کردبوو قەیسەر ڕقی لە هەموو ئەو شتانەیە کە ئاستی میللەت بەرز دەکاتەوەو مافی زیاتری پێ دەبەخشێت.

پووشکین لە شیعرەکانیدا داوای دەکرد لە ڕێگەی ڕۆشنبیرییەوە، ئاستی میللەت بەرز بکرێتەوە، وەلێ قەیسەر بیروڕایەکی دیکەی هەبوو. قەیسەر لە نامەیەکیدا بۆ پووشکین گوزارشتی لەو بیروڕایەی خۆی کردووەو نامەکەش لە لایەن مامۆستا {نەجات سدقی} لە ڕوسییەوە کراوە بە عەرەبی، لەو نامە سەیرو سەمەرەیەداو لەسەر زمانی قەیسەر، ئاوا قسەکانی خۆی ئاراستەی پووشکین دەکاتو دەڵێ:

"ئەو قسەیەی تۆ کە دەڵێی ڕۆشنبیریو تێگەیشتن، دوو بنەمای سەرەکین بۆ پێشکەوتن، قسەیەکی مەترسیدارە دژ بە ئاسایشی گشتی، ئەوەش تۆمەتێکە دەتگەیەنێتە لێواری مەرگ. پێویستە لەوە تێ بگەیت کە ڕەفتاری باشو خزمەتی بەردەوام، پاڵپشت بە گوێڕایەڵیو دڵسۆزی، لە ڕۆشنبیریو ڕوناککردنەوەی عەقڵەکان باشترن. گەنجێکی گوێڕایەڵ، نمونەیەکی ڕاستو دروستە بۆ پەروەردەی نەتەوایەتی، نەك ئەو گەنجەی شەپۆلەکانی زانستو ڕۆشنبیری دەیهێنێتو دەیبا. پێویستە پەروەردەی

نەتەوایەتی، لەسەر ئەو پرنسیپانە دامەزریێت. وابزانم تۆی شاعیرو خاوەن عەقڵێکی زیرەکانە، بە باشی لە مەبەستم تێ دەگەیت".

ئەوە وشەکانی قەیسەر بوو بۆ شاعیری گەورە، پووشکین دوای ئەو نامەیە، بە ڕوونو ئاشکرایی بۆی دەردەکەوێت قەیسەر گەڤ و هەڕەشەی لێ دەکات، دەیەوێت لەناو قەفەزێکی ئاڵتونیدا بەندی بکاتو نەتوانێت لێی یاخی بێت. ئەم قەیسەرە گەرچی لە ڕووکەشدا خۆی وا دەردەخست بایەخو گرنگی بە پووشکین دەدات، بەڵام بە نیازە گۆبەندێکی گەورەی بۆ بنێتەوە. پووشکین هەوڵیدا ڕوخسەت لە قەیسەر وەربگرێتو بۆ ماوەیەکی کورت سەفەر بۆ فەرەنسا یان هەر وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا بکات، قەیسەر داواکەی ڕەتکردەوە. دواتر هەوڵی دا ڕوخسەتی لێ وەرگرێتو پایتەخت بەجێ بێڵێتو بڕوات بۆ لادێ، تاکو لەوێ هەندێ ئیسراحەت بکاتو کاتێکی هەبێت بۆ نووسینی بەرهەمە ئەدەبییەکانی، قەیسەر ئەم داوایەشی ڕەتکردەوە. بەم شێوەیە شاعیری گەورە، بەشێوەیەکی نارەسمی، لەناو پایتەختی وڵاتەکەیدا بەندکرا. قەیسەر بە پاساوی ئەوەی لە کۆتو بەندی ڕەقابەی سەر بەرهەمە ئەدەبیو فیکرییەکان بیبورێت، سەپاندی بە سەریدا، پێش ئەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی بڵاو بکاتەوە، پێویستە پیشانی خودی قەیسەری بدات، تاکو بیان خوێنێتەوە. لە ڕاستیدا قەیسەر دەیویست پووشکین بخنکێنێتو کۆتو بەندی بکاتو لێ نەگەڕێت بە شێوەیەکی سەربەستانە گوزارشت لە بیروڕا ئازادەکانی بکات.

بە درێژایی هەموو مێژوو، چیرۆکی ململانێی نێوان قەیسەر نیقۆلاو پووشکین، سەیرترین چیرۆکی ململانێیە لە نێوان ستەمگەرانو شاعیران. قەیسەر زەندەقی لە بلیمەتیی پووشکین چووبوو، تا بڵێی ڕقی لەو بلیمەتییە بوو. قەیسەر لەگەڵ بوونی شاعیرێکدا کە بە عەقڵو بە دڵی شەیدای ئازادی بوو، هەرگیز هەستی بەدڵنیایی دەسەڵاتە ڕەهاکەی نەدەکرد. شاعیرێك هاوسۆزبوو لەگەڵ کوڕوکاڵی میللەتەکەیدا،

شاعیرێك خاوەنی بلیمەتییەکی گەورە بوو کە لەوانەیە خەڵکی بـەلای خۆیـدا ڕابکێـشێتو ڕایەکی گشتی بەهێز لە دەورەی کـۆ ببێتــەوەو خەڵکەکـە بکەونــە ژێــر کاریگــەریی ئــەو بیروڕایانەی بانگەشەی بۆ دەکات، بەتایبەتی ئەو بیروڕایانە بە شێوازێکی هونەری بـاڵا و پـڕ جوانیو ئەفسووناوی دەردەکەوتن.

قەیسەر زۆر لە پووشکینی شاعیرو کاریگــەریی بیروڕاکـانی دەترسـا. لـەپاڵ ئەوەشــدا ڕقێکی زۆری لە پووشکین دەبووەوەو لە بەرامبەریدا هەسـتی بـە ئیرەیـیو کینەیـەکی زۆر دەکرد. ئەگەر قەیسەر خاوەنی هەموو شکۆیەکی دەسەڵاتو سەروەتو سـامان بێـتو بـە شێوەیەکی ڕەها تەحەکوم بە چارەنووسی خەڵکییەوە بکات، ئەوا پووشکین-یـش بـۆ خـۆی قەیسەرێکی دیکە بوو، بەڵام لەناو دڵو عەقڵی خەڵکیدا. ئەم شاعیرە گەورەیە بەبێ ئــەوەی هێزی هەبێت، بەبێ ئەوەی چەك یان سەربازی هـەبێتو تـرسو تۆقانـدن بەسـەر خەڵکیـدا بسەپێنێت، پێگەیەکی بەرزی لە سـەردەمەکەی خۆیـدا داگـیر کردبـوو. ئـەو بـە ویـستی خەڵكو بە هەڵبژاردنی خەڵكو بە خۆشەویستییان بۆ هونـەرە جوانەکـەی، ببـووە قەیـسەرو ئیمپراتۆر.

لەوانەیە لێرەدا پرسیار بکەینو بڵێین: بۆچی پووشکین- ی شاعیر بە تـەواوی خـۆی لـە چنگی قەیسەر نیقۆلا دەرباز نەکردو لێی دوور بکەوێتــەوەو بـە ئـازادیو سەربەسـتی بـۆ هونەرەکەی بژی؟ بۆچی دوور لە کەشو هـەوای دەسـەڵات کـە فـشاری خـستبووە سـەرو هەوڵی دەدا بیخنکێنێت نەژیا؟ وەڵامەکەی ئەوەیە پووشکین نەیدەتوانی بە هـیچ شـێوەیەك لە شێوەکان ئەوە بکات، ئەو تاکێك بوو لە تاکەکانی چینی ئەرستۆکراتی، لەو سـەردەمەدا ئەم چینە بە بەشێك لەڕژێم دادەنرا، پووشکین-یش بـە حـوکمی پێگـە کۆمەڵایەتییەکـەی، یەکێك بـوو لـە فەرمانبـەرە گـەورەکانی دەوڵـەتو تاکێـك بـوو لـە تاکـەکانی کۆشـکی پاشایەتی، لەمەشدا هیچ حەزو ویستێکی خۆی تێدا نەبوو. ئـەو هـەوڵی دا دەسـت لـەکار

بكێشێتەوەو بۆ هەتاهەتایە لە دارو دەستەی کۆشکی پاشایەتی بێتە دەرەوە، بەڵام قەیسەر ئاوا وەڵامی ئەو دەست لەکارکێشانەوەیەی داوەتەوە:

(بۆ تۆ باشترە لای ئێمە بمێنیتەوە نەك بە تەنها هەرخۆت بیت).

قەیسەر بە وەزیری ناوخۆکەی دەڵێت: (من ئەمجارە لە ئازایەتیی پووشکین خۆش دەبم کە داوای کردووە لەلای ئێمە نەمێنێتەوە، داوا لە تۆ دەکەم بانگی بکەیت بێت بۆ لام، تاکو تێی بگەیەنم هەموو شتێك کۆتایی هەیە).

ئیدی کاتێ پووشکینو قەیسەر بەیەك دەگەن، قەیسەر بە هەڕەشەیەکی ڕوونو ئاشکرا بە پووشکین دەڵێت:

"ئێمە سەرپشکت دەکەین، لەنێوان مانەوە لە پایتەخت یان دەست لەکارکێشانەوە، لەگەڵ ئۆباڵی هەموو ئەو ئاکامانەی لەئەنجامی ئەو دەست لەکارکێشانەوەیە ڕوودەدەن".

بەم جۆرە پووشکین نەیتوانی لە ستەمی قەیسەر ڕزگاری ببێت، قەیسەر سوور بوو لەسەر ئەوەی پووشکین لەژێر چنگیدا بمێنێتەوە، نەك لەبەر ئەوەی خۆشی دەویست، بەڵکو لەبەر ئەوەی لێی دەترساو ڕقی لێی بوو، هەروەها دەیویست کاریگەرییە فراوانەکەی لەسەر خەڵکی کەم بکاتەوە.

لێرەوە کارەساتی پووشکین بەرەو کۆتاییە دیاریکراوەکەی دەست پێدەکات. شاعیر ویستی ئەو فشارە زۆرەی کە لە سەریەتی کەم بکاتەوە، بۆیە بڕیاری دا ژن بهێنێت، بەو هیوایەی بتوانێت لە ڕێگەی ژیانێکی خێزانیی کامەرانەوە، دورگەیەك بدۆزێتەوەو تێدا ئیسراحەت بکاتو ئارام بگرێت، دوور لە ڕقو کینەی کۆشكو چاودێرییە بەردەوامەکەی.

پووشکین کە تەمەنی ۳۲ ساڵ بوو، کچێکی لە چینەکەی خۆی هەڵبژارد، ئەویش {ناتالیا جۆنتشارۆفا} بوو. ژنەکەی ئەگەرچی ڕۆشنبیرییەکی فراوانی نەبوو، بەڵام تا بڵێی کچێکی شۆخو شەنگ بوو، ئەو خوێندنەی فێری ببوو، خوێندنی ئەرستۆکراتیەکان بوو،

خوێندنێك ئامادەی دەكات بۆ ئەوەی ژیانی ئەو چینە بژی كە پڕە لـە ئاهـەنگو پەیوەنـدی كۆمەڵایەتیو گرنگیدان بە ڕواڵەتو خۆدەرخستن.

ئیدی پووشكینو هاوسەرە شـۆخەكەی، بوونـە دوو سـیمای هەمیـشەیی ئاهەنگـەكانی كۆشكی قەیسەر، هاوسەرەكەی بەوە دڵخۆش بوو، بەڵام شاعیرە گەورەكـەی مێـردی، بـەو كەش و هەوا خنكێنەرە بێزار دەبوو، بە هـەموو هێـزی هـەوڵی دەدا خـۆی لێیـان دەربـاز بكات. وەلێ بە هیچ شێوەیەك لە شێوەكان، نەیدەتوانی ئەوە بكـات. ناچـار پووشـكین بـە دڵێكی پڕ ئێشو ئازارەوە كە تەنها خـاوەن ڕۆحـە گـەورەكانو ئـیرادە بـەهێزەكان بەرگـەی دەگرنو دەزانن گلەییو گازەندەو هەناسە هەڵكێـشان هـیچ سـودێكی نییـە، بـە ناچـاری تەسلیمی ئەمری واقیع بوو. بەڵام سەبارەت بە ژیانی هاوسەرگیرییەكەی، ئەوا پووشكین لـە نامەیەكیدا بۆ یەكێك لە هاوڕێكانی، بەم شێوەیە باسی دەكات:

"من لەم ژیانە تازەیەمدا، ئەوەندە دڵخۆشو بەختـەوەرم كـە وەسـف ناكرێـت. تـەنها ئارەزووم ئەوەیە هیچ شتێك لە شێوازی ژیانی ماڵداریم نـەگۆڕێ، چـونكە مـن پێـشبینی حاڵەتی لەمە باشتر ناكەم كە هەنووكە تێیدا دەژیم. زیادەڕۆیی ناكەم گـەر پێـت بڵـێم مـن هەست دەكەم تازە لە دایك بووبم".

لەم كاتو ساتەدا ناوبانگی ئەدەبی شاعیر بەرزتر دەبووەوە، تا وای لێهات لـە ئاسمـانی ئەدەبو هونەردا، بووە ئەستێرەیەكی پرشنگدار هیچ ئەستێرەیەكی دیكە شـانی لـە شـانی نەدەدا. هەروەها دوای ژنهێنانەكـەی، دوو كـوڕو دوو كـچی بـوو. بـەڵام بـۆ بەدبـەختی، ئەمجارەیان هاوسەرە شۆخەكەی (ناتالیا)، بووە دەروازەیەك بۆ نەیارو دوژمنـەكانی شـاعیر، لەسەرووهەموویانەوە قەیسەر، تاكو لـە ڕێگـەی هاوسـەرەكەیەوە ئـازاری شـاعیر بـدەنو بەردەوام ژیانی لێ تاڵ بكەن. قەیسەر سەرسامبوونی خۆی بـۆ ناتالیـای شـۆخ دەردەبـڕیو سووربوو لەسەر ئەوەی ئامادەی ئاهەنگەكانی كۆشك بێت، هەروەها سووربوو لەسەر ئەوەی خودی خۆی بەشداری سەماكانی ناتالیا بكات.

دواتر لە نێوەندی چینی ئەرستۆکراتیدا، گەنجێکی فەڕەنسی کە لە پـاریس ڕای کردبـوو دەردەکەوێت، ئەو گەنجە لاوێکی قۆز بوو، هێشتا بیستو چوار ساڵی تەواو نەکردبوو، بەڵام گەنجێکی کەم عەقڵ بوو، هیچ ڕۆشنبیرییەکی نەبوو، تەنها بڕێکی زۆر کەم نەبێت، کـە بـۆ ژیان لەناوەندی چینی ئەرسـتۆکراتیو بەشـداریکردن لـە ئاهەنگـە پـڕ ژاوەژاوەکـانی ئـەو چینەدا، دەستی دەدا. ئەو گەنجە ناوی "دانتس" بوو.

"دانتس" تا بڵێـی لاوێکـی جـوانو ڕێکپـۆش بـوو، زۆر بـە باشـی مەشـقی لەسـەر قسەوباسی ناو ساڵۆنەکان کردبوو، زۆر لێزانانەو بەشێوەیەکی ناسكو نەرم و نیانو فـێڵاوی مامەڵەی لەگەڵ ئافرەتاندا دەکرد. ئـەم گەنجـە فەڕەنـسییە زۆر بـە خێرایـی خـۆی لەگـەڵ کۆشکی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیدا دەگونجێنێتو لە پاسەوانیکردنی ئیمپراتۆردا پلـەی ئەفـسەر وەردەگرێت. بگرە باڵیۆزی هۆڵەندە لە ڕوسیا کە ناوی "هیکرن"ە، لەبـەر ئـەوەی منـداڵی نییە، بۆیە بە پەرۆشەوە ئەو لاوە فەڕەنـسییە هەڵدەگرێتـەوەو دەیکـات بـە کـوڕی خـۆی. لێرەوە هەموو داخ لەدڵەکان، لەسەرو هەموویانەوە قەیسەر، "دانـتس" وەك ئامێرێـك بـۆ لێدانێکی جەرگبڕانەی، شاعیری گەورە، بەکار دەهێنن. دانتس ژنەکەی پووشکین دەبینێتو پێی سەرسام دەبێت، ئیدی دەکەوێتە شوێنیو هەمیشە بە دوایەوە دەبێتو بـە شـێوەیەکی توندو ناشرین شەیدای دەبێتو دڵداری لەگەڵ دەکات.

وەلێ پووشکین دڵنیایە لە شەرەفو پاكو بێگەردیی ژنەکـەی، بۆیـە مەسـەلەکەی زۆر بەلاوە گرنگ نابێت. بەڵام مەسـەلەکە لـە کۆمەڵگـەی ئەرسـتۆکراتی ڕوسـیادا، بـەردەوام قسەی لەبارەوە دەکرا، جارێك ناتالیـای ژنـی شـاعیریان تۆمـەتبار دەکـرد بـەوەی بووەتـە دۆستی قەیسەر، جارێکی دیکە تۆمەتباریان دەکرد بەوەی پەیوەندییەکی ناشەرعیی لەگـەڵ گەنجە فەڕەنسییەکە دانتس-دا هەیە. ڕۆژێکیان پووشکین نامەیەکی واژۆنـەکراوی بەدەسـت دەگاتو تێیدا نووسراوە ئەو بووەتـە ئەنـدامێکی بـەرزی کۆمەڵـەی "خـاوەن قۆچـەکان - اصحاب القرون"، بگرە بووەتە یاریـدەدەری سـەرۆکی کۆمەڵەکـە. دەسـتەواژەی "خـاوەن

قۆچەکان" لە زمانی میللی میسرو هەموو زمانەکانی دیکـەی جیهانـدا، دەسـتەواژەیەکی ناسراوە، مەبەست لێی ئەو پیاوانەیە کە هەڵخەڵەتێنراونو ژنەکانیان خیانەتیان لێ دەکـەنو ئەوانیش گوێی پێ نادەن، یاخود لە بنەڕەتدا هەر ئاگایان لـەو خیانەتـەی ژنـەکانیان نییـە. (لە زمانی کوردیدا دەڵێین قۆچ یان شاخی لێ ڕواوە -و-).

پووشکین هەرچەندە دڵنیایە لە ژنەکەی، وەلێ هەست دەکات سومعەی لەکـەدار بـووە، ئیدی بەرگەی ئەو ئازارە زۆرە ناگرێت کە دووچاری ببوو، بەتایبەتی کار گەیشتە ئەوەی بـە نووسین ئەو تۆمەتە ئازار بەخشەی بۆ هەڵبەستن کە هیچ ئامانجێکی نییە تـەنها سـوکایەتی پێکردنو وروژاندنی غیرەتیو تاقیکردنەوەی جوامێریەکـەی نـەبێت. دواتـر پووشـکین ئـەو کەسانە دەناسێت لە پـشت ئـەو سـوکایەتی کردنـەوە ڕاوەسـتاون، لەسـەرو هەموویانـەوە دانتس- ی فەڕەنسی. بۆیە داوا لە دانتس دەکات شەڕەشـێر بکـەن. دانـتس ڕازی دەبێـت. پاشان قەیسەر بەم بەسەرهاتە دەزانێت، وەلێ شەڕەشیر بە پێی یاسا قەدەغە کرابـوو، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەیسەر هیچ ڕێنماییەك دەرناکات بۆ قەدەغە کردنـی شەڕەشـیرەکە. بگـرە دەڵێین ئەو هەندێ ڕێنمایی پێچەوانەی داوەتە پیـاوانی پـۆلیس، بـەوەی هێزێکـی پـۆلیس بڕوات بۆ شوێنێك کە شوێنی شەڕەشیرەکە نییە، بە پاساوی ئەوەی گوایە هەڵەیان کـردووەو شوێنی ڕاستەقینەی شەڕەشیرەکەیان نەزانیوە.

ژمارەیەك لە ئازیزانو خۆشەویـستانی پووشـکین هەوڵـدەدەن، نەیـەڵن پووشـکین ئـەو شەڕەشیرە بکات، بەڵام سەرکەوتوو نابن. پووشـکین بـەبێ ئاگـاداری ژنەکـەی دەڕوات بـۆ ئەنجامدانی شەڕەشیرەکە. نووسەری فەڕەنسی {هێنری ترویا} لە کتێبەکەیدا سـەبارەت بـە پووشکین کە دکتۆر (فواد ئەیوب) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، دەڵێ:

"پووشکین دوای ئەوەی جوانترین جلو بەرگی لەبـەر دەکـات، بـۆن لـە خـۆی دەدات، پاڵتۆکەی هەڵدەگرێتو لەماڵ دەچێتە دەرەوەو دەڕوات بۆ شەڕەشیرەکە. بەڵام بۆ بەدبـەختی پووشکین، شەڕەشیرەکە بە برینداربونێکی کوشندە لە سکی پووشکیندا کۆتایی پـێ دێـت،

شەڕەشیرەکە لە ٢٧ کانونی دووەمی ساڵی ١٨٣٧ ڕوو دەدات، دوای ئەوە پووشکین بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەدەست ئێش‌و ئازاری برینەکەیەوە دەناڵێنێت، هەوڵی پزیشکەکان بۆ چارەسەرکردن‌و ڕزگارکردنی بێ سوود دەبێت. ئیدی بەهۆی کاریگەری برینەکەیەوە لە ٢٩ کانونی دووەمی ١٨٣٧، لە تەمەنی ٣٨ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات".

بەم شێوەیە ئەم شاعیرە مەزنە کۆتایی بە ژیانی دێت‌و دەبێتە قوربانیی ئەو ڕق‌و کینە زۆرەی دەوروەی دابوو، ڕق‌و کینەی چینی ئەرستۆکراتی کە تەنها لە گەمەو گاڵتەو بەزم‌و سەفاو ئاهەنگی ڕووکەشانە زیاتر، هیچی دیکەی نەدەزانی. ئەو چینە حەزی بە بلیمەتی‌و هونەری ڕەسەن‌و بیری ئازاد نەدەکرد. پووشکین نەیتوانی بەرگەی ئەو هەموو ڕاوەدونانە بەردەوامە بگرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کار گەیشتە لەکەدارکردنی سومعەو شەرەفی، بۆیە هەوڵی دا تۆڵەی خۆی بکاتەوە، وەلێ هێزی ڕق‌و کینەو سووربوونی ئەو هێزە بۆ تێکشکاندنی پووشکین، لە هەموو شتێك بەهێزتر بوو. بە تایبەتی ئەوەی لە ژێرەوە دنەو هانی ئەو ڕق‌و کینەیەی دەدا، خودی قەیسەرو دارو دەستەکەی، لە پیاوان‌و ژنانی کۆشك بوو.

ئەگەر چی ژیانی ئەم شاعیرە مەزنە بەم شێوە تراژیدییە کۆتایی پێهات، ئەوا ئەدەبەکەی هێشتا ڕوناکی هێزی تازەگەری‌و سیحری هەمیشەیی لێوە دەردەچێت. کارە نایابەکانی، نمونەی ئەدەبێکی نەمرەو ڕۆژانە خوێنەر بێ- هەستکردن بە بێزاری‌و وەڕسی، پێشوازییان لێ دەکات. هەروەها لە سینەماو شانۆکاندا نمایش دەکرێن‌و سەمای بالێی نایاب‌و کاری مۆسیقای مەزنیان لێوە بەرهەم دەهێنرێن. لەو کارانە "کچی ئەفسەرێك"، "سوارچاکێکی برۆنزی"، "شەوانی میسر"و چەندین شاکاری دیکەی ئەدەبی جیهانی کە نەوە دوای نەوە بە تەڕو پاراوی‌و جوانی دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەوانەی پیلانیان لە دژی پووشکین گێڕا، لە سەروو هەموویانەوە قەیسەر نیقۆلای ستەمکارو گەنجە فەڕەنسییە هیچ‌و پووچەکە "دانتس"و دارو دەستەی کۆشکی قەیسەر لە

کوڕوکاڵی چینی ئەرستۆکراتی ڕوسی ڕووکەش‌و گاڵتەجاڕ، هەر هەموویان فـڕێ درانـە نـاو زبڵدانی مێژووەوە. هیچ کەسێك یادیان ناکاتەوە تەنها بە ڕیسواکردن‌و نـەفرەت- لێکـردن‌و ئەفەرۆزکردنیان نەبێت. ئەوەی وا دەکات ڕۆحی شاعیری مـەزن دڵخـۆش‌و بـەرزەفڕ بێـت‌و سوکنایی پێ ببەخشێت، ئەوەیە دەنگی بە نەمری‌و بـەرزی ماوەتـەوە- وەك ئـەوەی خـۆی لەبارەی خۆیەوە دەیڵێ- هەمیشە توانای ئەوەی هەیە بـچێتە نێـو دڵ‌و دەرونـی نـەوەکانی داهاتووەوە.

# گۆتە.. عاشقێك تەحەدای جیهان دەكات



گەورە ئەدیبی ئەڵمانی "گۆتە"، گرنگترین ئەدیبی ئەڵمانیایە، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە هەمووان بەناوبانگترو کاریگەرتربووە. بگرە ئەم ئەدیبە گەورەیە تاکو ئێستاو دوای تێپەڕبوونی زیاد لە سەدو پەنجا ساڵ بەسەر مردنەکەیدا، لە هەموو ئەدیبەکانی دیکەی ئەڵمانیا بەناوبانگترو بایەخدارترە.

گۆتە لە ئەدەبی ئەڵمانیدا، وەك شەکسپیر وایە لە ئەدەبی ئینگلیزیو وەك تۆلستۆی یان دیستۆفسکی وایە لە ئەدەبی ڕوسیدا، وەك موتەنەبی یان تەها حسێن وایە لە ئەدەبی عەرەبیدا. کۆدەنگییەك لەسەر بەهای ئەدەبەکەیو گرنگی کارە جیاواز جیاوازەکانی دیکەی هەیە، لەسەرو هەموویانەوە "ئازارەکانی ڤارتەر"و "فاوست"، ئەم کارانە تا ئێستاش لە ئەدەبی ئەڵمانیدا، پێگەیەکی بەرزیان لە ڕیزی پێشەوەی کارە نەمرەکان داگیر کردووە، بگرە پێگەیەکی نەمریان لە ڕیزی پێشەوەی ئەدەبی مرۆڤایەتی داگیرکردووە.

هیچ زمانێکی زیندوو لە زمانەکانی جیهان نادۆزیتەوە، ئەو دوو کارە گەورەیەیان وەرنەگێڕابێت. ئەم دوو کارە، پێش نیو سەدە لەمەوبەرو لەڕێگەی قەڵەمی دوو ئەدیبی گەورە لە ئەدیبە هاوچەرخەکانمان، وەرگێڕرانە سەر زمانی عەرەبی، چیرۆکی ئازارەکانی ڤارتەر "ئەحمەد حەسەن ئەلزەیات" لە فەڕەنسییەوە وەری گێڕا، بەڵام "فاوست" دکتۆر "محەمەد عەوەض محەمەد" لە ئەڵمانییەوە وەری گێڕا.

گۆتە تا تەمەنی هەشتاو سێ ساڵی ژیا، ساڵی ١٧٤٩ لەدایکبووە، ساڵی ١٨٣٢ کۆچی دوایی کردووە. گۆتە بە درێژایی ژیانی تەندروستی باش بووەو جەستەیەکی بەهێزی هەبووە. ئەوەی یارمەتی داوە تەندروستی بە باشیو بەهێزی بمێنێتەوە، ئەو وردبینیو ڕێكوپێکییە بووە کە لە هەموو هەڵسوکەوتێکیدا ڕەنگی داوەتەوە. گۆتە لەو کەسانە نەبوو کە خاوەنی ئیرادەیەکی لاوازن، تەندروستی خۆی بە یاریو کەیفو سەفاو مانەوە تا درەنگانێکی شەو، شەکەتو ماندوو نەدەکرد. گۆتە بەهۆی ناوبانگو سەرکەوتنە ئەدەبیو

مادیو پێگە کۆمەڵایەتییە بەرزەکەیەوە، دەیتوانی بە ئاسانی هەموو ئەو شتانە لە کەیفو سەفاو مانەوە تا درەنگانی شەو ئەنجام بدات.

ئیمپراتۆری ئەڵمانی (جۆزێفی دووەم) پلەی "خانەدان- نبیل"ی پێ بەخشی، ئەم پلەیە لە سەردەمی گۆتە دا بەهایەکی بەرزی هەبوو، هەروەها دەرفەتی ئەوەی پێ دەدا تێکەڵاوی چینی ئەرستۆکراتی سەردەمەکەی ببێت. هەموو ئەوانەش بۆ ئیغرا کردنی گۆتە بوو، تا ڕۆبچێتە ناو لەزەتو کەیفو سەفاو خۆشیی ژیانی ئەرستۆکراتی کە لەبەردەمیدا کراوە بوو، ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی تەندروستی لاواز بکاتو بێ بەشی بکات لە بەهێزی جەستەی کە بەدرێژایی تەمەنی هەیبوو. دەرئەنجامی ئەمەش دەبووە هۆی بێبەشبوونی لەوەی هزرێکی پاكو ڕوونی هەبێت، دەبووە هۆی نەمانی هێزی بلیمەتیو توانا بەرزەکەی بۆ داهێنانی هونەری.

بەڵام گۆتە خۆی نەدا بەدەست ژیانی گەمەو بەزمو سەفای ئەرستۆکراتییەوە، ئەو لەسەر وردەکاریو ڕێكوپێکی لە هەڵسوکەوتو نەریتە جۆراو جۆرەکانی خۆی مایەوە. پارێزگاری لە زیندووییو چالاکیی خۆی کرد، تاکو دواتر لە بەرهەمهێنانی کارە ئەدەبییە گەورەکانیدا، پشتیان پێ ببەستێ. گۆتە خانوویەکی قەشەنگی لە شاری "فایمار" کڕیو بە درێژایی ژیانی لەو خانووەدا مایەوە، نە خانووەکەی جێ دەهێشتو نە ئەو شارە بچووکەی هەڵی بژاردبوو تێیدا بژی. گۆتە بەوە نەناسراوە کە ئارەزووی سەفەرو گەڕانی بەنێو وڵاتانی ئەورووپیدا یان وڵاتە جیاواز جیاوازەکانی دیکەی جیهاندا هەبێت. گۆتە بە درێژایی ژیانی، تەنها بۆ چەند گەشتێکی کەمو سنوردار، شارەکەی خۆی جێهێشتووە. بەناوبانگترینیان ئەو گەشتە بوو کە چوو بۆ ئیتالیاو ساڵێکی ڕەبەق لە ئیتالیا مایەوە.

وەلێ گۆتە زۆرترین ساڵەکانی تەمەنی لە "فایمار" بردووەتە سەر، ئەم شارە لە سەردەمی "گۆتە"دا شارێکی بچووکی هێمن بووە. وەك شارە گەورەکانی دیکە، بەدەست قەرەباڵغیو هاتو هاوارو قیڕە قیڕەوە نەینالاندووە. گۆتە لەم ئارەزووەوە بۆ جێگیربوون لە

تاقە شوێنێکی هێمنو ئارامدا، توانی تەندروستی ڕۆحیو جەستەیی بەدەست بهێنێتو تاکو دواهەمین ڕۆژەکانی ژیانی، بەقووڵیو بە فرەیی بەردەوام بێت لەسەر کارە ئەدەبییەکانی. گۆتە تا پێش مردنی بە چەند هەفتەیەك، سەرقاڵی ئیشکردنو نووسین بووە. ژیانی گۆتە نمونەیە بۆ ئەو سەرکەوتنەی لە ژیانی مرۆڤێکی بلیمەتدا دێتە دی، ئەگەر ئەم مرۆڤە ئاراستەیەکی جێگیرو هێمنو ئارام وەرگرێت کە لەیەك کاتدا وا دەکات بەرهەمی زۆرو بەپێزی هەبێت.

سەیرەکە لەوەدایە گۆتە لە ژیانیداو لەلایەن هەندێ لە هاوسەردەمەکانییەوە، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی توند بووەتەوە، هۆکاری ئەو ڕەخنە توندەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕازی بووە پلەی "خانەدان" لە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی وەربگرێت، هەروەها ڕازی بووە لە دۆقییەی "فایمار" لەژێر نازناوی "ڕاوێژکار"ی حاکمی ئەو شارە ئەڵمانییە (دۆق :کارل ئۆجست:) ببێت بە فەرمانبەر. ئەوانەی ڕەخنەیان لە گۆتە دەگرت، دەیان وت ئەدیبێکی گەورەی وەك ئەو کە بە هۆی بەهرە ئەدەبیو هونەریو فیکرییەکەیەوە، پێگەیەکی بەرزو بڵندی بەدەست هێناوە، نەدەبوو ڕازی بێت بەوەی دوای دۆقی "فایمار" بکەوێتو لەلای ببێت بە کارمەند. نەدەبوو ڕازی بێت نازناوی "خانەدان" لە ئیمپراتۆری ئەڵمانی وەربگرێتو بەوە تەنها دەبێت بە خشڵێكو بە زینەیەك لە کۆشکی دۆقو ئیمپراتۆردا، گۆتە زۆر لەوە گەورەترو مەزنترە.



**شەکسپیر**

شەکسپیر لەسەردەمەکەی خۆیدا، وەك هونەرمەندێکی شانۆکار، گەیشتە پێگەیەکی بەرزو بووە شوێنی سەرسامبوونێکی فراوانی کۆشکی پاشایەتی ئینگلیزو ڕێزێکی

گەورەیان لێ دەنا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شکسپیر هەرگیز هەوڵی نەدا نازناوێك یان وەزیفەیەك لە کۆشکی پاشایەتی وەربگرێت. بگرە شەکسپیر سوور بوو لەسەر ئەوەی پارێزگاریی لە پێگەی خۆی وەك هونەرمەندێك بکات، ئەو ئەوەندەی بەس بوو پارێزگاریی لەو بەها بەرزە بکات کە لە ڕێگەی شانۆگەرییە نەمرەکانییەوە بەدەستی هێنابوو. هونەرمەندی ڕاستەقینە لە هەموو نازناوەکانو وەزیفەکان گەورەترە، کە هەندێ هونەرمەندی بچووكو کەم- توانـاو سنوردار هەوڵی بۆ دەدەن. هەرچی هونەرمەندە گەورەکانە، پێویستە لەسەریان ڕێزی خۆیان بگرنو خۆیان لە سەروو هەر جۆرە ڕێزلێنانێکەوە دابنێن، جگە لەو ڕێزلێنانە نەبێت کە لە ڕێگەی بەهرە هونەرییە بەرزەکەی خۆیانەوە وەری دەگرن.

ئەوە تێڕوانینی ئەو کەسانە بوو کە ڕەخنەیان لە "گۆتە" دەگرت، چونکە ڕازی بووە وەزیفەیەکی حکومی وەربگرێت لە توانای خۆی کەمتربوو، هەروەها لەبەر ئەوەی ڕازی بووە نازناوێك لە نازناوەکانی ڕێزلێنان وەربگرێت کە نازناوی خانەدانە. ئەو هیچ پێویستییەکی بەوانە نییەو دەبوایە نە وەری بگرتایەو نە پێیان ڕازی بوایە. ئەمە ئەو ڕەخنەیە بوو کە هەندێ لە هاوسەردەمەکان ئاراستەی گۆتەیان کرد، بەڵام هونەرمەندی گەورە ئاوڕی لەو جۆرە ڕەخنانە نەدایەوەو بەلایەوە گرنگ نەبوو.

گۆتە لەو کەسایەتیانە بوو، سەبارەت بە کاروبارەکانی ژیان، تێڕوانینێکی واقیعیو عەمەلی هەبوو. ئەو دەیویست لەگەڵ ژیانو دەوروبەری تەبا بێتو نەیدەویست هەرگیز بچێتە ناو ململانێیەکی دەرەکییەوە کە لەوانەیە چی توانای هەیە بەفیڕۆی بداتو هێمنیو ئارامی ڕۆحو هزری لێ تێك بدات. چونکە لەوانەیە ئەو ململانێیە تووشی جۆرێك لە دڵەڕاوکێی بکات، ئەو دڵەڕاوکێیەش کار بکاتە سەر چوستیو چالاکیو هێزی تەندروستییەکەی. ئەمەش دواجار دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانای خۆ تەرخانکردنی بەشێوەیەکی هێمنو ئارام بۆ ئەدەبو هونەرەکەی.

پێ دەچێت گۆتە دەرکی بەوە کردبێت ئەو لە سەردەمێکدا دەژی پڕە لە گێـژاوی تونـدو گۆڕانکاری تیژ، گۆتە سەردەمی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسی بینیـوە کـە هـەموو ئـەورووپای هەژاندو چەندین جەنگی جیاواز جیاوازی تێدا بەرپا کرد. هەروەها لە سـەردەمی ناپلیۆنـدا ژیاوە، بە هەموو ئەو گۆڕانکارییە توندانـەی کـە ئـەو سـەردەمە لەگـەڵ خۆیـدا هێنـایو دووچاری تەواوی ئەورووپا هات، بگرە گۆتە ئەڵمانیای بـینی لەلایـەن نـاپلیۆن- ەوە داگـیر دەکرێ.

ناپلیۆن گەشتە شاری فایمار کە تێیدا گۆتە ژیانی دەبردە سـەرو لـە دڵـەوە هیواداربـوو هێمنیو ئارامی بەدەست بهێنێتو دوور بکەوێتەوە لە هەژانو گێـژاوەکان. کـاتێ نـاپلیۆن دەگاتە شاری فایمار، داوا دەکات گۆتە ببینێت، بە ڕاستیش دەیبینێتو بـە باشـترین شـێوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. ناپلیۆن دوای بینینی گۆتە قسە بەناوبانگەکـەی دەڵـێ: (ئەمـە پیاوە- هذا رَجل). ناپلیۆن دوای ئەوەی ئەدەبەکـەی گۆتـەی خوێنـدبووەوەو پێـی سەرسـام دەبێت، بە کەسێتیی گۆتە زۆر سەرسام دەبێت.

لەو سەردەمە شێواوەدا کە پڕ بووە لە کێشەی گەورەو گۆڕانکاریی گـەورە، ئـەدیبێکی وەك گۆتە چی بکردایە؟ ئەدیبێك هیچی نەبوو تەنها بەهرە گەورەکەی نەبێتو نەیدەویـست خۆی ڕادەستی بارودۆخە نالەبارو شێواوەکەی دەوروبەری بکات. بگرە دەیویست خـۆی لـەو بارودۆخە نالەبارو شێواوە ڕزگار بکاتو لێی دوور بکەوێتەوە، تاکو توانایـەکی تەندروسـت بۆ گوزراشتکردن لە بیروڕاو ئەزموونە مرۆڤایەتیەکان بەدەست بێنێت.

گۆتە زۆر گوێی بەو کەسانە نەدەدا کە بـەهۆی وەرگـرتنی وەزیفـە حکومییەکـەوە لـە کۆشکی فایمار ڕەخنەیان لێ دەگرت. ئەو وەزیفەیە برێـك لـە هـێمنیو ئـارامی بـۆ دابـین کردبوو، سەرەڕای ئـەوە وەزیفەکـەی وەزیفەیـەکی قـورسو توانـا پـڕوکێن نـەبوو، بـەڵکو وەزیفەیەکی تەشریفاتی بوو، بەهۆیەوە بارگرانی زۆری لەسەرشان نەبوو. هەموو ئامانجی لـە

پشت ئەو کارەوە، ئەوەبوو لە ماڵەکەیدا بە هێمنی بژیو خۆی بۆ کارە فیکریو هونەریەکانی تەرخان بکات.

لە ڕاستیدا مێژوو پەیوەستبوونی گۆتەی بە کۆشکی ئیمپراتۆرەوە لە فایمار لەبیر کردو نازناوی خانەدان- یشی لەبیر کرد کە ئەم ئەدیبە گەورەیە وەری گرتبوو. هەموو ئەوانە تەنها بە چەند دێڕێکی کەم باسیان لێوە دەکرێت. چونکە ئەوەی لە "گۆتە"وە بۆ خەڵکی ماوەتەوە، بریتییە لە کارە مەزنەکانی، وەك "ئازارەکانی ڤارتەر"و "فاوست". ئەو دوو کارە سەرەتاو مژدەی هاتنی سەدەیەکی تازەیان ڕاگەیاند. ئازارەکانی ڤارتەر، ماڵئاواییو لاواندنەوەی سەدەی خەیاڵو ڕۆمانسیەتە لە مێژووی مرۆڤایەتیداو پێشبینیکردنی ئەوەش بوو کە مرۆڤ دەچێتە سەدەیەکی دیکەوە کە سەدەی عەقڵو بایەخدانێکی بەرفروانە بە واقیع. بەڵام فاوست، مژدەیەکی جوانە بەوەی مرۆڤ ئیدی بەشێوەیەکی گەورە پشت بە زانست دەبەستێتو لە ڕێگەی زانستەوە، زۆرێك لە نهێنیەکانی سروشتو دەروون ئاشکرا دەکات.

ئا بەم شێوەیە گۆتەی مەزن، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بانگەشەی بۆ ئەمە دەکرد: سەدەیەك کۆتایی پێهاتووە کە سەدەی سیحرو خورافاتو خەیاڵە، سەدەیەکی تازە دەستی پێکردووە کە سەدەی زانستو واقیعە، سەدەی ئاشکراکردنی نهێنیەکانی سروشتە لە دەریاو زەویو ئاسمان، تەنانەت لە خودی جەستەی مرۆڤیشدا. گۆتە هەوڵی دەدا لەگەڵ دەسەڵاتو خەڵکی سەردەمەکەی، بە ئاشتی بژی، تاکو لە پێناو داهێنانە هونەریو فیکرییەکانیدا، پارێزگاری لە هێزی بلیمەتییەکەیو لە هێزی عەقڵی بکات. بۆیە گۆتە دوور کەوتەوە لەو جەنگو ململانێیانەی کە لەوانە بوو هێمنیو ئارامی لێ تێك بداتو ببنە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم بەرهەمو داهێنانە عەقڵیو ڕۆحییەکانیدا. وەلێ لە کەسێتی "گۆتە"دا، لایەنێکی تایبەتی هەبووە کە هەم سەرنجی هاوسەردەمەکانی ڕاکێشاوەو هەم سەرنجی توێژەرانیشی ڕاکێشاوە، ئەولایەنەش بریتیە لەوەی گۆتە خاوەنی دڵێکی ناسك بووە، بە سۆزی خۆشەویستیی زۆر زوو هەڵچووە. ئەو هەر لە تەمەنی

گەنجییەوە، بایەخی بە ئافرەت داوە، لە خۆشەویستییەکی گـەرمو گـوڕەوە، گواسـتویەتیەوە بۆ خۆشەویستییەکی گەرمو گوڕتر.

مێژووی سۆزداری گۆتە پڕە لە چیرۆكو بەسەرهاتی خۆشەویستی، ژمارەیـەکی زۆر لـە ئافرەتانی سەردەمەکەی دەورەیان لیٚ دابوو، وەك چۆن باخەوانێك لەنێوان گوڵەکانیدا دێـتو دەچێت، ئاواش گۆتە لەنێوان ئەو ئافرەتانەدا هاتوچۆی کـردووە. گۆتـە لـەو هونەرمەنـدە گەورانە بووە کە ناتوانن بەدڵێکی ساردو سڕەوە کار بکەن. بۆیە گۆتە سـوور بـووە لەسـەر ئەوەی دڵی گەرمو گوڕ بێت، وەك ئەوەی دڵـی مۆمێـك بێـت، لـە سـایەی ڕوناکییەکەیـدا شتەکان دەبینێتو ناتوانێت هەرگیز دەستبەرداری ئەو مۆمـە بێـت، گـەر نـا ئـەوا بیـنین لەدەست دەداتو لە تاریکیدا دەژی.

ئەمە خاڵێکی دیکە بوو، بەو هۆیەوە خەڵکی ڕەخنەیان لیٚ دەگرت. زۆری سەرکێـشییە سۆزدارییەکانی، لەگەڵ پێگە بەرزەکەیو ئەدەبە مرۆڤایەتییە جوانەکەیدا نـەدەگونجا. وەلـیٚ گۆتە وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی، گوێی بەو ڕەخنانە نەدەدا. ئەو ژیانی بە جۆرێك دەژیـا کە لەگەڵ دەروونیو بەهرەکەیدا تەباو گونجاو بێتو یەك بگرنەوە. گۆتە هەستی دەکرد گەر بەدەم ڕەخنــەی خەڵکــەوە بـچێت، ئـەوا دەبێتـە کەسـێکی هەڵـچووی ناڕاسـتگۆو لـەژێر کاریگەری کۆتو بەنـدێکی زۆردا دەژی کـە هـیچ نرخێکیـان نییـە، تـەنها ئـەوە نـەبێت سەرچاوەی کانییە هەڵقوڵاوەکانی ڕۆحی وشك دەکەنەوە. لەبەر ئەوە ئەو گوێی بـۆ ڕەخنــەی خەڵکی نەدەگرتو جڵەوی بۆ دڵی شل کرد، تاکو چۆنی بوێت ئاوا خۆشەویستی بکـاتو چ کاتێکیش بیەوێت، بۆ ماناکانی جوانیو ستاتیکا بهەژێتو بێتە لەرزین.

دواهەمین ئەزمونی خۆشەویستی گۆتە، لە هەموو ئەزموونە سـۆزدارییەکانی دیکـەی، لەلایەن خەڵکەوە ڕەخنەی زیاتری لیٚ گیراو گلەییو گازەندەی زیاتریان لیٚ کـرد. بـەڵام لـە هەمانکاتدا لە سەرجەم ئەزمونـە سـۆزدارییەکانی دیکـەی سـەرکەوتووتر بـوو. گۆتـە لـە تەمەنی چل ساڵیدا دووچاری ئەو ئەزمونە هـاتو کـچێکی تەمـەن بیـستو سـیٚ سـاڵی

خۆشویست کە ناوی "کریستین فیلبۆس" بوو. ئەم کچە لە یەکێك لە کارگەکانی شاری فایمار کرێکار بوو، ئەو شارەی گۆتە تێیدا دەژیاو پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزی تێدا هەبوو، هەروەها ناو و ناوبانگێکی بەرفراوانی لە ئەڵمانیاو سەرجەم ئەوروپادا هەبوو. ئەم کچە سادەو ساکارە هاتە لای "گۆتە"و دوای لێکرد یارمەتی براکەی بدات کارێکی دەست بکەوێت تاکو لێیەوە بتوانێت بژی، گۆتە بە تەواوی یارمەتی دا. بەڵام هەستی کرد ئەم "کریستین"ە کرێکارە سادەو ساکارو بچووکە، لە هەمانکاتدا کچێکی قەشەنگی ئەفسووناویەو پڕە لە چوستیوچالاکیو گەنجی، بۆیە دڵی بۆی لێی داو خۆشیویستو ئەم خۆشەویستییەی لا درکاند.

گۆتە لەسەر ئەوە ڕانەهاتبوو ئەو شتانە بشارێتەوە کە هەستیان پێ دەکات، بەتایبەتی کاتێ جوانییەك دەبینێتو کاری تێ دەکاتو دڵی بۆی لێ دەدا. کریستین-ی شۆخو شەنگیش نەیدەتوانی ئەم خۆشەویستیە ڕەت کاتەوە یان لێی ڕابکات، چونکە گۆتە پیاوێکی پڕ تەندروستیو چالاکو پڕ جۆشوخرۆش بوو، ئەستێرەیەك بوو لە ئەستێرەکانی سەردەمەکەی، شوێنی ڕێزو ستایشی هەموان بوو. لەنێوان گۆتەو کریستین دا، جیاوازییەکی گەورەی تەمەن هەبوو کە دەیکردە حەڤدە ساڵ، سەرەڕای ئەوە گۆتە بەوە ناسرابوو پێشتر ژمارەیەکی زۆر پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە، وەلێ کریستین گوێی بە هەموو ئەوانە نەداو بە خۆشەویستی گۆتە ڕازی بوو.

لێرەوە بابەتی پەیوەندیی گۆتە بەم کچە بچووكو سادەو ساکارەوە، بووە شوێنی قسەوباسی هەموو شاری فایمار. کۆشکی شارەکە کە گۆتە تێیدا کاری دەکرد، پێی وابوو ئەم پەیوەندییە سۆزدارییە، ناگونجێت لەگەڵ ئەندامێك لە ئەندامەکانی کۆشکداو ناگونجێت لەگەڵ هونەرمەندێکی گەورە کە ناوبانگو پێگەیەکی وەك گۆتەی هەیە. چۆن گۆتەی مەزن، پەیوندی لەگەڵ کچێکدا دەبەستێت کە زۆر لە خوار خۆیەوەیە، بەتایبەتی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە. ئەم مەسەلەیە کۆشك لێی خۆش نابێتو چینی ئەرستۆکراتیش لێی

خۆش نابێت. ئیدی جەنگ لە دژی خۆشەویستییە تازەکەی گۆتـە دەسـتی پێکـرد، ژنـانی فایمار مەسەلەی ئەم جەنگەیان گرتە ئەستۆی خۆیان. ئـەو ژنانـە ڕازی نـەبوون لـە سـالۆنە ئەدەبییەکانو ئەو ئاهەنگانەی کە خۆیان لـە شـارەکەدا ڕێکیـان دەخـست، پێـشوازی لـە کریستین بکەن، ئەو ژنانە بە تەواویو بە هـیچ شـێوەیەك ڕازی نـەبوون لەگـەڵ ئـەم کـچە شۆخەدا مامەڵە بکەن. چونکە لە تێڕوانینی ئەواندا، ئەو کچە تەنها کرێکارێکی سـادەیەو پێگەکەی یارمەتی ئەوەی نادات ببێت بە خانمێكو تێکەڵ بە چـینی ئەرسـتۆکرات ببێـتو ببێت بە یەکێکی سەر بەو چینە.

بەڵام ئەم جەنگە کاریگەریی لەسەر گۆتە نەبوو، گۆتە دەستی شـۆخەکەی (کریـستین)ی گـرتو هێنایـەوە بـۆ ماڵەکـەی تـاکو لەگەڵیـدا بـژی. پـێ دەچـێت کـچەکە بـەهۆی خۆشەویستییەکەیەوە بۆ گۆتە، هەستی بەو کێـشەیە کردبێـت کـە هـەم بـۆ هونەرمەنـدی گەورەو هەم بۆ خـۆی دروسـتی کـردووە. بۆیـە ڕازی بـوو بـەوەی لـە مـاڵی هونەرمەنـدە مەزنەکە، چ وەك بەڕێوەبەری ماڵەکە یان وەك ئەوەی لە ماڵەکەدا کارەکەرێك بێـت، بـژی. ئەگەر گۆتە لە ماڵەکەیدا میوانی بهاتایە، کریستین خزمەتی دەکـردن، وەلـێ هـەوڵی دەدا لەگەڵ میوانەکان دانەنیشێت یان قسەوباسیان لەگەڵدا نەکات. کریستین ڕازی بوو بەوەی لـە نزیك خۆشەویستەکەیەوە بێت، بێ ئەوەی لەبـەردەم ئـەوانی دیکـەدا، هـیچ پابەنـدبوونێك بەسەر گۆتەدا بسەپێنێت. کریستین لە خۆشەویستیدا بۆ گۆتە ڕاستگۆبوو، بەو خۆشەویـستە ڕازی بوو، جگە لەو خۆشەویستییە، هیچی دیکەی لە دونیا نەدەویست.

لەلایەکی دیکەوە گۆتە ئەو گێژاوەی پشتگوێخـست کـە بـەهۆی خۆشەویـستییەوە بـۆ کریستین دووچاری هاتبوو، گەرچی ئەو گێژاوە لە ناوەندەکانی ئەڵمانیادا، گۆڕا بـۆ جۆرێـك لە ئابڕووچوون و ببووە بابەتی قسەکردنو ڕەخنەگرتنی تونـد. وەلـێ هونەرمەنـدی گـەورە هیچ باکی بە هەموو ئەوانە نەبوو، ئەو ئەم کچە سـادەیەی خـۆش دەویـست، لـە جوانییـە ئەفسووناویەکەیو لە دڵە پاكو بێگەردەکەیو لە وەفادارییە گەورەکـەیو لـە گـەرموگوڕی

هەستوسۆزی بەرامبەری، لە هەموو ئەوانەدا کامەرانیو خۆشبەختیی خۆی دەبینی. هەروەها لە هەموو ئەوانەدا چوستیوچالاکییە هونەرییەکانی خۆی دەبینیو توانای بیرکردنەوەو داهێنانەکانی جۆش دەدا.

لەوانەیە کریستین یەکێك بێت لەو کەسانەی کەمترین تێگەشتنیان بۆ ئەدەبو بەرهەمە فیکریو هونەریەکانی گۆتە هەبووبێت. ڕەنگە کریستین وا مامەڵەی لەگەڵ گۆتەدا نەکردبێت وەك ئەوەی هونەرمەندێکی گەورەیەو خاوەنی ناوبانگو نەمرییو دەسەڵاتێکی بەرفراوانە. کریستین هێندەی بەس بوو وەك خۆشەویستەکەی لە گۆتە بڕوانێت کە دڵی پێی دەکرێتەوەو وەك ئافرەتێکی عاشقو ڕاستگۆ، لەگەڵیدا هەست بە خۆشیو کامەرانی دەکات. لەبەر ئەوە کریستین گوێی بە هیچ شتێك نەدەدا، یان بایەخی بە هیچ شتێك نەدەدا، تەنها خۆشەویستییەکەی بۆ گۆتە نەبێت. ئەو پیاوەی زۆر لە خۆی گەورەترەو کۆمەڵگەکەی ڕەتی کردەوە دان بەو کچەدا بنێت یان هاوسۆز بێت لەگەڵ خۆشەویستییەکەیدا بۆ گۆتەو خۆشەویستی گۆتە-ش بۆ ئەو.

گۆتە لەگەڵ کریستین دا هەستی بە دەروونێکی پاكو بێگەردو ئاسودە، بە گەڕانەوە بۆ سروشتێکی سادەو ئاسان، بە ڕزگاربوون لە کۆتوبەندە کۆمەڵایەتیە قورسەکان دەکرد. گۆتە لەگەڵ ئەودا تەنها وەك مرۆڤێکی خۆشەویست دەردەکەوت، مرۆڤێك قسە لە ئەدەبو هونەرو فەلسەفە ناکات، بەڵکو قسە لە کاروبارە سادەکانی ژیانی ڕۆژانە دەکات، قسە لەو ئەندێشە ڕۆژانەییە تێپەڕانە دەکات کە دەکرێ لە نێوان هەموو دوو دڵدارێکی سادەدا قسەیان لەسەر بکرێ.

دوای چەندین ساڵ لەم ئابڕووچوونە سۆزدارییە، وەك ئەوەی خەڵکی لەسەردەمی گۆتەدا وایان پێ دەگوت، گۆتە بڕیاردەدا هەموو نەریتە درۆزنەکانی دەوروبەری تێك بشکێنێتو ڕووبەڕوویان ڕابوەستێت. بۆیە لە تەمەنی شەست ساڵیدا، هاوسەرگیری خۆی لەگەڵ کریستین ڕادەگەیەنێت کە تەمەنی ببووە چلوسێ ساڵ. کریستین دوای ئەو هاوسەرگیرییە بۆ ماوەی حەوت ساڵی بەردەوام لەگەڵ گۆتەدا ژیا، پاشان گۆتە کۆچی دوای دەکاتو

کریستین به تاقی تەنها بەجێ دەهێڵێت. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە گۆتە لەگـەڵ کریـستین دا لەزەتی لە جوانترین و ڕاستگۆترین پەیوەندی سۆزداری وەرگـرت، گەرچـی جیاوازییـەکی گەورە لە تەمەن و لە پێگەی کۆمەڵایەتی، لەنێوانیاندا هەبوو.

هاوسەرگیری گۆتـە لەگـەڵ کریـستین دا، لـە ناوەنـدەکانی ئەرسـتۆکراتیەتدا، بابـەتی سەرسوڕمانێکی گەورە بوو کە هەر لە سەرەتاوە دژی ئەو پەیوەندییـە بـوون. ئـەم ناوەنـدە ڕیاکارو دوو- ڕووە، بەرگەی ئەوەی دەگرت جۆرێك لە پەیوەندی ناشەرعی لـەنێوان گۆتـەو کریستیندا هەبێت، بەڵام هـەرگیز بەرگـەی ئـەوەی نـەدەگرت بیرۆکـەی هاوسـەرگیری لـە نێوانیاندا هەبێت. لە تێڕوانینی چینی ئەرستۆکراتیەتدا، هاوسەرگیری هێزێکی شەرعی بـە کریستین دەبەخشێت کە مافی ئەوەی نییە ئـەو هێـزە شـەرعییە وەربگرێـت. چـونکە ئـەو کرێکارێکی سادەو خاکییەو لەنێو چینە هەژارەکانەوە هاتووەتە دەرەوە، تـاکو ئـەم شـوێنە بەرزە لە دڵی مەزنترین پیاوی سەردەمەکەیدا داگیر بکات.

هاوسەرگیری گۆتە لەگەڵ کریستین دا، لە هەزار کتێب کاریگەرتر بوو بۆ وەڵامدانـەوەی ئەو کەسانەی لەسەر بنەمای بارودۆخ و پێگەی کۆمەڵایـەتی و لەسـەر بنـەمای پـارەداری و سەروەت و سامان، جیاوازیان لە نێوان مرۆڤەکاندا دەکرد. گـەر "گۆتـە" لـە ئەدەبەکەیـدا بانگەشەی بە نەمر-ڕاگرتنی مرۆڤـو بە نـەمر-ڕاگـرتنی هەستوسـۆزو توانـا گـەورەکانی عەقڵی مرۆڤی کردبێت. ئەوا هاوسەرگیریی گۆتەو کریستین، پراکتیکـی عەمەلیانـەی ئـەو ئیمانە قووڵەی گۆتە بوو بە یەکێتی مرۆڤەکان و یەکسانیی نێوان ئادەمیزادەکـان. هـەروەها ئیمانی بەوەی بارودۆخی دەرەکی هەڵبەستراو، هەرگیز نابێت ببێت بە پێوانە بۆ جیاکردنەوەی نێوان دڵێك و دڵێکی ترو نێوان ڕۆحێك و ڕۆحێکی تر. تێگەیـشتنی ڕاسـتەقینەی مرۆڤانـە، بەربەستەکان تێك دەشکێنێت و کۆت و بەندەکان وردو خاش دەکات و کرێکارێکی سادەی وەك کریستین بەرزدەکاتەوە بۆ دڵێکی پڕ سۆزی مرۆڤانەی بەپیت، دڵی گۆتە، مـەزنترین پیـاوی سەردەمەکەی و یەکێك لە پیاوە مەزنەکان لە هەموو سەردەمەکاندا.

# خۆپیشاندانی ئافرەتان لە پاریس



شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی ١٧٨٩ لە پاریس هەڵگیرسا. ئەو ساڵە پڕ بوو لەڕوداوگەلێکی کاریگەر، لە هەموویان گرنگتر، ئەوەبوو جەماوەری میللی ڕاپەڕیو، لە ڕۆژی ١٤ تەموزی هەمان ساڵدا، دەستیان گرت بەسەر زیندانی "باستیل"ی بەناوبانگدا. ئەو ڕۆژە لە فەڕەنسا بووە جەژنی نیشتیمانیو هەموو ساڵێك یادی دەکرێتەوە.

لەو ڕوداوە زۆرو کاریگەرانەی لە ساڵی یەکەمی شۆڕشی فەڕەنسیدا ڕویاندا، ڕوداوێکی سەیرو دەگمەن هەیە، ئەویش بریتییە لە خۆپیشاندانی ئافرەتانی پاریس کە لە ڕۆژی ٥ ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا، ڕویان کردە کۆشکی "ڤێرسای"، خێزانی پاشایەتی فەڕەنسا لە سەروو هەموویانەوە "لویسی شازدەهەم"و هاوسەرەکەی "ماری ئەنتوانێت"، لەو کۆشکەدا نیشتەجێ ببوون. بەڵام خودی کۆشکی ڤێرسای کە کۆشکێکی گەورەو زەبەلاح بوو، لویسی چواردەهەم لە ساڵی ١٦٨٢ لەنزیك پاریس دروستی کرد. ئەم کۆشکە گەورەیە دوای شۆڕشی فەڕەنسیو لەناوبردنی پاشایەتی، گۆڕا بۆ مۆزەخانەیەکی نیشتیمانی.

خۆپیشاندانەکەی ئافرەتان، سەیرترین ڕوداوی شۆڕشی فەڕەنسییەو لە هەمووشیان توندو تیژترو ئاڵۆزترە. ئەم خۆپیشاندانە، لە مێژوودا بە یەکەم خۆپیشاندانی ئافرەتان دادەنرێت. ئامانجی ئەم خۆپیشاندانە، بریتی بوو لە گرتنی پاشا (لویسی شازدەهەم)و هاوسەرەکەی (ماری ئەنتوانێت)و هێنانەوەیان بۆ پاریس. بوونی ئەو دوو کەسە لە کۆشکی ڤێرسایو دوور لە پایتەختی فەڕەنسا، سەرچاوەیەك بوو لە سەرچاوەکانی دڵەڕاوکێ کە سەرکردەکانی شۆڕشی فەڕەنسیو جەماوەرە جیاواز جیاوازەکەی دەترساند. شۆڕش لە پاریس تاوی سەندبوو، کەچی پاشاو هاوسەرەکەی، دوور لە پایتەختو لە کۆشکی ڤێرسای

پێکەوە دەژیان. ئەمەش دەرفەتی بۆ دەرەخساندن ئاژاوە لەدژی شۆڕش بەرپا بکەنو پیلانی جۆراوجۆر، بۆ زاڵبوونو لەناوبردنی شۆڕشگێڕەکان، دابنێن.

لێرەوە بۆ ئەوەی پاشاو شاژن لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی شۆڕشدا بن، دەبوایە بگوازرێنەوە بۆ پاریس، هەروەها بۆ ئەوەی شۆڕش بتوانێت لە نزیکەوە چاودێری هەر هەڵسوکەوتێکیان بکات کە پێی هەڵدەستنو بە ڕووی هەر هەوڵێکی پیلانگێڕییاندا ڕاوەستن کە دژ بە شۆڕشو دژ بە ڕابەرانی شۆڕش ئەنجامی دەدەن. پاشاو شاژن دەیانویست پێش ئەوەی شۆڕش تەواوی مەبەستو ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت، سنورێکی بۆ دانێنو دای بمرکێننەوە.

شۆڕشگێڕەکانی پاریس، زۆر بیریان لەو ڕێگایە کردەوە کە چۆنو بە چ شێوەیەك دەتوانن پەلاماری کۆشکی ڤێرسای بدەنو پاشاوشاژن دەستگیر بکەنو بیانهێننەوە بۆ پاریس. مەسەلەکە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە سوپایەك لەوێ بوو، تاکو ئەو ساتەوەختەش پارێزگاری لە کۆشکی ڤێرسای دەکردو ملکەچی فەرمانەکانی پاشا بوو. ئەگەر خۆپیشاندانەکە خۆپیشاندانێکی سادەو هاکەزایی بوایەو لە کۆمەڵێك پیاو پێك بهاتایە، ژمارەی پیاوەکانی بەشداربوو لە خۆپیشاندانەکەدا هەرچەندێك بوایە گرنگ نەبوو، بڕۆشتنایە بۆ کۆشکی ڤێرسای، ئەوا پاشا بە سووكو ئاسانی دەیتوانی فەرمانی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران دەربکاتو بڵاوەیان پێ بکات. زەحمەت بوو سوپا کە کۆشکی ڤێرسای دەپاراست، فەرمانەکانی پاشا ڕەت بکاتەوە، گەرچی ئەو فەرمانانە ببوونایەتە هۆی ڕودانی قەسابخانەیەك، تێیدا بە سەدانو هەزاران کەس بمردنایە. هێرشکردنە سەر پاشا کە هێشتا خاوەنی دەسەڵاتی شەرعی بوو، بەلای سوپاوە کە پارێزگاری لە پاشاو کۆشکە مێژوویەکەی دەکرد، مەسەلەیەك بوو دەبوایە بەرگری لێ بکاتو لە ڕویدا ڕابوەستێت.

لێرەوە شۆڕشگێڕەکان بۆ داگیرکردنی کۆشکی پاشایەتیو دەستگیرکردنی پاشاو شاژنو ئەندامانی خێزانەکەیانو هێنانەوەیان بۆ پاریس، بیریان لە ڕێگایەکی تازە کردەوە.

سەرکردایەتی شۆڕش، ژمارەیەك کەسانی زیرەكو ڕۆشنبیرو کەسانی زۆرزانو فێڵبازی تێدابوو. ئەوان زۆرباشو بە وردی لە دڵو دەروونی جەماوەرە ڕاپەڕیوەکە تێگەشتبوون. شۆڕش دەرفەتی بۆ خەڵکی ڕەخساندبوو توانا بەرفراوانەکەی خۆیان، بۆ بیرکردنەوەی ئازادو بوێرانە بخەنەگەڕ. چیتر زیرەکیو بلیمەتی پاوانی چینە ئەرستۆکراتییە دەوڵەمەندەکان نەبوو، ئەو چینەی دژایەتی ڕۆڵە زیرەكو بلیمەتەکانی چینە میللییەکانیان دەکردو ڕاویان دەنانو تەنگیان پێ هەڵدەچنینو لەناویان دەبردن. تەنها ئەو کاتە دژایەتییان نەدەکردن کە ڕۆڵە زیرەكو بلیمەتەکانی میللەت، ڕازی بوونایە بۆ هەواو هەوەسو بەزمو ڕەزمی ئەرستۆکراتییەکان، خزمەتیان بکردنایە. بەڵام ئەو ڕۆڵانەی میللەت کە زیرەکیو بلیمەتیی خۆیان بۆ ڕۆشنکردنەوەی عەقڵی خەڵکی بەکاردەهێناو خەڵکیان هان دەدا بەرگری لە مافە مرۆڤایەتیەکانی خۆیان بکەنو ئاشنا بن بە پرنسیپەکانی ئازادی، ئەوا چارەنووسی ئەوان زیندان یان دوورخستنەوە بوو بۆ دەرەوەی وڵات، یاخود ئەوەندە نان- بڕاویان دەکردن تاکو پەرێشان دەبوونو زیرەکیو بلیمەتییان لەدەست دەدا، یان بە تەواوی دەمردن.

لێرەدا هێندە بەسە ئاماژە بە بیرمەندی گەورەی فەڕەنسا ڤۆڵتێر بکەین، کە بە دە ساڵ پێش بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسی، مردووە. ئەو ساڵی ١٧٧٨ کۆچی دوایی دەکاتو شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی ١٧٨٩ بەرپا دەبێت. ژیانی ڤۆڵتێر لە ئەنجامی بیروڕا ئازادەکانیو هێرشە بەردەوامەکانی بۆ سەر چینە ئەرستۆکراتییەکان، پڕ بووە لە نەهامەتیو چەرمەسەری، بەهۆی بیروڕا ئازادەکانییەوە دوو جار لە زیندانی باستیل زیندانی دەکرێ. پاشان ناچارکراوە لە وڵاتەکەی بچێتە دەرەوەو وەك پەناهەندەیەك، لە نێوان ئەڵمانیاو ئینگلتەرەو وڵاتانی دیکەی ئەوروپادا، بژیو بێتو بچێت. کاتێکیش کۆچی دوایی دەکات، فەڕەنسا ڕازی نابێت لە پاریس بەخاك بسپێررێ، گەرچی دواتر شۆڕشی فەڕەنسی تەرمەکەی دەگوێزێتەوە بۆ گۆڕستانی نەمران کە پێی دەوترێت "پانسیۆن".

ڤۆلتێر لەو بلیمەتە گەورانە بوو کە لە نێو ڕۆڵەکانی چینە مام ناوەندو میللییەکانی فەرەنسادا دەرکەوت، بۆیە ئەرستۆکراتییەکان بە شێوەیەکی زۆر توندو دڵڕەقانە چەوساندیانەوە. بەڵام ئەو بەرگری کردو یاخی بوو، ناوی خۆی لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو تۆمار کردو کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر عەقڵی فەرەنسی بەجێ هێشت. وەلێ ژمارەی ئەو بلیمەتانەی دیکە چەند زۆرە کە ئەرستۆکراتییەتی فەرەنسا کوشتنیو لە ڕیزەکانی میللەتدا لەناوی بردن. ئەرستۆکراتیەتی فەرەنسا بەردەوام لە هێزی زیرەکیو بلیمەتی دەترسا، چونکە ئەم هێزە هەر دەبوایە وا لە خەڵکی بکات داوای مافەکانیان بکەنو ئەو زوڵمو زۆرداریيە لەناو بەرن کە ڕووبەڕوویان دەبووەوەو لە پێناو دادپەروەریو ئازادیدا تێ بکۆشن.

کاتێ شۆڕشی فەرەنسی بەرپا بوو، میللەت لە کۆتو بەندی بەزۆر سەپێنراو بەسەریدا ڕزگاری بوو. لە ڕیزەکانی میللەتدا، بە سەدان زیرەكو بلیمەت دەرکەوتنو ڕابەرایەتی شۆڕشەکەیان گرتە ئەستۆو نەخشەو پلانیان بۆ دەکێشاو گوزارشتیان لێ دەکرد. یاسا تازەکانیان داڕشت کە نەخشەی جیهانێکی دیکەی دەخستەڕوو، جگە لە جیهانی ئەرستۆکراتیەت کە هەرەسی هێنابوو.

لێرەوە سەیر نەبوو ڕابەرانی شۆڕش، بگەنە ئەو بیرۆکە زیرەکە، بیرۆکەی ئەو خۆپیشاندانەی ئافرەتان کە دەڕۆن بۆ کۆشکی ڤێرسای، تاکو پاشاو شاژن دەستگیر بکەنو بیانهێننەوە بۆ پاریسو لەژێر چاودێریی شۆڕشگێڕەکاندا بژین. لەم حاڵەتەدا پاشا ناتوانێت فەرمان بداتە سەربازەکانی تەقە لە ئافرەتەکان بکەن، تەنانەت گەر پاشا بوێرێت فەرمانێکی لەو جۆرە دەربکات، ئەوا زۆر زەحمەتە سەربازەکانی فەرمانەکەی جێبەجێ بکەن. هەر ئەفسەرو سەربازێك ڕێزی خۆی بگرێت، هیچ ئازایەتیو سوارچاکییەك لەوەدا نییە لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی سنگی ئافرەتەکان بکەن. ئەگەر مەسەلەیەکی لەو شێوەیە ڕوی بدایە، ئەوا دەبووە "ئابڕووچوونێك" ئاوی هەموو زەریاکان نەیدەتوانی

بیسرێتەوە. ڕابەرانی شۆڕشی فەرەنسی کە ئەو خۆپیشاندانەیان سازکردبوو، حسابی ئەگەری تەقەکردنیان لە خۆپیشاندانی ئافرەتان کردبوو، ئەگەر چی مەسەلەی تەقەکردن ئەگەرێکی دوور بوو، وەلێ ئەگەر ئەوە ڕوی بدایە، ئەوا بەس بوو بۆ مسۆگەرکردنی لەناوبردنی سیستمی پاشایەتی لە فەرەنسا، چونکە گەلی فەرەنسا هەرگیز لە تاوانێکی لەو جۆرەی پاشاو سەربازەکانی خۆش نەدەبوو.

بەم شێوەیەو لە هەموو بارودۆخێکدا، دەبوایە خۆپیشاندانی ئافرەتان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئەگەر پاسەوانی پاشایەتی تەقەیان لە خۆپیشاندانەکە نەکرد، ئەوا خۆپیشاندانەکە دەتوانێت بچێتە ناو کۆشكو خێزانی پاشایەتی ببات بۆ پاریس، بەمەش ئامانجی سەرەکی خۆپیشاندانەکە دێتە دی. خۆ ئەگەر سەربازەکان خۆپیشاندانەکەیان دایە بەر دەسترێژی فیشەکەکانیان، ئەوا ئەوە بەسە بۆ کۆتایی هێنان بە سیستمی پاشایەتیو لەدەستدانی شەرعیەتی لە بەردەم هاوڵاتییە فەرەنسییەکاندا. بەمەش ئامانجێکی گرنگتری شۆڕشی فەرەنسی دەهاتە دی کە هەر لە سەرەتاوە هەوڵی دەدا سیستمی کۆماری ڕابگەیەنێتو بۆ هەلێکی گونجاویش دەگەڕا ئەو ئامانجەی بێنێتە دی.

لێرەوە بیرۆکەی خۆپیشاندانی ئافرەتان، بیرۆکەیەکی زۆر قووڵو زیرەکانە بوو، بەڵام پرسیارە سروشتییەکە ئەمە بوو: چۆن دەکرێ ئەم خۆپیشاندانە ساز بکرێتو بە چ شێوەیەك دەتوانرێ ئافرەتانی پاریس بۆ ئەنجامدانی ئەم خۆپیشاندانە هان بدرێن؟ دەبوایە بارودۆخو کەشو هەوایەکی گونجاو ڕەخسایەو کۆمەڵێ فاکتەری بەهێز هەبوایە کە دەبوونە هۆی بەرپاکردنی ئەم خۆپیشاندانە. لێرەوە حاڵەتێك دروست کرا کە ئافرەتانی پاریس نەیان دەتوانی بەرگەی بگرن، حاڵەتەکەش بریتی بوو لەوەی بۆ ماوەی دوو ڕۆژی ڕەبەق، ڕێگە نەدرا نان بۆ پایتەختی فەرەنسا بێت. ئیدی ئافرەتانی پاریس سەبریان نەماو نەیانتوانی چیتر بەرگەی ئەو برسییەتیە بگرن کە ڕووبەڕووی هەموان ببووەوە، هەروەها خەڵکیش چیتر سەبریان لەبەربڕاو توانای بەرگەگرتنیان نەما.

دوای ئەوە ڕوداوەکان یەك لەدوای یەك هاتن..

ئافرەتێکی نەناسراو، "تەپڵ"ێکی دەست دەکەوێتو بە توندی پیایدا دەکێشێ، ژمارەیەکی زۆر ئافرەت لە دەورەی کۆدەبنەوە، هەموویان لە پشتی ئافرەتەکەوە، کە ڕابەرایەتیی خۆپیشاندانەکە دەکات، ڕادەوەستنو بەیەك دەنگ هاوار دەکەنو دروشمی "نانمان دەوێ" دەڵێنەوە. تاکو ئەو ساتە وەختە، نەدەزانرا خۆپیشاندانەکە بەرەو کوێ دەڕوات. بەڵام سەرکردایەتیی شۆڕشی فەڕەنسی، توانییان ژمارەیەك لەو پیاوانەی جلوبەرگی ئافرەتانیان لەبەرکردبوو، بنێرنە ناو خۆپیشاندانەکەو ڕابەرایەتیو ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بکەن. ئیدی بە هۆی ئەو پیاوانەوە کە جلوبەرگی ئافرەتانیان پۆشیبوو، هەروەها کۆنترۆڵی خۆپیشاندانەکەشیان کردبوو، خۆپیشاندانەکە بەرەو بینای شارەوانی بەڕێکەوتو دەستی گرت بەسەر بڕێکی زۆری چەکدا. پاشان ئەوانەی ڕابەرایەتیی خۆپیشاندانەکەیان دەکرد، توانیان لەنێو خۆپیشاندەراندا بە خێرایی ئەوە بڵاو بکەنەوە کە ئامانجی خۆپیشاندانەکە بریتییە لە ڕۆیشتن بۆ ڤێرسای، تاکو داوا لە پاشا بکەن نانیان بۆ دابین بکات.

لێرەوە خۆپیشاندانەکە بە دروستی بەرەو ڤێرسای کەوتە ڕێ. ژمارەی ئافرەتانی خۆپیشاندەر نزیکەی هەشت هەزار ئافرەت دەبوو. پاشاو شاژن، بە دوو کاتژمێر پێش گەیشتنی خۆپیشاندەران بۆ کۆشکی ڤێرسای، بە مەسەلەی خۆپیشاندانەکەیان زانیبوو. پاشاو شاژن لەگەڵ ڕاوێژکارەکان کۆبوونەوە، تاکو لەسەر چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەم خۆپیشاندانە سەیرو سەمەرەیە، هەوڵدەن بگەنە بڕیارێك. لە کۆبوونەوەکەدا بیروڕای جیاوازو ئاڵۆزو دژ بەیەك هاتنە ئارا. لەگەڵ بوونی ئەم پەشێوییە لە بیرو ڕاکاندا، پاشا نەیتوانی هیچ بڕیارێکی ڕوونو ئاشکرا بدات. پاشا پێشنیارێکی لەبەر دەستدا بوو، پێشنیارەکە بریتی بوو لەوەی پاشاو خێزانەکەیو دارو دەستەکەیو ڕاوێژکارەکانی، بڕۆن بۆ کۆشکێکی دوور لە کۆشکی ڤێرسای کە ناوی کۆشکی "ڕامبۆییە" بوو.

گالیسکەکانی پاشایەتی بە ئەسپەکانیانەوە ئامادە کران، تاکو هەمووان بگوازێتەوە بۆ ئەو کۆشکە. ئەگەر پرۆسەی گواستنەوەکە سەری بگرتایە، ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکە لە بەدیهێنانی ئامانجەکەیدا شکست بێنێت کە بریتی بوو لە داگیرکردنی کۆشکی ڤێرسای و هێنانەوەی پاشاو خێزانەکەی بۆ پاریس. چونکە لەم حاڵەتەدا، کاتێ خۆپیشاندەران دەگەنە ڤێرسای، نە پاشاو نە خێزانەکەی و نە داروودەستەکەی دەدۆزنەوەو رابەرانی خۆپیشاندانەکەش نازانن پاشا لەکوێیە، تەنها دوای چەند ڕۆژێك نەبێت، ئەوکات پاشا کاتێکی درێژتری لەبەردەمدا دەبێت بۆ بیرکردنەوە، خۆپیشاندەرانیش بێزار دەبوون، بڵاوەیان لێ دەکردوو بە شکست کۆتایی دەهات.


لویسی شازدە

بەڵام لویسی شازدە بەوە نەناسرابوو کە توندوتۆڵ و زیرەك و لێهاتوو بێت و توانای هەبێت بڕیاری خێرا بدات. هەموو ئەوانەش کۆمەڵە سیفەتێکن دەبنە هۆی ڕوودانی کارەسات، بەتایبەتی لە کات و ساتی قەیرانەکاندا. قەیرانەکان پێویستیان بە بڕیاری خێرایە، پێویستیان بە کەسێکی توندو تۆڵ و زیرەکە کە بە باشی لەو بارودۆخە تێ بگات کە دەورەی مرۆڤەکانی داوە. لویسی شازدەهەم هیچ شتێکی لە هەموو ئەوانە تێدا نەبوو. بگرە ئەو وای دەبینی پاشایەتیی بە میرات بۆ ماوەتەوە، ئەم بەمیرات-مانەوەیە بەسە تاکو پارێزگاری لە تاجەکەی بکات و بەردەوام بێت لە حکومڕانیی فەرەنسا، چ خۆی و چ ئەو میراتگرانەی دیکە کە لە دوای خۆیەوە دێن.

ئەم پاشا کلۆڵە ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییە گەورانە نەبوو لـە فەڕەنـسادا ڕویـان دابـوو. بارودۆخی خراپو نالەباری خەڵکی پێ نەدەگەیشت کە چیتر نەیانـدەتوانی بەرگـەی بگـرن. دەرەبەگەکان بێگارییان بە جوتیارەکان دەکرد، جوتیارەکان وەك ئەوەی مـەڕو مـاڵات بـن‌و نە عەقڵ‌و نە ویژدانیان هەبێت، بێ بەرامبەر، ئیشیان بۆ ئـەو دەرەبەگانـە دەکـردو تـەنها بڕێکی زۆرکەم خواردنیان دەست دەکەوت کـە بەشـی ژیـانێکی مـەمرەو مـەژیی دەکـرد. دەرەبەگەکان بە پێڵاوەکانیان سەری خەڵکیان پان دەکـردەوە، مـافو کەرامـەتی خـەڵکیان پێشێل دەکردو بە هۆو بەبێ هـۆ، دەیانخـستنە زیندانەکانـەوە. کۆمەڵگـە لـەو بارودۆخـە نامرۆڤانەیەدا، بەتوڕەیی لە ناوەوە دەکوڵاو گێنگڵی دەداو چیتر ئەو بارودۆخـەی پـێ قبـوڵ نەدەکرا.

کەچی لویسی شازدەهەم ئاگای لە هیچ شتێکی لەو جۆرە نەبوو، ئەو لـە ڤێرسـای‌و لـە کۆشکە شکۆدارەکەیدا دەژیاو چێژی لە خۆشگوزەرانی‌و بەزم‌و سەفا وەردەگرت، لەزەتی لـە مانەوەی درەنگـانی ئاهـەنگی شـەوانە وەردەگـرت. کەسـێك نـەبوو لـە دەورو بـەرو دارو دەستەکەی ئاگاداری ئەو ڕووداوە مەترسیدارە زۆرانەی بکاتەوە کە لە نێو ڕیزەکـانی گەلـدا لەئارادا بوو، ئەو ڕووداوە زۆرانە کە دەبونە هۆی بێزاری‌و ناڕەزایی‌و گێنگڵدان، پێویستە بـۆ چاککردنی بارودۆخی سەرتاپای وڵات، ڕێوشوێنی یەکلایکەرەوە بگیرێتە بەر. تەنانەت گـەر ئەو ڕێوشوێنانە ببنە هۆکاری کەمکردنـەوەی ئیمتیـازاتی ئەرسـتۆکراتیەکان، بـە ئـەمیرو دەرەبـەگ‌و خانەدانەکانییـەوە. هـەروەها ببنـە هۆکـاری کەمکردنـەوەی ئیمتیـازاتی دارو دەستەی ئەو ئەمیرو دەرەبـەگ‌و خانەدانانـەش کـە لـە کۆشـکەکاندا لەگەڵیانـدا دەژیـان. هەڵوێست وەرگرتن لەو ماوە هەستیارەی مێژووی فەڕەنـسادا، پێویـستی بـە کەسـێتیەکی دیکە بوو، جگـە لـە کەسـێتی لویـسی شـازدەهەم کـە خـاوەنی زیرەکییـەکی سـنوردارو تێگەیشتنێکی لەسەرخۆبوو، ئەو درەنگ بەدەم ڕووداوەکانەوە دەچوو، ئیرادەیەکی لـەرزۆکی

هەبوو، ئەم ئیرادە لەرزۆکە یارمەتی نەدەدا، لـە کـاتو سـاتی گونجـاودا، بڕیـاری ڕاسـتو دروست بدات.

ئەوەتا ڕووداوەکان لە دەوروبـەری ڕوودەدەنو ئـەویش لـەناو دوودڵـیو لـەرزۆکیو بـێ ئیرادەییو بێ ئاگایی لە بارودۆخی وڵاتو بێ دەسەڵاتی لەبەرامبەر هـاتنی هەشـت هـەزار ئافرەت کە بەرەو کۆشکەکەی کەوتونەتە ڕێ، نوقم بووە. پاشا بۆ سـاتێکی ڕاگـوزەر بـیری کردەوە ئەو بارانە بەلێزمەیەی بەسـەر خۆپیـشاندەرەکاندا دەبارێـت، دەبێتـە بەربەسـتێکی سروشتی لەنێوان خۆیو ئەم خۆپیشاندانەداو ئافرەتە خۆپیـشاندەرەکان ناچـاردەکات بـەرەو پاریس بگەڕێنەوە. بـەڵام ئـەو پاڵنـەرە شۆڕشـگێڕانە تونـدەی لای ئافرەتـانی خۆپـشاندەر هەبوو، هەروەها ئەو ئـیرادە بـەهێزەی لای ئـەو پیاوانـەی ڕابەرایـەتی خۆپیـشاندانەکەیان دەکردو جلوبەرگی ژنانەیان پۆشیبوو، وایکرد ئافرەتانی خۆپیـشاندەر زیـاتر یـەك بگـرنو زیاتر لەیەکتر نزیك ببنەوەو تادەهات هێـزو تونـدو تیـژییان زیـاتردەبوو. وەك ئـەوەی ئـەو ئافرەتانە بە تەنها شەڕ لەگەڵ پاشاو شاژندا ناکـەن، بـەڵکو لـە هەمانکاتـدا شـەڕ لەگـەڵ سروشتیشدا دەکەن.

خۆپیشاندانەکە دوای ئەوەی ماوەی شەش کاتژمێریان بەپێ، لە پاریسەوە بـۆ کۆشـکی پاشایەتی بڕی، گەیشتنە کۆشکی ڤێرسای. لەوێ خۆپـشاندەران خۆیـان کـرد بـە کۆشـکی پاشایەتیدا کە سەد ژوور بوو، دەستیان بەسەردا گرت. بـەبێ ئـەوەی پاسـەوانی پاشـایەتی بتوانن چەکەکانیان بەرز بکەنەوەو ئاراستەی سەر سنگی ئافرەتانی بکەن، بە تایبـەتی ئـەو ئافرەتانە ئازایەتییەکی بێ وێنەیان نواند. ئیدی پاشاو شاژن ناچاربوون بێنـە دەرەوەو بێنـە ناو یەکێك لە بەلەکۆنەکانی کۆشك. دروشمەکان داوایان دەکرد پێویستە پاشـاو شـاژن بـڕۆن بۆ پاریس. شەو کۆتایی هاتو خۆپیشاندانە گەورەکـە دەوری کۆشـکی پاشـایەتی دابـوو، کـۆنترۆڵی دەروازەکـانی چـوونە ژوورەوەو هاتنـە دەرەوەیـان کردبـوو. دواتـر پاشـا دوای

چاوەڕوانییەکی ترسناك، لە ڕێگەی کۆمەڵێ وەرەقەوە کە بەسەر خۆپیشاندەراندا فڕێدرانە خوارەوە، ڕایگەیاند خۆیو خێزانەکەی دەڕۆن بۆ پاریس.

ئەم بڕیارە کە پاشا ڕایگەیاند، بەس نەبوو بۆ هێورکردنەوەی خۆپیشاندانەکە، بۆیە ئافرەتانی خۆپیشاندەر، بەدرێژایی شەوو بەیانی ڕۆژی دواتر، لەدەوروەی کۆشك مانەوە. ئیدی لە کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٦ ی تشرینی دووەم، پاشا لەگەڵ شاژنو کوڕەکەی (جێنشین- وەلی عەهد)و کچەکەی، لەناو یەکێك لە گالیسکەکاندا لە کۆشك هاتنە دەرەوەو بەرەو پاریس کەوتنەڕێ. ئافرەتانی خۆپیشاندەر، دوور لە هەر ڕێوڕەسمێکی شکۆدارو شاهانە کە خێزانی پاشایەتی لەسەری ڕاهاتبوو، لەگەڵ گالیسکەکەی پاشاو خێزانەکەیان کەوتنە ڕێ. پێشتر پاشا لە هەر هەنگاوێك لە هەنگاوەکانیدا، پاسەوانێتییەکی تایبەتی لێدەکراو گالیسکەکانی بەشێوەیەکی شاهانەو شکۆدار دەڕازێنرانەوە.

دوای شەش کاتژمێر، گالیسکەی خێزانی پاشایەتی گەیشتە پاریس کە بە ئافرەتانی شێوەو ڕەنگی جیاواز جیاواز دەورە درابوو، لەناویاندا ئافرەتانی ماسی-فرۆش، ئافرەتانی گوڵفرۆشو ئافرەتانی دیکەی تابلێی سادەو ساکارو هاکەزایی هەبوون. تەنانەت هەندێکیان ئافرەتانی سۆزانی سەر شەقامەکانو یانەکانی شەوانە بوون. ئافرەتانی بەشداربوو لەم خۆپیشاندانەدا، بەخۆیانو دیمەنە کەساسەکەیانو جلوبەرگە پەڕپوتو کۆنەکانیانەوەو ئەو هەڵسوکەوتە دڵڕەقو توندەی لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ خێزانی پاشایەتیدا نواندیان، ئەو ئافرەتانە بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی ستەمگەر بوو کە پاشاو چینی ئەرستۆکراتی بێ- دەربەستو بێ- کەڵك، دروستیان کردبوو.

ئەوەتا جووڵەی مێژوو، بووە هۆی تەقاندنەوەیەکی میللی کە هیچ کەسێك نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات. ئەوەتا خێزانی پاشایەتی لە کۆشکی ڤێرسای، وەك دیلی ژێردەستی هەشت هەزار ئافرەتی توڕە دێتە دەرێ، ئافرەتانێك بەشوێن نانو کەرامەتدا دەگەڕانو

داوایان دەکرد کۆمەڵگەیەکی تازە بێتە ئاراوە کە مافی مرۆڤـو ژیـانێکی شـەرەفمەندانەیان بۆ دابین بکات.

دوای ئەوەی خێزانی پاشایەتی گەیشتنە پـاریس، سـەرکردایەتی شـۆڕش سـەپاندی بـە سەریاندا لە کۆشکی "تۆلێری" کە دەکەوێتە ناوجەرگەی پایتەختی فەڕەنساوە، نیـشتەجێ بن. ئەم کۆشکە لەو کاتو ساتەدا، نزیکەی سەد ساڵ بوو چـۆڵکرابوو، هـیچ شـتێکی وای تێدا نەبوو کە خێزانێکـی هاکـەزایی تێیـدا بـژی، چ جـای خێزانێکـی پاشـایەتی. لەگـەڵ ئەوەشدا کرێکارەکان، بەخێرایی چەند ژوورێکی نووستنی سـادەو سـاکاریان ئامـادە کـرد، تاکو خێزانی پاشایەتی ئەو شەوە ناخۆشەیانی تێدا بەرنـە سـەر. دواتـر هەنـدێ چاکـسازی سنووردار لە کۆشکەکەدا کـرا، ئیـدی خێزانـی پاشـایەتی وەك زیندانییـەك لـەو کۆشـکەدا مانەوەو ڕووداوەکانی شۆڕشی فەڕەنـسی ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ لـە هەڵکـشاندا بـوو. دواجـار مەسەلەکە بە دادگاییکردنی "لویـسی شـازدەهەم"و لـە سـێدارەدانی لـە ٢١ ی کـانونی دووەمی ساڵی ١٧٩٢ کۆتایی هات. واتە نزیکەی دوو ساڵ دوای خۆپیـشاندانی ئافرەتـانو هێنانەوەی پاشا بۆ پاریس. بەڵام "ماری ئەنتوانێت"ی شـاژن لـە ٥ ی تـشرینی یەکـەمی ساڵی ١٧٩٣ لە سێدارە درا، (لە هەندێ سەرچاوەدا ١٦ یان ١٧ تـشرینی یەکەمـە -و-)، واتە دوای سێ ساڵ لە خۆپیشاندانە مێژووییەکەی ئافرەتان.

خۆپیشاندانی ئافرەتانی فەڕەنسا لە ٥ ی تـشرینی یەکـەمی سـاڵی ١٧٨٩، سـەرەتای کۆتایی هاتنی سیستمی پاشایەتی بوو لـە فەڕەنـساو سـەرەتای کۆتـایی هـاتنی هـەموو سیستمە کۆنەکە بوو. سیستمێك لەسەر جیاکردنەوەی تەواوەتی نێـوان مرۆڤـەکان ڕاوەسـتا بوو، هەموو شتێکی بەخشیبووە کەمینەی ئەرستۆکراتو زۆربـەی میللەتیـشی لـە مافـە هەرە سادەکانی مرۆڤبوونیان بێبەش کردبوو، مافی ژیانێکی شکۆدارو ئازادانە.

خۆپیشاندانەکەی پاریس، یەکەم خۆپیشاندانی ئافرەتانە لە مێژوودا، زۆر بـە وردیو بـە توندیو دڵڕەقانە، هەم ئامادەکاری بۆ کرابوو هەم ڕێکخرابـوو. هـەموو ئـەو ئامانجانەشـی

بەدەستهێنا کە لە پێناویدا بەرپا ببوو. ئـەم خۆپیـشاندانەی ئافرەتـان بـوو، دەنگـۆی ئـەو قسەیەی ماری ئەنتوانێت ی لێ کەوتەوە کە بە ئافرەتـە خۆپیـشاندەرەکانی وتـووە. کـاتێ ئافرەتەکان داوای نانیان کردووە، ئـەو پێـی وتـوون: بـسکیت بخۆن، زۆرێـك هەیـە ئـەوە ڕەتدەکەنەوە کە ماری ئەنتوانێت ئەو قسەیەی کردبێت. چـیرۆکی ئـەو قـسەیە چـیرۆکێکی میللییەو پێدەچێت لە فۆلکلۆری شۆڕشی فەڕەنسییەوە بێت.

ئەگەرچی ماری ئەنتوانێت هەڵەی کوشندەو گوناهی زۆری هـەبوو، بـەڵام لـەکاتی ئـەم خۆپیشاندانەی ئافرەتاندا، لێوانلێو بووە لە خەمو پەژارەو بـەهۆی ئـەو کارەسـاتەی دەورەی خۆیو خێزانەکەی دابوو، ماتەمینییەکی توندو هەستێکی تاڵ دایگرتبـوو، لـە حاڵـەتێکی دەروونیو عەقڵی وادا نەبوو ڕێگەی پێ بـدات قـسەی بێمانـای لـەو شـێوەیە بکـات یـان گوزارشتێکی خراپی لێ بێتە دەرەوە.

ماری ئەنتوانێت باجی نوقبونی لە ڕابواردنو بەزمو کەیفو سەفاو دوورکەوتنەوە لەوەی بیر لە بەرژەوەندییە سـەرەکییە گـشتییەکان بکاتـەوە، دا. وەلـێ ئـەو لـە سـاتە وەخـتی خۆپیشاندانەکەداو لە کاتێکدا نوقمی ناو کارەساتەکانی ببوو کـە بـووە هـۆی لەدەسـتدانی ژیانی خۆیو ژیانی مێردەکەیو بووە هۆی لەناوبردنی سیستمی پاشایەتی لە فەڕەنـسا، ئـا لەو کاتەدا ئەم قسە بێ نرخو پێکەنیناوییەی نەکردووە.

# گیوتین[1] چارەسەر نییە



[1] ئامێرێکە بۆ مل پەڕاندنی حوکمدراوان.

ئەدیبو بیرمەندی ناسراوی ئینگلیز "ئەلدۆس هێکسلی" دەستەواژەیەکی جوانو ڕاستگۆی هەیەو تێیدا دەڵێ:

"توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت، هەر چاکسازییەك لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بەرهەم هاتبێت، ئەوا هەر دەبێ بە توندوتیژی بڕوات".

لەم دەستەواژەیەدا وێنەگرتنێکی ڕاستگۆیانەی تێدایە بۆ ڕۆڵی توندوتیژی بە درێژایی ڕۆژگارو سەردەمەکان. زۆربەی ئەوانەی پەنایان بۆ توندوتیژی بردووە، کێشەکانیان دۆڕاندووەو دواجار خۆشیان دۆڕاندووە. ئەوانەی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، هەمیشە هەوڵ دەدەن هەم خۆیانو هەم ئەوانی دیکە قەناعەت پێ بهێنن، کە ئەوان لە پێناو پرنسیپێکی مەزندا یان لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا کە خێری خەڵکی تێدایە، ئەوە دەکەن. هەندێ لەوانەی پەنایان بۆ توندوتیژی بردووە، لەوەدا تا بڵێی ڕاستگۆبوون کە ڕایانگەیاندووە ئەوان بەرگری لە چاکەو دادپەروەری دەکەنو هەوڵدەدەن کۆتایی بە خراپەکاریو ستەم بێنن. وەلێ خاوەنی ئەم پرنسیپە جوانو میهرەبانانە، ئاوڕیان لەو


ئەلدۆس هێکسلی

حەقیقەتە سادەیە، لەهەمان کاتدا یەکلایی کەرەوەیە نەداوەتەوە کە بریتییە لەوەی ئامانجە باشەکان، پێویستە بە ئامرازە باشەکان بێنە دی. ئەگەر ئامانجەکە ئامانجێکی باشو پیرۆز

بێت، بەڵام ئامرازی بـەدیهێنانی ئـەم ئامانجـە بـاشو پـیرۆزە خـراپ بێـت، مەسـەلەکان دەشێوێنو ئەنجامەکانیش تێك دەچن. تەنانەت ئەگەر هەندێ لە ئامانجە بـاشو پیرۆزەکـان ئـەو سـەرکەوتنە چـاوەڕوان کـراوەی لێـی دەکـرا بـەدی هـات، ئـەوا ئـەو سـەرکەوتنە سەرکەوتنێکی تاڵ دەبێتو باجەکەشی زۆر گران ڕادەوەستێت.

مێژوو بە دوورو درێژی باسی ئەو گروپەمان بۆ دەکـات کـە لەسـەر سـەحنەی شۆڕشـە گەورەکەی فەڕەنسای ساڵی ١٧٨٩ دەرکەوت، ئەوانیش گروپی "یەعقوبییەکان" بوون، ئـەم گروپە بە مانای ئەم ڕۆژگارە وەك حیزبێکی سیاسی بوون، سـەرکردایەتیی ئـەم حیزبـە لـە پیاوە مەزنەکان بوونو بەشـی هـەرە زۆریـان بڕوایـان بـە چـاکەو دادپـەروەریو ئـازادیو یەکسانی هەبوو، تەواو هاوسۆز بوون لەگەڵ زوڵم- لێکراوانو چەوسـاوەکانی سـەر زەویـدا. بەڵام ئەو پیاوانە، بەهۆی ئەوەی بڕوایـان بـە توندوتیـژی هـەبوو، نەهامـەتیو کارەسـاتی زۆریان بەسەر فەڕەنسادا هێناو تەواوی ئەوروپایان نـوقمی خـوێن کـردو دواجـار خۆشـیان لەسەر دەستی یەکتر، لەبەردەم گیوتینەکەدا سەری یەکتریان لێ کردەوەو کۆتایی بە ژیانیـان هاتو باجی ئەو شێوازەیاندا کە هەڵیان بژاردبوو ئامانجـە پیرۆزەکانیـانی پـێ بهێننـە دی. شێوازی توندوتیژیو دڵڕەقیو خوێن ڕشـتنو نـەبوونی توانـا بـۆ لێکبـوردەییو نـەتوانینی پێکهێنـانی دادگـای پـاكو دادپەروەرانـە، بـۆ هـەر کەسـێك ڕووبـەڕووی تۆمـەتبارکردن دەبووەوە.

یەعقوبییەکان، بۆیە ئەو ناوەیان لێ نرا، چونکە لە کڵێسایەکدا کـۆ دەبوونـەوە تایبـەت بوو بە شوێنکەوتوانی مەزهەبی (یەعقوبی) کە مەزهەبێکی ناسـراوی ئـاینی مەسـیحییە. ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە یەعقوبییەکان گەورەترین حیزبی شۆڕشی فەڕەنسی بوون کـە توندڕەو بوونو بڕوایان بە توندوتیژی هەبوو. ئەوان ناوەکەی خۆیان لـە مەزهـەبێکی ئـاینی مەسیحییەوە وەرگرتبوو، کەچی ئاینی مەسیحی، بە هەموو مەزهەبەکانییەوە، باوەڕی بـە توندوتیژی نییەو دانی پێدا نانێتو بانگەشەی بۆ ناکات.

حەزرەتی مەسیح، ڕەحمەتی خوای لێ بێت، بانگەشەی خۆشەویستیو لێك- بوردەییو تەحەمول کردنی ئەگەری جیاوازیو ناکۆکی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەکرد، داوای دەکرد کێشەو گرفتەکانی نێوان خەڵکی، بە خۆشیو میهرەبانیو دڵسۆزیو سنگ- فراوانییەوە چارەسەر بکرێن. بەم شێوەیە یەعقوبییەکان ناوێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو کە هیچ پەیوەندییەکی بە توندوتیژییەوە نەبوو، کەچی ئەم ناوە بە درێژایی هەموو سەدەکانو لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو، بووە گەورەترین سمبول بۆ توندوتیژی.

یەعقوبییەکان بڕوایان وابوو خراپەکاری هیچ چارەسەرێکی نییە تەنها بە خراپەکاری نەبێت، دادپەروەری بەدی نایەت تەنها بە سەر پەڕاندنی ئەوانە نەبێت کە بەلای (یەعقوبییەکانەوە) دوژمنی ڕەگەزی ئادەمیزادنو پاڵپشتی جەورو ستەمنو بەربەستن لە بەردەم پێشکەوتنی مرۆڤایەتی.

گەورە سەرکردەی یەعقوبییەکان کە ناوی تەواوەتی "ماکسیمیلیان دی ڕۆبسپێر" بوو، پێش بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسی، لە کاروباری دادوەریدا ئیشی دەکرد، بیروڕاکانی لە کتێبەکانی "جان جاك ڕۆسۆ"وە وەرگرتبوو، بەتایبەتی بانگەشەی "ڕۆسۆ" بۆ یەکسانیی نێوان خەڵکیو ئەو قسەیەی کە دەڵێ: "مرۆڤ کە لەدایك دەبێت پڕە لە چاکە، بەڵام دواتر خراپەکاری لە بارودۆخی خراپی کۆمەڵایەتییەوە دێت. ئەگەر توانیمان ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیە خراپە لابەرین، ئەوا لە هەمانکاتدا توانیومانە چاکەی تەواوەتی لە مرۆڤدا دەربخەین".

ڕۆسۆ لەپێناو لابردنی هەموو ئەو بارودۆخە خراپانە، بانگەشەی ئەوەی کرد کۆمەڵگەیەك دروست بکرێ تێیدا میللەت خاوەنی سەروەری بێتو سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانیش بێت. ئەم بیرمەندە ساڵی ١٧٧٨ کۆچی دوایی دەکات، واتە پێش بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسی بە یازدە ساڵ. وەلێ بۆچوونو بیروڕاکانی کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر شۆڕشی فەڕەنسیو پیاوەکانی شۆڕش هەبوو، بە تایبەتی "ڕۆبسپێر"

یەکێك بوو لەوانەی حەماسەتێکی گـەورەو بـاوەڕێکی هێجگـار زۆری بـە فیکـری ڕۆسـۆ هەبوو.

بەڵام لە فیکـری ڕۆسـۆدا هـیچ بانگەشـەیەك بـۆ توندوتیـژی نـەبوو، بگـرە بانگەشـە چاکسازییەکەی لەسەر پێویـستبوونی ئـەوەی نـاوی لێنـا (پـەیمانی کۆمەڵایـەتی) یـاخود (ئیرادەی هاوبەش)ی نێوان سەرجەم هاوڵاتیانی کۆمەڵگە، بینـا کرابـوو. بـەو پێیـەی ئـەم ئیرادە هاوبەشە، دەبێ سەرچاوەی هەموو ئەو یاسایانە بێت کە پێویـستە بـە ڕەزامەنـدیو ڕازیبوونی هەموو لایەك دەربچن. ڕۆسۆ ئەوەی ڕەت دەکردەوە یاساکان لە لایەن کەمینـەوە دەربـچن، چـونکە نمونـەی ئـەم جـۆرە یاسـایە، سـتەم لـە زۆرایـەتی دەکـاتو زیـان بـە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنێت. ئاشتی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵکی، بـە کۆمەڵـە یاسـایەکی ستەمکار بەدی نایەت. بگرە ئەو ئاشتییە پێویـستی بـە یاسـای دادپەروەرانـە هەیـە کـە پارێزگاری لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەکاتو هاوسەنگییەکی ڕاسـتو دروسـت لـەنێوان هەموو ڕەگەزەکانی کۆمەڵگەدا دەستەبەر دەکات، ئەوسا هـەمووان بـاوەڕی پـێ دەکـەنو دەتوانن لە پێناو پارێزگاری لێکردنیو بەردەوامبوونیدا، قوربانی بۆ بدەن.

ڕۆبسپیێر بە شێوەیەك باوەڕی بەو فیکرانە هەبوو، لە باوەڕێکی ئـاینی دەچـوو. بـە لای ڕۆبسپیێرەوە فیکرەی ئازادیو یەکسانیو دادپەروەری، کۆمەڵێ فیکرەی موقـەدەس بـوونو شوێنی گومان نەبوونو پێویست ناکات دوودڵ بین لەبەرگری- لێکردنیـان. کـاتێ شۆڕشـی فەڕەنسی بەرپابوو، "ڕۆبسپیێر" بووە سەرکردەی حیزبی یەعقوبییەکان، نەیتوانی ئامرازێـك بدۆزێتەوە بۆ بەدیهێنانی ئەو فیکرو پرنسیپانەی باوەڕی پێیان هـەبوو، تـەنها توندوتیـژیو دڵڕەقیو خوێن ڕشتن نەبێت.

لە سەروبەندی بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی ١٧٨٩، "ڕۆبسپیێر" تەمـەنی سـیو یەك ساڵ بوو، واتە لە هـەرەتی گەنجیـەتیو هەڵـچوونو حەماسـەتیا بـوو. لەبەرئـەوە بـۆ بەرگریکردن لە پرنسیپو بیرو ڕاکانی، پەنای بۆ هیچ شێوەیەك لـە شـێوەکانی نـەرمونیانی

یان فیڵکردن نەبرد. ئەو هەمیشە وەك شمشێرێکی تیژی یەکلایی کەرەوە وابوو. هەنووکە "ڕۆبسپێر" بووە بە ناوێك، ترس و تۆقاندن لە دەروونـدا دەچێنێت، ناوێك مەیلی خوێن ڕشتنی هەیەو وەك ئەوەی دێوەزمەیەکی مێژوویی دڕنـدە ئاسا بێتو هیچ سیفەتێکی مرۆڤانەی تێدا نەبێت. یەکێك لە دوژمنەکانی سەردەمی خۆی، سەبارەت بە "ڕۆبسپێر"و لایەنگرەکانی دەڵێ: کۆمەڵێکن لە مرۆڤخۆرەکانی پاریس.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کتێبەکانی مێژوو، پڕە لەو قسانەی سەبارەت بە لایەنەکانی دیکەی کەسێتیی ڕۆبسپێر کراونو شوێنی سەرسوڕمانن. ئەوەتا مێژوونووسی ئینگلیزی "هێربرت فیشەر" کە یەکێکە لە دوژمنە هەرە گەورەکانی شۆڕشی فەرەنسیو پیاوەکانی، سەبارەت بە ڕۆبسپێر دەڵێ:


ڕۆبسپێر

"تا دوا سنوری کەشخەیی کەشخە بوو، ڕەوشت بەرز بوو، بەشێوەیەکی جوانو نایاب خۆی وا پیشانداوە دەستی بە باشییەکانی سیستمی کۆمارییەوە گرتووە".

هەرچی "نەهرۆ" یە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا "چاوگێڕانێك بە مێژووی جیهاندا" دەڵێ:

"ڕۆبسپێر بە جۆرێك پاكو دڵسۆز بووە، خەڵکی پێیان وتووە مەعسومە لە گەندەڵیو ئەو پیاوەیە کە ناتوانی بەرتیلی بدەیتێ".

ڕۆبسپێر لەپاڵ هەموو ئەوانەشدا، گوتاربێژێکی کاریگەر بووە، قسەکانی بە سادەو ساکارییەکەیو بە گوڕو تینەکەیەوە دەچووە دڵی هەموانەوە، هەروەها قسەکانی

هەڵگری ئیمانێکی بەهێزو پڕ سۆز بووە بەرامبەر بە میللەتو مافەکانی، بۆیە بە ئاسانی دەچووە دڵی خەڵکییەوە. لەو قسانەی کە وەسفی شۆڕشی فەرەنسی پێ کردووە دەڵێ:

"کێ بەم شۆڕشە نەمرەمان هەستاوە؟ ئایا ئەوە دەوڵەمەندەکانی ئەم میللەتەیە بەم شۆڕشە هەستاون؟ ئایا ئەوان بەهێزەکانی ئەم سەردەمەن؟ تەنها میللەت بوو هیواخوازو پەرۆشی شۆڕش بوو، بەرپاشی کرد. لەبەر هەمان هۆ، ئەم میللەتە دەتوانێت درێژەی پێ بداتو کار بۆ سەرکەوتنی بکاتو بەرگریشی لێ بکات".

هەندێ قسەی دیکەی رۆبسپێر: "لەسەر هەموو میللەتێکی شەرافەتمەند کە شانازی بە ئازادییەکەیەوە دەکات، پێویستە رایگەیەنێت حەز ناکات سووکایەتی بە هیچ کەسێك بکات، وەك چۆن نایەوێت هیچ کەسێکیش سووکایەتی پێ بکات". رۆبسپێر لە قسەیەکی دیکەیدا پاساو بۆ ستەمگەرییەکەیو حەزی بۆ توندوتیژی دەهێنێتەوەو دەڵێ: "پێویستە خەڵکی ستەمی ئازادیو ستەمی زۆرداری تێکەڵ بەیەك نەکەن. ئەو توندوتیژییەی زۆردارێك پەنای بۆ دەبات سەرچاوەکەی تەنگ پێهەڵچنینو دڵڕەقییە. بەڵام ئەو توندوتیژییەی کۆمار پیادەی دەکات، سەرچاوەکەی خۆشەویستییە بۆ چاکە".

ئا بەم شێوەیە رۆبسپێر، دەستەواژەی "ستەمی ئازادی" دادەهێنێت کە دەستەواژەیەکی سەیرو ناکۆکە. ئازادی بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ستەمگەریدا ناگونجێت، بەڵام رۆبسپێر دەیەوێت بۆ بەرگریکردن لە پرنسیپو بیروراکانی، پاساو بۆ بڕوابوونی بە توندوتیژیو پەرۆشی بۆ خوێن ڕشتن بهێنێتەوە. ئەمە ئەو خاڵە نێگەتیڤەیە کە نەهرۆ لەسەر رۆبسپێر تۆماری کردووەو دەڵێ:

"گەرچی رۆبسپێر لە ژیانیدا کەسێکی سادەو ساکار بووە، بەڵام لەو کەسانە بووە کە زۆر گرنگی داوە بە پرنسپو بیروراکانی، بە جۆرێك لەو بڕوایەدا بوو هەرکەسێ ناکۆك بێت لەگەڵیدا، ئەوا بەرامبەر بە کۆمارو شۆڕش ناپاکە. زۆرجار هاورێکانی خۆی ناردووە بۆ

گیوتینەکە. لەبەر ئـەوە هاوڕێکـانی چـی تـر تەحـەمولیان نـەماو بـە سـتەمگەرو زاڵـم تۆمەتباریان کردو ئەویشیان نارد بۆ گیوتینەکە".

بـە ڕاسـتی لایـەنی نێگـەتیڤی مەترسـیدار لـە کەسـێتی "ڕۆبـسپێر"و لـە حیزبـی یەعقوبییەکان، باوەڕهێنانیان بوو بە توندوتیژیو نەبونی توانا بۆ گفتوگۆ کردنو بە خێرایـی گومانکردن لەوانی دیکەو تۆمەتبارکردنی هەموو ئەوانەی بـیروڕای جیاوازیـان هـەبوو بـە ناپاك، تەنانەت گەر ئەو خاوەن بیروڕا جیاوازە لە خودی حیزبی یەعقوبییەکانیش بێت. هـەر ئەمەش بوو ڕۆبسپێر بەرامبەر بە هاوڕێیانی لـە حیزبـی یەعقوبییـەکان ئـەنجامی دا، ئـەو هاوڕێیانەی لەم حیزبەداو لە تەواوی شۆڕشی فەڕەنسیدا، ڕۆڵی مێژوویی بەرچاویان هەبوو.

لــەو کەســانەی ڕۆبــسپێر لەســێدارەی دا، هاوڕێکــەی لــە ســەرکردایەتی حیزبــی یەعقوبییەکان "جۆرج جاك دانتۆن" بوو کە بە بەشی کۆتایی ناوەکەی "دانتۆن" ناوبـانگی دەرکردبوو. دانتۆن یەکێك بوو لە زیرەکترینو بەهێزترین سەرکردەی یەعقوبییـەکان. دانتـۆن لەسەرەتادا وەك ڕۆبسپێر بۆ پارێزگاریکردن لە شۆڕش، باوەڕی بە توندوتیژیو خـوێن ڕشـتن بوو. وەلێ دانتۆن کاتێ هەستی کرد شەپۆلی توندوتیژی گەیـشتووەتە سـنورێك کـە چـیتر قبوڵ ناکرێـت، مـەیلی بـە لای میانڕەویـدا شـکاندەوەو لـەناو حیزبـی یەعقوبییەکانـدا، بانگەشەی بۆ جۆرێك لە دان بەخۆدا گرتن دەکرد. ئا لێرەدا ڕۆبسپێر پێـی وابـوو هـاوڕێیو هاودەمەکەی، لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینە لای داوە، بۆیە دانتۆنی بە تۆمـەتی پلانگێڕیو ناپاکی تۆمەتبارکرد.

ڕۆبسپێر لەوەدا سەرکەوتوبوو کـە حـوکمی لەسـێدارەدانی بـۆ دانتـۆن دەرکـرد. ئیـدی ڕۆبسپێری دڵڕەق کە هیچ (چارەسەرێکی مامناوەندی) ی نەدەزانی، دوودڵ نەبوو لەوەی لـە مانگی نیسانی ساڵی ١٧٩٤ فەرمانی لەسێدارەدانی دانتۆن جێبەجێ بکرێ. بەم شـێوەیەو بێ ئەوەی هیچ باکی بە مێژووی پرشنگداری دانتۆن لە شۆڕشی فەڕەنسیدا هـەبێت، سـەری هاوڕێ پێشووەکەی پێشکەش بە گیوتینەکە کرد. هێندە بەسە بڵـێین دانتـۆن ڕابـەری ئـەو

خۆپیشاندانە گەورەیە بوو کە چوونە ناو کۆشکی پاشایەتی‌و پاسەوانانی کۆشکی تەفرو توناکردو بەشی زۆریانی لەناو بردو لویسی شازدەهەم-یشی دەستگیرکرد.

هەروەها ڕۆبسپیێر هاوڕێیەکی دیکەی خۆی لە سەرکردایەتی حیزبی یەعقوبییەکان لەسێدارە دا، ئەویش "کامی دیمۆلان" بوو. ئەوە دیمۆلان بوو لە ١٤ ی تەموزی ساڵی ١٧٨٩دا، سەرکردایەتی جەماوەری پاریسی کرد بۆ ڕوخاندنی گرتوخانەی بەناوبانگی باستیل. ئەو ڕۆژە بە سەرەتای ڕاستەقینەی شۆڕشی فەڕەنسی دادەنرێ، هەروەها ئەو ڕۆژە تاکو ئێستاش، بە جەژنێکی نیشتیمانی فەڕەنسا دادەنرێت‌و هەموو ساڵێك یادی دەکرێتەوە. تۆمەتبارکردنی ڕاستەقینەی دیمۆلان لەلایەن ڕۆبسپیێرەوە، هیچ نەبوو تەنیا ئەوە نەبێت دیمۆلان کتێبێکی نووسی‌و تێیدا داوای لە شۆڕش‌و سەرکردەکانی کرد، بگەڕێنەوە بۆ باشییەکانی میهرەبانی‌و میانڕەوی‌و چیتر واز بهێنن لە پێشکەشکردنی سەری خەڵکی بۆ گیوتینەکە. ڕۆبسپیێر ئەم بانگەشەیەی بە خیانەتکردن لە شۆڕش‌و بەرگریکردن لە دوژمن‌و نەیارانی شۆڕش لەقەڵەم دا. بۆیە لە یەك شەودا، دیمۆلانی لەگەڵ دانتۆن، پێکەوە نارد بۆ بەردەم گیوتینەکە.

ئەم ئاراستە دڵڕەق‌و توندوتیژە لەلایەن ڕۆبسپیێرەوە، هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی هەموو شۆڕشگێڕەکان زەندەقیان لێی بچێت‌و لێی بترسن. هیچ کەسێك دڵنیا نەبوو لەخۆی یاخود هیچ کەسێك نەیدەتوانی خۆی لەو چارەنووسە خوێناوییە بەدوور بگرێت کە ڕووبەڕووی هەموو ئەو کەسانە دەبوونەوە کە ڕۆبسپیێر گومانیان لێ بکات یان جیاواز بن لەگەڵیدا. وەلێ دواجار مەسەلەکە بەوە کۆتاییهات لە ٢٧ تەموزی ساڵی ١٧٩٤، زۆر بەخێرایی پیلانی دەستگیرکردنی ڕۆبسپیێر دانرا، گەرچی هەندێ لە دانیشتوانی پاریس، هەستان بە ئازادکردنی، بەڵام پیلانەکە زۆر تۆکمەو ورد داڕێژرابوو، بۆیە توانرا جارێکی دیکە دەستگیری بکەنەوەو لە ڕۆژی ٢٨ ی تەموزی ساڵی ١٧٩٤ لەسێدارە درا. ڕۆبسپیێر

لەکاتی لەسێدارەدانیدا تەمەنی سیو شەش ساڵ بـوو. ڕۆژی دوای لەسـێدارەدانی، هەشـتا کەسی دیکە لە لایەنگرانی لە حیزبی یەعقوبییەکان لەسێدارە دران.

بەمەش هەم دەسەڵاتی ئەم حیزبە کۆتایی پێهاتو هەم سەردەمی ڕۆبسپێریش کۆتـایی پێهات کە بە (سەردەمی تیرۆ) ناوبراوە. مێژوونووسی ئەمریکی "ولیـەم لاتجـر" سـەبارەت بە کۆتایی هاتنی ڕۆبسپێر دەڵێ:

"ڕەگەزی جیاواز جیاواز لە دوژمنو نەیارە شەخسییەکانی، بەشداربوون لە نانەوەی ئـەو کودەتایە بەسەر ڕۆبسپێردا، ئەوانە دژی ئەو هەوڵانەی ڕۆبسپێر بوون کە دەیویست فەڕەنـسا لەسەر بنەمای فەزیلەت، بکاتە کۆماری. ئامانج لەو کودەتایە لابردنی ڕۆبسپێر بـوو نـەك دانانی سنورێك بۆ تیرۆر. بەڵام ڕای گشتی هەمووانی ناچارکرد سیاسەتێك پەیڕەو بکەن بـە لای میانڕەویدا بشکێتەوە".

بەم شێوەیە حیزبی یەعقوبییەکانو سـەرکردە گەورەکـەی ڕۆبـسپێر کۆتاییـان پێهـات. ڕۆبسپێر بە کەمتر لە چوار مانگ دوای لە سێدارەدانی هاوڕێکانی: "دانتۆنو دیمـۆلان" بـە تۆمەتی خیانەتکردن، خۆشی لەسێدارە درا. واتە ئـەو ئـامرازەی ڕۆبـسپێر بـۆ لـەناوبردنی ئەوانی دیکە پەنای بۆ دەبرد، هەمان ئەو ئامرازە بوو کە خۆیشی لـەناوبرد. بـەم شـێوەیەو لە میانەی ئەزمونێکی مێژوویی گەورەوە کـە ئـەزمونی حیزبـی یەعقوبییـەکانی شۆڕشـی فەڕەنسی بوو، بە ڕوونو ئاشکرایی ڕاستی ئەو قسەیەی پێـشەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت کـە "ئەلدۆس هێکسلی" وتویەتی:

(توندوتیژی، توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە، هەر چاکسازییەك لـە ڕێگـەی توندوتیژییـەوە بەرهەم هاتبێت، ئەوا هەر دەبێ بە توندوتیژی بڕوات).

پرنسیپە مرۆڤایەتییە مەزنەکان، بۆ بەدیهێنانیان پێویستیان بە هەمان ئامرازی مەزنـە لە جۆری پرنسیپەکان. بەڵام ئەوەی کۆمەڵێ پرنسیپی مـەزن هەیـە، بـۆ بەدیـدی هێنـانی سەرفرازیو سەرکەوتن تـێ دەکۆشـێ، لەڕێگـەی ئامرازگـەلێکی نـەگونجاوەوە، ئـەوە لـەو

مەسەلانەیە کە لە دوای خۆیەوە خراپترین دەرئەنجامو ویرانکاری بەجێ دەهێڵێت. ئەو ڕاستییە ئازاربەخشەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە، بریتییە لەوەی توندوتیژی، پێشترو ئێستاش، ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێ لە هەموو گۆڕانکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتییە گەورەکاندا. ئەو پیاوە مەزنانە زۆر کەمو دەگمەنن کە توانیویانە لەنێوان پرنسیپە بەرزەکانو بەدیهێنانی ئەو پرنسیپانەدا، خۆیان بە تەواوی لە بەکارهێنانی توندوتیژی بەدوور بگرن. وەلێ وانە گەورەکەی مێژوو پێمان دەڵێت توندوتیژی هەموو شتێك لەسەر ڕێگای خۆیدا ڕادەماڵێت، تەنانەت خودی خاوەن توندوتیژییەکانیش.

گەرچی یەعقوبییەکانو لەسەرو هەموشیانەوە ڕۆبسپێر، خاوەنی کۆمەڵێ پرنسیپی مەزن بوون، ئەوان لەو خەمخۆرو دڵسۆزانە بوون، ئامادە بوون لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا، قوربانی بدەنو کاری جوامێرانە ئەنجام بدەن. بەڵام ئەو بڕوایەی کە بە توندوتیژی هەیانبوو، وەك ژەهر وابوو، هەمووانی لەناوبردو چاکە باشەکانیشیانی خستە شوێنی گومانو دوودڵیو ژیانیان کۆتاییەکی تراژیدیانەی خێرای بەخۆیەوە بینی. بێ ئەوەی، ئەوەی خەونیان پێوە دەبینی لە دادپەروەریو چاکە بۆ خۆیانو بۆ سەرجەمی خەڵك، بەدەستی بهێنن.

# تۆماس بین... عاقڵێك لە نێوان شێتەکاندا



کاتێ شۆڕشی فەڕەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ بەرپا بوو، لە ئینگلتەرەو ئەمریکادا، ناوی "تۆماس بین" لە بەناوبانگترین ناوەکان بوو. لەبەر ئەوە شۆڕشگێڕانی فەڕەنسا خۆشیان دەویستو کەسێتییەکەیو نووسینەکانی، ئیلهامی پێ دەبەخشینو ڕووناکییەك بوو ڕێگای بۆ ڕووناك دەکردنەوە. وەلێ خودی تۆماس بین لە ئینگلتەرەو لە ساڵی ١٧٣٧ لەدایك بووە، لە هەندێ لە قوتابخانەکانیدا خوێندوویەتی، پاشان وەك منداڵێکی بچووك ژیانی عەمەلی دەستپێکردووە، لە بەقاڵیو مامۆستایەتیو توتنفرۆشیدا ئیشی کردووە. لە هەموو ئەو کارانەدا، ناخۆشیو دەردە سەریو ماندووبوونی زۆری چەشتووە. لەو سەردەمەدا ستەمی کۆمەڵایەتی، لەناو کۆمەڵگەی ئینگلیزیدا بەربلاو بووە، چینە میللیەکان، کە "تۆماس بین" یەکێك بوو لە ڕۆڵەکانی، زۆر بە زەحمەت پارووە نانێکیان دەست دەکەوت. یاسا پشتگیری لە هەژارو بێهێزەکان نەدەکرد، بگرە بە پێچەوانەوە پشتگیری لە دەوڵەمەندو بەهێزو بەتواناکان دەکرد.

لێرەوە ژیانی تۆماس بین لە ئینگلتەرە، ژیانی نەبوونیو هەژاریو دەربەدەریو ماندووبوونی ڕۆحیو جەستەیی بوو. بەڵام تۆماس بین لە ناوەوەی خۆیدا، هەڵگری مەشخەڵێك بوو لە بەهرەیەکی بەرزو هەستێکی قووڵو زیرەکیەکی تیژ. ئەو زۆری دەخوێندەوە، بیری لە بارودۆخی کۆمەڵگەو مرۆڤەکان دەکردەوە. بۆیە لە دەروونی خۆیدا هەستی بە هیچ نەدەکرد تەنها بە تووڕەییو ڕەتکردنەوەو پرۆتستۆکردن نەبێت، دەوڵەمەند هەژار دەپلیشێنێتەوەو نە یارمەتی دەدات نە دەستی هاوکاری بۆ درێژدەکات. بەهێز بە پێیە قورسەکانی، پێ بەسەر هەموو بێهێزەکاندا دەنێت، تەنانەت گەر ئەو بێهێزانە

خەڵکانی نەجیبو کرێکاری بەرهەم- هێنیش بن. سپی- پێست بەبێ شەرع یان بەبێ یاسا دەسەڵاتی خۆی بەسەر ڕەش- پێستدا دەسەپێنێت. بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا لە ململانێیەکدان کە خاڵییە لە هەموو مانایەك. وڵاتان لە پێناو ئەوەی میللەتێك لە ڕێگەی هێزو توندو تیژییەوە، میللەتێکی دیکە بچەوسێنێتەوە، لەگەڵ یەك دەجەنگن. هەموو ئەمانەش ژیان پیسو بۆگەن دەکەنو وا دەکەن واقیعی مرۆڤایەتی، ببێتە واقیعێکی نەگریس لەناو نەگریسیدا. ئەمە لە کاتێکدایە دەبوو یەکسانییەکی ڕاستەقینە لە نێوان ئادەمیزادەکاندا هەبێت. خەڵکی یارمەتیدەرو هاوکاری یەك بن، بۆ ئەوەی وا لە ژیان بکەن بۆ هەمووان خۆشو باشو بەختەوەری بێت.

ئەو بیرۆکانە لە هزری تۆماس بین- دا دەهاتنو دەچوون، لە ئینگلتەرە هیچ ئامرازێکی شیاو نەبوو بۆ ئەوەی تۆماس بین ئەو بیرۆکانەی پێ دەربڕێتو گوزارشتیان لێ بکات. ئینگلتەرە لەو سەردەمەدا ئیمپراتۆریەتێك بوو، ئەرستۆکراتو دەوڵەمەندو بازرگانەکان حوکمڕانییان دەکرد. لە وشکانیو لە دەریاوە، سوپاگەلێکی گەورەو بە توانا لە دەوری سەروەری ئەم ئیمپراتۆریەتە پانو فراوانە کۆ ببوونەوەو سەرقاڵی خزمەتکردنی بوون. خزمەتی ئەوانەیان دەکرد لە نازو نیعمەتو کەیفو سەفادا دەژیانو گوێیان بە زۆرینەی بەشمەینەتانی وڵاتەکەیان نەدەدا، یان گوێیان بەو خەڵکە داماوە نەدەدا کە لە ناوچە کۆلۆنیکراوەکانی ژێردەستیاندا دەژیان.

لێرەوە تۆماس بین بیری کردەوە بڕوات بۆ ئەمریکا، ئەمریکا لەو سەردەمەدا، بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٧٧٤دا، هێشتا هەر ناوچەیەکی کۆلۆنیکراوی ئینگلتەرە بوو. تۆماس بین پێیوابوو لە ئەمریکا، بارودۆخێکی جیاواز لەو بارودۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتییەی لە ئینگلتەرەدا جێگیرو باوە، دەدۆزێتەوە. لە ئەمریکا هەوڵێك هەبوو بۆ بنیادنانی جیهانێکی تازە لەسەر بنەمای پرنسیپی ئازادیو پێشکەوتن، هەروەها لە ئەمریکا تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئەمریکاو جیابوونەوەی لە ئینگلتەرە

دەستی پێکردبوو. ئەم جۆرە بارودۆخە، لەگەڵ ڕۆحە شۆڕشگێڕیو ئازادیخوازانەکەی تۆماس بیندا گونجاو بوو. هەر بە دروستیش تۆماس بین ڕۆیشت بۆ ئەمریکا، لەوێ "جۆرج واشنتۆن"و "جێفری سۆن"و ئەوانی دیکەی بینی کە بانگەشەی سەربەخۆییو ڕزگاربوونیان دەکرد. ئەمریکییەکان زۆر بەخێرایی هەستیان کرد، ئەوان تا بڵێی پێویستیان بە پیاوێکە لە جۆری تۆماس بین.

تۆماس بین نووسەرێکی بلیمەتو گوتاربێژێکی ئاست بەرز بوو. ئەو پیاوێك بوو دەیتوانی خەڵکی لە دەوری وشە ئەفسوناویو چاونەترسەکانی کۆبکاتەوە، دەیتوانی ئەو وشانە بکات بە هێزێکی بزوێنەرو جەماوەری میللەتی ئەمریکا تاو بداتو بۆ ئازادیو سەربەخۆیی، گڕ لە جۆشو خرۆشیان وەربدات. تۆماس بین لە ئەمریکا یەکەم کتێبی بە ناونیشانی "هۆشیاری گشتی" بڵاوکردەوە. ئەم نووسەرە شۆڕشگێڕە لەم کتێبەیدا، داوای کرد ئەمریکا سەربەخۆیی خۆی لە ئینگلتەرە ڕاگەیەنێتو کۆمارێکی ئازادی تازە دروست بکات، کۆمارێك لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان خەڵکیو ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دامەزرابێت. ئەم کتێبە وەك جۆرێك لە بڵاوکراوەی شۆڕشگێڕی وابوو، ئەم دەستو ئەو دەستی پێ دەکراو عەقڵەکانو دڵەکان لە دەوری کۆ دەبوونەوە. ئیدی بانگەوازکردن بۆ ئازادیو سەربەخۆیی ئەمریکا، لەسەر زمانی بەشی هەرە زۆری کوڕوکاڵی ئەمریکا بوو. ئەم کتێبە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٧٧٦ بڵاوبووەوە، چەند مانگێك بەسەر بڵاوبوونەوەی کتێبەکەدا تێنەپەڕی، ئەمریکا لە مانگی تەموزی ساڵی ١٧٧٦ سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندو جەنگ لەنێوان ئەمریکاو ئینگلتەرە هەڵگیرسا، هێندەی نەمابوو ئەمریکا ئەم جەنگە بدۆڕێنێتو سەربەخۆییە تازە لەدایکبووەکەی لەدەست بدات.

تۆماس بین لە ساتەوەختی بێهیواییو ترس لە شکستو دۆڕاندن، کتێبێکی نایابی دیکەی بەناوی "قەیران" بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە بەسەر سوپای ئەمریکادا، کە لە پێناو ڕزگاریدا دەجەنگا، دابەش کرا. لە سەرکردایەتی باڵای ئەمریکاوە، ڕێنمایی ئەوە دەرکرا

پێویسته لاپەڕەکانی ئەم کتێبە بۆ سەربازە جەنگاوەرەکان بخوێنرێنەوە. ئەم کتێبە کاریگەرییەکی سیحرئاسای لەسەر دەروونی جەنگاوەرە ئەمریکیەکان، ئەوانەیان کە ڕووبەڕووی ئینگلتەرە ببونەوە، هەبوو. ئەمریکا لە جەنگی سەربەخۆییدا، بە چەکێك سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لەپێش هەموویانەوە وشەکانی تۆماس پین بوو. لەو وشانەی کە لەم کتێبەدا هاتووە:

"ئەگەر دڵمان خۆش بێتو لاواندنەوەیەکمان هەبێت، ئەوەیە کاتێ ململانێکە بەگوڕتر دەبێ، نەمری سەرکەوتنیش زیاتر دەبێت. ئەوەی بە نرخێکی هەرزان بەدەستی دەهێنین، بە بایەخێکی زۆرەوە تەماشای ناکەین. وەلێ ئەوەی بە نرخێکی گران بەدەستی دەهێنین، تەنها ئەوە شایەنی مانەوەیەو شایەنی ڕێزلێگرتنو بایەخپێدانە".

تۆماس پین لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەڵێ:

"من کەسێکی بێ ئیمان نیم، بەجۆرێك پێم وابێت خودا وازی لە حوکمڕانی گەردوون هێنابێتو بەرپرسیارەتییەکەی بۆ شەیتانەکان جێهێشتبێت. من ئەگەرچی باوەڕم بەوە نییە، ئەوا من ناتوانم ئەو پاساوانە بەڕاست دانێم کە پاشای ئینگلتەرە، لە ڕێگەی نوێژکردنیەوە بۆ ئاسمان، داوا لە ئاسمان دەکات لە دژی ئێمە سەری بخات. چونکە ئەگەر ئەو مافی ئەو نوێژکردنەی هەبێت، ئەوا بکوژو جەردەو ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر ماڵی بێ تاوان، ئەوانیش مافی هەمان نوێژی لەو شێوەیەیان هەیە".

ئا بەم شێوەیە تۆماس پین لە کتێبەکەیدا (قەیران) دەست بە نووسین دەکات، ئیدی ئەم کتێبە توانی وەك سیحر، ڕۆبچێتە نێو دەروونی جەنگاوەرانی ئەمریکاوە، تا ئەو کاتەی سەرکەوتنو سەربەخۆییان بەدەست هێنا. دوای ئەوەی ئەمریکا سەربەخۆیی وەرگرت، تۆماس پین گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرە. ئەو دەیتوانی لە ئەمریکا بمێنێتەوەو لە بەری ڕەنجو تێکۆشانەکەی سود وەربگرێتو پێگەیەکی بەرز، لەنێو سەرکردە سەربەخۆکانی ئەمریکادا بەدەست بهێنێت کە لە ژێر چەپۆکی ئینگلتەرە ڕزگاریان ببوو. بەڵام تۆماس پین بە شوێن

دەسەڵات یاخود هێزدا نەدەگەڕا، بگرە ئەو دەیگوت: "لە کوێدا ئازادی نەبوو، نیشتیمانی من لەوێیە". ئەو جەنگاوەرێك بوو لەپێناو ئازادیدا. ئەو دەبوو لەو شوێنانەدا ئامادە بێت، کە تێیدا ئازادی پێویستی بە لایەنگرو جەنگاوەران هەیە. ئینگلتەرە لە جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکادا دۆڕا، بەڵام خودی ئینگلتەرە، پێویستی بە جەنگێکی ناوخۆیی هەبوو، بۆ ڕزگارکردنی زۆرینەی میللەت لە ستەمو زۆرداریی بازرگانەکانو کەمینەی ئەرستۆکراتیەت کە دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرتبوو، لە هەموو نازو نیعمەتێکیشدا بوون.

لەبەر ئەوە تۆماس پین بە ئیرادەی ئازادانەی خۆی، جێهێشتنی ئەمریکای هەڵبژارد کە تێیدا ئایندەیەکی پرشنگدار چاوەڕوانی دەکرد. بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ ئینگلتەرە تاکو لەوێ شۆڕشێکی تازە هەڵگیرسێنێت. خەڵکی ڕزگار بکات، یەکسانی بەدی بهێنێتو کەرامەتی مرۆڤ بپارێزێت، هەموو خاوەن مافێك، پشکی ڕاستەقینەی خۆی لە ئەمنو ئاسایشو خۆراكو جێگەو خوێندنو چارەسەرو ئازادیو مسۆگەرکردنی دوا ڕۆژی وەرگرێت. تۆماس پین ساڵی ١٧٨٧ گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرە، واتە پێش بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی بە دوو ساڵ.


لاڤاییت

کاتێ شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ بەرپابوو، ناوی تۆماس پین لە هەموو شوێنێکدا، لەسەر زمانی شۆڕشگێڕە فەرەنسییەکان بوو. ئەوان ئاگاداری ڕۆڵی تۆماس پین بوون لە شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمریکاداو نووسینە جوانەکانی تۆماس پین- یان سەبارەت بە بەرگریکردن لە ئازادی خوێندبۆوە. بگرە لاڤاییت کە سەرکردەی پاسەوانە نیشتیمانییە

تازەکەی فەرەنسا بوو، لەگەڵ تۆماس بین لە نزیکەوە یەکترییان دەناسی. چونکە لاڤاییت لە جەنگی ئەمریکا دژ بە ئینگلیز، وەك خۆبەخش بەشداری کردبوو. لاڤاییت لە میانەی شەڕو شۆڕەکاندا تۆماس بین دەناسیۆ خۆشی دەویێتو ڕێز لەو ڕۆڵە گەورەیەی تۆماس بین دەگرێت، کە لە پێناو بەرگیرکردن لە سەربەخۆیی ئەمریکا، ویژدانی ئەمریکییە ئازادەکانی جۆش دەدا.

تۆماس بین لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشی فەرەنسیدا، لە ئینگلتەرە لە بارودۆخێکی سەختدا دەژیا. ئەرستۆکراتیەتی دەسەڵاتداری ئینگلتەرە، ڕقیان لێی بوو، پێی قەڵس دەبوونو دەیانویست پارچە پارچەی بکەنو لەناوی بەرن. ئەم ئەرستۆکراتیە دەسەڵاتدارەی ئینگلتەرە، هێرشیان دەکردە سەر شۆڕشی فەرەنسی تازە لەدایکبوو، ئەوان پێیان وابوو ئەو شۆڕشە چوونە دەرەوەیە لە نیزامو بانگەشەیەکە بۆ فەوزاو پەشێوی نانەوەو مەترسییەکە هەڕەشە لە ئاسایشی ئینگلتەرە دەکات، بگرە هەڕەشەیەکە بۆ سەر تەواوی کیشوەری ئەوروپا. بەڵام تۆماس بین تەواو بە پێچەوانەی ئەوەوە، پشتگیریی شۆڕشی فەرەنسی دەکردو داوای دەکرد لە ئینگلتەرەش ڕووبداتو هاتنی بەرەبەیانێکی تازەی مرۆڤایەتی تێدا دەبینی. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەرستۆکراتیەتی ئینگلیزی زیاتر دوژمنایەتی بکەنو زیاتر لە دژی بجەنگن.

تۆماس بین نە بێدەنگ بوو نە ترسا، بگرە کتێبە بەناوبانگەکەی (مافەکانی مرۆڤ)ی بڵاوکردەوە، تێیدا بەرگری لە شۆڕشی فەرەنسی دەکاتو داوا دەکات شۆڕشێکی هاوشێوەی ئەو لە ئینگلتەرەشدا بەرپا بکرێ. ئا لێرەدا بێزاریو قەڵسبوونی ئەرستۆکراتیەتی ئینگلیزی گەشتە ئاستێکی زۆر توند، ئیدی "تۆماس بین" بەوە تۆمەتبار کرا کە خائینو دوژمنی وڵاتەکەیەتیو پێویستە دادگایی بکرێو لەسێدارە بدرێ. تۆماس بین هیچ چارەسەرێکی گونجاوی نەدۆزیەوە ئەوە نەبێت بەرەو فەرەنسای شۆڕشگێڕ ڕابکات. لەوێ دەتوانێت بەشداری شۆڕشە تازە لەدایکبووەکە بکاتو ژینگەیەك بۆ بیروڕاو بۆچوونە

ئازادەکـانی بدۆزێتــەوە، ژینگەیــەك لێــی تێبگــەنو ڕێزلــە بیروڕاکـانی بگـرنو ئــیش بــە بیروڕاکانی بکەن.

فەڕەنسای شۆڕشگێڕ، لەبەر ئەوەی هێندە سەرسـام بـوو بــە کەسـێتیی تۆمــاس بـینو بیروڕاکـانی، وەك ئەنـدامێکی (ئەنجومــەنی نیـشتیمانی) هــەرێمی کالیــە هــەڵیان بــژارد. لەمەشدا شێتك نییە شوێنی سەرسامیو دەهشە بێت، چونکە شۆڕشـی فەڕەنـسی لـەپێناو هەموو مرۆڤایەتیدا بەرپا ببوو، نەك تەنیا لــە پێنــاو فەڕەنــسادا. ســەرکردەکانی شــۆڕش، خۆیان بە بانگەوازخوازی ئازادیو برایەتیو یەکسانی هەموو جیهــان دەزانــی. لەبــەر ئــەوە سەیر نەبوو کەسـێکی ئینگلیـزی وەك تۆمــاس بــین هەڵبــژێرن تــاکو لــە نێــوان ڕابــەرانی شۆڕشەکەو سەرکردایەتیەکەیدا بێت. ئەو لە پێناو ئەو ئامانجانـەی شۆڕشـی فەڕەنـسی لــە پێناویدا بەرپا ببوو، تێکۆشەرێکی مرۆڤ- دۆست بوو. لێرەوە ئەو مافی خۆیــەتی لــە ڕیــزی یەکەمی شۆڕشــدا بێــتو شــۆڕش ســوود لــە فیکــریو لــە قەڵەمەکــەیو لــە شــارەزاییە فراوانەکەی، لەبورای تێکۆشان لەپێناو ئازادیدا، وەربگرێت.

تۆماس بین ساڵی ١٧٩٢ لە ئینگلتەرەوە ڕایکرد بۆ فەڕەنساو بە فیعلیش چـووە ڕیـزی "ئەنجومەنی نیشتیمانی"یــەوە کــە ڕابەرایــەتیی شۆڕشــی دەکـرد، فەڕەنــسا وەك پاڵــەوان پێشوازیی لێ کرد. ماوەیەکی زۆر تێنەپەڕی، تۆماس بین لەگــەڵ شۆڕشــگێڕانی فەڕەنــسادا بەریەك کەوتن، بیروڕاکانی ئەو جیاواز بوو لە بیروڕاکــانی ئــەوان، بەتایبــەتی دوای ئــەوەی شۆڕش کەوتە دەست ســەرکردە حەماســەتخوازو پــەرگیرەکانی وەك "مــارا"و "دانتــۆن"و "ڕۆبسپێر". ئەو سەرکردانە لە بەرامبەر دوژمنانو نەیارانی شۆڕشــدا نەیانــدەزانی بــەزەیی چییە. چارەسەر لای ئەوان، بریتی بوو لە پەڕاندنی سەری هــەموو ئەوانــەی گومانیــان لــێ دەکرا بە گیۆتینەکە. لەبەر ئەوە ڕووباری خوێن لە پاریسو لە شــارە جیاوازەکــانی دیکــەی فەڕەنسادا دروستبوو. تۆماس بین زۆر لەم شێوازە خوێناوییــە پەسـت بـوو، مــادام شــۆڕش سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو کوڕوکاڵی میللەت دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، ئــەوا هــیچ

پاساوێك بۆ ڕشتنی ئەم هەموو خوێنە نەماوە. تەنها ئەوەندە بەسە میللـەت، لـە هێزێکـی چەکداری تازەدا خۆی ڕێك بخاتو ڕووبەڕووی دوژمنەکانی شۆڕش ببێتەوە، ئەگەر هـەوڵیان دا پـەلاماری فەڕەنـسا بـدەن. ئـا لـەم جـۆرە جەنگـە نیـشتیمانیانەدا، دەکـرێ لـەپێناو بەرگریکردن لەخاکی نیشتیمان، خوێن بڕژێت. بەڵام لـە نـاوخۆدا پێویـستە یاسـا سـەروەر بێتو دادپەروەریو بەزەیی لە نێوان خەڵکیدا بڵاو ببێتەوە.

وەلێ شۆڕشگێرانی فەڕەنسا وەك شێتیان لێهاتبوو، بوونی تـەنها یـەك گومـان لەسـەر مرۆڤێك بەس بوو، تا بیگەیەننە بەردەم مەقسڵەکەو سـەری لـێ بکەنـەوە، لەوانەیـە ئـەو گومانەش لەسەر بوختانو دوو-زمانی یان ڕاپۆرتی درۆ هەڵچنرابێت. بەڵام هەڵەشەیی یـان سەرەڕۆیی شۆڕشی فەڕەنسی تەحەمولی ڕاوەستان یاخود تەحەمولی دادپەروەرییـەکی خـاو و خلیچكو سستی نەدەگرت. پارێزگاریکردن لە شۆڕش، پێویستی بەوە بوو لـەو پێنـاوەدا، قوربانی بە هەموو شتێك بدرێ. لە ڕیزی شۆڕشگێڕەکاندا، شوێنی دادپەروەرییـەکی خـاو و خلیچكو سست نابێتەوە.

کێشە هەرە سەرەکییەکە کە تۆماس بین ڕووبـەڕووی ڕاوەسـتا، کێـشەی دادگـایکردنی "لویسی شازدەهەم"و "ماری ئـەنتوانێت"ی هاوسـەری بـوو. شۆڕشـگێڕەکان بڕیاریـان دا پاشاو شاژن لەسێدارە بدەن، بەڵام تۆماس بین بە ئازایەتییەکی دەگمەنـەوە ڕاوەسـتاو داوای شتێکی دیکەی کرد، داوای کرد دەستبەرداری فیکرەی لەسێدارەدان بن کە سیمای شـۆڕش دەشێوێنێتو دەرگایەك بۆ توندوتیژی دەکاتەوە کۆتایی نەبێت. شۆڕش دەتوانێـت لـە بـری بڕیاری لەسێدارەدان، کۆمەڵێ بڕیاری میانڕەوترو حەکیمانەترو دادپەروەرانەتر بدات.

پێویستە لویسی شازدەهەم بە دوورخستەوەی بۆ ئـەمریکا حـوکم بـدرێ، لـەوێ هـیچ مەترسییەکی نابێـتو ناچـار دەبێـت لـەپێناو ژیانیـدا، کـارێکی بەرهـەمهێن لـە بـواری کشتوکاڵ یان بازرگـانی یـاخود پیـشەسازیدا ئـەنجام بـدات. لـەو سـەردەمەدا هۆیـەکانی گواستنەوە، سەختو ناڕەحەت بوون، دوورخـستنەوە بـۆ ئـەمریکا، مانـای دوورکەوتنـەوە

بەشێوەیەکی نیمچە کۆتایی لە ئەوروپا، ئەمریکا زۆر دوور بوو، ئەمە جگە لـەوەی لەگـەڵ ئینگلتەرە کە گەورەترین دەوڵەتی ئەوروپی ئەو سەردەمە بوو، تەبا نەبوو.

ئەوە بیروڕای تۆماس بین بوو لەسەر چارەنووسی لویـسی شـازدەهەم. تۆمـاس بـین لـەم بوارەدا بەردەوام بەهانەیەکی بەهێزی دەهێنایەوە، ئـەویش ئەمـە بـوو: لویـسی شـازدەهەم هەڵوێستێکی پۆزەتیڤی هەبوو لەسەر شۆڕشـی سـەربەخۆیی ئـەمریکا دژ بـە ئینگلتـەرەو دەستی یارمەتیی بۆ شۆڕشگێڕە ئەمریکییەکان درێژ کرد، لەسێدارەدانی لویسی شـازدەهەم دەبێتە هۆی وروژاندنی (کینە)ی پاشای ئەو کاتەی ئینگلتـەرە، ئـەم کینەیـە تـەنها لەبـەر خاتری پاشای فەڕەنسا نییە کە گۆشەگیرو تەنیایە، بەڵکو لەبەر خاتری هەمـوو فەڕەنـسایە، بۆیە پێویست ناکات شۆڕشگێڕەکانی فەڕەنـسا، هـەلی دەربـڕینی کینـە بخەنـە بەردەسـت بەهێزترین دوژمنیان کە ئینگلیزە.

بەڵام سەبارەت بە "ماری ئەنتوانێت"ی شاژن، تۆماس بین داوای کـرد لـە یـەکێك لـە کارگەکان دایبنێن تاکو ببێتە کرێکارێکی ڕستنو چنین. لەوەشدا سزایەکی مرۆڤانەی گونجاو هەیە کە بۆ ئەو مانایـەکی گـەورە دەگەیـەنێت. شـاژن کـە بـێ هـیچ مانـدووبوونێك لـە خێروبێری میللەتی دەخوارد، لەمەولا دەبێتـە "کرێکـارێکی بەرهـەمهێن"و فێـر دەبێـت مرۆڤی ئازاد، چۆن لەسایەی ماندووبوونو کارەکەی خۆیدا دەژی کـە سـود بـە کۆمەڵگـەو خەڵك دەگەیەنێت. هـەروەها تۆمـاس بـین بـۆ "وەلـی عەهـد- جێنـشینی لـویس" کـە منداڵێکی بچووك بوو، پێشنیاری کرد شۆڕش بە پەروەردەیەکی تازە پەروەردەی بکـات و، وای لێ بکات کاتێ دەگاتە تەمەنی گـەنجێتی، بووبێتـە هاوڵاتیـەکی سـاڵح لـە کۆمـاری فەڕەنسادا. هەموو ئەو بیرو ڕایانەی تۆماس بین پێـشکەشی ئەنجومـەنی فەڕەنـسای کـرد، شوێنی سەرسوڕمانو ناڕازیبوون بوو.

تۆماس بین داوای بەزەیی دەکرد، داوای دەکرد شۆڕشی فەڕەنسی ڕووکارێکی مرۆڤانـەی پێشکەوتنخوازی هەبێت. ئەو وای دەبینی نابێت شۆڕشگێڕەکان بێ بـوونی هـیچ پاسـاوێك

پەنا بەرنە بەر توندوتیـژی، چـونکە توندوتیـژی لـەدوای خۆیـەوە نەهامەتییـەکان بەسـەر هەمووواندا دەهێنێت. ئەو ڕقی لە خوێنڕشتن بوو، حەزی بە فەوزا نەدەکرد. ئەو بـە هەسـتە خۆڕسکە سروشتییەکەی دەیزانی حوکمەکانی لەسێدارەدان، دەبنـە سـەرەتای بـەکارهێنانی خودی ئەم چەکە (سێدارە)، لەنێوان شۆڕشگێڕەکان خۆیاندا دژ بە یەکتری، چـونکە نـاکۆکی لەنێو ڕیزەکانیانـدا هـەر سـەرهەڵدەداتو تـەنها دەبـێ لـە ڕێگـەی عـەقڵو حیکمەتـەوە چارەسەری ناکۆکییەکان بکرێنو ئەوەنـدەی لـە توانادایـە لـە توندوتیـژی دوور بکەونـەوە. شۆڕش هێندەی بەسە ئاوڕ لە دوژمنە دەرەکییەکانی بداتەوە، بە یەك دڵو بە هەڵوێـستێکی توندو تۆڵەوە خۆی بۆیان تەیارو ئامـادە بکـات. هـەروەها شـۆڕش لەسـەریەتی پرنـسیپە مرۆڤایەتییە ڕەواکان بەرز بکاتەوە، تاکو میللەتانی دیکە بە عەدالەتی دۆزەکـەیو ئـەوەی هەوڵی بۆ دەدا لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی تازە کە چەوسانەوەو ستەمی نێوان خـەڵکی تێدا نەبێت، قەناعەت پێ بکات.

تۆماس پین عاقڵێك بوو لە نێـوان شـێتەکاندا، هەڵوێـستی لـە دانـاییو شـارەزاییەکی فـراوانو هزرێکـی ئـازادو جـوامێرەوە هەڵـدەقوڵا کـە زۆر بـە ڕوونو ئاشـکرایی هـەموو ئاسۆکانی ئایندەی دەبـینی. بـەڵام سـەرکردەکانی شـۆڕش لێوانلێـو بـوون لـە تـووڕەییو شـپرزەیی، پڕبـوون لـە حـەزی لـەناوبردنی خێـرای هـەموو مرۆڤێکـی گەنـدەڵو هـەموو فیکرەیەکی هەڵە. ئەو شۆڕشگێڕانە پێیان وابوو بۆ ئەوەی شۆڕش سـەربکەوێتو پێیـەکانی خۆی جێگیر بکاتو سەرکەوتنی چاوەڕوانکراو بەدەست بهێنێت، بـەکارهێنانی توندوتیـژی تـەنها چارەسـەرە. ئـەو شۆڕشـگێڕانە ئارەزوویـەکی گڕگرتوویـان هـەبوو بـۆ وێرانکردنـی سەرتاپای جیهانی کۆن، تاکو لەسەر بنەمای ئەو وێرانکردنە جیهانێکی تـازە بنیـاد بنـێن. شۆڕشگێڕەکان لە حیکمەتو داناییو دووربینیەکەی تۆماس پین تێ نەدەگەیشتن، ئەوان لـە تۆماس بیندا پیاوێکی ئینگلیزیان دەبینی کە خوڕەوشـتێکی میـانڕەو و بیرکردنەوەیـەکی

میانڕەوانەی لەسەردەمێکدا هەیە شوێنی خەڵکانی میانڕەوی تێدا نابێتەوە. "مارا" سەرکردەی باڵی شۆڕشگێڕە توندڕەوەکان، سەبارەت بە تۆماس بین دەڵێ:

"ئەم پیاوە، تۆماس بین، ئایا پێی وایە شۆڕش وەك شوشەیەکی گوڵاو وایە؟".

شۆڕش بڕیاری لەسێدارەدانی لویسی شازدەهەمو ماری ئەنتوانێتی دەکرد، پاشان بڕیارەکە جێبەجێ کرا. ئیدی دروست وەك ئەوەی تۆماس بین چاوەڕوانی دەکرد، ناکۆکی کەوتە نێوان شۆڕشگێڕەکانەوە، توندوتیژی هیچی لێ بەرهەم نایەت تەنها توندوتیژیی زیاتر نەبێت. لێرەوە سەری شۆڕشگێڕەکان، یەك لە دوای یەك لەژێر گیوتینەکەدا لێ دەکرانەوەو دەکەوتنە سەبەتەکەوە. لەژێر سایەی ئەو گومانو واتەواتە زۆرەی لەنێو ڕیزەکانی شۆڕشگێڕەکانی فەڕەنسادا بڵاو ببۆوە، بڕیار درا تۆماس بین-یش دەستگیر بکرێت، دواتر ئەم پیاوە دەستگیر کراو خرایە بەندیخانەوەو چەند مانگێکی تێدا مایەوە.

تۆماس بین چاوەڕوانی ئەوە بوو ئەمریکا ڕزگاری بکات، سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا، جۆرج واشنتن-ی هاوڕێ کۆنەکەی بوو، وەلێ کەس هیچی نەکرد. تۆماس بین لە زیندان مایەوەو چاوەڕوانی ئەوەبوو ئەمڕۆ یا سبەی لەسێدارە بدرێ.


تیرۆرکردنی جان پۆل مارا

بەڵام شۆڕشگێڕەکانی فەڕەنسا، سەرقاڵی لەناوبردنی یەکتربوون. "مارا" لە ڕوداوێکی تیرۆرکردندا کوژرا، "دانتۆن" بە گیوتینەکە سەری لێ کرایەوە، پاشان هەمان چارەنووس ڕووبەڕووی "سان جۆست"و "ڕۆبسپێر" بووەوە. ئا ئەمە بوو تۆماس بین پێشتر شورشگێڕانی لێ ئاگادارکردبۆوە، کاتێك کە داوای ژیریی‌و داناییی‌و میانڕەوی لێ دەکردنو داوای لێ دەکردن دەستیان بە خوێن پیس نەکەن. بەڵام دەنگی عەقڵ کە تۆماس بین نوێنەرایەتیی دەکرد،

کەسێك نەبوو گوێی لێ بگرێ. لەناو هەراو زەنای شۆڕشو هەڵپەی شۆڕش بۆ بە خێرایی چارەسەرکردنی کێشەکانیو یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییەکانی، لە ڕێگەی لێکردنەوەی سەرەکان، کەسێك نەبوو گوێ بۆ دەنگی ئاقڵانەی تۆماس بین بگرێت. دوای ئەوەی شۆڕشگێڕەکان بەدەستی خۆیان، یەکتریان بڕانەوە، تۆماس بین لە سێدارەدان دەرباز بوو. لە زیندان بە تێکشکاویو بێزاریو دەروونێکی خەمبارەوە هاتە دەرەوە، باوەڕی بەوە بوو پرنسیپە مەزنەکانی شۆڕش، بە خوێن پیس بوونو خۆشەویستیو هاوسۆزی لە دڵەکان داماڵراوە.

ئیدی لەسەر کەلاکی شۆڕشی فەڕەنسی، ناپلیۆن بۆناپارت دەرکەوت کە بە بیانووی گەڕانەوەی نیزامو یاسا بۆ فەڕەنساو ڕزگارکردنی لە فەوزاو پەشێوی، ڕژێمی دیکتاتۆریەتی بەسەر فەڕەنسادا سەپاندەوە. ناپلیۆن بۆ خۆی ڕۆیشت بۆ لای تۆماس بین لە خانووە سادەو هاکەزاییەکەیدا، داوای لێکرد لەپێناو دانانی پلانێك بۆ ئاینده، لەگەڵ سەرکردە تازەکانی فەڕەنسا، بەشداری کۆبوونەوەکە بکات. ناپلیۆن بۆ ڕێزگرتنی تۆماس بین کۆمەڵێ قسەی زۆر جوانی کردووە.

دواتر تۆماس بین دوای کۆمەڵێ دوودڵییو ڕاڕایی، دەڕوات بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی کە ناپلیۆن سەرکردایەتیی دەکرد. ناپلیۆن لە کۆبونەوەکەدا، پرۆژەکەی بۆ داگیرکردنی ئینگلتەرەو تێکشکاندنی حکومەتەکەیو لابردنی گەورەترینو بەهێزترین دوژمنی فەڕەنساو شۆڕشی فەڕەنسی، لەو سەردەمەدا، دەخاتە ڕوو. لێرەدا دەنگە دلێرو بەهێزو جوامێرەکەی تۆماس بین دەبیسرێو بە ناپلیۆن دەڵێ:

"میللەتی ئینگلیز سوپاکەت تەفرو توونا دەکەن. پێم وایە ئەگەر ئینگلتەرە داگیر بکەیت، ئەوا یەك پیاو لە هێزە داگیرکەرەکەت ناگەڕێتەوە بۆ فەڕەنسا".

پاشان تۆماس بین بەردەوام دەبێت لە ئاراستەکردنی قسەکانی بۆ ناپلیۆنو دەڵێ:

"ئەی جەنەڕاڵ، ئێمە دەبێ ئـەوە بـزانین لـە ئینگلتـەرەدا دوو شـت هەیـە: میللـەتو ئیمپراتۆر. دەکرێ ئیمپراتۆریەتەکە تێك بشکێنرێ، بـەڵام هـیچ ڕێگایـەك بـۆ لـەناوبردنی میللەت نییە. بـەکارهێنانی هێـز دەبێتـە هـۆی یـەکگرتنو یـەکڕیزییان. ئەگـەر تـۆ لـە کەنارەکانی ئەو وڵاتەدا سـوپات دابەزانـد، ئـەوا دەبـینی تاکـەکانی ئـەو میللەتـە، ئـەوە لەبیردەکەن کە ئەوان بە درێژایی ڕۆژ، بەرامبەر کرێیەکی کەم ئیشدەکەن، ئەوان لەو کاتـەدا تەنها یەك شتیان لەبیرە، ئـەویش ئەوەیـە ئـەوان ئینگلیـزن. شـۆڕش پێویـستە لـە نـاخی خۆیانەوە هەڵقوڵێت، نەك لە ڕێگەی داگیرکەری دەرەکییەوە، وەلـێ مەسـەلەی ئیمپراتـۆر، مەسەلەیەکی زۆر جیاوازە. بەیـداخی ئاشـتی هەڵکـە، مـافی دەنگـدانی یاسـایی بـدە بـە هاوڵاتیان، جەخت لەسەر پرنسیپەکانی سیستمی کۆماری بکەرەوەو بـە درێـژاییو پانـایی ئەوروپادا ڕاییگەیەنە، دان بنێ بە مافـەکانی مرۆڤـدا، مووچـەیەکی دیـاریکراو بـۆ پـیرو پەککەوتەکان ببڕەوە، کاتژمێرەکانی ئیشکردن کەم بکەرەوە، کرێی هـەژارەکان زیـاد بکـە، وشەی شۆڕش بە شەکاوەیی بهێڵەرەوە. ئەوکات دەبینی میللەتی ئینگلیز هانـات بـۆ دەبـا ڕزگاری بکەیت. ئینگلتەرە داگیر ناکرێت. بەڵام مرۆڤ دەتوانێـت بـەو شـێوازە بـە ئاسـانی بۆلای خۆی ڕایکێشێت". (بڕوانە کتێبی تۆماس بین، نووسینی هـوارد فاسـت، وەرگێڕانـی مونیر بەعلەبەکی، لاپەڕە ٤٠٦/٤٠٧).

نـاپلیۆن بـە قـسەکانی تۆمـاس بـین ڕازی نـەبوو، بگـرە پێـی وابـوو ئـەو لایـەنگری ئینگلتەرەیەو وەك هاوڵاتیەکی ئینگلیزی قسە دەکات. ئا لێرەدا تۆماس بـین بـە متمانـەو دڵنیاییەوە دەڵێ: "من بە زمـانی مرۆڤایـەتی قـسەدەکەم". ئیـدی دوای ئـەوەی نـاپلیۆن دەست بە ڕووی تۆماس بین- ەوە دەنێت، تۆماس بین دەگەڕێتەوە بـۆ تەنهاییەکـەی خـۆیو هیچی لە بەردەمدا نامێنێت، تەنها ئەوە نەبێت هەوڵ بدا بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا، ئەمـەش دوای ئەوەی دە ساڵی لە ئێشو ئازارو ئەزمونی تاڵ لە فەرەنسادا بردە سـەر. تۆمـاس بـین ساڵی ١٨٠٢ دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا، حەوت ساڵی دیکە لە پیریەتیو کەنەفتیو بێزاریـدا

بەسەر دەبات. هاوڕێیانی لە حیزبی سەربەخۆیی ئەمریکا، پێیـان وابـوو ئـەو بەشـێکە لـە یادەوەرییە کۆنەکان کە ڕۆژگار بەجێی هێشتووە. ئەم پیاوە مەزنـە لـە سـاڵی ١٨٠٩و لـە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.

لەو مێژووەوە تا ئێستا، هەر ڕۆژێك تێپەڕیبێت، بـەهای تۆمـاس بـین زیـاتر دەبێـتو ڕوناکییەکەی لەنێو خەڵکیـدا بـڵاو دەبێتـەوە. ئـەو لـە سـەدەی مۆدرێنـەدا، گـەورەترین بانگەشـەکەری مافـەکانی مرۆڤـە. گـەورەترین بانگەشـەکەرە بـۆ برایـەتیی نێـوان ئادەمیزادەکانو دامەزراندنی یـەك کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتیو حکومـەتێکی جیهـانی کـە جیاوازی لە نێوان هیچ کەسێکدا ناکات. ئـەو بـاوەڕی بـە دادپـەروەریو بـەزەیی هـەبوو، بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەت دەکردەوە، مەگەر تەنها لـە حاڵـەتی بـەرگریکردن لـە خـۆت نەبێت. ئەو بانگەشەی بۆ عەقڵو بۆ سەروەربوونی عەقڵ دەکرد. تۆماس بین یان "تۆم بین" کە لە سەرتاپای زەوی بە "تۆم بین" ناسراوە، هاوڵاتییەکی جیهانی بوو.

# ئابڕووچوونێك لە ئەكادیمیادا



**گۆستاڤ فلۆبێر**

ئەدیبە گەورەکەی فەڕەنسا "گۆستاف فلۆبێر ۱۸۲۱-۱۸۸۰" دیاردەیەك بوو لە دیاردە ئەدەبیو هیومانیستە دەگمەنو ناوازەکەی سەردەمەکەی، بگرە لە سەردەمەکانی دواتریشدا. بەهرە ئەدەبییەکەی هەر لە یەکەم سەرەتای دەرکەوتنییەوە دیار بوو، تاکو وای لێ دێت ناوبانگی دەگاتە بەرزترین پلەی ناودەرکردنو سەرکەوتن، بە تایبەتی دوای بڵاوبونەوەی ڕۆمانە گەورەو ناسراوەکەی "مەدام بۆڤاری".




ئەم ڕۆمانە لە ساتەوەختی دەرچوونیدا، هەرایەکی گەورەی نەك تەنها لە ناوەندی ئەدەبیدا نایەوە، بگرە لە سەرتاپای کۆمەڵگەی فەڕەنسیدا نایەوە. هەندێ بەوە گۆستاف فلۆبێر-یان تۆمەتبار کرد گوایە ئەو لەم ڕۆمانەدا بانگەشەی لادانو بەدڕەوشتی دەکات. ڕۆمانەکە باس لە کەسێتی ژنێك دەکات کە "مەدام بۆڤاری"یە، ئەم ژنە لە ژیانی هاوسەرگیریدا هەستی بە بێزاری دەکرد، هەستی دەکرد هاوسەرەکەی ئەوەی بۆ بەدیناهێنی کە خەونی پێوە دەبینی، خەون بە ژیانێکی گەرموگوڕی پڕ چێژو لەزەتو پڕ لە موفاجەئەی هەست-بزوێن. ژیانی لەگەڵ هاوسەرەکەی لەسەر چەقبەستنو دووبارەبونەوە ڕاوەستابوو، خودی

مێردەکەشی کەسێکی سادەو خاکییە حەزی لە هێمنیو ئارامییە، حەزی لە ژیانێکی ڕۆتینو هاکەزاییە، خاڵی بێت لە هەر وروژاندنێك یان توندوتیژییەك. ژنەکە چیتر حەزی لەم ژیانە نەبوو، بۆیە کەوتە گەڕان بە دوای خۆشەویستییەکی تازەدا تێیدا چێژو لەزەت وەربگرێت، بەڵام خۆشەویستە تازەکەی فێڵباز بوو. لەگەڵیدا چەندین ساتی خۆشو لەزەتبەخشیان پێکەوە ڕابوارد، کەچی دواتر خۆشەویستە تازەکەی بەجێی دەهێڵێت، چونکە ئەو خۆشی نەویستووە، بەڵکو تەنها ئارەزووی لێی بووە، لەبەر ئەوە دوای ئەوەی لەو پەیوەندییەوە بە ئامانجە ڕاگوزەرەکانی خۆی دەگات، چیتر لە پەیوەندییەکە بێزار دەبێتو ژنەکە بەجێ دەهێڵێت.

بەم شێوەیە مادام بۆڤاری لە ڕزگاربوون لە بێزاریو ساردوسڕی ژیانی هاوسەرگیرییەکەی سەرکەوتوو نابێت. سەرکەوتوو نابێت لەوەی خۆشەویستییەکی گەرموگوڕی ڕاستەقینە بدۆزێتەوە. دواجار مەسەلەکە بە خراپیو لادانو بەدڕەوشتی دەشکێتەوە، بە گواستنەوە لە پەیوەندیەکی ڕاگوزەرەوە بۆ پەیوەندییەکی دیکەی ڕاگوزەر کۆتایی پێ دێت. لێرەوە ژنەکە دەبێتە ژنێکی سووكو هەرزان، هەستکردنی ژنەکە بەوەی ژیانی هیچ مانایەکی نەماوە، وای لێ دەکات خۆی بکوژێتو بۆ هەتا هەتایە خۆی لە دەست ژیان ڕزگار بکات.

بە هۆی ئەم ڕۆمانەوە هێرشێکی توند کرایەوە سەر گۆستاف فلۆبێر، بە تۆمەتی تێکدانی ئادابو ئەخلاقی گشتی، درایە دادگا. دوای ئەوەی ماوەیەکی کورت لە زیندان بەسەر دەبات، دادگا بێ بەریبوونی ڕادەگەیەنێت. بەڵام ئەم دادگایە بە هۆی ئەو ئەدەبە بێ ئابڕووەی کە "گۆستاف فلۆبێر" دەینووسیو پێویست بوو لێی دوور کەوێتەوە، تاکو نەبێتە فاکتەرێك لە فاکتەرەکانی هەرەسهێنانی ئەخلاقی کۆمەڵگە، قسووری نەکرد لەوەی سەرکۆنەو سەرزەنشتو خەتاباری بکات.

گێژەڵۆکەکە کۆتاییهات، ساڵ دوای ساڵ تێ دەپەڕێتو هەنووکە مەدام بۆڤاری یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبی فەڕەنسی، بگرە یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبی ڕۆماننووسیی لە سەرتاسەری جیهاندا. بە دیاریکراوی ئەم ڕۆمانە هۆکاری ناوبانگ دەرکردنی گۆستاف فلۆبێرە، هەر ئەم ڕۆمانەیە هۆکاری نەمرمانەوەی ئەدەبەکەی کە نەوە دوای نەوە، چ لە فەڕەنساو چ لە تەواوی جیهاندا تازەتر دەبێتەوە، بەتایبەتی لای ئەوانەی حەزیان لە هونەرو ئەدەبو ڕۆشنبیرییەکی بەرزە.

ئەم ڕووداوە ئەو حەقیقەتە ڕوونەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە زەوقەکان دەگۆڕرێن، پێوانەکانی خەڵکی لە سەدەیەکەوەو بۆ سەدەیەکی دیکە جیاوازە، هونەرمەند لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پێش سەردەمەکەی دەکەوێتو لە سەردەمەکەیدا بە شێوەیەکی ڕاستو دروست لێی تێ ناگەن. دوای ئەوەی یەکەم گێژەڵووکەی دەوری ڕمانی مەدام بۆڤاری هێور بۆوە، بیروڕاکان سەبارەت بە ڕۆمانەکە کۆك بوون لەسەر ئەوەی ئەم ڕۆمانە بانگەشەیەك نییە بۆ لادانو بەدڕەوشتی، هێندەی ئەوەی ئاشکراکردنو شیکردنەوەی هۆکارەکانیەتیو وێنەگرتنی ئەو کارەساتەیە کە دواجار کەسی لادەر تێیدەکەوێت. مەدام بۆڤاری بە لادانەکەی، دووچاری ئازارو نەهامەتی بوو، ئەو لەزەتو خۆشییەی لێ نەبینی کە چاوەڕوانو پەرۆشی بوو. پاشان مەسەلەکە وایلێهات لە ژیان بێزار ببێتو بە خۆکوشتن خۆی لە ژیان ڕزگاربکات.

با بگەڕێینەوە بۆ خودی گۆستاف فلۆبێر، دەبینین ئەو کەسێتییەکی سەیرە، باوکی لە نەخۆشخانەی شاری "ڕوان"ی فەڕەنسا، گەورەترین نۆژدار بووە. ئەم باوکە ڕقی لە ئەدەبو هونەر بوو، پێی وا بووە ئیشکردن لە ئەدەبو هونەردا، سووکایەتییەکی کۆمەڵایەتی ڕوونو ئاشکرایە. بە گۆستاف فلۆبێری کوڕی وتووە:

"ئێمەی ئال فلۆبێر، بنەماڵەیەکی بەڕێزین، حەز ناکەین لە نێوماندا هونەرمەندو شاعیر هەبێت".

ئەم باوكە حەزی دەكرد كوڕەكەی ببێت بە پزیشك، وەلێ كوڕەكەی ئەم مەسەلەیەی بە تەواوی ڕەت كردەوەو بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو ژیانی باوكی دووبارە بكاتەوە. بۆیە باوكی پێی دەڵێ:

"ئەگەر ناتەوێت ببیت بە پزیشك، لانی كەم ببە بە پارێزەر".

لێرەوە باوكی بۆ خوێندنی یاسا دەینێرێت بۆ پاریس، بەڵام گۆستاف فلۆبێر ئەم ئامانجە سادەیەی بەدی نەهێنا كە باوكی داوای لێ كردبوو بەدی بهێنێت. بگرە ڕووی كردە خوێندنی ئەدەبو خوێندنەوەی ڕۆمانو شیعرو شانۆو هەموو ڕەنگە هونەرییە جیاوازەكانی دیكە. ئەو هەر لە سەرەتای گەنجییەوە بە هەمووانی دەگوت: "من بە نیازم ببم بە ئەدیبو هیچیتر نا".

گۆستاف فلۆبێر بەوەفا بوو لە بەرامبەر ئەو ئامانجەی بۆ خۆی دیاریی كردبوو. ئەو هیچ كارێكی دیكەی نەكرد، بگرە بە درێژایی ژیانی بیری لە ژنهێنان نەكردەوە. یەكێك لەوانەی توێژینەوەیان لەسەر كەسێتی گۆستاف فلۆبێر كردووە دەڵێ: "لە تەواوی ئەورووپاداو لە هەموو پیاوەكانی دیكە تەنیاترە". دەرو دراوسێكانی سەبارەت بە گۆستاف فلۆبێر وتویانە: "ئەو پیاوێكی پیری زبرەو چارەی مرۆڤی ناوێت".

گۆستاف فلۆبێر دوای ئەوەی لە ماڵەكەی لەسەر ڕوباری "سین"و لە شاری كرواست، بڕیاری كۆتایی دەدات بەوەی خۆی بۆ ئەدەب تەرخان دەكاتو لە پاریس دوور دەكەوێتەوەو لە ژیانی گشتیش دادەبڕێ. ئیدی هەردوو نووسەر "هێنری"و "دانالی تۆماس" بەرنامەی ژیانی ڕۆژانەی دیاری دەكەن، ئەم دوو نووسەرە سەبارەت بە بەرنامەی ڕۆژانەی ژیانی گۆستاف فلۆبێر، وەك ئەوەی لە كتێبی "ناودارانی هونەری چیرۆك، وەرگێڕانی عوسمان نویە"دا هاتووە، دەڵێن:

"خانویەكی كۆنی توندو تۆڵ، پیاوێكی پیری توندو تۆڵ، خاوەنی كۆمەڵێ نەریتی جێگیرو بەهێز، كاتژمێر دە بە ڕێكوپێكی لەخەو هەڵدەستێت، نامەو كاغەزەكانی

دەخوێنێتەوە، کاتژمێر یازدە ژەمێکی سوکی بەیانی دەخوات، پاشان بۆ پیاسە دەچێتە سەر کەناری دەریاکە، لە ناوەڕاستی کاتژمێر یەکدا دەگەڕێتەوە، بۆ ئیشکردن تاکو کاتژمێر حەوت دادەنیشێت، دواتر نانی ئێوارە دەخوات، دیسانەوە پیاسەیەکی بچووك دەکاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کتێبخانەکەی، ماوەیەکی تریش خەریکی کارکردن دەبێتو بە بەردەوام تاکو نیوەی شەو هەر سەرقاڵی کارکردنە. شێوازی کارکردنی لە نووسیندا شێوازێکی ناڕەحەتو سەخت بوو. زۆرجار ڕۆژێکی ڕەبەقی بە پاکنووسکردنی یەك پەرەگرافەوە دەبردە سەر، ئەو چەندی پێ بکرایە خۆی دوور دەگرت لەوەی یەك دەربڕین لە هەمان لاپەڕەدا دووبارە ببێتەوەو دەڵێ: "وەك چۆن هەڵەیە ئازاری دڵی خوێنەر بدەی، ئاواش هەڵەیە ئازاری گوێچکەی خوێنەر بدەی".

ئەگەرچی فلۆبێر بە تەواوی ژنهێنانی ڕەت دەکردەوە، تاکو لە مەسەلە تاكو تەنیاکەی دووری نەخاتەوە کە زۆر پەرۆشو دڵسۆزی بوو، ئەویش مەسەلەی ئەدەبو هونەر بوو. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکێکی خۆشەویستی لەگەڵ خانم "لویز کۆلیە" ژیا. ئەم خانمە تا بڵێی ئافرەتێکی شۆخوشەنگ بوو، یەکێك بوو لە خانمە جوانەکانی سەردەمەکەیو لە هەمانکاتیشدا شاعیرێکی خراپ بوو. لە ژیانیدا نەیتوانی شیعرێکی وا بنووسێت بەهای هەبێت، کەچی سەرەڕای ئەوە توانی شۆخو شەنگیو جوانیەکەی خۆی بقۆزێتەوە، تاکو چەندین خەڵات لەسەر شیعرە خراپەکانی وەر بگرێت. ئەم خانمە پێش ئەوەی پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ فلۆبێردا ببەستێت، توانی دڵی "کۆزان" ئەندامی دیاری ئەکادیمیای فەرەنسی، داگیربکات. کۆزان پێش ئەوەی ئەم خانمە بناسێت، پیاوێك بوو ئاگاداری سومعەی خۆی بوو، دوور بوو لەوەی گومان لە هەڵسوکەوتو ڕەفتاری بکرێ. وەلێ نەیتوانی بەرگەی شۆخوشەنگیو جوانی ئەم خانمە سیحربازە بگرێت کە دەیویست سوود لە پێگەو دەسەڵاتی کۆزان وەربگرێتو برێك لە خەونی سەرکەوتن لە بورای ئەدەبیدا بەدەست بهێنێت کە شایەنی نەبوو. چونکە بەهرە ئەدەبییەکەی تا بڵێی لاوازو سنوردار بوو.

بەڵام ئەم خانمە هەستی دەکرد زۆر پێویستی بە سەرکەوتنی ئەدەبی هەیە، تاکو دەسەڵاتو پێگەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەهێزترو تۆکمەتربێتو بتوانێت بە شۆخوشەنگییەکەی خەڵکی سەرسام بکاتو لە ڕێگەی پێگە ئەدەبیەکەشیەوە، بەها مەعنەویەکانی بەرز بکاتەوە. ئەندامی بەرزی ئەکادیمیای فەڕەنسی (کۆزان)، دەکەوێتە داوی خانمە شۆخوشەنگەکەوە. کۆزان لە هەموو پێشبڕکێکانی ئەکادیمیەکەدا، دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنا تاکو خەڵاتی یەکەم بدات بەو خانمەو تەواوی ئەندامانی دیکەی ئەکادیمیاکەش، ملکەچی بیروڕاکەی دەبوونو ڕەزامەندییان دەردەبڕی.

ئەم خانمە تازە فلۆبێری ناسیبوو، کاتی یەکێك لە پێشبڕکێکانی ئەکادیمیەکە هاتو نەیتوانی شیعرێك بنووسێتو لەم بۆنەیەدا بەشداری پێ بکات، تەنها یەك ڕۆژ مابوو بۆ دەستپێکردنی پێشبڕکێکە، بۆیە پەنا بۆ فلۆبێرو هاوڕێکەی بۆلییە دەبات.

"برتۆن ڕاسکۆ" لە کتێبی "بلیمەتەکانی ئەدەب، بەشی سێیەم، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی درینی خشبەو قاسم جۆدە" سەبارەت بەوەی دوای ئەوە چی ڕووی داوە، قسەمان بۆ دەکاتو دەڵێ:

خانم کۆلیە دەرگای یەکێك لە ژوورەکانی، لەسەر فلۆبێرو هاوڕێیەکی دادەخات، ئەمە دوای ئەوەی خواردنو خواردنەوەیان بۆ دادەنێتو پێیان دەڵێ، کە لێ ناگەڕێت بێنە دەرەوە تاکو شیعرێك نەنووسن کە پێشکەشی پێشبڕکێکەی دەکاتو خەڵاتەکەی پێ دەباتەوە. نیوەی شەو تێدەپەڕێتو ئەو دوانە ناتوانن تەنها یەك دێڕیش بنووسن. ئا لێرەدا یەکێکیان، دوای ئەوەی بێهیوایی بڕستی لێ دەبڕێت، دیوانێك لە شیعرەکانی لامارتین دەهێنێت، بە گۆترەو کوێرانە نزیکەی سەد دێڕ دەخوێنێتەوە، لە کاتێکدا هاوڕێکەی ئەو دێڕانە دەنووسێتەوە کە ئەم دەیانخوێنێتەوە. خانم کۆلیە بە دڵسافییەوە، ئەم شیعرە کە لە دیوانەکەی لامارتین هەڵبژێرراوە، بەناوی خۆیەوە دەداتە پێشبڕکێکە. ئەکادیمیاش بەهۆی دەسەڵاتو پێگەی کۆزان- ەوە، کە هەم ئەندامی ئەکادیمایەکەیەو هەم هاوڕێی خانمەکەیە،

خەلاَتی دەکەن. پاشان وەك پیشەی هەموو جارێك، ئەکادیمیاکە شیعرەکە لە چاپێکی بەرزو قەشەنگدا، بەناوی خانم کۆلییەوە چاپ دەکات.

ئەمە ئەو بەسەرهاتەیە کە لە سەرەتای پەیوەندیی فلۆبێر بە خانم "کۆلیە"وە ڕوو دەدات، ئەم بەسەرهاتە ئابڕووچوونێکی گەورە بوو بۆ ئەکادیمیای فەڕەنسیو ماوەیەکی درێژ ڕۆژنامەو ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان باسیان دەکرد. دواتر ئەم بەسەرهاتە چووە ناو ئەو کتێبانەوە کە مێژووی ژیانی ئەدەبی فەڕەنسایان، لەسەدەی ڕابردوودا، دەنووسییەوە. ئیدی ئەم بەسەرهاتە یان ئەو ئابڕووچوونە ئەدەبییە گەورەیە، ڕووداوێکە لەو ڕووداوە زیندووانەی دەیسەلمێنێت کە "دەزگا بالاَکان" وەك ئەکادیمیای فەڕەنسیو هاوشێوەکانی، لە سەرەوەی گومان نین. بگرە ئەو دەزگایانە هەندێجار دەکەونە موجامەلەکردنێکی زۆرەوەو وا لەو دەزگایانە دەکات لە هەڵبژاردنی هەڵەو لادانی ئابڕووبەرانەی ئەدەبییەوە تێوە بگلێن. بگرە هەندێ لە ئەندامە بەرزو دیارەکانی ئەکادیمیای فەڕەنسی، سەلماندیان ئەوان زانیارییەکی ڕاستەقینەیان لەسەر ئەو ئەدەبو ڕۆشنبیرییە نییە کە نوێنەرایەتیی دەکەن، چونکە شیعری لامارتین لە فەڕەنسا، بە تایبەتی لە سەدەی ڕابردوودا، شیعرێکی باو و ناسراو بووەو لە نێو هەمواندا بلاَبۆوە، تەنانەت لەنێو ئەوانەشی کە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی مامناوەندی بوون.

لامارتین لە سەدەی ڕابردوودا، شۆڕەسوارێك بووە لە شۆڕەسوارەکانی ئەدەبی فەڕەنسی، دیوانەکانی لە هەموو شوێنێکدا هەبووەو بەسەر هەموو زمانێکەوە بووە. بەلاَم ئەوەی لەم مەسەلەیەدا سەیرە، ئەوەیە ئەم ڕووداوە یان ئەم ئابڕووچوونە، دەبێتە سەرەتای پەیوەندییەکی دووردرێژی نێوان خانم و فلۆبێر. ئەم پەیوەندییە تاکە پەیوەندییەکی گەورەی خۆشەویستییە لە ژیانی فلۆبێردا. خانم "کۆلیە" دڵی خۆی دابووە فلۆبێر و بەردەوام پێی وابوو شتێکی بەنرخ دەداتە فلۆبێر کە خەڵکێکی زۆر ئاواتەخوازینو لەپێناو ئەوەی پێی بگەن، هەوڵێکی زۆر دەدەن.

بێگومان فلۆبێریش خانم "کۆلیە"ی خۆش دەویست، بەڵام بە ڕێگاو شێوازی خۆی خۆشی دەویست، فلۆبێر بیری لە ژنهێنان نەدەکردەوە، لەپێناو نووسینو بیرکردنەوەو داهێناندا، لێ نەدەگەڕا هیچ کەسێك گۆشەگیرییەکەی لێ تێك بداتو تەنیاییەکەی داگیر بکات. هونەر ئەو شتە گەورەیە بوو کە هەم سەرقاڵی کردبوو، هەم تەواوی ژیانی پڕ کردبوو، هەم وای لێکردبوو لەگەڵ ئەوانی دیکەدا تێکەڵ نەبێت. لەبەر ئەوە فەرزی کرد بەسەر خۆشەویستەکەیدا، لە پاریس دابنیشێتو دوور بێت لێیەوە، ئەم جارجارە سەردانی دەکات. فلوبێر لە ماڵەکەی خۆی لە شاری "کرواست" دەمێنێتەوە کە هەم دوورە لە پاریسەوەو هەم دوورە لە هەراو زەنای ژیانو قیڕەقیڕی کۆمەڵگەکانەوە.

خۆشەویستەکەی داوای هاوسەرگیریی لێ دەکات، بەڵام فلۆبێر ئەو داوایە بە تەواوی ڕەت دەکاتەوەو پێی دەڵێ: "من ئەو پیاوە نیم بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان، بۆ ئەوە بشێ لەگەڵ یەکێکدا بژی، من هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان، نە تۆ دەهێنمو نە یەکێکی تر". دواتر نێوانی ئەم دوو خۆشەویستە گۆڕانی بەسەردا دێت، خانم کۆلیە پێیوایە فلۆبێر بۆیە لێی دوور دەکەوێتەوە، چونکە ئافرەتێکی دیکەی خۆش دەوێ. لێرەوە خانم کۆلییە غیرە لە هەموو شتێکی ژیانی فلۆبێر دەکاو بە تەواوی دڵی لێی پیس دەبێ. کار دەگاتە ئەوەی فلۆبێر لە یەکێك لە نامەکانیدا بۆی دەنووسێت:

"…. ئایا ڕەوایە تۆ تەنانەت لەسەر ئەو خۆشەویستییە پاكو بێگەردەی کە من بەرامبەر ئەو کورسییەی لەسەری دادەنیشم هەمە، سەرزەنشتم دەکەی؟ من پێموایە ئەگەر جارێك هەڵەم کردو باسی پێڵاوەکانم بۆ کردیت، ئەوا تۆ هەست بە غیرە دەکەیت".

ئیدی ئەم پەیوەندییە سۆزدارییەی نێوان خانم کۆلیەو فلۆبێر تێك شکا، ئەمەش مەسەلەیەکی سروشتی بوو. چونکە ئافرەتی خۆشویستراو دەیەوێت خۆشەویستەکەی تەنها هەر بۆ خۆی بێت. وەلێ خۆشەویستەکەی خانم کۆلیە جۆرێکی تایبەت بوو، ئەو نەیدەویست هەرگیز قوربانی بە سەربەخۆیی و توانای مانەوەی بە تەنیایی بدات. فلۆبێر لەم

ژیانەدا عاشقی هیچ شتێك نەبوو، هێندەی ئەوەی عاشقی هونەرەکەی بـوو. ئـەو لـەبارەی خۆیەوە دڵێ:

"هەرگیز ڕووی نەداوە ئافرەتێکم بە ڕاستی لە ئامێز گرتبێت، تەنانـەت خـودی مـەدام کۆلیەش، ئەوەی هەردوو دەستم باوەشی پێدا کردووە، ئـەوە خـەیاڵی خۆشەویـستی بـووە، نەك خودی خۆشەویستی".

بەم شێوەیە ئەم بەسەرهاتە سـەیرەی خۆشەویـستی نێـوان ئـەدیبی گـەورەی فەڕەنـسا فلۆبێرو خانم کۆلیە کۆتایی پێ دێت.. ئەو ئافرەتە شۆخو شەنگە سەرنجڕاکێـشە کـە تـوانی بە هۆی جوانییە سەرسوڕهێنەرەکەیەوە، بۆ چەندین سـاڵ کـۆنترۆڵی ئـەکادیمیای فەڕەنـسی بکات، گەرچـی ئـەدەبێکی خـراپو بەهرەیـەکی لاوازی هـەبوو. ئـەم خانمـە، ئـەکادیمیای فەڕەنسی، گێرۆدەی ئابڕووچوونێکی ئەدەبی گەورە کـرد، کـە گـەورەترین ئابڕووچـوونە لـە مێژووی ئابڕووچوونە ئەدەبییەکانی فەڕەنسادا. هۆکـاری ئەمـەش بەخـشینی ئـەو خەڵاتـە ئەدەبییە بوو بە خانم کۆلیە لەسەر ئەو شیعرەی لە دیوانی لامـارتین- ەوە وەرگیرابـوو. ئـەو خۆی نەیدەزانی ئـەو شـیعرەی کـە پێـشکەشی کـردووە لـە دیوانەکـەی لامـارتین دزراوە، ئەکادیمییە فەڕەنسییەکەش بە هۆی بـێ ئاگـایی ئەندامەکانیـەوەو بـەهۆی خۆبەدەسـتەوە دانیان بۆ شۆخوشەنگیو جوانیی خانمەکە، ڕاستی ئەو دزییە ئەدەبییەی پێ ئاشـکرا نـەکرا. وەلێ ئەو هەموو شۆخو شەنگییە، بە کەڵکی خـانم کۆلیـە نـەهات، لەبـەردەم سـووربونو پێداگری فلۆبێر بەوەی لە پێناو هونەرە مەزنەکەیدا، ئامادەیە قوربـانی بـە هـەموو شـتێك بدات.

# له سەرەتادا خۆشبەختی هەبوو



تۆڵستۆی

له ململانێ بەناوبانگەکانی مێژووی ئەدەبی جیهانی، ئەو ململانێ گەورەیەیە کە لە نێوان ئەدیبی مەزنی ڕوسی "لیۆ تۆڵستۆی" خاوەنی ڕۆمانی "جەنگو ئاشتی" کە لە هەموو زمانەکانی دونیادا ناسراوە، لەگەڵ هاوسەرەکەی "سۆفیا ئەندریانینا" هاتە ئاراوە. کارەساتی پەیوەندی نێوان هونەرمەندی بلیمەتو هاوسەرەکەی، بابەتێك بووە بۆ لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوونو تا ڕۆژی ئەمڕۆش بەردەوامەو نەوەستاوە. تۆڵستۆی ساڵی




١٩١٠، لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، کەچی ئەدەبە نەمرەکەی تا هەنوکە بووەتە بابەتی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون. جگە لەوە توێژەرەکان سەرقاڵی بایەخدانێکی دیکە بوون، بایەخدان بەو ململانێ سەیرەی لەنێوان تۆڵستۆیو سۆفیای هاوسەریدا دروست ببوو.

سەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکی تۆڵستۆی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، سەرەتایەکی خۆشبووە. تۆڵستۆی دوای خۆشەویستییەکی کڵپەسەندوو، هاوسەرەکەی خۆی هێنا. لەو کاتوساتەدا هاوسەرەکەی تەمەنی تەنیا ١٧ ساڵ بوو، بەڵام تۆڵستۆی تەمەنی ٣٤ ساڵ بوو. هەروەها تۆڵستۆی لەکاتی ژنهێنانەکەیدا، گەیشتبووە پلەیەکی بەرز لە ناوبانگو سەرکەوتنی ئەدەبی. بەڵام بە ڕاستی هەستی دەکرد، خودا کە بەهرەو جوانیی عەقڵو هەستی پێداوە،

کەچی بە تەواوی لە جوانی ڕوخسارو دەمو چاو بێبەشی کردووە. یەکێك لە مێژوونووسەکان ئاوا وەسفی تۆڵستۆی دەکاتو دەڵێ:

"دەموچاوی وەك دەموچاوی مەیمون ناشرین بوو. هەردوو چاوی بچووك بوونو چووبوون بە ناوەوەدا، تەوێڵی نزم بوو، هەردوو لچی ئەستوور بوون، لووتی ئەوەندە گەورە بوو لە پیاز دەچوو، گوێیەکانی تا بڵێی گەورە بوون".

ئەم مێژوونووسە ئاوا کۆتایی بە باسکردنی ناشرینیەکەی تۆڵستۆی دێنێتو دەڵێ:

"... عەقڵێکی تا بڵێی جوانی هەبوو، لە جەستەیەکی تا بڵێی ناشریندا".

تۆڵستۆی لە سەرەتای گەنجێتیداو لەژێر قورسایی هەستکردنی بەوەی زۆر ناشرینە، بیری لە خۆکوشتن کردووەتەوە، بەڵام پاڵنەرەکانی ژیانو گەشبینی، لە ناوەوەیدا کەم نەبوون. بۆیە خۆشەویستی بۆ ژیان، زاڵ بوو بەسەر بیرکردنەوەی لە مردنو خۆکوشتن. یەکێك لەو فاکتەرە پۆزەتیڤانەی وای لێکرد دەست بە ژیانەوە بگرێت، ئەو سەرکەوتنە ئەدەبییە زووەی بوو کە هەر لە سەرەتاوە بەدەستیهێنا. خەڵکی بە عەشقو تامەزرۆییەوە بەرهەمەکانی تۆڵستۆی- یان دەخوێندەوە، ئیدی ناوبانگی پەیدا کردو سەرسامبوانی لە هەموو شوێنێکەوە دەورەیان دەدا.

لە لایەکی دیکەوە تۆڵستۆی جەستەیەکی تۆکمەو پتەوی هەبوو، تەندروستیو لەشساغی لێ دەباری. دەموچاو هەرچەندە ناشیرین بێت، ئەوا لەشساغی جوانیی تایبەتی خۆی هەیە. چونکە لەشساغی زیندوویەتییەکی گەورە بە دەموچاو دەبەخشێتو بڕێکی زۆر لە شوێنەواری ناشیرینی دەموچاوەکە کەم دەکاتەوە. بە پێچەوانەی ئەوەوە، ئەگەر دەموچاو جوانو قەشەنگ بوو، ئەوا جەستەیەکی لاوازو نەخۆش، بڕێکی زۆر لە جوانی دەموچاوەکە دادەپۆشێت، چونکە جەستەی نەخۆش لاوازیو ماندووبوونو شەکەتیو سیسبوون بەدوای خۆیدا دەهێنێت. سەرەڕای هەموو ئەوانە، تۆڵستۆی دەوڵەمەند بوو، لە خانەوادەکەیەوە گوندێکی گەورەی بە میرات بۆ مابۆوەو کە بە هۆی "تۆڵستۆی"یەوە ناوبانگی پەیدا کردو

پێـی دەوترێـت گونـدی "یاسـنایا یۆلنایـا"، ئـەم گونـدە گەورەیـە بـە زەوی‌و زارە پـان‌و فراوانەکەیەوەو بەو جوتیارانەی لەسـەری بـوون، مـوڵکی تۆڵـستۆی بـوون کـە لـە بـاو و باپیرانیەوە بە میرات بۆی مابۆوە. گومانی تێدا نییە ئەو دەوڵەمەندییە زۆرە کـە وای کـرد ئەم هونەرمەندە بلیمەتە، ببێتە یەکێك لە ڕۆڵەی چینە باڵاکانی کۆمەڵگە، کاریگەرییـەکی دیکەی لەسەر دەرونی تۆڵستۆی هەبوو. دەوڵەمەندییەکەی لە ناوەوە هەستکردن بـە هێـزو متمانە بە خۆکردنی پێ بەخشی. قەرەبوویەکی زۆری ئەو حاڵەتـەی بـۆ کـردەوە کـە تێیـدا هەستی بە ناشیرینی دەکرد.

بەڵام گەورەترین فاکتەر کە وای کرد تۆڵستۆی لە نائومێدییەوە بگۆڕێت بۆ ئومێـد، لـە بیرکردنەوە لە خۆکوشتنەوە بگۆڕێت بۆ باوەشکردنەوە بە ژیاندا، کەسـێتیی تۆڵـستۆی بـوو کە لێوانلێو بوو لە زیرەکی‌و خۆشی‌و سـۆزێکی گـەرم‌و گـوڕی هـەڵقوڵاو. ئەمـە وای لـێ دەکات لەگەڵ هەمواندا، ببێتە کەسێکی ئەفسووناوی‌و تا بڵێی سـەرنجڕاکێش. لەبـەر ئـەوە کاتێ خەڵکی پێی دەگەیشتن‌و مامەڵەیان لەگەڵ دەکردو گوێیان لێ دەگرت، زۆر بـەخێرایی ناشیرینی ڕوخسارو دەم‌وچاوی "تۆڵستۆی"یان لەبیر دەچۆوەو هەستیان دەکـرد لـە بـەردەم یەکێکدا ڕاوەستاون، جوانترین کەسە لەم دنیایەدا.

بەم شێوە تۆڵـستۆی تـوانی، دوای مانـدوبوونێکی تـا ڕادەیـەك کـەم، سەرسـامبوونی هاوسەرە شۆخەکەی سۆفیا بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. هاوسەرەکەی سەرسام بـوو بـە هـەموو شتێکی تۆڵستۆی‌و بۆ یـەك چـرکە چییە، هەسـتی نـەکردووە گـەر شـوو بـەم عەبقەریـە خۆشەویـستە بکـات کـە خـاوەنی کەسـێتییەکی جـوان‌و دەم‌وچـاوێکی ناشـرینە، شـتێك دەدۆڕێنێت. دوای هاوسەرگیری، چەندین ساڵ تێپەڕین، هەر هەمووی پـڕ بـوو لـە خۆشـیی دەگمەن‌و ناوازەو ئەم ژن‌و مێـردە پێکـەوە بەسـەریان دەبـرد. هـەردووکیان هەسـتیان بـە بەختەوەری‌و کامەرانی دەکرد. ژیانیان لە سـەرکەوتنێکەوە دەڕۆیـشت بـۆ سـەرکەوتنێکی دیکە، لە درەوشانەوەیەکەوە بۆ درەوشانەوەی زیاتر، بە تایبەتی دوای ئەوەی مێردەکە بـووە

یەکێك لە پیاوە دەگمەنەکانی سەردەمەکەی‌و بووە کەسایەتیەکی بەرزی جیهـانی، خـەڵکی لە هەموو وڵاتانی دونیاوە، سەردانیان دەکردو داوایان دەکرد بیناسن‌و لێیەوە فێر بـبن‌و لـە فیکرە هیومانستییە مەزنەکانی تێبگەن.

سـۆفیای هاوسـەری، وەك ئـەوەی تۆڵـستۆی لـە ڕۆژەکـانی خۆشـبەختیدا پێیـدەوت: "هاوسەرێکی نمونەییە"، ١٣ منـداڵی بـۆ خـستەوە، ٣ منـداڵیان مـردن. تۆڵـستۆی وەك هەموو جوتیارەکانی دیکە، منداڵی خۆش ویـستووەو حـەزی لـە منـداڵی زۆر بـووە. لـە لایەکی دیکەوە ژنەکەی، ژنێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیر بوو، جگە لە زمانی ڕوسی، چـەندین زمانی دیکەی زانیوە. لەمەدا وەك کچانی ئەرستۆکراتی ئـەوروپی ئـەو سـەردەمە وابـووە (ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم)، زمانی فەرەنسی‌و ئەڵمانی‌و ئیتالی‌و ئینگلیزی زانیوە. ئـەم هاوسەرە ڕۆشنبیرە کە دەرچووی زانکۆ بوو، بە ناوی خـۆی‌و لـە نووسـینی خـۆی، هەنـدێ کتێبی ئەدەبی بڵاو کردبووەوە. دواى شووکردنی بە تۆڵـستۆی، بـۆ یارمەتیـدانی هاوسـەرە هونەرمەنـــــــــدە بلیمەتەکەی، سـوودێکی زۆری لـــــە توانــــا ڕۆشــنبیرییەکەی خــۆی وەرگــرت‌و دەیــانگوت: "هاوســەرێکی تــەواو گونجاوە بۆ "تۆڵستۆی"ی نووسەر".



تۆڵستۆی وسۆفیای هاوسەری

تۆڵستۆی بەرهەمەکانی خۆی پێ دەنووسـییەوە، ئـەویش لـەلای خۆیـەوە کۆشـشێکی زۆری دەکرد بۆ کۆپیکردنی دەستنووسەکانی تۆڵـستۆی‌و ئامادەکردنیـان بـۆ بڵاوکردنـەوە.

تۆڵستۆی بۆ وێنەگرتنی کەسایەتی هەندێ لە ئافرەتەکانی ناو بەرهەمەکانی، پرس و ڕاو ڕاوێژی بە سۆفیای هاوسەری دەکرد. ئەویش تێبینی وردو بەنرخی دەدایەو لە ڕۆمانە جیاوازەکانیدا سودێکی فراوانی لێ وەردەگرت. مەسەلەکە لەنێوان ئەم ژنو مێردەدا، بە شێوەیەکی جوان لە لێك- تێگەیشتنو هاریکاریو خۆشیو شادی هاوبەش بەردەوام بوو. ژیان لە کەشو هەوایەکی خۆشو شادمانیدا، بۆ نزیکەی چل ساڵی بێپچڕان بەردەوام بوو. پاشان دوای ئەوەی تۆڵستۆی تەمەنی دەگاتە ٧٠ ساڵو سۆفیای هاوسەری تەمەنی دەگاتە ٥٣ ساڵ، کارەسات دەست پێ دەکات. تۆڵستۆی دوای ئەوەی چوو بووە ساڵەوەو لەو تەمەنەیدا، گۆڕانێکی گەورە بەسەر ژیانی ڕۆحیو دەرونیو بیرکردنەوەیدا دێت. هاوسەرەکەشی بەو گۆڕانە ڕازی نەبوو، بە شێوەیەکی توندوتیژ دژی ڕاوەستا.

ئەو گۆڕانەی بەسەر تۆڵستۆی دا هات، ڕەگێکی کۆنی هەبوو، وەلێ تەنها لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا بووە هەڵوێستێکی تەواو و پەڕگیرو تیژ. تۆڵستۆی لە گەنجیدا، دەیویست چی زەویو زاری فراوانی هەیە، لە بەرامبەر کۆمەڵێ قیستی ساڵانەی بچووك، بەسەر جوتیارەکاندا دابەشی بکات. بەڵام جوتیارەکان پێیان وابوو تۆڵستۆی فێڵیان لێ دەکاتو خراپەی ئەوانی دەوێت، چونکە جوتیارەکان لەو سەردەمەدا ڕانەهاتبوون لەسەر ئەوەی "خاوەن زەویەکان" هیچ هەڵسوکەوتێکی میهرەبانو هیچ هەڵوێستێکی مرۆڤانەیان لێ بوەشێتەوە. تۆڵستۆی کاتێ بۆ یەکەمجار بیری لەم پرۆژەیە کردەوە، هێشتا ژنی نەهێنابوو، بۆیە پرۆژەکەی ڕاگرت. بەڵام کاتێ تەمەنی گەیشتە ٧٠ ساڵو بووە خاوەنی خێزانێکی گەورە، سەرلەنوێ پێداگری کرد لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژە کۆنەکەی. تۆڵستۆی خەونی بەوەوە دەبینی چی سەروەتی هەیە، بەسەر جوتیاراندا دابەشی بکات. ئەو پێی وابوو لەم ژیانەدا تەنها کاری دەستی شتێکە نرخو بەهای هەبێت. ئیدی ئەدەبو هونەرو شتەکانی دیکە، کۆمەڵێ مەسەلەن نە سوودیان هەیەو نە بایەخ. لە وتەکانی ئەو قۆناغەی:

"هەر پینەچییەك، لە شکسپیر، سودی بۆ ژیانو بۆ مرۆڤایەتی زیاترە!!".

لێرەوە تۆڵستۆی بە هەردوو دەستی کەوتە ئیشکردن، بە دەستی خۆی پێڵاوە کۆنـەکانی دەدورییەوە، بگرە هەندێجار پێڵاوی دروست دەکرد، لەناو زەویەکانداو لەگەڵ جوتیارەکانـدا ئیشی دەکرد، بڕیاری دا هەموو موڵکەکانی بدات بەوان. ئا لێـرەدا ژنەکـەی بـە توندترین شێوە دژی وەستایەوە، هاوسەرەکەی لە دوا ڕۆژی خۆیو دوا ڕۆژی مندالەکانی دەترسا. لـە تێـڕوانینی ئـەم خانمـەدا، مێـردە عەبقەرییەکـەی شـێت بـووەو دەیـەوێ خـودی خـۆیو خێزانەکەشی تێك بشکێنێت.

ئەم حەزو مەیلە هیومانستییە بە لێـشاوە، بـە تـەواوی تۆڵـستۆی کـۆنترۆڵ کردبـوو. تۆڵستۆی وای لێهاتبوو خەونی بەوەوە دەبینی وەك خەڵکانی سادەو هەژار بژی، وەك ئـەوان ئازار بچێژێت، وەك ئەوانی دیکە بژێوی ژیانی بەدەستی خۆی پەیدا بکات. خـەونی بـەوەوە دەبینی کۆشکە ڕازاوەکانی کە خۆیو خێزانەکەی تێیدا دەژیان، بەجێ بهێڵێتو بـڕوات لـەو کوخە هەژارو زبرانەدا بژی کە هەژارەکان تێیدا دەژیان. هەندێ لە قوتابییـەکانی، ئەوانـەی ئیمانیان بە پەیامەکـەی هـەبوو، لـە دەوری کۆبوونـەوەو بـۆ جێبـەجێکردنی بیروڕاکـانی، یارمەتیان دەدا. لێرەوە جـەنگێکی سـەخت لـەنێوان ئـەو قوتابیانـەو سـۆفیای هاوسـەری تۆڵستۆیدا ڕوی دا. سۆفیا ئەو قوتابیانەی مێردەکەی بە دوو- ڕوو، دز، تۆمەتبار دەکـرد، گوایە ئەوان دەیانەوێ دەست بگـرن بەسـەر سـەروەتی مێـردە بلیمەتەکەیـداو دەیانـەوێت لەناوی بەرن، تاکو سوود لەوە ببینن کـە بۆیـان بـەجێ دەهێڵێـت. ئەمـەش دوای ئـەوەی مێردەکەی دووچاری حەزو ئارەزوویەکی بەگوڕ ببـوو بـۆ دەسـبەرداربوون لـە هـەموو ئـەو موڵکانەی کە خاوەنی بوو.

ئیدی سۆفیا دەستی کرد بە نووسینەوەی یاداشتە تایبەتەکانی، تێیدا گلەیی لەم مێـردە شێتەو لە قوتابییە بەرژەوەند خوازەکان دەکرد، کە دەیانەوێ لەسەر حـسابی ئـەو و لەسـەر حـسابی مندالـەکانیو لەسـەر حـسابی کامـەرانیو خۆشـگوزەرانیی خێزانەکـەی، سـوود وەربگرن. لێرەوەماڵەکەی تۆڵستۆی بووە دۆزەخ، ژنەکەی بە هەموو هێـزی شـەڕی لەسـەر

پاراستنیماڵو موڵکی خێزانەکەی دەکرد، دەیوسیت مێردەکەی لەو حاڵەتەی کە تێی کەتبوو دەربهێنێت، حاڵەتی ئیشکردن بە دەستەکانیو لەبەرکردنی جلو بەرگی کۆنو زبرو نووستن لە کوخی جوتیارەکانداو هەوڵدانی بەردەوامی بۆ بەخشینی ئەوەی هەیەتی بەوانی دیکە بەبێ بەرامبەر. تۆڵستۆی لەبەردەم ئەم ململانێ توندو تیژەدا، ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ماڵەکەی ڕادەکاتو بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێکی ڕوونو ئاشکرای هەبێت، سواری شەمەندەفەرێك دەبێت. هەروەها سوور بوو لەسەر ئەوەی لە فارگۆنی پلە سێدا سوار بێت، کە فارگۆنێکی قەرەباڵغو هەوا پیس بوو، ئەمەش مەترسی بۆ سەر تەندروستی هەبوو، تۆڵستۆی لەو کاتەدا ٨٠ ساڵ تەمەنی تێپەڕاندبوو. بەڵێ لە ئەنجامی سواربونی لەو فارگۆنەدا، توشی هەوکردنی سییەکان بوو، چونکە فارگۆنەکە گەرمایەکی پڕوکێنەری هەبوو، لێوانلێو بووە لە دووکەڵ، تەندروستی هونەرمەندە عەبقەریەکەش لاواز بوو، بەرگەی هەموو ئەوانەی نەدەگرت.

ژنەکەی شەمەندەفەرێکی تایبەتی گرت تا پێی بگاتەوە، شوێنەکەی زانی. ئەو قوتابییەی کە یاوەری تۆڵستۆی بوو، لەگەڵ پزیشکەکەی کە سوور بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵیدا بمێنێتەوە، لە وێستگەیەك لە وێستگەکانی شەمەندەفەرەکە دایان بەزاندو بردیان بۆ شوێنێکی سادەی هاکەزایی. لەوێ {ئەلکسندرا}ی کچی پێیان گەیشت، پاشان ژنەکەی گەیشتە ئەو شوێنەی تۆڵستۆی تێیدا ڕاکشابوو، سۆفیا ویستی تۆڵستۆی ببینێ، بەڵام هەموان، لەوانەش کچەکەی، لێ نەگەڕان بیبینێ. ئەو لە دەست ژنەکەیو لە دەست بیروڕاکانی ژنەکەیو لە دەست ململانێکانی لەگەڵیدا ڕایکردبوو، لە دەست ئەوەی بەردەوام ئەو پرۆژانەی ڕەت دەکردەوە کە تۆڵستۆی ویستویەتی تێیدا دەستبەرداری موڵکەکانی ببێتو ژیانێکی تەواو لەگەڵ هەژاراندا بژی. ژنەکەی خەونە هیومانستییەکانی ڕەت دەکردەوەو بەوپەڕی هێزو توندییەوە لەدژی ئەو خەونانە ڕاوەستا. بۆیە تۆڵستۆی دنیاکەی ئەوی بەجێهێشتو دنیایەکی دیکەی بۆ خۆی هەڵبژارد، دنیایەکی ئازادو ڕەها لە هەموو کۆتو بەندێك.

تۆڵستۆی بەهۆی کاریگەریی توشبوونی بە نەخۆشی هەوکردنی سییەکانییەوە، کۆچی دوایی کردو دواهەمین وشەکانیشی ئەمانە بوون:

"... هەموو شتێك تەواو.. ئا ئەمە کۆتاییە.. وەلێ گرنگ نییە".

ژنەکەی نەیتوانی لە دواساتەکانی کۆتاییدا بیبینێت. تۆڵستۆی لە ٢٠ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٠ لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا دنیای بەجێهێشت. بەڵام ژنەکەی دوای مردنی تۆڵستۆی، چەندین ساڵی دیکە ژیاو بەرگری لەخۆی دەکرد، دژ بە هەموو ئەو تۆمەتانەی خەڵك، تۆمەتی ئەوەی ئەم سەرچاوەی ئەو ئێشو ئازارە گەورەیە بوو کە مێردە مەزنەکەی دووچاری ببوو. بەم شێوەیە کۆتایی بە چیرۆکی خۆشەویستیو هاوسەرگیری نێوان تۆڵستۆیو سۆفیای هاوسەری هات، کۆتاییەکی غەمگینو جەرگبڕ. ئەمە لە کاتێکدا بوو سەرەتای چیرۆکەکەیان، پڕبوو لە خۆشیو کامەرانیی گەورە.

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئەم تراژیدیایە، لەو دڵەڕاوکێ مەزنەدایە کە لە دەروونی تۆڵستۆی- ی بلیمەتدا بوو. تۆڵستۆی لەناکاو بۆی دەردەکەوێت ئەو ناتوانێت بەختەوەر بێتو ملیۆنان مرۆڤی دەوروبەریشی لە نەهامەتیو کەساسیدا بژین. ئەو خەونی بە دادپەروەرییەوە دەبینی، دڵی لێوانلێو بوو لە بەزەیی، ئاواتەخواز بوو جیهانێکی مرۆڤانە ببینێت تێیدا مرۆڤ ئازار نەچێژێت.

مەحاڵ بوو خەونەکەی بێتە دی، بە تایبەتی لەو سەردەمەدا کە تێیدا ستەم بەهێز بوو، بە زەبری هێزی چەك خۆی بەسەر ژیانی خەڵکیدا سەپاندبوو. لەبەر ئەوە تۆڵستۆی بە هۆی خەونە گەورەکەیەوە ئازاری دەچەشت، ئەو کۆچی دوایی کرد بێ ئەوەی ببینێ ئەم خەونە دێتە دی، بەبێ ئەوەی ببینێ باڵەکانی ڕەحمەتو بەزەیی بەسەر تەواوی خەڵکیدا بکشێت.

ئەگەر بمانەوێ چیرۆکی هونەرمەندی بلیمەت تۆڵستۆی لە چەند وشەیەکدا کورت بکەینەوە، دەڵێین: لە سەرەتادا خۆشبەختی هەبوو، لە کۆتاییدا دڵەڕاوکێو خەمو پەژارەو سەرگەردانی هات.

# ڕامبۆ.. لە یاخیبوونەوە بۆ ئیمان



"ئارسەر ڕامبۆ ١٨٥٤ – ١٨٩١"ی شاعیر، گەورەترین شاعیری فەڕەنسایە لە سەدەی ڕابردوودا (مەبەست سەدەی نۆزدەیە -و-). گەرچی "ڕامبۆ" لە تەمەنی ٣٧ ساڵیداو بە هۆی کاریگەری نەخۆشییەکی مەترسیدارەوە کە لەناکاو توشی هات، کۆچی دوایی دەکاتو زیاد لە سەدەیەك بەسەر مردنەکەیدا تێدەپەڕێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ناوبانگی ئەم شاعیرە ڕۆژ دوای ڕۆژ تا بێت زیاتر دەبێتو تازەتر دەبێتەوە، بگرە ئەو هەنووکە ناوبانگی دەیانجار لەو ناوبانگەی زیاترە کە تاکو لە ژیاندا بوو هەیبوو. لە ئێستادا ڕۆشنبیرێك لە ئەوروپادا نییە ناوی ڕامبۆ نەزانێت. بگرە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا، کەسێك نییە شیعری مرۆڤدۆستانەی خۆش بوێتو بەدوایدا بگەڕێت، ناوی ڕامبۆ نەزانێت.

ڕامبۆ شاعیرێکی گرنگو بلیمەتە، شیعرەکانی لەگەڵ تێپەڕبونی ڕۆژگاردا تا بێت زیاتر دەدرەوشێنەوە. هەر هێندەی میتۆدێکی تازە بۆ گەڕانو توێژینەوە لەسەر شیعر دەرکەوێت، ئەوا توێژەران لە ڕێگەی ئەو میتۆدە تازەیەوە تێ دەکۆشن تەفسیرێك بۆ درەوشانەوەی شیعرەکانی ڕامبۆ پێشکەش بکەن.

بەسەرهاتی ئەم شاعیرە، لە سەرەتاوە بۆ کۆتاییەکەی، پڕە لە شتی سەیرو سەمەرە. ژمارەیەك لە ڕەخنەگران ناویان لێناوە "شاعیری نەفرەتلێکراو"، چونکە شیعرەکانی ملکەچی هیچ یاسایەکی ڕوونو تێگەیشتوو نەبووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکانی ئەفسوناوی بوون. سەرەڕای ئەوە ژیانیشی پڕ بووە لە ئەزمونی سەیری گێژەڵۆکەئاسا، پڕ بووە لە موفاجەئەی سەرسوڕهێن. ڕامبۆ لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا لە نووسینی شیعر

وەستاوە، واتە ئەو لەو تەمەنە بچووكو زووەدا، گەیشتووەتە لوتكەی بلیمەتییە هونەریەكەی. هەموو شیعرەكانی كە لە ئێستادا دونیا ئاوڕیان لێ دەداتەوەو سەرنجی هەزاران كەس لەوانەی سەرسامو شەیدای ئەون ڕادەكێشێت، لە چاپی تازەو بەردەوامدا چاپ دەكرێنەوە، لەگەڵیدا دەیان توێژینەوەی ڕەخنەیی بڵاو دەكرێنەوە كە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكە ناوەستێت.. هەموو ئەوانە لە دەوروبەری ئەو شیعرانەی ڕامبۆدا دەسوورێنەوە كە لە نێوان ١٥ بۆ ١٨ ساڵیدا نووسیونیو دوای ئەوە هیچ شتێكی دیكەی نەنووسی. ئەمەش مانای وایە بلیمەتیی ئەم شاعیرە، لەو تەمەنە زووەدا، بە تەواوی پێگەیشتو كامڵ بوو. ئەم حەقیقەتە وا دەكات زۆرێك پێیان وابێت هەندێ بەرهەمی دیكەی ئەم شاعیرە سەیرە هەیە كە ون بووەو ئەم بەرهەمانە هەر دەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان بدۆزرێنەوە.

بگرە ساڵی ١٩٤٩ یەكێك لە ڕۆژنامەكانی فەرەنسا دەڵێ كتێبێكی تەواوی ڕامبۆی دۆزیوەتەوەو ناوی "ڕاوی ڕۆح"ە. ڕامبۆ بۆ خۆشی لە هەندێ لە نامەكانیدا ئاماژەی بە بوونی كتێبێكی بەو ناوەوە كردووە. بەڵام دواتر ناوەندە ئەدەبییەكان لە فەرەنسا، ڕایانگەیاند ئەوەی ڕۆژنامە فەرەنسییەكە باسی دەكات بەوەی گوایە ئەو كتێبەی دۆزیوەتەوە، ڕاست نییەو ئەو كتێبە تا ئێستاش هەر ونە. ڕۆژنامە فەرەنسییەكان جارێكی دیكە ئاماژەیان بەوە دا لە حەبەشە، كە شاعیر دواهەمین بەشی ژیانی لەوێ بەسەر بردووە، چوار هەزار دێڕ دۆزراوەتەوە كە "ڕامبۆ" لەوێ نووسیویەتی. كەچی دواتر سەلمێنرا ئەوەی ئەو ڕۆژنامە فەرەنسییانە وتویانە ڕاست نییەو كەس هیچ شتێكی لەو شێوەیەی نەدۆزیوەتەوە.

بەڵام ئاخۆ دەبێ بەسەرهاتی ئەم شاعیرە نەفرەت لێكراوە چی بێت، ئەو شاعیرەی هەموو كارە ئەدەبییەكانی لە سێ ساڵداو لە تەمەنی ١٥ بۆ ١٨ ساڵیدا وتبێت، پاشان دوای ئەوە ڕاوەستابێتو ئیدی نەگەڕابێتەوە بۆ شیعر، بگرە بە تەواوی شیعری پشتگوێ

خست؟ ئاخۆ ئەم شاعیرە دواتر چۆن ئەو ١٩ ساڵەی دیکەی ژیانی گوزەراندبێت، پێش ئەوەی بەهۆی کاریگەریی نەخۆشییە ترسناکەکەیەوە کۆچی دوایی بکات؟

ڕامبۆ لە شاری "شارل فیل" لە باکوری فەڕەنسا لەدایك بووە، هەر لە سەرەتای منداڵییەوە تووشی نەهامەتییەکی سەرەکی هات، باوکی لە دایکی جیابووەوە، باوکەکە ئەم منداڵەی لەگەڵ سێ منداڵی دیکەی بۆ دایکەکە بەجێ هێشت. ڕامبۆ ئەو کات تەمەنی شەش ساڵ بووە. دایکەکە هەوڵێکی گەورەی خستەگەڕ بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی، لەم بەخێوکردنەشدا هەموو ئیرادەو تواناو پێداگری لەسەر ئەوەی ڕووبەڕووی سەختیەکانی ژیان ببێتەوە، کۆکردەوە. ڕامبۆ لە سەرەتای منداڵیدا سەلماندی منداڵێکی نایابە، عەبقەرییەکی لێهاتووەو لەو کەسانەیە لە تەمەنێکی زووەوە، نیشانەی بلیمەتی لە کەسێتییاندا دەردەکەوێت. ئەو لە قوتابخانە زیرەكو سەرکەوتو بوو، بە شێوەیەکی نائاسایی حەزی لە خوێندنەوە بووە، لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا دەستی کردووە بە نووسینی شیعر، شیعرەکانی هەر لە سەرەتاوە شیعرێکی نوێو سەرنجڕاکێش بوون، بە تایبەتی لای ئەوانەی حەقیقەتی شیعری مەزنیان زانیوە.

بەڵام یەکەم مامۆستای کە ناوی "ئایزامبار" بووەو حەماسی بۆی هەبووە، کاتێك ڕامبۆ قوتابی قوتابخانە بووە، هیچ شتێکی لە شیعرە سەرەتاییەکانی ڕامبۆدا نەبینیوە کە بەهایەکی لای ئەو هەبێت. چونکە ئەم مامۆستایە پێوانەی شیعری بە پێوانە کۆنەکان دەکردو دەرکی بەوە نەکردبوو ڕامبۆ شتێکی تازە دەڵێو لاپەڕەیەك دەکاتەوە، پێشتر لە مێژووی شیعری فەڕەنسیداو لە شیعری تەواوی جیهانیدا نەکراوەتەوە. وەلێ شاعیرێکی گەورەی هاو سەردەمی ڕامبۆ، کە نزیکەی ١٠ ساڵ لە ڕامبۆ گەورەتر بوو، ئەویش ڤێرلین- ی شاعیر بوو،


ڤێرلین

دەرکی بە بەها دەگمەنەکەی شیعری ئەم شاعیرە عەبقەرییە بچووکە کرد. بۆیە پەرۆشی

خۆی بۆ دەربڕیو بانگی کرد بێت بۆ پاریسو لەگەڵ خۆیو خێزانەکەیدا بژی، لێرەوە چیرۆکێکی تراژیدی سەیر لە نێوان ئەم دوو شاعیرەدا ڕوو دەدات، چیرۆکێك مێژووی ئەدەبی فەڕەنسی، بەدووروو درێژی دەیزانێ.

پوختەی چیرۆکەکە ئەوەیە ڤێرلین ڕامبۆی خۆش ویست، خۆشەویستی نێوانیان گۆڕا بۆ خۆشەویستییەکی شازی ئابڕوو بەرانە. ڕامبۆی مێردمنداڵی جوانو دێوانە، نەك تەنها بە شیعرەکانی، دڵی ڤێرلین ی داگیرکردبوو، بەڵکو بە جوانییە سەیرو ناوازەکەشی. ژنەکەی ڤێرلین کە خانمێکی شۆخو شەنگی دەوڵەمەند بوو، بە هەموو هێزو فڕو فێڵو توندوتیژییەك کە هەیبوو، دژ بەم پەیوەندییە شازو ئابڕووبەرانەیە ڕاوەستا. بەڵام شکستی هێنا لەوەی بتوانێت ئەم پەیوەندییە وێرانکەرە ڕاوەستێنێت. ڤێرلین لەگەڵ خۆشەویستەکەی، شاعیرە عەبقەرییە بچووکەکە ڕامبۆ، ڕایکرد بۆ برۆکسێلو لەندەن. دواتر ڕۆژێك هات ڕامبۆی بچووكو یاخی، بێزار بوو لەو پەیوەندییەی لەگەڵ ڤێرلین دا هەیەتی، بۆیە ڤێرلین تەقەی لێ دەکاتو فیشەکێکی پێوە دەنێت، چونکە ڤێرلین ژیانی بەبێ ئەو پەیوەندییە نەدەویست. ڤێرلین بەهۆی ئەم ڕوداوەوە دەچێتە زیندانو دوو ساڵی تێدا دەمێنێتەوە. ڕامبۆ کە لە فیشەکەکەی ڤێرلین ڕزگاری ببوو، بە تەنهاو هەر خۆی دەگەڕێتەوە بۆ فەڕەنسا، تاکو ژیانی دەربەدەرێکی یاخی بژی، یاخی لە هەموو دابو نەریتەکانی کۆمەڵگەو لە هەموو بنەماکانی ئەخلاق. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو تێکچوونە لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتو لە کەسێتیدا، کەچی هێشتا شیعرە سەیرو کاریگەرەکانی دەنووسیو لەسەر حسابی دایکی چاپی دەکردن، دایکی بەزەیی بە ڕامبۆدا دەهاتەوەو هیواخواز بوو کوڕەکەی بگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاستی پیاوان، ئەو پیاوانەی لە هەڵسوکەوتو جەستەو بیرو باوەڕی ئاینییاندا، تەندروستو ڕاستگۆ بوون.

شیعرەکانی ڕامبۆ لەو کاتو ساتەدا، وەك پێویست سەرنجی خەڵکی ڕانەکێشابوو، چونکە سومعە خراپو ئابڕووبەرەکەی، لەلای خەڵکی، بلیمەتیی هونەرە ئەفسوناویەکەی

داپۆشیبوو. نووسەرو ڕەخنەگری ئینگلیزی "کـۆڵن وڵـسۆن" لـە کتێبەکەیـدا "عەقیـدەو شۆڕش" کە "ئەنیس زەکی" بە ناونیشانی "کەوتنی شارستانیەت" وەری گێڕاوە، وەسـفی ڕامبۆمان لەو قۆناغەدا بۆ دەکات کە ڕۆچوبووە ناو خراپـەکاریو تێکـچوونەوە، بـا لێـرەدا ئەم چەند دێڕە کەمە بخوێنینەوە کە تێیدا وەسفی ئەم شاعیرە نەفرەت لێکراوە دەکات:

"ڕامبــۆ لــەو ســاتە وەختــەدا بــەردەوام بــوو لەســەر هەڵسوکـەوتو ڕەفتـارە ئابڕووبەرانەکەی، هەندێجار ڕوی دەدا کەسێك بـۆ ئـەوەی لـەو قـژە درێـژەی شـەرمەزاری بکات، سـێ بنـسی دەدایـەو داوای لـێ دەکـرد بـڕوات بـۆ لای سـەرتاش. ڕامبـۆش بـە گاڵتەجاڕییەوە دەچەمایەوەو سێ بنسەکەی وەردەگرتو دەڕۆیـشت بـۆ نـزیکترین دوکـانی فرۆشتنی جگەرە، تاکو بەو پارەیە جگـەرە بکڕێـت. ڕامبـۆ لـەزەتی لـەوە وەردەگـرت لـە چایخانەکاندا، بەدەنگی بەرز چیرۆکی سێکـسیی ڕوتو قـووت بگێڕێتـەوە. ئەگـەر هەنـدێ کەس لەسەر کورسیو مێزەکـەی تەنیـشتی هەسـتانایەو بڕۆیـشتنایە بـۆ سـەر کورسـیو مێزێکی دیکە، ئەوەی بە سەرکەوتنێکی گەورە دەزانـی. سـەبارەت بـە خـۆی پیـسترینو دزێوترین مەسەلەی باس دەکرد، دەیگوت پێیخۆشـە هاوڕێیـەتی سـەگو پـشیلە بکـاتو لەگەڵیدابن".

ئەم وێنەیەی ڕامبۆ وێنەی دەرەوەی ڕامبۆ بوو، واتە ئـەو تێکـچوونە ئەخلاقییـەو ئـەو هەڵسوکەوتو ڕەفتارە دزێوەی کە گرفتاری ببوو، ڕەنگدانەوەی ئـەو حەقیقەتـە نـەبوو کـە لەناوەوەی ناخیدا ڕووی دەدا، حەقیقەتی ئەو ململانێ توندو دڵەڕاوکێ بـێ- وێنەیـە نـەبوو کە لە قوڵایی ناخیدا گێنگڵی دەدا. بەڵگەش بـۆ ئـەوە، ڕامبـۆ لـەو ماوەیـەدا شـیعرێکی بەناوبانگی بەناوی "بەلەمە سەرخۆشەکە"وە نووسی، ئەم شیعرە وەك "کۆڵن وڵسۆن" لـەو کتێبەیدا کورتی کردۆتـەوە، شـیعرێکی درێـژەو لـە بیـستوچوار کۆپلـە پێکـدێت، هـەر کۆپلەیـەکیش لـە چـوار دێـڕ پێکـدێت. شـیعرەکە گۆرانییـەکی غـەریبـە بەلـەمێکی سـەرئاوکەوتووی وێـڵو سـەرگەردان دەیلـێ، دوای ئـەوەی هیندییـە سوورەکان هـەموو

کەسەکانی ناو بەلەمەکەیان کوشتووە. زمانە جوانو چڕەکەی ئەو شیعرە، تەحەدای هەموو جۆرە وەرگێڕانێك دەکات.

ئەم بەلەمە دوای ئەوەی هەموو دەریاوانەکانی دەکوژرێن، چ مانایەکی هەیە کە ویڵو سەرگەردان، بەناو زەریاکەدا دێتو دەڕواتو بەبێ دەریاوانێك ڕووبەڕووی نادیار دەبێتەوە، ڕووبەڕووی شەپۆلو باو بۆرانو زوڵمەتی زەریا دەبێتەوە؟ ئەم بەلەمە هیچ مانایەکی نییە تەنها گوزارشتکردن نەبێت لەو ونبوونەی شاعیر تێیدا دەژیا. بگرە ئەو ونبوونەی تەواوی سەردەمەکەی شاعیر تێیدا دەژیا. ڕەنگە گوزارشتکردن لەم شیعرەدا، گوزراشتکردنێك بێت لە ونبوونی مرۆڤەکان، لە هەموو ئەو سەردەمانەی پڕە لە پەشێویی گەورە کە ڕۆح دەهەژێنێتو وا دەکات مرۆڤ توانای بینینێکی ڕوونو ئاشکرای نەبێت، توانای ئەوەی نەبێت چ ئامرازێك بدۆزێتەوە بۆ ئەو ڕێگایەی پێیدا تێدەپەڕێت. چونکە مرۆڤ لە دەربەدەرییەکی ڕۆحیدا دەژیو هیچ شتێك نادۆزێتەوە ڕێگای ڕاستی پیشان بدات.

بەڵام ئەم دڵەڕاوکە ویرانکەرە کە دەروونی ڕامبۆی پڕکردبوو، دواجار بە کۆمەڵێ مەسەلەی سەیر کۆتایی پێهات. لەوانە لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بە تەواوی وازی لە نووسینی شیعر هێنا، ئەمە دوای ئەوەی شەش بەرهەمی هونەری پێشکەش کرد، ئەوانیش بریتین لە "شیعرەکانی قوتابییەك- شیعرەکانی بوەیهیمییەك- شاعیر لە حەڤدە ساڵیدا- بیابانەکانی خۆشەویستی- ئیشراقات- بەشێك لە دۆزەخ". هەموو ئەم کارە سەیرانە بڵاو کراونەتەوە کە تیایاندا شیعرو پەخشان پێکەوە کۆکراونەتەوە. ئەو بەرهەمانەی لە نێوان ساڵانی ١٨٧٠و ١٨٧٣ نووسیوە، واتە لە نێوان تەمەنی ١٦ ساڵی بۆ ١٩ ساڵی. ئەگەرچی لە ڕووی مێژووییەوە وا ناسراوە کە ئەو لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا وازی لە نووسینی شیعر هێناوە.

ڕامبۆ لە ساڵی ١٨٧٦ بڕیار دەدا گەشتێك بۆ ڕۆژهەڵات بکات، دوای چەندین سەرکێشی دوورو درێژ دەڕوات بۆ عەدەن، پاشان لەوێوە دەڕوات بۆ حەبەشەو دەچێتە ناو

شوێنە نەناسراوەکانی ئەفریقا، لەو سەردەمەدا ئەوروپییەکان هێشتا ئاشنای ئەو شوێنانە نەبوونو نەیاندەناسی. ڕامبۆ لەو ماوەیەدا سەردانی هەندێ لە وڵاتانی کەنداوی کردووە، سەردانی قاهیرەو ئەسکەندەریەو خەرتوومی کردووە، پاشان لە شاری "هەرر" دەگیرسێتەوەو دەبێتە بازرگانێکی ناسراوی چەكو تەقەمەنی.

دواتر لەگەڵ ئیمپراتۆری حەبەشە "ماکۆن" دەکەوێتە سەوداو مامەڵە کردنەوە. لێرەوە ئەم شاعیرە وێڵگردە جاران پارەی ئەو خواردنەی کە دەیخوراد پێی نەبوو، دەبێتە یەکێك لە دەوڵەمەندە گەورەکانو جانتاکانی پڕدەبێت لە زێڕ، لە شاری "هەرر" کۆشکێکی گەورە دروست دەکات، لە حەبەشەو لە وڵاتە ئەفریقیەکانی دەوروبەری حەبەشە، دەبێتە خاوەن دەسەڵاتو خاوەن پلەو پایە. چەندین ناوچەی نەناسراوی ئەفریقا بەسەر دەکاتەوە، کۆمەڵێ تێبینی لەسەر ئەو ناوچە نەناسراوانە تۆماردەکاتو دەیانێرێت بۆ کۆمەڵەی جوگرافیایی فەڕەنسا، لە بەرامبەردا سوپاسو پێزانینی کۆمەڵەکە وەردەگرێت.

ڕامبۆ دوای ئەوەی گەیشتە ئەم دەوڵەمەند بوونە گەورەیە کە هەمیشە خەونی پێوە دەبینیو، پێی وابوو ئەوە تەنها ڕێگەی دڵنیاییو ئیستقرارو ڕزگاربوونە لە تێکشکاندنی دەروونیو کێشە ئاڵۆزەکانی ژیان. دوای ئەوەی گەیشتە ئەم پلەو پایەیە، لەناکاو نەخۆشی ڕووی تێدەکات، لە قاچیدا هەست بە ئازارێکی زۆر دەکاتو هیچ چارەسەرێکیش سودی نابێت. بۆیە بە ناچاری دەگەڕێتەوە بۆ فەڕەنسا تاکو حەقیقەتی نەخۆشییەکەی بزانێت، لە فەڕەنسا پزیشکەکان بۆیان دەردەکەوێت ئەو توشی شێرپەنجەی ئێسقان بووە، پزیشکەکان بە ناچاری قاچی دەبڕنەوەو قاچێکی لە تەختە دروستکراوی بۆ دادەنێن. دواترو لە کۆتاییدا پزیشکەکان وتیان هیچ چارەسەرێك سودی نییە، چونکە نەخۆشییەکە لەژێر کۆنترۆڵی پزیشکیدا دەرچووەو نەخۆشەکەش لە کۆتایی نزیکبووەتەوە.

ڕامبۆ مانگەکانی کۆتایی ژیانی لە نەخۆشخانەو لە ئێشوئازارێکی توندا بەسەر برد، ئازارێك لە سەروی بەرگە گرتنەوە بوو، ئیزابێلی خۆشکی بە درێژایی ئەو ماوەیە لە

تەنیشتییەوە بووە، هەوڵی دەدا ئازارەکەی کەم بکاتەوەو پێی دەوت ئیمانی تەواوەتی هەبێت، چونکە تەنها لە ئیماندا دەروون هێور دەبێتەوە، هەر ئەم ئیمانەیە ئارامیو دڵنیایشی تێدایە، هێزێکی تێدایە یارمەتی مرۆڤ دەدات بەرگەی ئێشو ئازارەکان بگرێت. خوشکەکەی بۆیە دەیویست ئیمانی هەبێت، چونکە دەیزانی ئەو ژیانی خۆی وەك "نەفرەت لێکراوێك" بەسەر بردووە کە تەحەدای هەموو شتێکی کردووەو لە بەهاو نەریتەکانیش یاخی بووەو هێوریو ئارامی دڵو دەروونی نەزانیوە.

ڕامبۆ لەبەردەم ئەو ئێشو ئازارەی پێیەوە دەیناڵاند، ئیمانی خۆی ڕاگەیاند، وەك ئەوەی خوشکەکەی لەسەر زمانی ڕامبۆ دەیگێڕێتەوە، ئەمەش لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیداو پێش ئەوەی دواهەمین هەناسەکانی تەواو بێت، لەو ساتەوەختەدا ئێشو ئازارەکان گەیشتبوونە لوتکە. ئێزابێل دەڵێ: ڕامبۆ بە زمانی عەرەبی کە لە عەدەن فێری ببوو وتویەتی:

"خوا بەزەییو میهرەبانە.. خوا بەزەییو میهرەبانە".

بگرە ئەو وشە عەرەبییانە دواهەمین وشەبوون کە لە دەمی ڕامبۆ هاتوونەتە دەرەوە، پاشان دوای ئەوە بۆ هەتاهەتایە دونیا بەجێ دەهێڵێت.

هەندێ دەڵێن: ئەم یاخیبووە نەفرەت لێکراوە عەبقەرییە مەزنە، نابێتو ناکرێت تەسلیمی ئیمان بووبێت، بەڵکو ئەوە چیرۆکێکە ئێزابێلی خوشکی هەڵی بەستووە، بەو هیوایەی خودا ڕەحمی پێ بکاتو بەو مەبەستەی ئابڕووی برا عەبقەریە خۆشەویستەکەی باش بکات.

ئێمە بەو کەسانە دەڵێین: بۆچی بڕوا ناکەن شاعیر دوای ئەوەی هەموو شتێکی تاقی کردەوە، ئیمانی هێنابێت. دوای ئەوەی خەونی دەوڵەمەندبوونی بەدەست هێنا کە پێشتر هیچی نەبوو، دوای ئەوەی هەستی کرد ئەم دەوڵەمەندییە سەرابەو بێهودەیی لەنێو دونیادایە، بە بەڵگەی ئەوەی ڕامبۆ کاتێ هەستی کرد خۆشبەختی بەدەست هێناوەو

ئامرازی ئەو خۆشبەختیەش پارەیە کە خەونی پێوە دەبینی، ئێستا ئەوەتا پارەی هەیە کەچی ژیانی لەدەست دا. چۆلەکەی ژیان لەدەستی فڕی، دوای ئەوەی بووە خاوەنیو زۆر نزیك بوو لێیەوە.

بۆچی باوەڕ ناکەین ئەم شاعیرە عەبقەریە گەورەیەو ئەم دەربەدەرە دەگمەنە، لە ساتەوەختەکانی ئێشو ئازاردا کە لە کاتی گیانەڵادا پێیەوە دەتلایەوە، ئازارێك ئێسقانەکانی دەهەژاندو بە توندی وردو خاشی دەکردن، خودای ناسیبێت؟ ئەوەی لە عەقڵەوە نزیك بێت، ئەوەیە بڵێین شاعیر لە ساتەکانی کۆتاییدا ئیمانی هێناوە، ئەو تەنها بەم ئیمان- هێنانە مردنێکی هێمنو ڕەزامەند مردووە، بەم ئیمان-هێنانە قەناعەتی بەوە کردووە خۆشبەختی یەکەمجار لە ناوەوەی مرۆڤەکانەوە دێت، مرۆڤ بە ڕەتکردنەوەو شزوزو یاخیبوونو پارە ناژی، شتێکی دیکە لە ژیاندا هەیە گەورەترو قووڵترە.

# بەلزاك.. بلیمەتێك لەناو كۆپێك قاوەدا دەمرێت



ژیانی ئەدیبی فەڕەنسی "بەلزاك" نمونەیەکی ناوازەیە بۆ ئەو ئـێش‌و ئـازارەی دوچـاری هەندێ لە بلیمەتەکان دەبێت، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە گـەورەکانیان کـە خـەونی پێـوە دەبینن و بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، ژیانی خۆیان دەکەنە قوربانی.

بەلزاك ساڵی ١٧٩٩ لە شاری "تور"ی فەڕەنـسی لـەدایکبووە، ئـەم شـارە پایتـەختی هەرێمی (تۆرین)ە لە ڕۆژئاوای فەڕەنسا. شاری "تور" کە تێیـدا بـەلزاك لـەدایکبووە، بـۆ ئێمەی عەرەب بایەخێکی تایبەتی هەیە، ئـەویش ئەوەیـە سـاڵی ٧٣٢، سـوپای عـەرەبی ئەندەلوس، گەشتە قەراخی ئەم شارە، نەخشەی سوپای عەرەبی ئەوە بوو کۆنترۆڵی فەڕەنسا بکەن، پاشان لەوێوە بچنە ناو هەموو وڵاتانی دیکەی ئەوروپاوە. نزیك بەم شاری "تـور"ە، عەبدولڕەحمانی غافقی و سوپا عەرەبییەکـەی، لـە جـەنگێکی مێـژوویی بەناوبانگـدا کـە فەڕەنسییەکان ناویان لێناوە جـەنگی (بـلاط الـشهداء) ڕووبـەڕووی سـەرکردەی فەڕەنـسی "شارل مارتل" بوونەوە.

لەم جەنگەدا عەرەبەکان شکستیان خـواردو دۆڕان، بەمـەش شـەپۆلی عـەرەبی ڕووەو ئەوروپا وەستا. ڕەنگە ئەگـەر عەرەبـەکان لـەم جەنگـە یەکلاییکەرەوەیـەدا سـەرکەوتنیان بەدەست بهێنایە، ئەوا ئەوروپییەکان نەیانـدەتوانی عەرەبـەکان لـە ئیـسپانیادا دەربکـەن‌و شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامیش، بە هەموو ناوچـەکانی فەڕەنـساو ئـەوروپای ڕۆژئـاوادا بڵاودەبۆوە. بێگومان هەموو ئەوەش، لەوانـەبوو بایـەخێکی مەترسـیداری هـەبێت لەسـەر ئاراستەی ئەوروپا تا ڕۆژی ئەمڕۆ. بەڵام مێژوو ناکرێ بەرهەمی ئاوات‌و خەون بێـت، تـەنها ئـەو ڕووداوە واقیعیانـەی کـە ڕوودەدەن، ئـەوانن کاریگـەری لـە ڕێـڕەوی شارسـتانیەت‌و

چارەنووسی گەلان دەکەن. لەبەر ئەوە دۆڕانـدنی عـەرەب لـە جـەنگی شـاری تـور (بـلاط الشهداء)، کۆتایی شەپۆلی عەرەبی بوو لەناو ئەوروپا، ئەوەش ئـەو شـەپۆلە بـوو کـە لـەو مێژووەوە تا ئەمڕۆ وەستاوە.

شاری تور ئەوەیە کە تێیدا بەلزاک لەدایکبووە، بەلزاک نـاوی ڕاسـتەقینەی "ئۆنریـە دی بەلزاک"ە، لەناو خێزانێکـی نـاکۆکو یەکنـەگرتوودا ژیـاوە، دایکـی ٣٢ سـاڵ لـە بـاوکی بچووکتر بووە، لەژێر فشاری بنەماڵەکەیدا ڕازی بووە شوو بە پیاوێـك بکـات لـە تەمـەنی باوکیدا بووە. خێزانی دایکی هەژار بوون، بەڵام مێردەکەی فەرمانبـەرێکی بـەڕێز بـووە لـە تەمونی سوپادا، ئا لەم هاوسـەرگیرییە ناهاوسـەنگەوە، ئـەو کـوڕە بلیمەتـەی کـە نـاوی بەلزاکە، هاتووەتە ناو ژیانەوە. دایکی بەلزاك تا بڵێی تووڕەو دڵڕەق بووە، باوکی خـەونی زۆر بووە، زیاتر لەگەڵ خەونو خەیاڵاتەکانیـدا دەژیـا تـاکو لەگـەڵ ژیانـە واقیعیەکەیـدا بـژی. دەرئەنجامی لۆژیکی هەموو ئەوانەش، ئەوەبوو بەلزاك لـە منـداڵیو مێردمنداڵیـدا، هـیچ ژیانێکی خۆشو هێمنو بەختەوەرانەی لەناو خێزانەکەیدا نەبینی.


بەلزاك

کـاتێ بـەلزاك گـەورە دەبێـتو سـەروەختی چوونە قوتابخانەی دێت، لـە شـارەکەیدا دەچـێتە قوتابخانە، بەڵام هەر لـە سـەرەتاوە قوتابییـەکی تەپۆ بووەو لە میانەی وانەکاندا، دوچاری پـەتای "خەیاڵڕۆیشتن"ێکی بەردەوام بووە، ئەمەش وای کـردووە مامۆسـتاکان لێـی بێـزار بـبنو هـیچ هیوایەکیان پێی نەبێتو چاوەڕوانی هیچ شتێکی باشـیان لـێ نـەکردووە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بەلزاك توانی، ئەو خوێندنـەی لـەو سـەردەمەدا بۆی ڕەخسابوو تەواوی بکات. یاسای خوێند، کەسو کاری دەیانویست لەبواری یاسادا کـار

بکات، ببێت بە پارێزەر یان دادوەر یان وەکیلی جێگری گشتی. چونکە ئەو ئیشانەی پەیوەستن بە یاساوە، کۆمەڵێ ئیشی بەرێزنو دەکرێ بەلزاکو خێزانەکەی، لەو بارودۆخە ئابورییە سەختە ڕزگار بکات کە تێیدا دەژیان. وەلێ بەلزاك ئەوەی ڕەت کردەوە، جەختی لەسەر ئەمە دەکرد: ئەو بۆیە دروستبووە تاکو ببێت بە ئەدیب. هەوڵی دا خێزانەکەی ڕازی بکات بەوەی لە ڕێگەی ئەدەبەوە، دەتوانێ بیانژێنێتو بە قەڵەمەکەی پاریس داگیر دەکاتو سەرکەوتنێکی ئەدەبی گەورە، هاوشان بە سەرکەوتنێکی مادیی گەورە، بەدی دەهێنێت. خێزانەکەی لە سەرەتادا ناڕازی بوون، بەڵام دواجار لە بەردەم سووربونو پێداگری بەلزاك لەوەی کە دەیەوێ، بەناچاری ڕازیبوون .

بەلزاك لە ئەزمونەکانی منداڵیو مێردمنداڵیدا، بە کۆمەڵێ دەرئەنجامی ئازاربەخشەوە هاتە دەرێ، ئەو سەبارەت بە خۆی دەڵێ ناخۆشترین منداڵیی ژیاوە لەسەر گۆی زەوی. ئەوەش بەهۆی هەژارییەوە بوو، بەهۆی مامەڵەی خراپی دایکی بۆیو دڵڕەقییەکەی بەرامبەری، ئەمە جگە لەوەی ناچاریان کردبوو یاسا بخوێنێت کە ئەو هیچ حەزی بەوە نەکردووەو هیچ ئارەزووی لێ نەبووە. بەلزاك هەمیشە پێی وابوو دایکی خۆشی ناوێتو بە ڕوونو ئاشکرایی دەیگوت:

"...دایکم ڕقی لێمە، ئەو تەنانەت پێش ئەوەی لەدایك بم ڕقی لێم بووە، هەموو ئەو ناخۆشیانەی لە ژیاندا توشم هاتوون، هۆکارەکەی دایکم بووە".

بەلزاك لە تەمەنی ٢٠ساڵیدا، لە شارەکەی خۆیەوە گواستیەوە بۆ پاریس، خەونی بەوەوە دەبینی وەك ناپلیۆن بێت، ئەوەی ناپلیۆن بە شمشێرەکەی بەدەستی هێنا، ئەم بە قەڵەمەکەی بەدەستی بهێنێت. بەلزاك منداڵیو گەنجی لە سەردەمی ناپلیۆندا بردووەتە سەر، ئەو دەمەی ناپلیۆن لە ساڵی ١٨١٥ لە جەنگی "واترلۆ"دا شکستی هێنا، بەلزاك تەمەنی تەنها ١٦ ساڵ بووە. لێرەوە ناپلیۆن لای بەلزاك دەبێتە نمونەی باڵا، بە تایبەتی لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا. کاتێ بەلزاك دەڕوات بۆ پاریس، لە سەربانی یەکێك لە گەڕەکە

هەژارەکان ژوورێـك بـەکرێ دەگرێـت. دایکـی ئـەو ژوورە پـیسو پـەڕپوتو خراپـەی بـۆ هەڵبژارد. ئامانجی دایکی لە پشت ئـەو هەڵبژاردنـەوە، ئـەوە بـوو ژیـانی کوڕەکـەی لـەو ژوورەدا بکاتە ژیانێکی قورسو سەخت، ڕەنگە بەمە ڕقی لە ئەدەب ببێتەوە کە دەیویـست خۆی بۆ تەرخان بکاتو بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەیو ئیش لە بواری یاسـادا بکـات، وەك ئەوەی خێزانەکەی دەیانویست.

لەم بارەیەوە کتێبێکی جوان لەسەر بەلزاك هەیە، ئـەدیبی گـەورەی نەمـسا "سـتیڤان زڤایج" نووسیویەتیو نووسەری خوالێخۆشبوو "ئەحمەد ئەلـصاوی محەمـەد" وەریگێڕاوەتـە سەر زمانی عەرەبی. ستیڤان زڤایج لەم کتێبە نایابەدا، باسـی ئـەو ژوورەی بـەلزاکمان بـۆ دەکات کە تێیدا یەکـەم هـەوڵی نووسـینی ئەدەبی داوەو دەڵێ:


ستیڤان زڤایج

"ژوورێکی تابڵێی خراپ بـوو، بـەهیچ جۆرێك نەدەچووە دڵەوە، بـەڵام بـەلزاك بـە ورەو پێداگرییەکی گەورەوە، بەرگەی ژیانـە تازەکـەی گـرت. خـۆی ژوورەکـەی پـاك دەکـردەوە، دەرۆیـشت خـواردنی هـەرزانی دەکـڕی، تـاکو ئـەو پارەیـەی لـە چێشتخانەکاندا خەرجی دەکرد، پاشەکەوت بکات. تەنانەت دەرۆیـشت ئـاوی لـە نـافورەی "سان میشێل" دەهێنا، ئەمەش بۆ ئەوەی ئاو نەکڕێ. هەموو ئەوانـە ورەیـان نەدەهێنایـە خوارەوە. دڵی خۆی بەوە دەدایەوە لە پەنجەرە بچووکەکەی ژورەکەیەوە، تەماشـای پاریـسی دەکردو لە سیحرەکەی ڕادەماو خەونی بەو نەمرییە ئەدەبییەوە دەبینی کە هەوڵی بـۆ دەدا، خەونی بەوەوە دەبینی ببێتە ئەستێرەیەك لەنێو ئەستێرەکانی ئەو شارەدا کـە ئاسمانیـان پـڕ کردووە لەناوی پیاوە مەزنەکانی ئەدەبو فیکر لە هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا".

ستیڤان زڤایج بەردەوام دەبێت لەسەر وەسفکردنی ژیانی بەلزاك لەو ژوورە خراپو ناخۆشەداو دەڵێ:

"بەلزاك گەر بیویستایە لە زیندانی ژوورەکەی بێتە دەرێ، دەڕۆیشت بۆ گەڕەکە میللییەکان، لەوێ لە دانیشتوانەکەی ڕادەماو لایەنەکانی ژیانی ئەو گەڕەکانەی، لە کوچەو کۆلانەکاندا لێك دەدایەوە. لە سەروبەندی گەڕانەکانیدا هەستی بە دڵتەنگی یان نامۆیی نەدەکرد، جلو بەرگەکەی سەرنجی کەسی ڕانەدەکێشا، چونکە جلو بەرگەکەی لە سادەو ساکارییەکەیدا، هیچی لە جلوبەرگی ئەو کرێکارە خاکیانە جیاواز نەبوو کە دانیشتوانی ئەو گەڕەکانە بوون. سەرەڕای ئەوە هەستو سۆزی لەگەڵ هەستو سۆزی ئەواندا یەکی دەگرتەوە، دڵی بەو نەهامەتییە دەسووتا کە ئەو خەڵکەی تێدا دەژیا. هاوڕا بوو لەگەڵیاندا و پشتگیری نارەزایی ئەو خەڵکەی دەکرد کە دژ بەو کەسانەی دەیانچەوساندنەوە دەریان دەبڕیو لەبەرامبەر پارووە نانێکدا شەکەتو ماندوویان دەکردن. ئەم ماوەیە لە ژیانی بەلزاك، ماوەیەکی یەکلایکەرەوە بوو بۆ دیاریکردنی بیرکردنەوەیو هەستکردنی بە دەرونی چینە میللییەکان، هەستکردن بەوەی چ تواناو بەهرەیەك، لەناوەوەی ئەو چینانەدا هەڵگیراوە، ئەگەر دۆزرانەوەو ئاراستەیەکی باش ئاراستە کران، ئەوا کۆمەڵێ ئەدیبو هونەرمەندو داهێنەرو سەرکردە، لە هەموو بوارە جیاوازەکانی فیکری مرۆڤایەتیدا، دێنە دەرەوەو ڕۆشنایی دەبینن".

ئەمە ئەو وێنەیەیە ستیڤان زڤایج لەسەر سەرەتای ژیانی ئەدەبی بەلزاك دەیخاتە ڕوو. وەلێ بەلزاك لەگەڵ ئەو سەرەتا سەختەدا، لەپێناو بەدیهێنانی ئەوەی خەونی پێوە دەبینی، لە کارکردن بەردەوام بوو. کێشەی هەرە سەرەکیی بریتی بوو لەوەی پێویستی بە پارە بوو. تەنها پارە دەتوانێت دەرفەتی ئەوەی بۆ برەخسێنێت خۆی بۆ نووسینی ئەدەبی تەرخان بکاتو ئەو هەموو بیرۆکە زۆرەی کە سەریان پڕکردووە، بخاتە سەر کاغەز. بەبێ ئەو پارەیە نەیدەتوانی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات، بگرە نەیدەتوانی خواردن بخوات یان کرێی ژوورە

هاکەزاییەکەی بدات، بەتایبەتی دوای ئەوەی خێزانەکەی بە تـەواوی دەسـتیان لـێ بـەرداو چیتر هیچ یارمەتییەکی مادییان بۆ نەدەنارد. هەرچی نووسـینەکانی سـەرەتای بـوو، ئـەوا هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێناو هیچ پارەیەکی ئـەوتۆی لێیانـەوە دەسـت نەکـەوت بایەخی هەبێت.

بەلزاك لە ناوەندی ئـەو پەشـێوییەدا کـە خـۆی تێـدا دەبینیـەوە، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەکەی، بیری لە چەند ڕێگایەك کردەوە. چارەسەری یەکەم بـریتی بـوو لـە بێئومێـدی. بەلزاك بڕیاری دا بۆ ڕزگاربوون لە ژیانی، خۆی بکوژێت، مـادام ئـەو ناتوانێـت خەونەکـەی بێنێتە دی، خەونی ئەوەی خۆی بـۆ ئـەدەب تـەرخان بکـات، چـونکە ناتوانێـت بـێ ئـەو ژیانێکی دیکە بژی. بەڵام بە ڕێکەوت لەو خۆکوشتنەی ڕزگاری بوو. بەلزاك لـەو ماوەیـەدا کە تەمەنی ٢٣ ساڵ بوو، خانمێکی فەڕەنسی تەمەن ٤٥ ساڵ دەناسێ، واتە ئـەم خانمـە لـە تەمەنی دایکیدا بووە، ناوی "دۆبێرنی" بوو. ئەم خانمە هاوسۆز بوو لەگـەڵ بـەلزاكو تێیـدا دانایی‌و بلیمەتیی بینی‌و خۆشی ویـست. بـەلزاك لەگـەڵ ئـەم خانمـەدا، یەکـەم ئـەزمونی سۆزداری لە ژیانیدا دەست پێکرد. بەلزاك کاتێ بڕیار دەدات خـۆی بکوژێـت، لـە حاڵـەتی نائومێدبوونیدا دەڕوات بۆ لای ئەو خانمەو بڕیارەکەی خۆی پێ دەڵێ، ئەویش هەندێ قـسەی خۆشی بۆ دەکات‌و هانی دەدات. بەلزاك زۆر بـەخێرایی بـەدەم قـسەکانییەوە دەچـێت‌و بـە بەرائەتێکی منداڵانەوە بە خانمەکە دەڵێ:

"خانمەکەم تۆ لەسەر حەقی، بلیمەتییەکەم کـەفیلی ئەوەیـە لـە نەهامەتیـەکانی ژیـان ڕزگارم بکات، هەموو ئەوەی من پێویستم پێیەتی کەمەکێك سـەبرو تەحەمولـە، تـا ئـەو کاتەی خەڵکی لێم تێدەگەن‌و ڕێزم دەزانن".

ئیدی بەلزاك لە بڕیاری خۆکوشتنەکەی پەشـیمان دەبێتـەوە. دواتـر ئـەم پەیوەندییـەی لەگەڵ ئەم خانمە باش‌و هەستناسکەدا هەیەتی، لە تـەواوی ژیانیـدا، کاریگەرییـەکی قـووڵ لەسەر تێڕوانینی بەلزاك بۆ ئافرەت بەجێ دەهێڵێت. هەروەها کاریگەرییەکی قـووڵ لەسـەر

نووسینە نایابەکانی بەجێ دەهێڵێت کە دوای هەوڵو ماندوبوونێکی زۆر، بەرهەمی هێنــان. ئیدی لە سەردەمەکەیدا فەڕەنساو تەواوی ئەوروپای هێنایە هەژان. ئەدەبەکەی لەو کاتــەوە تا ئێستاش، لە ڕیزی یەکەمی ئەدەبە نەمرەکانی مرۆڤایەتیدایە.

ستیڤان زیڤایج، لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە بەلزاك دەڵێ:

"پەیوەندییە سۆزدارییەکەی بەلزاك بە خانم دۆبێرنی-یەوە، ئەو پەیوەندییە بوو وای کـرد بەلزاك وتە نەمرەکەی بنووسێت: ئەوە تەنها دواهەمین خۆشەویستی ئافرەتــە بــۆ پیــاو کــە دەتوانێت یەکەم خۆشەویستی پیاو قایل بکات". ئەم یەکەم خۆشەویــستییەی بــەلزاك، بــە درێژایی ژیانی، ڕێگای حەزو مەیلە سۆزدارییەکانیو جــۆری ئــەو ئافرەتــەی کــە دەتــوانێ بۆشایی دڵی پڕ بکاتەوەو تینوێتی کارەکتەرە پڕ جۆش و خرۆشەکەی دامرکێنێتەوە، دیاری کرد. لە تێڕوانینی بەلزاکدا خۆشەویستی نمونەیی ئەو ئافرەتەیە کە سی ساڵی تێپەڕانــدووەو وەك دایکێك دەبێت بــۆ منداڵــە بەنازەکــەی، هەســتو ســۆزی خــۆی دەداتــێ، لــە کــاتی ناخۆشیدا بەزەیی پێدا دێتەوە، لەکاتی پێویستیدا پــارەی پــێ دەدات. ئەمــە ئــەو ئافرەتــە هۆشمەندەیە کە لــە ڕێگــەی ئەزمونەکانیــەوە لــە خۆپەرســتی دوور دەکەوێتــەوە، ئــافرەتی خۆپەرســت دەیــەوێ پیــاو بکاتــە ئامرازێــك تــەنیا بــۆ بــەدیهێنانی چاوچــنۆکییەکانیو دامرکاندنەوەی ئاگری ئارەزووەکانی.

لێرەوە ئەم یەکەم پەیوەندییەی خۆشەویستی لــە ژیــانی بــەلزاك دا، هۆکارێــك بــوو بــۆ ئەوەی بەلزاك لە ڕۆمانەکانیدا چەندین وێنەی نەمر بۆ ئافرەت، لــە ســەروو ســی ســاڵییەوە بکێشێت. ئەم وێنە زیندووە بەهێزە، وای کــرد بــەلزاك توێــژێك لــەو خانمانــەی سەرســامی بوون، بە جۆرێك لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە کە هــیچ چیرۆکنووســێکی ســەدەی نۆزدەهــەم، شتی لەو شێوەیەی بە خۆیەوە نەبینیوە. ئا لەم بارو دۆخەدا بــەلزاك مــژدەی فەلــسەفەیەکی تازەی لەسەر زمانی پاڵەوانەکانی ڕاگەیاند، وەك ئەو قسەیەی کە دەڵێ:

"ئافرەتی تەمەن چل ساڵ، هەموو شتێکت پێ دەبەخشێت. بەڵام ئافرەتی تەمەن بیست ساڵ، هەرگیز هیچ شتێکت پێ نابەخشێت".

بەلزاك، بە درێژایی ژیانە سۆزدارییەکەی ئەو فەلسەفەیەی جێبەجێکرد، ئەو زۆر ڕقی لە کچە گەنجەکان دەبووەوە، چونکە زۆردەبەن و کەم دەدەن. ئەوە تێڕوانینی بەلزاك بوو بۆ ئافرەت، وەك ئەوەی زڤایج باسی دەکات. هۆکاری ئەو تێڕوانینە تایبەتەش، بریتی بوو لە یەکەم خۆشەویستی لەگەڵ ئەو ئافرەتەی لە خۆکوشتن ڕزگاری کردو زیاد لە بیست ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو. ئەو ئافرەتە هەموو هەستو سۆزو خۆشەویستیو پشتگیرییەکی بەخشییە بەلزاك کە لە سەرەتای ژیانیدا پێویستی پێیان بوو.

بەڵام بەلزاك گەرچی لەگەڵ یەکەم خۆشەویستیدا، چارەسەری بۆ کێشە سۆزدارییەکەی دۆزییەوە، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەرێکی ئاسانی بۆ کێشەی داراییەکەی نەدۆزییەوە. بەلزاك لەگەڵ ئەو خانمەدا ئەوەی دۆزییەوە کە هیواو خەونەکانی زیندوو بکاتەوە، بۆیە بڕیاری خۆکوشتنەکەی جێبەجێ نەکرد. بەلزاك چونکە خاوەنی خەیاڵێکی فراوانو بەپیت بوو، بیری کردەوە بچێتە ناو گۆڕەپانی کاری بازرگانییەوە، ڕەنگە دەوڵەمەندبوونێکی خێرا بەدەست بهێنێت، دەوڵەمەندبوونێك ئەوەی بۆ مسۆگەر بکات کە خەونی پێوە دەبینی، خەونی خۆتەرخانکردن بە شێوەیەکی تەواوەتی بۆ ئەدەب.

بەلزاك بە ڕاستی چووە بازاڕی ئیشکردنەوە، دەزگایەکی بۆ چاپو بڵاوکردنەوە دروستکرد، چاپخانەیەکی دامەزراند، پلانێکی وردی بۆ هاوردەکردنی تەختە بۆ فەڕەنسا دانا. هەروەها بیری لە پرۆژەیەکی زەبەلاح بۆ دەرهێنانی زیو لە هەندێ لە کانە کۆنەکانی ئیتاڵیا کردەوە، بەڵام هەموو ئەم پرۆژانە شکستیان هێناو بەلزاك بوو بە ژێر قەرزەوە. پێش ئەوەی تەمەنی ببێت بە ٣٠ ساڵ، ١٢٥ هەزار فرەنك قەرزار بوو، ئەم بڕە پارەیە بۆ ئەو سەردەمە، ساڵی ١٨٢٨، بڕێکی هێجگار زۆر بوو. ئەوە قەرزێك بوو، بەس بوو بۆ

وێرانکردنێکی تەواوەتی ژیانی خاوەنەکەی، ئەگەر داهاتێکی گـەورەتری دەسـت نەکـەوێت تاکو ئەو قەرزەی پێ بداتەوە.

مێژوونووسانێکی زۆری ئەدەب، ئاماژە بۆ ئەو پرۆژە بازرگانیانەی بەلزاك دەکەن، ئەوان پێیان وایە هەموو ئەم پرۆژانە لەسەر کۆمەڵێ فیکرەی سـەرکەوتوو بنیـاد نـراونو، بەشـی بەدیهێنانی ئەو سەروەتو سامانە دەکەن کە بەلزاك خەونی پێوە دەبـینی. بـەڵام کێـشەکە ئەوەیە بەلزاك وەك زۆرێك لە ئەدیبە گەورەکانی دیکە، نەیدەتوانی بەردەوام، ئـەو تێبینییـە بچووكو وردانەی ئیشکردنی بازرگانی، لە ژیـانی واقیعیـدا، ببینێـت. بـۆ نمونـە بیرۆکـەی بەلزاك سەبارەت بە کانەکانی زیو لە ئیتاڵیا، بیرۆکەیەکی هەم ڕاست بوو، هەم بەس بوو بـۆ ئەوەی بیکاتە یەکێك لە دەوڵەمەنـدە هـەرە گـەورەکان. بـەڵام بـەلزاك بـە حەماسـەتێکی زۆرەوەو لە بەردەم ئەوانی دیکەدا، باسی لە وردو درشـتی پرۆژەکـەی دەکـرد. بـە جۆرێـك باسی دەکرد وەك ئەوەی باس لە فیکرەیەکی فەلسەفی یان بـاس لـە ڕۆمانێـك لـە ڕۆمانـە نایابەکانی بکات کە عـەقڵو ویـژدانی پڕکردبـوو. دەرئەنجامەکەشـی ئـەوە بـوو بازرگانـە بچووکەکان، فیکرەکەی بەلزاکیان دەدزیو بە خێراییو بە بێدەنگی بـۆ خۆیـان جێبـەجێیان دەکردو سەروەتو سامانێکی گەورەیان پێکەوە دەنا. کەچی بـەلزاك درەنـگ دەسـتی پـێ دەکرد، دوای ئەوەی بازرگانە بچووکەکان پێش ئەو دەکەوتنو فیکرەکەیان جێبەجێ دەکردو ئیمتیازی دەرهێنانی زیویان لە کانەکانی ئیتاڵیا بۆ خۆیان وەردەگرت.

بەهەمان شێوە کارە بازرگانییەکانی دیکەی بـەلزاك، لـە بـواری چـاپو بڵاوکردنـەوەو هاوردە کردنی تەختەدا شکستیان هێنـا. ئـەو هـەموو کـاتێ بـە شـێوەیەکی بـاش بـیری دەکردەوە، بەڵام لە ساتەوەختی جێبەجێکردندا، دەکەوتە هەڵەی پراکتیکییەوەو پرۆژەکـانی هەرەسیان دەهێناو دەبوو بە ژێر قەرزی تازەوە. بەم جۆرە هیچ بۆ بەلزاك نەمایـەوە، تـەنها ئیشکردن لە نووسیندا نەبێت، ئەوە تەنها شتێکە کـە کـەس ناتوانێـت لێـی بـدزێت، ئـەو خاوەنی بەهرەیەکی دەگمەنو مەزن بوو، بەڵام پێویستی بە سەبرو بـە کـات هـەبوو، تـاکو

خـەڵکی بـەو بەهرەیـەی بـزانن‌و دەروازەکـانی سـەرکەوتن‌و ناوبـانگ‌و دەوڵەمەنـدیی لـە بەردەمدا بکرێنەوە.

لێرەوە بەلزاك بە ڕاستی، وەك شێت دەستی کـرد بـە نووسـین، لـە ژووره خراپەکەیـەوە گواستییەوە بۆ شوقەیەکی هاکەزایی، لە ڕۆژێکـدا ١٤ کاتـژمێر کـاری دەکـرد، کاتـژمێر شەشی ئێوارە دەنووست، نیـوە شـەو هەڵدەسـتاو تـاکو ئێـوارەی ڕۆژی دواتـر، خـەریکی کارکردن بوو. زۆر خراپ خۆی ماندو دەکرد، بە توندی خەوی لە خۆی زڕاندبوو، بۆ ئـەوەش پەنای بۆ خواردنەوەی قاوە دەبرد. یەکێك لە هاوڕێکانی، هەستا بە ژماردنی ئـەو قاوانـەی لە٢٠ ساڵی کۆتـایی ژیانیـدا خورادبوویـەوە، بـۆی دەرکـەوت ٥٠ هـەزار فنجـان قـاوەی خواردووەتەوە!!

ئەم خۆماندوکردن‌و توانا گەورەیـەی بـەلزاك خـستبوونییە گـەڕ، دەرئـەنجامی خـراپ‌و ناکۆکی لێ کەوتەوە. لە لایەکەوە تەندروستی ئەم هونەرمەندە بلیمەتە زۆر بـەخێرایی تێـك چوو، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بەرهەمێکی بەلێشاوی بەرهەم هێنا کـە لـە زۆریـدا نمونـەی نییە. لە ماوەی کەمتر لە ٣٠ ساڵدا، نزیکەی حەفتا ڕۆمانی نووسی. هەندێجار ڕۆمـانێکی بە شەش هەفتە دەنووسی، وەك ڕۆمانە نایابەکەی "لویس لامبێر"، هەندێ ڕەخنـەگر ئـەم ڕۆمانە لەگەڵ ڕۆمـانی "فاوسـت"ی ئـەدیبی ئـەڵمانی مـەزن "گۆتـە" بـەراورد دەکـەن. جیاوازییەکەیان ئەوەیە بـەلزاك ئـەم ڕۆمانـەی بـە شـەش هەفتـە نووسـیوە، بـەڵام گۆتـە ڕۆمانەکەی بە شەست ساڵ نووسیوە!!

بەڵگە لەسەر خۆماندوکردنی زۆری بەلزاك‌و زیندوویەتی عەقڵی‌و بـەپیتیی بەهرەکـەی، ئەوەیە لە هەندێ ماوەی ژیانیدا، پێنج ڕۆمانی گەورەی لە یەك ساڵدا نووسـیوە. بێگومـان بوونی بەلێشاوی بەرهەم، مانای سەلماندنی بەهرە نییەو مانـای دڵنیـایی نییـە لـە بـوونی جۆرێك لە بلیمەتی. بەڵام کاتێ بەرهەم بەلێشاو بێت‌و لەهەمانکاتـدا بەهایـەکی هونـەری‌و مرۆڤانەی بەرزی هەبێت، ئەوا ئەمە بەڵگەی بلیمەتی ڕاستەقینەیە. بەلزاك لە یـەك کاتـدا،

هەم بەرهەمی بەلێشاوی هەبوو، هەم ئاستی بەرهەمەکانی بەرز بوو، بۆیە شایەنی ئەو پێگە دەگمەنەیە لە ئەدەبی فەڕەنسیو لە سەرتاپای ئەدەبی جیهانیدا. بابەتی سەرەکی لای بەلزاك، پیشاندانی ململانێ مرۆڤایەتییە گەورەکان بوو، لە میانەی ئەو بارودۆخە تازەیەی لە فەڕەنسادا هاتبووە ئاراوە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، (واتە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە -و-).

پارە لە کۆمەڵگەی فەڕەنسای ئەو سەردەمەدا، تەوەرەی سەرەکی بووە بۆ ژیان، پارە ئەو فاکتەرە بووە کە مرۆڤی بەرز کردووەتەوە یان نزمی کردووەتەوە. لەو سەردەمەدا ململانێ بۆ بەدەستهێنانی پارە، لەوپەڕی توندیدا بووە. ئیدی ئەو چینە مامناوەندییە چالاکە دروست بوو کە بە هەموو ئامرازێك، هەوڵی دەدا هێزی ئەفسوناوی پارەی لە دەستدا بێت. ئەمەش لە ڕێگەی بازرگانیو جامبازیو هەموو جۆرە سەرکێشییە بازرگانییەکانی دیکە. بەلزاك بایەخی بە وێنەگرتنی ئەو لادانانە دەدا کە دەرئەنجامی ئەم ململانێ توندەی ئابوری بوو. ململانێیەك گرنگی بە پرنسیپە مرۆڤایەتییەکان نەدەداو هیچ قورساییو بەهایەکی بۆ ئەخلاق دانەدەنا. تاکە ئامانج لە بەردەم هەمواندا، بریتی بوو لە سەرکەوتنو بوونی سەروەتو سامان. چونکە لە میانەی سەروەتو سامانەوە دەتوانن خۆشەویستیو دەسەڵاتو هێزو هەر شتێکی دیکە کە خەونی پێوە دەبینن‌و چاویان تێ بڕیوە، بەدەست بهێنن.

بەلزاك لە یەکێك لە ڕۆمانەکانیدا ئەم بارودۆخە بەربڵاوەی سەردەمەکەی وێنە دەکاتو دەڵێ:

"پێگەیشتن بە ڕێگای ڕاستو شەریفانە مەحاڵە، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت ژیانێکی باش بژی، پێویستە هەردوو دەستی گڵاو بکات. لە سەردەمەکەماندا ئەوە دروشمە هەرە گەورەکەی ئەخلاقە".

ڕۆمانەکانی پڕن لە وێنەی هەلپەرستیو خراپەکاریو گەڕان بەدوای دەوڵەمەندیدا بە هەموو ڕێگاو شێوازێك. ئەمە وای کرد ڕەخنەگرو مێژوونووسی ئەدەبی "جۆستاف لانسۆن" بڵێت:

"بەلزاك نازانێ لەسەر باشەو فەزیلەت بنووسێت، بلیمەتییەکەی لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە لەسەر خراپەکاریو ڕیسوایی دەنووسێت".

ئەم قسانە مانای ئەوە نییە بەلزاك پشتگیری خراپەکاری دەکات دژ بە چاکەکاری، بەڵکو مانای ئەوەیە ئەم نووسەرە گەورەیە، ئەدەبەکەی کردووە بە ڕەخنەیەکی توند دژ بە خراپەکاریو ڕیسواکردنی خراپەکاری. ڕۆمانەکانی پەردە لەسەر ئەو کارەساتانە هەڵدەماڵن کە لە ئەنجامی ڕەزیلیو گەڕان بە دوای پارەدا بە ڕێگای ناشەریفانە، دێنە ئاراوە. پەردە لەسەر ئەو ململانێیانە هەڵدەماڵێ کە لە پێناو سەرکەوتندا، حساب بۆ هیچ بەهایەکی دیکەی مرۆڤایەتی ناکرێ.

لەم بوارەدا گرنگترین کاری بەلزاك، بریتییە لە زنجیرە ڕۆمانی ناسراو بە ناوی "کۆمیدیای مرۆڤایەتی"، لەنێوان ئەم زنجیرە ڕۆمانەدا، دوو ڕۆمانی بەناوبانگی تێدایە کە لە ئەدەبی جیهانیدا سەدایەکی گەورەیان هەیە، ئەوانیش بریتین لە ڕۆمانی "ئۆجین جراندیە"و ڕۆمانی "جۆریۆی باوك". بەلزاك لە ڕۆمانی یەکەمدا وێنەی جراندیە ی ڕەزیلو عاشقی پارە دەکێشێت، گەڕانە شێتانەکەی بە شوێن پارەو کۆکردنەوەی پارەدا، وای کرد ژیانی ئۆجین ی تاقە کچی خۆی وێران بکات. لێ نەگەڕا شوو بەو کەسە بکات کە خۆشی دەوێت، بەو هیوایەی شوو بە پیاوێکی دەوڵەمەند بکات، ڕۆمانەکە بە مردنی باوکەکە کۆتایی پێ دێت، کچەکەشی هەموو سەروەتو سامانەکەی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی بووە بە قەیرە کچو چووەتە ساڵەوە. ئیدی لەگەڵ سەروەتو سامانە زۆرەکەیدا، بە تەنهاو بە خەمباریو بە دڵێکی شکاوەوە دەژی.

له ڕۆمانی دووەمدا کاراکتەری "جۆریۆی باوك" دەبینین، ئەم باوکە هەم خـودی خـۆیو هەم ژیانی خۆی لە پێناو کۆکردنەوەی پارەدا بەهەدەر دا، ئەمــەش بـۆ ئـەوە بـوو هـەردوو کـچەکەی بتـوانن خۆیـان وەك دەوڵەمەنـد دەربخـەنو بتـوانن خۆیـان لەگـەڵ کۆمەڵگـەی ئەرستۆکراتیەتی ساختەدا بگونجێنن کە شـەیدای ژیـانی ئـەو جـۆرە کۆمەڵگەیـە ببـوون. دواجار ژیانی جۆریۆی باوك بە تەنهاو بە هەژاریو داماوی کۆتایی پێ هـاتو مـرد، بـەبێ ئەوەی هیچ یەکێك لە دوو کچەکەی، کە نوقمی کەیفو سەفا ببوون، لێی بپرسنەوەو بـەبێ ئەوەی تەنانەت بەشداری لە ناشتنی تەرمەکەشیدا بکەن.

بەلزاك ساڵی ١٨٥٠ گەیشتە لوتکـەی ناوبـانگو نـەمریی، ئیـدی دەسـتی کـرد بـە چنینەوەی بەری ڕەنجی بلیمەتییەکەی. خانوویەکی گەورەو قەشەنگی لە پاریس پێکەوە نـاو تێیدا هەموو خەونو هیواکـانی هێنایـە دی. بڕیـاری دا خـانمێکی پۆڵەنـدی ئەرسـتۆکرات بەناوی هانسکا بهێنێت کە دواهەمین خۆشەویستیی بوو. ئەم خانمە ساڵانێکی زۆر بـوو وەك یەکێك لە موعجیبەکانی، نامەی بۆ بەلزاك دەنووسی. لە ڕاستیدا ئـەم موعجیبەیـە هـیچ نەبوو تەنیا خانمێکی بەنازو فیز نەبێت، بێعەقڵو بێهەست بوو، وەلێ بەلزاك بڕوای پێکـردو کەوتە داوی خۆشەویستییەکەیەوە. ئەم خانمە بـەردەوام ڕەتـی دەکـردەوە شـوو بـە بـەلزاك بکات، تا ئەو کاتەی بە تەواوی دڵنیا بوو لەوەی بەلزاك نەخۆشەو خەریکە دەمرێت، ئیـدی شووی پێکردو لە مانگی ئایاری ساڵی ١٨٥٠ هات بۆ پاریس.

بەلزاك پێش ئەوەی ٥٢ ساڵ لە تەمەنی تەواو بکاتو تـەنها سـێ مـانگ بەسـەر ئـەم ژنهێنانەیدا تێپەڕ ببوو، کۆچی دوایی دەکات. پزیشکەکەی دەڵێ:

"ئەو بە جەڵتەی دڵ مرد، دڵی بە هۆی ماندوبوونو زیـادەڕۆیی لـە خواردنـەوەی قـاوە تاکو نەخەوێت، تەواو پەکی کەوتبوو".

هانسکای هاوسەری کە دواهەمین خۆشەویستیی بەلزاك بـوو، سـووکایەتی بـە بـەلزاك دەکردو خیانەتیشی لێ دەکرد. نووسەری گـەورە فیکتـۆر هیگـۆ لـەکاتی نەخۆشـکەوتنی

بەلزاكو پێش ئەوەی بەلزاك بمرێ، سەردانی دەكات. لەوێ بە چاوی خۆی ژنەكەی بەلزاك لەگەڵ یەكێك لە دۆستەكانی، لەناو شوێنی نووستنی ژنەكە دەبینێ. ئەمە دەبێتە شۆكێكی زۆر توند بۆ فیكتۆر هیگۆو بەوپەڕی پێناخۆشبوونو ئازارەوە قسەی لەبارەوە كردووە.

بەلزاك هەمیشە بە شوێن سەروەتو سامانو خانوویەكی جوانو ژوورێكی نووسین كە بە جوانترین تابلۆكانی جیهان ڕازێنرابێتەوە دەگەڕا، كاتێ بوو بە خاوەنی هەموو ئەوانە، ژیانی لەدەست داو جیهانی بەجێ هێشت. یەكەم خۆشەویستی بەلزاك پڕ بوو لە هەستو سۆزی پاكو لێوانلێو بوو لە نەرمیو نیانیو هاندانو لە خۆكوشتنیش ڕزگاری كرد. بەڵام دواهەمین خۆشەویستی پڕ بوو لە ئازارو دڵڕەقیو بەدبەختیو ڕیسوایی. ئەگەرچی بەلزاك ژیانێكی شپرزە ژیاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشداو لە جیهانی ئەدەبدا، لەدوای خۆی كۆمەڵێ ڕۆمانی نەمری بەجێهێشتووە. تێیدا زیاد لە دوو هەزار كاراكتەری دەگمەنی نەخشاندووە كە بە باشترین شێوە ململانێ مرۆڤایەتیەكانیانی وێنا كردووە. ئەدەبە نەمرەكەی بەلزاك، تاقە لاواندنەوەیەكە لەسەر ئێشو ئازاری ئەم هونەرمەندە بلیمەتە كە لە نێوان خۆشەویستی یەكەمیو دواهەمین خۆشەویستیدا، تێیدا ژیاوە.

# شای شاعیرانی ئەڵمانیاو

# خۆشەویستە میسرییەکەی



رینیە ماریا ریلکە

"ڕێنیه ماریا ڕیلکه" له نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەناوبانگترین شاعیری ئەڵمانیا بوو، بگره ئەو تا ئەمڕۆش گرنگترین شاعیری ئەڵمانیایه. "ڕیلکە" لەبەر ئەوەی له ئەدەبی ئەڵمانیدا بایەخێکی گەورەی هەیە، ڕەخنەگرانو توێژەران نازناوی "شای شاعیرانی ئەڵمانیا"یان لێ ناوه. کاتێ کاریگەرییەکەی پەلی هاویشت بۆ تەواوی شیعری ئەوروپی، یەکێك له ڕۆژنامه ئەڵمانییەکان نازناوێکی دیکەی لێ نا، نازناوی "شای شاعیرانی جیهان". ناوی ڕیلکه تا ئەمڕۆش، لەنێو ئەستێرەکانی ئەدەبی جیهاندا، تا بێت پرشنگدارترو درەوشاوەتر دەبێت. شیعرەکانی له ڕێگەی وەرگێڕانەوە، له زمانێکەوه بۆ زمانێکی دیکه دەگوێزرێنەوه. بەشێوەیەك له هەموو زمانه زیندووەکانی جیهاندا، شوێنو پێگەیەکی شایستەی هەیه.

ڕیلکه ساڵی ١٨٧٥ له "پراگ"ی پایتەختی چیکوسلۆفاکیا لەدایك بووه، ئەو بە ڕەچەڵەك نەمسایيه. ئاشکرایه بانگەشەکەرانی نەتەوەپەرستیی ئەڵمانیا، هەمیشه پێیان وابووه نەمسا بەشێکی دانەبڕاوه له ئەڵمانیا. هێتلەر ساڵی ١٩٣٨ دەستی کرد بەداگیرکردنی نەمساو خستییەوە سەر ئەڵمانیاو تاکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی له ساڵی ١٩٤٥، وەك بەشێك له دەوڵەتی ئەڵمانیا مایەوه.

دوور لەم کێشه سیاسییه جیاوازانه، ڕیلکەی شاعیر گەرچی له پراگ هاتووەته دنیاوەو گەرچی به ڕەچەڵەك نەمسایيه، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە شاعیرێکی ئەڵمانی لەقەڵەم دەدرێ، بگره ئەو یەکەم شاعیری ئەڵمانییه له سەدەی تازەدا. زمانی ڕیلکه زمانی ئەڵمانی بوو، هەموو ئەدەبەکەی، چ شیعر چ پەخشان، به زمانی ئەڵمانی نووسیوه. ئەو کوڕی

کەلتووری ئەڵمانی بوو، لەهەمانکاتدا نوێنەری ئەو کـەلتووره بـوو. ڕیلکـه لـە خێزانێکـی مامناوەندیدا گـەوره بـووه، خێزانێـك لەیـەك کاتـدا نـە هـەژاری بینیـوه نـە زانیویـەتی دەوڵەمەندی چییە. هەموو ژیانی خۆی بە شێوەیەك بردووەتە سەر تێیدا هەستی بە جۆرێـك لە دڵنیایی ئابوری کـردووە. لەخێزانەکەیـەوە پارەیـەکی سـنوردار، بـەڵام بـە شـێوەیەکی بەردەوام، بەدەست گەیشتووە. ڕیلکە دوای ئـەوەی بـۆی دەردەکـەوێت ناتوانێـت لـە هـیچ کارێکدا هیچ سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێـت، بڕیـار دەدا خـۆی بـۆ هونەرەکـەی تـەرخان بکات، ئەو بڕە پارەیەی کە لە خێزانەکەیـەوە بەدەسـتی دەگەیـشت، دەرفـەتی ئـەوەی بـۆ دەڕەخسێنێت بڕیارێکی لەو شێوەیە بـدات. ئـەو بـۆ ئـەوە لـەدایك بـووه ببێتـە شـاعیرو نووسەرێکی هونەرمەند، ئەو بۆ ئەوە لەدایك نەبووە ببێتە فەرمانبەر، یان خۆی بە کۆمـەڵێ کۆتو بەندەوە پەیوەست بکات کە ئەوانی دیکە بەسەریدا دەیسەپێنن.

ڕیلکە لە قۆناغی منداڵیدا، توشی ئـەزمونێکی تایبـەت دەبێـت کـە کاریگەرییـەکی گەوره لەسـەر ژیـانیو لەسـەر پێکهاتـەی دەرونـی بەجێـدەهێڵێت. ڕیلکـە دوای مردنـی خوشـکێکی لـەدایك دەبێـت کـە دایکـی زۆری خۆشویـستووە، بۆیـە دوای مردنـی ئـەو خوشکەی، دایکی هێجگار پەرۆشو هۆگری ڕیلکـە دەبێـتو زۆری خـۆش دەوێـت. جـلو بەرگی کچانەی لەبەر دەکاتو قژی بە پارچە قوماشێکی ئاوریشم بـۆ دەبەسـتێت. دایکـی وەك ئەوەی ڕیلکە جێگرەوەی خوشکەکەی بێت کە بە بچووکی مردووە، مامەڵەی لەگەڵـدا دەکات. ئەم یەکەم ئەزمونەی ژیانی، کاریگەرییەکی دەرونی گـەوره لەسـەر ڕیلکـە بـەجێ دەهێڵێت، وای لێ دەکات تەنهاو گۆشەگیربێتو هەست بەوە بکات بە جیهانی دەوروبـەری نامۆیە. هەروەها ئەم ئەزمونە ئەو هەستە پێش وەختەی لا دروست دەکات کـە لـە مـردن بترسێتو لە ناوەوەیدا ئیحساسێکی توندو بەهێزی وروژانـد تـا کۆتـایی ژیـانی لێـی جیـا نابێتەوە.

ڕیلکه له تەمەنی ٥ ساڵیدا، لـه جلوبـەرگی کـچانەو لـەو وێنـه مێینەیـەی دایکـی بەسـەریدا سـەپاندبووی، ڕزگـاری دەبێـت. کـاتێ دەچـێته قوتابخانـە، بلیمەتییەکـەی دەردەکەوێتو گەشەدەکات، له هەموو قۆناغەکانی خوێندنیدا سەرکەوتوو دەبێت. یـەکێك له دیاردە سەیرەکانی ژیانی ئـەم گەنجـە هەسـت ناسـكو گۆشـەگیرە، ئەوەیـە ڕوو دەکاتـە خوێندنی سـەربازیو لـەو خوێندنەشـدا سـەرکەوتوو دەبێـت، پاشـان خوێندنەکـەی تـەواو دەکاتو بۆ ماوەیەکی کەم له سوپای ئەڵمانیادا دەبێته ئەفسەر. دواتر بـاوەڕ بـەوە دەکـات ئەو بەسروشتی خۆی، بۆ ئەم ژیانه سەربازییه توندو تیژە دەسـت نـادات. ئەمـە سـەرەڕای ئەوەی سەرکردەکانی له سوپادا، تێبینییان کرد ڕیلکه مەیلێکی گەورەی بـە لای تـەنیاییو گۆشەگیریدا هەیەو ناتوانێت به ئاسانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا تێکەڵ بێت، ئیـدی ئـەوانیش لای خۆیانەوە بڕیاردەدەن ئەم گەنجە خـەمبارە کـە لـەناوەوەی خۆیـدا دەژی، بـۆ کاروبـاری سەربازی دەست نادات.

لەبەرئەوە ڕیلکه له سوپا دێته دەرەوە تاکو به شوێن ڕێگایەکی تازەدا بگـەڕێت لەگـەڵ سروشتو حەزەکانیدا گونجاو بێت، بۆیە ڕوو دەکاتە خوێندنی ئەدەبو هونەرو سێ ساڵ لـەم خوێندنەدا دەباتە سـەر. سـاڵی ١٨٩٩و لـە تەمـەنی ٢٤ سـاڵیدا ئـەو خوێندنـەی تـەواو دەکات. دوای تەواوکردنی، دواهەمین بڕیاری خۆی دەدا، بڕیاری ئەوەی خۆی تەنیا بۆ شـیعر تەرخان بکات. هەستی دەکرد شیعر، تەنیا شتێکه لەم جیهانەدا سەرنجی ڕادەکێشێتو ئـەو هەستەی پێ دەبەخشێت که ژیانی ماناو بەهایەکی هەیە. ڕیلکـە لەبەشـی زۆری ژیانیـدا، پابەندی ئەو هەڵوێستەی بوو. جگه له نووسینی شیعر، بایـەخو گرنگـی بـەوە نـەدەدا کـە کارێکی دیکەی هەبێت، ئەو لەپێناو هونەری شیعر نووسیندا ژیـا کـە خۆشـی دەویـستو پەیوەست بوو پێیەوەو بەوەفا بوو بۆی.

وەلێ شتێك له ناوەوەی ڕیلکەدا هەبوو، پاڵی پێوە دەنا بجووڵێت، ئەو دەیـەوێت جیهـان بدۆزێتەوەو به ئەزمونە جیاوازەکانی ژیان ئاشنا ببێتو پەی به نهێنییەکانی مرۆڤـ ببـات.

ڕیلکە نەیدەتوانی خۆی لەنێو شورا ئاسنینەکاندا بەند بکات، یان تەنها بەوە واز بێنێت کە لە ڕێگەی بەهرە ناوەکییەکانیو تێڕامانە تایبەتیەکانیەوە، شیعرەکانی بنووسێت. بگرە ئەو دەیویست ببینێتو بگەڕێت، دەیویست ئەزمونی زیندووی مرۆڤایەتی، کاریگەری لەسەر هونەرەکەی هەبێت. چونکە ئەو شیعرەی تەنیا لە تێڕامانی ناوەوە هەڵدەقولێت، دواجار دەبێتە شیعرێکی "فیکری" خاڵی لە گەرمی ژیانو گەرمو گوڕیی ئەزمون. لێرەوە ڕیلکە بەرەو سەرجەم ناوچە جیاوازەکانی ئەورووپا سەفەری کرد، کەوتە گەڕانو تاقیکردنەوەو بینینی هەندێ لە پیاوە گەورەکانی ئەدەبو هونەری سەردەمەکەی. سەرەتای سەفەرەکەی بەرەو ڕوسیا بوو، لەوێ مەزنترین ئەدیبەکانی ڕوسیای بینی، بگرە مەزنترین ئەدیبی بینی کە لەو ماوەیەدا لە سەرتاسەری جیهاندا ناسرابوو، ئەویش تۆڵستۆی بوو، خاوەنی ڕۆمانی جەنگو ئاشتیو چەندین شاکاری دیکەی ئەدەبی جیهانی.

ڕیلکە کاتێ لە سەرەتای ساڵانی سەدەی بیستەمدا تۆڵستۆی دەبینێ، تۆڵستۆی بە گۆڕانێکی ڕۆحی گەورەدا تێدەپەڕی، سەرقاڵی بانگەشەکردن بوو بۆ دادپەروەری و یەکسانی، هەروەها بانگەشەی بۆ لەناوبردنی ئەو فاکتەرانە دەکرد کە دەبوونە هۆی نەهامەتی مرۆڤو ئێشو ئازارەکانی. ڕیلکە لە کەسێتی تۆڵستۆیو ئاراستە ڕۆحییە تازەکانی، هەستە قووڵەکەی تۆڵستۆی بە ئازارەکانی مرۆڤو نامۆبوونی مرۆڤ لە جیهاندا دەبینی. ئەم شاعیرە گەنجە ئەڵمانییە، دوای گەڕانەوە لە ڕوسیا، دیوانێکی شیعری بەناوی "کاتژمێرەکان" بڵاوکردەوە، تێیدا گوزارشتی لە کاریگەربوونی بەو ڕۆحە مرۆڤدۆستانە سۆفیگەرییە خەمبارەی لای تۆڵستۆی هەبوو، دەربڕیوە. ئەم کۆمەڵە شیعرەی ڕیلکە پڕە لە شیعری خەمبار کە بەزەیی هاتنەوەی بە مرۆڤدا لێ دەچۆڕێتو لێوانلێوە لەو هەستە قووڵە کە مرۆڤ لە ئەنجامی نەهامەتیو کوێرەوەری ژیانیەوە دوچاری دەبێت، هەروەها باس لەو چارەنووسە دڵڕەقو دڵتەزێنە دەکات کە دواجار ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، ئەویش مردنە.

ڕیلکه له گەشته جیاواز جیاوازەکانی بۆ ناوەوەی ئـەوروپا بـەردەوام بـوو، هـەوڵی دەدا زیاترو زیاتر هونەرمەندە مەزنەکانی سەردەمەکەی بناسێت. له پاریس هونەرمەندی گـەورە "ڕۆدان- ١٨٤٠/١٩١٧"ی ناسی. "ڕۆدان" پەیکەرتاشێکی ناسراوی جیهانییـەو خـاوەنی پەیکەرە بەناوبانگە قەشەنگەکانە، وەك پەیکەری "بیرمەند" و پەیکەری "ئادەمو حـەوا". له پاریس مۆزەخانەیەکی تایبەت بەم هونەرمەندە گەورەیە دروسـتکراوەو کارەکـانی لـەخۆ گرتووە، ئەو مۆزەخانەیە بریتییە له مۆزەخانەی ناسـراو بـە "مۆزەخانـەی ڕۆدان". کـاتێ ڕیلکه ڕۆدان دەبینێ، هۆگری دەبێتو لێی نزیك دەبێتـەوە، بگـرە بـۆ ماوەیـەکی کـورت، نزیکەی هەشت مانگ، وەك سکرتێری ڕۆدان ئیشی لەگەڵ دەکات. ڕیلکه له گەلەرییەکـەی ڕۆدان یەکێك له قوتابییە کچەکانی ئەو پەیکەرتاشە گەورەیە دەناسێ کـە نـاوی "کـلارا" بـوو، دەچـێتە دڵیـەوەو خۆشـی دەوێـتو پاشـان دەیهێنێـت. کـلارا سـەرەڕای بلیمەتیـە هونەرییەکەی، خاوەنی جوانییەکی سەرنجڕاکێش بوو. گەرچـی لـە نێـوان ئـەم ژنو مێـردە گەنجەدا، خۆشەویستییەکی دوولایەنە هەبوو، کەچی لەگـەڵ ئەوەشـدا هاوسـەرگیرییەکەیان زۆری نەخایاندو بە جیابوونەوە کۆتایی پێهات.

لەوانەیە هۆکاری سەرەکی سەرنەگرتنی ئـەم هاوسـەرگیرییە کـە لەسـەر خۆشەویـستی بونیاد نرابوو، ئەوە بێت کە ئەم ژنومێردە سەرقاڵی هونەرەکـەیان بـوون، هەریەکـەیان لـە جیهانێکی سەربەخۆدا دەژیا، جیهانێك تێیدا لـە لایەکـەوە سـەرقاڵی خەمـە تایبەتـەکانی خۆیان بوون، له لایەکی دیکەوە سەرقاڵی خەمە هونەرییەکانی خۆیان بوون. لەبەر ئەوە هـیچ یەکێکیان نەیدەتوانی لەناو ئەوی دیکەیاندا بتوێتەوە، یان خۆی لـە سـەرقاڵییەکانی ڕزگـار بکاتو ژیانو بایەخدانەکانی تەرخان بکات بۆ ئەو کەسەی خۆشی دەوێت. لێرەوە ئـەم ژنو مێردە کە یەکتریان خۆشدەویست، دوای پەیوەندییەکی کورتی هاوسەرگیری، جیا دەبنەوە.

ڕیلکە دوای ئەم هاوسەرگیریە خێرایە، دەگەڕێتەوە بۆ ژیـانی نـامۆییو گواسـتنەوە لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی دیکـە. پـاریس بـەجێ دەهێڵێـت، ئیـشکردن لەگـەڵ ڕۆدان ی

مامۆستای بەجێ دەهێڵێت، ئەمە دوای ئەوەی هەندێ شتی لێوە فێردەبێت. وەك ئەوەی "د. عەبدولغەفار مەکاوی" لە کتێبەکەیدا (شۆڕشی شیعری تازە) بۆمان باس دەکاتو دەڵێ:

"ڕیلکە فێربوو لە هونەرەکەیدا خۆی لە هەستو سۆزی سواو و ڕووکەشانە ڕزگار بکات. فێربوو ڕوو لە وێناکردنی جیهانی شتەکان، بە شێوازێکی وردی بابەتیانە بکات، دوور بکەوێتەوە لە بازنەی خەمو خەفەتەکانی (من- الانا)ی ئازاربەخش، تاکو لێگەڕێ شتەکان خۆیان، لە میانەی شیعرەکانەوە، گوزارشت لە جەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان بکەن".

ڕیلکە لە پاریس دوور کەوتەوە کە بە دەنگەدەنگو قەرەباڵغییەکەی بێزاریان کردبوو. بە خۆشەویستیەکی دۆڕاو و هاوسەرگیرییەکی کورتەوە کە تێیدا خۆشبەختییەکی ڕاستەقینەی بەدەست نەهێنا، لە پاریس هاتە دەرەوە. شاعیر لەم گەشتە تازەیەیدا ڕووی کردە ڕۆژهەڵات، سەردانی جەزائیرو تونسی کرد، پاشان ڕۆیشت بۆ میسرو تێیدا سێ مانگ مایەوە، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩١١ بۆ مانگی ئایاری هەمان ساڵ. سەردانەکەی بۆ میسر کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر دەروونی بەجێ دەهێڵێت. هەروەها لە میسر هەستی بە خۆشییە جوانەکەی گەرماو خۆرەتاوە هەڵهاتووەکەیو سادەییو ساکاریی خەڵکەکەی کرد.

میسر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وەك گوڵێکی قەشەنگ بەسەر ژیانی تازەدا دەکرایەوە، بێ ئەوەی کەسێتییە ژیارییە ڕەسەنەکەی لەدەست بدات. میسر لەو سەردەمەدا وڵاتێکی هێمنو ئارام بوو، هێشتا خۆی تەسلیمی قاو و قیژو قەرەباڵغیو هەڵپەی شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایی نەکردبوو. میسر وڵاتێك بوو میانڕەویو ڕەسەنایەتی، تێکەڵ بە لایەنە ڕۆحیو لایەنە مادییەکانی ژیان کردبوو. ئا لێرەوەیە ڕیلکە لە میسر ئاسودەیی لە دڵو ڕۆحیدا دۆزییەوەو لە پاڵ ئەم ئاسودەییە ڕۆحییەدا، هەستی نەکرد ئەو لە شارستانییەتە

ئەوروپییەکەیەوە دوورە. کاتێ ڕیلکە هات بۆ میسر، میسر لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانیادا بوو. خدێوی "عەباس حیلمی دووەم" حاکمی وڵات بوو، ئەم حاکمە ڕقی لە ئینگلیز بوو، وەلائی بۆ تورکەکان هەبوو، تورکەکان لەو سەردەمەدا بە لای ئەڵمانیادا بایان دابووەوە. چەند ساڵێکی کەم تێپەڕیو جەنگی یەکەمی جیهانی بەرپا بوو، تورکیا لەم جەنگەدا لەگەڵ ئەڵمانیا ڕاوەستا. لەم جەنگەدا، خدێوی "عەباس حیلمی دووەم" بە هۆی هەڵوێستییەوە کە پشتگیری تورکیاو ئەڵمانیای دەکرد، لەسەر حوکم لابرا.

بێگومان ڕیلکە لە سەردانەکەیدا بۆ میسر، جۆرێك لە پێشوازیکردنو خۆشەویستی بەدی کرد. لەو کاتەدا هەستێکی گشتی دژ بە داگیرکەری ئینگلیزیو هاوسۆزی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپا لەئارادا بوو کە بەرەنگاری چاوچنۆکییەکانی ئینگلتەرە ببوونەوە، لە سەروو هەموویانەوە ئەڵمانیا. بە دڵنیاییەوە ئەڵمانیا لە ڕێی خوداو لەبەر خاتری پرنسیپە مرۆڤایەتییەکان، دژایەتی ئینگلتەرەی نەدەکرد، ئەویش کۆمەڵێ تەماعو چاوچنۆکیی خۆی هەبوو. بەڵام میسرییەکان لەو کاتو ساتەدا، تەنیا هەستیان بە بارگرانی داگیرکەری ئینگلیز، لەسەر سنگی وڵات دەکرد. ڕیلکە دوای بەسەربردنی نزیکەی سەد ڕۆژ لە میسر، گەڕایەوە. لەم سەردانەیداو لە کاتی گەڕانەوەیدا، دیارییەکی ئازیزی لەگەڵ خۆی هێنابووەوە، ئەویش نوسخەیەك بوو لە قورئانی پیرۆز. شاعیری گەورەی ئەڵمانیا تا کۆتایی ژیانی، ئەو دیارییەی لای خۆی هەڵگرتبوو.



ریلکە

ڕیلکە دوا ساڵەکانی ژیانی لە سویسرا بردە سەر، زۆرجار دەبووە میوانی هەندێ لە شازادەو خانەدانەکان، ئەوانەیان حەزیان لە شیعرەکانی بوو، پێشنیاریان بۆ دەکرد لە

کۆشکەکانیاندا بژیو ئەوەی دەیەوێت، لە تەنیاییو دوورکەوتنەوە لە هاتو هاواری ژیانو کۆمەڵگە، بۆی دابین دەکەن. ڕیلکە لەم ساڵانەی کۆتایی ژیانیداو لە "ئوتێل ساڤۆ"ی شاری لۆزانی سویسری، کچێکی میسری بە ناوی "نیعمەت عەلەوی" کە کچێکی جوانو سەرنجڕاکێشو ڕۆشنبیر بوو، دەناسێ. نیعمەت عەلەوی یەکێك بوو لەو کچە میسرییە ئەرستۆکراتییانەی خوێندنێکی ئەوروپی تەواوی خوێندبوو. هەندێ لە ڕۆڵەکانی ئەم چینە ئەرستۆکراتییە، حەزیان لەوە بووە لە پایتەختی وڵاتە ئەوروپییە جیاوازەکاندا ژیانیان بەرنە سەر. چونکە لەو جۆرە ژیانەدا، ئەوەی پێیان خۆش بووە لە ئازادیو کرانەوە دەستیان کەوتووە. ژیان لەناو میسردا، ملکەچی زۆرێك لە کۆتو بەند بوو، بە تایبەتی بۆ ئافرەت. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دابو نەریت ڕێگەی نەدەدا ئافرەتی میسری بێتە دەرەوە بۆ ناو ژیانی گشتیو بەشداریی تێدا بکات.

ئەم کچە میسرییە ئەرستۆکراتییە کە ڕیلکە لە شاری لۆزان دەیناسێت، یەکێك بوو لەو کچانەی لە کۆتو بەندو دابو نەریتەکان بێزار ببوو، بۆیە ژیانی کۆمەڵگە ئەوروپییە تازەکانی هەڵبژاردبوو. نیعمەت عەلەوی کچی "ئەحمەد خێری پاشا" بوو، کە سیاسییەکی میسرو بە ڕەچەڵەك تورك بوو. دوای شکستی شۆڕشی "ئەحمەد عوڕابی" و هاتنی داگیرکەری ئینگلیزی بۆ میسر لە ساڵی ١٨٨٢، ئەحمەد خێری بووە بە وەزیری مەعاریف. ئەو ئەم پۆستەی لە کابینەی وەزارەتەکەی "محەمەد شەریف پاشا" وەرگرت کە لە ئابی ساڵی ١٨٨٢ پێکی هێنا. خێری پاشا تاکو شوباتی ساڵی ١٨٨٤ لەو پۆستە وەزارییەدا مایەوە. کچەکەی شووی بە یەکێك لەو کوڕە میسرییانە کردبوو کە بە ڕەچەڵەك تورکنو سەر بە چینی ئەرستۆکراتی میسری بوون، کوڕەکە ناوی "عەزیز عەلەوی" بوو، کچەکە لەم شووکردنەیو لەسەر شێوازی ئەوروپی، ناوی بوو بە "نیعمەت عەلەوی"و بەم ناوەوە ناوبانگی دەرکرد، نەك بە ناوە بنەڕەتیەکەی خۆیەوە (نیعمەت خێری).

نیعمەت عەلەوی دوای ئەوەی لە مێردی یەکەمی جیا دەبێتەوە، لە سویسرا دەژی. ئەو زمانی ئەڵمانی دەزانیو دەیتوانی بەکاری بهێنێت. ئەم خانمە پێش ئەوەی ڕیلکـە ببینێـت، کارەکانی ئەوی خوێندبۆوەو پێی سەرسام بووە، هەستی بەو جوانیو قوڵییە کردووە کـە لـە شیعرەکانیدا هەبووە، شاعیر بەو مەوهیبە هونەرییە نایابەی، دڵـی گرفتـار کردبـوو. بۆیـە کاتێ ڕیلکە لەگەڵ نیعمەت عەلـەوی یـەکتر دەبیـنن، هەسـتیان بـەو گونجـانو تەباییـەی نێوانیان کرد کـە بـە زووتـرین کـات گـۆڕا بـۆ خۆشەویـستییەکی تونـدی گـەرم و گـوڕ. پەیوەندییەکەیان متمانەیەکی گەورەی پەیدا کرد، ئیدی بەردەوام پێکەوە بـوونو لـە یـەکتر جیا نەدەبوونەوە. بگرە شای شاعیرانی ئەڵمانیا، پێـی وابـوو خۆشەویـستە میـسرییەکەی، مەزنترین ئەزمونی سۆزدارییە لە ژیانیدا. بەڵام بەدبەختی دەورەی ئەم ئەزمونـە گەورەیـەی داو شاعیری مەزن لە تەمەنی ٥١ساڵیداو لە ساڵی ١٩٢٦ کۆچی دوایی کرد. ئـەو کـاتێ کۆچی دوایی کرد لەگەڵ خۆشەویستە میـسرییەکەیدا، لـە ترۆپکـی پەیوەندییـە ویـژدانیو سۆزدارییەکەیدا بوو. دکتۆر بەدیع حەقی لە کتێبە نایابەکەیـدا (ڕیلکـە- شـای شـاعیرانی ئەڵمانیا) بەم شێوەیە باسی کۆتایی ئەو چیرۆکە سەیرو جەرگبڕەمان بۆ دەکاتو دەڵێ:

"ڕیلکـە بـە نەخۆشـییەك مـرد، نیعمـەت عەلـەوی لـە مێـردی یەکەمییـەوە بـۆی گواستبووەوە، بۆیە بە مردنی ڕیلکـە، نیعمـەت زۆر دڵگـرانو خەفـەتبار دەبێـت. پاشـان شازادەیەکی بە ڕەچەڵەك ڕوسی بە ناوی نیقۆلای متشرسکی دەناسێ، ئەم شازادەیە بەزەیی پێدا دێتەوەو بۆ ئەوەی دڵنەوایی بداتەوەو ئەو ئازارە گەورەیەی لـەبیر بباتـەوە کـە بـەهۆی لەدەستدانی ڕیلکەوە توشی هاتبوو، ڕازی دەبێت نیعمەت بهێنێـت. بـەڵام بەدبـەختی بـێ پـەروا بـە شـوێن نیعمەتـەوە بـوو، هێـشتا چـەند هەفتەیـەك بەسـەر شـووکردنەکەیدا تێنەپەڕیبوو، جەنگی دووەمـی جیهـانی لـە ٢٩ ئـەیلولی سـاڵی ١٩٣٩ هەڵدەگیرسـێت. مێردەکەی ناچار بوو پەیوەندی بە سوپاوە بکاتو بڕوات بۆ بەرەکانی جـەنگ، نیعمـەتیش پێویستە لەگەڵ خێزانە فەڕەنسییە ڕاکردووەکانـدا، بـڕوات بـۆ نۆرمانـدی. نیعمـەت پـێش

ڕزگارکردنی ئەورووپا کۆچی دوایی دەکات، لـە دواهـەمین چرکەسـاتەکانی ژیانیـدا، بەسـەر وێنەیەکی ڕیلکەو نامەو کتێبەکانیدا نوشتابووەوە".

ئەوەی دکتۆر بەدیع حەقی لەسەر ئەو نەخۆشییەی بووە هۆی مردنەکەی ڕیلکە دەیڵـێ، پێویستی بە برێك پێداچوونەوە هەیە. ئەگـەر نیعمـەت عەلـەوی نەخۆشـییەکەی بـۆ ئـەو گواستبێتەوە، ئەوا دەبێت ئەم نەخۆشییە یەکێك بێت لە نەخۆشییە درمەکانو دەبێ خـودی نیعمەتیش بەو نەخۆشییە نەخۆش کەوتبێت، ئـەم جـۆرە نەخۆشـییانەش لـەو سـەردەمەدا چارەسەریان نـەبووە، چـونکە وەك نەخۆشـییەکی ئـاڵۆز مابوونـەوە، تـا ئـەو کاتـەی لـە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، دەرزی پەنسلین دۆزرایەوە. نیعمـەت دوای مردنـی ریلکە زیاد لە ١٥ ساڵ ژیا، ئیدی ئەم نەخۆشییە چۆن شاعیری ئەڵمانی دەکوژێـت، کەچـی خۆشەویستە میسریەکەی ئەو هەموو ماوە درێژە دەهێڵێتەوە؟ سەبارەت بـە مردنـی شـای شاعیرانی ئەڵمانیا، چیرۆکێکی دیکە هەیە، ئەم چیرۆکەی دیکە دەڵێ شـاعیر بـە نەخۆشـی ((ئەللۆکیمیا)) مردووە کە بریتییە لە زیادبوونی خڕۆکە سپیەکانی خوێنو هەنـدێجار پێـی دەوترێت شێرپەنجەی خوێنو نەخۆشییەکی مەترسیدارو بکوژە.

ئێمە لە نەخۆشکەوتنی ڕیلکەو مردنەکەی، زیاتر ئەم بیروڕایەمان پێ ڕاسـتە، بەمـەش نیعمەت عەلـەوی بێبەرییـە لـە تۆمـەتی گواسـتنەوەی نەخۆشـی بـۆ خۆشەویـستەکەی و شاعیری مەزنی ئەڵمانیا. چونکە گەر نیعمەت هەڵگری ئەو نەخۆشییە درمییە بوایە، ئـەوا وەك چۆن ڕیلکەی خۆشەویستی لەناو برد، ئەویشی لەناو دەبـرد. سـەرەڕای ئـەوە نیعمـەت نەیدەتوانی شوو بە شازادە ڕوسییەکە بکات کە لە دوای مردنـی ڕیلکـەوە شـووی پێکـرد، هەروەها نەیدەتوانی بەم نەخۆشییەوە، دوای مردنی خۆشەویستەکەی، زیـاد لـە ١٥ سـاڵی دیکە بژی.

# گوڵە بەدەکان لە ژیانی بۆدلێردا



بۆدلێر

شاعیری گەورەی فەڕەنسا "شارل بۆدلێر"، لە سەدەی تازەدا، بە یەکێك لە شاعیرە گەورەکانی جیهان دادەنرێ. ئەو گەرچی لە ساڵی ۱۸٦۷ کۆچی دوایی کردووە، واتە زیاد لە ۱۲۰ ساڵ لەمەوبەر (دیارە نووسەر ئەم وتارەی لە دەوروبەری کۆتایی هەشتاکاندا نووسیوە -و-ك)، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری لەسەر شیعری جیهانی هاوچەرخ، تا ئێستاش هەر بەهێزە، بگرە لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژەکاندا، تا بێت هێزی کاریگەرییەکەی زیاتر دەبێت. توێژەرانو ڕەخنەگران کۆکن لەسەر ئەوەی شاعیری مەزن، یەکەم مامۆستای قوتابخانەی شیعری تازەیە لە سەرتاپای ئەوروپادا. شیعرەکانی ئەو کانییەك بوو، ڕەوتە تازەگەرییەکانی شیعری ئەوروپی هاوچەرخی لێ هاتووەتە دەرەوە.

تا ئێستا هونەری ئەم شاعیرە مەزنە، لای هەموان شوێنی مشتومڕو قسە لەسەر کردنە. هەموو نەوەیەکی ئەدەبی، لە شیعرەکانی بۆدلێردا شتێکی تازە ئاشکرا دەکات کە بەڵگەی بەپیتو بڕشتی شاعیرو هێزی بەهرەکەیەتی، گەرچی بەرهەمێکی زۆریشی نەبووەو ژیانیشی ژیانێکی کورت بووە. بۆدلێر ساڵی ۱۸۲۱ لەدایك بووەو ساڵی ۱۸٦۷ کۆچی دوایی کردووە، واتە ئەو تەنها ٤٦ ساڵ ژیاوە. بۆدلێر لە کاتو ساتی مردنەکەیدا گەیشتبووە پلەیەکی بەرز لە پێگەیشتنی هونەری گەورە کە نوقڵانەی ئەوەی دەدا کۆمەڵێ کاری گرنگو زیاتر پێشکەش بە ئەدەبی مرۆڤایەتی بکات، لەگەڵ بەرهەمە شیعرییە نایەبەکانیدا، لە سەرووی هەموویانەوە دیوانە بەناوبانگەکەی "گوڵە بەدەکان"، بەڵام تێکچوونی باری تەندروستی، دەرفەتی ئەوەی پێ نەدا چی هەیە بیبەخشێت.

بۆدلێر ژیانێکی ناسەقامگیرو پڕ پەشێوی ژیاوە، هۆکاری سەرەکی لەم ناسەقامگیریو پەشێوییەدا، لە دەرونە تێکشکاوەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو. گەر دەرونی هێمنو ئاسودە بوایە، ئەوا ڕێگایەکی بۆ ژیانێکی بەختەوەر دەدۆزییەوەو دەیتوانی لەو نەخۆشییانە ڕزگاری ببێت کە لە تەمەنێکی زوودا، ژیانی وێران کرد. وەلێ ئەوەی داوا لە بۆدلێر دەکات دەرونی هێمنو ئاسودە بێت، وەك ئەوە وایە داوا لە ڕەشەبا بکات شنەی شەماڵێکی خۆشو زۆر لەسەرخۆ بێت، داوا لە تاڤگە بکات جۆگەیەکی سازگار بێتو بە هێمنیو نەرمو نیانی بڕوات. لە ڕاستیدا بۆدلێر کۆمەڵێ کێشەی واقیعی هەبوو کە هیچ خەتایەکی خۆی تێدا نەبوو، بەڵکو بە سەریدا سەپابوو. ئەو گەر خاوەنی کەسێتییەکی دیکە بوایە جگە لە کەسێتییە تورەو ڕاڕاکەی، ئەوا دەیتوانی چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بدۆزێتەوە. ئەم کەسێتییە تورەو ڕاڕایەی سەرچاوەی نەهامەتیەکانی بوو کە دواجار لەناوی برد. بەڵام لەهەمانکاتدا سەرچاوەی بلیمەتییە هونەریەکەی بوو کە وای لێ کرد ببێت بە یەکێك لە شاعیرە هەرە گەورەکانی سەرتاپای جیهان.

یەکەم کێشەو گەورەترین کێشەی بۆدلێر لە ژیانیدا، لەگەڵ دایکیدا بوو، کارۆلین- ی دایکی، ئافرەتێکی شۆخو هەست ناسك بوو، لە تەمەنی ٢٧ساڵیدا شوو بە مامۆستایەکی تەمەن ٦٢ ساڵە دەکات، ئەم مێردە پیرە ناوی "فرانسوا بۆدلێر"ە کە دەکاتە باوکی "بۆدلێر". ئەم هاوسەرگیرییە ناهاوسەنگە، دەرئەنجامی دەستکورتیو هەژاری "کارۆلین"و بێبەشبوونی بوو لە باوکی، کارۆلین هەر لە منداڵییەوە باوکی دەمرێت. ئەمە وا دەکات ڕازی بێت شوو بەو پیاوە بکات کە لە تەمەنی باوکیدا بوو، هەروەها ژنی یەکەمی مردبوو. ئەم مێردە گوزەرانی باش بوو، توانای هەبوو هەموو ئەو شتانە بۆ ژنەکەی دابین بکات کە خەونی پێوە دەبینی، لە جێگیری مادییو ژیانێکی خۆشو هێمن. سەرەڕای ئەوە ئەم مێردە مامەڵەیەکی باشی هاوسەرە بچووکەکەی دەکرد. زۆرجار بە "کچەکەم" بانگی دەکرد، هەندێجاری دیکە بە "هاوڕێکەم" بانگی دەکرد،

جیاوازی تەمەن لە نێوانیاندا ٣٥ ساڵ بوو. ئەمەش جیاوازییەکی گەورەیەو بەس بوو بۆ ئەوەی ئەم هاوسەرگیرییە بکاتە کارەساتێکی تەواو. وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ژنو مێردە توانییان لە ژیانە هاوبەشەکەیان، تا کۆتایی پەیوەندییەك دروست بکەن پڕبێت لە خۆشەویستیو لێك تێگەیشتنو هاوسۆزی.

ئاخۆ کێشەی بۆدلێر لەنێو ئەم خێزانە خۆشگوزەرانو لێك تێگەیشتووە کە ژیانیان هیچ ناکۆکیو پەشێوییەکی گەورەی تێدا نەبوو، لەکوێوە هات؟ لەو هەستو سۆزە زیادەوە هات کە دایکەکە دەیبەخشییە منداڵەکەی. دایکەکە ئەم منداڵەی کردبووە بابەتێك بۆ هەستو سۆزە گڕگرتووەکەی، بۆیە لە خۆشەویستیو نازدا نوقمی کردبوو، تا منداڵەکە بە شێوەیەکی نائاسایی هۆگری دایکەکە بوو، ئیدی ئەم دایکە بووە هەموو شتێك لە ژیانی ئەو منداڵەدا. منداڵەکە لە تەمەنی ٦ساڵیدا باوکی دەمرێتو هۆگربوونی دایکەکە بۆ منداڵەکەیو نازکێشانی بە جۆرێك زیاتر دەبێت، منداڵەکە وا هەست دەکات دوای مردنی باوکی، ئەم دایکە بە تەنیا بووەتە "موڵك"ی خۆیو چیتر کەسێك نییە بەشدار بێت لەگەڵیدا و کەسێك نییە ڕکابەری بێت لەسەر داگیرکردنی دڵو بایەخدانەکانی دایکی. بەڵام ڕۆژگار ئەم جیهانە جوانەی بۆ منداڵەکە نەپاراست کە تێیدا هەستی بە خۆشبەختییەکی تەواوەتی دەکرد.

دایکی شووی بە ئەفسەرێکی گەورەی فەرەنسی کرد، ئەم شووکردنە دوای تێپەڕینی ١٨ مانگ بەسەر مردنی باوکیدا ڕووی دا. شوکردنی دایکی بە "جاك ئۆبیك"ی ئەفسەر، وەك کارەساتێك وا بوو بەسەر مندڵەکەدا هاتو ژیانی بە شێوەیەکی تەواو هەڵگەڕاندەوە. منداڵەکە وای دەبینی شووکردنی دایکی بە پیاوێك جگە لە باوکی، جۆرێکە لە وازهێنان لەم. هەروەها لەلایەنی عەمەلییەوە دەرکی بەوە کرد هەستو سۆزە زۆرەکەی دایکی لەدەست دەداتو لەو بەهەشتە دێتە دەرەوە کە ئەم دایکە بۆی دروست کردبوو، ئەمە لە کاتێکدا بوو پێشتر هەموو بایەخدانەکانی دایکی تەنیا بۆ ئەو بوو.

دوای شوکردنی دایکەکە، بڕیار درا "بۆدلێر" پەیوەندی بە قوتابخانەیەکی سەربازییەوە بکات، لەم قوتابخانەیەدا جیهانێکی دیکەی دۆزییەوە، جیهانێك تێیدا بڕیارەکان توند بوون، بەوەی دەبێ زۆر بە وردی پابەندی نیزامو خوێندنێکی سەختو بەردەوام بن. هیچ جۆرە ئیمتیازێکی تایبەت بۆ ئەم منداڵە بەنازە نەبوو، کە لە ماڵەکەی دایکیداو پێش ئەوەی دایکی شوو بە "ئۆبیك"ی ئەفسەر بکات، وەك پاشایەکی ڕێزدار ڕاهاتبوو. ئەم بارودۆخە تازەیەی ناو قوتابخانە سەربازییەکە، بووە هۆی تێکچوونێکی گەورەو هەستپێکراو لە ژیانی بۆدلێردا. بۆیە لە خوێندنەکەیدا شکستی هێناو دواجار مەسەلەکە بە دەرکردنی لە قوتابخانەکە کۆتایی هات. بەڵام ئەو لە دەرەوەی قوتابخانە بەردەوام بوو لەسەر خوێندن، تا ئەو کاتەی بڕوانامەی ئامادەیی بەدەست هێنا. کاتێ گەیشتە سەرەتای تەمەنی گەنجی، بەهرە ئەدەبییەکەی دەستی بە کرانەوە کرد. خوێندنەوە زۆرەکانی بۆ شیعرو ڕۆمانو فەلسەفەو بەشە هەمەڕەنگەکانی دیکەی مەعریفە، یارمەتییان دا بەهرە گەورەو جیاوازەکەی زووتر پێ بگات. بەڵام ئەم بەهرە گەورەیەی بۆدلێر نەیتوانی لەو پەشێوییە دەروونییە توندەی ڕزگاری بکات. بۆدلێر بوو بە گەنجێکی ڕاڕاو شپرزە، گەنجێکی عەسەبی کە نەیدەزانی هێمنی یان ئاسودەیی چییەو هەرگیز هەستی بە دڵنیایی نەدەکرد.

بۆدلێر لە سەرەتای گەنجیدا هیچ کێشەیەکی مادیی نەبوو، چونکە لە باوکییەوە سەروەتێکی بچووکی بۆ مابووەوە بە ٧٥ هەزار فرەنکی فەڕەنسی مەزەندە دەکرێ. بۆدلێر لە سەرو بەندی ساڵی ١٨٤٢، تەمەنی دەگاتە تەمەنی باڵقبوونو دەبێتە خاوەنی ئەو سەروەتە، ئەوە بۆ ئەو کات سەروەتێکی گەورە بوو، لە ئێستادا بە لای کەمەوە نزیکەی دوو ملیۆن فرەنك دەکات. بۆدلێر گەر بەشێوەیەکی باش مامەڵەی لەگەڵ ئەم سەروەتەدا بکردایە، ئەوا دەیتوانی لە لایەنی ئابورییەوە، بەوپەڕی دڵنیاییو بێخەم بژی، دەیتوانی بێ ئەوەی پێویستی بەوە بێت هیچ کارێکی دیکە ئەنجام بدات، هەموو کاتی خۆی بۆ ئەدەبەکەی تەرخان بکات. بارودۆخێکی لەو شێوەیە، یەکێکە لەو خەونە گەورانەی زۆرێك

لە ئەدیبەکان هیوادار بوون بەدی بهێنن. ژمارەی ئەو ئەدیبانە چەند زۆرە کە بارودۆخی مادیی تێکی شکاندوون‌و لێ نەگەڕاوە خۆیان بۆ هونەرەکەیان‌و ڕۆشنبیرییەکەیان تەرخان بکەن، ئیدی ناچار بوون لەپێناو مسۆگەرکردنی سەرچاوەی بژێوی ژیانیان، خۆیان بەکاری نائەدەبییەوە(واتە کارێك دووربێت لە مەسەلەی نوسین و خوێندنەوەوە-و-) سەرقاڵ بکەن‌و هەموو هێزو بڕشتێکیشی لێ بردوون.

ئەم هەلە زێڕینە کە زۆرێك لە ئەدیبەکان ئاواتەخوازی بوون، بەس بوو بۆ ئەوەی بۆدلێر ئازادی‌و سەربەخۆییبوون‌و بێخەمی مسۆگەر بکات. بەڵام کەسێك دوچاری ڕاڕاییەکی توند هاتبێت، ناتوانێت لەهەمانکاتدا، بە باشی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو سەروەتە کەمەدا بکات کە لە باوکییەوە بۆی مابووەوە، لێرەوە بە هۆی هەڵسوکەوتە خراپەکانیەوەو بە هۆی شۆڕبونەوەو پەلکوتانی بەناو لادانە جۆراو جۆرەکاندا، پارەکەی لەدەست دا، بگرە لە دواجاردا ژیانیشی لەدەست دا.


بۆدلێر

بۆدلێر بە درێژایی ژیانی هەستی دەکرد دایکی لەدەست داوە کە زۆر خۆشی ویستووە، ئەو شۆکەی بە هۆی شووکردنەوەی دایکیەوە، دوای مردنی باوکی دووچاری بوو، تاکو دوا ساتەکانی ژیانی زاڵ بوو بە سەریدا، بە تایبەتی بۆدلێر ناکۆك بوو لەگەڵ مێردی دایکیدا. ئەمەیە وا دەکات ژمارەیەکی زۆر لە ڕەخنەگران‌و توێژەران قسەو باس لەبارەی ئەوەوە بکەن کە پێی دەوترێت (گرێی ئۆدیب)، واتە خۆشەویستییەکی نائاسایی بۆ دایك‌و هۆگربوون بە دایکەوە، بەشێوەیەك وردە وردە دەبێتە جۆرێك لە نەخۆشی. هەر ئەمەش بوو وای کرد بۆدلێر هەمیشە لەو بڕوایەدا بێت شووکردنەوەی دایکی بە پیاوێك جگە لە

باوکی، جۆرێکە لە خیانەت کە لێخۆشبوونی نییە. بۆدلێر هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی ژیـانی، هەرگیز نەیتوانی ئەوە لەبیر بکات یان خۆی لە کاریگەرییەکانی ڕزگار بکات.

لێرەوە بۆدلێر ڕوویکردە کۆمەڵێ لادانی مەترسیدار، لەوانە سەرخۆشبوونو خووگرتن بە تلیاكو ئەفیونەوە، نووستن لەگەڵ ئافرەتانی سۆزانیو کۆمەڵێ ڕەفتـاری لادەرانـەی دیکـە. ئەمانە بوونە هۆی تێکدانی تەندروستیو توشی نەخۆشییەکی کرد کە لـەو سـەردەمەدا لـە نەخۆشییە هەرە مەترسیدارەکان بوو، ئەویش نەخۆشی زوهری(*) بـوو، ئـەم نەخۆشـییە لـە ڕابردوودا، وەك ئایدزی ئەم سەردەمەی ئێستامان وابووە، ئەوەی دووچاری ئـەو نەخۆشـییە بووبێت هیچ چارەسەرێکی نەبووەو هەر دەبێ کەسی توشبوو بمرێت، بـواری پزیـشکی لـەو سەردەمەدا نەیدەتوانی چارەسەری نەخۆشی زوهری بکات، تەنها پێش کەمتر لە نیو سـەدە لەمەوبەرو دوای دۆزینەوەی پەنسلین نەبێت، بەدیاریکراوی لـە میانـەی جـەنگی دووەمـی جیهانیدا.

ئەم نەخۆشییە بوو ژیانی بۆدلێری لەناوبرد، بە شـێوەیەك لـە سـاڵانی کۆتـایی ژیانیـدا توشی "نیوە ئیفلیجی" کردو وەك وتمان لە تەمەنی ٤٦ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـرد. ئـەم نەخۆشییەی لە ئافرەتێکی جولەکەوە بۆ گواسترابووەوە کە لەسەر کاری لەشفرۆشـی دەژیـا، بۆدلێر بۆ ماوەیەك لەگەڵ ئـەو ئافرەتـەدا پێکـەوە دەنووسـتن، لـەوەوە نەخۆشـییەکەی بـۆ گواسترایەوە، ئەم ئافرەتە سۆزانییە ناوی "سارە لۆشیت"بووە.

کارۆلین- ی دایکی، یەکەم کەسێتی ئافرەت بووە لە ژیانی بۆدلێردا، بۆدلێری شاعیر تـا ئاستی نەخۆشی هۆگری دایکی ببوو. هەروەها ئافرەتێکی دیکە هەیە کـە ڕۆڵێکـی گـەورە لە ژیانی ئـەم شـاعیرە مەزنـە ونبـووەدا دەگێڕێـت، ئـەویش خـانم "جـان دیڤـاڵ"ە، کـە ئەکتەرێکی پلە سێ بوو یان ئەکتەرێکی کۆمبارس بوو. ئەو خـانمێکی ئەسمـەر یـاخود لـە ڕەشەوە نزیکتر بـوو، بـەڵام قەشـەنگو سـەرنجڕاکێش بـوو. لـە دورگـەی هـایتی زەریـای ئەتڵەسییەوە هاتبوو بۆ پاریس، ئەم دورگەیە پڕە لە قولەڕەشو زنجی، لە مێژووی خۆیدا بـۆ

ماوەیەك لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسادا بووە. لێرەوە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی دورگەی هایتی، دەهاتن بۆ شارەکانی فەرەنساو لەسەروو هەموویانەوە پاریس، خانم "جان دیڤاڵ" یەکێك بوو لەوانە. ئەم خانمە هونەرمەندێکی لێهاتوو نەبوو، نە ڕۆشنبیر بوو نە حەزی لە ڕۆشنبیری بوو، کەچی سەرەڕای ئەوە بۆدلێر خۆشی ویستو زۆر بە توندی هۆگری بوو. پەیوەندییەکەی نێوانیان نزیکەی ٢٠ساڵی خایاند، بۆدلێر ساڵی ١٨٤٣ ئەم خانمەی ناسی، ئیدی پەیوەندییەکەیان بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٨٦٣ بەشێوەیەکی تەواو کۆتایی پێهات، واتە پێش ٤ ساڵ بەر لە مردنی بۆدلێر.

کاتێ شوێن وردەکاریی ئەم پەیوەندییە دەکەوین، دەبینین پەیوەندییەکی تا بڵێی سەیرە. بۆدلێر ئەم هونەرمەندە بلیمەتەو ئەم ڕۆشنبیرە گەورەیە، هیچ خۆراکێکی ڕۆحی لەم ئەکتەرە فاشیلەدا بەدەست نەدەکەوت، ئەو خانمە ڕێزی شیعرەکانی نەدەگرت، بگرە لە بنەڕەتدا هەر لێیان تێ نەدەگەیشت، ئەو حەزی لە ڕۆشنبیری نەبوو، یان بایەخی بە هیچ هونەرێك لە هونەرەکان نەدەدا، تەنانەت بایەخی بە هونەری نواندن نەدەدا کە بە هۆی بژێوی ژیانەوە خەریکی بوو، پەرۆشی ئەوە نەبوو لەکاری هونەریدا بەردەوام بێت. پەیوەندی نێوان ئەم ئافرەتەو بۆدلێری شاعیر، پڕ بوو لە کێشەو پەشێوی، هیچ تێگەیشتنێکی قووڵ لە نێوان ئەم دوو کەسەدا نەبوو، تەنها لە بورای جەستەییدا نەبێت. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بۆدلێر پەرۆشی ئەم پەیوەندییە بوو، داوای لە جان دیڤاڵ کرد واز لە شانۆ بهێنێت، ئەویش یەکسەر وازی لێ هێنا. بۆدلێر خانویەکی بەکرێ بۆ گرتو بە شێوەیەکی جوانو دڵگیر بۆی ڕازاندەوەو بە گەمژەییو زیادەڕەوییەوە پارەی بۆ خەرج دەکرد، بەجۆرێك نیوەی سەروەتەکەی لەدەست دا. ئەمە کەسوکاری بۆدلێری ناچار کرد کێشەی "دەستبەسەراگرتن" لە دژی بەرز بکەنەوەو لێ نەگەڕێن چیتر هەڵسوکەوت بەو پارە کەمەوە بکات کە بە میرات بۆی مابووەوە، دادگا بڕیاری دەستبەسەراگرتنەکەی پەسەند کرد، ئیدی بۆدلێر بۆی نەبوو هەڵسوکەوت بەو پارە (دانراوەوە- اصل) بکات کە مابووەوە،

تەنها بۆی هەبوو هەڵسوکەوت بە بڕی ئەو قازانجەوە بکات کە لەو پارە (دانراوەوە) بەدی دەهات، بێگومان قازانجەکە قازانجێکی سنوردارو کەم بوو.

ئەمە بۆدلێر دووچاری قەیرانێکی ئابوری توندی دەکاتو تاکو کۆتایی ژیانی بەدەستیەوە ناڵاندوویەتی. ئەم قەیرانە ئابورییە بۆدلێری بەرەو دوو مەسەلەی مەترسیدار برد: یەکەمیان قەرزکردنی بەردەوامو نەبوونی توانا بۆ دانەوەی ئەو قەرزانەی لەسەری کەڵەکە دەبوون. مەسەلەی دووەم ناچاربوونی بەوەی نووسین بۆ ڕۆژنامەکان بکاتە پیشە. بۆدلێر ڕقی لەوە بوو نووسین بکاتە پیشە، پێی وابوو ئەوە مەسەلەیەکە زیان بە ئازادیو سەربەخۆیی هونەرمەند دەگەیەنێت.


ڤاکنەر

لە ڕاستیدا ناچاربوونی بۆدلێر بەوەی نووسین بکاتە پیشە، ئەنجامی ڕۆشنبیری باشی لێکەوتەوە، نووسینە پەخشانئامێزەکانی بۆدلێر بەهرەیەکی بەرزی "ڕەخنەیی"یان لەپاڵ بەهرە شیعرییە گەورەکەیدا ئاشکرا کرد. نووسینە ڕەخنەییەکانی بۆدلێر هۆکارێکی باش بوون بۆ ئاشکرا کردنی هونەرمەندی مەزنی ئەڵمانیا "فاگنەر"و مۆسیقاکەیو ئۆپرا نایابەکانی. ڤاگنەر تا ئەو کاتە لە فەڕەنسا نەناسرابوو، بگرە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپیو لە دەرەوەی ئەڵمانیا نەناسرابوو. هەروەها بۆدلێر چیرۆکنووسو شاعیرێکی ناوداری ئەمریکی بە فەڕەنسییەکان ناساند، ئەویش "ئێدگار ئالان پۆ" بوو، ئەم هونەرمەندە گەورەیەش بەلای فەڕەنسییەکانەوە نەناسراو بوو. بۆدلێر خۆی بۆ لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانی کارەکانی "ئێدگار ئالان پۆ" بۆ فەڕەنسی تەرخان کرد. ئیدی بە هۆی ئەو هەوڵو کۆششەی بۆدلێر خستیە گەڕ، ئەم

هونەرمەندە ئەمریکییە بووە ڕەگەزێك لەو ڕەگەزانەی کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر ڕۆشنبیری فەڕەنسی هەبوو.

بەڵام ئەو پرسیارە سەرەکییەی دەمێنێتەوە ئەمەیە: بۆچی بۆدلێر ئەم ئافرەتە ئەسمەرە نەزانەی خۆش ویستووە؟ بۆچی بۆدلێر بە درێژایی بیست ساڵ، پارێزگاری لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا کردووە، سەرەڕای ئەو کێشەو ناکۆکییە بەردەوامو هەمیشەییەی لە نێوانیاندا هەبووە؟ ڕاڤەکردنێکی وردی ئەم پەیوەندییە سەیرە، کارێکی زەحمەتە.

هەندێك دەڵێن ئەم پەیوەندییە وەك جۆرێك لە تۆڵە کردنەوە بووە لە دژی دایکی، چونکە زۆری خۆش ویستووە. بەڵام بۆدلێر نەیتوانیوە لەوە خۆش ببێت کە دایکی دەستبەرداری بووەو شووی بە ئەفسەرە فەڕەنسییەکە (ئۆپێك) کردووە، ئەم شوکردنە، بۆدلێری لە هەستو سۆزی دایکایەتی بێبەش کردووە، لە بەهەشتی خۆشەویستی دایکی دەری کردووەو لە دڵنەواییە ڕاستەقینەکەی دایکی دووری خستۆتەوە. مێردی دایکی بە شێوەیەکی "سەربازانە" مامەڵەی لەگەڵ بۆدلێری شاعیردا کردووە، داوای لێ کردووە وردو ڕێكو پێك بێت. ژیانی ناو قوتابخانە سەربازیەکەی بە سەردا سەپاندووە کە ژیانێکی سەختو دڵڕەقانە بووە. بۆدلێری شاعیر بەرامبەر هەموو ئەمانە یاخی بووە، لەدەست ئەوانە ڕای کردووە بۆ ئامێزی خۆشەویستە ئەسمەرەکەی. بۆدلێر لەم داڕمانە ئەخلاقیو ڕۆشنبیرییەیدا، وەڵامدانەوەیەکی دەبینی دژ بە هەموو ئەو شتانەی لەلایەن مێردی دایکییەوە سەپابوو بە سەریدا.

ئەم ڕاڤە کردنە بۆ ڕەفتاری بۆدلێرو خۆشەویستیەکەی بۆ "جان دیڤاڵ"، دەکرێ ڕاڤەکردنێکی ڕاست بێت، ئەگەر ئەوەمان زانی شاعیری گەورە خاوەنی تەبیعەتێکی ئاڵۆزو دەروونێکی زۆر شێواو بوو. ئەو بە ئەعسابێکی تیژی ناسکەوە دەژیا، ئەعسابێك لە واقیعدا تێکشکابوو. بۆدلێر هەمیشە بە دوای ئەزمونی مرۆڤانەی سەرنجڕاکێشدا دەگەڕا کە هەستو سۆزی بجولێنێتو عاتیفەی گڕ بدات. هەروەها بۆدلێر زۆر ڕقی لە ئەخلاقی

ئەرستۆکراتی بوو، ئەخلاقێك پەرۆشی شتە ڕووکەشەکان بوو، هەستو سۆزی ڕاستەقینەی مرۆڤەکانی، لە پشت کۆمەڵێ زمان شیرنی ڕواڵەتکارانەو نەرمونیانی ساختەوە شاردبۆوە. شاعیر دەیوست لە میانەی شیعرەکانییەوە "شۆکێکی ئەدەبی" لە دەرونی خۆیو ژیانی سەردەمەکەیو جەماوەرەکەی بوروژێنێت، بەمەش دەیویست دواجار حەقیقەتی ژیانو ئەو ئێشو ئازارانەی لەژیاندا هەیە، ئاشکرا بکاتو پەردەیان لەسەر لا ببات. دەیوست شیعر ببێتە ئاوێنەیەکی ڕاستەقینە بۆ وێنەگرتنی ئازاری مرۆڤ لەم دنیایەدا.

پەیوەندیی بۆدلێر بە خۆشەویستە ئەسمەرەکەیەوە، جۆرێك بووە لە خۆکوشتنی لەسەرخۆ. ئەم شاعیرە مەزنو بێزارە، وردە وردە پەنای بۆ بردووەو پێی وابووە ئەو ڕاستیانەی لە ژیاندا هەن، بریتییە لە ئێشو ئازارو مەرگ. "جان دیڤاڵ" لە ڕووی ئابوریو دەرونیو تەندروستییەوە، هاوکار بوو لە تێکشکاندنی بۆدلێری شاعیردا. ئەم خۆشەویستە ئەسمەرە، لە میانەی پشتبەستنی تەواوەتی بە پارەو پولی بۆدلێر، بۆدلێر-ی ڕوتاندەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەوەفا نەبوو بۆی، ئەم ئافرەتە سۆزانییە خیانەتێکی زۆری لە بۆدلێر کردو لەگەڵ چەندین پیاوی دیکەدا دەستی تێکەڵ کردبوو. بەڵام بۆدلێر چونکە دەیویست ئازاری دەروونی خۆی بدات، زۆر بە خێرایی چاوی لەو خیانەتانەی خۆشەویستە ئەسمەرەکەی پۆشیوەو لێی خۆش بووەو چووەتەوە بۆ لای. بۆدلێر خۆیشی دەرکی بەوە کردبوو ئەم خۆشەویستەی ڕۆژ دوای ڕۆژ لەناوی دەباتو هێدی هێدی تەندروستیو ئەعسابی تێك دەشکێنێت.

وەلێ ژیانە سەیرو شێواوەکەی بۆدلێرو پڕ لە هەڵخلیسکانو لادانی هەمەجۆر، نەیتوانی هونەرە جوانو سەرنجڕاکێشەکەی تێك بشکێنێت. ئەو بە شێوەیەکی نائاسایی پەرۆشی ئەوە بووە هونەرەکەی لە پەشێویو فەوزا ڕزگار بکات. بۆدلێر لە نووسینی شیعرەکانیدا توانایەکی گەورەی دەخستە گەڕ، هەر وشەیەکی دەنووسی، چەندین جار پێداچوونەوەی بۆ دەکرد. هونەر لای ئەو ناوچەیەکی قەدەغەکراو بوو، لێنەدەگەڕا نە خۆیو

نـه هـیچ کەسـێکی دیکـه بیـشێوێنێت. ئـا لێرەوەیـه هونەرەکـەی هونـەرێکی تـازەی سەرنجڕاکێشه بۆ هەموو کەسێكو له هەموو سەردەمێکدا. تا ئێـستا ئـەم هونـەره جـوانو سەرنجڕاکێشه، بگره تا هەنوکه ئەم هونەری شیعره، قوتابخانەیەکه تێیـدا شـاعیره تازەکـان لێوەی فێر دەبن چۆن شیعر دەبێته شیعرێکی مەزنو کاریگەر، وشەکان چۆن دەبنـه وشـەی وردو زۆر کورتو پوخت.

بـۆدلێر بـاوەڕی بـەوه بـوو هونـەری ڕاسـتەقینه زیـادەڕۆیی نازانێـت، زەخرەفـه ڕواڵەتکارییەکان ئەگەر بەڵگەی لێزانین بێـت، ئـەوا بەڵگـەی قـووڵیو ڕاسـتگۆیی نییـه. هەروەها بۆدلێر بابەتی شـیعری بـه تـەواوی گـۆڕی، لێـرەوه لای بـۆدلێر ژیـانی میللـی، ئەزمونی گوناهبارانو نەفرەتلێکراوەکانی کۆمەڵگە، بوونه سەرچاوەیەك لـه سەرچـاوەکانی بابەتی شیعره جوانو نایابەکانی.

بـۆدلێر کـاتێ دیوانـه بەناوبانگەکـەی (گوڵـه بـەدەکان)ی بڵاوکـردەوه، کۆمەڵگـه هەستانەوەیەکی گەوره له دژی هەسـتایەوه. بـۆدلێر بـه تۆمـەتی ئـەوەی شـیعرەکانی لـه دەرەوەی کۆمەڵگەو ئەخلاقه، خۆی له بەردەم دادگادا بینییـەوه، دادگـا بڕیـاری سـزایەکی مادیی به سەردا سەپاند، هەروەها دادگا بڕیاری دا هەنـدێ بـەش لـه دیوانەکـەی لابـبرێ. بەڵام ساڵەکان تێدەپەڕنو ئەم دیوانه شـیعره بـه تـەواویو بـێ لابـردن دەکەوێتـه دەسـتی خەڵكو تێڕوانینی کۆمەڵگەش بۆ "گوڵه بەدەکان" گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەدیبەکان پێیـان وایـه ئـەو دیوانـه کرانەوەیـەکی تازەیـه لـه هونـەری شـیعردا. هـەموان هەسـت دەکـەن گوزارشتکردنی شاعیر بەو شێوه وردو تۆکمەو جوانو ڕاستگۆییه لـه گوناهـەکانی خـەڵك، هەوڵێکی گەورەیه بۆ دەربازکردنی مرۆڤ له گوناهەکانیو بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤه لـه ئـێشو ئازارەکانی. پاشان ئەوه هەوڵێکه بۆ بەخەبەرهێنانـەوەی کۆمەڵگـه کـه بـارودۆخی هەڵـەو لادانەکان دروست دەکات. ئەمەش بۆ ئەوەی ئـەم کۆمەڵگەیـه لـه مامەڵـەکردنی لەگـەڵ تاوانبارانو گوناهبارانـدا کـه ژیـان ئـازاری داون، جـوانتر مامەڵـه بکـاتو باشـتر لێیـان

تێبگات. لەسەر ئەو بنەمایە نـا ئەوانـە تاوانبـارن، بگـرە لەسـەر ئـەو بنەمایـەی ئەوانـە نەخۆشن. تاوانبار شایەنی سزایە، بەڵام نەخۆش‌و قوربانی، هەردووکیان شایەنی چارەسـەرو بەزەیین.

پوختەی ئەو پەندەی لە ژیانی بۆدلێرەوە دەردەکەوێت ئەمەیە، ئەو ژیانێکی پـڕ ئـێش‌و ئازار ژیاو خۆی نوقمی قەرزو مادە هۆشبەرەکان کرد. گرنگترین سـاڵەکانی ژیـانی لەگـەڵ خۆشەویستە ئەسمەرەکەیدا، کە نە لێی تێدەگەیشت‌و نە ڕێزی بلیمەتیەکەی دەگرت، بـەفیڕۆ دا. وەلێ لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، بۆدلێر بەو پەڕی ئازایەتییەوە پارێزگاری لەلایەنـە پـاك‌و بێگەردەکـەی کەسـایەتیی خـۆی کـرد، ئـەویش لایـەنی بـەهرە شـیعرییە گەورەکـەی‌و ڕەسەنایەتی شیعرەکانی بوو. بۆدلێر لە پێناو ئـەم بەهرەیـەدا، لـەپێناو گوزارشـتکردنێکی ڕاسـتەقینە لـە خـودی خـۆی‌و سـەردەمەکەی‌و ئـازاری تێکـشکاوەکان‌و دەربـەدەرەکانی کۆمـەڵگە، تاڵاوی زۆری چەشـت. لادانـەکانی بـۆدلێر تـەنها خـۆی باجەکـەی دا، ئـەویش تێکچوونی تەندروستی‌و لەدەستدانی خۆشبەختیەکەی بوو. وەلێ هونەرەکەی بە زیندوویی‌و بە پاکی مایەوەو لە هەموو شوێن‌و زەمەنێکدا کار لە ویژدانی مرۆڤایەتی دەکـات. بـۆدلێر گەرچی ژیانی خۆی لەدەست دا، بەڵام هونەرەکـەی خـۆی ڕزگـارکرد. بـۆدلێر ئـەو هیـواو ئاواتەی هەیبوو بۆ ژیانێکی خۆش‌و کامـەران، لەدەستی دا. ئەو ئەگەر ئەوەنـدەی پەرۆشـی هونەرەکەی بوو، پەرۆشی ژیانیشی بوایە، ئەوا باشتر دەژیاو بەرهـەمی زۆرتریـشی دەبـوو. ئەو بەشێك لە خۆشبەختی بۆ خۆی بەدەست هێنا، ئەویش بەهۆی ئەو خۆشـبەختییەوە کـە لە ڕێگەی هونەرە مەزنەکەیەوە، بۆ ئەوانی دیکەی بەدەست هێناوە.

*نەخۆشی زوهری کە بە ئینگلیزی پێیدەوترێت Syphilis سـفلس، یەکێکـە لەو نەخۆشییانەی لە ڕێی پەیوەندی سێکسییەوە دەگوێزرێتـەوە. لـە مـاوەی ١٠ بـۆ ٩٠ ڕۆژدا لە هەمان خاڵی بەرکەوتن لەگەڵ ئەو کەسە تووشبووەی کە هـەڵگری میکرۆبەکەیـە، دەردەکەوێت، یاخود دەشێت لە هەر شوێنێکی دیکەی لـەش دەرکـەوێت. هەنـدێجار ئـەم

نەخۆشییە بۆماوەییە و لە دایکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کۆرپەلەکەی ناو رەحمی.برین یان زامێکی کیمیایی بێ ئازار دروست دەبێت و ماوەی ٤ بۆ ٦ هەفتە دەخایەنێت.ئەگەر چارەسەر نەکرێت زەرەر بە دڵ و مێشك و چاوو ئێسکەکان دەگەیەنێت و لە هەندێ حاڵەتدا نەخۆشەکە دەکوژێت. -و-

# مۆسیقارو ئیمپراتۆر



ناپلیۆن بۆناپارت

ناپلیۆن بۆناپارت ١٧٦٩ – ١٨٢١، له سەرەتاكانی سـەدەی نۆزدەهەمـدا، گـرنگترین كەسایەتی ئەوروپا، بگرە هەموو جیهان بوو. بە دیاریكراوی لەو ماوەیەی دەكەوێتـە نێـوان دامەزراندنی وەك یەكەم كۆنسوڵی فەرەنسا لـە سـاڵی ١٧٩٩ تـاكو سـاڵی ١٨١٥، سـاڵی شكستهێنانی له جەنگی "واترلۆ"ی بەناوبانگدا. نـاپلیۆن لـە كەسـێتییەكەیدا زۆرێـك لـە رەگەزەكانی بلیمەتیی كۆكردبووەوە كە بە درێژایی مێژوو تەنها لە هەندێ كەسی دەگمەنـدا كۆ دەبنەوە. لەوانە "ناپلیۆن" لە بورای سەربازیدا بلیمەتییەكی نـاوازەی هـەبوو، ئەمـەش دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساند سەرلەنوێ سوپا لاوازو برسـیو نارێـك و پێكەكـەی فەرەنـسا دروست بكاتەوەو لە لایەنی رێكخـستنو لێهـاتوویيو بڕوابـوون بـە خۆیـانو ئازایەتیـەكی دەگمەنەوە، بیكاتە یەكێك لە هەرە سوپا مەزنەكانی ئەوروپا.

ناپلیۆن، بەم سوپا سەركەوتووەوە توانی زۆربـەی وڵاتـانی ئـەوروپا ملكەچـی ئـیرادەی فەرەنساو دەسەڵاتە ڕاستەوخۆكەی، یان ناڕاستەوخۆكەی بكات. ئەو لە بـواری سـەربازیدا، یەكێك بوو لەو كەسە گەورانەی ئەو بوارەی تازە كردەوە كە تا ئێـستاش تیـۆرانی‌و شـێوازە جەنگییەكانی، لەلای مێژوونووسانو زانایانی بواری سەربازی، بابـەتی لێكۆڵینـەوەو قـسە لەسـەركردنە. ئـەو تیـۆرەو شـێوازە جەنگیانـەی ئـەو دایهێنـان، بـە درێـژایی مێـژوو بابەتگەلێكی گرنگو بایەخدارن. ناپلیۆن لەپاڵ ئەم بلیمەتییـە سـەربازییەیدا، بـە هـەمان ئاست لە بوارەكانی دیكەدا سـەركەوتوو بـوو، وەك بـواری سیاسـەتو كـارگێڕیو یاسـاو رۆشنبیری. لە هەموو ئەو بوارانەدا كۆمەڵێ شوێنەواری نەمری بەجێ هێشتووە كە ڕۆژگـار ناتوانێـت بیانـسڕێتەوە. ئاشـكرایە نـاپلیۆن لـە ڕۆژی دەركەوتنیـەوە تـاكو ئێـستا، لـەو

لێکۆڵینەوانـەی لـە نێـوان توێـژەرانو مێژووناسـاندا بەرهـەم هـاتوون، شـوێنی یەکـەمی داگیرکردووە. ناپلیۆن ئەو کاراکتەرە مێژووییەیە کە زۆرترین کتێبی لەسەر دەرچووەو تێیـدا باس لە هەموو لایەنەکانی کەسێتییەکەی، ساڵ دوای ساڵ کراوە.

ئەگەر ناپلیۆن سەرنجو بایەخو ئیرەیی‌و بەغیلی- پێبردنی پیاوانی سیاسـەتو پیـاوانی جەنگخوازی سەردەمەکەی بۆ خۆی ڕاکێشا بێـت، ئـەوا لـە لایـەنی جەماوەرییـەوە، ئـەو پاڵەوانە یەکەمەیە کە بەشـی زۆری میللـەتانی ئـەورووپا پێـی سەرسـامبوونو ڕێزیـان لـێ گرتووە. کۆبوونەوە لە دەوری‌و کۆدەنگی لەسەر خۆشویستنی، بەدیاریکراوی لـە فەڕەنـسا، مەسەلەیەکە هیچ گومـانو مـشتومڕێك هـەڵناگرێت. یـەکێك لـە ئەدیبـەکانی فەڕەنـسا وەسفێکی جوانی دەکاتو دەڵێ:

"ناپلیۆنو هەڵسوکەوتو ڕەفتاری لە مەسەلە گشتییەکاندا، وەك قەسیدە شـیعرییەکان وایە. هەموو کارێك لە کارەکانی، شـیعرێکی هونـەری ئاسـت- بـەرزە، پـڕە لـە جـوانی‌و ڕاکێشانو توانایەکی بەرفراوان بۆ کاریگەری".

نـاپلیۆن لەبـەر ئـەوەی لـە ئـەورووپا ڕابـەری ئـازادی بـوو، بۆیـە ببـووە سەرچـاوەی سەرسامبوونی ڕۆشنبیرانو هونەرمەندانو ئەدیبـەکان. ئـەو میراتگـرو نوێنـەری شۆڕشـی مەزنی فەڕەنسی ساڵی ١٧٨٩ بوو. ئەو پاسەوانی پرنسیپەکانی ئەم شۆڕشـە مەزنـە بـوو، پرنسیپی ئازادی‌و برایەتی‌و یەکسانی. ناپلیۆن لە هەموو کارو جەنگە سەربازییەکانیدا، لـە دژی ئەرستۆکراتیەتو عەرشی پاشاکانی ئەورووپا دەجەنگا کە لەسەر چەوساندنەوەی مرۆڤـ و مژینی خوێنی مرۆڤەکان ڕاوەستابوون. ئەوان بۆیە ئـەو کارانـەیان دەکـرد تـاکو ڕوبـاری ماستو هەنگوین لە کۆشکی دەوڵەمەنـدو بنەماڵـە کۆنەکانـدا کـە چـەندین سـەدە بـوو دەسەڵاتیان قۆرغ کردبوو، بێتو بچێت. کەچی ڕۆڵەکانی میللەت بەدەست سـەختی ژیـانو ماندوبوونی پڕوکێنەر بەشوێن پەیدا کردنی پاروەە نانێكو ئاسـتی هـەرە کـەمی ژیـانێکی مرۆڤانە، گیر دەبوونو دەیان ناڵاند.

لێرەوە ناپلیۆن هات، بۆ ئەوەی ئالآی ئازادی بەرز بکاتەوەو بانگەشەی برایەتیو یەکسانیو مافەکانی مرۆڤی دەکرد. بانگەشەی ئەوەی دەکرد دەرفەت لە بەردەم هەموو مرۆڤەکاندا کراوە بێت، بێ گەڕانەوە بۆ ئەسڵی خێزان یان ئەسڵی کۆمەڵایەتیی تاکەکان. بەهای مرۆڤ لە بری کۆششو هەوڵو لە بری ئاستی لێهاتوویيو توانا بۆ کارکردنو بەرهەمهێنان دەردەکەوێت. لەم حاڵەتەشدا هەموان وەك یەك وان. ئا لێرەوە زۆرێك لە ڕۆڵەی چینە هەژارەکان، توانییان لە سەردەمی ناپلیۆندا بگەنە بەرزترین پلەکانی دەسەڵات. لەوانە هەیانبوو، بوو بە وەزیرو سەرکردەی سوپا، هەیانبوو بوو بە ڕابەری فیکرو ئەدەبو ڕۆشنبیریو لەسەر بەرفراوانترین ئاست، کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی هەبوو.

ناپلیۆن کاتێ بوو بە حاکمی فەڕەنسا، خۆی ناونا "کونسوڵی یەکەم"، گەلی فەڕەنسا لە ساڵی ١٨٠٢دا ناپلیۆنی وەك کونسوڵی یەکەم، تا لە ژیاندا ماوە، هەڵبژارد. وشەی کونسوڵ بۆ یەکەمجار لە مێژووی جیهاندا، لە ڕۆما دەرکەوت، ئەویش ئەو کاتە بوو کە ڕۆمانەکان لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتەکەیاندا، نزیکەی ٤٠٠ ساڵ پێش زاین، بەهێزترین دەوڵەتی دونیا بوونو لەو سەردەمەدا ڕوویان کردە جۆرێك لە حوکمی کۆماریی دیموکراسی. کونسوڵ نوێنەری میللەت بوو، لە لایەن ئەنجومەنی پیرانی ڕۆمانییەوە هەڵدەبژێررا، تاکو لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەسەڵات بگرێتە دەست، پاشان کونسوڵێکی دیکە هەڵدەبژێررا دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەمەش بۆ ئەوەی مەسەلەی حوکمڕانی نەبێتە مەسەلەیەکی تاکانەی (فردی) ستەمگەرو نادیموکراتی، تێیدا تاکێك هەموو دەسەڵاتەکان قۆرغ بکاتو دوای خۆی بە میرات بۆ خێزانەکەی بمێنێتەوە.

ئەمەیە بیرۆکەی کونسوڵی ڕۆمانی لە سەردەمی کۆماریدا، ئەم کونسوڵە گرنگترین فەرمانبەری گشتی دەوڵەت بوو، بە هەڵبژاردنی میللەتو لە پێناو میللەتدا حوکمی دەگرتە دەست. ئا لێرەوەیە ناپلیۆن نازناوی کونسوڵی یەکەمی هەڵبژارد، ئەمەش وەك

گوزارشتێك لە شێوەیەكی تازەی حوكم كردن كە بانگەشەی بۆ دەكردو ئیمانی پێی هەبوو، ئەویش حوكمی كۆماری بوو كە تێیدا میللەت كونسوڵ یان حاكم هەڵدەبژێرێت. سیستمی كۆماری لە سەردەمی ناپلیۆنو لە ئەوروپادا نەناسرابوو، هەروەها لە لایەن بنەماڵەی پاشایەتییە كۆنەكانی سەرجەم وڵاتە جیاواز جیاوازەكانی ئەوروپاوە، قبوڵ نەدەكرا. بۆیە ناپلیۆن وەك هەڕەشەیەكی مەترسیدار بۆ سەر سیستمی ئەوروپی كە لەو سەردەمەدا لەئارادا بوو دەبینرا، سیستمی ستمگەرییەكی ڕەها بۆ كۆمەڵێ بنەماڵەی ئەرستۆكراتی ناسراو كە جڵەوی چارەنووسی وڵاتانی ئەوروپییان بەدەستەوە بوو.

لە سەردەمی ناپلیۆنو لە وڵاتی نەمسا، مۆسیقارێك دەركەوتو لەسەدە تازەكاندا ناسرا، ئەویش "بتهۆڤن ١٧٧٠ - ١٨٢٧" بوو. بتهۆڤن لە سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە وڵاتی بنەڕەتی خۆی كە ئەڵمانیا بوو، بە شێوەیەكی هەمیشەیی گواستیەوە بۆ ڤییەنای پایتەختی نەمسا. بتهۆڤن لەو كاتو ساتەداو لە سەرەتای سەردەمی ناپلیۆندا، دەستی بە دەركەوتنو درەوشانەوە كردبوو، خەڵكی هەستیان كردبوو لەسەر دەستی ئەم گەنجە ئەڵمانییە (بتهۆڤن) كە هاتووە بۆ نەمسا، لە هونەردا بە شێوەیەكی گشتیو لە مۆسیقادا بەشێوەیەكی تایبەتی، سپێدەیەكی تازە خەریكە لەدایك دەبێت.

بەڵام خودی بتهۆڤن زۆر سەرسامبوو بە ناپلیۆن. ئەو وای دەبینی ناپلیۆن سمبولێكی تازەیە بۆ سەردەمێكی مرۆڤانەی جیاواز لە سەردەمەكانی پێشتر، كە هێشتا پەردەی تاریكی بە ڕووی ئەوروپادا دادەدەنەوە. لە تێڕوانینی بتهۆڤندا ئەم سەردەمە تازەیە كە ناپلیۆن نوێنەرایەتیی دەكات، بریتییە لە سەردەمی ئازادیو كەرامەتی مرۆڤایەتی، تێیدا بەهای مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ كارەكتەری مرۆڤەكەو شارەزاییو لێهاتووییەكەی، نەك بۆ بنەماڵەو بابو باپیرانی.

بتهۆڤن بۆ خۆی ڕۆڵەی چینە هەژارەكان بوو، بە بلیمەتیو هونەرە بەرزەكەی، پێگەیەكی بلندی لە كۆمەڵگەدا بەدەست هێنا، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە كوڕانو

کچانی ئەرستۆکراتییەکان، وا تەماشای بتهـۆڤن-یـان دەکـرد وەك ئـەوەی لـە شـوێنێکی نزمەوە گەورە بووەو لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. هیچ کـچێك لـە کـچە ئەرستۆکراتییە ئەوروپییەکان، ڕازی نەبوو خۆشەویستی لەگەڵ بتهۆڤندا بکـات، ئەگەرچـی هەموویان، پیاو و ژن، وەك هونەرمەندێکی بلیمەت شەیدایشی ببوون. بەڵام ئـەوان پێیـان وابوو ئیشی بتهۆڤن ئەوەیـە ژیـانی ئـەوان پـڕ بکـات لـە خۆشـی، لـە ئاهـەنگو شـەوە ناسکەکانیاندا، بە مۆسیقا نایابەکەی کامەرانو دڵخۆشیان بکات. پـاش ئـەوە بـڕوات بـۆ شوێنە بنەڕەتییە هاکەزاییەکەی خۆی لە کۆمەڵگەدا.



بتهۆڤن

بتهۆڤن ئەم بارودۆخەی ڕەت دەکـردەوەو پێـی ناڕازیبوو، ئەو لە ناپلیۆندا هێزێکی تازەی گەورەو پڕ پاڵەوانێتیی دەبینی، لە ڕێگایدا شـانو شـکۆی مرۆڤ و بەهاکـەی بـەرز دەکاتـەوە. نـاپلیۆن لـە تێـڕوانینی بتهۆڤنـــدا نوێنـــەری ســـەردەمێکی مرۆڤانەی مەزن بوو کە ئەو هونەرمەنـدە بلیمەتـە خەونی پێوە دەبینی. ئا لێرەوەیە بتهۆڤن سمفۆنیای سێیەمی نووسـی کـە یەکێکـە لـە شـاکارەکانی هونەری جیهانی لە هەموو سـەردەمەکانداو نـاوی نا "سمفۆنیای بۆناپارت".

گەرچی بتهۆڤن بەوە ناسرابوو حەزی نەدەکرد ناوی دیکە لە کارە مۆسیقییەکانی بنێت، تەنها ناوی هونەری نەبێت، وەك سەمفۆنیای یەکـەمو دووەمو سـێیەم، ئـەو هـەرگیز پێـی خۆش نەبووە ناوی دیکە جگە لە ناوی هونەری لە کارەکـانی بنێـت. بـەڵام لـە سـیمفۆنای سێیەمیدا لـەو پرنـسیپە لای دا، ئەمـەش لەبـەر خۆشەویـستیی بـوو بـۆ نـاپلیۆنو وەك پشتگیرییەك بۆیو بۆ پرنسیپەکانی، وەك گوزارشتێك لەو پێگەیەی ئەم پاڵەوانە مێژووییـە

له دڵی هونەرمەندی بلیمەتو عاشقی ئازادی داگیری کردبوو. بتهۆڤن ئەم سمفۆنیایــەی لــە نێوان ساڵانی ١٨٠٣-١٨٠٤ داناوە، ئیدی ئەم سەمفۆنیا مەزنە، ناوبــانگی بــەوە دەرکــرد کە پەیوەستە بە ناوی ناپلیۆن بۆناپارتەوە. وەلێ لە تێڕوانینی بتهۆڤندا، ناپلیۆن لە مــانگی مایسی ســاڵی ١٨٠٤ هەڵەیــەکی کوشــندە دەکــات، بــەوەی ڕایدەگەیــەنێت ئیمپراتــۆری فەڕەنسییەکانە. یان ڕاستتر ئەنجومەنی پیرانی فەڕەنسا وا لێدەکات بیکــەن بــە ئیمپراتــۆری فەڕەنسا. یەکێك لە قوتابییەکانی بتهۆڤن، هەواڵی کردنی ناپلیۆنی کونسوڵ بــە ئیمپراتــۆر، بە بتهۆڤن ڕادەگەیەنێت. بتهۆڤن هەســت بــە تــووڕە بــوونێکی تونــد دەکــاتو پێــی وایــە پاڵەوانەکە گۆڕاوە بــۆ دیکتــاتۆرێکی ســتەمگەرو حــاکمێکی زاڵــم، لەمەشــدا تــەواو وەك هەموو پاشا ستەمگەرو زاڵمەکانی ئەورووپای لێ دێت.

لێرەوە ئەفسانەی نــاپلیۆن لــە تێــڕوانینی بتهۆڤنــدا هــەرەس دەهێنێــت، دروســت وەك هەرەسهێنانی قەیسەر لە تێــڕوانینی هاوڕێکانیــدا، لــە ســەروو هەموویانــەوە "بــرۆتس"، ئەمەش ئەو کاتە بوو کە قەیسەر بڕیاریدا لــە کونــسوڵەوە ببێــت بــە ئیمپراتــۆر، واتــە لــە سەرۆکی کۆمارەوە بۆ حاکمێکی ستەمگەر. ئیدی "بــرۆتس"ی هــاوڕێی قەیــسەر لــە دژی ڕادەوەستێتو لە ساڵی ٤٤ پێش زاین بەشدار دەبێت لە کوشتنی قەیسەردا. بتهۆڤن- یــش هەمان شتی لەگەڵ ناپلیۆندا کرد، ئەم هونەرمەندە سەرسام بوو بە حاکمی ئــازاد (نــاپلیۆنی کونسوڵ) بەڵام ناپلیۆنی ئیمپراتۆرو ســتەمگەری ڕەت کــردەوە. بۆیــە کــاتێ لــە ڕێگــەی قوتابییەکەیەوە (فێردیناند ڕیس) هــەواڵی بــوونی نــاپلیۆن لــە کونــسوڵەوە بــۆ ئیمپراتــۆر دەبیستێ، بە توڕەییەوە هاواردەکات:

"کەواتە ئەم ناپلیۆنە یەکێکە لەو کەسانەی هــاتووە تــاکو پــێ بــە مافــەکانی مرۆڤــدا بنێتو کار بۆ بەدیهێنانی چاوچنۆکییە تایبەتەکانی دەکاتو خۆی لە مرۆڤەکان بــە بــەرزتر دەزانێتو لە زوڵمو ستەمدا قووڵ دەبێتەوە."

د. حسێن فەوزی لە کتێبە بەهادارو نایابەکەیدا دەربارەی بتهۆڤن، باسی ئـەوە دەکـات کاتێ ئەم هونەرمەندە مەزنە هەواڵی کارەساتە جەرگبڕەکـەی نـاپلیۆنی پاڵـەوان دەبیـسێو دەڵێ:

(بتهۆڤن دەڕوات بۆ نووسینگەکەی، لای سەرەوەی ئەو لاپەڕەیـە بەدەسـتیەوە دەگرێـت کە ناونیشانی سەمفۆنیای سێیەمی تێدایەو ناوی بۆناپارتی لەسەر نووسراوە، لاپەڕەکـە بـە باری پیانیدا دەدڕێنێتو فڕێی دەداتە سەر زەوییەکە، ئیدی ناوی بۆناپـارت لـە ناونیـشانی سەمفۆنیای سێ دەسڕێتەوەو ناوی لێ دەنێت سمفۆنیـای پاڵەوانییـەتی لـە یـادی پیـاوێکی مەزندا).

بەم شێوەیە بتهۆڤن هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ناپلیۆن گۆڕی، وەك ئـەوەی زمانحـاڵی بتهۆڤن لە چرکەساتی گۆڕانەکەدا بڵێت:

(تەنانەت تۆش بۆناپارت.. تۆ کاتێ کونسولێکی دیمـوکرات بوویـت، هیـوای ئـازادیو کەرامەتی مرۆڤ بوویت، کەچی ئێستا دوای ئەوەی خۆت کردووە بـە ئیمپراتـۆرێکی زاڵـم، بوویتەتە ستەمگەرێك وەك هەموو ستەمگەرەکانی دیکە).

ناپلیۆن کۆمەڵێ هۆکاری جیاوازی هەبوو، بۆ ئەوەی لە کونسوڵەوە ببێت بە ئیمپراتـۆر، لەو هۆکارانە ئـەو ویـستی سیـستمێکی سیاسـی بـۆ فەڕەنـسا دابمـەزرێنێت، سیـستمێك ڕووبەڕووی دڕدۆنگییە جیاواز جیاوازەکانو ململانێی نێوان هێزە هەمـە جۆرەکـان، لەسـەر حوکمڕانیو دەسەڵات نەبێتەوە. بەڵام ئەم لۆژیکە بە لای بتهۆڤنەوە هیچ سوودێکی نـەبوو، هەروەها ئەم لۆژیکە نەیدەتوانی قەناعەت بە بتهۆڤن یـان هـەر عـەقڵێکی ئـازادی دیکـە بکات.

ئەم هونەرمەنـدە مەزنـە پاڵـەوانێکی ئـازادی دەویـست، هـیچ مانایـەکی لـە بـوونی حاکمێکی زۆرداردا نەدەبینی کە پلەو پایەکان بەسەر براکانیو خزمەکانیدا دابـەش بکـات، بەسەر ئەوانەدا دابەشی بکات کە وەلائی تایبەتییان بۆ ئـەو دەردەخـەن، ئـەویش بـە زۆری

زۆرداری دەیانسەپێنێت بەسەر ئەو میللەتە جیاوازانەدا کە ملکەچی دەسەڵاتەکەی بوون لە ئیتالیاو ئیسپانیاو وڵاتانی دیکەی ئەوروپی. پاشان ناپلیۆن لە "جۆزفین"ی هاوسەری جیا دەبێتەوە بۆ ئەوەی "ماری لویز" بهێنێت، چونکە هاوسەری یەکەمی میراتگرێکی عەرشی بۆ نەخستەوە، بەڵام ئەمەی دووەمیان ئەو میراتگرەی بۆ خستەوە.

ناپلیۆن لە تێڕوانینی بتهۆڤندا لە ئاسمانی ئازادیو پاڵەوانیەتییەوە، هاتۆتە خوارەوە بۆ سەر زەوی ململانێو دەسەڵاتو گەڕان بە دوای بەرژەوەندیی تایبەتدا. ئا لێرەدا ئیمپراتۆری هونەر بتهۆڤن، شۆڕشەکەی دژ بە ناپلیۆن ئیمپراتۆری سیاسەتو حوکمڕانیو حیزب ڕادەگەیەنێت.

ڕەنگە بتهۆڤن لەسەر حەق بووبێت، لەو کاتەوەی ناپلیۆن خۆی وەك ئیمپراتۆر ڕاگەیاند، ئەستێرەی ناوبانگی وردە وردەو لەسەرخۆ بەرەو ئاوابوون دەکشا، تاکو لە ساڵی ١٨١٥ بە تەواوی کەوتە خوارەوەو ساڵی ١٨٢١ وەك دوورخراوەیەك لە دورگەی سانت هێلان کۆچی دوایی دەکات. کەچی بتهۆڤن تاکو ساڵی ١٨٢٧ بە زیندوویی لە ژیاندا دەمێنێتەوە، وەلێ لە یادی ناپلیۆندا یەك دڵۆپ فرمێسك چییە لە چاوانی نەهاتە خوارەوەو یەك ئاواز چییە لێی نەدا. چونکە ناپلیۆن لای بتهۆڤن لە ساڵی ١٨٠٤وە مردبوو، ئەو کاتەی خۆی وەك ئیمپراتۆر ڕاگەیاندو پرنسیپەکانی ئازادیو برایەتیو یەکسانی لەبیر چووبووەوە.

# سەرەتای بلیمەتی، زللەیە



هارییت بیتشەر ستو

تەمەنی شانزە ساڵ بوو، لە خوشکە گەورەکەیەوە زللەیەکی خوارد، هۆکاری ئەم زللەیە ئەوە بوو خوشکە گەورەکەی، لە نێو کاغەزەکانی خوشکە بچووکەکەیدا، کۆمەڵێ لاپەڕەی دۆزییەوە پڕبوون لە دەربڕینی هەستو سۆزە تایبەتییەکان. ئیدی خوشکە گەورەکە پێی وابوو خوشکە بچووکەکەی گوزارشت لە خۆشەویستییەکی نهێنیو شاراوە دەکات لە نێوان خۆیو یەکێك لە گەنجەکان. بوونی ئەم جۆرە پەیوەندییە لە کۆمەڵگەی ئەمریکی ئەو سەردەمەدا، ساڵی ١٨٢٧، شوێنی ناڕەزاییو ڕەتکردنەوە بوو.

کچە بچووکەکە ناوی "هارییت" بوو، ئەو بێبەری بوو لەو تۆمەتە، هەرگیز هەوڵی بۆ ئەو جۆرە پەیوەندییە سۆزدارییە، چ بە نهێنی یان بە ئاشکرا نەداوە. بگرە تەواو بە پێچەوانەوە، ئەو متمانەی بە خۆی نەدەکرد پەیوەندییەکی لەو شێوەیەی هەبێت، هەروەها دەیزانی خاوەنی جوانییەکی دڵگیر یان سەرنجڕاکێش نییە، هەستکردنی بە مێیایەتی خۆی هەستکردنێکی زۆر سادەو خاکییانە بوو. ئەوەی لەو لاپەڕانەدا نووسیبوونیو خوشکەکەی پێی هەڵچووبوو، هیچ نەبوو تەنها گوزارشتکردنێکی ڕاستەقینەو ڕاستگۆیانە نەبێت لە هەندێ لەو هەستو سۆزەی لە کاتی تەنیاییدا هەستی پێ دەکرد، لەو چرکەساتە دوورو درێژانەی بێدەنگیدا هەستی پێ دەکرد کە سەرتاپای ژیانیان تەنیبوو.

لە ژیانی هارییتدا خۆشەویستێکی نادیار یان خۆشەویستێك چاوەڕوانی دەرکەوتنی بێت، نەبوو، تەنانەت لە خەیاڵیشیدا شتی وا نەبوو. ئەو پێی وابوو نە شوو دەکاتو نە منداڵی دەبێو هەرگیز نابێتە شوێنی سەرنجو گرنگیدانی هیچ پیاوێك لە پیاوەکان. لەبەر

ئەوە هەوڵیدا خۆی بە نووسینەوە سەرقاڵ بکات، چونکە نووسین ئیسراحەتی پێ دەبەخشی، ئەمە بێ ئەوەی خۆی بە نووسەر یان خاوەن بەهرە بزانێت. هارییت مەفتونی مێیایەتی خۆی نەبوو، لەم بوارەدا نە خەونی بچووكو نە خەونی گەورەی نەبوو، بڕیاریدا بە درێژایی ژیانی بە "قەیرەیی" بژی. هەروەها بەو نووسینە کەمو پەرتو بڵاوانەوە خۆی هەڵنەدەکێشا، بگرە ئەو هەوڵی دەدا لەم نووسینانەوە هەندێ شت بدۆزێتەوە، خۆی پێیانەوە سەرقاڵ بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا هارییت لەو کەسانە نەبوو کە خاوەنی دەروونێکی شپرزەو تێکچوویێت، بەڵکو هەمیشە خۆی لەسەر ئەوە ڕادەهێنا ڕازی بێت بە بەشە کەمو هاکەزاییەکەی لە جوانی، ڕازی بێت بە ژیانە سادەو ساکارەکەی لەگەڵ "بیتشەر"ی باوکی کە کاری کەشیشیی دەکرد.

هارییت دەگاتە تەمەنی ٢٧ ساڵیو مامۆستایەك لە زانستی تیۆلۆژیادا بەناوی "کالڤن ستو" دەناسێو دەبێتە هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی ئەلیزای هاوسەری مامۆستاکە، ئەم هاوسەرە لەناکاو بە نەخۆشییەکی ناوەخت کۆچی دوایی دەکات. "کالڤن ستو" دوای ئەوەی هەست بە ڕاستگۆییو دڵسۆزیو ڕەوشت بەرزی هارییت دەکات، پاش ماوەیەك لە مردنی هاوسەرەکەی، دێتە داخوازی هارییتو ئەویش شووی پێ دەکات، ئیدی لەو چرکەساتەوە ناوی دەبێت بە "هارییت بیتشەر ستو". ئەم خانمە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ژیاو بەرپرس بوو لە ماڵو خێزانەکەی، بە هەموو ئەو هەستکردنە قووڵەی پێی ناسرابوو بەرامبەر بە ئەرکەکانی سەرشانی، ئەم بەرپرسیارەتیەی گرتە ئەستۆی خۆی. هاوسەرەکەی تا بڵێی بەختەوەر بوو لەگەڵیدا، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار شەش منداڵی لێی بوو، هارییت لەگەڵ ئەو منداڵانەدا بەرپرسیارەتی خێزانەکەی زیاتر بوو، ئەم بەرپرسیارەتیە قورسە تەواوی ڕۆژەکەی لێ دەبرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی دەدا لە ساتە کەمەکانی بێئیشی-

دا، هەندێ شیعرو وتار بنووسێتو بینێرێت بۆ ڕۆژنامە ناوخۆییەکان، ئەوانیش ناو ناوە بۆیان بڵاو دەکردەوە.

هاریێت کاتێ تەمەنی دەگاتە ٣٧ ساڵ نامەیەك بۆ باوکی دەنووسێو پێی دەڵێ:

"گەورە بوومو شەش منداڵم هەیە، ئیدی چ شتێکم لە ژیاندا بۆ ماوەتەوە؟ هیچ شتێك"..

هاریێت هەستی دەکرد پەیامەکەی بە شێوەیەکی تەواو لە کاروباری ماڵو خزمەتکردنی مێردو منداڵەکاندا، دیاری کراوەو کۆتایی پێ هاتووە، چیتر هیچ دەرفەتێکی دیکەی لە بەردەمدا نییە بۆ ئیشێکی تر. ئەو گەرچی بەو بەشەی خۆی لە دنیا ڕازی بوو، بەڵام لە ناوەوەیدا هەستی دەکرد شتێك هەیە لە قووڵایی ناخیدا دەجووڵێو تێیدا تورەیی‌و دوودڵییەکی زۆر دەوروژێنێت.

ئەمریکا لەو ڕۆژگارەدا، سیستمی کۆیلایەتی بە سیستمێکی ڕەوا دادەنا، کۆیلەکان هەر هەموویان لەو قولەڕەشانە بوون کە لە بارودۆخێکی زۆر سەختو سووکایەتی پێکردنو دلڕەقی پێکردندا دەژیان. لە بازاڕەکاندا کڕینو فرۆشتنیان پێوە دەکرا، بە قامچی لێیان دەدراو زەلیلو ڕیسوا بوون، هەرچی خاوەنەکانیانە ئەوا نەیاندەزانی شتێك هەیە ناوی بەزەییە، بگرە هەندێ لەو خاوەن کۆیلانە، لەگەڵ ئاژەڵەکاندا مامەڵەیەکی باشیان دەکرد لەوەی لەگەڵ کۆیلە قولە ڕەشەکانیاندا دەیانکرد. هاریێت گوێی لە چیرۆكو بەسەرهاتی زۆر دەبوو، دەربارەی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆیلەکانو پێشێلکردنی مرۆڤایەتییان، بگرە بە چاوی خۆی ڕووداوی دلڕەقی لەو جۆرەی بینیبوو کە هیچ ویژدانێکی مرۆڤانە پێی خۆش نییە.

هاریێت بەهرەیەکی شاراوەی تێدا بوو، ئەم بەهرەیە لەو کاتەوە دەست بە جووڵە دەکات کە خوشکەکەی بە منداڵی زللەیەکی لێ دەدا. هاریێت گەڕایەوە بۆ نووسین، هەستی کرد تاقە شتێك کە هەیەتی قەڵەمە، پێویستە لەسەری ئەم قەڵەمە بۆ

دژایەتیکردنی زولّمو ستەمو بانگەواز بـۆ ئـازادکردنی کۆیلـەکان، بـەکار بهێنێـت. ئیـدی دەستی کرد بە نووسینی ڕۆمانەکەیو دوای بڵاوکردنەوەی، بووە یەکێك لـە ڕۆمانـە هـەرە بەناوبانگەکانی هەموو جیهان، ئەویش ڕۆمانی "کوخەکەی مام تۆم" بوو. هاربیت هـەموو شەوێك دەینووسی، پاشان ئەوەی دەینووسی بۆ منداڵەکانی دەخوێنـدەوە، منداڵـەکانی زۆر پێی کاریگەر دەبوون، هەندێکیان نوقمی گریانێکی بەکوڵ دەبوون. هاربیت هیوادار بوو بـە هەمان گڕو تینی منداڵەکانی، کاریگەی لەسەر میللەتە ئەمریکییەکەی هەبێت. ئـەو پێـی وابوو گەر توانی بەهەمان ئەو شـێوەیە کاریگـەری لەسـەر ئـەمریکا هـەبێت، ئـەوا بـەوە بەشدارە لە ئاشکراکردنی تراژیدیای کۆیلەکان، لەوانەشە بتوانێت وڵاتەکـەی لـە پەڵەیـەکی ئابڕووبەرانە ڕزگار بکات کە لە سیستمی کۆیلایەتیدا خۆی دەنوێنێت.

ئیدی هاربیت دەستیکرد بە نووسینو نووسینو نووسین، تا ئەوکاتەی بەشـێکی بنـەڕەتی لە چیرۆکەکەی تەواو کردو ناردی بۆ یەکێك لە ڕۆژنامـەکان، بڵاوکەرەوەکـە حەماسـی بـۆ نووسینەکە هەبوو، بە شێوەی زنجیرەو یەك بەدوای یەکدا دەسـتی کـرد بـە بڵاوکردنـەوەی، خەڵکی پێشوازییەکی زۆریان لە چیرۆکەکە کرد، تیراژی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکـە سـەدانجار زیـادی کـرد. کـاتێ ڕۆژنامەکـە ڕایگەیانـد چـیتر نووسـەرەکە لـە نووسـینی ڕۆمانەکـە دەوەستێت، خۆپیشاندانێکی دە هەزار کەسی لە خوێنەری کوڕو کچ، ڕژانـە سـەر شـەقامو باڵەخانەی ڕۆژنامەکەیان داگیر کردو داوای بـەردەوامی بڵاوکردنـەوەی زنجیرەکـانی دیکـەی ڕۆمانەکە بوون. هەموو ئەمریکا ڕۆمانەکەی دەخوێندەوە، لەکاتی خوێندنـەوەدا فرمێـسك لە چاوی هەموانەوە دەهاتەخوار. بـەم شـێوەیە سـەرجەم ئـەمریکا لەسـەر لاپـەڕەی ئـەو ڕۆژنامەیەی بە زنجیرە ڕۆمانی کوخەکەی مام تۆم- ی بڵاودەکردەوە، گریانێکی بـەکوڵو پـڕ فرمێسك گریا.

دوای ئەوە ڕۆمانەکە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٨٥٢دا، لە دوو بەشدا بڵاو بووەوە، هـەر بەشەی ٣٠٠ لاپەڕە بوو. نووسەری ئەڵمانی "س.مارتن" لە کتێبە نایابەکەیدا (توێژینـەوە

لەسەر ئەزمونی نووسین، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی تەحریر سەماوی) جوولەی بڵاوکردنەوەی یەکەمجاری ڕۆمانەکەی "کوخەکەی مام تۆم"مان بۆ ئاشکرا دەکاتو خۆمان لە بەردەم کۆمەڵێ ژمارەی سەرسوڕهێنەردا دەبینینەوە: دوای سێ هەفتە لە چاپی یەکەم، پێنج هەزار دانە دەفرۆشرێت. بیست هەزار دانە لەم ڕۆمانە سەرنجڕاکێشە لە چاپی دووەمدا بڵاو دەکرێتەوەو یەکسەر نامێنێت. دوای تەنها یەك مانگ، پانزە هەزار لە چاپی سێیەم بڵاو دەکرێتەوەو ئەویش نامێنێت. بەمەش ڕۆمانەکە لەماوەی کەمتر لە سێ مانگدا، چل هەزار دانەی لێ بڵاو بووەوە. دابەشکردن بەم بڕە زۆرە لەو ماوە کورتەدا، مەسەلەیەکی تازە بوو لە بازاڕی کتێبفرۆشیدا و بڵاوکراوەکان پێشتر شتێکی لەو شێوەیەیان نەبینیوە.

ئیدی ناوی "هارییت بیتشەر ستو" بەسەر هەموو زمانێکەوە بوو، پایتەختەکانی ئەوروپا دەستیان کرد بە وەرگێڕانی ڕۆمانەکە بۆ سەر زمانە جیاوازەکانی خۆیان، بەمەش هارییت بووە ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی هەموو جیهاندا. لە نیویۆرکو لەندەنو پاریس، بۆ هەر شوێنێك دەڕۆیشت لە دەوری کۆدەبوونەوەو خۆشەویستیو ڕێزیان لێ دەگرت. قازانجی ڕۆمانەکەی داباری بە سەریدا، خۆیو خێزانەکەی بینی لە هەژارییەوە گواستیانەوە بۆ دەوڵەمەندی، لە ژیانێکی سنوردار لە سوچێك لە سوچە تاریكو لەبیرکراوەکانی کۆمەڵگەدا، بۆ ژیانی نێو ڕووناکی ناوبانگو نەمریو سەرکەوتنو بایەخدانی خەڵك.

گەر بۆ کڕینی جلو بەرگ بۆ خۆی یان بۆ خێزانەکەی، بڕۆیشتایەتە کۆگایەکەوە، داوای هەرچییەکی بکردایە پێیان دەبەخشیو ڕازی نەدەبوون پارەی لێ وەربگرن، ئەمەش وەك ڕێزلێنانێك بۆ هەوڵو تێکۆشانیو وەك سەرسوڕمانێك بۆ ڕۆمانە نایابەکەی. قولەڕەشەکان وەك قەدیسێك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد، دەستیان ماچ دەکردو لە دەوری کۆ دەبوونەوە تەنها بۆ ئەوەی دەستیان بەر جلو بەرگەکەی بکەوێتو گوێیان لە هەندێ لە قسە باشەکانی بێت.

بەڵام ئەم وێنەیە دیوێك یاخود ڕوخسارێكی دیكەی هەبوو، لایەنگرانی كۆیلەو كۆیلایەتی، بەتایبەتی لە باشووری ئەمریكا، لە خۆیو لە ڕۆمانەكەی، كە چاوی كۆیلەكانی كردبووەوەو هانی دەدان داوای ئازادی بكەن، تەواوێك بێزار بوون. لە ویلایەتەكانی باشوور فەرمانێكی ڕەسمی بە قەدەغەكردنی ڕۆمانەكە دەردەچێت، هەر هاوڵاتییەك نوسخەیەكی لە ڕۆمانەكە لابوایە، حسابی تاوانبارو دەرچوون لە یاسای بۆ دەكرا. خانمی نووسەر بە سەدان نووسراوی پێدەگەیشت، تێیدا هەڕەشەی كوشتنیان لێ دەكردو ئاگاداریان دەكردەوە كە دەبێ باجی دنەدانو هاندانی بۆ قولەڕەشەكان بداتو ئەو لە سزای توند ڕزگاری نابێت. وەلێ ڕۆمانەكە لە كۆمەڵگەی ئەمریكیداو لەنێو ئەوانەی لە ویلایەتەكانی باكوور بە ئاشكرا دەیانخوێندەوەو لەنێو ئەوانەی لە ویلایەتەكانی باشوور بە نهێنی دەیانخوێندەوە، كارە بەهێزەكەی خۆی دەكرد.

دوای نۆ مانگ لە دەرچوونی ڕۆمانەكە، بە دیاریكراوی لە ساڵی ١٨٦١، جەنگی ناوخۆی نێوان باكوورو باشوور بەرپا دەبێت، بابەتی سەرەكی ئەم جەنگە بریتی بوو لە بانگەشەكردن بۆ دروستكردنی یەك ئەمریكای تازەو خاڵی لە پەڵەی شەرمەزاری كۆیلەو كۆیلایەتی. لە گەرمەی جەنگەكەدا، سەرۆكی ئەمریكای دلێرو بەجەرگ "ئیبراهام لنكۆلن" بانگەوازێكی مرۆڤدۆستانە بە ئازادكردنی كۆیلەكان لە هەموو ویلایەتەكانی ئەمریكادا ڕادەگەیەنێتو لە جەنگەكەشدا بەردەوام دەبێت تاكو ئەو ئامانجە پیرۆزەی دێتە دی. ئیدی هەموو قولەڕەشەكان ئازاد دەكرێنو تراژیدیای كۆیلە بە شێوەیەكی یەكجارەكی كۆتایی پێ دێت. لەم جەنگەدا كە چوار ساڵی خایاند، لە ١٨٦١ بۆ ١٨٦٥، لە كۆی نزیكەی دە ملیۆن لە دانیشتوانی ئەو كاتەی ئەمریكا، شەش سەد هەزار پیاو لە جەنگەكەدا دەكوژرێن. هەروەها یەكێك لە ئەنجامەكانی ئەم جەنگە ئەوە بوو خودی سەرۆك "لنكۆلن" پاڵەوانی ڕزگاركردنی كۆیلەكانو یەكێتی ئەمریكا، بە گوللەی یەكێك لە دەمارگیرەكان ژیانی لەدەست دا.

سەرۆك (لنكۆلن) لە كـاتی سـەرۆكایەتیكردنی بـۆ ئـەمریكا، بانگهێـشتی "هارییـت بیتشەر سنو" دانەری ڕۆمانی كوخەكەی مام تـۆم دەكـات، لـە كۆشـكی سـپی سـەردانی بكات. پاشان لە كاتی بینینیو تەوقەكردن لەگەڵیدا دەڵێ:


ئەبراهام لنكۆلن

"كەواتـــە ئەمـــە ئـــەو ئافرەتـــە بـــچكۆلانەیەیە كــە جــەنگی نــاوخۆی لــە وڵاتدا بەرپاكرد".

سەرۆك لینكۆلن لە قسەكانیدا ڕاستگۆ بوو، خانم هارییت، ئەو بوو بە ڕۆمانەكـەی كوخەكەی مام تۆم، جەنگەكەی بـەرپاكرد، چونكە ئەو ڕزگاركردنی كۆیلـەكانی كـردە داواكارییـەكی مرۆڤانـەی ئـازیز كـە نـە بەرگـەی دواخـستن دەگرێـتو نـە دەكـرێ سستی تێدا بنوێنریو بە سوك تەماشای بكرێ. ئەو خانمە دوای ئـەوەی لـە ڕۆمانەكەیـدا پەردەی لەسەر دزێوییەكانی سیستمی كۆیلایەتی هەڵماڵیو كارەساتەكانی ئـەو سیـستمەی ئاشكرا كرد كە چۆن دەبنە هـۆی گەنـدەڵبوونی كۆمەڵگـەو پەیوەندییـە مرۆڤایەتییـەكان، تـوانی ویـژدانی بەشـێكی زۆری خـەڵكی بەخەبـەر بهێنێتـەوەو وێنەیـەكی زینـدووی لـە تراژیدیای قولەڕەشەكان لە سایەی سیستمی كۆیلایەتیدا، خستە بەر دەمیان.

ڕۆمانی كوخەكەی مام تۆم، لەسەر كارەكتەرێكی سەرەكی ڕادەوەسـتێت كـە پیـاوێكی قولەڕەشەو ژیانی لە كۆیلایەتیدا بردوەتـە سـەر، بـەڵام ئـەم كۆیلایەتییـە، لەگـەڵ ئـەوەی هەڵگری زوڵمو ستەمو دڵڕەقی بووە، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە ئەوەی ئەم كاراكتـەرە لە بەها مرۆڤایەتیەكانو لە ئیمانی قووڵی بە برایـەتی نێـوان ئینـسانەكان هـەڵگری بـووە، تێك بشكێنێت. هارییت بیتـشەر سـتو، لـە میانـەی كارەكتـەری "مـام تـۆم"ەوە، ئـەو

نەهامەتیو ئێشوئازارانەی ئاشکرا کردووە کە قولەڕەشەکان دوچاری ببوون، هەموو ئەوانەی بە شێوازێکی ئەفسوناویو دیمەنی سەرنجڕاکێشو هێزێکی هونەریو ڕۆحی گەورە دەرخستووە، ئەوانە وایان لێ کرد ببێتە نووسەرێکی پلە یەك لە هەموو ئەدەبی جیهاندا. خوێنەرانو ڕەخنەگران خستیانە پلەی ڕۆماننووسە بلیمەتە گەورەکان، وەك "تۆلستۆی"و "دیکنز"و "بەلزاك". بگرە ڕۆمانی کۆخەکەی مام تۆم، لە ڕۆمانە گەورەکانی دیکەی جیهان سەرکەوتووتر بوو، بەوەی توانی کاریگەری لەسەر ئەمریکا هەبێتو کۆمەڵگەی ئەمریکی بە توندی هەژاندو ئاگری شەڕی تێدا بەرپا کرد، تاکو دواتر کۆمەڵگەی ئەمریکی بە وێنەیەکی تازەوە بێتە دەرەوە. ئەمەش دوای ئەوەی ئەو کۆمەڵگە تازەیە خۆی لە نەخۆشی کۆیلایەتیو دابەشکردنی خەڵکی بە نارەوا بۆ کۆیلەو ناکۆیلە، پاك کردەوە.

بەم شێوەیە مێژووی سەرەتای بلیمەتیی خانم "هارییت" بە زللەیەك دەستی پێکرد کە هێشتا منداڵێکی بچووك بوو. دوای ئەوە نهێنییەکانی خودی خۆیو بەهرەکەی شاردەوە، تاکو توانی لە تەمەنی ٤٠ساڵیدا ڕۆمانە گەورەکەی تەواو بکات، ئیدی بلیمەتییەکەی بە بەهێزترین شێوە دەرکەوتو توانی ژیانی میللەتەکەی بهەژێنێتو کێشەیەکی گەورەی بخاتە بەردەم. توانی بە شێوازێکی هونەریی جوانو بڵند بەرگری لە پرنسیپێکی مرۆڤانەی نەجیب بکات، ئەویش یەکسانیی نێوان خەڵك کە لە دایکیانەوە بە ئازادی لەدایك بوون. زوڵمو ستەم هەوڵی دا لە شێوەی وێنەیەکی دزێو، وێنەیەك لە پەژارەو نەهامەتیو سوکایەتیکردن بە کەرامەتی مرۆڤ، هەندێ لە مرۆڤەکان بکاتە کۆیلەی هەندێکی دیکەیان.

خانم هارییت دوای ئەوەی لە کۆمەڵگەکەیداو لە هەموو جیهاندا، گەشتە بەرزترین پلەی کاریگەربوونو ڕێزو ستایش، ساڵی ١٨٩٦ لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. ڕۆمانەکەی تا ئێستاش شوێنی ڕێزو خۆشەویستیو چێژو سەرسوڕمانە. لە

ساتەوەختی دەرچوونیەوە لە ساڵی ١٨٥٢ تا هەنووکە نزیکەی ٤٠ ملیۆن دانەی لێ چاپ کراوە. بەمەش ئەم ڕۆمانە دەگمەنە شاکارێکی ئەدەبیی نەمرە. ئەم ڕۆمانە توانی بە جوانییەکەی‌و بە ڕاستگۆییەکەی خراپترین نەهامەتی مرۆڤ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەناوبەرێت، ئەویش لەناوبردنی سیستمی کۆیلایەتی بوو. گەرچی ئامانجی کۆمەڵایەتی ڕۆمانەکە بە تەواوی بەدی هات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانەکە هیچ شتێکی لە بەها ئەدەبی‌و هونەرییەکەی خۆی لەدەست نەداوە، وەك گۆرانییەکی خۆش لەدڵی نەوە دوای نەوە ماوەتەوە.

ئەم ڕۆمانە لەلایەن نووسەری خوالێخۆشبوو "حسێن قەبانی" بە شێوەیەکی نایاب‌و بە تەواوی کراوە بە عەرەبی، ئەوەی دەیەوێ لەززەت لە هونەرەکەی‌و بیرۆکە مرۆڤدۆستانە بەرزەکەی ئەم ڕۆمانە وەربگرێت، با بگەڕێتەوە بۆ ئەو وەرگێڕانە.

# لەسێدارەدان

# تۆمەتەکەش ئەوەیە شاعیرە



فدریکۆ گارسیا لۆرکا

ئەوە ساڵی ١٩٣٦ بوو، بەدروستی لە هاوینی ئەو ساڵەدا بوو، لەو سەردەمەدا ئیسپانیا لەژێر سایەی حومکڕانی (بەرەی میللی)دا دەژیا کە پێکهاتبوو لە دیموکراتەکانو سۆشیالیزمەکان، واتە پێکهاتبوو لەوانەی بانگەشەی ئازادیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان دەکردو بەرگرییان لە مافی زۆرینەی هەژارو کرێکارو جوتیارو فەرمانبەرە بچووکەکان دەکرد، بەرگری لە هەموو ئەوانەی بە ئارەقی ناوچەوانیان پارچە نانێك پەیدا دەکەن، نەك بە چەوساندنەوەی خەڵکانی دیکە.

لەو سەردەمەدا کۆماری ئیسپانیا، لە لایەن ڕای گشتیو ڕۆشنبیرە سەربەخۆکانی ئەوروپاو ئەمریکاوە، جێگای ڕێزو ستایش بوو. کۆمەڵێك لەو ڕۆشنبیرانە کە پاڵپشتی کۆماری میللی ئیسپانیایان دەکردو سەرسام بوون پێیو دواتر دەبنە ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی هونەرو ڕۆشنبیری ئەوروپاو ئەمریکادا، یەکێك لەوانە "ئارنست هێمنگوای" بوو کە لە پەنجاکاندا گەورەترین ڕۆماننووسی ئەمریکا بوو. یەکێکی دیکە هونەرمەندی ئیسپانیو جیهانی "بیکاسۆ" بوو کە دەڕوات بۆ پاریسو لە سەدەی بیستەمدا دەبێتە گەورەترین هونەرمەندی شێوەکار. یەکێکی دیکە لەو ڕۆشنبیرانەی لایەنگری کۆماری میللی ئیسپانیا بوو، ڕۆماننووسی گەورەی فەرەنسا "ئەندرێ مالرۆ" بوو کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمداو لە سەردەمی حکومەتەکەی "دیگۆڵ"داو بۆ ماوەی دە ساڵی بەردەوام لە ١٩٥٩ تا ١٩٦٩ دەبێتە وەزیری ڕۆشنبیری. جگە لەوانە چەندین هونەرمەندو ڕۆشنبیری دیکەی گەورە هەبوون کە لەگەڵ کۆماری میللی ئیسپانیا

ڕاوەستانو پشتگیرییان دەکردو پێیان وابوو نمونەیەکی زیندووە بۆ ئەو سیستمە سیاسییەی کە دادپەروەریو ئازادی، یان سۆشیالیزمو دیموکراتی، پێکەوە کۆدەکاتەوە.

هەموو ئەو ڕۆشنبیرانەی سەرەوە لە ئیسپانیا ژیاون، تەنانەت ئەوانەشیان کە لە ئەمریکا، یان لە فەڕەنسا، یاخود لە ئینگلتەرە، یان لە ئەمریکای لاتینییەوە هاتبوون. هەموویان لە وڵاتەکانی خۆیانەوە هاتبوون تاکو یارمەتی مەعنەویو مادیی کۆماری میللی ئیسپانیا بدەن. چونکە ئەوان دەیانزانی ئەم کۆمارە دووچاری قەیرانی کوشندە دەبێتو دوژمنێکی زۆری هەیەو دەیانەوێ بیڕوخێننو لەناوی بەرن. لە ڕاستیدا کۆماری میللی ئیسپانیا سەلامەت نەبوو، چونکە لەو سەردەمەدا هێتلەر لە ئەڵمانیاو مۆسۆلۆنی لە ئیتالیاو هەموو دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکانی ئەوروپای ڕۆژئاواو ئەمریکا، هەر هەموو ئەوانە دژایەتی کۆماری میللی ئیسپانیایان دەکرد، پارەیان دەبەخشییەوەو پیلانیان بۆ لەناوبردنی ئەم کۆمارە دەگێڕا. هیچ کەسێك لەوانە ئامادە نەبوو ڕازی بێت بەوەی کۆمارێکی میللی لە ئیسپانیا، کە بەشێکی گرنگو بەنرخی ئەوروپای ڕۆژئاوایە، بێتە ئاراوە. چونکە سەرکەوتنی ئەم کۆمارە ئیسپانییە، مانای وایە پەتاکەی بگوێزرێتەوە بۆ دراوسێکانی لە ئیتالیاو فەڕەنسا. دەوڵەمەندانی ئەوروپاو ئەمریکا ئامادە نەبوون ڕازی بن بەوەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە، ڕووبەڕووی بانگەشەی ئازادیو دادپەروەریو سەروەریی چینە میللیە هەژارە بەرهەمهێنەکان ببنەوە، کە لە ئیسپانیادا گەشتبوونە دەسەڵات، ئیسپانیا بەوە ببووە نمونەیەکی سیاسی زۆر سەرنجڕاکێش بۆ میللەتانی دیکەی ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەمریکای لاتین.

ئیدی دەستکرا بە دارشتنی پیلانەکان...

پیلانەکان سەریان گرت...

لێرەوەو لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوەو بە ڕابەرایەتی جەنەڕاڵی ئیسپانی "فرانشیسکۆ فرانکۆ" لە ١٨ ی تەموزی ساڵی ١٩٣٦، کۆماری میللی ئیسپانیا ڕوخا.

وەلیٚ کۆماری میللی هەروا بە ئاسانی خۆی نەدا بەدەستەوە، بگرە بـەرگری کـرد. بـەمجۆرە (شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا) دەستی پێکردو سیٚ ساڵی خایاند، لە ساڵی ۱۹۳٦ بـۆ ۱۹۳۹، خوێنێکی زۆری تێدا ڕژاو قوربانییەکانی گەیشتە نزیکەی یەك ملیۆن مرۆڤ. ئەم شەڕە بـە سەرکەوتنی جەنەڕاڵ "فرانکۆ" کۆتایی هات، لەم شەڕەدا هیٚتلەر و مۆسـۆلۆنی یارمـەتیو کۆمەکیٚ زۆریان بە "فرانکۆ" بەخشی.



فرانكۆ

بەڵام ئەوەی لەم مەسەلەیەدا سەیرە، ئەوەیـە فرانکـۆ لـەم شـەڕەدا پـشتی بـە هێزێکـی سـەربازی مـەغریبی بەستبوو کە ژمارەیـان ٥٠ هـەزار سـەرباز بـوو، لـەژێر سەرکردایەتی ئەفسەرێك بەناوی "محەمەد مزیـان"، ئـەم ئەفسەرە تا کۆتایی وەك هـاوڕێیو کەسـێکی نزیـك لـە "فرانکۆ"و وەك پاسـەوانی مایـەوە. هـاوڕێمو شـاعیری گەورەی عێراق خوالێخۆشبوو "شەفیق کەمالی" کـە لـە حەفتاکاندا باڵیۆزی عێراق بوو لە ئیسپانیا، بۆی باس کردمو پێـی وتم کـاتیٚ لـە ئیـسپانیا بووەتە باڵیۆز، فرانکۆ پێی وتووە: ئیسپانیا دووجار قەرزاری عەرەبە، یەکـەمیان بـە هـۆی ئەو شارستانیەتە گەشە کردووەوەیە کە عەرەب لە ئیـسپانیا دروسـتی کـردووەو تـا ڕۆژی ئەمڕۆ شوێنەوارە مەزنەکـەی ماوەتـەوە، وەك کۆشـکی سـوور. نهـێنی هـاتنی مـەلایین گەشتیار کە ساڵانە سـەردانی ئیـسپانیا دەکـەن، هۆکارەکـەی پاشمـاوەی شـوێنەواری ئـەم شارستانییەتە عەرەبییەیە، ئەمەش داهـاتێکی بنەڕەتییـە لـە ئـابوریی ئیـسپانیدا. بـەڵام جاری دووەم کە عەرەب ئیسپانیای ڕزگار کردووە، بەپێی قسەی فرانکـۆ، ئەوەیـە کـە لـە ئـەزمونی شـەڕی نـاوخۆدا خـۆی دەنـوێنیٚ. "فرانکـۆ" لـەم شـەڕەیدا دژ بـە ئیـسپانییە کۆمارییەکان، بەهۆی پاڵپشتی سەربازە مەغریبییەکانەوەو لەژێر سـەرکردایەتی "محەمـەد مزیان"دا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

سەرکەوتنی یەکجارەکی فرانکۆ لە نیسانی ساڵی ١٩٣٩دا، دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند، لەو بەروارەوە تاکو مردنی لەساڵی ١٩٧٥دا، بە شێوەیەکی دیکتاتۆریانە حوکمی ئیسپانیا بکات. ئەو کاتێ کۆچی دوایی کرد تەمەنی ٨٣ ساڵ بوو، واتە ٣٦ ساڵی ڕەبەق بە بەردەوامی حوکمی ئیسپانیای کردووە. فرانکۆ لە میانەی تاقە حیزبێکەوە کە بریتییە لە حیزبی "الفالانج" یان حیزبی "الکتائب" حوکمی وڵاتەکەی کردووە. ئەمەش هەمان ئەو حیزبەیە کە ڕابەری لوبنانی "بییر الجمیل" دەیویست لاسایی بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە لە لوبناندا حیزبێکی بەناوی "الکتائب" دامەزراندو تا ڕۆژی ئەمڕۆش ماوەتەوە. فرانکۆ چاوی لە هێتلەر و مۆسۆلۆنی کرد بەوەی خۆی کردە ڕابەرو باوکی ئیسپانیاو خۆی ناونا "الکودیللۆ" واتە ڕابەری نەتەوە، وەك ئەوەی هێتلەر خۆی ناونا "فۆهرەر" واتە ڕابەرو "مۆسۆلۆنی"یش خۆی ناو نا "الدوتشی" کە وشەیەکی ئیتالییەو ماناکەی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مانای وشەی فۆهرەری ئەڵمانیو وشەی الکودیللۆ ی ئیسپانیدا نییە.

دەبوایە دوای جەنگی جیهانی دووەمو پاش ئەوەی هەردوو ڕژێمی هێتلەر و مۆسۆلۆنی ڕوخانو هەرەسیان هێنا، ڕژێمی فرانکۆش بڕوخێو هەرەس بێنێت، بەڵام فرانکۆ زۆر وریا بوو، بۆیە لە کاتی جەنگەکەدا بێلایەنی ئیسپانیای ڕاگەیاند. ئەمەش لە هەمان چارەنووسی هەردوو هاوڕێکەی کە خاوەنی چاکەو باشە بوون بۆی، ڕزگاری کرد. وەلێ ڕژێمی فرانکۆ لە مێژووی خۆیداو لە چرکەساتی یەکەمی کودەتا سەربازییەکەوە لە ١٨ ی تەموزی ساڵی ١٩٣٦ دژ بە کۆماری ئیسپانیا، دوژمنی هونەرو فیکرو ڕۆشنبیری بووە.

یەکەم تاوانی گەورە کە لایەنگرانی فرانکۆ ئەنجامیان دا، بریتی بوو لە کوشتنی شاعیری مەزنی ئیسپانیا لۆرکا، کە ناوی تەواوەتی "فردریکۆ گارسیا لۆرکا"یە. ئەم تاوانە تا کۆتایی ڕژێمی فرانکۆ وەك لەکەیەك بەدوایەوە بوو، هەروەها تاکو ڕۆژی ئەمڕۆشمان ماوەتەوە. ئەم تاوانە لای هەموو مێژوونووسە ئازادیخوازەکان، پەڵەیەکی

گەورەی خوێنە بە تەوێڵی فرانکۆ و ڕژێمەکەیەوە، هەر لە ساڵی ١٩٣٦ کە سەرکەوتن بەسەر کۆمارییەکانی ئیسپانیادا تا ڕۆژی مردنەکەی لە ساڵی ١٩٧٥.

لۆرکا ی شاعیر لە ساڵی ١٩٣٦دا تەمەنی ٣٨ ساڵ بوو، ئەو لەدایکبووی ساڵی ١٨٩٨ بوو. ئەم شاعیرە بە شیعرە جوانو خۆشو ڕاستگۆکانی، دڵو دەروونی هەموو هاوسەردەمەکانی داگیر کردبوو. ئەو لەناو هەموو شاعیرەکانی سەردەمەکەیدا، بەوە جیا دەکرایەوە کە ڕەگ و ڕیشەی شیعرەکانی لە شیعرە میللیەکانی ئیسپانیاوە وەرگرتبوو، نەك لەو کاریگەرییە هونەرییانەی لە پاریس یان لەندەن یاخود لە پایتەختەکانی دیکەی ڕۆژئاواوە دەهاتن. شاعیری مەزنی چیللی "بابلۆ نیرۆدا" لە یادەوەریەکانیدا، وەسفێکی شاعیری ئیسپانی "لۆرکا"ی هاوڕێیمان بۆ دەکات کە لە ساڵی ١٩٣٣ لە ئەرجەنتین یەکتریان ناسیوە، واتە پێش لە سێدارەدانی لۆرکا بە سێ ساڵ. ئاخۆ نیرۆدا سەبارەت بە لۆرکای هاوڕێی دەڵێ چی؟ نیرۆدا دەڵێ:

"هیچ شاعیرێکم نەدیوە وەك ئەو وزەو بلیمەتی، پێکەوە تێدا کۆ بووبێتەوە. دڵێکی گڕگرتوو تاڤگەیەکی ڕوون. لۆرکا لە سروشو ئیلهامیدا دەست-بڵاو بوو، ناوەندێك بوو لە ناوەندەکانی دڵخۆشیو وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار بۆ خۆشبەختی ژیان دەدرەوشایەوە. ئەو زاناو کەسێکی گاڵتەئامێزو ڕۆح-سووك بوو. لەیەك کاتدا مرۆڤێکی جیهانیو لادێییەکی خۆماڵی بوو، مۆسیقارێکی لێهاتوو بوو، ئەکتەرێکی نایاب بوو، درەوشاوەو خانەدان بوو، ئەو پوختەی سەدە جیاواز جیاوازەکانی ئیسپانیا بوو، ترۆپکی گەشەکردنی میللی بوو، ئەو بەرهەمێکی عەرەبی ئەندەلوسی بوو، وەك باخچەیەك لە یاسەمین هەم ڕازاوە بوو هەم بۆنی یاسەمینی لێ دەهات.. ئەو هەموو ئەوانە بوو. وای ماڵوێران خۆم، هەموو ئەو شتانە نەمان، ئاه و هەزار ئاه".

نیرۆدا لە یادەوەریەکانیدا ئا ئەوەی لەسەر لۆرکا نووسیوە، نیرۆدا لەکاتی کوشتنی لۆرکادا لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا، وەك کۆنسوڵی وڵاتەکەی (چیللی) دەست

بەکاربوو. پێش ئەوەی بە دوورو درێــژی باســی چــیرۆکی لەســێدارەدانەکەی لۆرکــا لەســەر دەستی هێزەکانی فرانکۆ بکەین، لەسەر هەندێ لە سیمای کاراکتەرە هونەرییەکــەی لۆرکــا ڕادەوەستین.

لۆرکا لە خێزانێکدا هاتە دنیاوە زۆر دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام گوزەرانیــشیان بــاش بــوو. باوکی لە شاری غەرناتە کێڵگەیەکی گەورەی هەبوو، لۆرکا لە گەنجیدا لەو قوتابییانــە نــەبوو کە لە خوێندندا زیرەكو دیار بوون، ئەگەرچی ئەو دوای زەحمەتێکی زۆر، توانی بڕوانامە لــە (ماف—حقوق)دا بەدەست بهێنێت. بەڵام هەر لە سەرەتای گەنجییەوە، بڕیــاری دابــوو خــۆی بۆ هونەرو تەنها هەر بۆ هونەر تەرخان بکات. ئەوەشــی یارمــەتی دا بــەم ئاراســتەیە کــار بکات، ئەوە بوو لە ڕووی مادییــەوە موحتــاج نــەبوو، پــشتی بــە یارمەتییــەکانی بــاوکی دەبەستو ئەو یارمەتییانەش بەشی دەکرد. چونکە ئــەو بــە شــوێن ژیــانێکی پــڕ کــەیفو سەفاو خۆشیدا نەدەگەڕا، بگرە هەموو ئەوەی ئەو دەیویست، ئــەوە بــوو ناچــار نــەبێت لــە کارە هونەرییەکەی دوور بکەوێتەوە.

بەهرەی سەرەکیی لۆرکا شیعر بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا مۆســیقارو وێنەکێــشیش بــوو، هەروەها ئەکتەرێکی پلە یەکیش بوو، هونەرمەندێکی شانۆکار بــوو، چــەندین شــانۆگەریی نووسیوە کە لە ئێستادا بە کارە هونەرییە هەرە مەزنەکانی شــانۆی جیهــانی ســەردەمییانە دادەنرێن. لە کارە شانۆییەکانی "زەماوەندی خوێن"، "ماڵی برنــاردا ئــەلبا"، "یــەرما"، "ماریانا"و چەندین شانۆگەریی نایابی دیکە.

بەشی زۆری ئەم شانۆگەریانە وەرگێــڕراون بــۆ عــەرەبی، هەنــدێکیان لــە شەســتەکانی سەدەی بیستەمداو لەسەر شانۆکانی قاهیرە نمایشکراون، وەك شانۆگەری "یەرما"و "ماڵی برناردا ئەلبا"و کارە شانۆگەرییە جوانەکانی دیکەی. لۆرکا تیپێکی شانۆیی دروست کــردو لەگەڵیدا بە هەموو ناوچەکانی ئیسپانیادا گەڕا، لە میانەی تیپە شانۆییەکەیەوە کە هــەموو

کارە شانۆییەکانی خۆی بۆ ئەم تیپە دەنووسی، سەرکەوتنێکی میللی مەزنی بەدەست هێنا.

یەکێك لەو ڕەگەزە سەرەکیانەی وای کرد کارەکتەری هونەری لۆرکا جیاوازییەکی ڕوونو ئاشکرای هەبێت، ئەوەبوو لۆرکا بایەخێکی گەورەی بە گۆرانییە میللیەکانی باشووری ئیسپانیا دەدا. ئەم گۆرانییانە ئەو کەلتوورەیە کە لە شارستانیەتی عەرەبی ئەندەلوسی ماوەتەوە، لەگەڵ گۆرانی قەرەجەکانو هەموو ئەو هونەرە میللییە ڕەسەنانەی دیکە کە ژینگەی باشووری ئیسپانیا بەرهەمی هێناوە. ناوچەی باشووری ئیسپانیا بەوە جیا دەکرێتەوە ناوچەیەکی کشتوکاڵییەو جوتیاریشی زۆرەو دوورە لە کاریگەری ئەورووپاوەو ئەوەی لە فەڕەنساو ئیتالیاو وڵاتانی دیکەی ئەورووپاوە دێت. هەروەها لە ڕۆژئاوای مەغریبەوە نزیك بوو، باشووری ئیسپانیا دواهەمین ناوچە بوو عەرەبەکان بەجێیان هێشت، بۆیە عەرەبەکان کاریگەرییەکی گەورەی ڕۆشنبیریو هونەرییان لەوێ هەبوو، تا ئێستاش ماوەتەوە.

لۆرکا گەشتێکی فراوانی بەناو هەرێمەکانی باشووردا ئەنجام دا، ئەمەش بۆ ئەوەی گۆرانییە میللیەکان کۆ بکاتەوەو لەسەر کاسێت تۆماریان بکات. ئەو لەبەرئەوەی ئەم گۆرانییانەی لە دەمی هونەرمەندانو گۆرانیبێژە میللییەکانەوە کۆدەکردەوە، بۆیە تێکەڵەیەکی جوان بوو لە شیعرو مۆسیقاو گۆرانی. کاریگەری ئەم گۆرانییانە بەسەر لۆرکاو شیعرەکانیەوە گەورە بوو، تەنانەت هەندێك کەس بە لۆرکایان دەگوت بولبولەکەی ئەندەلوس، چونکە زۆر بە توندی کەوتبووە ژێر کاریگەی کەلتووری ئەندەلوس لە باشووری ئیسپانیا.

لۆرکا لە ساڵی ١٩٢١و لە تەمەنی **٢٣** ساڵیدا یەکەم دیوانی بە ناونیشانی "گۆرانیی قەرەج" بڵاو کردەوە، ئەم دیوانە جوانە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناو خەڵکی بە شێوەیەکی بەرفراوان پێشوازییان لێ کرد، تەنها ڕۆشنبیرانو ئەدیبان بایەخیان بەم دیوانە

نەدا، بگرە کاریگەریی ئەم دیوانە خەڵکی سادەو خاکیشی گرتەوەو شیعرەکانی لۆرکا بوون بەو گۆرانییانەی بەشی هەرە زۆری جوتیارەکان، لە لادێکانی ئەندەلوسدا یان لە باشووری ئیسپانیادا لەبەریان بوو. بەشێك لەوانەی ئەم شیعرانەیان لەبەر بوو، خەڵکی نەخوێندەوار بوون‌و خوێندن‌و نووسینیان نەدەزانی، بگرە تەنانەت نەیاندەزانی ئەم شیعرانە شیعری لۆرکان، شیعرەکان لای ئەوان هونەرێکی جوانەو نزیکە لە دڵیانەوە، گەرچی هیچ شتێك دەربارەی دانەرەکەی نازانن، بگرە تەنانەت ناویشی نازانن.



سلڤادۆر دالی

لۆرکا بە ڕوون‌و ئاشکرایی کەتبووە ژێر کاریگەری "مۆشەحاتی ئەندەلوسی"یەوە کە لە شیعری عەرەبیدا ناسراوە، ئەمە وای کرد هەندێك بڵێن هیچ گومانی تێدا نییە لە دەمارەکانی لۆرکادا خوێنێکی عەرەبی هەیە. لۆرکا لە شیعرەکانیدا گرنگییەکی زۆری بە ڕەنگ داوە، بۆیە لە شیعرەکانیدا گوزارشتی لە ڕەنگێکی زۆر کردووەو بەکاری هێناون، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لۆرکا وێنەکێش بووەو هاوڕێیەتیەکی قووڵیشی لەگەڵ گەورە وێنەکێشەکانی نەوەی سەردەمەکەیدا هەبووە، لەوانە بیکاسۆ و سلفادۆر دالی. ئەو زۆر لەم دوو وێنەکێشە مەزنەوە نزیك بوو، بەشی زۆری کاتەکانی لەگەڵ ئەواندا بەسەر دەبرد، هەمیشە لەلایەن ئەو دوانەوە شوێنی ڕێزو خۆشەویستی بووە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە خۆشەویستی‌و شەیدابوونی بۆ ڕەنگ، دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدانی بە جوتیارەکان‌و خۆشەویستییە گەورەکەی بۆ ناوچە کشتوکاڵییەکان کە پڕن لە ڕەنگی بریسکەدارو جوان، لە سەرو هەموویانەوە ڕەنگی سەوز

کە شوێنێکی بنەڕەتیی لە شیعرەکانی لۆرکادا داگیر کردووە. لێرەوە بە هۆی ئـەوەی لۆرکـا ڕەنگی زۆر خۆش ویستووە، هەندێ لە ڕەخنەگرەکان نازناوێکی جوانیان لێ ناوە کە بریتییـە لە شێتی ڕەنگەکان.

ئەم شاعیرە جوانو خانەدانە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بایـەخی بـە سیاسـەت نـەداوە، هەرگیز پەیوەست نەبووە بە هیچ حیزبێك لە حیزبەکانەوە. ڕەخنـەگری فەڕەنـسی "ئارمـان جیبیر" کە هـەم هـاوڕێی لۆرکـا بـووەو هـەم یـەکێك بـووە لەوانـەی سەرسـام بـووە بـە هونەرەکەیو بە کەسێتیەکەی، لە بارەی لۆرکاوە دەڵێ:

"لۆرکا زۆر پاك بوو، گوێی بـە هـەواو هەوەسـە ناپەسـەندەکان نـەداوەو دوورو نزیـك گرنگـی بـە سیاسـەت نـەداوە. تەنانـەت مرۆڤـ ئەگـەر لـە هـەموو بەرهەمەکانیـدا بـۆ ئاماژەیەکی بچووك بگەڕێت کە بۆنی حیزبی-بوونی لێ بێت، ئەوا بە هیچ جۆرێك شـتێکی لەو شێوەیە نادۆزێتەوە. هیچ کەسێك لە بەرەی ئەوانەی لەسێدارەیان دا، ناتوانێت بلـێ ئـەو سەر بە حیزبێکی دیکە بووە جگە لە حیزبی شیعر. ئـەو هەمیـشە لـە بـەردەم کارەسـاتە گەورەکانی کۆمەڵگەکەیدا، بەچاوی منداڵێکی واق-وڕماو و بێبەری ڕاوەستاوە".

یەکێك لە هاوڕێ شاعیرە ئیسپانیەکانی لەبارەیەوە دەڵێ:

"ئێمە هەموومان دەکەوتینە شوێنی، چـونکە ئـەو بـۆ ئێمـە وەك جـەژن وابـوو، ئـەو خۆشی بوو".

بیروڕای لۆرکا سەبارەت بە هونەر ڕوونو ئاشکراو ڕاشکاوانەیەو دەڵێ:

"مرۆڤێکی ڕاستەقینە نییە باوەڕی بەم قسە بێمانایە بێت کە بە ناوی هونەری تایبـەت یان هونەر بۆ هونەر دەکرێت، پێویـستە لەسـەر هونەرمەنـد لەگـەڵ میللەتەکـەی بگـریو پێبکەنێت".

گەرچـی لۆرکـا دوور بـوو لـە سیاسـەتەوە، بـەڵام ئـەوە مانـای ئـەوە نییـە لـە نیشتیمانپەروەرییەوە دوور بووبێت، یـان لـە خۆشەویـستیی میللەتـەوە دوور بووبێـت کـە

ئینتیمای بـۆی هـەبوو، ئـەویش میللـەتی ئیـسپانیایە. بـە پێـچەوانەوە، لۆرکـا زۆر لـە میللەتەوە نزیك بوو، میللەتی زۆر خۆش دەویست، پەیوەندییە ڕۆحییەکەی بـە میللەتـەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بوو، واتە ئەو پشتی بە هۆکارەکانی وەك حیزبـەکانو ڕێخراوەکـان یان تیۆرە سیاسییەکان نەدەبەست. ئەو بە قەڵەمەکـەیو بـە ڕۆحـیو بـە خۆڕسـکیو بـە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بە میللەتەکەیەوە پەیوەستبوو. "لۆرکا" سەبارەت بە خۆی دەڵێ:

"من هەرگیز نابم بە سیاسی، من شۆڕشگێڕم، هیچ شاعیرێکی ڕاستەقینە نییە ئەگـەر شۆڕشگێڕ نەبێت".

لەم بوارەدا گرنگترین کارەکانی، شانۆگەرییە نایابەکەی "ماریانـا"یـە، ماریانـا خانمـە پاڵەوانێکی ناسراوی ئیسپانییە، وەك "جان دارك"ی فەڕەنسا. ماریانـا سـەربازەکانی "شـا فێردیناندی حەوتەم" کوشتیان، پاشا دژ بەو ئازادیخوازانە دەجـەنگا کـە لـە سـاڵی ١٨٣١ شۆڕشیان لەدژی بەرپا کردبوو، ماریانا لەو کاتەدا لە نزیك پەنجەرەی ماڵەکەیدا دانیـشتبوو، ئاڵایەکی بۆ شۆڕشگێڕەکان دەچنی، بـە دەرزییەکـەی دەسـتی دورشمـەکانی شۆڕشـی ئـەو سەردەمەی، لەسەر ئاڵاکە دەنووسییەوە کە بریتیبـوون لـە "یاسـا، ئـازادی، یەکـسانی". سەربازەکانی پاشای زاڵـمو سـتەمگەر پێیـانزانیو بۆیـان دەرکـەوت ماریانـا لایـەنگری شۆڕشگێڕەکانە، بۆیە دایانە بەر ڕێژنەی گوللەو کوشتیان. لۆرکا لە شیعرێکیدا بەم شـێوەیە وەسفی کوشتنەکەی دەکات:

ئەگەر منیان کوشت

خۆشەویستەکەم دێت بۆ ئەوەی لە تەنیشتمەوە بمرێ

ئەو ئێوارەیەکیان وای پێ گوتمو قژمی ماچباران دەکرد

ئەمەیـە لۆرکـای هونەرمەنـدە جـوانو سـیحراوییەکە کـە دوورە لـە کـاری سیاسـیی ڕاستەوخۆوە، ئەی ئاخۆ سەربازەکانی فرانکۆ بۆچی کوشتیانو لەبەرچی لەسێدارەیان دا؟

لۆركا لە مەدرید بوو، گەرچی هەندێ لە هاوڕێكانی ئامۆژگارییان كرد سەفەر نەكات بۆ غەرناتە، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی سەفەر بكاتو بڕوات بۆ لای باوكی كە لە كێڵگەكەیدا بوو. لۆركا دەیویست لەو بارودۆخە سەختەی ئیسپانیادا، نزیك بێت لە باوكییەوە. لۆركا لە ١٨ تەموزی ساڵی ١٩٣٦ گەیشتە غەرناتە، ئەوە هەمان ئەو ڕۆژەیە كە تێیدا فرانكۆ كودەتا سەربازییەكەی دژ بە كۆماری میللی ئیسپانیا ڕاگەیاند. لە ڕۆژی ١٩ تەموزداو دوای یەك ڕۆژ لە كودەتا سەربازییەكە، هێزەكانی فرانكۆ پەلاماری شاری غەرناتەیان داو داگیریان كرد، پارێزگاری غەرناتە مێردی خوشكی لۆركا بوو، سەربازەكان گرتیانو لەسێدارەیان دا. لۆركا تا ئەو كاتە پێی وابوو كەس ناتوانێت دەستی بۆ درێژ بكاتو دەیگوت: "من شاعیرمو شاعیرەكان ڕووبەڕووی كوشتن نابنەوە".

لۆركا پێی وابوو لەم فەوزاو پەشێوییە گەورەیەدا، دووركەوتنەوەی لە سیاسەتو گرنگیدانی بە هونەر، زامنی سەلامەتیی ئەو دەكەن. یەكێك لەو شاعیرانەی هاوڕێی لۆركا بوو، بە باوكی لۆركا ی گوت:

"ئەگەر تاقە یەك مرۆڤ هەبێت ئاگری شەڕی بەرنەكەوێت، ئەوا لۆركایە".

لۆركا تەواوێك دڵنیا بوو چونكە هیچ خراپەیەكی بۆ وڵاتەكەی نەبووە، بگرە وڵاتەكەی دڵخۆش كردووە. ئەو پێی وابوو هەموان خۆشیان دەوێتو هەموان ئاگاداری دەبن. ئەمە هەمان بیروڕاو تێڕوانینی هەندێ لە هاوڕێكانیشی بوو. وەلێ هەندێ هاوڕێی دیكەی دەیانزانی دڕندەیی فرانكۆ هیچ جیاوازییەك ناكات لەنێوان باشەو خراپەو هەموو شتێكی بەردەمی خۆی ڕادەماڵێت. هەر ئەمەش بوو ڕووی دا.

ژمارەیەك لە سەربازو ئەفسەری فرانكۆ پەلاماری لۆركایان داو دەستگیریان كرد، گەرچی ئەوماڵی باوكی جێهێشتبوو، لە ماڵی لویس ڕۆسالس-ی شاعیر خۆی شاردبووەوە. ڕۆسالسو خانەوادەكەی پەیوەندییەكی باشیان بە هێزەكانی كودەتا سەربازییەكەو حیزبی "كەتائیب"ەوە هەبوو كە فرانكۆ سەركردایەتیی دەكرد. كەچی

سەربازو ئەفسەرە دڕەندەکانی فرانکۆ لە مـاڵی ڕۆسـالس-ی هـاوڕێی دەسـتگیریان کـردو هەوڵەکانی ئەم هاوڕێیەی بۆ ڕزگارکردنی لە چنگی گورگەکان، سـەری نـەگرتو شکـستی هێنا.

ئیدی لۆرکا لـە ١٦ ئـاب تـاکو ٢٠ ئـابی سـاڵی ١٩٣٦ خرایـە زیندانـەوە، ئەوانـەی دەستگیریان کرد بە تۆمەتی: "سیخوڕ- جاسوسو بە تۆمەتی ئەوەی شـیعرەکانی ئەوەنـدە زەرەرو زیانیان بە ئیسپانیا گەیاندووە، نە دەمانچەکانو نە بۆمباکان ئەوەندە زەرەو زیانیان نەگەیاندووە".

ڕۆژی ٢٠ ئاب لۆرکا لەگەڵ ژمارەیەك لە گیراوەکـانی دیکـەدا بـران بـۆ شـوێنێك لـە دەرەوەی غەرناتە، لەوێ، لەگەڵ گیراوەکانی دیکەدا، درانە بەر دەسترێژی گوللـەو کـوژران، هەموویان لەناو چاڵێکدا نێژران کە وەك گۆڕێکی بەکۆمەڵ وابوو. لەبەر ئەوە هـیچ کەسـێك تەرمەکەی نەدۆزییەوە، چونکە کوژراوەکان زۆر بـوونو زەحمـەت بـوو تەرمەکـەی لـەوانی دیکە جیا بکرێتەوە.

بەم شێوەیە لۆرکا لە تەمـەنی ٣٨ سـاڵیدا لـە سـێدارە درا، تۆمەتەکـەی لای گورگـە مرۆڤەکانی فرانکۆ ئەوە بوو: ئەو شاعیرەو خـەڵکی خۆشـیان دەویـتو لـەژێر کاریگـەریی شیعرەکانیدان. یەکێك لە هاوڕێ ئەدیبەکانی لۆرکا دوای لەسێدارەدانی دەڵێ:

"فرانکۆ ڕژێمەکەی لەسەر کوشتنی لۆرکا دامەزراند، ئەمەش دەبێتە هـۆی ڕوخانـدنی، بە تەنها یادی شاعیر هێندەی سوپایەکی گەورەیە کە هەر دەبێ سەرکەوێت".

لە ڕاستیدا فرانکۆ بە درێژایی ٣٦ ساڵی بەردەوام حوکمی ئیسپانیای کـردو ڕژێمەکـەی نەڕووخا تەنیا دوای مردنی نەبێت. بەڵام هەمیشە خوێنی لۆرکـا پەڵەیـەکی ئابڕووبەرانەیـە بە تەوێڵی فرانکۆ وەو تا هەتاهەتایە هەر واش دەمێنێتەوە.

لۆركا لە چەند مانگی كۆتاییدا، بیری لە نووسینی شـانۆگەرییەكی سـەیر كردووەتـەوە، بەڵام نەینووسی چونكە لەسێدارەیان دا. پوختەی ڕووداوەكانی ئەم شانۆگەرییە سـەیرەی بـۆ یەكێك لە هاوڕێكانی باس كردبوو، ئەمە كورتەكەیەتی:

"لە قورتوبە جوتیارێكی گەنجی خۆشگوزەران دەژیا، ئەم جوتیارە مانگایـەكی هـەبووە كە بەزەیی پێدا هاتووەتەوەو تا بڵێی خۆشـی ویـستووە. ڕۆژێكیـان بـاوكی ئـەم جوتیـارە گەنجە، لەبەر ئەوەی كوڕەكەی ئەوەندە هۆگری ئەو مانگایەیەو خۆشـی دەوێـت، مانگاكـە دەفرۆشێت. جوتیارە گەنجەكە هەر هێندەی بەو كارەی بـاوكی دەزانـێ، دەڕوات بـۆ بـازاڕ، كاتێ مانگاكە كە لە پـشتی بەربەسـتێكەوە ڕاگـیراوەو كوڕەكـە دەبـینێ، بازێـك دەدات، كوڕەكە دەیگرێتەوەو پێكـەوە دەگەڕێنـەوە بـۆ گوندەكـە، بـاوكی كوڕەكـە كـە دەبینێـت مانگەكە سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە، دەیداتە بەر فیشەكو دەیكوژێت، جوتیارە گەنجەكە هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێت دەست دەداتە تەورێكو شێتانە باوكی دەكوژێت".

ئەم شانۆگەرییە تراژیدیایەكی سەیرو تونـدو تیـژە، ئـەوە ئاشـكرا دەكـات كـە لۆركـا هەستی پێ كردووە. لۆركا هەسـتی بـەو داڕوخـانو وێرانبـوونو شـێتیو نـەمانی سـۆزو پەیوەندییە مرۆڤایەتیەكان كردبوو كە لە وڵاتەكەیـدا (ئیـسپانیا) هـاتبووە ئـاراوە. ڕەنگـە ویستبێتی لە میانەی ئەم شانۆگەرییەوە كە نەیتوانی بینووسێت، بیری لـە پێـشكەشكردنی كارێكی شیعری ڕەمزی كردبێتەوە، تێیدا وێنەی ئەو چركەساتە هێستریایانە بگرێت كـە لـە هەندێ قۆناغی مێژوویدا، خەڵكی تێی دەكەونو پێیدا تێ دەپەڕن. باوكەكە لـە بەرامبـەر كوڕەكەیدا كەللە ڕەقەو ئازاری كوڕەكەی دەدا، كوڕەكەش باوكەكەی خۆی دەكوژێت. ئیـدی دونیا دەبێتە فەوزاو خاڵی دەبێت لە بەزەییو جوانیو هەستو سۆز.

هەر ئەمەش بوو لە ئیسپانیا ڕووی دا، كاتێ لۆركـای نـەجیبزادەیان بـە یـەك تۆمـەت لەسێدارە دا، تۆمەتی ئەوەی شاعیرەو خەڵكی خۆشیان دەوێـت. ئەگـەر فـەوزاو دڵڕەقـیو شێتی نەبوایە، ئەوا مرۆڤ نەیدەتوانی ئەم پاسارییە دەگمەنو جوانەی شیعر بكوژێت.

# دوو نموونه له نه‌وه‌یه‌کی ونبوو



سکۆت فیتز جیرالّد

ئەمریکا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی (١٩١٨-١٩٣٩)، کۆمەڵگەیەك بوو پڕ بوو لە زیندوویێتی، بەڵام لەهەمانکاتدا پڕ بوو لە قەیرانی یەك لەدوای یەك. بەناوبانگترین قەیران، قەیرانی ساڵی ١٩٣٠ بوو، لەم قەیرانەدا چەندین کارگە دەرگاکانی خۆیان داخست، چەندین دەزگای دارایی مایەپووچ دەرچوون، بە مەلایین کەس لە ئەمریکا توشی بێکاریو دەربەدەریو برسێتی بوون. ئەم کۆمەڵگەیە کە پڕ بوو لە سەروەتو سامانو توانای زۆرو زەوەند، خەریك بوو لە ناوەوە دەتەقییەوەو هێندەی نەمابوو کارەساتێکی گەورەی لە کارەساتەکانی مێژوو لێ بکەوێتەوە.

دروست ئا لەم سەردەمەدا مۆسیقای بەناوبانگی جاز دەرکەوت. ئەم مۆسیقا توندو خێرایە کە ڕەچەڵەکێکی ئەفریقی هەیە، نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ئەو قۆناغە سەختەی ئەمریکا. لەو سەردەمەدا مۆسیقای جاز، لە هەموو شوێنێکی سەر خاکی ئەمریکادا بڵاو دەبووەوە، لەسەر ئاوازی بەرزو توندی ئەم مۆسیقایە، هەموان بە مەستی، بگرە بە سەرشێتی سەمایان دەکرد. هەموان دەیانویست لە هەراو زەنای ئەم مۆسیقایەدا، خەمەکانی خۆیان بخنکێننو هەندێ دڵدانەوە بەدەست بهێنن، خەفەتە تایبەتییەکانیانو خەفەتی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیان، لەبیر بباتەوە.

هەر لەم سەردەمەدا، سەردەمی جازو قەیرانە ئابورییە کوشندەکە، نەوەیەکی نوێ لە ئەدیبەکانی ئەمریکا دەرکەوتن، ئەم نەوەیە کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخەی لە دەوروبەریان بوو، ئەمەش مەسەلەیەکی سروشتییە. چونکە ئەدەبی زیندوو، ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانەیە بۆ ئەو بارودۆخە مادییو ڕۆحییەی کە کۆمەڵگە پێیدا تێ

دەپەڕێت. ئەو ئەدیبە ئەمریکییە گەنجانــە، لــەو ســەردەمەدا هەســتێکی قوولێــان دەکــرد بەوەی ون بــوون. هــیچ هیوایــەکی ڕاســتەقینە لەناخیانــدا نــەبوو، خۆیــانی پێــوە بگــرن‌و گوزارشتی لێ بکەن. ئەو ئەدیبانە جگە لە شکست‌و بێ ئیشی‌و بێ پارەیی کە ڕووبــەڕووی زۆرێك لە خەڵکی ببووەوە، هیچی دیکەیان لە بەردەمدا نەبوو. لەنێو ئەم تاریکییەدا، تاقــە تروسکاییەك لە ڕووناکی هیواو خۆشبینی چییە بەدی نەدەکرا.

ژمارەیەکی زۆر لەم ئەدیبانە بەرەو ئەوروپا کۆچیان کرد، بە تایبەتی بــۆ پــاریس، بــەو هیوایەی لە پاریس کە پڕ بوو لە ڕوونــاکیی هونــەرو ڕۆشــنبیری، شــتێك لــە جێگیربــوون‌و ئاسودەیی دەروونی بدۆزنەوە، ئەمە دوای ئەوەی نــەیانتوانی لــە ئــەمریکای نیــشتیمانیان‌و شارە زۆرەکانی ئەو جێگیربوون‌و ئاسودەییە بــەدی بهێــنن. ژمارەیــەك لــەم ئەدیبــە گەنجــە ئەمریکییانەی ئەو سەردەمە، لە دەوری یەکێك لە خۆیان کە خانم "گروترود شــتاین" بــوو کۆبوونەوە. ئەم خانمە لە پاریس، ساڵۆنێکی ئەدەبی پرشنگداری دامەزراندبوو، هــەموو ئــەو ئەدیبە گەنجانە لەو ســاڵۆنەدا بەیــەك دەگەیــشتن، خــەونیان بــەوەوە دەبــینی لــەم ســاڵۆنە بەناوبانگەوە، یەکەم سەرەداو لە سەرەداوەکانی ســەرکەوتن لــە ئــەدەب‌و لــە ژیانــدا بگــرن بەدەستیانەوە.

"خانم شتاین" لە هەموان گەورەترو لە هەموان شارەزاترو بە ئەزمونتر بــوو، وەلــێ لــە ڕێگەی هەست‌و سۆزو بیرکردنەوەیەوە، ئینتیمای بۆ ئەو گەنجانە هەبوو. ئەویش هەستی بــە ونبوون‌و نەبوونی ئامانج دەکرد، ئەو نە خۆی دەخڵەتاندو نە ئەوانیش، بۆیــە نــاوی لــەوان‌و لەخۆی نا "نەوەیەکی ونبوو - الجیل الضائع". ئیــدی ئــەم ناولێنانــە، بــووە ناولێنــانێکی بەناوبانگ‌و تەنانەت لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبدا کە قسەو باس‌و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ماوەیە دەکات، دانی پێدا نراوە. دوان لە ئەستێرەکانی ئەو نەوە ونبووە ئەمانەن: یەکــەمیان "هێمنگوای"و دووەمیان "سکۆت فیتز جیراڵد"ە.

"هێمنگوای" توانی بەرهەڵستی فاکتەرەکانی نائومێدیو سەرنەکەوتن بکاتو بەڕووی کێشەو ناخۆشییەکاندا خۆڕاگر بێت، تا ئەو ماوە دژوارەی تێپەڕاند کە نەوەکەی لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا پێیدا تێ دەپەڕین. ئیدی هێمنگوای لە هونەرو لە ژیاندا سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ خۆی بەدی هێنا، ئەدەبەکەی لەسەر بیرۆکەی "ئەگەرێکی


هێمنگوای

مرۆڤانە- الاحتمال الانسانی" بۆ ناخۆشییەکانی ژیان دامەزراند، هیچ شتێك ناتوانێت ئەم ناخۆشییانە تێك بشکێنێت، تەنها "توانای تەحەمولکردن"و بەرگریکردنێکی مەعنەوی نەبێت کە لە ڕۆحو دڵی مرۆڤەوە هەڵقوڵابێت. هێمنگوای ساڵی ١٩٦١ کۆچی دوایی کرد، مردنەکەی وەك خۆکوشتن یان شتێك لە خۆکوشتن بچێت وابوو، فیشەکێك لەو تفەنگەی بەدەستیەوە بوو، دەردەچێتو لە جەستەیدا جێگیردەبێت، بەمەش کۆتایی بە ژیانی دێت. بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە هێمنگوای هەرگیز نەیتوانی خۆی لە نەهامەتی ئەو نەوەیە ڕزگار بکات کە ئینتیمای بۆی هەبوو، ئەگەرچی توانی بەرهەڵستی بکات، تا ئەو کاتەی تەمەنی گەیشتە ٦٣ ساڵ.

وەلێ ئەو ئەدیبە هونەرمەندەی کە بە شێوەیەکی تەواو بەرجەستەی نەهامەتیی نەوەی ونبووی ئەمریکای دەکرد، "سکۆت فیتز جیراڵد" بوو، ئەم ئەدیبە بە تەواویو بە توندی نەهامەتی نەوەکەی ژیاوە. ساڵی ١٨٩٦ لەدایك بووەو ساڵی ١٩٤٠ کۆچی دوایی

کردووە، ٤٤ ساڵەکەی تەمەنی لە نەهامەتی‌و ناخۆشیی بەردەوامـدا بردووەتـە سـەر، کـە دواجار لە هۆلیوود بە سەکتەی دڵ کۆتایی بـە ژیـانی هـات. ئـەو لـە سـاڵەکانی کۆتـایی ژیانیدا لە پایتەختی سـینەما (هۆلیـوود) دادەنیـشت، بـەکاری بـێ نـرخ‌و لاوەکـی، وەك پیاچوونەوەی سیناریۆکان‌و هەڵەبڕی کردنیان، بژێوی ژیانی پەیدا دەکرد. بەمـەش هەسـتی بە ونبون‌و نائومێدی زیاتر دەکـرد، چـونکەی دەیبـینی بلیمەتییـە هونەرییەکـەی بووەتـە شتێکی بێ-نرخ‌و بێ-بایەخ، ئەو ناچارە بۆ ئەوەی بژی لە پەراوێزی هونەرو ژیاندا بێت.

سکۆت فیتز جیراڵد، سەرەتای ژیانی ئەدەبی، لەو کاتەوە دەسـت پـێ دەکـات کـە لـە ساڵی ١٩٢٠ یەکەم ڕۆمـانی بـە ناونیـشانی "ئـەم لایەنـەی بەهەشـت" بـڵاو دەکاتـەوە، ئەوکات تەمەنی تەنها ٢٤ ساڵ بوو، ڕۆمانەکە سەرکەوتوو بوو، لە چەند مانگێکی کەمـدا ٤٠ هەزار دانەی بڵاو کرایەوە، دوای ئـەم ڕۆمانـە نـاوی "فیتـز جیراڵـد" لەسـەر هـەموو زمانێك بوو. لێرەوە ئەو سەرکەوتنەی خـەونی پێـوە دەبـینی هاتـە دی، بگـرە زیـاتر لـە خەونەکانی هاتە دی، ئەو هەموو ئاواتی ئەوە بوو لە ڕۆمانی یەکەمی ٢٠ هەزار دانە بـڵاو بکاتەوە، کەچی دوو هێنـدەی ئـەوەی ئـاواتی بـوو بـڵاو کرایـەوە. "فیتـز جێراڵـد" لـەم سەرکەوتنەی یەکەمیدا، هەژدە هەزار دۆلاری قازانج کرد، ئەم بڕە پارەیـەی سـاڵی ١٩٢٠، لە ئێستادا بەهاکەی نزیکـەی نیـو ملیـۆن دۆلارە. کەواتـە ئـەم هونەرمەنـدە گەنجـە، لـە سەرەتای ژیانیدا پارەیەکی زۆری بە سەردا دەڕژێت، پێویـست بـوو ئـەم سـەروەتە زۆرە لـە چوارچێوەی نائومێدی‌و سەرنەکەوتن‌و فەوزا بیهێنێتە دەرەوەو وای لێ بکات ژیانی خـۆی‌و تواناکانی ڕێك بخات، تا سەرکەوتن‌و ناوبانگ‌و دەستکەوتی مادیی زیاتر بەدەست بهێنێت. وەلێ "فیتز جێراڵد" جۆرێکی تایبەت بوو لـە هونەرمەنـد، ئـەو ڕۆڵەیـەکی بـە ئەمـەکی سەردەمە توندەکەی جاز بـوو کـە ئامـانجێکی ڕوون‌و دیـاریکراوی بـۆ خـۆی دەستنیـشان نەکردبوو. کەسێتییەکی پڕ دڵەڕاوکێ‌و ڕاڕای هەبوو، سەرەڕای ئەوە بە هیچ جۆرێ بـیری لـە

دوا ڕۆژ نەدەکردەوە، ئەم هونەرمەندە گەنجە باری سەرشانی بە خەمەکانی ئێستا قورس کردبوو، بۆیە دەرفەتی ئەوەی نییە بیر لە سبەی بکاتەوە.

فیتز جێراڵد، کچێکی ئەمریکی لە جۆری خۆی ناسی، ناوی "زیلدا سایر" بوو، ئەو کچەی هێنا. زیلدا کچێکی شۆخی پڕ جوڵەو زیندوێتی بوو، ئەویش هەندێ خەونی هونەریی دیکەی هەبوو، دەیویست ببێت بە وێنەکێش‌و ببێت بە سەماکەری باڵێ. زیلدا پێی وابوو لەگەڵ مێردە هونەرمەندە تازە سەرکەوتووەکەیدا کە ناوی بەسەر هەموو زمانێکەوەیە، دەتوانن پێکەوە خەمەکانی سەردەمەکەیان لەگۆڕ بنێن‌و شتێکی تازەی پرشنگدار پێشکەش بە سەردەمەکەیان بکەن. دەتوانن پێکەوە لە قەیرانی کۆمەڵگەی ئەمریکی شێواو بێنە دەرەوەو بگەنە کەنارێکی ئەفسوناوی لە خەونی وەنەوشەیی نەرم‌و نیان، تێیدا بەوپەڕی ئازادییەوە بژین. پێکەوە دەتوانن ئەو نموونەیە پێشکەشی خەڵك بکەن کە دەتوانن لە نێو تاریکی‌و زوڵمەت‌و بێزاری‌و خەفەتدا، خۆشبەختی بەدی بهێنن. چەند ساڵێك پێکەوە بەو شێوەیە ژیان، هیچ یەکێکیان بیری لەوە نەدەکردەوە خۆی لە هیچ شتێك بێبەش بکات، ئەوەی بەخەیاڵیاندا دەهات جێبەجێیان دەکرد، چی پارەو پولیان هەبوو بێ حساب خەرجیان دەکرد، نموونەی ئەوەیان پێشکەش بە خەڵك دەکرد کە لەزەت لە هەموو چرکەکانی ژیان وەردەگرن.

کۆڵن ویلسن لە کتێبەکەیدا "عەقیدەو یاخیبوون" کە لەلایەن "ئەنیس حەسەن"و لە ژێر ناونیشانی "کەوتنی شارستانیەت" وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی، دەڵێ:

"هەر یەکە لە فیتز جیراڵدو زیلدا، ڕوخسارێکی گەشیان هەبوو، جوان بوون، بەژن‌و باڵایەکی ڕێکیان هەبوو، مێردە هونەرمەندەکە بێ حساب پارەی خەرج دەکرد، هەردووکیان سواری پشتەوەی ئۆتۆمۆبێلی کرێ دەبوون، بەسەر جۆگەلەی ئاوەکان‌و بەدەوری نافورە گشتییەکاندا بازبازێنیان دەکرد، لە چێشتخانەکاندا هەندێ لە جل‌و بەرگەکانی بەریان دادەکەند، نێو سەعات لەناو دەرگا سوڕاوەکانی ئوتێلەکاندا دەسوڕانەوە،

برێکـی زۆر لــه ویـسکیو شـەمپانیایان دەخـواردەوە، لـەنێو پـەتای حەماسـەتو لـەنێو خەرمانەی سەرسوڕمانی خەڵکیدا، لە ئاهەنگێکەوە دەچوون بـۆ ئاهــەنگێکی دیکـەو لــە شارێکەوە دەچوون بۆ شارێکی تر".

پاشـان ویلـسن کۆمــەڵێ چـیرۆکی دیکـەمان بـۆ دەگێڕێتــەوە، تێیــدا ڕەفتــاری ئــەم هونەرمەندەو ڕەفتاری هاوسەرەکەیمان بۆ ئاشکرا دەکات، یەکێك لەو چیرۆکانە ئەمەیە:

"ڕۆژێکیان فیتز جیراڵد بە جیمس جۆیس، خاوەنی ڕۆمانی مەزنو ناسـراو یۆلیـسیس، دەڵێ بۆ دەربڕینی سەرسامبوونی بە جۆیس، خۆی لـەو پەنجەرەیـەوە هەڵدەداتـە خـوارەوە. جۆیس پێش ئەوەی ئـەو بـە ڕاسـتی خـۆی لـە پەنجەرەکـەوە هەڵداتـە خـوارەوە، هـێمنی دەکاتەوەو لێ ناگەڕێ ئەو کارە بکات. دواتر بە نـەرمونیانی سـەبارەت بـەو کـوڕە دەڵـێ: پێدەچێت ئەو گەنجە شێت بێت، من لەوە دەترسم شتێك لەخۆی بکات. فیتز جیراڵد زۆرجـار بۆ خۆشیو گاڵتە، کاری سەیرو سەمەرەی ئەنجام داوە، جارێکیان لەبەر ئـەوەی خانمێـك لــە خانمەکانی کۆمـەڵگە بانگهێشتی ئاهەنگەکەی نەکردووە، لـەکاتی ئاهەنگەکـەدا سـەبەتەی خۆڵەکە بەسەر دیواری باخچەکەوە هەڵدەداتە ناو ئاهەنگەکـەوە. ڕۆژێکیـان خـۆیو زیلـدا بڕیار دەدەن یەکێك لە خزمەتکارەکان بە مشار بکەن بە دوو لەتەوە، لەبەر هـیچ نـا تـەنیا لەبەر ئەوەی بێزاری لە ڕۆحی خۆیان دەرکـەن! زیلـدای شـۆخو شـەنگ، ڕۆژێکیـان لەسـەر پەیژەیەکی بەرزەوە خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە، چونکە سـەماکەری بـەناوبانگ "ئیـزادۆرا" وتبووی زۆر پەرۆشی ئەوەم ڕۆژێك فیتز جیراڵد لەباوەش بگرم".

ئیدی دوو شێتی جـوانو بلیمـەت، پـڕن لـە خـەونو پێکـەوە دەژیـن. فیتـز جیراڵـد، نووسەرێکی هونەرمەندو زیلدا ی هاوسەری کە خەونە هونەرییە زۆرەکـانی لـە وێنەکێـشان یان لە سەمای باڵێدا بەدی نەهێنا، وەك ئەوەی خـۆی هەمیـشە ئاواتـەخوازی بـوو. وەلـێ نەدەکرا ئەم شێوازە لە ژیان، ئـەنجامی باشـی هـەبێت، دواجـار ئـەم ژنو مێـردە، بـەهۆی خەرجکردنی شێتانەیان کە کۆنترۆڵی ژیانیـانی کردبـوو، توشـی ئیفلاسـی مـادیی بـوون.

هەروەها هۆکارێکی تر بۆ ئیفلاسی مادییان ئەوە بوو، زەوقی ئەدەبیو هونەری لە سەردەمی جازدا، زەوقێکی جێگیر نەبوو، لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی دیکە دەگۆڕرا، لەبەر ئەوە سەرکەوتنی فیتز جیراڵد کە لە ڕۆمانی یەکەمیدا بەدەستی هێنا، بەردەوام نەبوو. گەرچی ژمارەیەکی زۆر ڕۆمانی دیکەی نووسی، لە هەموویان گرنگتر ڕۆمانی (جاتسبی مەزن) بوو کە لە ئێستادا بە یەکێك لە شاکارەکانی ئەدەبی ئەمریکی دادەنرێ، بگرە بە یەکێك لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی هاوچەرخ دادەنرێ. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕۆمانە کە لە ساڵی ١٩٢٥ دەرکەوتو بڵاو بووەوە، لە ساتەوەختی دەرکەوتنیدا، تەنها سەرکەوتنێکی کەمی سنورداری بەدی هێنا.

لێرەوە داهاتی مادیی ئەم ژنو مێردە گەنجە تا ئاستێکی زۆر دابەزیو نەیانتوانی بە دانایی ڕووبەڕووی ئەم مەسەلەیە ببنەوە، بگرە زیاتر پەنایان بۆ شەراب خواردنەوەو ئەو ژیانە سەرشێتییە برد کە تێیدا دەژیان. گەورەترین کێشە کە لەم بارودۆخە سەختەدا ڕووبەڕوویان بووەوە، دەرکەوتنی ناکۆییە توندەکانی نێوانیان بوو، سەرچاوەی ئەم ناکۆکییانە هەستکردنی مێردەکە بوو بە فەشەلو سەرنەکەوتنو دوورکەوتنەوەی خەڵکیو بایەخ نەدانیان پێی. بەڵام ژنەکەی بە دەست کێشەیەکی دیکەوە دەیناڵاند، ئەو نەیدەویست تەنها پاشکۆی مێردە بلیمەتەکەی بێت، ئەویش بۆ خۆی بلیمەتەو دەیەوێ خودی خۆی بەدی بهێنێتو گوزارشت لە خۆی بکاتو سەرکەوتن بۆ بەهرە شاراوەکەی مسۆگەر بکات. لێرەوە کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان ئەم ژنو مێردە تا دەهات زیادی دەکرد، دواجار بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٦ لەیەکتر جیا ببنەوە.

فیتز جیراڵد ئەوەندە ڕۆژەی لە ژیاندا مابووی لە هۆلیوود بەسەری برد، بۆ ئەوەی بڕێك پارەی کەمی دەست بکەوێتو بتوانێت پێی بژی، کۆمەڵێ کاری بێ-نرخی ئەنجام دەدا کە لەگەڵ بەهرەکانیدا نەدەگونجا. وەلێ زیلدا هەرەسی هێناو داخڵی نەخۆشخانەیەکی بچووکی جوملەی عەسەبی کراو نەیتوانی لەو نەخۆشییەی چاك بێتەوە، ساڵی ١٩٤٨ ئاگرێك لەو

نەخۆشخانە بچووکە کەوتەوەو زیلدا بەو هۆیەوە کۆچی دوایی کرد. بەڵام پێشتر فیتز جیراڵدی هاوسەری، لە ساڵی ١٩٤٠ بەهۆی سەکتەیەکی توندی دڵەوە کۆچی دوایی کردبوو.

ئیدی هەردووکیان لە تەنیشت یەکو لە ویلایەتی فیریلاند نێژران. وەك پیشەی هەموو جارێك، دوای ئەوەی ژیانیان کۆتایی پێهات، بایەخێکی بەرفراوانیان پێ درا، دوای مردنیان وەك دوو ئەستێرەی درەوشاوە دەرکەوتنو چیرۆکەکانی فیتز جیراڵد سەرکەوتنی زیاتریان بەدەست دەهێنا، تا وای لێهات لە ئێستادا لە ڕیزی پێشەوەیە، واتە دوای مردنی فیتز جیراڵد بە نیو سەدە.

هەرچی زیلدا بوو، بووە بابەتی ژمارەیەکی زۆری کتێب، لە هەموویان گرنگتر کتێبێکی قەبەی زیاد لە ٥٠٠ لاپەڕەییە کە خانمە نووسەری ئەمریکی نانسی میلفۆرد نووسیویەتی. ئەم کتێبە لە ساتەوەختی دەرچوونییەوە لە ساڵی ١٩٧١ تاکو ئێستا، لە ڕیزی پێشەوەی کتێبە سەرکەوتووەکانەو تا ئێستاش ڕەواجێکی باشی هەیە.

ئەم دوانە پێکەوە وەك جۆرێك لە بلیمەت دەرکەوتن کە دووچاری شکستو سەرنەکەوتن هاتن. ئەوان دوو کاراکتەری موتەکامل نەبوون، یەکێکیان قەرەبووی ئەوی دیکەیان بداتەوە، بەڵکو تەواو لەیەك دەچوون، ئا لێرەوەیە بەریەککەوتن لەنێوانیاندا ڕوودەداتو توشی تێکشکان دەبن. کاتێ دوو بلیمەت لە ماڵێکدا دەژینو هەریەکەیان کار بۆ هێنانەدیی خەونە قووڵەکانی خۆی دەکات، بەبێ گوێدانە پێداویستیو کێشەو خەمەکانی کەسەکەی دی، کاتێ ئەوە ڕوودەدات، ئەوا ئەو بەریەککەوتنە هەر دەبێت بێتە ئارا، بەمەش ژیان لە نێوان ئەو دوانەدا دەبێتە مەحاڵ. بەڵام ئەوەی هیچ گومانێکی تێدا نییە ئەوەیە فیتز جیراڵد و زیلدا بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێتو مەبەستیان بێت، بە کارەساتەکانیان، وێنەی کێشەکانی ئەو نەوە ئەمریکییە ونبووەیان گرت کە لە میانەی

هەردوو جەنگی جیهانیدا دەرکەوت. ئەگەرچی دواجار خۆشیان بوونە دوو قوربانی لە قوربانییەکانی ئەم نەوەیە، بگرە ناودارترین قوربانییەکانی بوون.

هۆلیوود کە بێ-ڕێزییەکی زۆری بە فیتز جیراڵد کرد، بە تایبەتی لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا، دوو فیلمی گرنگی پێشکەش کرد، یەکەمیان دەربارەی خودی ژیانی فیتز جیراڵد، دووەمیان لە ڕۆمانە نایابەکەیەوە (جاتسب ی مەزن) وەرگیراوە. هۆلیوّد ئامێرێکی زەبەلاحە، پێی ئاساییە کارەسات بخولقێنێت، پاشان لەم کارەساتەدا کاری هونەری وەبەر بهێنێت و ملیۆنانی لێ دروست بکات. ئەو فیلمەی هۆلیوود سەبارەت بە ژیانی فیتز جیراڵد پێشکەشی کرد، ناوی "خۆشەویستە ناپاکەکەم" بوو، هەردوو ئەکتەری گەورە "گریگۆری بیك"و "دیبورا کیر" ڕۆڵیان تێدا بینی.

# سووتاندنی ڕۆشنبیری




دیمەنێك لە سوتاندنی كتێب لە ئەڵمانیای سەردەمی نازی

هەموو ستەمكارێك ڕقی لە ڕۆشنبیریو بیروڕای ئازادە، ستەمكار هەمیشە هەست بە مەترسییەكی بەردەوام دەكات لە عەقڵی ئازاد. چونكە عەقڵی ئازاد توانای مەعریفەو تێگەیشتنی هەیە، توانای جیاكردنەوەی نێوان هەڵەو ڕاستی هەیە، توانای هەیە ناڕازی بێتو ڕەخنە بگرێت، ستەمكار هیچ شتێكی لەوانە ناوێت، بەڵكو دەیەوێ بڕیارەكانی بێ چەندو چوون جێبەجێ بكرێن، پێی خۆش نییە كەس بە بیروڕاكانیدا یان بە هەڵسوكەوتو ڕەفتارەكانیدا بچێتەوە. ستەمگەری لە مێژوودا لە وێنەی جۆراو جۆرو هونەری سەیرو سەمەرەدا بەرجەستە بووە.

نیرۆن، كە ستەمكارێكی شێت بوو، لە نێوان ساڵانی ٥٤ بۆ ٦٨ زاینی حوكمی ڕۆمای كردووە، بە بیروڕای جیاواز لە بیروڕای خۆی، زۆر پەستو دڵگران دەبوو، تەنانەت ئەگەر ئەو بیروڕایە لە نزیكترین كەسیشیەوە بێت. لەبەر ئەوە نیرۆن، دایكی خۆی (ئەجریبینا)ی ژەهرخوارد كردو كوشتی، چونكە دایكی هەندێ ڕەفتاری كوڕەكەی بەدڵ نەبوو، بێزار ببوو لە سەرشێتیو ستەمی كوڕەكەی. هەروەها نیرۆن لەبەر هەمان هۆكار، "ئۆكاتافیا"ی هاوسەریو "سنیكا"ی فەیلەسوف كە مامۆستای خۆی بوو بوو، كوشت.

ڕۆژێكیان لە كاتی مەستبوونی بە زۆرداریو سەرشێتی، بە خەیاڵیدا هات شاری ڕۆما شارێكی جوانو قەشەنگ نییەو دەبێ لەسەر زەوی بسڕێتەوە، تاكو شارێكی دیكەی جوانو قەشەنگ جێگای بگرێتەوە. بۆیە ساڵی ٦٤ زاینی ئاگری بەردایە شاری ڕۆما، پاشان سەرلەنوێو بەپێی ئەو وێنەیەی خەونی پێوە دەبینی شارەكەی دروست كردەوە.

نیرۆن پێی وابوو هونەرمەندو شاعیرێکی مەزنە، کەچی دواجار کوشتیانو حوکمو دەسەڵاتەکەی هەرەسیان هێنا. ئەو کاتێ مرد لە ترساندا هەڵدەلەرزی، لە کوخێکی پیسدا خۆی شاردبووەو هەوڵی دەدا لەو کوخەدا لەدەست دوژمنەکانی ڕابکات. دواهەمین وشەکانی وەك ئەوەی مێژوونووسان دەیگێڕنەوە ئەمەیە:

"ئەو هونەرمەندە چەند مەزنە کە بە مردنم جیهان لەدەستی دەدا!".

سیفەتی هاوبەشی نێوان هەموو ستەمکارەکان ئەمەیە: نە فیکرو نە بیرمەندیان خۆش ناوێت. چونکە هەموو فیکرێکی ئازاد دەبێتە ڕووناککردنەوەی عەقڵەکانو دنەدانی خەڵکی بۆ تێگەیشتنو زانینو ڕابەرایەتیکردنیان بۆ نارەزایی-دەربڕین لەسەر لادانو هەڵەکان. شکسپیر لە شانۆگەرییە ناسراوەکەیدا "یۆلیۆس قەیسەر" ئەو وێنەیەمان پیشاندەدا کە ستمکار چەند رەقی لە فیکرە. لەم شانۆگەرییەداو لە گفتوگۆیەکی نێوان قەیسەرو ئەنتۆنیۆو لەسەر زمانی قەیسەر هاتووە:

"ئەگەر کەسێك هەبێت قەیسەر سڵی لێ بکاتەوەو خۆی لێ لابدات، ئەوا هیچ کەسێك نییە جگە لەو سیسەڵەیە (کاسیۆس)، ئەو هەمیشە دەخوێنێتەوەو هیچ شتێکی لێ ناشارێتەوە. لە هەموو ئەو کارانەی خەڵکی دەیکەن، زۆر ڕادەمێنێو تێ دەفکرێ. هەروەها ئەو حەزی لە گەمەو گاڵتە نییە، بە زەحمەت خەندەیەك لەسەر لێوی دەبینی، مرۆڤ ناتوانێت لەپاڵ ئەم جۆرە پیاوانەدا هەست بە سەلامەتی بکات".

بەم شێوەیە قەیسەر پێی وابوو هەموو مەترسییەکانی لە لایەن ئەم پیاوە سیسەڵەیەوە بۆ دێن کە زۆر دەخوێنێتەوەو لە خەڵکیو لە ڕووداوەکان ڕادەمێنێو گەمەو گاڵتە ناکات..

واتە قەیسەر پێی وابووە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر ستەمگەرییەکەی، پێش هەموو شتێك لە فیکرو لە ئەهلی فیکرەوە دێت. قەیسەر لەوەی وتویەتی ڕاستی کردووە، کاسیۆس بووە سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن، سەرکردەی ئەوانەی لە دژی قەیسەر پیلانیان

نایەوەو پاشان کوشتیان. ئەمە پێش ئەوەی قەیسەر خۆی وەك پاشا بسەپێنێت بەسەر ڕۆماداو تاجی پاشایەتی لەسەر بنێو خیانەت لە دیموکراتییەتی ڕۆمانی بکات کە لەسەر ڕابەرایەتی ئەنجومەنی پیران بۆ بەڕێوەبردنی وڵات دامەزرابوو.

بەڵام گرنگترین نمونە لەسەر ململانێی نێوان ستەمگەری لە لایەكو فیکرو ڕۆشنبیری لە لایەکی دیکەوە، لە سەدەی تازەداو لە کارەکتەری هێتلەر و دارو دەستەکەی لە نازییەکانی ئەڵمان، بۆمان دەردەکەوێت. هێتلەر ڕقی لە عەقڵی ئازادو فیکری ڕۆشنگەر بوو، داوای دەکرد هەموو ئەڵمان بە یەك ڕێگا بیر بکەنەوە، نە ناکۆکی تێدا بێتو نە فرەیی. بۆیە پێویستە لەسەریان هەمان تێڕوانین بڵێنەوەو پابەندی یەك بیروڕا بن کە نە دەگۆڕدرێو نە لادەبرێ. وەلێ سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ فیکرو بیروڕا، ئەوە بریتییە لە خودی عەقڵی ڕابەری ستەمگەر (هێتلەر)، چونکە ئەو لە باتی هەموان بیر دەکاتەوە. کەواتە لەسەر هەموو هاوڵاتییەکی ئەڵمانیای نازی پێویستە، لە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتیدا، وێنەیەکی بچووککراوەی ڕابەری سەرتاپای وڵات بێت. لێرەوە شوێنێك نییە بۆ بیرکردنەوەیەکی دیکە یان تێڕوانینێکی دیکەی جیاواز. هیچ بوارێك بۆ هیچ جۆرە هونەرێك نەبوو کە بیویستایە ڕەنگدانەوەی بیرو ڕایەکی بێلایەنی هونەرمەند دەربخات، یاخود گوزارشتی لە تێڕوانینێك بکردایە کە پاشکۆی فیکری ڕابەری یەکەمی وڵات نەبوایەو لەوەوە هەڵنەقولایە.

هێتلەر لە هیچ شتێك نەدەترسا، هێندەی لە فیکری ئازادو سەربەخۆ دەترسا، دارو دەستەکەیو لە سەروو هەموویانەوە وەزیری ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیرییەکەی (گۆڵمز) باوەڕێکی کوێرانەیان بەو لۆژیکە هەبوو، ئیشیان بۆ ئەوە دەکرد فیکری سەرۆك ببێتە تاقە فیکرێك کە لە سەرانسەری هەموو ئەڵمانیادا هەبێت. هێتلەر بەیارمەتی گۆڵمز، تێڕوانینی نازییەتی بەسەر هەموو ئەو شتانەدا سەپاند کە لە ئەڵمانیاوە دەردەچوو. ئەمەش دوای ئەوەی پارتی نیشتیمانی سۆسیالیزم، کە هەمان پارتی نازی بوو، دەسەڵاتی گرتە دەست.

وشەی نازی پیتەکانی یەکەمی ناوی پارتەکەی هێتلەرە کە بریتییە لە: "پـارتی کرێکـارانی ئەڵمانی سۆسیالیزمی نیشتیمانی".

هێتلەر تەنها بەوەندە وازی نەهێنا دەست بەسەر فیکری سەردەمەکەیدا بگرێت، بـەڵکو بڕیاریدا دادگایی هەموو ئەو کتێبو بیروڕاو فیکرانە بکات کـە پـێش سـەردەمەکەی بـڵاو ببوونەوە. هێتلەر پێی وابوو زۆربەی بەرهەمی پـێش سـەردەمی نـازی، تـاوانێکی فیکـری تەواوەو شایەنی سزاو دژایەتیکردنە. نازیـەکان لـە ٣٠ی کـانونی دووەمـی سـاڵی ١٩٣٣ دەسەڵاتیان گرتەدەست، لە مانگی شوباتی هەمانساڵدا، حکومەتی نازی بەیاننامەیـەکی دەرکرد، بەیاننامەکەی وا وەسف کرد گوایە: "کۆمـەڵێ ڕێو شـوێنی بەرگریکردنـە دژ بـە کاروباری کۆمۆنیستەکان کە هەڕەشە لە دەوڵەت دەکەن".

دەقی ئەم بەیاننامەیە جەخت لە سەپاندنی کۆتو بەنـد دەکـات لەسـەر ئازادییـەکانی تاکە کەس، ئازادیی بیروڕا دەربڕین، ئازادیی ڕۆژنامەگەری، مـافی کۆبونـەوەو پێکهێنـانی ڕێکخراوەکان. سەرەڕای ئەوانە لە بەیاننامەکەدا هاتووە چـاودێری بخرێتـە سـەر نامـەکانو پەیوەندییە تەلەفۆنیو لاسلکییەکان. هەروەها مافی ئەوەی دابووە دەسـەڵات بـەبێ بڕیـاری دادگا یان داواکاری گشتی ماڵەکان بپـشکنێت. جگـە لەوانـە ڕێگـەی دا دەسـت بەسـەر موڵكو ماڵی خەڵکیدا بگیرێتو حیجزی بخرێتە سەر، بێ ئەوەی لەم مەسـەلەیەدا پێویـست بەوە بکات لایەنە یاساییەکان جیبەجێ بکرێن.

"جۆرنج" وەزیری ناوخۆی ڕژێمەکەی هێتلەر، لەو ساڵەدا، ساڵی ١٩٣٣، لە وتارێکیـدا کە ئاراستەی گەلی ئەڵمانیای کرد، بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دەڵێ:

"هاوڵاتیانی ئەڵمان! هیچ ڕێو شوێنێکی دادگا دەسەڵاتەکانم پەك ناخات، مـن پـێم وا نییە پێویست بەوە بکات ترسم لە مەسەلەی دادپەروەری هەبێت، پەیامەکەی من ئەمەیـە: تەنها وێرانی دەکەمو لەناوی دەبەم، جگە لە وێرانکـردنو لـەناوبردن هـیچ شـتێکی دیکـە نییە".

بۆ زانینی وردەكاری زیاتر سەبارەت بەو تراژیدایە، دەكرێ بگەڕێینەوە بۆ كتێبی "مێژووی ئەڵمانیای نازی" لە نووسینی نووسەری ئەمریكی "ولیام شیرەر"و وەرگێڕانی "خەیری حماد"، ئەم كتێبە لە چوار بەشی گەورە پێك دێتو كتێبێكی تا بڵێی جوانو بەپێزو پڕ بایەخە.

١٠ی ئاياری ساڵی ١٩٣٣ هاتە پێشەوە، واتە دوای تێپەڕبوونی تەنها سەد ڕۆژ بەسەر ئەوەی هێتلەر لە ئەڵمانیا دەسەڵاتی گرتە دەست، لەم ڕۆژەداو لە نیوەی شەودا- وەك ئەوەی نووسەری ئەمریكی "ولیام شیرەر" لە كتێبەكەیدا (مێژووی ئەڵمانیای نازی، بەشی یەكەم) باسی دەكاتو دەڵێ:

"...لە نیوە شەودا هەزاران خوێندكار كە هەریەكەیان مەشخەڵێكی ئاگرینی هەڵگرتبوو، گەشتنە گۆڕەپانێك، گۆڕەپانەكە بەرامبەر زانكۆی بەرلین بوو لە شەقامی ئۆنتردن لندن، پاشان زۆر بەخێرایی ئاگر بەردرایە ئەو هەموو كتێبەی لە گۆڕەپانەكەدا بەسەر یەكدا كەڵەكە كرابوون. دواتر خوێندكارەكان كتێبەكانی دیكەیان هەڵدەدایە ناو ئاگرە كڵپە سەندووەكە، تا وای لێ هات ژمارەی ئەو كتێبانەی سووتان گەیشتە نزیكەی بیست هەزار كتێب، ئەم دیمەنە لە ژمارەیەك شاری دیكە دووبارە بۆوە. بەم شێوەیە پرۆسەی سووتاندنی كتێبەكان دەستی پێكرد. بەشی زۆری ئەو كتێبانەی لەو شەوەدا لە بەرلینو بە بەرچاوی خوێندكارە دڵخۆشەكانو بە بەرچاوی دكتۆر "گۆڵمز" وەزیری ڕاگەیاندنی نازی سووتێنران، لە نووسینی ژمارەیەك نووسەری ناودارو مەزن بوو، لەوانە تۆماس مان، هنریخ مان، ستیفان زڤایج، ئێریك ماریا ڕیمارك، ئەلبێرت ئەنشتاینو ئەوانی دیكە. سووتانەكە تەنها كتێبەكانی دەیان نووسەری ئەڵمانی نەگرتەوە، بەڵكو پەلی هاوێشت بۆ سووتانی كتێبی نووسەرە بیانییەكانی وەك جاك لەندن، هێلین كیلەر، و هـ.ج وێلز، فرۆید، ئەندرێ جید، ئەمیل زۆرلا، مارسێل برۆست.

لەو بەیاننامەیەدا كە خوێندكارەكان دەریان كردبوو، تێیدا هاتووە:

"هەموو ئەو کتێبانەی کار بۆ ڕوخاندنی ئایندەمان دەکات، یاخود بە داسـەکەی ڕەگو ڕیشەی ڕۆشنبیرە ئەڵمانییەکەمانو ماڵە ئەڵمانییەکەمانو هێزی بزوێنـەری میللەتەکـەمان دەبڕێتەوە، چارەنووسی سووتاندنە".

هەرچی وەزیری ڕاگەیاندنەکەی نازی بـوو، لەبـەر ڕونـاکیی ئـاگرە کڵپـە سـەندووەکەی کتێبەکاندا، وتارێکی پێشکەش کردو تێیدا دەڵێ:

"ڕۆحی ئەڵمانی لە توانایدا هەیە سەرلەنوێ گوزارشت لـە خـۆی بکاتـەوە، کـاری ئـەم بڵێسەی ئاگرە تەنها ئەوە نییە کۆتایی سـەردەمێکی بەسەرچـوو ڕونـاك بکاتـەوە، بـەڵکو سەردەمی داهاتوش ڕوناك دەکاتەوە".

بەم شێوەیە بەرلین لە ١٠ ی ئایاری سـاڵی **١٩٣٣**، ڕوداوێکـی دەگمـەنی لـە مێـژووی مرۆڤایەتیدا بەخۆیەوە بینی، ئەویش بریتی بـوو لـە ڕوداوی سـووتاندنی ڕۆشـنبیری، وەك ئەوەی ئاهەنگێکی نیشتیمانی بێت لە ژێر سەرپەرشـتیو چـاودێری دەوڵـەتی نـازی. ئـەم سـووتاندنە ڕەمزێـك بـوو بـۆ ڕقلێبونـەوە لـە عـەقڵی ئـازادو ڕەتکردنەوەیـەکی تـەواوی بیرکردنەوەی سەربەخۆ. ڕەمزی بانگەشەیەکی دەمارگیر بوو بۆ دەربـازبوون لـە هەڵبـژاردنی ئازاد کە ڕۆشنبیرییەکی ڕاستەقینەو قووڵی لەسەر بونیاد دەنرێت. تەسلیمبوون بوو بە یـەك فیکرو یەك بیرو بۆچوون، پاشکۆیەتییەکی تەواوەتی بـوو بـۆ ئـەو فیکـرو بیروڕایانـەی لـە سەری هێتلەری نازیدا دەهـاتو دەچـوو. بەمـەش سـتەمگەری بـە ڕێگایـەکی ئاشـکراو ڕاستەوخۆ کە هیچ نمونەیەکی لە مێژوودا نییە، دوژمنی عەقڵو ڕۆشنبیریو بیرکردنەوەیە.

ئەم هەڵوێستە، لە هەموو سەردەمەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، بووە نمونەیەکی زینـدوو بۆ هەڵوێستی ستەمگەری لە فیکر. ئەگەرچی شێوازی دیکەی جۆراوجـۆری تـر هەیـە بـۆ دژایەتیکردنی فیکرو ڕۆشنبیری، کە تێیدا پەنا بۆ کاری نهێنیو نادیار دەبرێو ئەم شـێوازە ڕاستەوخۆیە بەکارناهێنرێ کە نازییەکان لە سووتاندنی ڕۆشنبیریدا بەکاریان هێنـا. هـەموو ئەمەش لەپێناو بەدیهێنانی یەك ئامانجدایە کە بریتییە لەوەی ستەمگەری فیکـری ئـازادو

عەقڵی ڕۆشنگەر لەناو ببات. چونکە هەموو ستەمگەرەکان بێ ئاوارتەکردن، ڕقیان لە ڕۆشنبیرییەو زۆر بە توندیو دڵڕەقانە دژایەتی دەکەن.

قسەیەك هەیە دەڵێن گوایە "گۆڵمز" وەزیری ڕاگەیاندنی نازی کردویەتیو دەڵێ:

"هەر کاتێ گوێم لە کەسێك بێت لەبەر دەممدا وشەی ڕۆشنبیری لەدەم بێتە دەرەوە، حەز دەکەم دەمانچەکەم ڕاکێشمو بیدەمە بەر فیشەك".

لە ڕاستیدا ئەو دەستەواژەیە باشترین نمونەیە بۆ دەرخستنی هەڵوێستی نازی سەبارەت بە ڕۆشنبیری. هەروەها باشترین نمونەیە بۆ دەرخستنی هەڵوێستی ستەمگەری سەبارەت بە ڕۆشنبیری لە هەموو سەردەمو ڕۆژگارێکدا. هەندێ کەس ئەو دەستەواژەیە بە دەستەواژەی "جۆرنج"ی دەزانن کە یەکێکە لە سەرکردە نازییەکانو وەزیری ناوخۆ بووە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دەستەواژەیە نە قسەی "گۆڵمز"و نە قسەی "جۆرنج"ە، ئەگەرچی گوزارشتێکی زۆر تەواوە بۆ بیروڕای نازی لەسەر ڕۆشنبیری. وەلێ خاوەنی ئەو دەستەواژەیە "هانز یۆست"ە، کە یەکێك بوو لە یاریدەدەرەکانی "گۆڵمز". ئەم یاریدەدەرە، لەسەردەمی حوکمڕانیی نازیدا، بەرپرسی ئەوە بوو پێی دەوترا "لیژنەی شانۆ".

هانز یۆست، لە بنەڕەتدا خۆی یەکێك بوو لەو نووسەرە شانۆنووسانەی خاوەنی هیچ جۆرە بەهرەیەکی ڕاستەقینە نەبوو. کۆمەڵێ کاری شانۆیی پێشکەش کرد، چ لە لایەنی فیکریو چ لەلایەنی هونەری نە بەهای هەبوو نە بایەخ. بەڵام لە ڕێگەی خۆفرێدانی بۆ باوەشی حیزبی نازیو ئامادەبوونی بەردەوامی بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی گۆڵمزی وەزیری ڕاگەیاندنی نازیو ڕاوەستان بە ڕووی نووسەرو بیرمەندو هونەرمەندەکانو چەوساندنەوەیان بە هەموو ئامرازو شێوازێك بۆ ڕازیکردنی خاتری گەورەکانی، گەیشتە دەسەڵاتو لە ژیانی ڕۆشنبیریی ئەڵمانیای نازیدا دەسەڵاتو نفوزی پەیداکرد.

نازییەت کۆتایی هاتو فڕێ درایە زبڵدانی مێژووەوە، لایەنگرانیشی دووچاری هەمان چارەنووس بوون، حەقیقەتی درەوشاوەش وەك خۆی مایەوە، حەقیقەتی ئەوەی فیکری

ئازادو ڕۆشنبیری ئاست بەرز، لە هەموو ستەمگەرەکان بـەهێزترن. سـووتاندنی ڕۆشـنبیری کە نازییەکان ئاگریان لـە هـەزاران کتێـب بـەردا، نـەیتوانی نـاوی بیرمەنـدە مەزنـەکانو هونەرمەنـدە گـەورەکان بکوژێنێتـەوە، ئەوانـە سـەرەڕای ئـەوەی چەوسـێنرانەوەو ڕاوەدوو دەنران، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە کاریگـەرییان لەسـەر بزاوتی ڕۆشنبیریی مرۆڤایەتی ماوەتەوە. بەڵام سووتاندنی ڕۆشنبیری، سەرشۆڕیو ڕووڕەشی بۆ خاوەنەکانیان هێشتەوە، ڕوناکییەکی پرشنگداریش بوو لە بـەردەم عـەقڵی مرۆڤایـەتیی ئازاد کە ناکرێو ناتوانرێ بەم شێوازە شەڕانگێزو وێرانکەرە، لەناو ببرێ.

# ئەنشتاین

# بیرۆکەیەکی جوان لەسەر ئاوازی پیانۆ



هەندێ خەڵك پێیان وایە مەودایەکی یەکلاییکەرەوە لە نێوان زانستو هونـەردا هەیـە، ئەم بیرۆکە هەڵەیەیـە وا دەکـات زۆرێـك لـە گەنجـەکانمان، ئەوانـەی خوێنـدنی پزیـشکیو ئەندازیاریو زانستی دەخوێنن، لەهەموو ئەو شتانە دوور بکەونەوە پەیوەندی بـە هونـەرەوە هەبێت، وەك شیعرو چیرۆكو مۆسیقاو وێنە. لەبەر ئەم هۆیە، لای ئێمە ژمارەیەکی زۆر لـە نەوە تازەکان، ئەوانەیان دەچنە کۆلێژە زانـستییەکانەوە، لـە ژیانیانـدا ناکۆکییـەکی ڕوونو ئاشکرا دەژین. ئەوان گەنجنو لە خوێندنیاندا سەرکەوتوون، ئەگەر لە خوێندکارە زیرەکـەکان نەبنو لە هەموان زیاتر توانای وەرگرتنو خۆ-مانـدوکردنیان زیـاتر نـەبێت، نـاتوانن بـچنە کۆلێژە زانستییەکان. کەچی لەهەمانکاتدا ئێمە دەبینین ئەم گەنجە سەرکەوتووانە بـە پلـەی نایاب، ئاسۆیان تەسکەو ڕۆشنبیرییان سنوردارە، هیچ شـتێك سـەبارەت بـەدنیای دەرەوەی خوێندن نازانن.

یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەم ناکۆکیە ئاشکرایەی دەکەوێتە نێـوان قـووڵیی خوێنـدنی زانستیو ڕووکەشیی ڕۆشنبیری گشتی، ئەوەیـە خوێنـدکارانی کۆلێـژە زانـستییەکانی لای ئێمە، زۆرترین ئەو گەنجانـەن مـەیلیان بـەلای توندڕەویـدا دەڕواتو ئامادەباشـی ئـەوەیان تێدایە فیکـرە دەمارگیرەکـان وەربگـرن. هۆکـاری سـەرەکی ئەوەیـە ئـەم گەنجـە زانایانـە ڕۆشنبیرییە گشتییەکەیان پشتگوێ خستووەو تەنها بابەتی زانستی پوخت دەخوێنن. بەشی زۆری ئەو گەنجانە، نە ئەدەب دەخوێننەوەو نە گوێ لە مۆسیقا دەگرنو نە پێشەنگەیەك لـە پێشەنگەکانی هونەری شێوەکاری دەبینن. ئەگـەر ئـەم شـێوازە هەڵەیـەی نێـوان زانـستو

ڕۆشنبیری بەردەوام بێت، ئەوا گەنجەکانمان زیانی گەورە دەکەن، ئەم زیانانەش پەل دەهاوێت بۆ ناو واقیعی کۆمەڵگەکەمانو زەرەری هێجگار مەزنی پێ دەگەیەنێت.

فیکرەی جیاکردنەوەی زانست لە ڕۆشنبیری، فیکرەیەکی تەواو هەڵەیە، ڕەگەکانی لە کۆمەڵگەکەماندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری ئیمپریالیزم. لەو سەردەمەدا پەرۆشییەك هەبوو بۆ دروستکردنی خوێندەواری نارۆشنبیر، چونکە خوێندەواری ڕۆشنبیر، ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە چالاکەکانی ناو کۆمەڵگەو هەمیشە لەوانەیە بانگەشەی ڕزگارکردنی نیشتیمان بکاتو هەوڵی لەناوبردنی هەر دەست-بەسەردا-گرتنێکی دەرەکی بدات. لەبەر ئەوە ئەوانەی ڕێگایان بۆ قەڵەمڕەوی ئیمپریالیزم خۆش دەکرد، چالاکانە کاریان بۆ جیاکردنەوەی زانستو ڕۆشنبیری دەکرد، ئەمەش لە پێناو ئەوەی زاناکانمان لە زانکۆ دەربچنو خاوەنی بیروڕایەکی تەندروست نەبن. لە هەر مەسەلەیەك لە مەسەلە گشتییەکانی ژیاندا، خاوەنی هەڵوێستێکی پێگەیشتوو نەبن.

ئەمە چیرۆکی زانایەکە لە زانا هەرە گەورەکانی دونیا لە هەموو سەردەمەکاندا، ئەو زانایە بێ چەندو چوونو بە دانپیانانی هەموو لێکۆڵەرو توێژەران، گەورەترین زانای سەدەی بیستەمە، ئەویش "ئەلبێرت ئەنشتاین"ە، خاوەنی "تیۆری ڕێژەیی" کە بووە هۆی تەقاندنەوەی ئەتۆمو دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی، پاشان بەکارهێنانی وزەی ئەتۆم لە هەموو بوارەکانی زانستو ژیاندا، لە ئاشتیو لە جەنگدا، تا وای لێ هات مرۆڤی سەدەی بیستەم توانی لەسەر مانگ بنیشێتەوەو بۆشایی ئاسمان داگیر بکات، توانی لە ڕێگەی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی مۆدێرنەوە، لە سەرو هەموویانەوە مانگی دەستکرد، ئەم دنیا پانو فراوانە بکاتە گوندێکی بچووك.

چیرۆکی ژیانی ئەنشتاین بە بەڵگەی تەواوەوە دەیسەلمێنێت دانایی لە زانستدا، بە شێوەیەکی زۆر وابەستەیە بە فراوانیی فیکری مرۆڤ و ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکەی. هونەر بە پلەی یەکەم، گەورەترین سەرچاوەی ئیلهامی زانستییە لە ژیانی ئادەمیزادا. ئەنشتاین

حەزی لە مۆسیقا بـوو، ژەنیـارێکی نایـاب بـوو لەسـەر پیـانۆو کەمانـچە. لـەو چـیرۆکە دەگمەنانەی کە مەغزایەکی گرنگیان هەیە، چیرۆکی لـەدایکبوونی تیـۆرەی ڕێژەییـە، ئـەم چـیرۆکە هاوسـەرەکەی ئەنـشتاین ڕۆژێکیـان بـۆ هونەرمەنـدی گـەورە چـارلی چـاپلن-ی گێڕاوەتەوە، ئەویش لە یاداشتەکانیدا تۆماری کردووە. لەبـەر گرنگـی ئـەم چـیرۆکە، مـن لێرەدا دەقەکەیتان بۆ دەگێڕمەوە، وەك ئەوەی لە یاداشتەکانی "چارلی چـاپلن"دا هـاتووە، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی مامۆستا "سەلاح حافز" بەشی دووەم:

"ئێوارەیەکیان لەسەر مێزی نانخواردن، ژنەکەی ئەنشتاین، چیرۆکی ئـەو بەیانییـەی بـۆ گێڕامەوە کە تێیدا ئەنشتاین تیۆری ڕێـژەیی دەدۆزێتـەوە. دکتـۆر ئەنـشتاین وەك پیـشەی هەموو جارێکی، بە جلو بەرگی نووستنەوە دێتە خوارێ تاکو نـانی بـەیانی بخـوات، بـەلام دەستی بۆ هیچ نەبرد، من وامزانی گلەیی لـە شـتێك دەکـات، لـێم پرسـی چـیتە، وتـی: ئازیزەکەم بیرۆکەیەکی نایابم هەیە! دوای ئەوەی قاوەکـەی خـواردەوە، لەبـەردەم پیانۆکـەدا دانیشتو دەستی کرد بە ژەنین، سات نا سـاتێك لـە ژەنـین دەوەسـتاو چـەند تێبینییـەکی دەنووسیو پاشان دەستی پێ دەکردەوە:

-بیرۆکەیەکی نایابم هەیە! بیرۆکەیەکی جوان.

-کەواتە توو ئاسمان پێم بلێ، مەیەڵە ئەوەندە دوو دڵ بم.

وتی:

-زەحمەتە، جارێ پێویستە کار بۆ تەواوبوونی بکەم.

هاوسەرەکەی ئەنشتاین لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکە بـەردەوام دەبـێو دەڵـێ: ئـەو بـۆ ماوەی سەعاتو نیوێك پیانۆی دەژەنیو تێبینیەکانی تۆمـار دەکـرد، پاشـان ڕۆیـشت بـۆ نووسینگەکەی لە نهۆمی دووەمو وتـی نامـەوێت کـەس بێـت بـۆ لام، دوو هەفتـە لـەوێ مایەوە، من هەموو ڕۆژێ خواردنەکەیم بۆ دەبرد، هەموو ئێوارەیەك دەهاتە خوارەوە، تـاکو بە تەنها لە دەرەوە پیاسەیەك بکات، دواتر جارێکی تـر دەگەڕایـەوە بـۆ سـەر کارەکـەی..

دواجار له نووسینگەکەی هاتەخوارەوە بۆ لای من، زۆر لاوازو ڕەنــگ زەرد دیــار بــوو، دوو گورزە وەرەقەی لەسەر مێزەکە داناو بە شەکەتییەوە وتی:

-ئا ئەوەتا!

بەم شێوەیە تیۆری ڕێژەیی لەدایك بوو.

ئەمەی چارلی چاپلن لەسەر زمــانی هاوســەرەکەی ئەنــشتاین گێڕاویەتیــەوەو تۆمــاری کردووە، مانا ڕوونو ئاشکراکەی ئەم چیرۆکە ئەمەیە: ئیلهامی بنەڕەتی سەبارەت بە تیۆری ڕێژەیی، کە مەترسیدارترین تیۆری زانستییە لە ســەدەی بیــستەمدا، کــاتێ هاتووەتــە نــاو مێشکی ئەنشتاین-ەوە کە سەرقاڵی ژەنینی پیانۆ بووە.

دوای ئەوەی هێتلەر و پارتە نازییەکەی لــە ســاڵی ١٩٣٣ حــوکمی ئــەڵمانیایان گرتــە دەست، ئەنشتاین ناچار بوو بڕوات بــۆ ئــەمریکا. ئەنــشتاین هەســتی کــرد لەبــەر ئــەوەی جولەکەیە، ناتوانێت بە ئیسراحەت لە ئەڵمانیای نازی دابنیشێتو لە کــارە زانــستییەکەیدا ڕووبەڕووی ناخۆشیو دەردەسەری دەبێتەوە، لەبەر ئەوە ڕۆیشت بۆ ئــەمریکا، دوای حــەوت ساڵ مانەوە لەوێ، ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەرگرت، واتــە لــە ســاڵی ١٩٤٠ ڕەگەزنامــەی ئەمریکی وەرگرت.

نووسەری گەورە "محەمەد حەسەنێن هەیکەل" ساڵی ١٩٥٢، لە "برنــستۆن" ســەردانی ئەنشتاین-ی لە ماڵەکەیدا کردووە. هەیکەل، وردەکاری ئەم سەردانەیو ئەو قسەو باسانەی لەگەڵ ئەنشتایندا کردوویــەتی، لــە کتێبەکەیــدا "دیدەنییــەکی تــازەی مێــژوو" تۆمــاری کردووە. ئەنشتاین سەبارەت بە هاتنی لە ئەڵمانیاوە بۆ ئەمریکا بە هەیکەل-ی وتووە:

"زۆرێك لەو بڕوایەدان من لەبەر نازییــەت، وەك پەناهەندەیــەك هــاتووم بــۆ ئــەمریکا، ئەوە زۆر ورد نییە، من نازییەکانم خۆش نەدەویستو پێــشم وا نییــە ئــەوان منیــان خــۆش ویستبێت. هەموو بیرکردنەوەی ئەوان لەسەر فیکرەی جەنگ بنیاد نرابوو. ئــەوان بــە هــیچ جۆرێك دژایەتی منیان نەکرد، تاکو بیکەمە بەڵگە لە دژیان، بەڵام هەموو ئەو بارودۆخــەی

لــە چــواردەوری مــن بــوو، بــە هــۆی فیکــرەی جــەنگو تێکــەڵبوونی بــە فیکــرەی نیشتیمانپەروەری تەسکبین، فشارێکی گەورە بوون لەسەرم بۆ جێهێشتنی ئەڵمانیا".

دواتر محەمەد حەسەنێن هەیکەل وەسفی خانووەکەی ئەنــشتاین-مــان لــە برنــستۆن بــۆ دەکاتو دەڵێ:

"لە پشتی مەدخەلەکەوە، هۆڵێکی گەورە دێت، لە هەرلایەکیــەوە دەرگایــەکی داخــراو هەبوو، هۆڵە گەورەکە لەناو ڕوناکییەکدا مەلەی دەکرد کــە لــەو باخــچەیەوە بــۆی دەهــات دەورەی خانووەکەی دابوو، ڕوناکییەکــە لــە میانــەی دیوراێــك لــە پەنجــەرەوە دەهاتــە نــاو هۆڵەکە. دیوارەکانی دیکە هەر هەمووی کتێب بوو، لە لایــەکی هۆڵەکــەوە مێزێکــی پــان هەبوو، گوڵدانێکی کۆنی لە کانزا دروستکراوی لەسەر دانابوو، پــڕ بــوو لــە گــوڵی بــچووك بچووکی کێوی ڕەنگاو ڕەنگ. سەعاتێکی گەورەی کــۆن، لــە لایــەکی دیکــەی هۆڵەکــەوە دانربوو، لە تەنیشتیدا کورسییەك هەبوو ئامێرێکی کەمانــچەی لەســەر دانرابــوو، لــە پــاڵ کورسییەکەدا، ستاندێك نۆتەی مۆسیقای لەسەر بوو.

محەمەد حەسەنێن هەیکەل لە بەشێکی دیکەی گفتوگۆکەیدا لەگەڵ ئەنشتایندا دەڵێ:

"ئەنشتاین بردمی بۆ کتێبخانەکــەی تــاکو لــەوێ دانیــشمو بــە کــەماڵی ئیــسراحەت کاغەزەکانی هەڵ بدەمەوە، دانیشتمو بە پێکەنینەوە شتێکی ئــاوام پــێ وت: مــن هەســت دەکەم بە دانیشتنم لەسەر کورسییەکەیو لەبەردەم کتێبخانەکەیدا، زانامو دەتــوانم پــەی بــە نهێنییــەکانی گــەردوون ببــەم. ئەنــشتاین بــە ســادەییەوە پێــی وتم: کــاتێ مــن لــە نووسینگەکەمدا دادەنیشم، هیچ بیرۆکەیەکم بۆ نەهاتووە بەهایەکی هەبێت. گرنگترین ئــەو بیرۆکانەی بۆم هاتوون، لەکاتی ڕۆیشتنم بووە بە نێو درەختەکاندا".

ئەمە وێنەیەکە دەربارەی کارەکتەری ئەنشتاینو ژیانەکەی، تیــۆری ڕێــژەیی کــاتێ لــە هزریدا گەڵاڵە بووە کە هەندێ ئاوازی لەسەر پیانۆکە ژەنــدووە. بــوونی پیــانۆو ئــامێرێکی کەمانچەو بوونی نۆتەی مۆسیقا لە ماڵەکەیــدا، هــەموو ئــەو شــتانە کــە زۆر بــە تونــدی

وابەستەی هونەرن، لەپاڵ ئەو کتێبە زانستیانەدا بوون کە ئەنشتاین بەکاری دەهێنان. کەواتە ئەنشتاین خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی هونەریی فراوان بووە، خاوەنی زەوقێکی هونەری بەرز بووە، ژەنیاری پیانۆو کەمانچە بوو. ئەم تەواوکارییەی نێوان زانستو هونەر لە کارەکتەری ئەنشتایندا، ئەوە ئەو توانایەی پێ بەخشیوە کە سەربکەوێتو جیاواز بێت، هەر ئەویشە ڕێگەی بۆ بەهرەکانی کردۆتەوە تا دەرکەونو بتەقنەوەو خەرمانەیەکی زیاتر بخاتە سەر خەرمانەکانی مێژووی عەقڵی مرۆڤایەتی.

تیۆری ڕێژەیی لە کاتێکدا لە هزری ئەنشتایندا لەدایك بووە کە پیانۆی ژەنیوە، مۆسیقا هزرێکی ڕوونو دەرونێکی ڕوون دەبەخشێتە مرۆڤ. ئا لەم کەشو هەوا ڕوونەدا، دەکرێ زانیارییە زۆرو کەڵەکە بووەکان کارلێك بکەنو مەزنترین فیکر بە خاوەنەکەی پێشکەش بکەن. ئەنشتاین بەهۆی ئەوەی ڕۆشنبیرییەکی فرەو هەمەجۆری لە نێوان زانستو هونەردا هەبووە، بۆیە لایەنە مەزنەکان لە کارەکتەری ئەنشتایندا زۆرو جیاواز جیاوازن. ئەو یەکێك بوو لە گەورەترین لایەنگرانی ئاشتی نێوان میللەتان، لە هەموان زیاتر ئاگاداری مەترسیی جەنگەکان بوو لەسەر ئایندەی مرۆڤ، بە تایبەتی لە سەردەمی ئەتۆمدا. لەم بارەیەوە لە یەکێك لە بیروڕاکانیدا دەڵێ: هەر جەنگێکی جیهانی نوێ، لە سەدەی تازەدا ڕوو بدات، مانای لەناوبردنی ژیانە لەسەر گۆی زەوی. زیانەکانی ئەم جۆرە جەنگە، کوشتنی ملیۆنان کەس نییە، وەك ئەوەی لە جەنگەکانی پێشتردا ڕووی داوە، بەڵکو زیانەکانی ئەم جەنگە تازەیە لەناوبردنی ڕەگەزی هەموو مرۆڤایەتییە.

کارەکتەری ئەنشتاین کە خاوەنی ڕەهەندە قووڵەکانی هیومانستیە، ئەو بوو وای کرد داوای لێبوردن بکات لەوەی ناتوانێت سەرۆکایەتی دەوڵەتی ئیسرائیل وەربگرێت. دوای ئەوەی یەکەم سەرۆکی ئەم دەوڵەتە حاییم وایزمان، لە ساڵی ١٩٥٢ دەمرێت، جولەکەکان ئەو پێشنیارەی بۆ دەکەن، بەڵام ئەو لەبەر گەلێك هۆکار ئەم پۆستەی ڕەت کردەوە، لە سەرووی هەموویانەوە بینی لەنێو سەرکردەکانی ئیسرائیلدا، تیایاندا هەیە باوەڕی بە

توندوتیژی هەیەو لە دڵڕەقییانو خوێن-ڕشتنیاندا لە نازییـەکان دەچـن، ئامـادەن هـەزاران کەسی بێتاوان بکوژن، بێ ئەوەی پەشیمان ببنەوە یان ویژدانیان ئازاریان بدات. یەکێك لـەو خوێنڕێژانەی کە ئەنشتاین نەیدەویستو ڕەتی دەکردەوە، "مەناحم بێگن" بوو.

ئەنشتاین، تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کـرد، لـەوە دەترسـا جـەنگێکی جیهـانی نـوێ هەڵگیرسێت، لە دەمارگیری دەترسا. خەونی بەوەوە دەبینی میللەتەکەی، جولەکـە، واز لـە توندوتیژیو دەستدرێژی چەکدارانە بۆ سەر عەرەبی فەلەسـتێن بهێـنن. ئەنـشتاین هـەرگیز لەو سنورە بەرتەسکەی بایەخداندا نەمایەوە کە تەنها بایەخ بە زانستێکی دیاریکراو بـدات، بەڵکو ئەو کارەکتەرێکی بەپیتی فرە لایەن بوو، خاوەنی بانگەشەیەکی قـووڵی مرۆڤایـەتی بـوو. بێگومـان بلیمەتییەکـەی ئەنـشتاین سـوودێکی زۆری لـە فرەیـی ڕۆشـنبیرییەکەی وەرگرت، بە تایبەتی بایەخدانی بە مۆسـیقاو خۆشەویـستیی بـۆ مۆسـیقاو پەرۆشـیی بـۆ ئەوەی فێری مۆسیقا ببێتو بەباشی بیژەنێت.

ئەمە ئەو مانا گەورەیەیە کە لەم کارەکتەرە جیهانیـەدا هەیـە، بلیمـەتی زانـستی نـە گەشە دەکاتو نە مەزنترین بەروبوومی دەبێت، ئەگـەر بێـتو لـە چوارچـێوەی دیـوارێکی ئاسنینی ڕەقدا بژی، دیوارێك لە ڕاستی پەتی. ئـەم جـۆرە ڕاسـتییانە، ئەگەرچـی زۆربـنو بەهایان هەبێتو دەگمەنو ناوازەش بن، ئەوا بەس نین بۆ خـەلقکردنی مرۆڤێـك کاریگـەری لەسەر ژیانو لەسەر ئادەمیزاد هەبێت. بگرە ئەو جۆرە ڕاستییانە وا دەکـەن خاوەنـەکانیان، پلەی بلیمەتییەکەیان هەرچییەك بێـت، بگـۆڕڕێن بـۆ جۆرێـك لـە مرۆڤـی تەسـك-بـینو دەمارگیرو لە دواجاردا دەبن بە شتێك لە ڕۆبۆت دەچن، خاڵی لە هەموو هەستو سـۆزێكو ناتوانێت ئاراستەیەکی باش بداتە سەرکەوتنە زانستییەکەی کە سوودی ئایندەی مرۆڤایـەتی تێدا بێـتو یارمـەتی بونیادنـانو خۆشـگوزەرانی بـداتو بەشـدار نـەبێت لـە ڕوخانـدنو وێرانکردنو هەڵگیرساندنی ئاگری ناکۆکییەکانو ململانێ کوشندەکانی نێوان میللەتان.

زانست بریتی نییه له فیکرێکی وشكو پەتی، بگرە زانست لـە وێنـە ڕاسـتەقینەکەیدا بریتییە لە کۆمەڵێ حەقیقەت کە پاشخانێکی بەهێزیان هەیە لەگەڵ هەستو سۆزی مرۆڤـــ و ڕۆشنبیرییە بەرفراوانەکەیدا، بەم جۆرە ئەوە زانستە وا دەکات خاوەنەکەی توانای هـەبێت عەقڵو ڕۆحو دەروونی بڵند بێت.

ئەنشتاین عـەقڵێکی مەزن بوو. ژەنیـارێکی هەسـتیاری سـەر پیـانۆو کەمانـچە بـوو. لێرەوە پێویستە لەسەر زانا ڕاستەقینەکان، هێزی عەقڵو هێزی ڕۆح پێکەوە کـۆ بکەنـەوە، زانیارییە چڕوپڕەکانو ڕۆشنبیری مرۆڤدۆستانەی بەرزو بڵنـد پێکـەوە کـۆ بکەنـەوە. ئـەوە تەنها ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤدۆستانەی بەرزو بڵندە دەتوانێت هێزی زانست جڵەو بکـاتو ئـەم هێزە لە هێزێکی شەڕانگێزەوە بگۆڕێـت بـۆ هێزێکـی چـاکەکار، لـە پیـشەسازی بـۆمبی ئەتۆمییەوە بیگۆڕێت بۆ پیشەسازی خێرو دادپەروەریو خۆشەویستیو ئاشتی.

# تراژیدیای ڤیڤیان لی



یەکێك لە گەورەترین چیرۆکی خۆشەویستی کە ژیانی هونەری، لە سەدەی بیستەمدا بەخۆیەوەی بینی، چیرۆکی خۆشەویستی نێوان ئەکتەری ئینگلیزیو جیهانی بەناوبانگ "لۆرانس ئۆلیفییە"یە لەگەڵ خانمە ئەکتەری ئینگلیزیو جیهانی بەناوبانگ "ڤیڤیان لی". "ئۆلیڤییە" ساڵی ١٩٤٠ "ڤیڤیان لی"ی هێنا، هاوسەرگیرییەکەیان نزیکەی ٢٠ ساڵی خایاندو لە ساڵی ١٩٦٠ لەیەکتر جیابوونەوە.



لۆرانس ئۆلیڤیە

بەم شێوەیە چیرۆکی ئەم خۆشەویستییە ٢٠ ساڵ بوو. تێیدا ئەم دوو خۆشەویستە ١٠ ساڵی تەواویان لە خۆشیو شادیدا بردە سەر، پاشان لەم پەیوەندییەدا سەردەمی ئێشو ئازار دێتو ئەویش ١٠ ساڵی تەواو دەخایەنێت.

لە سەرەتای مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٩، بە بۆنەی مردنی "لۆرانس ئۆلیفییە" لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا، قسەکردن لەسەر ئەم خۆشەویستییە دەستی پێکردەوە. ڤیڤیان لی لە تەمەنی ٥٤ ساڵیداو لە ساڵی ١٩٦٧ بەهۆی نەخۆشییەکی درێژخایەنەوە کۆچی دوایی دەکات، مردنەکەی وەك جۆرێك لە تراژیدیا وایە.

ڤیڤان لی، لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا، دووچاری نەخۆشییەکی دەروونی بوو، ئەم نەخۆشییە وای کرد توشی شێتی ببێت. لە ماکەکانی ئەم نەخۆشییە خەمۆکی، ترس لە خەڵكو لە ژیان، تورەبوونو هەڵچوونی لەناکاو کە وای دەکرد ئەم خانمە هونەرمەندە

گەورەیە، هەموو شتەکانی بەردەمی بشکێنێت. بگرە لەو چرکەساتانەی تورەیی و هەڵچوونەکەی بۆ دەهات، بە هەر مرۆڤێك بگەیشتایە دەیویست وێرانی بکات. مەسەلەکە گەیشتە ئەوەی چەندینجار هەوڵی دا خۆی تێك بشکێنێتو بە خۆکوشتن کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت، هەروەها هەندێجار هەوڵی دەدا هاوسەرەکەی بکوژێتو لەناوی ببات.

دەرکەوتنە پرشنگدارەکەی ڤیڤان لی، لە ساڵی ١٩٣٩دا بوو، لەو ساڵەدا رۆڵێکی نەمری لە فیلمی "لەگەڵ بادا رۆشت" لەگەڵ ئەکتەری گەورە "کلارك جیبل" بینی. ڤیڤان لی، پێش ئەم فیلمە ئەکتەرێکی سادەی کەم-بایەخ بوو، لە هەندێ فیلمدا دەرکەوتبوو، بەڵام بێ ئەوەی لە مەسەلەی نواندندا تێبینی بەهەرە زۆرەکانی کرابێت یان سەرنجیان خرابێتەسەر. وەلێ فیلمی "لەگەڵ بادا رۆشت" لە سەرتاپای جیهاندا، کردی بە ئەستێرەیەکی بەناوبانگو، خستییە ریزی پێشەوەی ئەستێرە خۆشەویستەکانی جیهانەوە، ئەوانەیان لەیەك کاتدا رێزیان لێ دەگیراو ستایش دەکران. ڤیڤان لی لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا ئەو رۆڵەی بینی، ئەو لە ٥ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٣ هاتبووە دنیاوە.

لێرەوە ئەو لە ترۆپکی گەنجیو پێگەیشتنیدا، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. فیلمی "لەگەڵ بادا رۆشت" تابڵێی قازانجێکی زۆری کرد، لە مێژووی سینەمادا یەکەم فیلمی لەو جۆرە بوو، قازانجی فیلمەکە گەیشتە ٤٠ ملیۆن دۆلار، ئەم قەبارە زۆرەی قازانج، بەڵگەیەکی درەوشاوەیە سەبارەت بەوەی ئەم فیلمە لەسەر ئاستی جەماوەری، چەند سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە. هەر ئەمەش وای کرد ئەستێرەی یەکەمی فیلمەکە (ڤیڤان لی) ببێتە ناوێك هەموان بیلێنەوەو چاوەڕوانیان دەکرد کاری هونەریی دیکە بە هەمان ئاستو بەهاو جوانیو سەرکەوتن پێشکەش بکات. بەدروستیش هەر وابوو، کۆمەڵێ کاری دیکەی سەرکەوتووی پێشکەش کرد، لەو کارانە فیلمی "پردی واترلۆ" لەگەڵ هونەرمەند "رۆبرت تایلۆر". فیلمی "گالیسکەیەك ناوی لەزەتە" لەگەڵ

هونەرمەند "مارلۆن براندۆ"، بەڵام ناو و ناوبانگو نەمریە گەورەکەی "ڤیڤان لی" تا کۆتایی هەر وابەستەی ئەو ڕۆڵەی بوو کە لە فیلمی "لەگەڵ بادا ڕۆشت" بینی.

دوای ئەوەی ڤیڤان لی لە فیلمی "لەگەڵ بادا ڕۆشت" سەرکەوتنو ناوبانگێکی فراوانی بەدەست هێنا، چیرۆکی خۆشەویستییەکەی لەگەڵ "لۆرانس ئۆلیفییە" دەست پێدەکات. لۆرانس ئۆلیفییە لەو کاتو ساتەدا، کۆتایی سییەکانی سەدەی بیستەم، بوونی خۆی وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە جیهانی شانۆدا سەلماندبوو، لە ئینگلتەرەو ئەمریکادا ببووە یەکێك لە ئەستێرە هەرە ناسراوەکانی شانۆ. کاتێ ئۆلیفییەو ڤیڤان لی بەیەك دەگەن، خۆشەویستییەکی زۆر بەهێز لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت، ئیدی زۆر بە خێرایی ڕێکدەکەون هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٤٠ دەبنە هاوسەری یەکتر، ئۆلیفییە لەو ساڵەدا تەمەنی ٣٣ ساڵ بوو، ڤیڤان لی،



تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو. هەموان بینیان ساڵانی یەکەمی ئەم هاوسەرگیرییە، هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو- و دەگمەنی نێوان هونەرمەندانە. چونکە بە شێوەیەکی گشتی ژیانی هونەرمەندان پڕە لە شپرزەییو بێباریو وەرچەرخان، ئەمەش وا دەکات ژیانی کەسیی هونەرمەندان، نیشانەیەك بێت بۆ کێشەی زۆرو خێرا، بەتایبەتی لە بواری خۆشەویستیو هاوسەرگیریدا. بەڵام ئۆلیفییەو ڤیڤان لی لە قۆناغی یەکەمی ژیانە هاوبەشەکەیان، نمونەیەکی جوانی جێگیربوونو هاوسۆزییەکی گەورەیان پێشکەش کرد، کە لەسەر خۆشەویستیەکی گڕگرتووی دوو لایەنەو هۆگربوونی هەریەکەیان بەوی دیکەیانەوە ڕاوەستابوو. ئەمە ئەوەی

پیشان دەدا ئەم خۆشەویستییە تاکو کۆتایی بەردەوام دەبێتو دەتوانیٚ لە بەردەم گێژاوەکانی ژیانی هونەریو کێشە زۆرو جۆراو جۆرەکانیدا خۆڕاگر بێت.

ئەوەی دڵنیایی دەبەخشی بەوەی ئەو وێنەیەی هاوسەرگیری سەرکەوتوو دەبێت، ئەوەبوو ئۆلیفییە کاراکتەرێکی جدیو ڕاستو ڕەوان بوو، هەموو کاتی خووی دابووە هونەرەکەیو پەرۆشی ئەوە بوو تواناکانی پەرە پیٚ بداتو پلە بەرزەکانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، تا گەیشتە لوتکەو لە سەدەی بیستەمدا بووە یەکێك لە عیملاقەکانی هونەر. ئۆلیفییە لەو جۆرە کەسانە نەبوو حەزی بە سەرکێشییە سۆزدارییەکان بێت، یاخود سەرکەوتنە هونەرییەکەی بۆ خاتری ئەزمونی جۆراو جۆر لەگەڵ ئافرەتاندا بخاتە گەڕ. ئەو دڵسۆزی ئامانجە سەرەکییەکەی بوو، هەموو تواناو بەهرەو وزەی خۆی بۆ تەرخان کردبوو، ئەو ئامانجەش بریتی بوو لە هونەر لە بەرزترین ماناییداو لە قووڵترینو ڕەسەنترین حاڵەتیدا.

نمونەی ئەم جۆرە هونەرمەندە گەورەیە کە هەموو توانای خۆی بەخشیبوو بە هونەرەکەی، ئاسایی بوو بتوانێت لە گۆڕەپانی خۆشەویستیو سۆزداریدا، پابەند بێتو خۆڕاگر بێت. لێرەوە خۆشەویستییەکەی بەرامبەر "ڤیڤان لی"ی هاوسەری، خۆشەویستییەکی گەورەو ڕاستگۆیانە بوو. "ڤیڤان لی"ش لەلای خۆیەوە، خۆشەویستی بە خۆشەویستی هاوسەرەکەی دەگۆڕییەوە، هەستی دەکرد "ئۆلیفییە" بە هونەرە بلیمەتەکەیو بە سەرکەوتنەکانی کە ڕۆژانە تا دەهات زیاتر دەدرەوشایەوە، ژیانی پڕکردووە. هەروەها هەستی دەکرد بە سیفەتە مرۆڤانەییە زۆرەکانی، کە لە هەستو سۆزە گەرمو گوڕەکەیو دڵنەرمییەکەیو وەفادارییەکەیو حەزکردنی لە ژیانێکی خێزانی هێمنو ئارام دوور لە هاتو هاوارو قیڕە قیڕ بەرجەستە دەبوو، ژیانی خۆشکردووە. سەرەڕای ئەوانە "ئۆلیفییە" لەسەر ئەوە ڕاهات یارمەتی هاوسەرە جوانە بەهرەدارەکەی بدات، لە جێبەجێکردنی ڕۆڵە هونەرییە جیاواز جیاوازەکانیدا. ئەمەش لە میانەی ئەو شارەزاییە

فراوانەی کە وەك ئەکتەرو وەك دەرهێنەرێکی گەورە هەیبوو. ئەو تەواوی شارەزایی خۆی خستبووە خزمەتکردنی "ڤیڤیان لی"ی هاوسەریەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی بگاتە ئەو شتەی کە خۆی دەیەوێتو پێی خۆشە پێی بگات، گەیشتن بە بەرزترین پلە لە پلەکانی سەرکەوتنی هونەری. لەبەر ئەوە "ئۆلیفییە" هەرگیز ڕێگر نەبووە لە بەردەم تموحی هونەری "ڤیڤیان لی"دا، بگرە فاکتەرێکی یارمەتیدەری ئەم تموحە بووە.

ئەی باشە ئاخۆ ئەم "میکرۆب=پەتا"ی نەهامەتییە لەکوێوە هاتو خۆی کرد بەناو ئەم پەیوەندییە سەرکەوتووەی نێوان "ئۆلیفییە" و "ڤیڤیان لی"ی هاوسەریدا. کێشەکە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٠ دەستی پێکرد. واتە دوای ١٠ ساڵ لە پەیوەندییەکی جێگیری نێوان دوو خۆشەویست. "ڤیڤیان لی" دووچاری خەمۆکی بوو، ئیدی ماکەکانی نەخۆشییەکی دەروونی مەترسیداری لێ دەرکەوت.. دەچووە ژوورەکەی خۆیو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ تێیدا دەمایەوەو بێ هیچ هۆکارێکی ڕوونو ئاشکرا، دەستی دەکرد بە گریانێکی بەردەوام. ئۆلیفییە قەناعەتی پێکرد خۆی پیشانی دکتۆرێکی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی دەمار بدات، مەسەلەکەش بە نهێنیو شاراوە دەمێنێتەوە، نەبادا کار لە ناو و ناوبانگە هونەریەکەی بکات. هەرواش بوو، پیشانی یەکێك لە پزیشکەکانی دا، پزیشکەکە جەختی لەوە کردەوە توشی ئەو نەخۆشییە بووە کە بە (شیزۆفیرنیا) ناسراوە، ئەم نەخۆشییە وا لە کەسە توشبووەکە دەکات خەیاڵی بۆ کۆمەڵێ شتی زۆر بچێت کە بە ڕاستی ڕویان نەداوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆشەکە بەدەست ئەو شتانەوە زەندەقی دەچێو هەست دەکات هەڕەشەی لێ دەکەنو مەترسین بۆ سەر ژیانی. ئەم نەخۆشییە بێ هیچ پێشەکییەك، کەسە توشبووەکە لە خەمۆکییەکی توندەوە دەبات بۆ خۆشییەکی توند. ئەمەش وا دەکات ڕەفتارو هەڵسوکەوتی نەخۆشەکە وەك جۆرێك لە شێتی دەربکەوێت.

من دەربارەی ئەم نەخۆشییە زۆرم خوێندەوە، بەڵام نەمتوانی بە شێوەیەکی ورد لێی تێبگەم تەنها ئەو کاتە نەبێت کە هاوڕێیەکم تووشی بوو. هاوڕێکەم یەکێك بوو لە نووسەرە

بەهرەدارەکانمان، ئەم نەخۆشییە کاری تێ کردو بووە هۆی مردنی. هەندێ لە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە لەو نووسەرە کۆچ-کردووەدا، ئەوە بوو زۆرکات وای بە خەیاڵدا دەهات خەڵکانێك کە لە ژیاندا نەماون، دێن بۆ لایو لەسەر زۆر لایەنی فیکرو ئەدەبو ژیان، قسەو باسو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەنو داوای لێدەکەن هەندێ ڕەفتار بنوێنێت، ئەویش هیچ دوودڵ نەبوو لە بەجێهێنانی داواکارییەکانیاندا. ئەمە وای کرد ڕەفتاری لەنێو خزمانیو هاوڕێکانیدا، ببێتە سەرچاوەی گومانکردن لە تێکچوونی عەقڵیو لایەنی دەروونی. ئەم هاوڕێ بەهرەدارە نەخۆشە، هەندێجار سەعات سێی نیوە شەو، لە ناکاو دەهات بۆ لامو چیرۆکی سەیرو سەمەرەی دەربارەی چاوپێکەوتنەکانیو قسەکردنەکانی کە لەگەڵ خەڵکانی کۆچکردوودا ئەنجامی دابوون، بۆ دەگێڕامەوە. ئەو پێی وابوو هەموو ئەوانە ڕاستنو بە شێوەیەکی واقیعی ڕوویان داوە. حاڵەتی ئەم هاوڕێیەم قەناعەتی پێ کردم نەخۆشی شیزۆفیرینا نەخۆشییەکی زۆر مەترسیدارە، ئەعسابی کەسە توشبووەکە ماندوو دەکاتو دەبێتە هۆی وێرانبونی تەواوەتی. وەك ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکەی مندا ڕووی دا کە دووچاری ئەم نەخۆشییە سەیرو سەمەرەیە هاتبوو. دواجار مەسەلەکە بەوە کۆتایی هات هاوڕێکەم لە ماڵەکەی خۆیدا مایەوەو بە هیچ جۆرێك نەدەهاتە دەرێ، بینینی خەڵکی لە خۆی قەدەغەکرد، تەنانەت نەیدەویست کەسە هەرە نزیکەکانی خۆشی ببینێت. بگرە بەردەوام بۆ چەند ڕۆژێك نانی نەدەخوارد، ئیدی دوای ئەوەی مەسەلەکە گەیشتە ئەم حاڵەتە، کۆچی دوایی کرد. ئەمە ئەو نەخۆشییە دەروونییە مەترسیدارەیە کە دووچاری"ڤیڤیان لی" هاتبوو.

ئۆلفییە، لە یاداشتەکانیدا کە لەساڵی ١٩٧٧ بە ناونیشانی "ژیانی ئەکتەرێك" بڵاوی کردەوە، هەندێ ڕووداوی سەیر لە ژیانی هاوسەرەکەی دەگێڕێتەوە، لەوانە کە هاتووەتەوە بۆ ماڵەوە، هاوسەرەکەی بینیوە لە هۆڵەکەدا بە ڕووتو قوتی ڕاوەستاوە. شەوێکیان مێردەکەی نووستووە، کەچی لەناکاو هەست دەکات ژنەکەی بە خاولییەکی تەڕ چەند

جارێك بە توندیو یەك لەسەر یەك دەیكێشی بە دەمو چاویدا، وەك ئەوەی بیەوێت بیكوژێتو لەناوی ببات، "ئۆلیفییە" لە خەو ڕادەپەڕێو بەرگری لە خۆی دەكاتو دەیەوێ ژنەكەی ئازاری نەدات. لە سەرو بەندی ڕاكردنیان بەناو ژوورەكەداو هەوڵدانی ئۆلیفییە بۆ ئەوەی ژنەكەی كۆنترۆڵ بكات، ڤیڤیان لی بە توندی بەر تەختەی نووستنەكەیان دەكەوێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لا چاوێكی بە قووڵی بریندار ببێت، ئیدی بۆ ماوەیەكی زۆر هەر خەریكی چارەسەركردنی ئەم برینەی دەبێت.

ئۆلیفییە لە بەشێكی دیكەی یاداشتەكانیدا دەڵێ:

ڕۆژێكیان پزیشكەكان بڕیار دەدەن پێویستە لە نەخۆشخانە چارەسەری بۆ بكەن، هەنگاوی یەكەم بریتییە لەوەی بۆ ماوەی سێ هەفتە لەسەر یەك بخەوێتو لە ڕێگەی بێهۆشكردنییەوە ئاگای لە خۆی نەمێنێت. هەروەها لە كاتو ساتێكی دیكەدا پزیشكەكان بڕیار دەدەن بە كارەبا چارەسەری بكەن، بەڵام دواجار پزیشكەكان دەگەنە ئەو بڕیارەی لە نەخۆشییەكەی چاك نابێتەوە، ئەوەی زانستی پزیشكی دەتوانێ بیكات ئەوەیە نەخۆشییەكە لەو ئاستەدا ڕابگرن كە پێی گەیشتووە. وەلێ بۆ بەدبەختیی "ڤیڤیان لی" تووشی نەخۆشییەكی ئەندامی دیكەش ببوو، ئەویش هەوكردنێكی توندو درێژخایەنی سییەكانی بوو، ئەمەش مەترسیی نەخۆشییە دەروونییەكەی زیاتر كردو هەلی چاكبوونەوەی زۆر سنوردار كرد.

ئەوەی شوێنی گومان نییە ئەوەیە ئەم نەخۆشییە دەروونییە مەترسیدارە، هەر وا لە بۆشاییەوە دروست نابێت، پێویستە نەخۆشەكە ئامادەیی ئەم جۆرە نەخۆشەی تێدا بێت، لە كارەكتەریدا هەندێ ڕەگەز هەبێت وای لێ بكات ببێتە نێچیرێكو بكەوێتە تۆڕی ئەم نەخۆشییە مەترسیدارەوە. بەڵام ئەم "ئامادەییە سروشتییە" پێویستە هەندێ هۆكار بدۆزێتەوە، تاكو پێیان كاریگەر بێتو وا بكات نەخۆشییە نادیارەكە دەركەوێتو بێتە

دەرەوە. ئاخۆ ئەو هۆكارانە چی بوون كە بوونە هۆی ڕوودانی هەموو ئەو شتانەی لـە ژیـانی "ڤیڤیان لی"دا ڕوویان دا؟

ئۆلیفییە دەڵێ: خۆشەویستیم بۆ ڤیڤیان گەورەترین چیرۆكی خۆشەویستییە لە ژیانمدا.

ڤیڤیان لی ئەكتەرێكی بەناوبانگو سەركەوتو بوو، ناوەكەی ڕێزو ستایشێكی زۆری لـێ دەگیرا كە دنیای پڕ كردبوو، سەرەڕای ئەوە تا بڵێی جوان بوو، دوای نواندنی فیلمی "لەگـەڵ بادا ڕۆشت" ڕەخنەگرانو ڕۆژنامەنووسان پێیان دەگوت: "جوانی جوانان". هەموو ئەوانـەی لێكۆڵینەوەیان لەسەر ژیانی كردووە، كۆكن لەسەر ئـەوەی تراژیـدیای ڤیڤیـان لـی لـە دوو خاڵەوە دەست پێدەكات: یەكەمیان بریتییە لەو سەركەوتنە بێ وێنەیەی لە فیلمـی "لەگـەڵ بادا ڕۆشت" بەدەستی هێنا. ئەم سەركەوتنە حەزێكی گڕگرتووی لە ناوەوەیـدا داگیرسـاندو وای لێكرد لە هەموو كارە هونەرییەكانیدا (شانۆو سینەما) خۆی زۆر ماندو بكـات، تـاكو پارێزگاریی لەو ئاستەی بكات كە بەدەستی هێناوە یان لەو ئاستەش تێپەڕێت. بەڵام خـاڵی دووەم كە تووشی ئەم نەخۆشییەی كردو خاڵە گرنگەكەیە، بریتییە لە شووكردنی بە لـۆرانس ئۆلیفییە.

لۆرانس ئۆلیفییە كاتێ ڤیڤیان لی شووی پێدەكات، ئەكتەرێكی ئاسایی نـەبو، لـۆرانس ئۆلیفییـــە تـــازە لەســـەرەتای هەنگاوانیـــدا بـــوو بـــۆ گەیـــشتن بـــە لوتكـــە. دوای هاوسەرگیرییەكەیان، ئۆلیفییە بەردەوام لە بەرزبوونەوەی زیاترو زیاتردا بوو، تـاكو گەیـشتە لوتكەو بووە گەورەترین ئەكتەری سەردەمەكەی. ئالێرەدا ڤیڤیـان لـی توشـی ئارەزویـەكی سەرشێتانە دەبێت، ئارەزوی ئەوەی بگاتە ئاستی مێردەكەی. كارێـك بكـات هونەرەكـەیو ڕۆڵە جیاواز جیاوازەكانی، بـەرز بكاتـەوەو بیانگەیەنێتـە ئـەو لوتكەیـەی ئۆلیفییـە پێـی گەیشتووە، ئەگەر نا ئەوا ئاستی بۆ هەتا هەتایە لە ئاستی هاوسەرە مەزنەكەیدا نابێت.

ڤیڤیان لی لەدەروونیدا، هەستێكی نا-ئاسایی بە ئارەزووی سەركەوتنو كێبڕكێ لەگـەڵ هاوسەرەكەیداو خۆڕاگری لەبەردەمیدا، دروست ببوو. پێدەچێت ئەو لە قووڵایی ناخییـەوە،

هەستی کردبێت ناتوانێت ئەو هاوسەنگییە هونەرییەی نێوان خۆیو هاوسەرەکەی ڕابگرێت. بۆیە هەستێکی وێرانکەر داگیری دەکات، هەستێك بەوەی ئەم شایەنی ئەو هونەرمەندە مەزنە نییە کە ناتوانێت پێی بگاتەوە. ئەمەش "ڤیڤیان لی" دووچاری ڕاڕاییو دوودڵی دەکاتو وا دەکات پێی وابێ هاوسەرەکەی هەر کاتێ هەستی کرد لە لایەنی هونەرییەوە لە ژنەکەی سەرکەوتووترەو بە چەندین هەنگاوی گەورە لە پێشیەوەیە، لە کاتێکدا ئەو بە چەندین هەنگاوی گەورەو فراوان لە دواوەیەتی، ئەوا بەجێی دەهێڵێتو لێی جیا دەبێتەوە. ئەم جۆرە لە ڕاڕاییو دوودڵی، ئەو هۆکارە بەهێزانە بوون کە دەرفەتیان بۆ نەخۆشییە دەروونییە نادیارو شاراوەکەی کەسێتیی "ڤیڤیان لی" خۆش کرد، بەدیار بکەوێتو کۆنترۆڵی بکات.

مەسەلەکە گەیشتە ئەو ئاستەی ڤیڤیان لی لە هەندێ لەو شەوانەی لە بەردەم هاوسەرەکەیدا، چەند ڕۆڵێکی تاقی دەکردەوە، وەك ڕۆڵی "کیلۆپاترا" لە شانۆگەری "قەیسەرو کیلۆپاترا"، دووچاری حاڵەتی توندی لەخۆچوونو بورانەوە دەبوو. ڤیڤیان لی لەو شانۆگەرییەدا توانایەکی لەڕادەبەدەری خەرج کردو خۆی زۆر ماندو کرد، بەڵام هەستی دەکرد نارازییەو بەدڵی نییەو ئەو لە لایەنی هونەرییەوە لە هاوسەرە مەزنەکەی کەمترە. گەرچی هاوسەرەکەی هەوڵێکی زۆری دا متمانەی بەخۆی هەبێتو لەوە دڵنیای کردەوە لە ڕۆڵەکەیدا زۆر سەرکەوتوو بووە، بەڵگەش بۆ ئەوە سەرسامبوونی جەماوەرو ڕەخنەگرانە، بەڵام نەخۆشییە دەروونییەکەی زاڵ ببوو بە سەریداو ئیرادەی ئیفلیج کردبوو، دەروونی پڕ کردبوو لە خەمو بێزارییو ترسی کوشندە.

ئەگەر ڤیڤیان لی کەسێتییەکی سروشتی هەبوایەو ئامادەیی وەرگرتنی ئەو نەخۆشییە دەروونییەی تێدا نەبوایە کە ژیانی وێران کرد، ئەوا ڕێگەی بە خۆی نەدەدا بکەوێتە ناو ئەو هەستو سۆزە دژوارەوە، گوایە بەهرەکەی لە بەهرەی هاوسەرەکەی بچووکترەو سەرکەوتنی لە سەرکەوتنی ئەو کەمترە. کارێکی سروشتییە ئافرەت هەست بەوە بکات سەرکەوتنی

پیاوەکەی سەرکەوتنە بۆ ئەویش، مادام پیاوەکە هەڵی بژاردووە ببێتە خۆشەویستیو ببێتـە نزیکترین کەسیو بەرزترین پلەی ڕێزو سەرسامبونی پێ بەخشیوە، ئـەوا سـەرکەوتنی ئـەم جۆرە پیاوانە، پێویستە متمانە بە دڵی ئافرەتەکە ببەخشێتو دڵنیاییو هەستێکی قووڵ بـە ئەمانو ئارامی لا دروست بکات.

بەڵام ڤیڤیان لی چووە جەنگێکی توندەوە دژ بە سەرکەوتنی هاوسـەرەکەی، دەیویـست کێبڕکێی مێردەکەی بکاتو بێتە ئاستی ئەوەوە، بگرە لەو ئاستەش تێ بپەڕێت، تاکو دەرونە نەخۆشەکەی قەناعەت پێ بکات کە ئەو هیچی لە هاوسەرەکەی کەمتر نییـەو لـە بـەردەم ئەوانی دیکەدا، بیسەلمێنت هاوشانە لەگەڵ مێردە بلیمەتەکەی یان لەویش سەرکەوتوو تـرە. ئەمە لەکاتێکدا بوو هیچ کەسێك بەراوردی نێوان "ڤیڤیان لی"و مێردەکەی نەدەکرد، کەس نەبوو گومان لە بەهرەکانیو توانا هونەرییەکانی بکات. بەڵام ئەو ملکەچـی ئـەو مۆتەکـە خنکێنەرە بوو، مۆتەکەی بەراوردکردن لە نێوان توانای خۆیو توانای مێردەکـەی، لـەنێوان بلیمەتیی خۆیو بلیمەتیی مێردەکەی. ئیدی ئـەو ڕۆژە هاتـە پێـشەوە تێیـدا ڤیڤیـان لـی ڕووبەڕووی مێردەکەی وەستایەوەو پێی وت کە خۆشی ناوێتو ئەکتەرێکی دیکـەی خـۆش دەوێت، ئەکتەرێك لەو سەردەمەدا، ساڵی ١٩٥١، تازە دەستی کردبوو بـە کـاری نوانـدن، ئەویش "پیتەر فینش" بوو کە دواتر دەبێتە یەکێك لە ئەکتەرە گەورەکان.

ڤیڤیان لی، مەبەستی لە ئاشکراکردنو ڕاگەیاندنی ئەم خۆشەویستە تازەیەی، تەنها بـۆ دڵنیایی خۆی بوو کە دەتوانێت خـۆی لـەم هاوسـەرە بلیمەتـەی دەربـاز بکـات. هـەروەها دەتوانێ لە خۆی دڵنیا بێتو پشت بە بەهرە تایبەتەکەیو پـشت بـە ئـازادیی بیرکردنـەوەو ئازادیی لە هەڵبژاردنو ئازادی لە ڕەفتارو کارکردنیـدا، ببەسـتێت. لێـرەوە دەبوایـە تـەڵاق بکەوێتە نێوان ئەم دوو هاوسەرە خۆشەویستەوە، گەرچی ئۆلیفییە لەمێـژ بـوو هـەوڵی دەدا پەیوەندییەکەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، لە تێکچوونو وێرانبوون بپارێزێـت، چـونکە ئـەو تـا کۆتایی هەر ڤیڤیان لی ـی خۆشدەویستو هیوادار بوو چاك بێتـەوەو بگەڕێتـەوە بـۆ ژیانـە

سروشتییەکەیو کەسێتییە ئاسایییەکەی. بەڵام نەخۆشییەکە بەناو ئەعسابی "ڤیڤیان لی"دا چووبووە خوارەوەو چیتر نەیتوانی خۆی لێ ڕزگار بکات.

ئەو مۆتەکەیەی کە "ڤیڤیان لی"ی کۆنترۆڵ کردبوو، وەك خۆی مایەوەو ئارەزووی دەکرد لەسەر تەختەی شانۆ یان لەسەر شاشەی سینەمادا، کێبڕکێ لەگەڵ هاوسەرە مەزنەکەیدا بکات. هەستکردن بەوەی پێویستە توانای سەرکەوتنی هونەریی بۆ جیهان بسەلمێنێتو پێویستە پارێزگاری لەو پێگەیەی بکات کە لە ڕۆڵە نەمرەکەیدا لە فیلمی "لەگەڵ بادا ڕۆشت" بەدەستی هێنا. ئەم هەستکردنە شپرزانە وای کرد ژیانی خۆی وێران بکاتو لە تەمەنی ٥٤ ساڵیداو لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٦٧ کۆچی دوایی بکات. ئۆلیفییە، ئاوا وەسفی ژیانی خۆی لەگەڵ "ڤیڤیان لی" دا دەکات:

"ژیانمان وەك ئەسانسۆرێکی خێرا وابوو، بەخێرایی بەرز دەبۆوە، پاشان بە خێراییەکی شێتانەو بەبێ ڕاوەستان بەرەو کەندەڵان دادەبەزی".

ئۆلیفییە جیابوونەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەی (کە لە ترۆپکی نەخۆشییەکەیدا بوو)، ئاوا لێك دەداتەوەو دەڵێ:

"هەندێجار ژیان دەتگەیەنێتە قۆناغێك لە خۆکوشتنێکی تاڵ دەچێت، کاتێ تۆ لەناو بەلەمی ڕزگارکردندایتو بەلەمەکە تەنها جێگای یەك کەسی تێدا دەبێتەوە، ئەو کات ئەو دەستە دەترازێنی کە خۆی بە بەلەمەکەدا هەڵواسیوە، دەنا ئەوا تۆو خاوەنی ئەو دەستە لەیەك کاتدا پێکەوە لەناو دەچن".

مانای ئەم قسەیەی "ئۆلیفییە" بە سادەیی ئەمەیە، دوای ٢٠ ساڵ لە خۆشەویستیو هاوسەرگیری، هیچ هەڵبژاردنێکی دیکەی لەبەر دەستدا نەبوو، ئەوە نەبێت یان خۆی ڕزگار بکات، یان لەگەڵ خۆشەویستە شێتەکەی ڤیڤیان لی، لەناو بچێت. بڕیاری دا خۆی ڕزگار بکاتو هاوسەرەکەیو خۆشەویستەکەی جێ بهێڵێت بۆ چارەنووسە بەئازارەکەی، ئەو چارەنووسەی بە هۆی نەخۆشییە دەروونییە ترسناکەکەیەوە دووچاری ببوو. بەم شێوەیە

ژیانی هاوبەشی نێوان هونەرمەندێکی بلیمەتو خانمە هونەرمەندێکی بلیمەت کۆتایی پێهاتو ئەو پرسیارەش دەمێنێتەوە، ئاخۆ مەحاڵە دوو بلیمەت لەگەڵ یەكو لە یەكماڵو لەژێر یەك بنمیچدا پێکەوە بژین؟

ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەکە ئەوەیە، ناکرێ دوو بلیمەت پێکەوە لە ماڵێکدا بژین، تەنها ئەو کاتە نەبێت لە نێوان ئەو دووانەدا، هەستو سۆزێکی بەهێز لە بەزەییو میهرەبانیو دڵنەرمیو هەستکردن بەوەی هەر یەکەیان ئەوی دیکەیان تەواو دەکات، لەئارادا بێت. بەڵام ئەگەر هەستو سۆزی کێبڕکێو ئیرەییو ئارەزووی سەرکەوتنو بەدەستهێنانی تموحی زیاتر، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی کەسەکەی دیکە بێت، ئەوا ئەو ژیانە هاوبەشە دەگۆڕێت بۆ جەنگێکی ناوخۆو بە تراژیدیا کۆتایی پێ دێت، وەك تراژیدیاکەی "ڤیڤیان لی".

"ئۆلیڤییە" توانی خۆی دەرباز بکاتو لەسەر سەرکەوتنە هونەرییە گەورەکانی بەردەوام بێت، بگرە توانی ئەکتەرێکی دیکە بهێنێت، ئەویش "جوان بلورایت" بوو، ئەم خانمە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو بوو، بەڵام کارەکتەرێکی سروشتیی هەبوو، هێمنیو ئیستقرارو سێ منداڵی بەخشییە "ئۆلیڤییە". "ئۆلیڤییە" سەبارەت بەم هاوسەرەی دەڵێ:

"لە جوان بلورایت-دا هەموو ئەو شتانەم دۆزییەوە کە لە ئافرەتەوە دەمویست، خۆشەویستییەکەمان لە خەونێکی خۆش دەچوو، شتێکی سروشتی بوو، لە هەموو پەیوەندییەکانی پێشترم بەهێزتر بوو، تەنانەت لەو پەیوەندییەی لەگەڵ ڤیڤیان لی-دا هەمبوو کە وامدەزانی پەیوەندییەکی نایابە..."

جوان لەگەڵ ئۆلیڤییە مایەوە تا ئەو کاتەی ئۆلیڤییە لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٩ کۆچی دوایی دەکات، واتە لە ساڵی هاوسەرگیرییەکەیانەوە کە دەکاتە ساڵی ١٩٦٠ تاکو ساڵی ١٩٨٩.

خۆشەویستی دووەم خۆشەویستییەکی سەرکەوتوو بوو.

خۆشەویستی یەکەم بە جوانی دەستی پێکردو بە تراژیدیا کۆتایی پێهات.

# تیرۆرکردنی غەسان کەنەفانی



کاتژمێر دەو پێنج خولەکی سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە، ٨ ی تەموزی ساڵی ١٩٧٢، هونەرمەندو بیرمەندی تێکۆشەری فەلەستینی غەسان کەنەفانی، دەرگای ئۆتۆمۆبێلەکەی دەکاتەوە کە لەبەردەم خانووەکەی لە ناوچەی "حازمیە"ی بێروت وەستابوو، لەبەردەم دەرگای دووەمی ئۆتۆمۆبیلەکەیدا، (واتە دەرگای لای سەکن -و-)، "لەمیس حسێن نەجم" کچی خوشکەکەی کە تەمەنی ١٨ساڵ بوو، ڕاوەستابوو. "لەمیس" پێداگریی لەسەر ئەوە کردووە دەبێ لەگەڵ غەسان کەنەفانی-ی خاڵیدا بڕوات بۆ نووسینگەی گۆڤاری "الهدف" کە خاڵی سەرنووسەری بووە، دوای ئەوە هەردووکیان پێکەوە دەبێ بڕۆن بۆ بازاڕ تاکو "لەمیس" چی پێویستی هەیە بیکڕێت.

غەسان کەنەفانی هەر هێندەی مەکینەی ئۆتۆمۆبیلەکەی دەخاتە گەڕ، ئۆتۆمۆبیلەکە تەقینەوەیەکی گەورە دەتەقێتەوەو دەنگێکی بەرزی لێوە دێتو ئاگری تێ بەردەبێ. تەقینەوەکە لەو شوێنەی ئۆتۆمۆبێلەکە تێیدا ڕاوەستابوو، چاڵێکی گەورەی دروست کرد. هەروەها پەنجەرەکانی ئەو باڵەخانەیەش وردو خاش بوون کە "غەسان کەنەفانی"و هاوسەرە دانیمارکیەکەی (ئانی)و هەردوو منداڵەکەی (فایز ی ١٠ ساڵ و لەیلا ی ٦ ساڵ) تێدا نیشتەجێ بوون. "فایزە"ی خوشکی "غەسان کەنەفانی"و منداڵەکانی کە دانیشتووی کوێت بوون، بە سەردان هاتبوون بۆ لای غەسان کەنەفانیو لەگەڵ ئەواندا لە هەمان خانوودا نیشتەجێ بوون. "لەمیس" یەکێك بوو لە منداڵەکانی خوشکەکەیو لە ڕووداوی تەقینەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەدا گیانی لەدەست دا.

ئاژانسەکانی هەواڵ کە بەخێرایی گەشتنە شوێنی ڕووداوەکە، ڕایانگەیاند لێکۆڵەرەوەکان لە شوێنی تەقینەوەکە پارچە کاغەزێکیان دۆزیوەتەوەو وێنەی ئەستێرەی داودی شەش لای لەسەرە کە دروشمی ئیسرائیلەو لەسەر پارچە کاغەزەکە ئەم پەرەگرافە نووسراوە: "لەگەڵ ڕێزی باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە کۆبنهاگن"، ئاماژەکردن بە کۆبنهاگن، تایبەتەو مانای گاڵتەپێکردن دەگەیەنێت، گاڵتەپێکردن بە هاوسەرگیری "غەسان کەنەفانی" لەگەڵ کچێکی دانیمارکی. ئەوانەی ئەو تاوانەیان ئەنجام داوە ویستویانە بڵێن: کۆبنهاگنی پایتەختی دانیمارك کە "ئانی" وەك ژنو هاودەم داوە بە "غەسان کەنەفانی"، هەر ئەویشە فەرمانی مردنی بۆ "غەسان کەنەفانی" دەرکردووەو کۆتایی بەژیانی هێناوە.

لەو تەقینەوەیەدا، لاشەی "غەسان کەنەفانی" بووە کوت-ی ورد وردو لە دەرەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەی‌و بەو ناوەدا پەرت‌و بڵاو بۆوە، بەشی هەرە زۆری لاشەی غەسان کەنەفانی کەوتە ناو باخچەی تەنیشت ڕوداوەکە، هەروەها پیاوانی ئاسایش دەستێکی غەسان کەنەفانی-یان لە سەربانی خانوویەکی تەنیشت ڕووداوەکە دۆزییەوە.



لێکۆڵینەوە ئاشکرای کرد تەقینەوەکە لە ئەنجامی دانانی بڕێکی زۆری تی ئێن تی بووە کە نزیکەی پێنج کیلۆگرام بووە، جگە لەوە بۆمبێکی پلاستیکی بەستراوە بە ئەگزۆزی ئۆتۆمۆبێلەکەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی هەر هێندەی مەکینەی ئۆتۆمۆبێلەکە کەوتەگەڕ، بۆمبەکەو تی ئێن تییەکە پێکەوە بتەقنەوە. شارەزایەك لە بواری تەقەمەنیدا کە لێکۆڵینەوەی لە ڕوداوەکە دەکرد، وتی گەر ئۆتۆمۆبێلەکە لەناو گەراجی ئەو باڵەخانەیەدا

بوایە کە "غەسان کەنەفانی" تێیدا نیشتەجێ بوو، ئەوا بڕی تی ئێن تییەکە بەس بوو بۆ ئەوەی هەموو باڵەخانەکە بە تەواوی بڕوخێنێت.

هۆکاری ڕوکەشی ئەم تاوانە، ئەو چالاکییە فیدائییە بوو کە بە ماوەیەکی کورت بەر لە تیرۆرکردنی "غەسان کەنەفانی" لە فڕۆکەخانەی "اللد"و لە ناوەوەی ئیسرائیل ڕووی دا، ئەم چالاکییە ئەو چالاکییە بوو کە ژمارەیەك ژاپۆنی بەشدارییان تێدا کردوو بووە هۆی کوشتنی چەند ئیسرائیلییەك. بەرەی میللی ڕزگاریخوازی فەلەستینی، بەرپرسیارەتی ئەم چالاکییەی گرتە ئەستۆی خۆی. غەسان کەنەفانی، یەکێك بوو لە سەرکردە ناسراوەکانی ئەو بەرەیە، هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری (الهدف) بوو کە زمانحاڵی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بوو.

ئیسرائیل وەك پیشەی هەموو جارێکی، هەوڵی دا زۆر بە توندیو دڵڕەقانە وەڵامی ئەو چالاکییە بداتەوەو ئەو دروشمە ناسراوەی زایۆنیزم بسەلمێنێت کە دەڵێ: "هەر جولەکەیەك بە سەد عەرەب". لێرەوە جولەکەکان هێرشێکی گەورەیان کردە سەر خوارووی لوبنان، پاشان تاوانی کوشتنی "غەسان کەنەفانی"یشیان ئەنجام دا. غەسان کەنەفانی، یەکێك بوو لە هەرە درەوشاوەترین سمبولەکانی فەلەستین کە لە هەڵوێستو نووسینە جۆراو جۆرەکانیدا، بە گڕوتینێکی بەهێزەوە، گوزارشتی لە زەرورەتی ڕزگارکردنی فەلەستین لە دەست زایۆنیزم دەکرد، بە ڕێگای چەکداری نەك بە هیچ ڕێگایەکی دیکە. ئەو لە هەندێ لە نووسینەکانیدا دەڵێ:

"ئەگەر پیاو بیت ئەوا لە چاوتروکانێکدا دەگەیتە عەکا، بەڵام ئەگەر تەنها پەناهەندە بیت، ئەوا نە تۆو تەنانەت نە نەوەکانیشت نایبینن".

سەبارەت بە ڕووداوی تیرۆرکردنی غەسان کەنەفانی، هاوڕێو دراوسێکەی "مضر الدادا" کە دانیشتووی هەمان باڵەخانەیە دەڵێت:

"لە شەوی پێش ڕووداوەکەدا لە بەلەکۆنەی ماڵەکەیدا ڕاوەستابوو، دوو تارمایی بینیـوە لە تەنیشت ئەو خانووەوە دەهاتنو دەچوون کە غەسان کەنەفانیی تێدا بـوو، سـەگەکەم بـە توندی دەستی کرد بە وەڕین، من پـێم وابـوو ئـەو دوو دزە هـاتوون کەپـەکانی پێـچکەی ئۆتۆمۆبێلەکە بدزن، هاوارم لێ کردنو ئەوانیش دوورکەوتنەوە".

پاشان ئەم هاوڕێو دراوسێیەی "غـەسان کەنەفانی" بەردەوام دەبێتو دەڵێ:

"من چەند دڵتەنگو خەمبارم، چۆن لەو چرکەساتەدا غـەسان کەنەفانی-م بـە خەیاڵـدا نەهاتووە".

ئەم قسانەی دراوسێکەی غـەسـان کەنـەفانی بـە ڕوونو ئاشـکرایی دەری دەخـەن ئـەو تاوانـەی ئیـسرائیل پلانـی بـۆ دانـاوە، سـیخوڕەکانی نـاوەوە جێبـەجێیان کـردووە، ئـەو سیخوڕانەی بە ئازادی لـەناو شـاری بێروتـدا هـاتو چـۆیان کـردووە. ئاشـکرایە غەسـان کەنەفانی بە ماوەیەك پێش تیرۆرکردنی، لە ڕێگەی تەلەفۆنو نووسینەوە چەندین هەڕەشـەی کوشتنی لێ کراوە، وەلێ مەسەلەکەی بەلاوە گرنگ نەبوو. ئەمە لە کاتێکدا بـوو زۆربـەی سەرکردەکانی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین، لەبەر چاو دیار نەمانو لـە ماڵـەکانی خۆیـان، کە بە شێوەیەکی باش پارێزرابوو، دوور کەوتنەوە. غەسان کەنەفانی بەوەندە وازی هێنا کـە تەنها دەمانچەیەك هەڵگرێت، ئەو پێـی وابـوو شـەڕکردنی لەگـەڵ دوژمنەکـەی ڕووبـەڕوو دەبێتو پلانێکی چەپەڵی لە تاریکی بۆ کێشراودا تیا نابێت. بـەڵام غەسـان کەنـەفانی لـە وەرگرتنی ئەم هەڵوێستەیدا خـەتای نییـە، چـونکە ڕووداوی تەقینـەوەی ئۆتۆمۆبێلەکـەی، یەکەم جـۆری ڕووداوی تەقینـەوەی ئۆتۆمۆبێلـە. لـەو سـەردەمەدا دیـاردەی تەقاندنـەوەی ئۆتۆمۆبێلی بۆمبڕێژکراو لە لوبنـان بـڵاو نـەبووبۆوە، وەك ئـەوەی ئێـستا بـڵاو بووەتـەوە. ئەستەم بوو غـەسـان کەنـەفانی خـۆی لـەو شـتە نادیـارە بپارێزێـت کـە هـیچ فیکرێکـی لەبارەوە نەبوو.

سەرەڕای ئەوە، ئەو کارەی غەسان کەنەفانی جێبەجێی دەکرد، دەرفەتی ئەوەی پێ نەدەدا خۆی بشارێتەوەو خۆی ون بکات. کاری سەرەکی ئەو ڕۆژنامەو نووسین بوو، بە دیاریکراوی کاری ڕۆژنامەوانییەکەی وای دەخوازی ڕۆژانە بڕوات بۆ شوێنی کارکردنی لە گۆڤاری "الهدف" کە سەرنووسەری بوو. ئەو نەیدەتوانی ئەو کارەی لە بارەگایەکی نهێنییەوە هەڵسوڕێنێت، کاری ئاشکراو هاتنو چوون بە ئاشکرایی، قەدەرێکی نووسرابوو بۆ غەسان کەنەفانی. ئەمە جگە لەوەی ئەو ئاشکراییە بەشێك بوو لە سروشتی خۆی. غەسان کەنەفانی، هونەرمەندێکی دڵ-گەرمو عەقڵ-گەرم بوو، حەزی لە ڕووبەڕووبونەوەو گفتوگۆو تێکەڵبوونی بە شێوەیەکی بەرفراوان بە خەڵك بوو. خاوەنی کاراکتەرێکی سەرنجڕاکێشو خۆشەویست بوو. لەبەر هەموو ئەوانە، بەشی زۆری کاتەکانی شەو و ڕۆژی بە ژمارەیەك لە ئازیزانو خۆشەویستانی دەورە درابوو. لێرەوە ئەم جۆرە کارەکتەرە زەحمەت بوو بتوانێت خۆی بشارێتەوەو بە نهێنی بمێنێتەوە، لەبەرچاو ون ببێت یان بە دزیو وریاییەوە هەڵسوکەوت بکات.

ساڵی ١٩٥٩ هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا "غەسان کەنەفانی" لە چاخانەی (هاڤانا)ی ناسراو لە دیمەشق ببینم، "غەسان کەنەفانی" لەو کاتەدا لە کوێت هەم وانەی دەگوتەوەو هەم لە ڕۆژنامەشدا کاری دەکرد، غەسان کەنەفانی لەو ساتەوەختەدا هێشتا ئەو ناوبانگەی بەدەست نەهێنابوو کە دواتر بەدەستی دەهێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەندی ڕۆشنبیرانو ئەدیباندا ناسرا بوو. من کاتێ لە هاوینی ئەو ساڵەدا بۆ یەکەمجار ئەوم بینی، تەمەنم ٢٥ ساڵ بوو، ئەویش تەمەنی تەنها ٢٣ ساڵ بوو، لە یەکەم بینینمدا هەستم کرد کارەکتەرێکی چالاكو زیرەكو ڕۆشنبیرو بلیمەتە. ئەو گەرچی تەمەنی کەم بوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی ئەدەب-دۆستو تێکۆشەرە سیاسییەکانی لە دەوری کۆببوونەوە، ئەو تێکۆشەرە سیاسییانەی بە شوێن ڕێگایەکی ئیشکردندا دەگەڕان،

تاكو بتـوانن لێیــەوە بەشـداریو هاوكـاری ڕزگـاركردنی نەتەوەكـەیان بكـەن لـە هــەموو بارودۆخێكی خراپی چەوساندنەوە لە ئیمپریالیزم.

دوای ئەوە غەسان كەنەفانیم زۆر بینی، لە نێوان مــنو ئـەودا هاوڕێیەتیـەكی تۆكمــەو پتەو دروست بوو، تا ڕۆژی كوژرانەكـەی بـەردەوام بـوو. بیرمـە كـاتێ سـاڵی ١٩٦٣ بـۆ یەكەمجار سەردانی بێروتم كردو لە ئوتێلێك دابەزیم، ئەو یەكەم كەس بوو لە ئێوارەی هــەمان ڕۆژدا پەیوەندیی پێوە كردم، من پێم وابوو ئەو بۆ ئەوەی بمبینێ، بەیانی دێت بۆ لام، بــەڵام لە تەلەفۆنەكەداو بە شێوازە یەكلایی-كەرەوەكەی خۆی پێی وتم:

"لە ئوتێلەكە چاوەڕوانم بكە، هەر ئێستا دەگەمە لات"

پاش ماوەیەكی كورت هاتو بردمی بـۆ ماڵــەوەیان. لـە ماڵــەوە هــۆڵێكم بـینی وەك ئەوەی هۆڵی وانە وتنەوەی یەكێك لە زانكۆكـان بێـت، ژمارەیـەك لـە ئـەدیبو بیرمەنـدو ڕۆژنامەنووسانو مامۆستایانی زانكۆ و چـالاكەوانە سیاسـییەكان ئامــادە بـوون. غەسـان كەنەفانی لە نێو ئەو ئاپۆرە گەورەیەدا، چەقی گفتوگۆو مشتومڕەكان بوو، ئـەو بزوێنــەری فیكرو بیروڕا جیاواز جیاوازەكان بوو. ئیـدی زۆربـەی بینینـەكانی دیكـەمان، لـەنێو ئـەو كەشو هەوا پڕ لە هاوڕێیو خۆشەویستانەیەیدا بوو، لەنێو ئەو كەسانەدا بوو كە كاراكتــەری غەسان كەنەفانی پڕ جۆشوخرۆش، ڕای كێشابوونە ناو چوارچێوە مرۆڤایەتییەكەیەوە.

غەسـان كەنــەفانی هــەر لــە گەنجییــەوە، دووچـاری نەخۆشـیی شـەكرە ببـوو، پلـەی نەخۆشییەكەی ئاسایی یان كەم نەبوو، بگرە تا ئاستێكی زۆر بەرز بوو. ئـەم مەسـەلەیە لـە كاراكتەری غەسان كەنەفانیدا سەیر بوو، چونكە ئەو نەخۆشییە قورسە پێویستی بـەوە بـوو غەسان كەنەفانی لە هەڵسانو دانیشتنو جوڵەو چالاكیدا، پەیڕەوی سیستمێكی ورد بكات، ئەو دەبێ زیاتر دوورە پەرێزو گۆشەگیر بێت، نەك بەردەوام لە جوڵەو كاركردندا بێت. وەلـێ ڕازی نەدەبوو خۆی ڕادەستی نەخۆشییەكەی بكات، بگرە شێلگیرانە ڕووبـەڕووی دەوەسـتاو تەحەدای دەكرد. ئەو بە درێژایی ژیانیو بێ ویستی خـۆی، پزیـشكی خـۆی بـوو، هــەموو

ڕۆژێ "دەرزییەکی ئەنسۆلین"ی لەخۆی دەداو بێ ئەو دەرزییە نەیدەتوانی بژی. ئەگەر ئەو دەرزییەی لەخۆی نەدایە، دەبورایەوەو تاکو دەرزیەکەی لێ نەدرایە چاك نەدەبووەوەو نەدەهاتەوە هۆش خۆی.

غەسان کەنەفانی سەبارەت بەم نەخۆشییەی وتویەتی دەزانێ بە هۆی ئەم نەخۆشییەوە لە تەمەنێکی زوودا دەمرێت، بۆیە بەوپەڕی توانایەوە کاردەکات، تاکو گوزارشت لەو فیکرو هەستو سۆزە زۆرانە بکات کە لەناو دڵو عەقڵیدایەو دەیانەوێت بێنە دەرەوە، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ:

"هەمیشە هەست بە ماندوبوونو شەکەتی دەکەم، وەلێ ناڕۆم بخەوم، چونکە هەستێکی پەنهان هەیە پێم دەڵێ ئەوانەی ئێستا دەخەون، ئیدی هەرگیزاو هەرگیز ناتوانن هەستنەوە".

وەلێ نەخۆشییەکەی وای لێ نەکرد ببێتە کەسێکی بێزار یان ڕەشبین، وەك ئەوەی لای ئەو کەسانە ڕوو دەدات کە دوچاری نەخۆشییەکی بێ-چارەسەر دەبن. بگرە تەواو بە پێچەوانەوە، "غەسان کەنەفانی" ئامێزی بۆ ژیان والآ کردبۆوە، ژیانی زۆر خۆش دەویست. لە کارەکتەریدا هیچ حەزێکی بۆ گۆشەگیریو دوورە-پەرێزیو بێزاری نەبوو. ژیانی "غەسان کەنەفانی" ژیانێکی ئاسانو سادە نەبوو، بگرە ژیانێکی سەختو دژوار بوو. لە ٩ ی نیسانی ساڵی ١٩٣٦ لە "عەککا" لەدایك بووە، چەند ڕۆژێك دوای لەدایکبوونی، شۆڕشی فەلەستینی کە بە شۆڕشی ساڵی ١٩٣٦ ناسراوە بەرپا دەبێت. دەتوانین شۆڕشی ساڵی ١٩٣٦ بە یەکەم ڕاپەڕینی فەلەستینیەکان ناو بنێین. ئەم شۆڕشە وێنەیەکی زیندووی ئەو ڕاپەڕینەیە کە هەنووکە لە غەزەو بەرەی ڕۆژئاوادا لە ئارادایە. شۆڕشی ١٩٣٦ دژ بە ئینگلیز بەرپا کرا، چونکە لە پابەندبوونیان بەرامبەر بە فەلەستینیەکان پاشگەز ببونەوەو دەرگاکانیان لەبەردەم کۆچبەرە جولەکەکاندا کردبۆوە.

ئینگلیزەکان چەندین جار بەڵێنی ئەوەیان دابوو کۆچکردنی جولەکەکان کەم بکەنەوەو سنورداری بکەن، بەلآم هەرگیز پابەندی ئەو بەڵێنانەیان نەبوون. بگرە پابەندبونی

ڕاستەقینەیان کارکردن بوو بۆ دروستکردنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لەسەر خاکی فەلەستین، وەك ئەوەی لە بەڵێننامەی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز (بەلفۆر) لە ساڵی ١٩١٧دا هاتووە. ئینگلیزەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی دەوڵەتێکی جولەکە، لەسەر لاشەی عەرەبی فەلەستینی دروست بکرێ، لە لای ئینگلیزەکان بەرژەوەندییە دوورو گرێدراوەکەیان بە جولەکەکانەوە، گرنگتر بوو لە بەرژەوەندیان بە عەرەبی فەلەستینەوە.

لێرەوە شۆڕشی ساڵی ١٩٣٦ هەڵگیرسا کە قوربانییەکی گەورەی پێشکەش کردو بە توندی دەسەڵاتی ئینتیدابی بەریتانیای هەژاند، ئەگەرچی دەرئەنجامە کۆتاییەکانی شۆڕش نەیتوانی ئامانجە تەواوەتییەکانی عەرەب لەو کاتو ساتەدا، بەدەست بهێنێت. ئەمەش بە هۆی ئەو پیلانە بەرفراوانەوە بوو کە لە هەموو هێزەکانو لە هەموو لایەکەوە دژ بەم شۆڕشە ڕێك دەخرا.

ئا لەم ساڵەدا کە بە توندو تیژیو شۆڕشی سەرتاسەری تاوی سەندبوو، غەسان کەنەفانی لە عەککا لەدایك دەبێتو پاشان دەگوازێتەوە بۆ یافا، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەیەك لە قوتابخانەکانی "الارسالیات"ی فەڕەنسی تەواو دەکات. ساڵی ١٩٤٨، واتە ئەو ساڵەی ئیسرائیل بە شێوەیەکی فەرمی دروست بوو، غەسان کەنەفانی لەگەڵ خێزانەکەی کە لە دایكو باوکیو حەوت برا پێکهاتبوو، دەڕۆن بۆ ناوچەی صەیدا لە باشووری لوبنان. دواتر خێزانەکە دەڕوات بۆ دیمەشق. غەسان کەنەفانی لە خوێندنەکەی لە قوتابخانەیەکی ئێواران بەردەوام دەبێت تا لە ساڵی ١٩٥٤ بڕوانامەی ناوەندی وەردەگرێت.

لە کاتی خوێندنیداو بۆ ئەوەی یارمەتی بژێوی خێزانەکەی بدات، لە هەندێ لە کارگەکانو چاپخانەکاندا کاری کردووە، هەروەها لە چادرگەی پەناهەندەکاندا وانەی وتووەتەوە. ژیانی لەم قۆناغەدا تا بڵێی سەختو دژوار بووە، ڕەنگە ئەم قۆناغەی ژیانی هۆکاری نەخۆشییە زووەکەی بووبێت. غەسان کەنەفانی ساڵی ١٩٥٦ بە مەبەستی ئیشکردن گواستیەوە بۆ کوێت، لەوێ کاری وانە-وتنەوەو ڕۆژنامەوانیی ئەنجام داوە، تاکو

ساڵی ١٩٦٠ لە کوێت ماوەتەوە. پاشان لە بێروت دەگیرسێتەوەو لە گۆڤاری "الحریە"و ڕۆژنامەی "الانوار"و "المحرر" کار دەکات. دواتر گۆڤاری "الهدف" دادەمەزرێنێتو تاکو ڕۆژی تیرۆرکردنەکەی سەرنووسەری بوو.



غەسان کەنەفانی و هاوسەرەکەی

غەسان کەنەفانی، خانمی دانیمارکی (ئانی)ی هێنا، ئەم خانمە هاتبوو بۆ سوریا تاکو بارودۆخی پەناهەندەکان بەسەر بکاتەوە، لەوێ غەسان کەنەفانی دەناسێتو داوای لێ دەکات بۆ زانینی بارودۆخی ڕاستەقینەی پەناهەندەکان لەناو خێوەتگەکاندا یارمەتیی بدات، غەسان کەنەفانی پێی دەڵێ:

"پێویستە یەکەم جار کێشەی فەلەستین بناسیت، پەناهەندەکانی ناو خێوەتگەکان، کۆمەڵێ ئاژەڵ نین لە باخچەیەکدا تەنها بۆ تەماشاکردن دانرابن، بەڵکو ئەوانە بەرهەمو سیمبولن بۆ کێشەیەکی گەورەتر، بۆیە ناکرێ لە بارودۆخی پەناهەندەکان تێ بگەیت، بەبێ تێگەیشتن لە کێشە بنەڕەتییەکە".

ئانی، پەرۆشی کێشەی فەلەستین بوو، بە شێوەیەکی ورد لێی تێگەیشتبوو. کاتێ غەسان کەنەفانی پێشنیاری هاوسەرگیری خستە بەردەمی، یەکسەر ڕازی بوو. ئانی دوای ئەوەی بووە هاوسەری غەسان کەنەفانی، ڕۆڵێکی باشی گێڕا لە بانگەشەکردن بۆ کێشەی فەلەستین لە ئەورووپای ڕۆژئاواو بەتایبەتی لە دانیمارك. ئانی لە زووەوە دەیویست لە ڕێگەی ئەورووپاوە، دەستی بگاتە ئەدەبی بەرگریی عەرەبی لە خاکی فەلەستینی داگیرکراو. ئەمە یارمەتیی غەسان کەنەفانی-ی دا یەکەم کتێبی عەرەبی سەبارەت بە "ئەدەبی بەرگری لە فەلەستینی داگیرکراو" بڵاو بکاتەوە، ئەم کتێبە ساڵی ١٩٦٦ دەرکەوت، لە یەکەمین لاپەڕەکانیدا،

ئاماژە بە ناوەکانی "مەحمود دەروێش"و "سەمیح قاسم"و "تۆفیق زیاد"و ئەدیبەکانی دیکە کراوە، ئەوانەی تاکو ئەو ساتەوەختە لە جیهانی عەرەبیدا نەناسرابوون.

غەسان کەنەفانی، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، دووچاری ئەزمونێکی سۆزداری توند بوو، لایەنی دووەمی ئەم ئەزمونە سۆزدارییە، خانمێکی ئەدیبی ناسراوە، نامەوێ ئاماژە بە ناوی بدەم، چونکە ئەو هەنوکە بووەتە هاوسەری کەسێکی دیکەو منداڵی هەیە. ئەم ئەزمونە سۆزدارییە توندە هێندەی نەمابوو غەسان کەنەفانی، وێڵو سەرگەردان بکات، بەڵام غەسان کەنەفانی بە هێمنیو ئازاییەوە ڕووبەڕووی ئەم ئەزمونە سەختو دژوارە بۆوە، تاکو بە سەلامەتی کۆتایی پێهات. من ئاماژەم بەم ئەزمونە نەدەدا، گەر ئەو کاریگەریە ئەدەبییەی لە ژیانی "غەسان کەنەفانی"دا بەجێ نەهێشتایە. غەسان کەنەفانی، سەبارەت بەو ئەزمونەی دەیان وتاری ویژدانی پڕ جۆشو خرۆشو پڕ ڕاستگۆیی، لە پاشکۆی هەفتانەی ڕۆژنامەی "الانوار"ی لوبنانیدا نووسیوە.

غەسان کەنەفانی، ئەو نووسینە ویژدانیانەی لەژێر ناوێکی خوازراودا دەنووسی، بە ناوی "فارس فارس"ەوە دەینووسی. ئەم نووسینە جوانانە کە وەسفی هەستو سۆزە گڕگرتووەکەیو ویژدانە عاشقەکەی دەکات، ئەوەندەی من ئاگادار بم، تاکو ئێستا کەسێك نەهاتووە لە کتێبێکدا کۆیان بکاتەوە، گەرچی شایەنی ئەوەن لە کتێبێکدا کۆ بکرێنەوە. ئەو نووسینانە نمونەی جۆرێکە لە ئەدەبی خود، کە پڕە لە جوانیو ڕاستگۆیی، ئەوە نمونەیەکە لە ئەدەبی غەسان کەنەفانیدا ناسراو نییە. غەسان کەنەفانی، لە ئەدەبەکەیدا پەرۆشی "بابەتیبوون" بووە، واتە دوورکەوتنەوە لە ئەزمونە کەسییە ڕاستەوخۆکانو خۆتەرخانکردن بۆ کێشەی فەلەستین بە هەموو لایەنە جیاوازەکانیەوە. ئەو خۆی بۆ گوزارشتکردن لە هەستو سۆزە تایبەتەکانی تەرخان نەکردبوو، تەنها لەو چەند بەشە ویژدانییەدا نەبێت کە ئاماژەمان پێدا.

گەرچی "غەسان کەنەفانی" هەوڵ دەدا ئەوە ڕەت بکاتەوە کە شیعری نووسیوە یان بایەخی بە شیعر داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەشە ویژدانییانە لە لایەکی دیکەوە، ئەو شاعیریەتە ئاشکرا دەکەن کە لە دڵو دەروونو بەهرە ئەدەبیەکەیدا پەنهان بووە. غەسان کەنەفانی لەمبارەیەوە دەڵێ:

"من شیعرم خۆش دەوێ، شیعر دڵخۆشم دەکاتو دەمهەژێنێت، بەڵام هەولّم نەداوە ببمە شاعیر تەنها ئەو کاتە نەبێت کە منداڵ بوومو شیعرێکی دڵداریم نووسیو لەبیرم نەماوە، بەڵام هەست دەکەم شیعرێکی ترسناك بوو، چونکە ئەو کچەی لەدەستدام کە بۆم خوێندەوەو بۆ ئەوم نووسیبوو".

لەگەڵ ئەم دان- پیانانەی غەسان کەنەفانی، کەچی ڕۆحی شیعر، لەو بەشە ویژدانیانەی بە ناوی "فارس فارس"و لە میانەی ئەزمونە سۆزدارییە توندەکەی کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا تێیدا ژیا، زۆر بە ڕوونو ئاشکرایی دیارە. غەسان کەنەفانی، کاراکتەرێکی پڕ بەرهەمی جۆراو جۆر بوو، بە شێوەیەکی بەرچاو بەرهەمەکانی زۆر بوون، ڕۆژنامەنووسێکی چالاكو سەرکەوتوو بوو، وتارو کورتەچیرۆكو شانۆنامەی دەنووسی، توانی ببێتە نووسەری ڕۆمانو لە پێشەوەی ڕۆماننووسە عەرەبەکان بێت. ڕەنگە بە هۆی بەهرەکەیو ڕاستگۆیی تێڕوانینەکانیو قووڵی بیرکردنەوەی، تا ڕۆژی ئەمڕۆش، لەلایەنی بەهاو گرنگییەوە، یەکەم ڕۆماننووسی فەلەستینی بێت.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، وێنەکێشیش بووە، ڕەنگە زۆرکەس نەزانن ئەو بە پەڕەمووچەکەی زۆربەی کارە ئەدەبییەکانی خۆی وێنەکێشاوە. هەر ئەو بوو گەورە هونەرمەندی فەلەستینی "ناجی العلی" پێشکەش بە ژیانی ڕۆشنبیریو ڕۆژنامەگەری نیشتمانی عەرەبی کرد. ئەمەش لە ڕێگەی لاپەڕەکانی گۆڤاری "الحریە"وە بوو کە غەسان کەنەفانی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمدا سەرپەرشتیی دەرچوونی دەکرد. وێنەکانی ناجی العلی، لە گۆڤاری "الحریە" بە هاندانو پشتگیریکردنی غەسان کەنەفانی،

سەرەتای دەستپێکردنو ناسینی "ناجی العلی" بوو، تاکو گەیشتە لوتکەی سەرکەوتن. وەلیّ مەسەلەکە دواجار لە ساڵی ١٩٨٧و لە لەندەن بە تیرۆرکردنی "ناجی العلی" کۆتایی هات، بەمەش هەردووکیان لە هەمان چارەنووس‌و لە هەمان تراژیدیای کۆتاییدا هاوبەشن.

سەبارەت بە فرەیی "غەسان کەنەفانی" لە بەرهەمدا، لە ڕۆژنامەوە بۆ وێنەکێشان بۆ کورتە چیرۆك بۆ ڕۆمان بۆ شانۆ، لەم بارەیەوە "غەسان کەنەفانی" گەواهینامەیەکی بایەخدار دەنووسیّو تێیدا دەڵیّ:

"ئامۆژگاری هاوڕێکانم تا بێت زیاد دەبێت بەوەی ئەوەندە بایەخ بە کاری ڕۆژنامەوانی نەدەم، چونکە کاری ڕۆژنامەوانی لە دواجاردا -وەك ئەوەی ئەوان دەڵێن- توانا هونەرییەکەم بۆ نووسینی چیرۆك لەناو دەبات. بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دەڵێم من لەم لۆژیکە تیّ ناگەم، ئەمە هەمان ئەو لۆژیکی ئامۆژگاریکردنەیە کە لە قوتابخانەی ناوەندی گوێم لیّ دەبوو: واز لە نووسین بێنەو بایەخ بە تەندروستیت بدە. ئایا من بە ڕاستی مافی هەڵبژاردنم هەبوو لە نێوان قوتابخانەو سیاسەت! یان لەنێوان نووسینو تەندورستی! تاکو ئێستا مافی هەڵبژاردنم لەنێوان ڕۆژنامەو چیرۆکدا هەبێت... من دەمەوێت شتێك بڵێم، هەندێجار دەتوانم بە نووسینی هەواڵی سەرەکی لە ڕۆژنامەی "الغد"دا بیڵێم، هەندێجاری دیکە بە نووسینی سەروتار یان بە داڕشتنی هەواڵێکی بچووك لە لاپەڕەی کۆمەڵگەدا دەیڵێم. بەڵام هەندێجاری دیکە هەیە ئەوەی دەمەوێت بیڵێم، تەنها دەتوانم لە ڕێگەی چیرۆکەوە بیڵێم. ئەو هەڵبژاردنەی قسەی لەسەر دەکەن، لای من بوونی نییە. ئەمە یەکێك لە مامۆستاکانم بیردەهێنێتەوە کە زمانی عەرەبی پیّ دەوتین، ئەو مامۆستایە لە سەرەتای هەموو ساڵێکدا داوای لە قوتابییەکانی دەکرد بابەتێکی داڕشتن بنووسن، بابەتی باش لای ئەم مامۆستایە ئەمە بوو: کامیان بە باش دەزانی، ژیانی لادیّ یان ژیانی شار؟ مامۆستاکە ئاگاداری ئەوە نەبوو بەشی هەرە زۆری قوتابییەکان لە خێوەتگەدا دەژیان، نە لە گوندو نە لە شار نەدەژیان".

ئەمە بوو غەسان کەنەفانی سەبارەت بە فرەیی لە چالاکییە فیکریو هونەریەکانیدا وتی.

غەسان کەنەفانی لێرەدا ڕاستگۆیە لە لێکدانـەوەی هەڵوێـستی. چـونکە ئـەو خـاوەنی کێشەیەکی گەورەو زیندوو دەوڵەمەندە بە ڕووداوە ڕۆژانەییە بەردەوامەکانی. کێشەکەی کە گوزارشتی لێ دەکردو خۆی بە بەشێك لەو کێشەیەو بـە بەرهـەمی ئـەو کێـشەیە دادەنـا، کێشەیەکی زهنی پەتی نەبوو، تاکو لە پێناو گوزارشتکردن لێی بـە شـێوازێکی دیـاریکراو یـان لـە تـەنها شـێوەیەکی هونەریـدا، خـۆی قـەتیس بکـات. کێـشەکە لای "غەسـان کەنەفانی" کێشەیەکی سـەرەکیو بنـەڕەتی بـوو. بـەڵام ئامرازەکـانی گوزارشـتکردن لـەو کێشەیە، جۆراجۆرو هەمەڕەنگ بوو. ئەوەی لـەم بـوارەدا بەسـود بێـت، گونجـاو و باشـە. غەسان کەنەفانی وەك سەرکردەیەك وابوو لە جەنگێکی سەربازیی گەورەدا، بـۆ سـەرکەوتن لە جەنگەکەیداو لە بەدیهێنانی تەواوی ئامانجەکانی، هەموو چەکێکی ئاسمانیو دەریـاییو وشکانی بەکار دەهێنا.

بەدڵنیاییەوە ئەم فرە ڕەنگییە گەورەیە لـە چـالاکییە فیکـریو هونەرییـەکانی غەسـان کەنەفانی دا، هەندێجار بووەتە هـۆی پەلـەکردنو کـرچو کـاڵی لـە هەنـدێ لـە بەرهەمـە ئەدەبییەکانیدا. کۆمەڵێ لە ڕەخنەگران تێبینی ئـەوەیان کـردووە، بەتایبـەتی لـە کۆمەڵـە چیرۆکی "دەربارەی پیاوەکانو تفەنگەکان" کـە سـاڵی ١٩٦٨ لـە بێـروت بڵاوکراوەتـەوە. وەلێ هەر تێبینییەك سەبارەت بە لاوازیـی هەنـدێ لـە بەرهەمـەکانی غەسـان کەنـەفانی هەبێت، هیچ شتێك لە حەقیقەتی سەرەکی ناگۆڕێـت، ئـەو حەقیقەتـەش ئەمەیـە: بەشـی زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکانی غەسان کەنەفانی پڕە لە قووڵیو بەهرەی ڕاستەقینەو ڕەسـەن، ئەمە جگە لە پابەندبوونە ڕاستگۆکەی بە گوزارشتکردن لە کێـشەی فەلەسـتینو تراژیـدیای مرۆڤـی فەلەسـتینی لـە خێوەتگـەکانو لـە خـاکی داگیرکـراو و لـە مـەنفا کـە مرۆڤـە فەلەستینیەکان لە بارودۆخێکی سـەختو ناهـەمواردا و دوور لـە خـاكو نیـشتمانەکەیان، بەشوێن پەیداکردنی بژێوی ژیاندا دەگەڕێن.

له ئەدەبی غەسان کەنەفانیدا سێ ڕۆمانی سەرەکی هەیە کە بە شاکارەکانی ڕۆمانی عەرەبی هاوچەرخ دادەنرێنو بریتین لە: "پیاوانی خۆر"، "ئەوەی بۆتان ماوەتەوە"، "گەڕانەوە بۆ حەیفا". لەم ڕۆمانانەدا بەهرەی غەسان کەنەفانی بۆ دروستکردنی کارەکتەرو هەڵوێستو کەشوهەوایەکی خەیاڵی، زۆر زیندوو جوان دەردەکەوێت. غەسان کەنەفانی، هەر لەم ڕۆمانانەدا چارەسەرێکی نایاب بۆ دوو کێشەی سەرەکی دەخاتە ڕوو، کێشەی یەکەم بریتییە لە پابەندبوون بە کێشەی گشتییەوە، بێ-قوربانیدان بە جوانی هونەرو سەرنجڕاکێشانەکانی. کێشەی دووەم بریتییە لە خولقاندنی کارلێکێکی زیندوو لەنێوان ڕیالیزمو سیمبولیزمدا.

ئەگەر ڕۆمانە نایابەکەی "پیاوانی خۆر" وەك نمونەیەك لەسەر بەدیهێنانی هاوسەنگییەکی ڕاست لە نێوان کێشەو هونەرو لە نێوان واقیعو سیمبول وەربگرین، ئەوا هەموو ئەو لایەنە وردانە دەدۆزینەوە کە پێویستە لە کارێکی هونەری سەرکەوتوودا هەبێت. ڕۆمانەکە وێنەیەکی ڕاستگۆو دڵڕەقانەو برینداركەری واقیعی فەلەستین پیشان دەدات، هەروەها وێنەیەکی وردی نەهامەتیو کارەساتەکان پیشان دەدات.

بە شێوەیەکی ڕەمزی جوانو نایاب ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چارەنووسی فەلەستین ناگۆڕێت گەر مرۆڤە فەلەستینییەکان خۆیان ڕادەستی ئێشو ئازارەکانیان کردو ڕاهاتن لەسەر ئەوەی لەگەڵیدا بژین یان لەگەڵیدا هەڵ بکەن. ئەگەر فەلەستینیەکان، ئەوانەی لە ڕۆمانی پیاوانی خۆر، ئاماژەیان پێ کراوەو لەناو تانکی ئۆتۆمۆبێلێکدانو دەیانەوێ بچنە ناو کوێت، ئەگەر ئەو فەلەستینیانە نەکێشن بە دیواری تانکییەکەداو خۆیان ئاشکرا نەکەنو ڕازی نەبن بەوەی لە گەرماداو لەناو تانکییەکەدا بمرن بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەن، مەحاڵە ڕزگاریان ببێت.

ڕۆمانەکە بەسەرهاتی سێ فەلەستینی دەگێڕێتەوە، ئەم سێ فەلەستینیە لەبەر ئەوەی ڤیزەی چوونە ژوورەوەیان بۆ کوێت پێ نییە، لە ترسی ئەوەی لەسەر سنور ڕێگرییان لێ نەکرێت، هەوڵ دەدەن خۆیان لەناو تانکیی ئۆتۆمۆبێلێکدا بشارنەوەو لە بەسرەوە بچنە ناو

کوێت. ئەو سێ فەلەستینییە خەونیان بەوەوە دەبینی بڕۆن لە کوێت ئیشیان دەستکەوێت تاکو پێی بژینو یارمەتی خێزانەکانیشیان بدەن کە لە دوای خۆیانەوەو لە خێوەتگەکاندا بەجێیان هێشتوون. بەڵام شۆفێری ئۆتۆمۆبێلەکە لە ڕاییکردنو تەواوکردنی ڕێ و ڕەسمی چوونە ژوورەوەی سەر سنور لەکاتو ساتی خۆیدا دوا دەکەوێت، بۆیە هەرسێ فەلەستینیەکە لەبەر شاڵاوی گەرمای ناو تانکییەکە دەسووتێن. شۆفێری ئۆتۆمۆبێلەکە کاتێ بە کارەساتەکە دەزانێ هاوار دەکات: "بۆچی لەدەرگای تانکییەکەیان نەداوە؟ بۆچی؟ بۆچی؟". ئەمە هەمان هاواری غەسان کەنەفانییە کە لە هەموو ئەدەبەکەیدا هەیەو سستیو بێدەنگی ڕەت دەکاتەوە، بە هەموو هێزییەوەو لە پێناو ڕزگاربوونو سەرفرازیدا، داوای هاتنە دەنگو لێدانی دەرگای هەموو تانکییەکان دەکات.

گرنگترین کارەکانی غەسان کەنەفانی لە کورتە چیرۆکدا، بریتییە لە هەردوو کۆمەڵەی: "مردنی قەرەوێڵەی ژمارە ١٢" ساڵی ١٩٦٢ بڵاوکراوەتەوە، "خاکی پرتەقاڵی خەمبار" ساڵی ١٩٦٣ بڵاوکراوەتەوە. هەرچی بواری شانۆیە، ئەوا چەندین کاری هەیە، گرنگترینیان شانۆگەری "دەرگا"یە کە دەوروبەری ساڵی ١٩٦٤ بڵاو کراوەتەوە لەگەڵ شانۆگەریی "کڵاوی پێغەمبەر" کە ساڵی ١٩٦٧ نووسیویەتی، بەڵام تەنیا دوای شەهیدبوونی بڵاوکرایەوە. گرنگترین لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەتی لەسەر شیعر لە خاکی داگیرکراودا، لەگەڵ کتێبەکەی دەربارەی ئەدەبی زایۆنیزم، بەپێی زانیاری من لە کتێبخانەی عەرەبیدا ئەوە یەکەم کتێبە لەو بوارەدا.

غەسان کەنەفانی، کاراکتەرێکی مرۆڤانەو ئەدەبیی تابلێی قووڵو چالاك بوو. ئەو گەرچی ژیانێکی کورت ژیاو لە ٣٦ ساڵ تێپەڕی نەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژیانە کورتەی بە ئێشو ئازارو خۆشییەوە، بە تێکۆشانو داهێنانەوە بردە سەر. کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سەردەمەکەی هەبوو، ئەم کاریگەرییەی لە ڕێگەی کارە هونەریەکانیەوە، بۆ سەدەکانی دیکەو نەوە تازەکان بەردەوام دەبێت.

# مەی

# لە نەخۆشخانەی شێتەکاندا



مەی

لە نێو ناوە درەوشاوەکانی ئەدەبی عەرەبی هاوچەرخدا، ناوی خانمی ئەدیبی ناسراو "مەی" دێت، ئەم ناوە ئەو ناوەیە کە ناوبانگی پێ دەرکرد، بەڵام ناوە ڕاستەقینەکەی بریتییە لە "ماری زیادە". ئەم ئەدیبە ساڵی ١٨٨٦ لەدایك بووە، "ئەلیاس زیادە"ی باوکی، خەڵکی لوبنان بوو، بەڵام "نزهە معمر"ی دایکی خەڵکی فەلەستین بوو، مەی، تاقانەی دایكو باوکی بوو. لە یەکێك لە قوتابخانەی ڕاهیبەکان لە لوبنان دەست بە خوێندن دەکات، هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بەوە جیا دەکرایەوە کە مەیلێکی ئەدەبیی هەیەو حەزێکی زۆری لە خوێندنەوەی کتێب بووە، توانی چەند زمانێك فێر ببێت، لەوانە فەڕەنسیو ئینگلیزیو ئیتالی، ئەم زمانانەی باش زانیوەو بەرهەمە ئەدەبیو ڕۆشنبیریەکانی پێ خوێندوونەتەوە. تەنانەت مامۆستا "یەعقوب صروف" کە خاوەنی گۆڤاری بەناوبانگ "المقتطف"و یەکێکە لەو مامۆستایانەی وانەی بە مەی وتووەتەوە، سەبارەت بەو قوتابییەی دەڵێ:

"لە قسەکردنی لەگەڵ مندا، بە هێنانەوەی چەند دێڕێك لە شکسپیر یان بیرۆن دەستی پێ دەکرد، وەك چۆن بە موتەنەبیو مەعەری-یش دەستی پێ دەکرد".

مەی، ساڵی ١٩٠٨ لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا، لەگەڵ دایكو باوکی دێت بۆ میسر، لەو کاتو ساتەدا کچێکی پێگەیشتووی باڵا-ڕێکی قەشەنگو پڕ تەندروستی بوو، دەنگێکی خۆشو ناسکی هەبوو، کاتێ لە ساڵی ١٩١٣، تەها حسێن، بۆ یەکەمجار گوێی لە دەنگی دەبێت، لە ئاهەنگێکی ئەدەبی کە بۆ ڕێزلێنان لە خەلیل مەتران-ی شاعیر ساز کرابوو،

مەی لەو ئاهەنگەدا وتەیەك پێشکەش دەکات کە بۆ ئەو بۆنەیە ئامــادەی کردبــوو، پاشــان تەها حسێن لە ئاهەنگی ڕێزلێنانەکەی خەلیل مەتران قسەیەك دەکاتو دەڵێ:

"ئەم گەنجە بە هیچ شتێ لەوانەی گوێی لێ بوو ڕازی نەبوو، تەنها یەك دەنــگ نــەبێت، کە دەنگێکی کزو ناسكو جوان بوو، هەر هێنــدەی دەکەوتــە بــەر گــوێ، دەچــووە دڵــەوە، دەنگەکە دەنگی مەی بوو".

هاتنی "ئەلیاس زیادە" لە لوبنانەوە بۆ میسر، هاتنێکی هاکەزایی بــوو، وەك هــاتنی زۆرێك لە خەڵکی ناوچەی شــام کــە لــەو ســەردەمەدا دەهــاتن بــۆ میــسرو لــەوێ هــەلی کــارکردنو چــالاکیی فراوانتریــان دەســت دەکــەوت. باوکەکــە دەســتی کــرد بــە کــاری ڕۆژنامەگەری، بووە بەرپرسی گۆڤاری "المحروسە"، ئەم گۆڤارە هی "ئیدریس ڕاغــب پاشــا" بوو کە یەکێك بوو لە دەوڵەمەندەکانی میسر، مەی لە کارو باری بەڕێوەبردنی گۆڤارەکــەدا یارمەتی باوکی دەدا، لەسەر لاپەڕەکانی ئــەم گۆڤــارە، نــاوی وەك ئــەدیبێك کــە خــاوەنی شــێوازێکی جــوانو خۆشــە، شــێوازێك پــڕە لــە مۆســیقای شــیعری هــێمن، دەرکــەوت. لەهەمانکاتدا نووسینەکانی دەوڵەمەند بوو بە فیکری تازەی زیندوو.

ئیدی نــاوی مــەی بــڵاو دەبێتــەوەو ســەرنجی ناوەنــدەکانی ڕۆشــنبیران بــەلای خۆیــدا ڕادەکێشێت، ئەم ناوەندانە لە ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبەکانی شام پێکهاتبوو کە لــە قــاهیرە گیرسابوونەوەو جێگیر ببوون، لەگەڵ ژمارەیەك لە ئــەدیبو بیرمەنــدەکانی میــسر کــە لــە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەناوبانگ بوون، یان ئەوانەیان لە دوای کۆتایی-هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨و ساڵانی دواتر ناوبانگیان دەرکــرد. ئــەو ئەدیبانــەی لــە شامەوە هاتبوون بۆ میسر وەك "یەعقوب صروف، شبلی شمیــل، ئــەنتوان جمیــل، خــەلیل مەتران"، ئەدیبە میــسرییەکانیش بــریتی بــوون لــە "شــەوقی، تــەها حــسێن، مــستەفا عبدالرازق، عەقاد، ڕافعی، زەیات، زەکی موبارەك، مەنسور فهمی".

سالّی ۱۹۱٤ "مەی" لە ئاسمانی ژیانی ئەدەبی میسردا، بوو بە ئەستێرەیەکی پرشنگدار، ئەو بوو بە دیاردەیەکی دەگمەنو نوێ کە ئەدیبو هونەرمەندەکان پێشتر نەیان بینیبوو. مەی، نووسەرێکی بەهرەدار بوو، بەلاّم سەرەڕای ئەوە خاوەنی کەسێتییەکی کۆمەلاّیەتیی سەرنجڕاکێشیش بوو، ئامادەی کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفرانسە ڕۆشنبیرییەکان دەبوو، قسەی بۆ جەماوەری ڕۆشنبیران دەکرد، ئەمە لەو کاتەدا بۆ ئافرەتی عەرەبی، شتێکی باو نەبوو. مەی دروست ئا لەم سالّەدا، ۱۹۱٤، کە تەمەنی گەیشتبووە ۲۸ سالّ، مالّەکەی کردە سالۆنێکی ڕۆشنبیریو ڕۆژانی سێشەممەی هەموو هەفتەیەك، ئەدیبو بیرمەندە ناسراوەکان تێیدا کۆدەبوونەوە. ئەم سالۆنە نزیکەی ۲۰ سالّ بە ڕێك و پێکی کراوە بوو، تەنها ئەو کاتە داخرا کە مەی لە دەوروبەری سالّی ۱۹۳٥ دووچاری نەهامەتییەکی توند هاتو کەمەکێکی تر باسی دەکەین. لەم سالۆنە ئەدەبییەدا، هیچ خاوەن قەلّەمێکی ناسراو نەبوو بەشداری تێدا نەکات، ئەوانەی زۆر بە ڕێك و پێکی ئامادەی کۆڕی سێشەممانی مالّی مەی دەبوون، بریتی بوون لە "تەها حسێن، لوتفی سەید، عەقاد، زەیات، مستەفا عبدالرازق، مەنسور فەهمی، خەلیل مەتران" و ئەوانی دیکە.

بۆ ئەوەی وێنەیەکی زیندومان سەبارەت بەم سالۆنە ئەدەبییەی مالّی مەیو ڕۆلّی ئەو لە سالۆنەکەدا هەبێت، هێندە بەسە ئەم چەند دێڕەی عەقاد بخوێنینەوە:

"ئێمە نزیکەی سی کەس بووین لە نووسەرو ئەدیبو وەزیر، لە مالّی مەی کۆ بووینەوە، تاکو بە بۆنەی یادی ٥۰ سالّەی گۆڤاری "المقتطف" ئاهەنگێك بگێڕین. کۆبونەوەی ئەم ئەنجومەنە لای مەی، لە سەرو بەندی ئەو ململانێ سیاسییانەدا بوو کە وای کرد زۆرێك لە نووسەران لەیەك دابڕێنو ببنە دوژمنی یەك. ئێمە نزیکەی دوو کاتژمێرمان لای مەی بەسەر برد، بیرمان چووبۆوە لە ولاّتدا حیزبو ململانێ هەیە. هەموو ئەوەش بە لێزانیو شارەزایی مەی بەڕێوە دەچوو لە گونجاندنی بیرو ڕاکانو مەزاجەکاندا. بە هۆی توانای ئەوەوە بوو بۆ بردنی گفتوگۆکان بە ئاقارو ئاراستەیەکدا کە تا بلّێی دوور بوو لە

ناکۆکییەوە. لەو بڕوایەدا نیم کەسێك هەبێت جگە لە مەی، بیتوانیایە ئەوەی مەی کـردی، ئەو بیکردایە".

ئەم وێنەیەی "عەقاد" بۆ کۆڕەکانی "مەی" دەیکێشێت، بیرۆکەیەکمان سـەبارەت بـە زیندوێتیو چالاکی پێ دەبەخشێت کە "مەی" لە ژیـانی ئـەدەبیو ڕۆشـنبیریدا دروسـتی کردبوو، ئەوەش لە میانەی کەسێتییە سـەرنجڕاکێشو ئەفسوناوییەکەیو عەقڵـە زیـرەكو کراوەکەیەوە، لە میانەی ئەو توانا گەورەیەیەوە بۆ کۆکردنەوەی ئەو هـەموو پیـاوە ناکۆکـە لە دەوروبەری.

هەرچ نووسینەکانیەتی، ئەوا لەبەر بایەخو بـەهاو جوانییـەکانی، ڕۆژنامـەی (ئـەهرام) وتارەکانی لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاو دەکردەوە، ئەدیبانو ڕۆشنبیرانو جـەماوەری خوێنـەر، بە خۆشەویستیو سەرسامبوونەوە پێشوازییان لـەو نووسـینانە دەکـرد. چـونکە دەربـڕینی جوانو بیرکردنەوەی قووڵو بوێریی دوور لە گاڵتەپێکردنیان تێـدا دەدۆزییـەوە. بـوێریی لـە دەربڕینی ئەو بیروڕایانەی بانگەشەی بۆ ڕێنیسانسو پێـشکەوتنو یەکـسانیو ڕزگـارکردنی کۆمەڵگە لە کۆتو بەندی نەریت دەکـرد، کـە بەربەسـت بـوون لـە بـەردەم کۆمەڵگـەداو نەیاندەهێشت کۆمەڵگە بگاتەوە بە سەردەمو شارسـتانیەتی مـۆدرێن. یـەکێك لـە فیکـرە سەرەکییەکانی مەی بریتی بوو لـە بانگەشـەکردن بـۆ ڕزگـاربوونی ئـافرەتو فێرکردنـیو بەخشینی دەرفەت پێی، تاکو شانبەشانی پیاو بێتـە نـاو ژیـانی عەمەلییـەوە، بەرهـەمی هەبێتو لە بنیادنانی کۆمەڵگەدا بەشدارییەکی پۆزەتیڤی هەبێت.

هـەروەها یـەکێکی دی لـە فیکرەکـانی مـەی، بانگەشـەکردنی بـوو بـۆ یەکـسانیی کۆمەڵایەتی، بەرهەڵستیی-کردنی زوڵمو ستەم، ڕاوەستان لە دژی جیـاوازیکردن لـە نێـوان خەڵکی لەسەر بنەمایەکی نادادپەروەری. لـە کتێبێکیـدا بـە ناونیـشانی "یەکـسانی" بـە تەواوی گوزارشتی لە هەموو ئەوانە کردووە، ئەو کتێبە یەکێکە لە کتێبە بەراییەکان کە لـە فیکری عەرەبی هاوچەرخدا دەرکەوت. ئەو بانگەشەکردنی بـۆ ئـەم کێـشەیە، لـە ئیمـانو

ڕاستگۆیی‌و دڵسۆزییەوە بوو، بەشێوەیەکی وا جوان گوزارشتی لێ کردووە، دەتوانێت کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر عەقڵ‌و دڵ‌و دەروونەکان هەبێت.

یەکێك لەو کێشانەی دیکە کە مەی بایەخی پێ دەدا، بەرگرییە ڕاستگۆو پەرۆشییەکەی بوو بۆ زمانی عەرەبی. مەی گەرچی خۆی مەسیحی بوو، بەڵام لە بارەی زمانی عەرەبییەوە دەڵێ:

"زمانی یۆنانی‌و لاتینی، لە ساتەوەختی ڕووخانی شارستانیەتەکەیانەوە، چوونە ڕیزی زمانە مردووەکانەوە. ئەی ئاخۆ دوای حەوت سەدە لە ڕوخانی شارستانیەتی عەرەبی، چ شتێك زمانی عەرەبیی بە زیندوویی هێشتەوە؟ ئەوەی هۆکاری دروستبوونی شارستانیەتی عەرەبی بوو، هەر ئەوە زمانی عەرەبی بە زیندوویی هێشتووەتەوە، ئەو هۆکارەش قورئانە. لەبەر ئەوە مادام ئیسلام زیندووە، مادام لە جیهاندا سێسەد ملیۆن مرۆڤ هەیە لە کاتی سوێند خواردندا، دەستیان لەسەر قورئان دادەنێن، ئەوا زمانی عەرەبیش بە زیندوویی دەمێنێتەوە".

کاتێ مەی ئەو قسانەی سەبارەت بە زمانی عەرەبی نووسیوە، ژمارەی موسڵمانەکان لە جیهاندا سێسەد ملیۆن کەس بووە، بەڵام لەمڕۆدا ژمارەی موسڵمانەکان لە سەرتاپای دونیادا زیاد لە هەزار ملیۆنە. ئەو قسانەی مەی لەسەر زمانی عەرەبی نووسیویەتی، ئەوە ئاشکرا دەکات ئەو خانمە دەروونی چەند پاك بووەو ڕۆح‌و عەقڵی چەند دوور بووە لە هەر مانایەك لە ماناکانی دەمارگیری. ئەو گەرچی مەسیحییە، بەڵام شانازی بە زمانە عەرەبییەکەیەوە دەکات‌و لەگەڵ ڕۆڵە موسڵمانەکانی نیشتمانەکەیدا بەشدارە لە خۆشەویستییان‌و شانازیکردنیان بە زمانەکەیانەوە. مەی ئاگاداری ئەوە بووە قورئان پێگەیەکی بڵندی هەیە لە کاریگەریی لەسەر ئەدەب‌و زمان‌و فیکرو ڕۆشنبیری عەرەبی.

مەی بە قەڵەمە جوانەکەی‌و بە فیکرە تازەکانی‌و بە کەسێتییە دڵگیرو سەرنجڕاکێشەکەی، لە ئاسمانی ژیانی ڕۆشنبیریدا بەرز دەبۆوە، تاکو بووە سەنتەرێکی

بنەڕەتی لە سەنتەرەكانی بزوتنەوەی ئەدەبیو ڕۆشنبیری میسرو جیهانی عـەرەبی. چـەندین كتێبی لە نێوان نووسینو وەرگێڕانو لێكۆڵینەوەو گوزارشتی ویژدانی، بـڵاو كـردەوە. جگـە لە كتێبی "یەكسانی" كە ئاماژەمـان پـێ داوە، ئەمـەش نـاوی هەنـدێ لـە كتێبـەكانی دیكەیەتی: "پێكەنینو فرمێسك"، "گەڕانـەوەی شـەپۆلەكە"، "وشـەكانو ئاماژەكـان"، "زوڵمەتو تیشك"، "لەنێوان هەڵچوونو داچوونی دەریادا"... هتد.

"مەی" لەم لوتكە ئەدەبییە نەمرەدا كە پێی گەیشتبوو، ڕۆژەكـان دەسـت بـە گـۆڕین دەكەنو كۆمەڵێ ئەزمونی تـاڵی بەسـەردا دەسـەپێنن، یەكـەم شـۆك لـە ژیانیـدا مردنـی باوكیەتی لە ساڵی ١٩٣٠، پاشان مردنی دایكی لە ساڵی ١٩٣٢. ئیدی مەی بۆ یەكـەمجار لە ژیانیدا هەست دەكات تەنیایە، پێشتر لە نێـوان ئـەم دایـكو باوكـە پـڕ سـۆزە ژیـاوەو هەستی بە بۆشایی نەكردووە، لە مەترسییەكانی سڵی نەكردۆتەوە، نـەیزانیوە تـرس چـییە. بەڵام مردنی دایكو باوكی بارودۆخی ژیانی گۆڕی، هەسـتی دەكـرد لـە خـەوێكی خۆشـدا ژیاوە، ئێستا لەو خەوە خەبەری بۆتەوە تاكو ڕووبەڕووی خەمو خەفەتەكان ببێتەوە كـە وردە وردە بە توندیو بە چڕی دڵیان داگیردەكرد.

ئەوەی سەیرە ئەوەیە "مەی" كاتێ باوكی كۆچـی دوایـی دەكـات، تەمـەنی ٤٤ سـاڵ بووە، پاشان كاتێ بە دوو ساڵ دوای ئەوە دایكی كۆچی دوایی دەكـات، تەمـەنی "مـەی" دەبێتە ٤٦ ساڵ. لێرەوە جگە لەوەی مەی لە ڕووی تەمەنەوە تەواو پێگەیشتبوو، پـڕ چـەك بوو بە كۆمەڵێ چەكی دیكە كە دەبوایە ڕزگاریان بكردایە لەوەی تەسلیمی ئەو كارەسـاتانە بێت كە دووچاری دەبوون. چونكە ئەوانە كارەساتی سروشتینو لە ژیانی هـەموو مرۆڤێكـدا ڕوو دەدەن. دایكو باوكی سەروەتێكی كەمیان بۆ جێهێشت، لەگەڵ ئـەو پارانـەی خـۆی لـە میانەی نووسینەكانیو پێگە ئەدەبییەكەیـەوە كـۆی كردبوونـەوە، بـەس بـوون بـۆ ئـەوەی ڕووبەڕووی هیچ پێویستییەكی مادیی یان مەترسی ئابوری نەبێتەوە.

کەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، خەم‌و خەفەت بەری دڵیان گرت‌و خەمۆکی لە هەموو لایەکەوە دەورەی دا. ئیدی لەژێر کاریگەریی ئەم گۆڕانە دەروونییەدا، وردە وردە حەزی لە تەنهایی‌و دوورکەوتنەوە لە خەڵکی دەکرد، ساڵۆنە ئەدەبییەکەی داخست، داوای لێبووردنی کرد لەوەی ناتوانێت چیتر پێشوازی لە هاوڕێ کۆنەکانی بکات، کە جوانترین هەست‌و سۆزیان بۆی هەبوو، هیوای خۆشبەختی‌و کارمەرانی‌و ئارامیی دەروونیان بۆ دەخواست.

"مەی" ئا لەم حاڵەتەدا کە لەناکاو بە سەریدا هاتبوو، قەڵەمەکەی دەگرێت بەدەستییەوەو نامەیەك بۆ کوڕی مامەکەی "جۆزێف زیادە" لە لوبنان دەنووسێ‌و لەم نامەیەدا دەڵێ:

"جۆزێف من ئازار دەچێژم‌و نازانم هۆکارەکەشی چییە، من لە نەخۆش خراپترم، پێویستە دەربڕینێکی تازە بدۆزمەوە، تاکو تەفسیری ئەوەی پێ بکەم کە هەستی پێ دەکەم. من هەرگیز لە ژیانمدا ئاوا ئازارم نەبووە، وەك ئەوەی ئێستا هەمە. لە کتێبەکاندا نەمخوێندووەتەوە مرۆڤ ئەوەندە وزەی هەیە، بەرگەی ئەوە بگرێت کە من بەرگەی دەگرم. پێم خۆشە لانی کەم هۆکاری ئەمە بزانم، وەلێ پرسیار لە هەر کەسێ دەکەم، ئەمە وەڵامەکەیەتی: هیچ نییە، ئەوە وەهمێکی شاعیرانەیە لە مندا هەیە. نا، نا جۆزێف، شتێك هەیە هەناوم دەڕزێنێت‌و هەموو ڕۆژێك‌و لە هەموو خولەکێکدا دەمکوژێت.

لەم ساڵانەی دواییدا کارەسات‌و بەڵاکان بە سەرمدا کەڵەکەبوون‌و لەناویان بردم. تەنیاییە ترسناکەکەم زیاتر تەنیاییەکی مەعنەوییە لەوەی جەستەیی بێت‌و وای لێ کردم بپرسم عەقڵم چۆن بەرگەی ئازارێکی لەم چەشنە دەگرێت. تاقە دڵنەواییم لەم نەهامەتیەمدا، کتێبخانەکەم‌و تەنیاییە شیعرییەکەمە. بۆیە وەك حوکمدراوێك بە کاری سەخت، ئیشم دەکرد، بەو هیوایەی بۆشاییەکەی ناخم بیر چێتەوە، ناتەواوییەکەی دەروونم بیرچێتەوە، هەموو کیانی خۆم بیرچێتەوە. بەڕاستی پێم سەیرە چۆن من توانیم ئەم نامەیەت بۆ بنووسم، ڕەنگە باشییەکەی بۆ ئەو جگەرانە بگەڕێتەوە کە شەو و ڕۆژ

دەیانکێشم، من کە لەسەر جگەرەکێشان ڕانەهاتووم‌و حەزم لێی نییە، بەڵام دەیانکێشم بۆ ئەوەی دڵم لاواز بێت، ئەم دڵە تەندروست‌و پتەوە کە تا ئێستاش خۆڕاگرە. بۆ کچە مامەکەت بپارێزەوە".

ئەمە ئەو نامەیەی "مەی"ە کە بۆ کوڕە مامەکەی کە لە لوبنان دادەنیشت، دەینووسێ. کوڕە مامەکەی هەر هێندەی نامەکە دەگاتە دەستی، دێت بۆ میسر. "مەی" دەبینێت، بە نەرم‌ونیانی قەناعەتی پێ دەکات وەکالەتێکی بۆ بکاتەوە، تاکو بتوانێت هەڵسوکەوت بە کاروبارەکانییەوە بکات‌و بە باشترین شێوە خزمەت‌و چاودێری بکات. مەی لەو حاڵەتە دەروونییە توندەی تێیدا بوو، ڕازی دەبێت‌و ئەو وەکالەتەی بۆ دەنووسێت کە کوڕە مامەکەی داوای لێکردبوو. پاشان کوڕە مامەکەی قەناعەتی پێ دەکات پێویستی بە هەوا گۆڕینێك هەیە، ئەوەش تەنیا بەوە دەبێت سەفەر بکات بۆ لوبنان‌و لەوانەیە چی خەم‌و خەفەتی هەبێت نەیمێنێت. "مەی" ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ کوڕە مامەکەی سەفەر دەکات بۆ لوبنان.

دوای ئەوە ڕووداوە سەیرو جەرگبڕەکان یەك لە دوای یەك دێن.

کوڕە مامەکەی چاوی بڕیبووە ئەوەی دەست بەسەر سەروەتە بچووکەکەیدا، لە پارەو زێڕو زیو بگرێت. بۆیە پەلکێشی لوبنانی کرد تاکو پلانە دۆزەخی‌و دڵڕەقانەکەی جێبەجێ بکات. کوڕە مامەکەی لە لوبنان هەواڵی ئەوەی بڵاوکردەوە کە "مەی" شێت بووە، توانی هەندێ کەس لەوانەی نامەردن‌و ئەوەی پێی بوترێت شەرەف نیانە، لەگەڵ هەندێ کەسی دیکە کە هیچیان لەبارەی بەهاو پێگەی "مەی" نەدەزانی، قەناعەت پێ بکات ڕاپۆرتێکی پزیشکی بنووسن‌و تێیدا جەخت لەسەر شێتبوونی "مەی" بکەنەوە. دوای ئەوە توانی "مەی" ببات بۆ نەخۆشخانە ناسراوەکەی شێتەکان لە لوبنان کە ناوی نەخۆشخانەی "العصفوریە"یە. دواتر کوڕە مامەکەی لە دادگا داوایەکی "دەستبەسەراگرتن"ی سەروەت‌و سامانەکەی "مەی"و قەدەغەکردنی هەڵسوکەوت کردنی "مەی" بە پارەو

پولیبیەوە، بۆ دادگا بەرز کردەوە، توانی بڕیاری ئەو دەستبەسەراگرتنە وەربگرێتو کێشەکە بباتەوە.

هەموو ئەو شتانە بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ ڕوویان دا، هاوڕێیانی "مەی" پێیان وابوو "مەی" ماوەیەك بە تەنیاو دوورە پەرێزی دەژی، بەو هیوایەی لە قەیرانە دەروونییەکەی چاك بێتەوە کە لە قاهیرەو دوای مردنی باوكو دایکی گیرۆدەی ببوو. مەی نزیکەی سالێك لە نەخۆشخانەی شێتەکان مایەوەو تالاوێکی زۆری چەشت، مانی لە نانخواردن گرت، ناچار لە ڕێگەی پزیشکییەوەو دوای ئەوەی بە توندیو دلڕەقانە دەیانبەستەوە، نانیان دەرخوارد دەدا. بەلام دواجار ڕۆژنامەکانی لوبنان، لە ڕێگەی کۆمەلێ ئەدیبەوە کە بە شوێن "مەی"دا دەگەڕانو دەیانویست هەوالی ڕاستەقینەی بزانن، بە مەسەلەکەیان زانیو ئاشکرایان کرد.

لێرەوە هەرایەکی گەورە سەبارەت بە بەرگریکردن لەو ئەدیبە بەهرەدارەی لە نەخۆشخانەی شێتەکاندا زیندانی کراوە، دروست بوو. دەسەلاتدارانی لوبنان هاتنە سەر خەتو هەندێ پزیشکیان ڕاسپارد ڕاپۆرتێك لەسەر بارودۆخی ڕاستەقینەی "مەی" بنووسن، پزیشکەکان ڕاپۆرتەکەیان نووسیو تێیدا وتیان "مەی" نە شێتەو نە هیچ نەخۆشییەکی عەقلیشی هەیە. بەلام جەستەی تابلێی لاوازو بێهێزەو پێویستە بگوازرێتەوە بۆ یەکێك لە نەخۆشخانە هاکەزاییەکان، تاکو چارەسەری ئەو لاوازیو بێهێزییەی بکرێ.

"مەی" لە نەخۆشخانەی شێتەکانەوە هاتە دەرەوە تاکو بچێتە نەخۆشخانەیەکی هاکەزایی کە خاوەنەکەی "د. نیقۆلا ڕبیز" بوو، "مەی" پێی وابوو پاش کەمەکێکی دیکە ڕزگاری دەبێت، بەلام لەم نەخۆشخانە تازەیەشدا نزیکەی سالێکی تر مایەوە. لێرەوە مەی گەڕایەوە بۆ هەلۆێستە کۆنەکەیو دەستی کردەوە بە نانو دەرمان نەخواردن. چونکە ئەو هەستی دەکرد زیندانی کراوە نەك نەخۆش بێت. خانمە ئەدیبی سوری "د. ویداد سکاکلانی" لە کتێبە بەپێزو گشتگیرەکەیدا سەبارەت بە "مەی"و ئەوەی "مەی" لە

نەخۆشخانەی شێتەکان چیی کردووە، هەمان شتی لە نەخۆشخانە تازەکـەدا کـردووەو لـەم بارەیەوە دەڵێ:

"مەی ڕازی نەبوو نان بخوات، ڕازی نەبوو قژی دابهێنێـتو نینۆکـەکانی بکـات، لـەوە تورە دەبوو بپارێتەوە تـاکو جگەرەیـەك بکێـشێ، لەمەشـدا هـیچ کەسـێك بـەزەیی پێـدا نەدەهاتەوەو ڕێگەیان پێ نەدەدا جگەرە بکێشێت. هیچ مرۆڤێك هەوڵی نـەدا ڕەحمـی پـێ بکات یان یارمەتیی بدات یان گوێ بۆ سکاڵاکەی بگرێـت، بـەوەی دووچـاری ئـەو زوڵـمو ناحەقییە بووە".

هاوڕێکانی، ئەوانەی باشەو بەهرەو حەقیقـەتی داناییەکـەیو بلیمەتیەکـەیان دەزانـی، جارێکی دیکە کۆبوونـەوە، تـاکو هەرایـەکی گـەورە لـەپێناو ڕزگـارکردنی لـەو حاڵەتـەی تێیدایە، بەرپا بکەن. ئەم هەرا تازەیـە سـەرکەوتوو بـوو، "مـەی" لـە نەخۆشـخانە دێتـە دەرەوەو لە خانوویەکی تایبەتدا نیشتەجێ دەبێت. لـە هـاوڕێ دڵـسۆزەکانییەوە کۆمـەكو چاودێری دەکرێ، لە سەروو هەموویانەوە گەورە ئەدیبی لوبنان "ئەمین ڕەیحانی" کە خـۆیو خێزانەکەی، هەموو شتێکیان لە خۆشەویستیو سۆزو چاودێری پێ بەخشیو یارمـەتیان دا لەژێر دەستو دەسەڵاتی کوڕە مامەکەی ڕزگاری بێت.

پاشان مەسەلەکە بەوە کۆتایی هات بڕیاری دەستبەسەراگرتنی سـەروەتو سـامانەکەی هەڵگیراو تەواوی ئازادیی بۆ گەڕایەوە، مافی هەڵسوکەوتکردن بە ژیانیو پارەو پـولی، وەك ئەوەی خۆی دەیەوێت بۆ گەڕایەوە. وەلێ ئەم ئەزموونە تاڵەی "مـەی" تێیـدا ژیـا، کـاری کردبووە سەر تەندروستیو پڕی کردبوو لە گومانو متمانەنەکردن بـە خـەڵك. لـە ڕاسـتیدا ئەزمونێکی لەم شێوەیە، بەسە بۆ ئەوەی کەسێتی هەر مرۆڤێك تێـك بـشکێنێت، بـا ئـەو مرۆڤە کەسێتییەکی بەهێزی هەبێتو توانای بەرگەگرتنیـشی زۆربێـت. گەرچـی "مـەی" هەوڵی دا بگەڕێتەوە بۆ ژیانی سروشتی خـۆی، بـەڵام ئـەو ئەزمونـە تـاڵو ناسـۆرە پـەکی خستبوو، تادەهات تەندروسـتی خـراپتر دەبـوو، بۆیـە لەتەمـەنی ٥٥ سـاڵیداو لـە ٢٩ ی

تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤١ کۆچی دوایی دەکاتو لە تەنیشت دایكو باوکییەوە دەنێژرێ.

ژیانی "مەی" پڕە لەو پرسیارانەی پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە، یەکێك لەو پرسیارە گرنگانە ئەمەیە: بۆچی "مەی" شووی نەکرد؟ ئەو لەتوانایدا بوو هاودەمێك بۆ خۆی بدۆزێتەوەو ژیانی پڕ بکاتو یارمەتیی بدات لە بەرگەگرتنی ئەو ئێشو ئازارو نەهامەتیانەی بە تەنیاو دوای مردنی دایكو باوکی ڕووبەڕووی ببوونەوە. "مەی" لەو ئافرەتانە نەبوو جوانیو زیرەکیی نەبێت، یان سەرکەوتوو نەبێت، تاکو نەتوانێت شوو بە پیاوێکی گونجاو بکات، پیاوێك لەگەڵیدا بەشدار بێت لە هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی ژیان.

ئەی بۆچی شووی نەکرد؟

وەڵامەکان بۆ ئەم پرسیارە زۆرن، لەو وەڵامانە "مەی" پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو، پیاوێك نەبوو ڕازی بێت بەوەی بیهێنێتو لەهەمانکاتیشدا ڕێگە بە "مەی" بدات پارێزگاری لە کەسێتییە کۆمەڵایەتییە ئازادەکەی بکات. چونکە لەو سەردەمەدا، کۆمەڵگەی عەرەبی، لەوانەش میسر، بەرگەی ئەو جۆرە کەسێتییە ئازادەی نەدەگرت. ئەوەی جەخت لەم وەڵامە دەکاتەوە، گێڕانەوەی یەکێکە لە نەوەکانی سەردەمی "مەی"، ئەویش ئەدیبی فەلەستینی "عەبدوڵڵامۆخلیس"ە، ئەم ئەدیبە لە وتارێکیدا دەڵێ:

"ئەوەی لە بارەی مەی بیرم دەکەوێتەوە، ئەمەیە: من لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٢٣ لە بیت المقدس بووم، خانم مەی وەك میوانێك بۆ خوێندن هات بۆ بیت المقدس، ئەدیبانو پیاوچاکان بۆ پێشوازیلێکردنو بۆ ناسینی لە دەوری کۆبوونەوە. منو هاوڕێیەکەم بە مەبەستی سەردانیکردنی، ڕۆیشتین بۆ ئەوماڵەی تێیدا دابەزیبوو، کاتێ ئێمە گەیشتین، ئەو لەوێ نەبوو، لەکاتی گەڕانەوەماندا هاوڕێکەم پێی وتم: دەزانی زانستو ڕۆشنبیربوونی مەی بۆی بووە بە بەڵا؟ پێم وت: چی لە ویژدانتدا هەیە دەری بڕەو قسەکەت تەواو کە. پێی وتم: من یەکێك بووم لەوانەی پێم وابوو تەواوی خۆشیو کامەرانی لەوەدایە مەی ببێتە

هاوسەرت، خودا جوانیو سیفاتی باشی پێ بەخشییوە. بەڵام من دەمبینی ئاستی زانستیو ڕۆشنبیریی ئەو لە سەروو ئاستی زانستیی منەوەیە، بۆیە نەموێرا داوای بکەم. ئەوەی ئەم قسەیەی پێ وتم لە خەڵکە سادەکە نەبوو، بەڵکو دەرچووی زانکۆی ئەمریکیو دەوڵەمەندێکی گەورە بوو، یەکێك بوو لەوانەی کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیو شارستانی هەبوو. کەچی پێی وابوو لە لایەنی زانستو چاکەوە لەو کەمترەو دانی پێدا دەنێت..".

ئا ئەمەیە لێکدانەوەی یەکێك لە ئەدیبەکانی نەوەکەی، سەبارەت بە شوونەکردنی "مەی" دەینووسێت. ئەم لێکدانەوەیە بەسەر هەندێکیاندا جێبەجێ دەبێت، بەڵام بەسەر هەموو ئەوانەدا جێبەجێ نابێت کە "مەی" ناسیونیو ئەوانیش "مەی"یان ناسیوە. لەناو ئەوانەدا ئەدیبی گەورەو خاوەن ڕۆشنبیرییەکی فراوانو خاوەن بەهرەی بەرزی تێدا بووە. ئا لێرەدا ئەو هۆکارەی دیکە دێتە پێشەوە کە ئاماژەمان پێ دا، ئەویش ئەمەیە: پیاوەکان لە سەردەمی "مەی"دا، نەیان دەتوانی "مەی" بهێننو لەهەمانکاتیشدا ڕێگەی بدەن پارێزگاری لە کەسێتییە گشتییە ئازادەکەی بکات. "مەی" پێش سەردەمەکەی کەوتبوو. چ پیاوێك بەرگەی ئەوەی دەگرت کچێکی وەك "مەی" بهێنێت کە لە تەمەنی سی سالیدا، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩١٦دا، لە یانەکان وتاری پێشکەش کردووەو قسەی بۆ جەماوەرێکی گەورە کردووەو لە ماڵەکەیدا پێشوازی لە پیاوان کردووەو لەسەر تێکڕای مەسەلەکانی ڕۆشنبیریو ژیانو کۆمەڵگە، لەگەڵیاندا کەوتووەتە گفتوگۆو مشتومڕەوە؟

لەو سەردەمەدا هیچ پیاوێك نەبووە بەرگەی ئەو شێوە ژیانەی مەی بگرێت. مەی، لەلای خۆیەوە بیری لەوە نەکردووەتەوە کەسێتیی خۆی بگۆڕێت یان دەستبەرداری ببێت، ئەو خۆی لە ئازادییەکەیدا، لە کارە ئەدەبییەکانیو لە تێکەڵاوبوونی بە ژیان دەبینییەوە. خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە بڕوای بە بیروڕا تازەو پێشکەوتووەکان هەیە. بەڵام مەی گەرچی ئازادو سەربەخۆ بوو، وەك ئەوەی هەموان شایەتی لەسەر دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا

خاوەنی ڕەوشتێکی بەرز بوو، زۆر دیندار بــوو، هــیچ ڕۆژێــك ڕەفتــارێکی وای نەنوانــدووە، کەسێك لە دژی بەکاری بهێنێت. ئەو خاوەنی پەیامێکی فیکــریو کۆمەڵایــەتیو ئــەدەبی بوو، ئافرەتێکی پاكو بێگەردو شــەریفو نمونــەیی بــوو، زۆر پــەرۆشو شــەیدای پرنــسیپە ئەخلاقییە بەرزەکان بوو. نەهامەتییە هەرە گەورەکەی ئەوە بوو، لانی کەم نیو سەدە پــێش سەردەمەکەی هاتبوو، لەسەر حسابی ژیانی شەخسی خۆی، بایەخی بە ژیانی گشتی دەدا.

نەیتوانی هاوسەنگییەك دروست بکات، دەرفەتی ئەوەی بۆ بڕەخسێنێت لە ســاتەوەختە دژوارەکاندا، لە ناخۆشیو ئێشو ئازار ڕزگاری بکات. نەیتوانی کەسێك بدۆزێتەوە لە پاڵیدا ڕابوەستێتو بڕێك لە نەهامەتییەکانی ژیانی لەگەڵدا هەڵگرێت. ئەو ژیاو بەخشندە بوو، دڵو عەقڵی خەڵکی ڕوناك کردەوە، پاشان ئازاری چەشتو گرفتار بوو. باجێکی گرانی زیرەکــیو سەرکەوتنەکانی دا، باجی ئەوەی ئەو پێش ئەو سەردەمە کەوتبوو کە تێیدا دەژیا.

# مازنیو خۆشەویستە نادیارەکەی



**ئیبراهیم عەبدولقادر مازنی**

ئەمە بەسەرهاتێکی خۆشەو لـە سـالآنی بیـستەکانی سـەدەی بیـستەمدا ڕووی داوە، پاڵەوانی ئـەم بەسـەرهاتە یـان قوربـانیی ئـەم بەسـەرهاتە، ئەدیبێکـە لـە ئەدیبـە هـەرە گەورەکانی عەرەبو یەکێکـە لـە هـەموان زیـرەکترو ڕۆشـنبیرترو بـەهرەدارترە، ئـەویش "ئیبراهیم عەبـدولقادر مـازنی"یـە. ئـەم بەسـەرهاتە لـەپاڵ خۆشـییەکەیدا مەغزایـەکی گەورەشی هەیە، چـونکە ئـەو واقیعـە کۆمەڵایـەتیو سـۆزدارییە دەردەخـات کـە نـەوەی پێشەنگی نووسەرو ئەدیبانی عەرەب، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەدا تێیدا ژیاون. لـەو سەردەمەدا ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئەو نووسەرو ئەدیبە گەورانەوە دوور بـووە، لـەو کـاتو ساتەدا کۆمەڵگەی عەرەبی هێشتا ڕێگەی بەوە نـەدابوو، ئـافرەت بـۆ خوێنـدنو کـارکردن بێتە دەرەوە. ئافرەت ڕێگـەی پـێ نـەدرابوو بەشـدارییەکی عـەقڵیو ویـژدانی لـە ژیـانی کۆمەڵگەدا هەبێت.

کاتێ لە سەرەتای سالآنی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، تاقە کچێکی ئازاو بـوێر کـە ناوی مەی بوو، لە ناوەندی ئەدەبی میسری دەرکەوت، ئەوە دیاردەیەکی زۆر دەگمەنو شـاز بوو. هەر بۆیە چی ئەدیبی گەورەی سەردەمی مەی هەبوو، خۆشیان ویستو هۆگری بـوون. مەی بەو دیاردەیە دڵخۆش بوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی لە هیچ یـەکێکیان تـوڕە نـەبێتو ڕازی بوو بەوەی ببێتە ئیلهامبەخش بۆ هەموان. بەڵام ئەوە دواجار بە تراژیـدیا بـۆ خـودی (مەی) گەڕایەوە. ئەو دوچاری نەخۆشیو لەدەستدانی ئەعساب بوو، ژیانی بـە شـێوەیەکی خەمبارو ناخۆش کۆتایی پێهات. هـەر هـەموو ئـەوەش هۆکـاری ئـەوەبوو کـە "مـەی"

نمونەیەك بوو لە دەرەوەی لۆژیکی سەردەمەکەی، لەبەرئەوە بوو هەوڵی دەدا لایەنی تـاکێتی ژیانی خۆی ڕەت بکاتەوە، تاکو ببێت بە خۆشەویستی هەموانو ببێت بە ئیلهامبەخش بـۆ هەموان. کەچی دواجار لەسەر ڕێگای پڕ ئێشو ئازارو نەهامەتی گیرسـایەوەو لـە لێـواری شێتبوون نزیکبووەوە.

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە نەوەی یەکـەمی ئەدیبـەکانمان، لـە لایـەنی ویـژدانیو سۆزدارییەوە، ژیانێکی وشكو برینگ ژیاون. ڕۆڵی ئافرەت لە ژیانی ئەوانـدا، ڕۆڵێکـی زۆر سنوردار بووە، ئەگەر نەڵێین هەر نەبووە یاخود تا بڵێی دەگمەن بووە. مۆرکی مێیایەتی لـە ژیانی ئەدەبیو بەرهەمی ئەدەبیدا، مۆرکێکی زۆر دەگمەن بـووە یـان هـەر نـەبووە. هـیچ یەکێك لەو ئەدیبە گەورانە نەیزانیوە کاریگەریی ئەدەبەکەی، لەسەر دڵی ئافرەتێـك یـاخود لەسەر عەقڵی ئافرەتێك چۆن بووە، چونکە ئافرەت لـە ژیـانی عـەقڵی عەرەبیـدا بەشـداری نەکردووە. تەنانەت ئەو ئەدیبانەی ژنیان هێنـاو ژیـانێکی خێزانـی ئـارام ژیـان، ژیـانێکی ڕاسـتەقینەی ویـژدانی نـەژیاون، چـونکە بەشـی هـەرە زۆری ژن-هێنانـەکانیان لەسـەر شێوازێکی تەقلیدی بووە. ژنەکە لە کارە فیکریو ئەدەبییەکاندا بەشداری لەگـەڵ هاوسـەرە ئەدیبەکەیدا نەکردووە، واتە هـیچ بایـەخو گرنگییـەکی بـەوەی هاوسـەرەکەی دەینووسـی نەدەداو نەیدەخوێندەوە. ژنەکە بەو پێودانگە تەماشای کاری هاوسەرەکەی کردووە کـە وەك سەرچاوەیەك وایە بۆ پەیداکردنی بژێویی خێزانەکەو هیچی تر.

تەنانەت "تەها حـسێن" کـە لـە ئـەنجامی خۆشەویـستییەکی گـەورەوە ژنـی هێنـاو هاوسەرەکەی خانمی فەرەنسی "سوزان"، ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانیدا دەگێڕێت، چ لە لایـەنی کارکردنو چ لە لایەنی ویژدانییەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هاوسەرەش بەربەستێکی لـە نێوان خۆیو ئـەدەبی مێردەکەیـدا هـەبوو، ئـەویش ئـەوەبوو "سـوزان" زمـانی عـەرەبی نەدەزانیو تاکو دوا ساتەکانی کۆتایی ژیانی ئەو زمانەی نەدەزانی کە "تەها حسێن" پێـی

دەنووسی. لێرەوە دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئەو خانمە هیچی مێردەکەی نەخوێندۆتەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەڕەنسی.

بەڵام گەورە ئەدیبەکانی دیکەی سەر بە نەوەی تەها حسێن، نازانین ژیانێکی ویژدانیی ڕاستەقینەیان هەبووبێت، ئاگادار نین هاوسەرەکانیان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر بەرهەمە ئەدەبی یان هونەرییەکانیان هەبووبێت. مەگەر ئەوە نەبێت ئەو کاریگەرییە فاکتەرێکی گشتگیر بووبێت، وەك ئەوەی هاوسەرەکە بەوەفا بووە بۆ مێردەکەی‌و کەش‌و هەوایەکی گونجاوی بۆ ڕەخساندووە تاکو کاری تێدا بکات. بەڵام ئەوەی پێی دەوترێت بەشداری عەقڵی‌و ویژدانی، هیچ بوونێکی نەبووە. تەنها لە هەندێ حاڵەتی زۆر دەگمەن‌و ناوازەدا نەبێت. وەك حاڵەتی "عەقاد" کە هەندێ ئەزمونی سۆزداری پەرت‌و بڵاوی پڕ شکست‌و پەشێوی ژیاوە.

ئەم بەسەرهاتە واقیعییەی کە پاڵەوانەکەی "ئیبراهیم عەبدولقادر مازنی"یە، ئەو نەهامەتیە ویژدانییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ئەم نەوەیە بەدەستییەوە ناڵاندوویانە. ئەمەش وای لە کارەکانی ئەم نەوەیەو تێکۆشانە فیکری‌و ئەدەبییەکەیانی کردووە، وەك جۆرێك لە داتاشینی پەیکەر بێت لە بەردی ڕەق. ئەوان لە ئیلهامێکی ناوەکییەوە کە لەخودی خۆیانەوە سەرچاوەی دەگرت، کارە فیکری‌و ئەدەبییەکانیان دەنووسی. هەرگیز کەسێکیان نەدۆزییەوە وشەیەکی خۆشەویستی یان وشەیەکی هاندانیان پێ بڵێت. بێگومان من لێرەدا بە پلەی یەکەم مەبەستم ڕۆڵی ئافرەتە لە ژیانی بلیمەتەکانداو مەبەستم لەو سەرکەوتنە نییە کە نووسەر لای خوێنەرەوە دەستی دەکەوێت. ئەو مۆرکەی ئافرەت دەیبەخشێتە ژیانی ویژدانی‌و عەقڵی، مۆرکێکی ئەفسوناوی‌و قەشەنگە، ئەم مۆرکە لە ژیانی نەوەی یەکەمی ئەدیبەکانمان نەبووەو لێی بێبەش بوون.

بەسەرهاتی "مازنی" لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات کە گەنجێك بە ناوی "عەبدولحەمید ڕەزا" دەبینێت، ئەم گەنجە نامەیەك دەداتە "مازنی"و پێی دەڵێ ئەم نامەیەی لە یەکێك

له خانمه‌كانه‌وه بۆ هاتووه‌و ئه‌م وه‌ك خزمه‌تكارێك لای ئه‌و خانمه ئیش ده‌كات، گه‌نجه‌كه شوناسنامه‌یه‌ك پیشان "مازنی" ده‌دا كه ده‌یسه‌لمێنێت خزمه‌تكاره. پێشتر "مازنی" شانۆگه‌رییه‌كی به‌ناوی "غه‌ریزه‌ی ئافره‌ت یان حوكمی گوێڕایه‌ڵی" نووسیبوو، ئه‌م خانمه ئه‌و شانۆگه‌رییه‌ی خوێندبووه‌وه، بۆیه ئه‌م نامه‌یه‌ی به‌و خزمه‌تكاره‌یدا بۆ ناردبوو. مازنی نامه‌كه ده‌خوێنێته‌وه، ده‌بینێ نامه‌یه‌كی ئیعجاب‌و هاندانه‌و نامه‌كه به‌ناوی "فاخیره" ناوێكه‌وه واژۆ كرابوو، خاوه‌نی نامه‌كه ده‌ڵێ نامه‌كه‌ی به "به‌رده‌سته‌كه‌یدا" بۆ ناردووه، وشه‌ی به‌رده‌ست لای ئه‌و خانمه له وشه‌ی خزمه‌تكار جوانتر بووه.

نامه‌كه پڕه له وشه‌ی ئیعجاب‌و خۆشه‌ویستی به‌رامبه‌ر به مازنی. هه‌روه‌ها خاوه‌نی نامه‌كه ده‌ڵێ ڕۆمانێكی به هه‌مان ئه‌و مانایه نووسیوه كه مازنی شانۆگه‌ری "غه‌ریزه‌ی ئافره‌تێك..."ی پێ نووسیوه، به‌ڵام پیشانی كه‌سی نه‌داوه. خانمه‌كه له نامه‌كه‌یدا ده‌ڵێ:

"نوسخه‌یه‌ك له ڕۆمانه‌كه‌ت‌و چه‌ند كتێبێك له كتێبه‌كانتم بۆ بنێره، تاكو گه‌شه به بابه‌تی ئه‌ده‌ب بده‌م كه حه‌زم لێیه‌تی. ئایا ڕازیت؟ ئه‌گه‌ر ڕازی بوویت، ئه‌وا به به‌رده‌سته‌كه‌مدا هه‌ندێ به‌رهه‌می خۆتم بۆ بنێره. له‌وانه‌یه ئه‌م نووسینه‌م كرچ‌و كاڵ بێت‌و وه‌ك پێویست گوزارشت له‌و ڕۆحی سه‌رسامبوونه نه‌كات كه داگیری كردووم‌و دڵمی هێناوه‌ته هه‌ژان. ڕه‌نگه بۆ من باشتربێت ڕۆژێك له ڕۆژان به جه‌سته یه‌كتر بناسین، هیوادارم سه‌ركه‌وتوو بم له‌وه‌ی بگونجێم له‌گه‌ڵ شان‌و شكۆی به‌رزتاندا".

پاشان نامه‌كه‌ی به‌م وشه‌یه واژۆ ده‌كات:

"یه‌كێك له‌وان‌و ناوی... فاخیره"یه.

ئه‌م نامه‌یه كه "فاخیره" بۆ "مازنی"ی نارد، سه‌ره‌تای نووسینی كۆمه‌ڵێ نامه‌ی نایاب بوو كه مازنی نووسی‌و پێی وابوو ده‌گاته ده‌ستی ئه‌و خانمه. خزمه‌تكاره‌كه یان به‌رده‌سته‌كه، نامه‌كانی بۆ "مازنی" ده‌هێناو وه‌ڵامه‌كانیشی ده‌برده‌وه بۆ خانمه‌كه.

ئەمەی خوارەوە دەقی نامەی یەکەمە کە "مازنی" بۆ ئەو خانمەی نووسیوە، تێیدا هەست دەکەین دڵی "مازنی" زۆر بە خێرایی دەکەوێتە دوای وەهمی ئەو ئافرەتەوە کە سەرسام بووە پێی. مازنی لە نامەکەیدا دەڵێ:

"خانمە ئازیزەکەم.. ئەم کاتەت باش‌و سوپاسی نامە ناسك‌و میهرەبانەکەت دەکەم. داوای لێبوردن دەکەم بەوەی بە قەڵەم ڕەساس بۆت دەنووسم، من یەکەم نەخۆشم‌و دووەم مورەکەب لە ماڵەکەمدا نەماوە!! دڵنیا بە من ڕێزی ئەو هەستە بەرزەت دەگرم کە وای کرد ئەو نامەیە بنووسیت، من گەر نەخۆش‌و ماندوو نەبوومایەو، لەبەر بێهێزی دەستم کەمەکێك نەلەرزیبایە، ئەوا هەوڵم دەدا حەقێکی تەواو بدەمە نامەکەت. ئایا دەمبەخشیت‌و لێم خۆشدەبی؟ هیوادارم وا بێت. خۆشحاڵم هەر کتێبێك کە لە ماڵەوە نوسخەی دیکەیم هەبێت، دانەیەکیان بۆ تۆ بنێرم. زۆر داوای لێبوردن دەکەم کە نوسخەی ڕۆمانەکە لە نووسینگەکەمدا هەیە، ئەگەر ڕۆژی شەممە بەردەستەکەت نارد بۆ نووسینگەکەم، ئەوا خۆشحاڵ دەبم بەوەی نوسخەیەك لە ڕۆمانەکەت پێشکەش بکەم. تامەزرۆی بینینی ڕۆمانەکەتم، بەڵام ناوێرم داوای ئەوە بکەم پێش ئەوەی بڵاوی بکەیتەوە بیبینم، مەگەر خۆت بە چاکەی خۆت ئەوەم لەگەڵدا بکەیت".

پاشان مازنی بەم شێوەیە کۆتایی بە نامەکەی دەهێنێت:

"نەخێر، زمانەکەت کرچ‌و کاڵ نیەو زۆر باشە، بەرزترین شێوازی نامە نووسینە کە من لە شێوازی نامە نووسینی ئافرەتاندا بینیبێتم، بۆ نمونە لەم نامەیەی من بەرزترە. ڕێزو سوپاسی بێپایانم بۆت هەیەو داوای لێبوردنیش دەکەم... مازنی".

ئەم یەکەم نامەیە کە مازنی نووسی، دەستپێکێك بوو بۆ نووسینی چەند نامەیەکی دیکەی قووڵترو بایەخدارتر. مازنی شەیدای ئەم ئافرەتە یاخود ئەم وەهمە دەبێت، پێی وابوو ئەو ئیلهامەی دۆزیوەتەوە کە لەژیانی ویژدانیدا خەونی پێوە بینیوەو هیواخوازی بووە دەستی بکەوێت. پێی وابوو ئەو ئافرەتە زیرەك‌و هەستیارەی دۆزیوەتەوە کە دەتوانێت

تینوێتی دڵی بۆ خۆشەویستی بکوژێنێتەوەو دەتوانێ بەرەو داهێنان هانی بداتو چێژ لە کارە هونەرییەکانی ببینێتو ئەو ناتەواوییە ویژدانییە پڕ بکاتەوە کە هەم خۆیو هەم تەواوی نەوەکەی بەدەستییەوە دەیانناڵاند. خۆشبەختانە مازنی نووسەرو هونەرمەندێکی ڕاستگۆ بوو، ڕانەهاتبوو درۆ لەگەڵ خۆیو لەگەڵ خەڵکیدا بکات. لە میانەی ئەم ڕاستگۆییەیەوە، لەو نامانەیدا کە بۆ ئەم خانمە نادیارەی دەناردو هەستو سۆزی ورژاندبوو، جۆرێك لە "خۆڕوتکردنەوەی دەروونیی تەواوەتی" هەیە، خۆڕوتکردنەوە بۆ حەقیقەتی هەستو سۆزی "مازنی"، بۆ حەقیقەتی نەبوونی خۆشەویستیو وشكو برینگی سۆزداری کە بە هۆی ئەو کۆمەڵگە داخراوەی تێیدا دەژیان، بەسەر خودی "مازنی"و هاوڕێکانیدا سەپابوو. ئەو کۆمەڵگەیە شنەی شەماڵێکی ویژدانی ڕاستگۆ یان هەستو سۆزێکی مرۆڤدۆستانەی تێدا نەبوو کە وەك زادێکی بنەڕەتی وابوو بۆ ویژدانی ئەو ئەدیبە هەستیارانە. لێرەوە ئەو ئەدیبانە ژیانیان لە بۆشاییەکی سۆزداریی جەرگبڕدا دەبردە سەر.

مازنی لە چرکەساتێکی ڕاگوزەردا، هەستی کرد ئەو خەونەی لە میانەی ئەو نامانەی بۆ ئەو ئافرەتەی دەنووسیێ، خەونێکی چەواشەکارانەیەو لەسەر وەهم بەندە. مازنی لە ناوەوەی خۆیدا گومانی لە بوونی ئافرەتێکی لەو جۆرە هەبوو. وەلێ لەبەر ئەوەی مازنی خاوەن دڵو دەروونێکی باش بوو، زۆر بەخێرایی لە گومانەکەی پەشیمان دەبێتەوەو دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئەو ئافرەتە نەناسراوە کە هەرگیز نەیبینیوەو تا هەتا هەتایە نایشیبینێت.

با لێرەدا ئەم نامەیەی دیکەی مازنی بخوێنینەوە کە بۆ ئەو خانمەی نووسیوەو تێیدا گوزارشت لە گومانەکەی دەکاتو بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانەو کاریگەرییانە باسی خۆی دەکاتو پڕە لە گاڵتەجاڕییەکی زۆر نایاب. ئەو لەم نامایەدا کە بە نموونەیەکی بەرزی ئەدەب دادەنرێ، نمونەیەك پڕە لە دانپیانانی خودیی کە ئەدەبەکەمان تا ئاستێکی دوور لێی بێبەشەو لەم جۆرە نامانەی تێدا نییە. لە نامەکەدا هاتووە:

"فاخیره خانی ئازیز، دەزانم تۆ سەراسیمەت کردووم، بە ئاستێك سەراسیمەت کردووم -تکایە پێمەکەنە- واهەست دەکەم ئەو کەسەی نامەم بۆ دەنێرێ خانمێکی زیرەكو وردبین نییە، بەڵکو کوڕێکی قۆشمەچییەو بە ناوی خانمێکەوە نامەم بۆ دەنووسێ تاکو پێم ڕابوێرێتو گاڵتەم پێ بکات. تۆ سەبارەت بەم خەیاڵە دەڵێی چی؟ دانی پێدا دەنێم هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە هەستم بەو خەیاڵە کردووە، ئەوە هۆکاری ئەو خۆپاراستنەی من بوو کە لە نامە سەرەتاییەکانمدا دەتبینی- لانی کەم لە نامەی یەکەمدا- بەڵام دەرفەتێکی کەمم بە خۆم داو نامەکەم وەك خۆی نارد. ئایا هۆکاری دروستبوونی ئەو جۆرە خەیاڵەی کە لە سەری مندایە دەزانی؟ هۆکارەکەی ئەوەیە من ئەو کاتو ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەو بڕوایەدام، لەم دنیایەدا ئافرەتێك نییە، بە جۆرێك لە جۆرەکان، بە ئیبراهیم مازنی سەرسام بێت. من ئەمە بە سادەییەوە یان بە گاڵتە پێکردنەوە ناڵێم، بەڵکو بۆیە ئەوە دەڵێم چونکە بە داخەوە بڕوایەکی جێگیری ناو ناخمە. دەرئەنجامی ئەم بڕوابوونەش، وەك لە نامەی پێشووترمدا پێم وتی، ئەوەیە من لە ژیانمدا هەوڵم نەداوە ئافرەتێکم خۆش بوێت، گەرچی ڕۆحم بۆ خۆشەویستیی ئافرەتێك پارەپارە بووبێت. لەبەر ئەوە من لەخۆم ڕانابینم ئافرەتێك هەبێت منی خۆش بوێت، چونکە لەوە دەترسم دوچاری شۆك ببمو لە دەرئەنجامدا دەروونم بریندار بکەمو هەڵبچمو ئازار بچێژمو ئەویش لەگەڵ مندا ئازار بچێژێت.

نازانم بیروڕای تۆ لەسەر پیاوێك بێ زیادەڕۆیی ئەمە حاڵەتە دەروونییەکەی بێت، چییە؟ من سوێند دەخۆم بە هەموو ئەو سوێندانەی جوامێرەکان دەیخۆن، من درۆ ناکەمو خەیاڵاویش نیم، بگرە ئەوە حەقیقەتی بیرو باوەڕی ناو ناخی منەو حەقیقەتی واقیعیشە. بێگومان ئەوە حاڵەتێکی دەگمەنو ناوازەیە، وەلێ چارم چییە؟ من بەو هۆیەوە زۆر شت دەدۆڕێنم کە پیاوانی دیکە دەیبەنەوە. دەبینم جوانییەکانی ژیان جێم دەهێڵنو دەکەونە سەر خەڵکانی تر بێ ئەوەی هیچ خۆیان بۆ ماندو کردبێت. من خەم بۆ ئەوە ناخۆم کە دەروونی خۆم لەسەر بێبەشی ڕازی کردووەو ڕام هێناوە خەفەت بۆ هیچ شتێك نەخوات.

من له دنیادا شتگەلێکی زۆرم لەکیس چووەو له خۆمم حەرام کـردووه، تەنانـەت لـه ڕووی بژێوی مادیشەوه دەرفەتی زۆرم لەکیس داوه، بەڵام چی بکەم؟ هیچ. ئێـستا فەلـسەفه لـێ دەدەمو دەڵێم ڕاهێنانی دەروون لەسەر زوهد، پێویستی به هێزێکی گەورەترو مـەزنتر هەیـه لەو هێزەی که پێویستیێتی بۆ لەزەتو چێژ-وەرگرتن له خۆشییەکانی ژیـانو زیندەگییـەکی ئاسوده. ئایا ئەمه ڕاسته؟ نازانم. بەڵام دەزانم من تەنها بـۆ چـارەکه سـەعاتێك حـەزم لـه پاریسه، بۆ هەفتەیەك ئارەزووم له لەندەنه، لادێو سادەو ساکاریم خۆش دەوێـت. مـن لـه گەشتەکەمدا حەزم دەکرد لەناو ئۆتۆمـۆبێلی هاوڕێیەکـدا بـەناو گوندەکانـدا بگەڕامایـەو خواردنەکـەم لەناویـدا هەڵگرتایـەو زۆرجـار دوای ئـەوەی پەنجـەرەکانی ئۆتۆمۆبێلەکـەم دادەخست لەناویدا بمامایەتەوه. جارێکیان لەگەڵ خانمێکدا کـه لەسـەر کەشـتییەك بەیـەك گەیشتین، پێم وت: خانمەکەم تۆ جوانو قەشەنگیت، گوناهه ئەو جوانیـەی خـۆت دەخەیتـه بەردەستی گوێدرێژێکی وەك من که حەزی له هیچ نییه تەنها ئالیك نەبێت.

ئـەوه تـاڵاوی دەروونمـه هەنـدێجار لـه ڕێگـەی زمانـەوه یـان لـه ڕێگـەی قەڵەمـەوه دەردەکەوێتو خۆی بەیان دەکات، بەڵام لەوانەیه خەتام نەبێت. ڕەنگه من گەر له ژیانمدا لـه ئەشکەوتێکداو دوور له خەڵکی بژیامایه، خۆشبەختتر بام.. بەڵێ وایـه. جارێکیـان لـەژێر کاریگەریی زللەیەکی دەستی قەدەر که بەرم کەوت، هەوڵێکی لەو جۆرەم دا، ماوەی چـەند هەفتەیەکم له شاخی "مقتەم" بەسەر برد، ئاوم به لەپی دەستم دەخواردەوەو پاشماوەی نـاو قوڕو چڵپاوم دەخوارد.. ئایا بڕوا دەکەیت!

ئەوه سوودی پێ گەیاندمو به گڕوتینێکی تـازەو بـه چـالاکییەك کـه پێـشتر نـەمبوو، گەڕامەوه بۆ ژیان. من ئەمەم بۆیه نووسی تاکو لایەنێکی هیچو پووچی کەسایەتی خۆمـت بـۆ بـاس بکـەم. مـن نـازانم کەسـێتیم دوولایەنەیـه یـان سـێلایەنەیه، بـەڵام دەزانم وەك ڕێسەرێکی کوێر وایـه دەزوویـان بـۆ هێنـاوەو پێیـان وتـووه بیرێـسه، ئـەویش دەزووەکـه وەردەگرێتو دەسـت دەکـات بـه ئیـشکردنو دەزانـێ دەزووەکـه ڕێڕەوێکـی هەیـه بـەڵام

نایبینێت، بەڵکو هەستی پێ دەکات، ڕەنگە ڕەشـەبا هـەڵبکاتو دەزووەکـەی لـە دەسـت بخاتە خوارەوە. من ئەو ڕێسەرە کوێرەم ژیـان هێنـامیو پێـی وتم بڕێـسە.. شـیعرێکم بـەم مانایە وتووە، نەیخوێنیتەوە.

زۆرجوانە دەربارەی خۆت ئەوە بڵێیت کە لە نامەکەتدا وتوتە.. تاوانی چـی؟ خانمەکـەم وەڵامەکەت چیی تێدایە تاکو من دڵگـران بکـات؟ لەڕاسـتیدا تـۆ نازانیـت یەکـەم خـانمی ئازیزی هەستو سۆزی خۆت پێ بەخشیومو وەك شتێك لێم دەڕوانی شـایەنی ئـەو هـەموو بایەخدانە بێت. نا خانمەکەم، من پیاوێکم چاکەم لەبەرچاوەو سـپڵە نـیم، چـاکەی یـەزدانو چاکەی تۆ لەسەر خۆم نادیدە ناگرم. ئەگەر لەو وەڵامەی مندا شتێکت بـەدی کردبێـت کـە من دڵگران بووم، ئەوا زۆر داوای لێبوردن دەکەم، تکام وایە ئەو حاڵەتە بەو تـاڵاوەی لـەناو دەروونمدایە وەربگریت، ئەوەش تاڵاوێکی سروشتییەو هـەرگیز شـتەکانی دەرەوە کـاری تـێ ناکات. تۆ خودا لێم ببورەو لێم خۆش ببەو لە تەتەڵەی زمـانم خـۆش ببـەو لـەم دنیایـەدا لەگەڵمدا بە. ئەی پێم نەوتی من نەخوێندەوارم؟ بەڵێ. من نەخوێندەوارترین نەخوێنـدەوارمو گەمژەترین گەمژەم. ئایا بە ڕاست دەتـەوێت ئـەم نەخوێنـدەوارە گەمژەیـە ببینیـتو ڕۆژی یەکشەممە بە هەردوو چاوی خۆت بیبینیـت؟ یـاخود پەشـیمان بوویتەتـەوە؟ هیـوادارم بـە ڕاستت بێت بمبینی. سڵاو ڕێزو سوپاسێکی قووڵو ئەوەی لە سەروو سـوپاسو سـڵاوەوەیە، ئەوەی لە هەموو ئەوانە کاریگەرترە.

ئەم نیشانەیە (×) لە کوێدا دادەنێن؟ من لە هەموو شوێنێکدا لەسەر ناوەکـەم لـە ژێـر ناوەکەمو لە لای ڕاستو لە لای چەپی ناوەکـەمی دادەنـێم، لـەناو دڵمـداو لـەژێر هـەموو پەراسوویەکداو لە ناو هەموو دڵۆپە خوێنێکـداو لـەناو هـەموو خانـەکانی جەسـتەدا دای دەنێم".

نامەکانی مازنی لەسەر ئەم شێوازە لە خۆشەویستیو ڕاستگۆییو گاڵتەکردن بە خـود، بۆ خانمە نادیارەکە بەردەوام دەبێت، بگرە مازنی تا بێت شەیدای دەبێتو خۆشەویـستی بـۆ

خانم زیاتر دەبێت. بەردەستەکە کە نامەکانی خانمە نادیارەکەی بۆ دەهێنا، بەردەوام بوو لە خلەتاندنی. وێنەیەکی بۆ هێنا گوایە وێنەی خانمەکەیەو ئەو وەك دیارییەك بۆی ناردووە، پاشان لەسەر داوای خانمەکە وێنەکەی لیێ وەرگرتەوە.

ئەمەی خوارەوە چەند پەرەگرافێکە لە نامەکانی "مازنی" کە تێیدا گوزراشت لە ئاگری خۆشەویستیەکەی دەکات:

"من ئێستا بە پەلە بۆت دەنووسم، وەك ئەوەی دەترسم لە.. نا.. نا.. لە هیچ شتێك ناترسم.. بگرە هیوادارم ببمە هەناسەیەكو لەسەر باڵی شەماڵ بگەمە لاتو ئەوەی لە دڵمدایە پێتی بگەیەنم.. خۆزگە هەناسەدانەکانم ڕۆحیان تێدا بوایەو حەقیقەتی ناخمیان ئاشکرا بکردایە".

مازنی لە نامەیەکی دیکەیدا سەبارەت بە وێنەی خانمە نادیارەکە دەڵێ:

"فاخیرە، لەسەر ئەو هەموو باشییە.. داوای سەلامەتی لە خودا دەکەم.. سەلامەتی چ هیوایەکی تێدایە؟ من لەوە دەترسام مەسەلەکە کۆتایی پیێ هاتبێت. من وەك خەیاڵێك خۆشم ویستی، کەچی ئەوەتا ئەمڕۆ وەك مرۆڤێك دەتبینم، وەك ڕاستییەك ڕووی دابێت.. بگرە یەزدان بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانێك لە خەیاڵمدا بوو.. فاخیرە ئەم جۆرە خۆشەویستییە نیعمەتێکە.. خۆشەوستیی منیش بۆ تۆ، بۆ من جێگای فەخرو شانازییەو شکۆمەندیەکە بۆ ڕۆحم.. تۆ هێشتا مانایەکی نەمرت هەیە.. لەگەڵ بوونی وێنەکەتدا، کەچی تۆ هێشتا هەرگیز بەرجەستە نەبوویت.. هەموو ئەوەی وێنەکە پیشانی دام، ئەوەیە بە هەڵەدا نەچووبووم، لەوەی حەقیقەت گەورەترو جوانترو ئەفسوناویترە لە خەیاڵ...".

کاتێ خانمەکە بە بەردەستەکەیدا داوای گەڕاندنەوەی وێنەکەی دەکات، مازنی لە نامەیەکدا کە وێنەکەی لەگەڵدا دەنێرێتەوە دەڵێ:

"وێنەکەم گەڕاندەوە، چونکە لەسەر من پێویستە لە پەیماندا ڕاستگۆ بمو لێگەڕێم تۆش دڵنیا بیتو ملکەچی ئارەزووەکانت بم، گەرچی زۆر دڵڕەقانەیە".

پاشان دوای ئەوە دەڵێ:

"... من داماوم‌و من پێویستم بە تۆیە.. من گەر شێت ببم ناحەقم مەگرە.. بەڵام لە پێناو تۆدا پارێزگاری لەو بەشەی عەقڵم دەکەم کە ماوەتەوە، تاکو ئەو کاتەی دەمبینی بۆم چاك بکەیتەوە".

دواتر دەڵێ:

"... ببورە.. عەقڵم لەگەڵ خۆما نییە، عەقڵم لەگەڵ ئەو وێنەیەیە کە گەڕاندمەوە بۆت‌و دڵم هەلاهەلا دەبێت.. تکایەکی زۆر بچووکم هەیە.. وێنەکەم لەگەڵ هەر نامەیەکدا کە دەینێریت بۆ بگەڕێنەرەوە، تاکو تەماشای بکەم‌و خۆڕاگر بم، پاشان بۆت دەگەڕێنمەوە ئەگەر نەتەوێت لام بمێنێتەوە.. بۆم بگەڕێنەرەوە.. سوێندبێ بە گیانی ئازیزترین کەست، بۆم بگەڕێنەرەوە تاکو یەك جاری دیکە تەماشای بکەم".

بەم شێوەیە مازنی کەوتە ناو خۆشەویستیی ئافرەتێکی خەیاڵی‌و نادیارەوە، ئەم خۆشەویستییە توندو تیژە گوزارشت بوو لە بێبەشبونێکی ویژدانی کە ئەو دڵە هەستیارە پێیەوە دەیناڵاند. بێگومان هەموو نەوەکەی ئەو، لە نووسەرە بەهرەدارەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، بەدەست ئەو بێبەشبوونە ویژدانییەوە ناڵاندوویانە.. ئەمە لەکاتێکدا بووە کە ئافرەت لە ژیانی گشتیدا هیچ ڕۆڵێکی نەبووە. لای ئەو ئەدیبانە هیچ ڕێگایەك بۆ دامرکاندنەوەی پێداویستی ئەو ویژدانە تینووە هەستیارەیان نەبووە.

مازنی دوای چەند مانگێك لە نووسینی ئەو نامانە، بۆی دەردەکەوێت ئەو گەنجەی نامەی ئافرەتە نادیارەکەی بۆ دەهێنا، فێڵی لێکردووەو خڵەتاندویەتی. ئەو گەنجەی نامەکانی نووسیوە ناوی "عەبدولحەمید ڕەزا" بووە. دواجار مەسەلەکە بەوە کۆتایی هات گەنجەکە هەموو ئەو نامانەی کە دەستی کەوتبوون، برد بۆ یەکێك لە گۆڤارەکان کە لە سییەکانی سەدەی بیستەمەدا دەردەچوو، نامەکانی خۆی‌و نامەکانی "مازنی" دا بە گۆڤارەکە، ئەویش بڵاوی کردنەوە. گەنجەکە وتی ئەو بەم کارەی ویستویەتی، لە ڕێگەی

جۆشدانی هەستو سۆزی مازنی-یەوە، کۆمەڵێ نامەی ئەدەبیی بەرزی لە مازنی-یەوە دەست بکەوێت، ئەو هەرگیز مەبەستی ئازاردانی نووسەری گەورە یان بریندارکردنی هەستو سۆزی نەبووە.

ئەم بەسەرهاتە وەك نمونەیەك دەمێنێتەوەو ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کۆمەڵگەی عەرەبیمان بە دەست چ بارودۆخێکی مرۆڤانەی سەختو دژوارەوە ناڵاندوویەتی. ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات نەوەی یەکەمی ئەدیبەکانمان، چەند بە دەست بێبەشبوونێکی لەڕادەبەدەر و کۆتو بەندی کۆمەڵایەتیو دەرونی سەختەوە ناڵاندویانەو گرفتار ببوون.